# مێژووی جەنگی پارسەکان

بەرگی دووەم

هێرۆدۆت

# مێژووی جەنگی پارسەکان

وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە
عەلی فەتحی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

بەرگی دووەم

هەولێر - ٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

- مێژووی جەنگی پارسەکان (بەرگی دووەم)
- **هێرۆدۆت**
- وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە: **عەلی فەتحی**
- نەخشەسازی ناوەوە: **ڕێدار جەعفەر**
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: (٢٠٠٠٠) دینار بۆ هەردوو بەرگ
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤٩)ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە**

زنجیرەی کتێب (٧٨٩)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


**٦_ کتێبی پێنجەم، تێرپسیخۆری**........................................................ ٧

**٧_ کتێبی شەشەم، ئێراتۆ**................................................................ ٨٥

**٨_ کتێبی حەوتەم، پۆلیمنیا**.............................................................. ١٧١

**٩_ کتێبی هەشتەم، ئورانیا**............................................................... ٢٩٧

**١٠_ کتێبی نۆهەم، کالیۆپی**............................................................. ٣٧٣

١١- نەخشە و وێنە............................................................................ ٤٤٣

# کتێبی پێنجەم

## تێرپسیخۆری، خواوەندی سەما و هەڵپەڕکێ

**[١]** ئەو پارسانەی داریوش لە ئوروپا دایمەزراندن و مێغاڤازۆسی وەک سەرکردەی ئەوان دیاریکرد، خاکی پێرینتییەکانی[١] هەرێمی ئێلیسپۆندۆس‌یان[٢] داگیرکرد. واتە خاکی ئەوانەی پێشتر ئامادەی ژێردەستەیی نەببوون. دیارە بەر لە هاتنی پارسەکان، ئەوانە بەدەست پیئۆنییەکانی[٣] نیشتەجێ لە رۆخەکانی ستریمانا[٤] تەواو بێهێز کرابوون. پیئۆنییەکان ئامۆژگاری خواکانیان وەرگرتبوو کە دژی پێرینتییەکان لەشکرکێشی بکەن، بەو شەرتەی ئەگەر لەشکری پێرینتی بەرگرییان لە خۆیان نیشاندا و بەناو هاواری ئەوانیان کرد، ئەوسا پیئۆنی لەسەریانە هێرش دەست پێبکەن، بەڵام ئەگەر بەناو بانگیان نەکردن، ئەوە مافی هێرش بۆسەر ئەوانیان نییە. پیئۆنی ئەو دەستووراتەیان بەڕێوەبرد. پێرینتی لە

---

١- پێرینتی، موهاجیرنشینی شاری میلیتۆس لە کەنارئاوەکانی دەریای رەش، ئەمڕۆ ناسراوە بە ئێریکلی.

٢- ئێلیسپۆندۆس، ناوی کۆنی تەنگەبەرایی داردانێل کە دەریای ئێژە تێکەڵ بە دەریای رەش دەکاتەوە و ئاسیا و ئوروپا لەیەکتر گرێدەدا.

٣- پیئۆنی، ناوچەی باکووریی وڵاتی مەقدونی کە لە قەراخ روباری ستریمانا هەڵکەوتووە و زەمانی فیلیپی دووهەم خراوەتە سەر ئەو وڵاتە. ناوی‌تری ئەو دەڤەرە بریتییە لە پلاغۆنی.

٤- ستریمانا، روبارێکی وڵاتی مەقدونی، یونانییەکان ئەمڕۆ پێیدەڵێن ستروما و تورکەکانیش بە قەرەسووی دەناسن. دەڕژێتە دەریای رەش.

دەرەوەی شار خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکرد. فرسەتیان دایەدەست و لە سێ وەجبەدا کەوتنە ململانێ. سەرەتا پیاو لەبەرامبەر پیاودا، ئەوجار ئەسپ لەگەڵ ئەسپ و لە کۆتاییدا سەگ دژی سەگ.[1] لە سێ قارەمانی ئەو ململانێیەدا، دوو کەسیان پێرینتی بوون. هاواری شایی و خۆشی لەمەر ئەو سەرکەوتنە، لەوان بەرز بۆوە. پیئۆنی گوێیان لەو دەنگ و هاوارە بوو و بەو قەناعەتە گەیشتن کە پێشگۆیی خواوەندەکان وەڕاست گەڕاوە و گووتیان: "پێویستە هێرش دەست پێبکەین، ئامۆژگارییەکان ئەوەمان داوا لێدەکەن". پیئۆنی هوروژمیان بردە سەر دوژمن، ڕاست لەو وەختەدا کە پێرینتی مژوڵی سرودخوێندنەوە بوون. پێرینتی تووشی شکست هاتن و ژمارەیەکی کەمیان بە سڵامەت دەرچوون.

**[٢]** ئەوە نەهامەتییەک بوو کە پێشتر پیئۆنییەکان بۆ پێرینتییەکانیان خولْقاندبوو. هەربۆیە دواتر پێرینتییەکان هەرچەند جوامێرانە شەڕیان بە مەبەستی ڕزگاری لەدەست پارسەکانی ژێر فەرمانی مێغاڤازۆس کرد، سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا. دیارە ئەوەش بگووترێ کە مێغاڤازۆس بۆیە سەرکەوت، چونکە ژمارەی شەڕکەرانی لەشکرەکەی پتر بوو.

وەختێک وڵاتی پێرینتییەکان داگیرکرا، مێغاڤازۆس هێزەکانی بەرەو وڵاتی تراکی برد و گشت پاشا و هۆز و حوکمڕان و شارەکانی هێنا ژێردەستی خۆی. ناوبراو ئەو فەرمانەی لەلایەن داریوشەوە پێگەیشتبوو: وڵاتی تراکی داگیر بکە!

**[٣]** تراکییەکان دوای هیندییەکان، حەشیمەتیان لە گشت نەتەوەکانیتری جیهان پترە. بەباوەڕی من ئەگەر تراکییەکان لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو و خاوەن یەک سەرکردە بان، وڵاتیان لەگیران نەهاتوو و بەهێزتر لە هەر نەتەوەیەکیتر دەبوو. دیارە شتێکی ئەوتۆ ئیمکانی نییە و هیچکات جێبەجێ نابێ و هەربۆیە بێهێزن. ئەوانە بەپێی هەڵکەوتەی نیشتەجێیی هۆزەکانیان لە

---

١- زانیاری سەبارەت بەو چەشنە شەڕە دەسنەکەوتووە. ڕەنگە تەنیا سەگەکانی هەرێمی پیئۆنییا بۆ ئەو کارە ڕاهاتبن.

ناوچە جیاوازەکاندا، خاوەن ناوی جۆراوجۆرن. گشتیان جیا لە غیتی، تراقسی و ئەوانەی دوور لە هەرێمی کریستۆنیئۆس دەژین، خاوەن دابونەریتی هاوبەشن.

**[٤]** پێشتر باسی غیتی‌یەکانم[١] کردوە، واتە ئەوانەی پێیانوایە قەت نامرن. تراقسی‌یەکان جیا لە بابەت مەرگ و زایین، خاوەن نەریتی هاوشێوەی تراکی‌یەکانن.

سەبارەت بە لەدایکبوون، بەو چەشنە هەڵسوکەوت دەکەن: وەختێک منالێک لەدایک دەبێ، دایک و باوک و خزمان لە دەوری منال کۆزیلە دەبەستن و شین دەگێڕن و باسی ناخۆشییەکانی ژیان دەکەن، واتە ئەو نەهامەتییانەی منال لە داهاتوودا تووشیان دێ و هەروەها گشت ئازار و رەنجەکانی رۆژگاری بۆ دەستنیشان دەکەن.

بەپێچەوانەوە، کاتێک کەسێکیان لێ دەمرێ، شایی دەگێڕن و بە خۆشحالێییەوە دەینێژن و لەو باوەڕەدان کە کەسی مردوو لەدەست نەهامەتییەکانی ژیان رزگاری هاتووە و مەرگ بەختەوەری هەتاهەتایی مسۆگەر کردوە.

**[٥]** تایبەتمەندییەکانی خەڵکی دانیشتووی باکووری کریستۆنی بەو جۆرەیە: هەرکام لە پیاوانی ئەو هۆزە چەند ژنی هەیە. هەرکات پیاوەکە بمرێ، لەنێوان ژنەکاندا کێشە سازدەبێ، کە کام یەک لە ژنەکان پتر خۆشەویستی مێردە بووە. لەو نێوەدا دۆست و ئاشنای ژنانیش بە گەلێک ئیشتیاوە بەشداری لەو دمەقاڵەیەدا دەکەن. هەر ژنێک، کەسی سەرکەوتووی ئەو ململانێیە بێ، بە ئیفتیخارەوە دەیبەنە سەر قەبری مێردە مردووەکەی و لەوێ بەدەم پیرۆزبایی پێگووتنی ژنان و پیاوان، ئەوجار دەیدەنە دەست نیزیکترین کەسی خۆی، بۆوەی لەسەر قەبرەکە بیکوژێ و جەنازەکەشی لەتەنیشت مێردە بەخاک بسپێرێ. ژنەکانی‌تریش کە خۆیان بە لێقەوماو

---

١- غیتی، هۆزەکانی دانیشتووی باکووری چیای هامۆس و روباری دانوب.

دەزانن، گەلێک ناڕاحەت و خەمگین دەگەڕێنەوە و لەو باوەڕەدان کە ئەو ڕووداوە ناخۆشترین شکستی ژیانیانە.

**[٦]** باقی خەڵکانی تراکی، ئەوانیش خاوەن نەریتێکی تایبەت بە خۆیانن. مناڵەکانیان بە خەڵکی بێگانە دەفرۆشن. خۆیان بە کچێنی و عەلاوەیی کیژەکانیان ماندوو ناکەن و ئیزنیان پێدەدەن کە لەگەڵ هەر پیاوێکی گەرەکیانە، جووت بن. بەڵام هەر ئەو خەڵکە، سەبارەت بە ژنەکانیان تەواوێک توونڕ و تیژی دەنوێنن و بەردەوام هەڵسوکەوتیان دەخەنە ژێر چاوەدێری و وەختی خۆی ژنەکان بە نرخێکی گران لە کەسوکاریان دەکڕن. خاڵکووتان لەنێو ئەوانەدا دیاردەیەکی ئەشڕافییە و هەرکەس خاڵی نەکووتابێ، وەک هەژار و نەدار و سەر بە چینی خواروو سەیری دەکەن.[١] کارنەکردن، مەزنایەتی و خاوەن کەسایەتی مرۆڤەکان دەگەیێنێ. کاری کشتوکاڵی و وەرزێڕی، وەک پیسترین پیشە دادەندرێ. ژیان لە سایەی شەڕ و تاڵان مایەی سەرفرازی ئەو خەڵکەیە. ئەوە باسی کۆمەڵێک نەریتی سرنجڕاکێشی تراکییەکان بوو.

**[٧]** ئەو خەڵکە لەنێو خواکاندا، تەنیا خواوەند ئاریس[٢]، دیۆنیسۆس[٣] و خوای مێیینە واتە ئارتێمیس[٤] دەپەرستن. پاشاکانیان بەڵام، پتر لە گشت خواکان، ڕێز لە ئێرمیس[٥] دەگرن و دەیپەرستن و بەنێوی ئەو سوێند دەخۆن و دەڵێن لەو خوایە وەپاشکەوتوون.

---

١- بەپێچەوانەی یونانییەکان کە تاتوو و خاڵکوتانیان بۆ نیشانەکردنی کۆیلەکان بەکارهێناوە.

٢- ئاری، ئاریس یا مارس، کوڕی خواوەند ژوپیتێر و ژونون، خوای شەڕ لە یونان و ڕۆمی دێرین (دێرین (باستان)).

٣- دیۆنیسۆس یا ڤاکخۆس خوای شەڕاب لە یونانی دێرین (دێرین (باستان)) و دیمیترا خوای عەرز بووە. دیۆنیسۆسی یونانی لەگەڵ خواوەند ئیسیسی میسری و دیمیترا لەگەڵ ئۆسیریس یەکن.

٤- ئارتێمیدۆس یا ئارتێمیس، یەک لە خواکانی یونانی کۆن، خاوەن ناوی دووهەم واتە دیانا و کچی دیا (ژوپیتێر) خوای ڕاو و شکار و دارستانەکان بووە.

٥- ئێرمیس یا مێرکوری کوڕی خواوەند دیا (ژوپیتێر)، خوای ڕەوانبێژی و قسەپاراوی و توجارەت و مامەڵە بووە.

**[٨]** شێوازی بە خاکسپاردنی سەرکردەکانیان بەو چەشنەیە: جەنازەی مردووە سێ ڕۆژ لەبەر چاوی خەڵک دادەنێن. بەرلەوەی شینگێڕی دەستپێبکات، ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ دەکوژنەوە و تێکڕا خەریکی خواردن و خواردنەوە دەبن. جەنازەی مردوو لەنێو گۆڕدا دەسووتێنن و پاشان بڕێکی زۆر خۆڵی وەسەر دەکەن و چەشنی تەپۆڵکەی لێدێ. لەدرێژەدا کێبەرکێی جۆراوجۆر ڕێکخرێ و باشترین خەڵات بۆ ململانێی تاک بە تاک تەرخان دەکرێ. ئەوەش کۆمەڵە زانیارییەک لەمەر ناشتنی مردوو لە وڵاتی تراکی بوو.

**[٩]** سەبارەت بەو ناوچانەی لە باکووری وڵاتی تراکی هەڵکەوتوون، هیچکەس زانیاری دروستی لەمەر هۆزەکانی نیشتەجێی ئەو بەشە لەبەردەستدا نییە. پیاو کە لە چۆمی ئیسترۆس[١] پەڕییەوە، هەست دەکا وڵاتێکی ویشک و برینگ و پانوبەرینە. تەنیا هۆزێکی کە لەوبەری چۆم بژین و من زانیاریم لەسەریان هەبێ، خێڵی (سیغینی)ین و جلوبەرگی میدیاکان لەبەر خۆیان دەکەن. ، تەواوی لەشی ئەسپەکانیان بە موو داپۆشراوە. درێژایی مووی لەشیان نیزیک بە پێنج پەنجە دەبێ. ئەسپەکانیان بچووک و بەدقەوارەن و بۆ سواربوون، دەست نادەن، بەڵام کاتێک بەجووت لە داشقەیان دەکەن، تەواوێک بەهێز و خێران. هەربۆیە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەپڕانی کەڵک لە داشقە و فایتوون وەردەگرن. سیغینییەکان لە هەرێمێک دەژین کە دەگاتە سنووری وڵاتی ئێنێتییەکان[٢] لە ڕۆخەکانی دەریای ئادریاتیک. کەسانێک دەڵێن کە ئەوانە کۆچەرن و لە وڵاتی میدیاوە هاتوون. دەبێ بڵێم کە من زانیارییەکی ئەوتۆم لەلانییە کە روونی بکاتەوە، ئەوانە چۆن گەیشتوونە ئەوێ. هەڵبەت کۆچێکی ئاوا لە درێژایی زەماندا ئیمکانی هەیە. لیغییەکان[٣]، ئەوانەی لە قوڵایی ناوچەکانی ماسالیا دەژین، بە

---

١- ئیسترۆس، روباری دانوب.

٢- ئێنێتی، یەک لە هۆزەکانی کۆنی کەنارئاوەکانی دەریای ئادریاتیک لە دەڤەری وێنێتییا.

٣- لیغی، هۆزێکی کۆنی نیشتەجێ لە وڵاتانی ئیسپانیا و فەرانسە کە لە سەدەی شەشی پێش میلاد هاتوونەتە کەنارئاوەکانی ئیتالیا.

سیغیتی‌یەکان دەڵێن دەلاڵ و مامەڵەچی، بەڵام قیبریسی‌یەکان بە نێزەدار دەیاننناسن.

**[١٠]** بەپێی زانیاری تراکی‌یەکان، لە ناوچەکانی ئەوبەری چۆمی ئیسترۆس هەنگێکی زۆر هەیە و بۆیە کەس ناتوانێ بەوێدا دەربازبێ. من خۆم باوەڕم بەو قسەیە نییە، چونکە هەنگ ناتوانێ لە شوێنی سارد بژی و پێموایە ئەو سەرزەوینە گەورەیە تەنیا لەبەر سەرمای زۆرە کە بۆ نیشتەجێ بوون دەستنادا. ئەوە کۆمەڵە زانیارییەک سەبارەت بە ناوچە کەنارییەکانی دەریا بوو کە مێغاڤازۆس کاتی خۆی مژوڵی داگیرکردنیان بوو.

**[١١]** داریوش خێرا بە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس‌دا تێپەڕی و گەیشتە شاری سارد و لەوێ خزمەتەکانی میلیسیۆس ئیستیێئۆس و پێشنیارەکەی کۆئیسی خەڵکی دورگەی میتیلینی وەبیرهاتەوە. هەردووکیانی بانگهێشتی شاری سارد کرد و داوای لێکردن کە خۆیان داخوازییەکانیان بێننە گۆڕێ. ئیستیێئۆس ئەو سەردەمە حوکمڕانی میلیتۆ بوو و حەزی لە وەرگرتنی دەسەڵاتداری پتری چەشنی ئەوەی خۆی نەبوو، بەڵکوو داوای کرد ناوچەی میرکینۆ[١] لە هەرێمی ئیدۆنیدۆسی[٢] پێبدرێ بۆوەی شارێکی لێ‌دروست بکا.[٣]

ئەوە داخوازی ئیستیێئۆس بوو. کۆئیس بەڵام، ئەو دەسەڵاتدار نەبوو و وەک شارۆمەندێکی ئاسایی دەژیا. داوای‌کرد بکرێتە حوکمڕانی دورگەی میتیلینی. پاش ئەوەی خواستەکانیان بەجێ‌گەیشتن، هەرکام بەرەو شوێنی کاری خۆیان گەڕانەوە.

**[١٢]** لەو سەردەمەدا داریوش گەرەکی بوو فەرمانێک بۆ مێغاڤازۆس بنێرێ تا وڵاتی پێئۆنی‌یەکان داگیربکا و پاش ئەوەی ئەوانی شکستدا و خەڵکەکەی بەدیل‌گرت، گشتیان لە ئوروپا راگوێزێتە ئاسیا. ئەو خواستەش لەبەر خاتری ئەو رووداوە هاتەگۆڕێ: دوو کەسی پێئۆنی بە ناوەکانی

---

١- میرکینۆ، هەرێمێک لە رۆژئاوای چیای (پانگێئۆن) یا پانژە لە قەراخ گۆلی کارکینیتیس.

٢- ئیدۆنیدۆس، هۆزێکی دێرین (دێرین (باستان))ی دانیشتووی میرکینۆس. دواتر شارێک لەو شوێنە بەناوی ئامفیپۆلیس دروستکرا.

٣- ئاتێنی‌یەکان لەو ناوچەیە، دواتر گەرەکیان بوو شاری ئامفیپۆلی بنیات‌بنێن.

پیرغیس و مانتیئاس، هەردووکیان دەیانویست ببنە حوکمڕانی پیئۆنییەکان. وەختێک داریوش گەیشتەوە ئاسیا، ئەو دوو کەسە هاتنە شاری سارد. ئەو کوڕانە برابوون و خوشکێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. کچێکی باڵابەرزی جوان. ئەو خوشک و برایانە چاوەڕوانی ئەو کاتە بوون کە داریوش بە مەبەستی چاوپێکەوتنی ئۆردووی نیزامی لیدییەکان لە دەرەوەی شار وەڕێکەوێ. براکان بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد: خوشکەکەیان تەواو رازاندەوە و ناردیانە سەر چۆم. کچە گۆزەی ئاوی لەسەر سەری دانابوو و بە دەستێک جڵەوی ئەسپی رادەکێشا و بەدەستی دیکە تەشی دەڕست. هەرکە کچە دەربازبوو، داریوش چاوی پێکەوت و زۆری بەلاوە سەیر بوو، چونکە جلوبەرگی وەک پارس و لیدییەکان، یا خەڵکی ئاسایی ئەو دەڤەرە نەدەچوو. داریوش لەبەر سەر سوڕمانی خۆی، کۆمەڵێک لە پاسەوانانی نارد، بۆوەی بزانێ کە کچە چ لە ئەسپەکە دەکات. پاسەوانەکان بەدوای کچەدا رۆیشتن و دیتیان سەرەتا ئەسپەکەی ئاودا، پاشان گۆزەی پڕکرد و ئەوسا بە هەمان رێگادا گەڕایەوە. گۆزەی ئاو لەسەر سەری بوو، جڵەوی ئەسپی رادەکێشا و بەردەوام خەریکی تەشی رستنیش بوو.

**[١٣]** داریوش لەوە کە بەچاوی خۆی بینیبووی و لەوەش کە پاسەوانەکان بۆیان باسکرد، بە سەرسوڕماوییەوە داوای کرد کچە بێتە لای ئەو. کچە لەگەڵ براکانی چوونە خزمەت داریوش کە هەر لەو نیزیکانە بوو. کاتێک داریوش لە کچەی پرسی خەڵکی کوێیە، کوڕەکان وڵامیان داوە کە خەڵکی هەرێمی پیئۆنیین و برای ئەو کچەن. داریوش پرسی پیئۆنی چ خەڵکانێکن، وڵاتیان لەکوێ هەڵکەوتووە و هەروەها ئەوانە بۆچی هەرسێ پێکەوە هاتوونەتە شاری سارد. خوشک و براکان لە وڵامدا گووتیان کە بۆیە هاتوون تا خزمەت بە داریوش بکەن. هەروەها باسی ئەوەیان کرد کە خاکی پیئۆنی لە هەرێمی قەراخ چۆمی ستریمۆنۆس هەڵکەوتووە و لە ئێلیسپۆندۆس دوور نییە و پاشماوەی خەڵکی تێڤکرینی شاری ترییان (ترۆوا). ئەوە وڵامی ئەو خوشک و برایانە بوو. داریوش ئەوجار پرسی ئاخۆ گشت ژنانی پیئۆنی

چەشنی خوشکەکەیان هونەرمەندن. کوڕەکان لەو بارەوە پاشایان دڵنیا کرد و بۆیە خوشکەکەیان بە کردەوە ئەو هونەرەی نیشاندا.

**[١٤]** داریوش دوای ئەو دیدارە، نامەی بۆ مێغاڤازۆس نووسی کە ئەو کاتە بە لەشکرەوە لە وڵاتی تراکی دەژیا. داوای لە ناوبراو کرد بە زەبری شەڕ پیئۆنییەکان بێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و گشتیان یەخسیر بکات و بە ژن و مناڵەوە بۆ ئەو بیاننێرێ. کابرای تەتەر نامەی دەست دایە و خێرا بەرەو ئێلیسپۆندۆس وەڕێکەوت، بە ئوروپادا تێپەڕی و گەیشتە لای مێغاڤازۆس و نامەکەی پێدا.

مێغاڤازۆس دوای ئەوەی نامەکەی خوێندەوە، خەڵکانێکی تراکی وەک چاوساغ رەگەڵ خۆیدا و بۆ شەڕی دژی پیئۆنییەکان وەڕێکەوت.

**[١٥]** خەڵکی پیئۆنی خەبەریان پێگەیی کە پارسەکان بە مەبەستی شەڕ هێرشیان کردوە، کۆبوونەوە و بەرەو دەریا چوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە پارسەکان لە رێگای دەریاوە پەلاماردەدەن. پیئۆنی ئامادەی بەرگری بوون و چاوەڕوانی هاتنی لەشکری مێغاڤازۆس، بەڵام پارسەکان زانیارییان پێگەیی کە پیئۆنی لە کەنار دەریا کۆبوونەتەوە. بۆیە بە یارمەتی چاوساغەکانیان رێگای ویشکاییان گرتەبەر و هاتنە نێو قوڵایی وڵاتی پیئۆنییەکان، بەبێ ئەوەی کەس هەست بەو کارەیان بکات.

پارسەکان خێرا پەلاماری شارەکانیاندا و تووشی هیچ چەشنە بەرگرییەکی پیئۆنییەکان نەهاتن و داگیریانکردن. وەختێک پیئۆنییەکان بەوەیان زانی، بڵاوەیانکرد و بەرەو شارەکانیان گەڕانەوە و خۆیان تەسلیمی هێزەکانی پارس کرد. ئیتر بەو شێوەیە پیئۆنییەکان بەرەو ئاسیا راگوێزران.

هۆزەکانی پیئۆنی، ئەوانەی راگوێزران بریتی بوون لە: سیریۆپیئۆنی، پیئۆپلی و تەواوی خێڵەکانیتری نیشتەجێ تا گۆلی پراسیادا.

**[١٦]** بەڵام ئەوانەی لە دەوری ریزەچیاکانی پانگیئۆن[١] دەژیان، واتە هۆزەکانی دۆڤیری، ئاغریانی و ئۆدۆماندی و خەڵکانی دەوری گۆلی

---

١- پانگیئۆن، ریزە چیایەکی بچووک لە وڵاتی مەقدونییە و لەنیزیک کەنداوی ستریمانا.

پراسیادا، نەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی مێغاڤازۆس. ناوبراو هەروەها پەلاماری ئەوانەشیدا کە لە دورگەی نێو گۆل دەژیان و ماڵەکانیان بەو شێوەیە دروست کردبوو: لە نێوەڕاستی گۆل سەکۆیەکیان لەسەر کۆمەڵێک کۆڵەکەداری بەرز سازکردبوو. کۆڵەکەکان گشتیان لە یەکتر بەسترابوونەوە. تەنیا ڕێگای پێوەندی ئەو سەکۆیە لەگەڵ ویشکایی، پردێکی تەنگ و باریکە. لەسەردەمی کۆندا ئەو کۆڵەکانەی سەکۆیان لەسەر دامەزرابوو، بەدەستی خەڵکی ناوچە چەقێندرابوون، بەڵام دواتر یاسایەکی نوێ بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە چوو. هەر ژنێک مێردی کردبا، پیاوەکە دەبوایە لە چیای ئۆرفیلۆس دار بێنێ و چەشنی سێ پایە لە یەکتریان ببەستێ.

پیاوانی ئێرە هەرکامیان چەند ژن دێنێ. بۆ هەر یەک لەو ژنانە کۆڵەیەک لەسەر سەکۆ دروست دەکا.  درگای کۆڵە بەرەو سەکۆ و ئاوی گۆلە. قاچی مناڵە بچووکەکان بە گوریس دەبەستنەوە، بۆوەی نەکەونە نێو ئاو. بۆ ئەسپ و ماڵاتیتر، لە جیاتی تفاقی گیا، ئاردی ماسییان دەرخوارد دەدەن و بە فراوانی دەست دەکەوێ. ئەوانە درگا دەکەنەوە و سەوەتەی بەستراوە بە گوریس شۆڕدەکەنەوە و ماوەیەک چاوەڕوان دەبن و پاشان سەوەتەی پڕ لە ماسی هەڵدەکێشنە سەر سەکۆ. لێرە دوو ڕەگەزی ماسی دەست دەکەوێ، پاپراکی و تیلۆنی.

**[۱۷]** ئەو کۆمەڵە خەڵکە پێئۆنییەی یەخسیر کران، گشتیان بۆ ئاسیا ڕاگوێزران. مێغاڤازۆس وەختێک وڵاتی پێئۆنییەکانی داگیرکرد، حەوت ڕاسپاردەی ناردە وڵاتی مەقدونییە. ئەوانە دوای خۆی، خاوەن پلەی بەرز و هەڵبژاردەی لەشکری پارس بوون. مێغاڤازۆس هەموویانی پێکەوە ناردە لای ئامینتاس، بۆوەی داوای ئاو و خاک بۆ داریوش لە ناوبراو بکەن.

گۆلی پراسیادۆس لە نیزیک مەقدونییە هەڵکەوتووە. پیاو سەرەتا تووشی کانزای زیو دەبێ. ساڵانێک دواتر ئەلێکساندرۆس (ئەسکەندەر)[۱] لە ڕۆژدا

---

١- کوڕی ئامینتاس.

یەک تاڵاند زێوی لەو کانزایە دەردەهێنا. دوای ئەو کانزایە، پیاو لە چیای دیسۆرۆ تێدەپەڕێ و دەگاتە وڵاتی مەقدونییە.

**[١٨]** کاتێک پارسە راسپێردراوەکان گەیشتنە لای ئامینتاس و چوونە بارەگای ناوبراو، داوای خاک و ئاویان بۆ داریوش پاشا هێنابەرباس. ئامینتاس خواستی ئەوانەی پەسندکرد و میواندارییەکی شاهانەی سازدا. ئێوارەخوانێکی دەوڵەمەند و پڕ لە رێزلێنان.

کاتێک خواردن تەواو بوو، دەست بە نۆشینی مەی کرا. پارسەکان لەو وەختەدا گووتیان: "ئەی مەقدوونی! ئێمەی پارس بەپێی نەریت، جیا لە زیافەتی بەشکۆ، کەنیز و ژنانی خۆشمان بانگدەکەین کە لەلامان دانیشن. تۆ کە ئێستا بەو گشتە رێز و حورمەتەوە، میوانداریت لێکردووین و ئەو گشتە ئیحترامەت بۆ داریوش پاشا هەیە و ئاو خاکت پێشکەش بەو کردوە، تکایە نەریتی ئێمە وەبەر چاو بگرە ".

ئامینتاس لە وڵامی پارسەکاندا گووتی: "پارسەکان! ئێمە خاوەن نەریتی ئەوتۆ نین. پیاوەکان جیا لە ژنەکان دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا ئێوە دەسەڵاتدارن و خواستێکی ئەوتۆتان هەیە، ئەوانیشتان دەدەینێ ". ئامینتاس بەو شێوەیە وڵامی پارسەکانی داوە و بەدوای ژنەکانیدا نارد. ژنەکان هاتنە ژووری و لەپاڵ یەکتر و روبەڕووی پارسەکان دانیشتن. پارسەکان وەختێک چاویان بەو کۆمەڵە ژنە جوانە کەوت، بە ئامینتاس‌یان گووت ئەو کارەی کردوتە جوان نییە، واباشترە ئەو ژنانەیان هەر نەدیتبا، نەک بێن و لەلای تۆ و روبەڕووی ئێمە دانیشن. پارسەکان شەیدای چاوی جوانی ژنەکان ببوون. ئامینتاس دەستووری بە ژنەکاندا لە تەنیشت پارسەکان دانیشن. ژنەکان خێرا پەیڕەیان کرد، ئەوجار پارسەکان تەواو سەرخۆش، مەمکی ژنانیان دەکوشی و ماچ و راموسان دەستی پێکرد.

**[١٩]** ئامینتاس گەلێک ناراحەت لەو وەزعە، بەردەوام سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد و هیچی نەدەگووت و لە پارسەکان دەترسا. کوڕەکەی ئامینتاس، ئەسکەندەر لەو میوانداریەدا بەشدار بوو و گشت ئەو دیمەنانەی بینی. ئەو گەنج

و کەم ئەزموون بوو، خۆی پێڕانەگیرا و بە قەڵسی و تووڕەییەوە بە باوکی خۆی گووت: "باوکە! سەیری تەمەنی خۆت بکە، تکایە بڕۆ و لە دیوی خۆت بحەسێوە. لەوە زیادتر مەی مەخۆوە. من لێرە دەمێنمەوە و خزمەتی میوانان دەکەم و چی گەرەکیان بێ، گرفت نییە ". ئامینتاس تێگەیی کە ئەسکەندەر نەخشەیەکی لەژێر سەردایە و بۆیە لە وڵامی ئەودا گووتی: "کوڕم! پێموایە لە قسەکانت تێگەیشتم، چونکە قەڵس و توڕە دیاری، دەخوازی من لێرە نەمێنم و خۆت کارێک بکەیت. سوێندت دەدەم کە هیچ کارێک دژی ئەو میوانانە نەکەی، با ماڵمان وێران نەبێ. هەرچی قەوما، گوێی مەدەیێ. ئەگەر ئەو خواستەم بەجێ بگەیێنی، منیش دەچمەوە ژووری خۆم ".

**[٢٠]** ئامینتاس دوای سوێند دانی کوڕەکەی خۆی وەدەرکەوت و ڕۆیشت. ئەوجار ئەسکەندەر رووی لە پارسەکان کرد و گووتی: "میوانەکان! ئەو ژنانەی لێرەن، گشتیان هی خۆتانن و چەندەی دەخوازن، چێژیان لێوەرگرن و چی گەرەکتانە بیکەن، تەنیا ئەوەندە ئیشارەیەک بە من بکەن، لە خزمەتتاندا راوەستاوم. ئێستا کاتی خەو هاتووە و ئێوەش تەواو سەرخۆشن. تکایە، ئیزن بە ژنەکان بدەن کە بۆ تاوێک حەسانەوە و حەمام، بچن ئاوێک بەخۆیاندا بکەن و ئەوسا بگەڕێنەوە لاتان ". ئەوە داوای ئەسکەندەر بوو. پارسەکان گەلێک رازی بەو خواستە، ئیزنیان بە ژنەکاندا لە هۆڵەکە دەرکەون. ژنان چوونەوە دیوەخانی خۆیان. ئەسکەندەر لە جیاتی ئەو ژنانە، خێرا هێندێک گەنجی بێمووی تازە پێگەیشتووی هاوقەوارەی ژنەکانی هێنا و جلی ژنانەی لەبەرکردن و خەنجەری وێدان و ناردنیە لای پارسەکان. پاشان رووی لە پارسەکان کرد و گووتی: "ئەی پارسەکان! میوانداریيەکی بەشکۆمان پێشکەش کردن. هەرچی هەمانبوو و چی لە دەستمان هات، درێغیمان نەکرد، گرینگتر لە گشتیان، دایک و خوشکانی خۆمان داوە بە ئێوە، بۆوەی بزانن کە هەرکەس بەلای ئێمەوە خاوەن ڕێز بێ، پێشکەشی ئێوەی دەکەین و شایانی ئێوەیە. بە پاشای خۆتان بڵێن کە یۆنانییەک، پاشای وڵاتی مەقدونییە، ئاوا بەباشی خزمەتی کردین، هەم لەسەر خوان و هەم لەنێو جێوبان ". ئەسکەندەر دوای

قسەکانی دەستووری بەو کۆمەڵە گەنجە مەقدونییەدا کە جلوبەرگی ژنانەیان لەبەر خۆیان کردبوو، بچن و لە تەنیشت پارسەکان دانیشن. کاتێک پیاوانی پارس دەستیان بۆ ئەو گەنجانە درێژکرد، ئەوان خێرا پارسەکانیان کوشت.

**[٢١]** پارسەکان بەو چەشنە کوژران و بێ سەر و شوێن چوون و چی داشقە و عارەبانە و کەنیز و خزمەتکار و شتومەکی سەفەر هەبوو، مەقدوونییەکان گشتیان لەنێو بردن.

ماوەیەک دواتر پارسەکان وەدوای پێوشوێنی ئەو کۆمەڵە راسپاردەیە کەوتن. ئەسکەندەر بە پارە ئەوانیشی رازی کرد و خوشکی خۆی بەناوی غیغی لەو کەسە مارەکرد کە بۆ لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی راسپاردەکان هاتبوو. ئەسکەندەر ئەو گشتە پارەیە و خوشکەکەی دایە یەک کەس و ئەویش سەرکردەی لەشکری پارس بوو و ناسراوبە ڤوڤاریس. بەوجۆرە مەرگی ئەو راسپاردانە دیزەبەدەرخۆنە کرا و کەس لێی نەپرسینەوە.

**[٢٢]** ئەو خەڵکانەی لە شاری پێردیکا[1] لەدایکبوونە، بە ڕەگەز یۆنانین و خۆشیان نایشێرنەوە و منیش لەو باوەڕەدام و بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشم بەڵگەم هەیە و باسی دەکەم. هەڵسوڕێنەرانی کێبەرکێکانی ئۆلیمپیک، ئەوانیش لەو بارەوە زانیارییان هەبووە. کاتێک ئەسکەندەر (کوڕی ئامینتاس) گەرەکی بووە بەشداری لەو کێبەرکێیانەدا بکا و تەنیا بۆ ئەو مەبەستە رووی لە هەرێمی ئۆلیمبیا کردوە، یۆنانییەکانی دژبەری ناوبراو دەنگی ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و گوتوویانە ناخوازن لەگەڵ بەربەرەکان (غەیری یۆنانی) لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیکدا ململانێ بکەن و پێویستە گشت لایەک یۆنانی بن.

ئەسکەندەر لە وڵامی ئەوانەدا گوتوویەتی کە رەگەزی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئارغۆسییەکان.[2] ئەو وڵامە لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە پەسند کراوە. ئەسکەندەر لە کێبەرکێی ڕێپێوان بۆ ستادیۆمێکدا بەشداری کردوە و هاوکات لەگەڵ

---

١- پێردیکا، ئەو شارە بەناوی پێردیکا کراوە، ناوبراو سەدەی هەشتی پێش زایین خانەدانی پاشایەتی مەقدونییەی دامەزراند.

٢- بەپێی زانیارییەکانی توکیدیس، پێردیکاس نەوەی تیمێنیدی ئارغۆسی بووە.

کەسی پێش خۆی گەیشتووەتە هێڵی کۆتایی. ئەوە کۆمەڵە باسێک سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بوو.

**[٢٣]** مێغاڤازۆس پیئۆنییەکانی یەخسیرکراوی لەگەڵ خۆی برد و بەرەو ئێلیسپۆندۆس وەڕێکەوت و پاش دەربازبوون بەو ناوچەیەدا، ئەوجار گەیشتە شاری سارد. ئیستییئۆس، ئەو کەسەی پارێزگاری لە پردی سەر چۆمی ئیسترۆس کردبوو و حاکمی شاری میلیتۆس بوو، دەستی بە دروستکردنی حەسار لە دەوری ناوچەیەک کرد. داریوش ئەو شوێنەی پێبەخشیبوو بۆوەی شاری لیدروست بکا. ناوچەکە لە قەراخ چۆمی ستریمۆنا هەڵکەوتبوو و پێی دەگووترا میکینۆس.

مێغاڤازۆس بە هەڵسوکەوتی ئیستییئۆسی زانی و کاتێک لەگەڵ پیئۆنییەکان گەیشتە شاری سارد، وڵامێکی بەو ناوەڕۆکە بۆ داریوش نارد: "پاشاکەم! ئەوە چ کارێکە تۆ کردوتە، ئیزن بە یۆنانییەکی وشیار دەدەی کە شارێک لە وڵاتی تراکی بنیات بنێ، وڵاتێکی پڕ لە دار بۆ گەمی و قایق، تژی لە زێو و سامانیتر! یۆنانییەکان و بەربەرەکان کاتێک دەبنە خاوەن سەرکردە و فەرمانیان پێدەگا، بەتەواوی و کوێرکوێرانەپەیڕەوی لێدەکەن. تکایە پێش بەو کابرایە بگرە تا لەوە زیاتر خەریکی ئامادەکاری نەبێ و جەنابیشت تووشی گیروگرفتی نێوخۆیی نەکا. بەدوای ئەو کابرایەدا بنێرە و بەشێوەیەکی ئارام و لەسەرەخۆ بانگهێشتی لای خۆتی بکە و هەر لەوێ رایبگرە و ئیزنی پێمەدە بگەڕێتەوە وڵاتی یۆنان ".

**[٢٤]** مێغاڤازۆس بەو قسانەی کردی، زۆر بە هاسانی داریوشی رازیکرد و لێکدانەوەیەکی دروست بۆ دواڕۆژ بوو. لەدرێژەدا، داریوش راسپاردەی ناردە شاری میکینۆس کە هەڵگری ئەو پەیامە بوو: "ئیستییئۆ! داریوش پاشا دەڵێ کە هیچکەس بەقەدەر تۆ وەفادار بە خۆم و دەسەڵاتەکەم نادۆزمەوە. ئەو بۆچوونەم تەنیا قسە نییە، بەڵکوو بە کردەوەش بۆم دەرکەوتووە. ئێستا بیرم لە چەند کاری گەورە کردووەتەوە و دەخوازم هەرچۆنێک بۆت بکرێ، خێرا بێیەلام بۆوەی ڕاوێژێک پێکەوە بکەین ". ئیستیئۆس باوەڕی بەو قسانە

کرد و لەوە کە دەبوو بە راوێژکاری پاشا، بەلایەوە مایەی شانازیەکی فرە بوو. بێ راوەستان بەرەو شاری سارد وەڕێکەوت. داریوش کاتێک چاوی بە ناوبراو کەوت، پێی‌گووت: "ئیستیێئۆس! جارێ با هۆی ئەو بانگهێشتەت بۆ روون کەمەوە. لەو کاتەوە کە لە وڵاتی سکیتی‌یەکانەوە گەڕاومەوە و تۆ لەلام نەماوی، گەلێک ئارەزووی دیداری تۆم دەکرد و گەرەکم بوو لەگەڵت قسە بکەم. هەروەها دۆستێکی وەفادار و بەتەگبیر، بوونی لە گشت سامانێک بەنرخترە. وەختێک تۆ لای خۆم دەبینم، هەست دەکەم سامان و راوێژ و وەفاداریم دەست کەوتووە. من دەزانم کە تۆ خاوەن ئەو کۆمەڵە دیاردەیەی و ئەو خزمەتەی تۆ لەکاتی خۆیدا بە منت کردوە، بۆچوونەکانم دەسەلمێنێ. من بە هاتنت گەلێک شادم و ئەو پێشنیارەش کە حوکمڕانی میلیتۆس بکەی و شارێکی‌تریش دروست بکەی، فەرامۆش بکە و لەگەڵ من وەرە بۆ شاری شووش و وەک هاوسەفەر و راوێژکاری تایبەت، شەریکی فەرمانڕەواییم بە".

**[٢٥]** داریوش پاش ئەوەی لەگەڵ ئیستیێئۆس بەو چەشنە ئاخاوت، ئەوجار یەکێک لە براکانی خۆی بەناوی ئارتافێرنیس وەک حوکمڕانی شاری سارد دیاری‌کرد. ئارتافێرنیس لە باوکەوە برای داریوش بوو.

داریوش و ئیستێئۆس بەرەو شاری شووش وەڕێکەوتن. سەرکردایەتی نیزامی خەڵکانی دانیشتووی کەنارەکانی دەریا بە ئۆتانیس ئەسپێردرا. باوکی ئۆتانیس بەناوی سیسامێنیس، قازی دەرباریی کامبیز پاشا بوو. ناوبراو لەبەر ئەوەی بەرتیلی وەرگرتبوو و حوکمێکی پێچەوانە و ناهەقی دەرکردبوو، کامبیز (کامڤیزیس) یا کەمبوجییە فەرمانی‌دا سەری لێدەن و کەوڵیکەن. کامبیز هەروەها داوای کرد کەوڵی سیسامێنیس تیزماڵ تیزماڵ بکرێ و گشت باریکە پێستەکان لەسەر ئەو کورسیلەیە راخەن کە کاتی خۆی ئەو کابرایە لەسەری دادەنیشت و خەڵکی دادگایی دەکرد. پاش ئەوەی ئەو تیزماڵانە لەسەر کورسیلە راخران، کامبیز دەستووری بە ئۆتانیس، کوڕی سیسامێنیس‌دا لە جێگای باوکی دانیشێ و پێیگووت لە کاتی دادگایی کردندا لەبیرت نەچێ باوکی خۆت لە کوێ دانیشتبوو و چی بەسەرهات.

**[٢٦]** هەروەک باسم کرد، ئەو کابرایە، واتە ئۆتانیس کە لەسەر کورسیلەی گۆرین دادەنیشت، لەجیاتی میٚغاڤازۆس کرا بە سەرکردەی لەشکری پارس. ئۆتانیس توانی شارەکانی ڤیزاندیۆ (بیزانس) و خاڵکیدۆنا داگیربکا. ئەو هەروەها شارەکانی ئاداندرۆ[1] لە هەریٚمی ترۆئادا و (لابۆنییۆ)ی هیٚنا ژێردەسەڵاتی خۆی. ناوبراو وەختێک دەستی بەسەر گەمییەکانی خەڵکی لیٚسڤۆس[2] داگرت، ئەوجار پەلاماری دورگەکانی لیمنۆس و ئیمڤرۆسیدا و داگیری کردن. خەڵکی پێلاسغی ئەو سەردەمە لەو دورگانە دەژیان.

**[٢٧]** دانیشتووانی دورگەی لیمنۆس بۆ ماوەیەکی زۆر، جوامیٚرانە بەرگرییان لەخۆیان کرد و پاشان تووشی شکست هاتن. پارسەکان دوای داگیرکردنی ئەو دورگەیە، لیکارتیۆس برای مێئاندریۆس‌یان وەک حوکمڕان بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکەی زیندوو مابوون، دیاری کرد. مێئاندریۆس سەردەمێک پاشای دورگەی سامۆس بوو. لیکارتۆس لە سەردەمی حوکمڕانی دورگەی لیمنۆس‌دا مرد. هۆکاری مەرگی ناوبراو بەو جۆرە بوو: لیکارتۆس خەڵکی دەڤەرەکەی بەدیل دەگرتن و وەک کۆیلە دەیفرۆشتن. دیلەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە لەکاتی لەشکرکێشی بۆسەر سکیتی‌یەکان، کێشە و گرفتیان بۆ سپای داریوش سازکردوە، بەتایبەت ئەو وەختەی گەڕاونەوە دواوە و خەریکی پاشەکشە بوونە. ئەوەش کۆمەڵە باسێک سەبارەت بە کارەکانی ئۆتانیس بوو، لەو کاتەدا کە سەرکردایەتی لەشکری داریوشی دەکرد.

## سەرهەڵدانی یوونی‌یەکان

**[٢٨]** بۆ ماوەیەکی کەم بارودۆخەکە هێور بۆوە، بەڵام دواتر ڕووداوەکانی دورگەی ناکسۆس و میلیتۆس، بۆ دووهەمین جار یوونی‌یەکانی تووشی قەیران کردەوە. دورگەی ناکسۆس ئەو سەردەمە دەوڵەمەندترین کۆمەڵگا بوو.

---

١- ئاداندرۆ یا ئاتاندرۆس، شارێکی کۆنی ئاسیای بچووک، هەڵکەوتوو لە هەرێمی میسیا.

٢- لیٚسڤۆس، دورگەیەکی گەورەی یونانی دێرین (دێرین (باستان))، هەڵکەوتوو لە ٢٠ کیلۆمیتری کەنارئاوەکانی ئاسیای بچووک، ئەمڕۆ ناسراوە بە میتیلینی.

میلیتۆس، ئەویش گەیشتبوو بە لوتکەی سەرکەوتن و گەورەیی و وەک مرواریی وڵاتی یوونی‌یەکان ناوبانگی دەرکردبوو. میلیتۆس دوو وەچە پێشتر، کۆمەڵێک شڵەژانی بەخۆوە بینیبوو، تا ئەو کاتەی کە پارۆسی‌یەکان توانیان بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە. دانیشتووانی میلیتۆس بۆوەی ئاشتی و هێمنی بگەڕێننەوە وڵاتی خۆیان، لەنێو گشت یۆنانییەکاندا، پارۆسی‌یەکانیان هەڵبژارد.

**[٢٩]** پارۆسی‌یەکان بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵکی میلیتۆس کەڵکیان لەو شێوازە وەرگرت: کاتێک گەورەپیاوانی پارۆسی گەیشتنە دورگەی میلیتۆس، لەبەر ئەوەی شاریان لەوپەڕی وێرانی و هەژاری‌دا دیت، بە ناوچەکەدا گەڕان. ئەوانە لە کاتی گەڕان و سوڕاندا، لە دەرەوەی شار کە خەڵکەکەی بەجێی هێشتبوو و کۆچیان کردبوو و تەواو چۆڵ ببوو، چاویان بە کێڵگەیەک کەوت و زۆر بەباشی داچێندرابوو. نێوی کابرای خاوەن کێڵگەیان نووسی. لە ماوەی ئەو گەشت و گەڕانەدا، ژمارەیەکی زۆر کەم لە وەزێڕی ئەوتۆ بەرچاو کەوتن. وەختێک گەڕانەوە نێو شار، کۆبوونەوەیەکیان بۆ خەڵک سازدا و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری شار، کۆمەڵەیەکیان لەو وەرزێڕانە پێکهێنا. پارۆسی‌یەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەو وەرزێڕانە پێویستە، ئەوەندەی دڵیان بە ماڵ و مڵکی خۆیان دەسووتێ، هێندەش بۆ مڵکی گشتی دڵسۆز بن. هەروەها ئەو دانیشتووانەی میلیتۆسی کە دەستیان لە سازکردنی شەڕی نێوخۆییدا بوو، هێنایاننە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی وەرزێڕان.

**[٣٠]** پارۆسی‌یەکان بەوجۆرە هێمنایەتیان گەڕاندەوە شاری میلیتۆس. ئێستا باسی ئەوەش دەکەم کە لەو سەروبەندەدا شارەکانی میلیتۆس و ناکسۆس چۆن بوونە هۆی کۆمەڵێک نەهامەتی بۆ وڵاتی یوونی‌یەکان. ژمارەیەک ئاژاوەگێڕی شاری ناکسۆس کە خەڵک راوی‌نابوون، بەرەو شاری میلیتۆس کۆچیان کرد. ئیدارەی کاروباری شاری میلیتۆس درابووە دەست ئاریستاغۆراس، کوڕی مۆلپاغۆراس. مۆلپاغۆراس زاوا و کوڕە مامی ئیستیی‌ئۆسی کوڕی لیساغۆراس بوو. داریوش ئیستیی‌ئۆسی لە شاری شووش لەلای خۆی راگرتبوو. ئیستیی‌ئۆس حوکمڕانی شاری میلیتۆس، ئەو

کاتە لە شاری شووش بوو کە ناکسۆسی‌یە کۆچبەرەکان گەیشتنە میلیتۆس و دۆستایەتی نیزیکیان لەگەڵ ناوبراو هەبوو. ناکسۆسی‌یەکانی دەرکراو لە شاری میلیتۆس داوایان لە ئاریستاغۆراس کرد ئەگەر بۆی بکرێ لەشکریان بداتێ بۆوەی بتوانن بەزەبری شەڕ بگەڕێنەوە شوێنی لەدایکبوونی خۆیان. ئاریستاغۆراس بیری کردەوە ئەگەر بە یارمەتی ئەو، ئەوانە بگەڕێنەوە دورگەی ناکسۆس، ئیتر خۆی دەبێتە حاکمی دورگە و بۆیە بەهۆی دۆستایەتییەکی کە ئەوانە لەگەڵ ئیستیێئۆس هەیانبوو، بەو شێوەیە وڵامی دانەوە: "من خۆم خاوەن ئیمکاناتێکی ئەوتۆ نیم و بەتایبەت لەشکرێک کە بتوانێ یارمەتی بە گەڕانەوەی ئێوە بکا. مەگەر ئەوە کە کەسانی حوکمڕانی دورگەی ناکسۆس رازی بە گەڕانەوەتان بن. من خۆم زانیارییم پێگەیشتووە کە ئەوان خاوەن هەشت هەزار چەکداری ناکسۆس‌ین و هێزێکی بەوەجی دەریایی‌شیان هەیە. هەڵبەت چی لە دەستم بێ، خێرا هەولی بۆ دەدەم. من خۆم ئەوە بە باش دەزانم. ئارتافێرنیس دۆستی خۆمە. ئەو کوڕی گشتاسپ و برای داریوش پاشا و حوکمڕانی تەواوی ناوچەکانی ئاسیایە. ئەو لەشکرێکی گەورە و بەهێزی دەریایی هەیە. پێموایە ئەو دەتوانی یارمەتی هەردوولامان بدا ".

کاتێک ناکسۆسی‌یەکان گوێیان لەو قسانە بوو، بە ئاریستاغۆراس‌یان گووت کە ئەوەی بە مەسڵەحەتی دەزانێ، جێبەجێی بکا و هەروەها حوکمیان دەسەرکرد کە چی دیاری و خەڵات و مەخاریج بۆ لەشکرکێشی پێویستە، ئەو نیگەران نەبێ و بیدا. ئەوانە بەو هیوایە بوون کە لەشکری پارس هەرکە بگاتە ناکسۆس، خەڵکی ئەوێ خێرا خۆیان بەدەستەوە دەدەن و گشت دوورگەکانی دەوروبەریش بە هەمان شێوە دێنە ژێر دەسەڵاتی ئەو لەشکرە. ئەو سەردەمە هیچکام لە دورگەکانی هەرێمی کیکلاد فەرمانڕەوایی داریوشیان بەسەرەوە نەبوو.

**[۳۱]** ئاریستاغۆراس بۆ ئەو مەبەستە بەرەو شاری سارد وەڕێکەوت. ناوبراو لەوێ بە ئارتافێرنیسی گووت کە ناکسۆس هەرچەند دورگەیەکی بچووکە، بەڵام گەلێک جوان و خاوەن خاکی بەپیتە و لە وڵاتی یوونی نیزیکە و سامان و دەسکەوت و کۆیلەی زۆری لێ‌دەسدەکەوێ. ئاریستاغۆراس

هەروەها لە درێژەی قسەکانی بۆ ئارتافێرنیس گووتی: "هێرش بکە، لەشکر بۆ سەر ئەو دورگەیە بنێرە و دەرکراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەگەر کارێکی ئەوتۆ جێبەجێ بکەی، بڕێکی زۆر پارە و سامانێکی زەوەندت دەست دەکەوێ و پتر لە خەرج و مەسرەفی لەشکرە (لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو خواستەمان هێناوەتە گۆڕێ، خەرجەکەش وەستۆی خۆمان دەگرین). تۆ هەروەها دەتوانی ژمارەیەکی‌تری دورگە وەسەر خاکی پاشایەتی خۆت بخەی. هەم ناکسۆس و هەم دورگەکانی سەر بەو شارە وەک پارۆس، ئاندرۆس و تەواوی ئەوانەی ناسراون بە دورگەکانی کیکلاد. ئەگەر ئەو دورگانەت بەدەستەوە بن و لەوێڕا پەلاماری‌تر دەست پێبکەی، بەهاسانی دەتوانی هەرێمی ئێڤیا داگیرکەی. ئەوەیان دورگەیەکی گەورە و ساماندارە و لە دورگەی قیبریس بچووکتر نییە. تەنیا سەد گەمی جەنگی بۆ داگیرکردنی ئەو دورگانە پێویستە ".

ئارتافێرنیس لە وڵامدا گووتی: "پێشنیارەکانت بۆ پاشا هیوابەخش و بەجێن، تەنیا ژمارەی گەمییەکانی جەنگی نەبێ. ئێستا ناتوانم سەد گەمی جەنگیت بۆ دابین بکەم، بەڵام لە وەرزی بەهاردا دەتوانی دووسەد گەمییت هەبێ.[1] دیارە ئەوەش پێویستی بە ڕەزامەندی پاشایە ".

**[٣٢]** ئاریستاغۆراس کاتێک گوێی لەو وڵامە بوو، خۆشحاڵ بەرەو شاری میلیتۆس گەڕاوە. ئارتافێرنیس تەتەری بەرەو شاری شووش بەڕێکرد، بۆوەی ئەو بابەتانەی ئاریستاغۆراس باسی کردون، بە داریوش‌یان رابگەیێنێ. وەختێک ئارتافێرنیس وڵامی ئەرێنی لە داریوش وەرگرتەوە، هێزی دەریایی لە دوو سەد گەمی جەنگی دامەزراند و لەشکرێکی پڕهێزی لە پارسی و هاوپەیمانان سازکرد. سەرکردەیەکی پارسی بەناوی مێغاڤاتیس بۆ ئەو سپایە دیاریکرا. مێغاڤاتیس لە بنەماڵەیەکی هیخامەنیشی و کوڕە مامی داریوش بوو.

---

١- رەنگە بەهاری ٤٩٩ی پێش زایین بووبێ.

ئەگەر ئەو قسەیە راست بێ، پافسانیاس کوڕی کلیئۆمڤرۆتۆس خەڵکی هەرێمی لاکیدێمۆنی بۆوەی ببێتە پاشای یۆنان، کچی ئەو مێغاڤاتیسەی خواست.[1]

ئارتافێرنیس سپاکەی بە سەرکردەیی مێغاڤاتیس بۆلای ئاریستاغۆراس نارد.

**[٣٣]** مێغاڤاتیس لە شاری میلیتۆس، ئاریستاغۆراس و سەربازانی یوونی و راکردووانی ناکسۆسی رەگەڵ خۆیدا و بەسواری پاپۆر بەرەو ئێلیسپۆندۆس وەڕێکەوت. کاتێک گەیشتە دورگەی خیۆس، لە کافکاسا لایدا و چنگی گەمی داکوتا و چاوەڕوانی بای باکوور بوو. ئەو گەرەکی بوو خێرا بەرەو ناکسۆس بچێ. وێدەچوو لە چارەنووسی دانیشتووانی دورگەی ناکسۆسدا ئاوا نووسرابوو کە لەو هێرشە دەریاییەدا تووشیماڵوێرانی و تێداچوون نەبێن. رەوتی رووداوەکە بەو جۆرە بوو: مێغاڤاتیس سەرکێشی پاسەوانانی کەشتییەکانی کرد. بەهەڵکەوت لەنێو یەکێک لە کەشتییەکانی دەڤەری میندۆس، هیچکەس لە پاسەوانەکانی بەرچاو نەکەت. قەڵس بوو و دەستووری بە پاسەوانانی خۆیدا خێرا کاپیتانی کەشتییەکە بەناوی سکیلاکاس بێننە لای ئەو. مێغاڤاتیس حوکمی کرد سکیلاکاس سەرەوخوار لەسەر لێواری کەشتی ببەستنەوە، بەچەشنێک کە لەشی لەنێو گەمیدا و سەری لە دەرێ بێ. دوای ئەوەی سکیلاکاسیان بەو شێوەیە بە لێواری گەمی هەڵواسی، کەسێک خێرا رایکردە لای ئاریستاغۆراس و پێیگووت کە مێغاڤاتیس ئەو بەڵایەی بەسەر دۆستی ناوبراو هێناوە. سکیلاکاس خەڵکی دەڤەری میندۆس بوو.

ئاریستاغۆراس چوو بۆ لای مێغاڤاتیس و لەبەری پاڕایەوە، بەڵام سەرکردەی پارس گەرەکی نەبوو گوێ لە هیچ پاڕانەوەیەک بگرێ. ئاریستاغۆراس لە داخان بەدەستی خۆی سکیلاکاسی ئازادکرد. وەختێک مێغاڤاتیس بەو کارەی زانی، ئەوجار هێندەیتر لە ئاریستاغۆراس تورەبوو: "تۆ چ کارت بەسەر ئەوانەوە هەیە ". ئاریستاغۆراس وڵامی داوە: "ئارتافێرنیس تۆی نارد کە لەژێر ئەمری من دابی و بۆ هەرجێگایەک من

---

١- تۆکیدیس باسی داخوازینامەی پافسانیاس دەکا کە لەودا داوای کچی کوروشی کردوە.

بڕیارمدا، هێزی دەریایی بۆ ئەوێ بەرێ، تۆ بۆچی خەریکی کاروباری لاوەکی دەبی؟ ".

مێغاڤاتیس پتر قەڵس بوو و وەختێک شەو داهات، گەمییەکی بە ڕاسپاردەوە ناردە دورگەی ناکسۆس و دانیشتووانی ئەوێی لە نەخشە و پیلانەکان ئاگادار کردەوە.

**[٣٤]** دانیشتووانی دورگەی ناکسۆس باوەڕیان نەدەکرد کە ئەو ناوگانە بە مەبەستی هێرش بۆسەر ئەوان ئامادەکرابێ. ئەوان کاتێک ئەو زانیارییەیان پێگەیی، خێرا چی دەغڵ و دانی مەزراکان هەیانبوو، کۆیانکردەوە و بردیانە نێو حەساری شار و ئامادەی گەمارۆ بوون. مەترسی شەڕ لە داهاتوویەکی نیزیکدا خەڵکی وشیارکردەوە و بۆیە کارتاقەتی خۆیان کرد.

وەختێک ناوگانی دوژمن لە دورگەی خیۆس وەڕێکەوت و گەیشتە ڕۆخەکانی دورگەی ناکسۆس، بەسەر شارێکی خاوەن دیواری مەحکەمدا کەوت و ناچاربوو چوار مانگ گەمارۆی بدا. لەو لاشەوە، ئەو ئازوقە و بژیوەی پارسەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، تەواو ببوو. ئاریستاغۆراس دەبوایە ئەو خەرجە زیادییەش دابین بکا و گەمارۆی گۆرین قورسایی زۆرتری خستبووە سەر شانی ئەو. لە کۆتاییدا بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن و ناچاربوون قەڵایەک بۆ ناکسۆسی‌یەکانی دەرکراو دروست بکەن و لەشکری شکست خواردوو بەرەو دەشتایی بەرنەوە. ئاریستاغۆراس دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە ئیتر نەیتوانی ئەو بەڵێنەی بە ئارتافێرنیسی دابوو، جێبەجێی بکا. هاوکات زەختی لێکرا خەرجی ئەو لەشکرکێشی‌یە بداتەوە کە ئەوەشیان لە توانای ناوبراودا نەبوو. ئاریستاغۆراس دوای ئەو شکستە، لە هەڕەشە و بوختانەکانی مێغاڤاتیس دەترسا و لەو باوەڕەدا بوو کە حوکمڕانی شاری میلیتۆسی خێرا لەدەست دێننەدەر. لەبەر ئەو کۆمەڵە ترس و دڵەڕاوکەیە، ناچاربوو بیرێک لە سازکردنی سەرهەڵدان بکاتەوە. ڕاست لەو وەختەدا کابرایەک کە سەری خاڵکووت کرابوو، لە شاری شووشەوە هات و چەند پێشنیارێکی ئیستیێئۆسی لەمەر دژایەتی کردنی پاشای پێبوو.

ئیستیئۆس بۆوەی بتوانێ ئاریستاغۆراس رازی بە رێکخستنی شۆڕش بکات و گرفتێک لەونێوەدا بۆ کابرای تەتەر نەیێتە پێش و پاسەوانان و پارێزەرانی رێگاوبان بە پەیامەکە نەزانن، ئەو کارەی کرد: سەری یەکێک لە غولامانی خۆی پاک تاشی و داخوازی و حوکمەکەی لەسەر تەپڵی سەری کابرا خاڵکووت کرد و ماوەیەک لێیگەڕا تا دوبارە بە قژ داپۆشراوە. کاتێک قژی کابرای راسپاردە تەواوێک درێژبوو، ئەوجار بەرەو شاری میلیتۆس دەرێیخست و پێیگووت هەرکە گەیشتییەجێ، داوا لە ئاریستاغۆراس بکە سەرت بتاشێ و نووسراوەکە بخوێنێتەوە. وەک پێشتر باسم کرد، بابەتی نووسینەکە سەبارەت بە رێکخستنی سەرهەڵدان بوو. ئەوەی ئیستیێئۆسی ناچار بەو هەڵوێستە کرد، خەم و پەژارەی زۆری ناوبراو بەهۆی دەستبەسەری لە شاری شووش بوو. ئەگەر شۆڕشێک لە میلیتۆس نەقەوماba، باوەڕی نەدەکرد کە رۆژێک بتوانێ بگەڕێتەوە ئەو شارە.

**[٣٦]** ئەو کۆمەڵە هەستە ئیستیێئۆس‌یان بەو ئاکامە گەیاند کە خواستێکی ئەوتۆ بۆ ئاریستاغۆراس بنێرێ و بەڕاستی بەرهەمیشی لێکەوتەوە. ئاریستاغۆراس دواتر باسی ئەو نەخشەیە و پەیامەی ئیستیێئۆسی لەگەڵ کەسانی بەتوانا هێنابووە بەر باس. گشتیان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ سەرهەڵدانێک وەرێخەن. تەنیا ئێکاتیئۆسی مێژونووس دژایەتی ئەو کارەی کردبوو و داوای لێکردبوون خۆ لە وەڕێخستنی جوڵانەوە دژی پاشای پارس بپارێزن. ناوبراو وەبیری هێنابوونەوە کە داریوش کۆمەڵێک وڵات و نەتەوەی لەژێر دەست دایە و خاوەن هێزێکی زۆرە. ئێکاتیئۆس بە قسەکانی نەیتوانیبوو خوازیارانی جوڵانەوە لە خواستەکەیان پاشگەز بکاتەوە. ئەو دووبارە نۆرەی قسەی وەرگرتبۆوە و ئەوجار گرفتی ماڵی هێزەکانی دەریایی و بارودۆخی خەڵکی دوورگەکانی کردبووە بیانوو (ئەو کاتە ناوبراو زانیاری لەمەر شەپرێوی باری ماڵی دورگەی میلیتۆس هەبوو). ئەو گووتبووی تەنیا کاتێک ئەو کارە دەکرێ کە دەست بەسەر خەزێنەی نێوەندی تاڵەبینی ڤرانخیدی‌یەکان داگرین کە سەردەمی خۆی کراسۆس پێشکەش بە

لیدیی‌یەکانی کردوە. بە یارمەتی ئەو پارەیە دەتوانین هێزەکانی دەریایی رێکخەین و باشترە بەر لە دوژمن ئەو کارە بکەین.

پێشتر من سەبارەت بە گرینگی ئەو خەزێنەیە کۆمەڵێک زانیاریم هێنابەرباس. ئەو بۆچوونەی ئێکاتیئۆس پەسند نەکرا. ئەندامانی کۆڕەکە لەسەر وەرێخستنی سەرهەڵدان پێداگربوون و خێرا کەسێکیان لەنێو خۆیان هەڵبژارد و بە گەمی ناردیانە مییۆندا، بۆ ئە مۆڵگەیەی لەشکری گەڕاوە لە ناکسۆس تێیدا نیشتەجێ ببوو. ئەو کەسە دەبوایە سەرکردەکانی لەشکریی نێردراو لەداو بخات.

**[۳۷]** ئەو کەسەی ناردیان، ناوی یاتراغۆراس بوو. ئەو کابرایە توانی بە حیللەیەک فەرماندەکانی لەشکری ئۆردوگاکە هەڵفریوێنێ. ئەوانە بریتی بوون لە ئۆلیاتۆس، کوڕی ئێڤانۆلی و خەڵکی میلاسا، ئیستیئۆس کوڕی تیمنیس و خەڵکی تێرمێرا، کوئیس کوڕی ئێرکساندرۆس کە داریوش دورگەی میتیلینی وەک دیاری پێبەخشیبوو، ئاریستاغۆراس کوڕی ئیراکلیدیس و خەڵکی کیمیس و زۆر کەسیتر.

ئاریستاغۆراس سەرهەڵدانی سازکرد و دژی داریوش وەخۆکەوت. ناوبراو سەرەتا بۆوەی دانیشتووانی دورگەی میلیتۆس رازی بکا، خۆی دەستی لە حوکمڕانی هەڵگرت و حکوومەتێکی ئازادی خاوەن یاسای یەکسانی راگەیاند. پاشان لە سەرتاسەری خاکی یوونیدا هەمان کاری کرد. لە زۆر شوێن حوکمڕانەکانی سەربەخۆی لەسەر دەسەڵات لابرد و ئەو سەرکردە لەشکرییانەی لە کەشتییە جەنگییەکاندا گرتبوونی، یەکیەک و دوودوو ئازادی کردن و ناردنیەوە دەڤەری خۆیان. ئەو بەو کارەی گەرەکی بوو دڵی خەڵک بۆلای خۆی راکێشێ.

**[۳۸]** دانیشتووانی دورگەی میتیلین خێرا کوئیس‌یان بردە دەرەوەی شار و لەوێ کوشتیان، بەڵام خەڵکی کیمیس تەنیا بە دوورخستنەوەی حوکمڕانی پێشوو قەناعەتیان هێنا. جەماوەری شارەکانیتریش هەر بەو چەشنە هەڵسوکەوتیان کرد. ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی کاتێک تەواوی حوکمڕانەکانی

لەسەر کار لابرد، ئەوجار دەستووریدا هەر شارێک بۆخۆی سەرکردەیەکی لەشکری هەڵبژێرێ. خۆیشی پاشان وەک نوێنەری یوونییەکان، بەسواری گەمی چوو بۆلای لاکێدیمۆنییەکان، چوونکە پێویستی بە هاوپەیمانێکی بەهێز هەبوو.

**[٣٩]** لە سپارت، ئاناکساندریدیس کوڕی لیئۆندۆس ئیتر پاشا نەمابوو و مردبوو. لەجیات ئەو، کلیئۆمێنیس[1] کوڕی ئاناکساندریدیس پاشایەتی دەکرد و ئەو دەسەڵاتەی بەمیرات پێگەییبوو، ئەگینا خاوەن توانایییەکی ئەوتۆ نەبوو. ژنی ئاناکساندریدیس خوارزای خۆی بوو و هیچ منداڵێکی لەو ژنە نەبوو. هەربۆیە گەورەپیاوانی شاری سپارت ئاناکساندریدیسیان بانگهێشت کرد و پێیانگووت: "ئەگەر تۆ بیر لە داهاتووی خۆت نەکەیەوە، ئێمە ناتوانین لەوە زیادتر بێدەنگی بپارێزین و ببینین چرای خانەدانی ئیڤریستێنیس خەریکە دەکوژێتەوە. ئەو ژنە تەڵاق بدە و یەکیتر بخوازە. بەو چەشنە گشت سپارتییەکان لەخۆت رازی دەکەی ". ئاناکساندریدیس لە وڵامی ئەوانەدا گووتی لەگەڵ ئەو خواستە نییە و گەرەکی نییە کارێکی ئەوتۆ بکات. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ناکرێ ژنێک تەڵاق بدەی بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی لەو بارەوە هەبێ، ئەویش تەنیا بە مەبەستی هێنانی ژنێکیتر. بەهەرحاڵ لەدژی ئەو خواستە وێستا و بەقسەی نەکردن.

**[٤٠]** ئەوجار پیاوانی حکوومی و ردێنسپیانی بارەگا کۆبوونەوە و پێشنیارێکیتریان خستە بەردەم ناوبراو و گووتیان: "وێدەچێ ئەو ژنەت زۆر خۆشدەوێ. پێمانوایە رێگەچارەیتر هەیە و دەتوانی جێبەجێی بکەی، بۆوەی سپارتییەکان لێت زوێر نەبن. ئێمە داوات لێناکەین ژنەکەت تەڵاق بدەی. دەتوانی ئەوی راگری و چی ئیختیار و سامانی هەیەتی، لەجێی خۆیدا بمێنیتەوە، بەڵام ژنێکیتر بێنە. ئێمە دەخوازین ببیە خاوەن جێنشین ". کاتێک ئەو کۆمەڵە پیاوانە قسەکانیان تەواو بوو، ئاناکساندریس دڵی نەرم بوو. دواتر دوو ژن و دوو منداڵی هەبوو، هەرچەند دژی یاسا و نەریتی سپارتییەکان بوو.

---

١- کلیئۆمێنیس، ساڵی ٥٢٠ی پێش میلاد بووەتە پاشای سپارت.

**[٤١]** زۆری پێنەچوو ژنی دووهەم منالّی بوو کە ناوی کلیۆمێنیسی لەسەر داندرا. خانەدانی پاشایەتی سپارتییەکان بەو جۆرە بوو بە خاوەن جێنشین. بەهەڵکەوت ژنی یەکەمیش کە تا ئەو کاتە نەزۆک بوو، سکی پڕ بوو. هەرچەند ئەو ژنە بەڕاستی ئاوسبوو، بەلاّم کەسوکاری ژنی دووهەم هەرکە بەو خەبەرەیان زانی، هەرواهوریایان سازکرد و دەیانگووت کە ژنە نەخشەی بەدرۆی لەژێر سەردا و گەرەکییەتی لە داهاتوودا منالّی بێگانە بێنیتە مەیدان. زەمان تێپەڕی و لە سەروبەندی زاییندا، قسە و قسەلۆک ولاّتیان داگرت. پیاوانی حکوومی وەشککەوتن و بۆیە لەکاتی منالّبوونەکە، لە ژوور سەری ژنە دانیشتن و چاوەدێری وەزعەکەیان کرد. ئەو ژنە کوڕێکی بوو ناویان لێنا دوریێڤس. دواتر دوو کوڕیتریش بەناوەکانی لیئۆنیداس و کلیئۆمڤرۆتۆس لەدایکبوون. خەڵکانێک لەو باوەڕەدا بوون کە لیئۆنیداس و کلیئۆمڤریس دووانە بوونە. ژنی دووهەم کە دایکی کلیئۆمێنیس بوو، خۆی کچی پرینتیادیسی، کوڕی دیمارمێنۆس بووە و تەنیا ئەو کچەی هەبووە.

**[٤٢]** ئەو جۆرەی باسدەکەن کلیئۆمێنیس ئاقڵی تەواو نەبووە و تێکەڵی کردوە. بەلاّم بەپێچەوانەوە، دوریێڤس لەنێو گشت هاوتەمەکانی خۆیدا کوڕێکی شازبووە و لەو باوەڕەدا بوو کە چوون جوامێرە، رەنگە ئەو وەک پاشای سپارت دیاریبکەن. ئەوەندەی باوەڕ بەو هەستەی خۆی هەبوو کە کاتێک ئاناکساندریدیس مرد، لاکێدیمۆنییەکان بەپێی یاسا کوڕی گەورە واتە کلیئۆمێنیسیان وەک پاشا هەڵبژارد. دوریێڤس بۆی قبوڵ نەدەکرا کلیئۆمێنیس پاشایەتی بەسەردا بکا، بۆیە داوای یارمەتی لە خەڵکی سپارت کرد و شارێکی سازکرد، بەبێ ئەوەی پرس بە نێوەندی ئایینی دێلفوس بکا و نەریتەکانی ئەو سەردەمە وەبەرچاو بگرێ.

ناوبراو لەوپەڕی قەڵسیدا رێگای بەرەو ولاّتی لیبی گرتەبەر. کۆمەڵێک خەڵکی شاری تیرای[١] لەگەڵ خۆی برد. وەختێک گەیشتە چۆمی کینیپۆس، ئاوایی دڵخوازی خۆی لە جوانترین شوێنی ولاّتی لیبی و لە قەراخ چۆم

١- ئەمڕۆ ناسراوە بە دورگەی ساندۆرینی.

سازکرد. سالی سێهەمی نیشتەجێبوون، ماکیيەکانی لیبی و کارخیدۆنییەکان دەریانکرد و ناچاربوو دوبارە بگەڕێتەوە پێلۆپۆنیسۆس.[1]

**[٤٣]** لەوێ ئەندیخاریس خەڵکی ئێلیئۆنیۆس[2] بەپێی ئامۆژگارییەکانی لاییۆس پێشنیاری بە دوریێڤس کرد بچێتە هەرێمی سیکێلیا و شاری ئیراکلی[3] داگیربکا. هەروەها پێیگووت کە سەرتاسەری خاکی هەرێمی ئێریکۆس ملکی ئیراکلییەکانە، لەبەر ئەوەی ئیراکلیس خۆی ئەو ناوچەیەی داگیرکردوە.

دوریێڤس گوێی لەو پێشنیارانە بوو و بۆ مەسلەحەت هاتە نێوەندی دێلفوس. ئەو گەرەکی بوو ئامۆژگاری تاڵەبینەکانی ئەوێ سەبارەت بە داگیرکردنی شاری ئیراکلیس وەرگرێ. پیتیا، کاهێنی مەزن داهاتووی خێری لەو کارەدا دیت. دوریێڤس لەگەڵ گشت ئەو خەڵکەی لە وڵاتی لیبی لەگەڵیدا بوون، پێکەوە بەرەو قەراخ ئاوەکانی ئیتالیا وەڕێکەوتن.

**[٤٤]** ئەو سەردەمە، بەو جۆرەی سیڤارتییەکان[4] دەگێڕنەوە، گەرەکیان بووە خۆیان و پاشاکەیان بەناوی تیلیس هێرش بکەنە سەر هەرێمی کرۆتۆنۆس. ترسێکی زۆر خەڵکی کرۆتۆنی[5] داگرتوە و ناچار بوونە داوا لە دوریێڤس بکەن بە هانایانەوە بێ و ئەویش ناهومێدی نەکردون. دوریێڤس پەلاماری هەرێمی سیڤاری داوە و داگیری کردوە. ئەوە قسەی سیڤارییەکانە کە لەگەڵ لەشکرەکەی چی کردوە، بەڵام کرۆتۆنییەکان دەڵێن لە کاتی شەڕدا هیچکەسی لاوەکی یارمەتی ئەوانی نەداوە و تەنیا یەک فاڵگیری خەڵکی ئیلیۆ[6] بەناوی کالیا و سەر بە هۆزی یامیدۆن لەگەڵیان بووە. ئەو کابرایە لەبەر ئەوە یارمەتی ئەوانی داوە، چونکە بەنهێنی لەدەست حوکمڕانی

---

١- هێرۆدۆت زانیاری پتر لەو بارەوە لە کتێبی ٤ واتە " مێلپۆمێنی "دا دەداتە دەست.

٢- لە باکووری ئاتێن هەڵکەوتووە و شاری ڤیۆتییەکان بووە.

٣- لە باشووری دەریای رەش جێیگرتووە.

٤- سیڤاریس، شارێکی ئیتالیای کۆن کە لە سەدەی هەشتی پێش میلاد بەدەست ئاخاییەکان دروستکراوە.

٥- کرۆتۆنا، شارێکی کۆنی ئیتالیا کە بەدەست ئاخاییەکان دروستکرا.

٦- ئیلیا، شارێکی کۆنی ئاسیا لە هەرێمی ئێئۆلییەکان و لە قەراخ چۆمی کایکۆس.

سیڤاری‌یەکان واتە تیلیس رایکردوە. کالیا وەختێک خەریکی پێشگۆیی لەمەر شەڕ دژی کرۆتۆنی‌یەکان بووە، هەستی کردوە کە سیڤاری‌یەکان تووشی شکست دێن، بۆیە خێرا ڕایکردوە بۆلای کرۆتۆنی‌یەکان.

**[٤٥]** ئەوە زانیاری کرۆتۆنی‌یەکان بوو، هەڵبەت هەردوو لایەن بۆ سەلماندنی قسەکانیان، بەڵگەیان لەبەر دەست دا. سیڤاری‌یەکان باس‌دەکەن کە دێر و ئارمگە و مەرقەدیان لە نیزیک ویشکەچۆمی کراتی هەیە. ئەو شوێنانە بەدەست دوریێڤس بنیات‌نراون، چونکە دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و پێشکەش بە خواوەند ئاتینای کراتی کرد. مەرگی دوریێڤس گەورەترین بەڵگەیە بۆ سیڤاری‌یەکان. ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی ناوبراو پێشگۆیی و ئامۆژگارییەکانی وەبەرچاو نەگرتووە، بۆیە کوژراوە. ئەگەر ناوبراو بە پێچەوانەی خواستی خواکان هەڵسوکەوتی نەکردبا و تەنیا بۆ ئەو مەبەستەی هەیبوو لەشکرکێشی کردبا، دەیتوانی هەرێمی ئێریکینیس بگرێ و حوکمڕانی بکا، بەبێ ئەوەی لەشکرەکەی تێدا بچێ. کرۆتۆنی‌یەکان پانتاییەکی زۆر خاک نیشان دەدەن کە ئەو وەختە دراوە بە کالیای خەڵکی ئیلیۆ و تا سەردەمی منیش بەهۆی وەرەسەکانی ناوبراو دەچێندرێن، بەپێچەوانەوە بستە خاکێکیش بە دوریێڤس و نەوەکانی نەدراوە. ئەگەر دوریێڤس یارمەتی کرۆتۆنی‌یەکانی دابێ، بەدڵنیاییەوە خاکی پتر لە کالیا وەردەگرت. ئەوانە کۆمەڵێک بەڵگە بوون کە هەردوو لایەن باسیان لێوەدەکەن و لەو نێوەدا هەرکەس بۆی هەیە خۆی هەڵیانسەنگێنێ و بزانێ کام لایەن بەرهەقە.

**[٤٦]** ژمارەیەکی‌تر خەڵکی سپارتی لەگەڵ دوریێڤس بەمەبەستی دروستکردنی ئاوایی سواری گەمی بوون کە ناوەکانیان بەو جۆرە هاتووە: پاریڤاتیس، تێسالۆس، کلیئاس، ئێڤریلیئۆن. ئەوانە کاتێک گەیشتنە سیکێلیا[١]، لە شەڕدا تووشی شکست هاتن و هەرهەموویان بەدەستی ئێیێستی و فینیقی‌یەکان کوژران. تەنیا کەسێک کە لەو شەڕەدا رزگاری هات، ئێڤریلیئۆن بوو. ناوبراو ئەو ژمارە شەڕکەرەی لەشکر کە زیندوو مابوون، گشتیانی

١- یەک لە شارەکانی سیسیلی کۆن، هەڵکەوتوو لە قەراخ دورگەی سیسیل.

کۆکردەوە و بەهەوڵی ئەوان، ئاوایی کۆچەرنشینی مینۆئای سێلینۆندی‌یەکانی[1] داگیرکرد و یارمەتی خەڵکەکەی‌دا لەدەست حوکمڕانەکەیان واتە پیتاغۆراس نەجاتیان بێ.

کاتێک پیتاغۆراس و پیاوەکانی دەرکرد، خۆی بوو بە حوکمڕانی سێلینۆندی‌یەکان، هەڵبەت بۆ ماوەیەکی کەم توانی پاشایەتیان بکا، چونکە خەڵکەکە دژی ئەویش ڕاپەڕین و ئیڤریلی‌ئۆن‌یان هەرچەند پەنای بۆ پەرستگەی دیا لە نێوەندی بازاڕ برد، بەوحاڵەش هێنایانەدەر و کوشتیان.

**[٤٧]** لەگەڵ دورییێڤس، هاورێیەکەی بەناوی فیلیپۆس کوڕی ڤوتاکیدیس کوژرا کە ئەویش کرۆتۆنی بوو. فیلیپۆس بەڵێنی بە کچی تیلی‌ئۆسی سیڤارتی دابوو. ناوبراو لە کرۆتۆنا وەدەرنرابوو و درۆیان لەگەڵ کردبوو و زەماوەندی بۆ نەکرا. ئەو بەرەو ناوچەی کیرینی چوو. لەوێ بە گەمی سێ هۆدەیی خۆی و پیاوەکانی ڕەگەڵ دورییێڤس کەوت.

فیلیپۆس قارەمانی ئۆلیمپیک و جوانترین گەنجی یۆنانی لەو سەردەمەدا بوو. سەبارەت بەو جوانییە، ئێییێستی‌یەکان ڕێز و حورمەتی بێ‌وێنەیان لێنا. مەرقەدێکیان لەسەر گۆڕەکەی دروست کردوە و گشت ساڵێک قوربانی پێشکەش دەکەن.

**[٤٨]** ئەوە بابەتێک سەبارەت بە چارەنووس و مەرگی دورییێڤس بوو. ئەگەر ناوبراو گوێی بۆ حوکمڕانی کلی‌ئۆمێنیس شل‌کردبا و کڕنۆشی بۆ بردبا، دەیتوانی لە سپارت بمێنێتەوە و دواتر وەک پاشای لاکێدێمۆنی‌یەکان دیاری‌کرابا، چونکە کلی‌ئۆمێنیس ماوەیەکی زۆر لەسەر دەسەڵات نەماوە و بێ هیچ جێنشینێک مرد. ئەو تەنیا کچێکی هەبوو بەناوی غۆرغۆ.

**[٤٩]** لەو سەردەمەدا کە کلی‌ئۆمێنیس لە شاری سپارت خەریکی حوکمڕانی بوو، ئاریستاغۆراس حوکمڕانی زۆرداری میلیتۆس گەیشتە لای و لەگەڵی کەوتە ڕاوێژکردن. ئەو جۆرەی لاکێدێمۆنی‌یەکان باسی‌دەکەن،

---

١- شارێک لە دەڤەری سیسیلی کۆن و هەڵکەوتوو لە کەنارئاوەکانی باشووریی ئەو دورگەیە کە ساڵی ٦٥١ی پێش زایین دروستکراوە.

ناوبراو پارچە لەوحێکی مەفرەغی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە نەخشەی بیچمی زەوی لەسەر هەڵکەندرابوو و گشت دەریا و چۆمەکانی نیشان‌دەدا.[1] ئاریستاغۆراس وەختێک گەیشتە لای کلیۆمێنیس، پێیگووت: "کلیۆمێنیس! لەوە کە ئاوا بەپەلە و تامەزرۆ هاتوومەتە لای تۆ، سەرت سوڕنەمێنێ. ئێستا بارودۆخی ئێمە بەو چەشنەیە: منالآنی خاکی یوونی لەجیات ئەوەی وەک مرۆڤی ئاسایی ئازاد و سەربەست بژین، تووشی کۆیلەیی هاتوون. بێحورمەتییەکی زاڵمانە و ئازارێکی زۆر سەرەتا داوێنگیری خۆمان بووە و پاشان باقی خەڵکی یۆنانی داگرتووە. لەبەر ئەوەی جەنابت لەنێو هاوڕەگەزەکانماندا خاوەن پلە و پایەی بەرزی، ئەو بێحورمەتییە راستەوخۆ و پتر لە خەڵکی‌تر رووی لە تۆیە. جەنابت بە خواکانی یۆنانی سوێند دەدەم کە یوونی‌یەکان لە کۆیلایەتی و یەخسیری رزگاربکە. ئەوان هاوخوێنی تۆن و گەیشتن بەو ئامانجە بۆ جەنابت گەلێک هاسانە. بەربەرەکان لە شەڕدا ئەوەندەش بەغیرەت و وەرە نین. ئێوە زانستی نیزامی و جەنگیتان فرەیە. دوژمنان بە کەمان و نێزەی قوڵە شەڕدەکەن، پانتۆڵی لینگ کورت و فش دەپۆشن و کڵاوی قیت و بەرز لەسەردەنێن. ئەوان بەو شێوەیە دەست و پێیان بەستراوە و دەکرێ بە هاسانی شکستیان بدەی. سامان و پاشەکەوتی خەڵکی ئەو قاڕەیە بەتەنیا، لە هی تەواوی نەتەوە و هۆزەکانی‌تر زۆرترە. ئەوان زێو و مەفرەغ و پارچەی رەنگاوڕەنگ و ئاژەڵی بارکێش و کۆیلەیان زۆر هەیە و تۆ دەتوانی وەک دەستکەوتی شەڕ وەدەستیان بێنی و تەنیا ئەوەندە بەسە کە خواستت هەبێ و وەخۆکەوی. ئێستا بۆت روون دەکەمەوە کە ئەو گەلانە لەهەمبەر هەڤدوو، خاوەن چ بارودۆخێکن. یوونی‌یەکان لێرە دەژین و دوای ئەوان لیدی‌یەکانن. لیدی‌یەکان خاوەن خاک و سەرزەوینی بەپیتن و لەبابەت زیو زۆر دەوڵەمەندن ". ناوبراو لەکاتی قسەکردندا، شوێنی وڵاتەکانی لەسەر نەخشە مەفرەغی‌یەکە نیشان‌دا کە لەگەڵ خۆی هێنابووی.

---

١- نەخشە سەرەتاییەکان لە شاری میلیتۆس، مەوتەنی ئەناکسیماندرۆس و ئێکاتیئۆس، کێشراونەوە.

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا هەروەها گووتی: "دراوسێی لیدیەکان، فریژیەکانن و لەلای رۆژئاوا نیشتەجێن. لەنێو ئەو گەلانەی من دەیانناسم، هیچکام وەک ئەوانە خاوەن مێگەلەمەڕی گەورە و حاسڵاتی زۆر نین. لە تەنیشت فریژیەکان خەڵکی کاپادۆکی دەژین و ئێمە بەوانە دەڵێین سیریایی (سووری). لە دراوسێیەتی سووریەکان، کیلیکیەکان هەن. وڵاتی کیلیکیا دەگاتە ئەودەریایەو دورگەی قیبریس لەنێو ئەو بەحرە و ئا لێرەیە. کیلیکیەکان ساڵانە خەراجی پێنسەد تاڵاندی بە پاشا (داریوش) دەدەن. دوای کیلیکیەکان، لەو شوێنە ئەرمەنستان هەڵکەوتووە و وڵاتێکی پڕ لەوەڕگەیە. پاش ئەرمەنیەکان دەگەینە لای ماتیئینیەکان و وڵاتەکەیان لەو نووختەیە جێیگرتووە. لە جیرانییەتی وڵاتی ماتیئینیەکان، هەرێمی کیسیا دەبینین و لەو ناوچەیە و لە نیزیک چۆمی خۆئاسپی شاری شووش هەڵکەوتووە و پاشای گەورە لەوێ دەژی و خەزێنەکەی لێرە دامەزراندوە.

ئەگەر جەنابت دەستت بەو شارە رابگا، بە گەنج و تاڵانی ئەو خەزێنەیە دەتوانی بە دڵنیاییەوە لەگەڵ خواوەند دیا رکەبەرایەتی بکەی. ئەوەی بەلامەوە سەیرە، جەنابت بۆخاتری وڵاتێکی بچووک کە نە ئەوەندە بە حاسڵاتە و تیزماڵە خاکێکی باریکەڵەیە، لەگەڵ مێسینیەکان[1] شەڕ دەکەی و لەباری هێزەوە هاوشانی تۆش نین، یا لەگەڵ خەڵکی ئارکادی[2] و ئارغۆسی[3] کە هیچیان نییە و تینووی زێڕ و ئاڵتوونن (خەڵک لە مەیدانی شەڕدا خۆیانی

١- میسینی، هەرێمێک لە پێلۆپۆنیسۆسی کۆن، هەڵکەوتوو لە باشووری رۆژئاوای ئەو نیمچە دورگەیە کە لەژێر دەسەڵاتی سپارتیەکاندا بوو و لە سەدەی هەشتی پێش زایینەوە هەوڵیدا سەربەخۆ بێ و لە سەدەی چواری پێش زایین سەرکەوت.

٢- ئارکادی، هەرێمێک لە یونانی دێرین (دێرین (باستان)) و لە نێوەندی نیمچە دورگەی پێلۆپۆنیسۆس و لەنێوان دەڤەری ئاخایی و ئارغۆس هەڵکەوتبوو. ئارکادییەکان پاشماوەی هۆزی پێلاسغیین و لە کاتی هێرشی دووری یا دەرییەکان جوامێریان نواند و وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێشت.

٣- ناوچەیەک لە نێوەندی یونان و لە کەنارئاوەکانی دەریای یوونیە. شاری ناسراوی ئارغۆس لەوێ بنیاتنراوە.

بۆ بە کوشت دەدەن) بەشەڕ دێی. بەڵام وەختێک ئاوا بەهاسانی دەتوانی خاکی ئاسیا داگیربکەی، خۆی لێدەبوێری و خەریکی شتیتر دەبی ".

ئاریستاغۆراس قسەکانی بەو چەشنە تەواو کرد و کلیئۆمێنیس، ئەویش بەو جۆرە وڵامی داوە: "ئەی میلیتۆسی! من وڵامی خواستەکەت وەدرەنگی دەخەم و پاش دوو رۆژیتر جوابت دەدەمەوە ".

**[٥٠]** ئەو کاتە لەوە زیاتر قسەیان نەکرد، بەڵام وەختێک رۆژی وڵامدانەوە هات، هەردووکیان لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبوون. کلیئۆمێنیس لە ئاریستاغۆراسی پرسی کە مەودای نێوان وڵاتی یوونی، لە کەنار دەریاوە تا بارەگای پاشا چەندە. ئاریستاغۆراس کە هەمیشە مرۆڤێکی حازرجواب بوو و وڵامی پرسیارانی لەنێو قۆڵی عەباکەیدا دەردێنا، راست لەو کاتەدا وڵامێکی بێ مانای داوە. ئەو ئەگەر گەرەکی بوو سپارتییەکان بەرەو ئاسیا راکێشێ، پێویست نەبوو وڵامی راست بەو پرسیارە بداتەوە.

ئاریستاغۆراس زۆر ناشیانە گووتی کە ئەو مەودایە سێ مانگ رێگاپێوانی گەرەکە. ناوبراو هەرکە ئەو جوابەی داوە، کلیئۆمێنیس قسەی پێبڕی و هەرچی ئاریستاغۆراس هەوڵیدا پتر وڵامەکەی شیبکاتەوە، ئیزنی پێنەدرا.

کلیئۆمێنیس تەنیا ئەوەندەی گووت: "کابرای میلیتۆسی، بەر لە خۆرئاوابوون لە وڵاتی سپارت برۆ. تۆ بەو مەبەستە هاتوویە ئێرە کە ئێمە لەگەڵ خۆت بەرییە شوێنێک کە مەودای سێ مانگ رێگا لە دەریاوە دوورە. تۆ قسەی دڵی ئێمە ناکەی ".

**[٥١]** ئەوە ئاخاوتنی کلیئۆمێنیس بوو و پاشان گەڕاوە ماڵی خۆی. ئاریستاغۆراس ئەوجار لکێکی زەیتوونی بەدەستەوە گرت و دوبارە بۆلای کلیئۆمێنیس چوو. ناوبراو بە پاڕانەوە و پێداگری لە ماڵەکەی ئەو وەژوور کەوت و داوای لە کلیئۆمێنیس کرد کچەکەی بەناوی غۆرغۆ کە لەو کاتیدا لەپاڵ باوکی وێستابوو، بنێرێتە دەرێ و گوێ لە قسەکانی ئەو راگرێ. ئەو کیژە تەنیا منداڵی کلیئۆمێنیس و تەمەنی حەوت هەشت ساڵان بوو. کلیئۆمێنیس داوای لە ئاریستاغۆراس کرد بەبێ گوێدان بە کچەکە، ئازاد و

سەربەست قسەی دڵی خۆی بکا. ئاریستاغۆراس بەڵێنی بە کلیۆمێنیسدا ئەگەر خواستی ئەو جێبەجێ بکا، دە تالاندی دەداتێ. کلیۆمێنیس بە نیشانەی نارەزایەتی سەری راوەشاند. ئاریستاغۆراس بەرەبەرە نرخەکەی بەرزکردەوە و گەیشتە پەنجا تالاند. راست لەو وەختەدا کچەکەی کلیۆمێنیس هاواری لێ هەستا و گووتی: بابە بابە خێرا لێرە برۆ. ئەگەر نەرۆی و دوور نەکەوییەوە، ئەو کابرایە بێگانەیە هەڵتدەفریوێنێ ". کلیۆمێنیس بەو ئامۆژگارییەی کچەکەی گەلێک شادبوو و رۆیشتە هۆدەیەکیتر. ئاریستاغۆراس ناچاربوو لە شاری سپارت بروا، چونکە ئیتر ئیمکانی مانەوەی لەو شوێنە بۆ نەما و نەدەکرا لەوە پتر باسی رێگای هێرش بۆ سەر وڵاتی پارسەکان بێنێتە گۆرێ.

**[٥٢]** رێگای بەرەو وڵاتی پارسەکان بەو چەشنەیە: لە سەرتاسەری رێگادا، کۆمەڵێک بینای پاشایەتی و کاروانسەرای رازاوە دروست کراون. کەسی رێبوار لە رێگادا، چاوی بە زۆر وڵاتان دەکەوێ و گشتیان ئەمن و ئاوەدانن. پیاو لە وڵاتانی لیدیا و فریژی تووشی بیست شوێنی حەسانەوە و کاروانسەرا دەبێ و نەوەد و چوار و نیو فەرسەخ[١] مەودایە. دوای وڵاتی فریژی، چۆمی ئالیس[٢] دێتەبەردەم، لە قەراخ ئەو چۆمە قەڵایەکی گەورە و کۆمەڵێک دەروازە هەن و پیاو ناچارە بەوانەدا دەرباز بێ تا لە چۆم بپەرێتەوە. دوای ئەو چۆمە دەگەینە چیاکانی کاپادۆکی و لەوێوە تا سنوورەکانی وڵاتی کیلیکیا بیست و هەشت کاروانسەرا دروستکراون و سەدوچوار فەرسەخ مەودای رێگایە. لەسەر سنووری کیلیکیا، پیاو دەبێ لە دوو دەروازە و دوو قەڵا تێپەرێ و بەنێو خاکی کیلیکیادا بروا، ئەوجار بە سێ قۆناخ پازدە فەرسەخ و نیو رێپێوانی لەبەرە. لە سنووری نێوان کیلیکیا و ئەرمەنستان چۆمێک هەیە و پێیدەگووترێ فورات. لەسەر رێگای نێو خاکی ئەرمەنستان پازدە کاروانسەرا و قەڵا هەن و مەودای رێگا پەنجاوشەش

---

١- فەرسەخ بەرابەری سی ستادیۆ یا ٥ کیلۆمیتر و ٣٢٨ میتر.

٢- ئالیس یا هالیس، ئەمرۆ ناسراوە بە قزڵئیرماق، دەرژێتە نێو دەریای رەش.

فەرسەخ و نیوە. خاکی ئەو وڵاتە بەهۆی چوار چۆمی خوڕێن دابەشبووە و ڕێبوار ناچارە لەو چۆمانە بپەڕێتەوە.

یەکەم رووبار، تیگریس (دیجلە)، دووهەم و سێهەم رووباریش خاوەن هەمان ناو، واتە پێیاندەگووترێ زاباتۆس – ئەو دوو چۆمەی دوایی نە لە یەک شوێن سەرچاوە دەگرن و نە یەک رووباریشە کە بەسەر دوو زێدا بەشبووبێ. زێی یەکەم لە ئەرمەنستانەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەوەی دووهەمیش لە هەرێمی ماتیئینی. رووباری چوارەم بەناوی غیندیس (گیندیس)[1] هەمان ئەو چۆمەیە کە کاتی خۆی کوروش بەسەر سێسەدوشێست جۆگەدا بەشیکرد. لەنێوان ئەرمەنستان و هەرێمی ماتیئینی، تووشی چوار کاروانسەرای ڕێگا دەبین. لە ماتیئینیڕا تا کیسیا، یازدە کاروانسەرا هەن و مەودای ڕێگاش چلودوو فەرسەخ و نیوە و پیاو دەگاتە سەر چۆمی خۆئاسپی. ئەو چۆمە خوڕێنە و شاری شووش لە قەراخ ئەودا بنیاتنراوە. سەرجەم سەد و یازدە قۆناخی حەسانەوە، لە نێوان شاری سارد تا شاری شووش بەرچاودەکەن.

**[٥٣]** ئەو شاڕێیە ئەگەر بە فەرسەخ ئەژمار بکەین و هەر فەرسەخێک مەودای سی ستادیۆ بێ، کە لە راستیشدا هەر ئەوەندەیە، لە شاری ساردەوە تا بارەگای پاشایەتی کە بە قەسری مەمنوون ناسراوە، سەرجەم سێزدەهەزار و پێنسەد ستادیۆ واتە چوارسەد و پەنجا فەرسەخ مەودایە. ئەگەر پیاو لە رۆژدا سەد و پەنجا ستادیۆ ڕێگا بپێوێ، بۆ گشت مەوداکە، نەوەد رۆژی ڕێکی پێویستە.

**[٥٤]** بۆیە ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی بە کلێئۆمێنیسی لاکێدیمۆنی گووت کە ئەگەر پیاو بخوازێ سەفەری بارەگای پاشایەتی بکا، سێ مانگی کات پێویستە. ئێستا ئەگەر کەسێک زانیاری زیادتر و وردتری لەو بارەوە گەرەک بێ، پێدەڵێم کە بیر لەو بابەتەش بکاتەوە: دەبێ بەراوردی مەودای نێوان شاری ئیفێسۆ تا شاری سارد بکات، واتە ئەو مەودایەشی دێتەسەر.

---

١– غیندس یا گیندس، ناوی روبارێک کە لکێکی چۆمی دیجلەیە و پێیدەگووترێ قەرەسوو.

بەواتایەک لە کەنار دەریاوە تا شووش کە هەمان شاری مەمنوون بێ، ناچارە ڕێگایەک بەدرێژایی چواردە هەزار و چل ستادیۆ بپێوێ، چونکە لە ئێفێسۆ تا شاری سارد، خۆی پێنسەد و چل ستادیۆ دەبێ و گەرەکە سێ ڕۆژیتری سەفەری بەو سێ مانگەوە زیادبکرێت.

## پاش مەرگی پیسیستراتۆس

**[٥٥]** ئاریستاغۆراس دوای ئەوەی لە شاری سپارت دەرکرا، ئەوجار رووی لە شاری ئاتێن کرد. ئەو شارە لەدەست حوکمڕانانی سەرەڕۆ رزگاری هاتبوو و ئێستا باسی دەکەم: کاتێک کوڕی پیسیستراتۆس و برای ئیپیا بەناوی ئیپارخۆس، پاش ئەوەی خەونی دیت کە چارەنووسی بەکوێ دەگا، ئاخرەکەی بەدەست ئاریستۆییتۆناس و ئارمۆدیۆس کوژرا. ئەو دوو کەسە لەباری رەچەڵەکەوە غێفری (یێفری) بوون و سەردەمانێک کۆچیان بەرەو شاری ئاتێن کردبوو. دوای مەرگی ئیپارخۆس[١]، حوکمڕانی زاڵمانە چوار ساڵیتر شاری ئاتێنی ئازاردا و زۆر خەراپتر لە پێشوو بوو.

**[٥٦]** ئەو خەونەی ئیپارخۆس بینیبووی، شەوی پێش لە بەڕێوەچوونی جەژنی پانئاتینا، ئیپارخۆس لە خەوندا دیتی کە پیاوێکی باڵابەرز و قۆز لە تەنیشتی وێستاوە. ئەو پیاوە بەشێوەی ناڕوون و لەغزی (مەتەڵاوی) پێیگووت:

*"ئەی شێرە پیاو! بێخەیاڵ و ئاسوودە لەگەڵ چارەنووسی ترسناک دەستەویەخە بە، هیچکەس لەو مرۆڤانەی خەریکی ماف پێشێلکردنن، لەدەست تۆڵەسەندنەوە و سزا نەیانتوانیوە رزگاریان بێ".*

کاتێک ڕۆژ بۆوە، ئیپارخۆس خەونەکەی لەگەڵ کاهێنانی شارەزای خەون باسکرد. دواتر بەبێ گرینگی دان بە مانای خەونەکە، لە کۆبوونەوەی جەماوەردا بەشداری کرد و کوژرا.

---

١- ئیپارخۆس، کوڕی پیسیستراتۆسی حوکمڕانی سەرەڕۆی ئاتێن لە سەدەی شەشی پێش زاییندا.

**[٥٧]** ییفیریەکان، ئەو بنەماڵەیەی کە پیاوکوژەکانی ئیپارخۆسیان کوشت، وەک خۆیان باسیدەکەن، بە رەچەڵەک خەڵکی ناوچەی ئێرێتریان،[١] بەڵام ئەوەندەی من بزانم، ئەوانە لەڕاستیدا فینیقیین. هەڵبەت لەو فینیقیانەن کە کاتی خۆی لەگەڵ کادمۆس هاتوونەتە ئەو دەڤەرە و ئەمڕۆ ناسراوە بە ڤیۆتیا[٢]. ئەو کۆچەرانە بۆ نیشتەجێ بوون، ناوچەیەکیان بەناوی تەناغۆراس[٣] پێدرا. کادیمییەکان یەکەمجار بەدەست ئارغۆسییەکان لە ڤیۆتیا دەرکران. ئەوجار ڤیۆتییەکان بەزۆرەملی ییفیرییەکانیان دەرکرد. ئەو ییفیرییانە ناچاربوون بچنە شاری ئاتێن. ئاتێنییەکان ئەو کۆچەرانەی ڤیۆتییان وەک هاوڵاتی قبوڵ کرد، هەڵبەت بەو مەرجە کە کۆمەڵێک مافی تایبەت هەنە و پێویست بە باسکردنیان ناکا و راکردوەکان بۆیاننەبوو داوایبکەن.

**[٥٨]** لەنێو ئەو جەماوەرە فینیقییەی لەگەڵ کادمۆس هاتبوون، خەڵکی ییفیرییان لەگەڵدا بوو. فینیقییەکان وەختێک لەو هەرێمە نیشتەجێ بوون، زانستێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و بەتایبەت خەت و ئەلفوبێ و خێرا یۆنانییەکانیان فێری ئەو زانستانە کرد. من لەو باوەڕەدام کە یۆنانییەکان پێشتر شارەزای ئەو زانستانە نەبوونە. سەرەتا ئەلفوبێیەک کەڵکی لێوەردەگیرا کە لە سەرتاسەری خاکی فینیقیدا باوبووە، بەڵام بە تێپەڕینی رۆژگار، راوێژ و هێمای پیتەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. یوونییەکان تەنیا خەڵکانێک بوونە کە لەو سەردەمەدا لە زۆربەی وڵاتان، دراوسێی فینیقییەکان بوونە و هەرئەوانەش ئەلفوبێیان لە فینیقییەکان وەرگرتووە و بە تۆزێک گۆڕین بەکاریان هێناوە. دیارە لەبەر ئەوەی فینیقییەکان ئەو ئەلفوبێیەیان هێنایە یۆنان، یۆنانییەکانیش بە حەق و ئینسافەوە دژایەتییان لەگەڵ پاراستنی ناوی پێشوو واتە "ئەلفوبێی فینیقی "نەکردوە.

---

١- ئێریتری، شارێکی کۆنی دورگەی گەورەی ئێڤڤیا، هەڵکەوتوو لە کەنارئاوەکانی رۆژئاوای یونان.

٢- ناوی شاری ڤیۆتیا سەرەتا کادمیس یا کادمۆس بووە.

٣- تەناغۆراس، تاناگرا، شارێکی کۆنی ڤیۆتییەکان لە یونانی دێرین (دێرین (باستان))، هەڵکەوتوو لە رۆژهەڵاتی شاری ناسراوی تیڤا.

یوونی‌یەکان هەر لە سەردەمی کۆنەوە بە پەرتووکانەی پەڕەکانیان تەنانەت لە گەڵای پاپیرۆس‌یش دروست دەکران، وەک پێشوو پێیان‌دەگووتن: "پێست "یا "پەرتووکی پێستی "، لەبەر ئەوەی وەرەقی پاپیرۆس گەلێک نایاب بوو و خەڵک ناچاربوون لەسەر پێستی بزن و مەڕ بنووسن. ئەوەندەی من بزانم خەڵکانی بەربەر (غەیرە یۆنانی)، بەپڕانی لەسەر پەڕی پێست دەنووسن.

**[٥٩]** من خۆم ئەلفوبێی (کادمی)م لە مەعبەدی ئاپۆلۆن هەڵکەوتوو لە ئیسمینیۆس[١] لە شاری تیڤای[٢] ڤیۆتی‌یەکان دیتووە. ئەو پیتانە لەسەر سێ پایەیەک هەڵکەندراون و زۆربەیان شێوەی ئەلفوبێی یوونی دەدەن. لەسەر یەکێک لەو سێ پایەیانە ئەو بابەتە هەڵکەندراوە:

*"ئامفیتری‌ئۆن منی پێشکەش کرد، تالانێکە لە تیلێڤوویی‌یەکان"*

ئەو سێ پایەیە هی سەردەمی لاییۆس، کوڕی لاڤداکۆس، نەوەی پۆلیدۆرۆس و نەتیجەی کادمۆسە.

**[٦٠]** لەسەر سێ پایەی دووهەم، ئەو نووسراوە بەرچاودەکەوێ:

*"کەواندار سکای‌ئۆس، دوای سەرکەوتنی لە کێبەرکێکاندا، منی پێشکەش بە تۆ، ئاپۆلۆنی خواوەندی تیرهاوێژی کرد. خەڵاتێکی گەلێک نایابە".*

سکای‌ئۆس دەبێ کوڕی ئیپۆکۆندۆس بێ. ئەگەر ئەو خەڵاتەکەی پێشکەش کردبێ، نەک کەسێکی هاوناوی ئەو کە هاوتەمەنی ئیدیپۆدۆسی کوڕی لاییۆس بووبێ.

**[٦١]** لەسەر سێ پایەی سێهەمیش شێعرێکی شەش بەیتی‌تر هەیە:

*"لائۆداماس پاشا خۆی ئەو سێ پایەیەی پێشکەش بە تیرهاوێژ ئاپۆلۆنا کردوە و خەلاتێکی بەنرخە"*

---

١- ئیسمینیۆس، روباری تایبەتی خواوەند ئاپۆلۆن، بە شاری تیڤادا دەرباز دەبوو.

٢- تیڤا، شارێکی ناسراو و گەورەی یونانی دێرین (باستان) و پێتەختی ڤیۆتی‌یەکان و هاوشانی سپارت و ئاتێن لە دەسەلاتدا.

ئەوەندەی لائۆداماس کوڕی ئێتیئۆکلیس پاشایەتیکرد، ئارغییەکان، کادمییەکانیان لە وڵات دەرکرد و ئەوانە ناچار بوون پەنا بۆ ئێنخێلییەکان بەرن. ییفیرییەکان کە مابوونەوە، دواتر بەهۆی ڤیۆتییەکان دەرکران و ئەوانیش وەک پەنابەر روویان لە شاری ئاتێن کرد. ییفیرییەکان لەو شارە خاوەن مەعبەدی خۆیانن و جیا لە یۆنانییەکانن. بەتایبەت پەرستگەی دیمیترای ئاخایی[1] کە لەودا کۆمەڵێک رێورەسمی نهێنیش بەڕێوەدەچن.

**[٦٢]** پێشتر باسم لەوەکرد کە خەونی ئیپارخۆس چۆن بوو و ییفیرییەکانی ئەویان کوشت، خاوەن چ رەگەزێک بوون. پێویستە ئێستا دوای ئەو زانیارییانە، بێمەوە سەر باسی رەوتی رووداوەکان و لەو جێگایەوە دەست پێبکەمەوە کە بەجێم هێشتبوو، واتە شاری ئاتێن چۆن دەتوانێ لەدەست حوکمڕانانی سەرەڕۆ رزگاری بێ: حاکمی زاڵم ئیپاس بەتۆڵەی کوژرانی ئیپارخۆس، گەلێک بێبەزەییانە لەگەڵ خەڵکی ئاتێن هەڵسوکەوتی کرد. ئالکمیئۆنییەکان بەڕەگەز ئاتێنی لە شار رۆیشتبوون، بۆوەی لەدەست پیسی ستراتییەکان نەجاتیان بێ. دواتر ئالکمیئۆنییەکان و ئاتێنییەکانی راکردوو، بەمەبەستی ئازادکردنی شاری ئاتێن گەڕانەوە، بەڵام هیچیان بۆنەکرا و تووشی شکست هاتن. دوابەدوای ئەو شکستە لە ناوچەی لیپسیدریۆ و لە سەرەوەی پێلۆنیا نیشتەجێ بوون و چواردەوری خۆیان کردە مەتەرێز. ئالکمیئۆنییەکان ئەوجار بەتەواوی هێزەوە وەخۆکەوتن و جەماوەریتریشیان دژی بنەماڵەی پیسیستراتییەکان هاندا. جیا لەوە لەگەڵ ئامفیکتیۆنییەکان بەمەبەستی دروست کردنی پەرستگەی ئێستای دێلفوس کە تا ئەو سەردەمی بنیات نەنرابوو، رێککەوتن و پەیمانیان بەست و لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی ساماندار و ناسراو بوون، خۆیشیان پەرستگەیەکیان دروست کرد کە زۆر لەوەی پێشوو بەشکۆتر و جوانتر بوو. سەرەتا بڕیار درابوو گشتی بە بەردی گڕنی و ئیسفەنجی دامەزرێنن، بەڵام دواتر روخساری پێشەوەی بیناکەیان بە مەڕمەڕی دورگەی پارۆس (بەردی رەش) رازاندەوە.

---

١- بەپێی زانیارییەکانی پلوتارخیس، ئەو ناوە لە ئاخ و ناڵەی دیمیترا، لەکاتی رفاندنی پێرسێفۆنیسەوە هاتووە.

**[٦٣]** وەک ئاتێنیی‌یەکان باس‌دەکەن، ئالکمی‌ئۆنی‌یەکان لەوکاتەوە کە لە دێلفوس دامەزران، هەرکاتێک راسپاردەیەک وەک خۆی یا لە لایەن حوکمڕانی شاری سپارتەوە هاتبا ئەو نێوەندە ئایینی‌یە و سەبارەت بە شەڕ داوای ئامۆژگاری و پێشگۆیی بکردایە، ئەوانە بەزەبری زێڕ و ئاڵتوون کاهێنەکانیان رازی دەکرد کە بڵێن سەرەتا پێویستە بۆ ئازادی ئاتێن تێبکۆشن.

وەختێک لاکێدێمۆنی‌یەکان تێگەیین کە گشت جارێک یەک شێوە وڵام وەردەگرنەوە، ئانخیمۆلیۆ کوڕی ئاستێرۆس کە هاوڵاتییەکی قسەڕۆیشتوو و ناسراو بوو، راسپێردراو بە زەبری لەشکر پیسی‌ستراتی‌یەکان لە شاری ئاتێن وەدەرنێ، هەرچەند خۆیان دۆستایەتییەکی پتەویان لەگەڵ ئەوانە هەبوو.

دیارە بۆ لاکێدێمۆنی‌یەکان گرینگتر لە دۆستایەتی پیسی‌ستراتی‌یەکان، بەجێ‌گەیاندنی خواستی خواکانی دێلفوس بوو. ئانخیمۆلیۆ هەرچۆنێک بوو گەیشتە فالیرۆس و لەشکری لە دەشتایی ئەوێ دامەزراند. خانەدانی پیسی‌ستراتی پێشتر هەواڵیان پێگەییبوو، بۆیە داوای یارمەتییان لە خەڵکی هەرێمی تێسالی کرد. ئەوانە لە کۆنەوە لەگەڵ تێسالییەکان هاوپەیمان بوون. تێسالییەکان بە تێکڕای دەنگ خواستی پیسی‌ستراتی‌یەکانیان پەسند کرد و هەزار شەڕکەری سوارەیان بە سەرکردایەتی پاشاکەیان، کینیٔا کە خەڵکی دەڤەری غۆنۆس بوو، ناردە مەیدانی شەڕ. پیسی‌ستراتی‌یەکان پاش ئەوەی ئەو هاوپەیمانییەیان مسۆگەرکرد، خۆیان بەو جۆرە وەخۆکەوتن: تەواوی دارستانەکانی دەشتی فالیرۆس‌یان بڕی، بۆوەی هێزی سوارەی تێسالی‌یەکان بتوانی پەلاماری ئۆردووی دوژمن بدا. ئەو هێزە سوارەیە خەڵکێکی زۆری لەلایەنی لاکێدێمۆنی‌یەکان کوشت. لەنێو کوژراوەکاندا سەرکردە ئانخیمۆلیۆ کوژرا. پاشماوەی هێزەکانی لاکێدێمۆنی ناچار بە پاشەکشە بوون و بۆوەی گیانی خۆیان رزگاربکەن، خێرا بەرەو گەمییەکان هەڵاتن و سواربوون. بەو چەشنە یەکەم وەجبەی لەشکرکێشی لاکێدێمۆنی‌یەکان کۆتایی پێهات. گۆڕی ئانخیمۆلیۆ لە گووندی ئالۆپێکی هەرێمی ئەتیکی (ئاتێن و دەورەبەر) و لە نیزیک پەرستگەی ئیراکلیس لە کینۆسارییێس هەڵکەوتووە.

**[٦٤]** دوای ئەو شکستە، لاکیدیمۆنی‌یەکان جارێکی‌تر لەشکرکێشییەکی گەورەیان دژی شاری ئاتێن رێکخست و پاشاکەیان بەناوی کلی‌ئۆمێنیس کوڕی ئاناکساندریدیس سەرکردایەتی سپاکەی وەستۆگرت. لەڕێگای دەریاوە نەچوون و بە ویشکاییدا بەرەو ئاتێن وەڕێکەوتن. وەختێک پەلاماری ناوچەی ئەتیکی‌یان‌دا، سەرەتا هێزی سوارەی تێسالی‌یەکان بەرەو ڕوویان چوو و خێرا شکستی خوارد و رایکرد. لەو هێزە سوارەیە چل سوارکار کوژرا. ئەوانەش کە نەجاتیان هاتبوو، بەبێ ئەوەی لە ئەسپەکانیان دابەزن، یەکڕاست بەرەو هەرێمی تێسالی گەڕانەوە. کلی‌ئۆمێنیس تا قەراخ شار پێشڕەوی کرد و لەوێ لەگەڵ ئەو جەماوەرە ئاتێنییەی داخوازی رزگاری شارەکەیان بوون، یەکتریان گرت و ئەوجار حوکمڕانەکانی پیسی‌ستراتی‌یان گەمارۆدا کە لەنێو حەساری پێلاسغی‌دا خۆیان شاردبۆوە.

**[٦٥]** لاکیدیمۆنی‌یەکان نەیانتوانی پیسی‌ستراتی‌یەکان لەو حەسارە وەدەرنێن، لەبەر ئەوەی گەرەکیان نەبوو ماوەیەکی زۆر ئەو شوینە گەمارۆبدەن و لەلایەکی‌تریشەوە پیسی‌ستراتی‌یەکان رێژەیەکی زۆر ئازوقە و ئاویان لەلای خۆیان حەمبارکردبوو. هەڵبەت لەو کاتەدا ڕووداوێک قەوما کە خێری بۆ ئەوان بەدواوە بوو و بۆ پیسی‌ستراتی‌یەکان ناخۆش. رەنگە ئەگەر ئەو گرفتە نەخولقابا، لاکیدیمۆنی‌یەکان دوای چەند رۆژ گەمارۆدان گەڕابانەوە وڵاتی خۆیان. رەوتی ڕووداوەکە بەو شێوەیە بوو: سپارتی‌یەکان منالانی خانەدانی پیسی‌ستراتی‌یەکانیان لەبەر باری ئەمنی ناردبووە دەرەوەی شار. ئەوانە بەدەست لاکیدیمۆنی‌یەکان یەخسیر کران و وەک بارمتە راگیران. بارودۆخی پیسی‌ستراتی‌یەکان دوای ئەو ڕووداوە تەواو شێوا. ئەوان ناچاربوون دواتر منالەکانیان بە دانی زێڕ و ئاڵتوون بکڕنەوە و شەرتی دانیشتووانی ئاتێنیش قبوڵ بکەن. خواستی ئاتێنی‌یەکان ئەوە بوو کە خانەدانی پیسی‌ستراتی لە ماوەی پینج رۆژدا، لە شاری ئاتێن رۆیشتن. پیسی‌ستراتی‌یەکان ناچاربوون بچنە سیغیۆ[١] لە قەراخ چۆمی سکاماندرۆ[١].

---

١- سیغیۆ، شارێک لە ئاسیای بچووک و لە کەنارئاوەکانی داردانێل.

ئەوانە سی و شەش ساڵ حوکمڕانیی‌یان بەسەر ئاتێنی‌یەکاندا کرد، هەرچەند بە رەچەڵەک خەڵکی پیلوس[2] بوون و بنەماڵەکەیان دەگەڕاوە بۆسەر نیلۆس[3] و ئەویش خۆی لە هۆزی کودرۆس و مێلانتۆس بوو. ئەو دوو کەسەی دوایی سەرەڕای کۆچەربوونیان لە شاری ئاتێن وەک پاشا هەڵبژێردرابوون. هەڵبەت لەبەر پاراستنی ئەو بنەچەکەیە و بەساحێب کردنی ناوبانگی بنەماڵەیی، ئیپۆکراتۆس ناوی کوڕەکەی خۆی نا پیسی‌ستراتۆس. ئەو ناوە لەڕاستیدا هەر ئەو ناوەیە کە پێشتر لەسەر پیسی‌ستراتۆس، کوڕی نێستۆرۆس داندرابوو. ئەویش پێیدەگووترا پیسی‌ستراتۆس.

لەهەر حاڵدا، ئاتێنی‌یەکان بەو شێوەیە لەدەست حوکمڕانەکانی سەرەڕۆ نەجاتیان هات. ئێستا دەخوازم باسی ئەوە بکەم کە ئاتێنی‌یەکان چ کارێکیان کردوە و رووداوە گرینگەکان چۆن قەوماون. دیارە مەبەستی من دوای ئازادی ئاتێنی‌یەکان و بەر لە سەرهەڵدانی یوونی‌یەکان دژی داریوشە، بەواتایەک بەر لەو کاتەی ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی بێتە شاری ئاتێن و داوای پشتیوانی بکا.

**[٦٦]** ئاتێن تا ئەو سەردەمە شارێکی گەورە بوو، بەڵام دوای ئەوەی لەدەست حوکمڕانە سەرەڕۆکان رزگاری هات، پتر گەشەی سەند. دوو کەس لە شاری ئاتێن تەواو قسەیان دەڕۆیی. یەک لەوانە کلیستێنیس، دەگووترا کە ناوبراو توانیویەتی جارێک خواوەند پیتیا رازی بکا. ئەوەی‌تر ئیساغۆراس، کوڕی تیساندرۆس و سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو. دیارە من بە رەچەڵەکی تیساغۆراس نازانم، بەڵام خزم و کەسوکاری ئەو پیاوە قوربانیان پێشکەش بە دیا، خواوەندی کاری‌یەکان دەکرد. ئەو جووتە لەسەر وەدەست هێنانی دەسەڵات تێکبەربوون. لەو کێشەیەدا کلیستێنیس سەرکەوت و

١- سکاماندرۆ یا کسانتی، روبارێکی ناسراو کە بەژێر دیوارەکانی شاری ئەفسانەیی ترۆئادا دەڕۆیشت و ئەمڕۆ ناسراوە بە گیرک‌گوزلەر.

٢- پیلۆس، شارێک لە قەراخ ئاوەکانی دەریای یوونی.

٣- باوکی نێستورا، هەروەها ئەوانە موهاجیرانی پێشقەرەوڵ بوونە بۆ دروستکردنی شارەکانی کلازۆمێن و کۆلۆفۆن و ئێفێسۆس.

هەولّیدا پشتیوانی خەڵکی ئاتێن بۆخۆی مسۆگەر بکا. خەڵکی ئاتێن سەر بە چوار خێڵ بوون. کلیستێنیس بەسەر دە خێڵدا بەشیکردن و چوار ناوەکەی پێشووی وەلانا کە لە ناوی کوڕەکانی یونۆس سەرچاوەیان گرتبوو. ئەو چوار ناوە بریتی بوون لە: پیڵیئۆندا، ئایکۆریئا، ئارغادی و ئۆپلیتا.

پاش ڕەشکردنەوەی ئەو ناوانە، ئەوجار دە ناوی نوێی بەو خێڵانە بەخشی و جیا لە ئایاندا، گشت ئەوانیتر هی قارەمانانی هەرێم و ناوچەکانی خۆیان بوون. ناوی ئایاندا هەرچەند بێگانە و غەیری یوونی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دراوسێی هاوپەیمانی ئەوانە بوو، بۆیە هەڵبژێردرا.

**[٦٧]** بە باوەڕی من کلیستێنیس لەو بارەوە، لاسایی باپیری (باوکی دایکی) خۆی کردەوە کە حوکمڕانی سیکیئۆنۆس بوو.

کلیستێنیس خەریکی شەڕ دژی ئارغۆس بوو و فەرمانی دەرکرد کە گۆرانیبێژ و شایەران بۆیان نییە لە شاری سیکیئۆنا[1] شێعرەکانی هۆمێر (ئۆمیرۆس) لە کاتی بەڕێوەچوونی کێبەرکێکاندا بڵێنەوە، چونکە لە زۆربەی ئەو شێعرانەدا بە ئارغۆس و خەڵکەکەی هەڵگوتراوە.

هەروەها، لە بازاڕی شاری سیکیئۆنا پەیکەرەی قارەمانی کێبەرکێکان، ئادراستۆس کوڕی تالائۆس داندرابوو و ئێستاش ئەو پەیکەرەیە هەرماوە. کلیستێنیس حوکمی کرد ئادراستۆس لە شار دەربکرێ و پەیکەرەی ناوبراویش دوور بخرێتەوە، چونکە ئەویش ئارغۆسی بوو.

کلیستێنیس بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا سەردانی نێوەندی ئایینی دێلفوسی کرد بۆوەی پرس بە خواکانی ئەوێ بکا و ئامۆژگارییان لێوەرگرێ، ئاخۆ ئادراستۆس وەدەر بنێ یاننا. خواوەند پیتیا لە وەڵامی ئەودا گووتی کە ئادراستۆس کاتی خۆی پاشای سیکۆنییەکان بووە، لەحاڵێکدا کلیستێنیس حوکمڕانێکی سەرەڕۆیە، ئەوەی پێویستە بەردەباران بکرێت و دەربکرێ، خودی کلیستێنیسە. کلیستێنیس کاتێک ئەو وەڵامەی پێگەیی و دیتی کە

---

١- سیکیئۆنا، شارێکی یونانی لە قەراخ ئاوەکانی ڕۆژئاوای دورگەی پیلۆپۆنیسۆس لە کەنداوی کۆرینتۆس.

خواوەند پیتیا ئامادە نییە بەقسەی بکا و خواستەکەی بەجێناگەیێنێ، بڕیاریدا هەلومەرجێک بخوڵقێنێ کە ئادراستۆس بەخواستی خۆی ئامادەی ڕۆیشتن لە وڵات بێ. وەختێک فرسەتێکی ئەوتۆی دەسکەوت، وەڤدێکی ناردە شاری ڤیۆتیا و گووتی کە خوازیارە مێلانیپۆس، کوڕی ئاستاکۆس بگەڕێتەوە شاری سیکیئۆنا. خەڵکی تیڤایی ئەو داوایەیان پەسند کرد و ئەوجار کلیستێنیس فەرمانیدا مێلانیپۆس پەرستش بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە پەیکەرەی ناوبراوی لە نێوەندی ئیداری شاری سیکیئۆنا دامەزراند، واتە لە ئەمنترین شوێنی کۆمەڵگادا.

کلیستێنیس بۆیە مێلانیپۆسی هێناوە شاری سیکیئۆنا، دەبێ بڵێم، چونکە لەنێوان مێلانیپۆس و ئادراستۆس دوژمنایەتی کۆن هەبوو. ئادراستۆس برای مێلانیپۆس، بەناوی میکیستیئاس و زاواکەی واتە تیدیئاسی کوشتبوو.

کلیستێنیس جیا لەوەی پەرستگەیەکی بۆ مێلانیپۆس بنیاتنا، بەڵکوو ئەو کۆمەڵە جێژن و قوربانیدانەی کە بۆ ئادراستۆس باوبوو، پێشیپێگرت و لەجیات ئەو بۆ مێلانیپۆس بەڕێوە دەچوون. هەڵبەت خەڵکی سیکیئۆنا خوویان بەوە گرتبوو کە ئەو بۆنانە بۆ ئادراستۆس بەڕێوەبەرن، چونکە ئەو وڵاتە پێشتر لەلایەن پۆلیڤۆس فەرمانڕەوایی دەکرا و ئادراستۆس نەوەی ناوبراو لە کچەکەیڕا بوو. پۆلیڤۆس کاتێک مرد کوڕی نەبوو کە جێی بگرێتەوە. هەربۆیەش دەسەڵاتی بۆ ئادراستۆس جێهێشت. دیارە سیکیئۆنییەکان لەبەر ئەوە و زۆر هۆیتر، ڕێزیان لە ئادراستۆس دەگرت و بەسەرهاتەکانی ئەویان بە هەڵپەرکێی خەمناک پیرۆزدەکرد و ئەو پتر لە دیۆنیسۆس حورمەتی هەبوو. کلیستێنیس هەڵپەرکێکانی بە یادی دیۆنیسۆس و قوربانییەکانیشی پێشکەش بە مێلانیپۆس دەکرد.

**[٦٨]** ئەوە باسێک سەبارەت بە ڕەفتاری کلیستێنیس لە هەمبەر ئادراستۆسدا بوو. کلیستێنیس ناوی خێڵە دوورەکانی گۆڕی، بۆوەی وەک ناوی ئارغۆسییەکان و سیکیئۆنییەکان نەچن. بەو شێوەیە بێحورمەتییەکی فرەی بە دانیشتووانی سیکیئۆنی کرد، چونکە ناوی کەر و

بەرازی لەسەر ئەو خێڵانە دانا و تەنیا خێڵەکەی خۆی بە خاوەن ڕێز دەزانی. کلیستێنیسی ناوێکی پیوەندیدار بە کارەکەی خۆی لەسەر خێڵەکەی دانا، واتە خێڵی دەسەڵاتدار (هۆزی خان). هۆزەکانی‌تری بە ناوی  خێڵی پشیلەکان، خێڵی کەرەکان و خێڵی بەرازەکان ناودێر کرد.

ئەو ناوانە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە کلیستێنیس حوکمڕانی کرد و تا شێست ساڵ دوای مەرگی ناوبراویش هەروا لەسەر زاران مانەوە. دواتر، لەبەر ئەوەی گاڵتەناو بوون، گۆڕانیان بەسەردا هات و لەجیاتی ئەوانە پێیان دەگووترا: غللی، پامفیلی و دیمانتی. چوارەم هۆز ناوی کوڕی ئادراستۆس‌یان لەسەر داندرا، وەک ئاییالیۍئا و عەشیرەتەکەش بەناوی ئاییالی بانگ‌دەکرا.

**[٦٩]** ئەوە کۆمەڵێک لە کردارەکانی کلیستێنیسی سیکیۍئۆنی بوون. کلیستێنیسی ئاتێنی کە لە دایکەوە نەوەی ئەو کابرایە بوو، بۆیە بەو ناوەش دەناسرا، وەک باپیری خۆی بە چاوی سووکەوە سەیری یوونی‌یەکانی کرد و بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتی کرد. ئەوەی ئاتێنی بۆوەی جیاوازی لەنێوان ناوی ئاتێنی‌یەکان لەگەڵ یوونی‌یەکان زەق کاتەوە، لاسایی کلیستێنیسی یەکەمی کردەوە. وەختێک توانی خەڵکی ئاتێنی کە تا ئەو سەردەمە دەسەڵاتیان لێوەرگیرابۆوە، بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ناوی هۆزەکانی گۆڕی و ژمارەشی زیادکردن، لەجیات چوار هۆز کرانە دە هۆز و سەرۆک عەشیرەتی بۆ ئەوانە دیاریکرد و شار و ناوچەی بەسەریاندا بەشکرد. بەو چەشنە جێگە و پێگەی خۆی پاش وەدەست هێنانی پشتیوانی ئاتێنی‌یەکان لە هەمبەر دوژمنانیدا قایمتر کرد.

**[٧٠]** کاتێک ئیساغۆراس وەک دژبەرانی‌تر هەستی بە شکست لەبەرامبەر کلیستێنیس‌دا کرد، بڕیاری‌دا داوای یارمەتی لە کلیۍئۆمێنیسی لاکێدێمۆنی بکا. کلیۍئۆمێنیس لە سەردەمی دەستبەسەرکرانی خانەدانی پیسی‌ستراتی‌یەکانەوە میوانی ئیساغۆراس بوو. دەگێڕنەوە کە کلیۍئۆمێنیس تێکەڵاوی لەڕادەبەدەر نیزیکی لەگەڵ ئیساغۆراس هەبووە. سەرەتا و بەر لە هەر کارێک، کلیۍئۆمێنیس ڕاسپاردەی ناردە ئاتێن و حوکمی دەسەر کلیستێنیس و زۆر کەسی ئاتێنی کرد لەو شارە بڕۆنەدەر، چونکە پێیوابوو ئەوانە ناپاکن.

کلیئۆمێنیس لەڕاستیدا بە پێشنیاری ئیساغۆراس وەڤدی نارده شاری ئاتێن، چونکە خانەدانی ئالکمیئۆنیی‌یەکان و دۆستەکانیان تاوانی کوشتنی کەسێکیان لەسەر بوو کە هیچ پێوەندییەکی بە ئیساغۆراس و هاوڕێیانییەوە نەبوو.

**[٧١]** ئەوە کە کلیئۆمێنیس هێندێک لە ئاتێنیی‌یەکانی بە ناپاک ناوبردبوو، دەگەڕایەوە بۆ: کەسێکی ئاتێنی بەناوی کیلۆن. کیلۆن لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیکدا قارەمان هاتەدەر و تووشی لەخۆی بایی بوون هات و لەبەر خۆویستی و هەوا لی بڵیند بوون، بیری لە فەرمانڕەوایی و حوکمڕانی کردەوە. کیلۆن دەستەیەکی لە هاوتەمەنانی خۆی رێکخست و هەوڵیدا ئاکرۆپۆلیسی (قەڵای ئاکرۆپۆلیس) شار داگیربکا. لەو کارەدا سەرنەکەوت و رایکردە بەر پەیکەرەی ئاتینا و چۆکی دادا و کڕنۆشی بۆ ئەو خوایە برد. کاپیتانانی کەشتی ئەو کاتە حوکمڕانی شاریان بەدەستەوە بوو، ئەوانە بەڵێنیان بە کیلۆن‌دا کە نایکوژن و بەو شێوەیە خۆی و هاوڕێکانی لەو شوێنە دورخرانەوە. ئەوانە دواتر کوژران و تاوانەکەش خرایە پاڵ ئالکمیئۆنیی‌یەکان. ئەو کۆمەڵە رووداوە بەر لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی پیسی‌ستراتیس‌دا قەومان.

**[٧٢]** پاش ئەوەی کلیئۆمێنیس راسپاردەی نارد و دەسەر کلیستێنیس و خەڵکی ناپاکی کرد کە لە شاری ئاتێن بڕۆن، کلیس‌تێنس خۆی بەتەنیا و بەنهێنی لەو هەرێمە رۆیی. کلیئۆمێنیس بە لەشکری بچووکەوە هاتە نێو شاری ئاتێن. ناوبراو وەختێک بە دنەدانی ئیساغۆراس وەژوور کەوت، خێرا حەوسەد بنەماڵەی ئاتێنی دەرکرد، بەو حیسابەی کە ئەوانەش ناپاکن. کلیئۆمێنیس ئەوجار بڕیاری‌دا مەجلیس هەڵوەشێنێتەوە و دەسەڵات بدا بە سێسەد کەس لە یارانی ئیساغۆراس. مەجلیس بەرگری لەخۆی کرد و تەسلیمی داخوازییەکانی ناوبراو نەبوو. کلیئۆمێنیس لەگەڵ ئیساغۆراس و پیاوانی ئەو، پەلاماری قەڵای ئاکرۆپۆلیس‌یان‌دا. خەڵکی ئاتێن، ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان دوو رۆژی رێک کلیئۆمێنیس و ئیساغۆراس و پیاوەکانی ئەوانیان لەنێو قەڵادا گەمارۆدا. رۆژی سێهەمی گەمارۆ، کلیئۆمێنیس و ئیساغۆراس خۆیان بەدەستەوەدا و تەواوی ئەو کەسانەی لە هەرێمی

لاکێدیمۆنی‌یەوە هاتبوون، ئەو ناوچەیان چۆلکرد. بەو پێیە ئەو ئیختارەی (بەگوێدادانەوە) بە کلیئۆمێنیس کرابوو، جێبەجێکرا.

لەو بارەوە دەبێ بگووترێ کە کاتێک کلیئۆمێنیس خەریکی داگیرکردنی قەڵای ئاکرۆپۆلیسی ئاتێن بوو، بەمەبەستی راوێژ بەرەو کاهێنی پیرۆزی پەرستگە چوو. ئەو کاهێنە بەرلەوەی ناوبراو پێ لە ژووری پەرستگە بنێ، هەستایە سەرپێ و بە کلیئۆمێنیسی گووت: "کابرای لاکێدیمۆنی بێگانە! بگەڕێوە دواوە و پێ لەو شوێنە پیرۆزە مەنێ! خواکان ناخوازن دووری‌یەکان بێنە ئێرە ". کلیئۆمێنیس لە وڵامدا گووتی: "ئەی ژنەکە! من دووری نیم و خەڵکی هەرێمی ئاخاییم ". ناوبراو پاشان بەبێ گوێدان بە ناڕەزایەتی کاهێنان، درێژەی بە کاری خۆیدا.

لە کۆتاییدا کلیئۆمێنیس و هاوڕێکانی لاکێدیمۆنی لە شاری ئاتێن چوونەدەر. هەڵبەت ئاتێنی‌یەکان، ئەوانەی هاوکاری کلیئۆمێنیس‌یان کردبوو، گشتیان گیران و زیندانی‌کران، تا ئاتێنی‌یەکان لە دەرفەتێکی گونجاودا بیانکوژن.

تیمیستیئۆس خەڵکی دەڤەری دێلفوس لەنێو گیراوەکاندا بوو و من دواتر باسی جوامێری و کارەکانی ئەو کابرایە دەکەم. بەهەرحاڵ ئەو خەڵکە بەو شێوەیە کەوتنە زیندان و پاشان کۆتاییان بە ژیانیان هات.

**[٧٣]** دواتر خەڵکی ئاتێن، کلیستێنیس و ئەو حەوسەد بنەماڵەیەی کە کلیئۆمێنیس دەری‌کردبوون، هێنایاننەوە سەر ماڵ و مڵکی خۆیان و پاشان وەڤدێکیان ناردە لای پارسەکان بۆوەی هاوپەیمانییەتییان لەگەڵ دامەزرێنن. ئەوان بۆیە ئەو کارەیان کرد، دەیانزانی لەمەو بەدوا تووشی شەڕ و کێشە لەگەڵ لاکێدیمۆنی‌یەکان و کلیئۆمێنیس دێن. کاتێک راسپاردەکان گەیشتنە شاری سارد، مەبەستی سەفەرەکەیان بۆ ئارتافێرنیسی کوڕی گشتاسپ و حوکمڕانی ئەو شارە روونکردەوە. ئارتافێرنیس پرسی ئەوانەی خوازیاری دامەزراندنی هاوپەیمانین، کام هۆزن و لە کام وڵات دەژین. ئەندامانی وەڤد وڵامی ناوبراویان داوە. ئارتافێرنیس ئەوجار کورت و ئاشکرا گووتی: "ئەگەر ئێوە ئاو و خاک بە داریوش بدەن، ئەوکاتە هاوپەیمانی دادەمەزرێ، ئەگەر نا،

تکایە خێرا بڕۆنەوە وڵاتی خۆتان ". راسپاردەکان بۆوەی وەدەست هێنانی ئەو هاوپەیمانییە مسۆگەر بکەن، لەجێوە بڕیاریان‌دا و گووتیان کە ئامادەی پەسندکردنی ئەو خواستەن، بەڵام کاتێک گەڕانەوە شاری ئاتێن، بەتووندی تاوانبار کران.

**[٧٤]** کلیئۆمێنیس وەختێک هەستی بەوە کرد کە خەڵکی ئاتێن بە گووتە و کردار ئەویان سەرشۆڕ کردوە، لەشکری لە سەرتاسەری خاکی پێلۆپۆنیسۆس کۆکردەوە، بەبێ ئەوەی مەبەستی خۆی ئاشکرا بکا. ئەو گەرەکی بوو تۆڵە لە ئاتێنی‌یەکان بستێنێتەوە و ئیساغۆراس وەک حوکمڕان بێنێتەوە سەر دەسەڵات، واتە هەر ئەو کەسەی لەگەڵ ئەو ئاکرۆپۆلیس‌یان چۆلکردبوو.

کلیئۆمێنیس ئەوجار بە لەشکرێکی گەورە پەلاماری هەرێمی ئێلێفسینای‌دا. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشە، ڤیۆتی‌یەکان بەپێی هاوپەیمانییەک کە لەگەڵ ناوبراو دایانمەزراندبوو، ناوچەی ئیسی‌یا و ئینۆئی‌یان داگیرکرد. ئەو ناوچانە سەر بە هەرێمی ئەتیکی‌ین. هەروەها خالکیدیکی‌یەکان، ئەوانیش هێرشیان کردە سەر چەند شوێنێکی‌تری هەرێمی ئەتیکی و زەرەرێکی زۆریان بەو ناوچەیە گەیاند. ئاتێنی‌یەکان سەرەڕای ئەوەی لە چەند بەرەدا خەریکی بەرگری کردن بوون و کەوتبوونە بەر هێرشی هەمەلایەنە، بڕیاریان‌دا شەڕ لەگەڵ ڤیۆتی‌یەکان وەدوابخەن و پەلاماری خالکیدیکی‌یەکان بدەن و شەڕی پێلۆپۆنیسی‌یەکانیان، واتە ئەوانەی لە ناوچەی ئێلێفسینا نیشتەجێن، پتر بە مەسڵەحەت زانی.

**[٧٥]** راست لەو کاتەدا کە شەڕ خەریک بوو دەست پێبکا، کۆرینتی‌یەکان هەستیان بەوە کرد کە ئەو کارەی ئەوان هەڵەیە و پەشیمان بوونەوە و پاشەکشەیان کرد. دوای ئەوانە دیماراتۆس[١]، کوڕی ئاریستۆنۆس، ئەویش خۆی کێشاوە دواوە. ناوبراو پاشای سپارتی‌یەکان بوو و لەگەڵ کلیئۆمێنیس دژایەتی هەڤدوویان دەکرد و وێڕای لەشکری لاکێدیمۆنی لەو بەربەرەکانییەدا بەشداربوو. دوای ئەو ناکۆکییانە، سپارتی‌یەکان یاسایەکیان بردە مەجلیسی سپارت و بەپێی قانوونی تازە، لە داهاتوودا دوو پاشا بۆیان نەبوو یەک

١- دیماراتۆس، پاشای سپارتی لە نێوان ساڵەکانی ٥١٠ تا ٤٩١ی پێش زایین.

لەشکر بە مەبەستی شەڕ وەڕێخەن و خۆیان لەگەڵیاندا بچن ( تا ئەو کاتە دوو پاشا سەرکردایەتی لەشکرییان وەستۆگرتبوو). پاش ئەوەی یەکێک لە پاشاکان سەرکردایەتی لەشکری لێوەرگیراوە، بڕیارێکیتریش هاتە گۆڕێ. بەپێی بڕیاری نوێ، تەنیا پەیکەرەی یەکێک لە تینداریدییەکان[1] پێویست بوو لە کاتی لەشکرکێشیدا لە سپارت بمێنێتەوە. بەر لەو بڕیارە، پەیکەرەی هەردووکیان وەک خوایانی پارێزەری شەڕکەران هەڵدەگیران.

لە هەریمی ئێلێفسینا، هاوپەیمانەکانیتر کۆبوونەوەیان پێکهێنابوو و ڕاست لەو کاتەدا دیتیان کە پاشاکانی سپارتی تووشی کێشە لەگەڵ هەڤدوو هاتوون و کۆرینتییەکانیش پاشەکشەیان کردوە، بۆیە ئەوانیش لەجێوە بڵاوەیان کرد و هەرکەسە بۆ وڵاتی خۆی گەڕاوە.

**[٧٦]** ئەوە چوارەمین جار بوو کە دوورییەکان هێرشیان دەکردە سەر هەرێمی ئەتیکی. دوو کەڕەت وەک دوژمن پەلاماریاندا و دوو کەڕەتیش بۆوەی یارمەتی دانیشتووانی شاری ئاتێن بدەن.

جاری یەکەم ئەو کاتە بوو کە خەریکی دروست کردنی ئاوایی موهاجیرنشینی مێغارا بوون ( ئەو شەڕە لەڕاستیدا ئەو کاتە بوو کە کودرۆس پاشایەتی شاری ئاتێنی دەکرد)، شەڕی دووهەم و سێهەم ئەو وەختە بوو کە لە سپارت وەڕێکەوتن بۆوەی خانەدانی پیسیستراتی لەسەر دەسەڵات لابەرن و چوارەم شەڕ لە کاتێکدا قەوما کە کلیئۆمێنیسی سەرکردەی پێلۆپۆنیسییەکان پەلاماری دەڤەری ئێلێڤسینای دابوو. بەهەرحاڵ ئەوە چوارەمین هێرشی دوورییەکان بۆسەر شاری ئاتێن بوو.

**[٧٧]** دوای ئەوەی هاوپەیمانەکان بەو ڕەزالەتەوە بڵاوەیانکرد، دانیشتووانی ئاتێنی هەوای تۆڵەسەندنەوە هانیدان. ئەوان سەرەتا پەلاماری خالکیدییەکانیاندا. ڤیۆتییەکان خێرا بەمەبەستی پشتیوانی خالکیدییەکان بەرەو ناوچەی ئێڤریپۆ وەڕێکەوتن. وەختێک ئاتێنییەکان دیتیان کە ڤیۆتییەکان خەریکی یارمەتیدانی

---

[1]- ئەوانە خوای دووری یا دری یا دەرییەکان بوونە. تینداری بە پەیکەرەکانی خواوەند کاستۆرا و پۆلیدیڤکی گوتراوە.

خالکیدیی‌یەکانن، بڕیاریاندا سەرەتا شەڕی ڤیۆتی‌یەکان بکەن، نەک خالکیدیی‌یەکان. پەلاماری ڤیۆتی‌یەکانیاندا و شەڕێکی قورس دەستیپێکرد و تێیدا سەرکەوتن. لە هێزەکانی ڤیۆتی ژمارەیەکی زۆر کوژران و حەوسەد کەسیان لێ بەدیلگیرا. هەر ئەو ڕۆژە ئاتێنی‌یەکان لە دۆڵی ئێڤیا دەربازبوون و لەگەڵ خالکیدیی‌یەکان کەوتنەبەریەک. ئەوانەشیان شکستدا و چوار هەزار کلیرۆخی‌یان لە وڵاتی ئاژەڵدارە قورسەکان جێهێشت. ئاژەڵدارە قورس و گەورەکان بە دەوڵەمەندانی خالکیدی دەگووترا. ئەو کۆمەڵە خالکیدیی‌یەی یەخسیر کرابوون، لەگەڵ ڤیۆتی‌یە دیلکراوەکان، پێکەوە خسترانە زیندان. دواتر هەرکام لە زیندانیەکان بەدانی دوو مەنات پارە وەک فەدیە، ماوەی زیندانی بوونی خۆیان کڕییەوە. ئەو زنجیرانەی لەپێی زیندانییەکان کرابوون، دواتر بە دیوارەکانی ئاکرۆپۆلیس هەڵواسران. هەر ڕێبوارێک بەوێدا تێپەڕیبا چاوی پێیاندەکەوت و تا سەردەمی منیش مابوون. کاتێک ئاکرۆپۆلیس بەدەست میدیاکان (مەبەست پارسەکانە) ئاگری تێبەردرا،[1] ئەو زنجیرانە تەواو ڕەش هەڵگەڕان. شوێنی هەڵواسرانی زنجیرەکان کەوتبووە بەر ئەو پەرستگەی رووی لە ڕۆژئاوادا بوو. لەو پارەیەی وەک فەدیە لە زیندانییەکان وەرگیرا، دە لە سەدی جیاکراوە و بۆ دروست کردنی فایتوونێکی چوار ئەسپەی مەفرەغ کەڵکی لێوەرگیرا. ئەو بەرهەمە پەیکەرسازییە ئێستا لەلای چەپ و لەبەر درگای بەرهەیوانی ئاکرۆپۆلیس جێی‌گرتووە و ئەو نووسراوەیەی لەسەر هەڵکەندراوە:

*"ڕۆڵەکانی ئاتێنی، ڤیۆتی‌یەکان و خالکیدیی‌یەکانیان شکستدا و سەرهەڵدانی ئەوانیان تێکشکاند. زنجیر و چاڵەڕەشە تاریکەکان هەستی خۆ بە زلزانی ئەوانی خامۆش‌کرد. دە لە سەدی دییەی ئەو غەنیمەتە، وەک فایتوونی چوار ئەسپ پێشکەش بە پالادا[2] کرا".*

---

١- ٤٨٠ی پێش‌زایین.

٢- پالادا، پالاس، مینێروا، ئاتینا، گشتیان ناون بۆ ئیلاهە ئاتینا و خوای هزر و هونەر و شەڕ لە یونانی دێرین (باستان) بووە.

**[٧٨]** دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە، هێزی ئاتێنییەکان بەڕاستی رووی لە گەشەسەندن کرد. ئەوەی ئاشکرایە، هەڵبەت نەک لەبەر ئەو بابەتەی پێشتر باسم کرد، بەڵکوو هەمیشە سەلمێندراوە کە ئازادی رادەربڕین نەریتێکی گەلێک گرینگە. چونکە ئاتێنییەکان تا ئەو کاتەی خاوەن دەسەڵاتدارییەتی سەرەڕۆیانە بوون، قەت لەباری سەربازییەوە وەپێش دراوسێکانیان نەکەوتنەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوەندەی بە کۆیلەتی ژیان، هیچکەس ئامادەی فیداکاری نەبوو، چونکە قازانجەکەی تەنیا بۆ خەزێنەی حوکمڕان دەچوو. بەڵام وەختێک سەربەستی و رزگاری مسۆگەرکرا، هەرکەسە لەبەر خۆییەوە هەوڵیدا بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندی وڵات تێبکۆشێ.

**[٧٩]** ئەوە چارەنووسی ئاتێنییەکان بوو. ماوەیەک دواتر، تیڤێییەکان هەستی تۆڵەسەندنەوە وەخۆیخستن. ئەوانە بە مەبەستی ئامۆژگاری و پێشگۆیی راسپاردەیان ناردە دێلفوس. خواوەند پیتیا وڵامی دانەوە کە ئەگەر تەنیا پشت بە هێزی خۆیان ببەستن، ناتوانن تۆڵە بستێننەوە، بۆیە ئامۆژگاری کردن کە: "سەرەتا ئەو خواستە لەگەڵ کەسانی زانا و لە بازاڕی پڕ هاموشۆدا باسبکەن و پاشان لە خەڵکانی دەوروبەر یارمەتی بخوازن ".

راسپاردەکان گەڕانەوە و وڵامی نێوەندی ئایینییان لە کۆبوونەوەی جەماوەریدا باسکرد و هاوڵاتیانیان لە ناوەرۆکی ئامۆژگارییەکە گەیاند. تیڤێییەکان بەبیستنی ئامۆژگاری خواوەند پیتیا لەمەر تۆڵەسەندنەوە، واتە داوای یارمەتی لە هۆز و خەڵکانی دراوسێ، خێرا وەئاخاوتن کەوتن و گووتیان: "باشە نیزیکترین کەسانی ئێمە مەگەر تاناغرێیەکان[١] و کۆرۆنییەکان[٢] و تێسپییەکان[٣] نین؟ ئەوانە بەردەوام شانبەشانی ئێمە لە شەڕەکاندا بەشدار بوونە و هاوپەیمانی ئێمەن! بۆچی دەبێ بچین داوای

---

١- تاناغری، شارێکی کۆنی ڤیۆتییەکان، ئەمڕۆ ناسراوە بە سکامینۆ و لە دەڤەری ئەتیکی هەڵکەوتووە.

٢- کۆرۆنی، شارێکی ڤیۆتی، لە باکووری ئەتیک.

٣- شارێکی کۆنی ڤیۆتی لە باکووری ئەتیک، ئەمڕۆ ناسراوە بە نیئۆخۆریۆ.

پشتیوانی لەوانە بکەین؟ وێدەچێ ئامۆژگاری تاڵەبین مەبەستێکی شاراوەتری لەپشت بێ ".

**[٨٠]** پاش ئەو راوێژکردنە، کەسێک دوای تاوێک بیرلێکردنەوە، وەقسەهات: "پێموایە لە مەبەستی ئەو پێشگۆییە گەیشتم. وەک دەگێڕنەوە ئاسۆپۆس دوو کچی بە ناوەکانی تیڤی و ئێیینا هەبووە. لەبەر ئەوەی ئەو کیژانە خوشک بوونە، پێموایە خواوەند دەخوازێ کە ئێمە بۆ تۆڵە سەندنەوە یارمەتی لە ئێیینییەکان وەرگرین ".

وێدەچوو تا ئەو کاتە کەس لێکدانەوە و بۆچوونی باشتری نەهێنابووە گۆڕێ، هەربۆیە خێرا راسپاردەیان ناردە لای ئێیینییەکان و داوای یارمەتییان لێکردن. لەو دیدارەدا باسی ئامۆژگاری خواوەند پێتیا کرا و گووترا کە پێویستە لە نیزیکترین خەلکانی دراوسێ یارمەتی وەربگیرێت. ئێیینییەکان داوای راسپاردەکانیان پەسند کرد و بەڵێنیاندا کە پەیکەرەکانی ئایاکیدی بۆ پشتیوانی بنێرن.[١]

**[٨١]** تیڤێییەکان بە پشتیوانی ئایاکیدییەکان، غیرەتیان وەبەر هات و شەڕیان دژی ئاتێنییەکان دەستپێکرد، بەڵام تووشی شکست هاتن. تیڤێییەکان دوبارە کەسیان ناردەوە لای ئێیینییەکان و ئەوجار لەجیات ئەو پەیکەرانە داوای شەڕکەرانی ئایاکیدییان کرد. ئەو سەردەمە خەڵکی ئێیینی لەبەر پێشکەوتنی وڵاتەکەیان تەواوێک شانازییان بە خۆیان دەکرد و وەبیر دوژمنایەتییەکی کۆن لەگەڵ ئاتێنییەکان کەوتنەوە. هەربۆیە پاش داوا و زەختی زۆری تیڤێییەکان، بەبێ ئەوەی ئاتێنییەکان ئاگادار بکەنەوە، یەکسەر شەڕیان دژی ئەوان دەسپێکرد. راست لەو وەختەدا کە ئاتێنییەکان دژی ڤیۆتییەکان لەشەڕدا بوون، ئێیینییەکان بەسواری گەمییە جەنگیەکان هێرشیان کردە سەر هەرێمی ئەتیکی و فالیرۆ و چەند ناوچەیەکیتری قەراخ ئاوەکان. ئەوان بەو پەلامارەیان زەرەرێکی فرەیان بە یۆنانییەکان گەیاند و زۆربەی ئاواییەکان و شوێنیتری کەنار دەریایان وێران کرد.

---

١- پەیکەرەکانی ئایاکۆس، ئێیینی لەکاتی بووکێنیدا، تێلامۆنۆس و پیلێئا.

**[٨٢]** سەرچاوەی کێشەی کۆنی ئێیینی‌یەکان و ئاتێنی‌یەکان بەو شێوەیە بووە کە ئێستا باسی دەکەم: سەردەمانێک خاکی ئێپیداڤرۆس بەروبوومی لێ شین‌نەدەبوو و دانیشتووانی ئەوێ بۆخاتری ئەو گرفتە ڕاسپاردەیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس، تا بە ئامۆژگاری کاهێنانی ئەو شوێنە پیرۆزە ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە. خواوەند پیتیا پێیگووتن کە چەند پەیکەرەیەک لە دامیا[١] و ئاڤکسیسیا بچەقێنن و بەو شێوەیە بارودۆخەکە بەرەو باشی دەچێ. ئێپیداڤری‌یەکان پرسیاریان کرد: "پەیکەرەکان دەبێ مەفرەغ بن یا بەرد ". کاهێنی مەزن، پیتیا وڵامی دانەوە: "نە ئەمیان و نە ئەویان، بەڵکوو داری زەیتوونی تازە ".

ئێپیداڤری‌یەکان بۆ ئەو مەبەستە داوای کۆمەڵێک دارزەیتوونی ساڵی‌یان لە ئاتێنی‌یەکان کرد. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو دارزەیتوونانە پیرۆزن. هەروەها دەگێڕنەوە کە جیا لە ناوچەی ئاتێن، لە هیچ شوێنێکی‌تری ئەو جیهانە دارزەیتوون دەست نەکەوتووە. ئاتێنی‌یەکان لە وڵامدا گوتوویانە بەو شەرتە ئیزنی بڕینی دارزەیتوونیان پێدەدەن کە گشت ساڵێک دیاری پێشکەش بە خواوەندەکان پۆلیادائاتینا و ئێرێختێ[٢] بکەن. ئێپیداڤرۆسی‌یەکان ئەو شەرتەیان پەسند کردوە و بە ویستی خۆیان گەیشتوون. پەیکەرەکانیان لەو دارزەیتوونانە دروستکردوە و چەقاندویانن.

**[٨٣]** لەو سەردەمیش‌دا چەشنی رابردوو، ئێیینی‌یەکان ژێردەستەی ئێپیداڤرۆسی‌یەکان بوون، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ئێیینی خۆیان تووشی کێشەی نێوەخۆیی بوونە. ئەوانە هەرکات تووشی شەڕی نێوەخۆیی هاتوون، خێرا بە ڕێگای دەریادا چوونەتە لای ئێپیداڤرۆسی‌یەکان و باسی گرفتی خۆیان کردوە، بۆوەی ڕوون بێتەوە کام لایەن هەقی بەدەستە. بەڵام لەو سەردەمەوە کە خۆیان فێری کەشتیوانی بوون، خۆپارێزییان رەچاوکرد و بەرەبەرە لە ئێپیداڤرۆسی‌یەکان دوور کەوتنەوە و لێیان بوونە نەیار. کاتێک

---

١- ئەوانە خواکانی حاسڵات و بەرهەم لە وڵاتی ئێپیداڤرۆس بوونە.

٢- خوای تۆفان.

شەڕی ئەوانە لەگەڵ ئێپیداڤرۆسی‌یەکان دەسپێکرد، دوژمنیان شکستدا و وڵاتەکەیان وێرانکرد. ئەو سەرکەوتنە تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە خاوەن ناوگانی دەریایی بەهێز بوون. ئیغینی‌یەکان لە کۆتاییدا دوو پەیکەرەی پیرۆزی دامیا و ئاڤکسیسیایان لە وڵاتی ئێپیداڤرۆسی‌یەکان بەتاڵان برد. خێرا ئەو پەیکەرانەیان لەگەڵ خۆیان برد و لە نێوەندی وڵات و لە شوێنێک ناسراوبە ئی‌ئا و نیزیک بە بیست ستادیۆ لە شارەکەیان دوور بوو، چەقاند. وەختێک پەیکەرەکانیان دامەزراند، بۆ رەزامەندی ئەو دوو خوایە کۆمەڵێک قوربانییان پێشکەش کرد و هەڵپەرکێی سەماکەرە رووتەکان رێکخرا و بۆ هەرکام لەو خوایانە دە سەماکەریان هەڵبژارد. ئەو هەڵپەرکێیانە هیچ بێ‌ڕێزییەکی بۆ پیاوان تێدا نەبوو، بەڵکوو تەنیا ژنانی وڵاتی دەگرتەوە. لەو چەشنە سەما و هەڵپەڕکێیانە، لەلایەن ئێپیداڤرۆسی‌یەکانیشەوە بەڕێوەدەچوو. هەڵبەت ئەوان خاوەن رێورەسمی شاراوەش بوون.

**[٨٤]** کاتێک ئێیینی‌یەکان ئەو جووتە پەیکەرانەیان بەتاڵان برد، ئێپیداڤرۆسی‌یەکان دەستیان لە ناردنی دیاری و خەڵاتی بەڵێندراو بۆ شاری ئاتێن هەڵگرت. ئاتێنی‌یەکان نارەزایەتی خۆیان لە هەمبەر ئەو کردەوەیەی ئێپیداڤرۆسی‌یەکان دەربڕی. ئێپیداڤرۆسی‌یەکان لە وڵامدا گووتیان کە هیچ رێککەوتن و شەرتێک لەگۆڕێدا نەماوە، چونکە تا ئەو کاتەی پەیکەرەکانی ئەو جووتە خوایە لە وڵاتی ئەوان بوون، رێککەوتنیش لەجێی خۆیدا بوو، بەڵام لەو وەختەوە کە ئەوانە بەتاڵان چوونە، ئیتر هیچ خەڵاتێک پێشکەش ناکەن. ئەوان هەروەها گووتیان کە هەق وایە خەڵات و دیاری لە ئێیینی‌یەکان داوابکرێت، چونکە پەیکەرەکان لای ئەوانن. دوای ئەو گرفتە، ئاتێنی‌یەکان راسپاردەیان ناردە شاری ئێغینا و داوای پەیکەرەکانیان کرد، بەڵام ئێیینی‌یەکان لە وڵامدا گووتیان ئەو گرفتە هیچ پێوەندییەکی بە ئاتێنی‌یەکانەوە نییە.

**[٨٥]** هەروەک ئاتێنی‌یەکان دەگێڕنەوە، دوای داواکردنی پەیکەرەکان، تەنیا یەک کەشتی تری‌ئیری (سێ ڕیز بێڵژەن لێیدەخوڕن) پڕ لە دانیشتووانی ئاتێنی چوونە ئێغینا و کاتێک گەیشتنە ئەوێ داوای ئەو پەیکەرانەیان کرد کە

بە داری ئاتێنییەکان دروستکرابوون و هەوڵیاندا لە بناغەوە هەڵیانقەنن، بەڵام بۆیاننەکرا. ئەوجار گوریسیان لە پەیکەرەکان بەست و رایانکێشان. راست لەو کاتەدا کە گوریسەکانیان ڕادەکێشا، بروسکێک لە وڵاتیدا و عەرز تەواوێک لەرزی. ئەوانەی کەشتییەکەیان هێنابوو و گوریسەکانیان رادەکێشا، بەو هەورە تریشقە و عەرز لەرزینە شێت بوون و وەرگەڕانە سەر و گوێلاکی یەکتر و هەڤدوویان کوشت. لەو کۆمەڵە خەڵکە یەک کەس بە زیندوویی رزگاری هات و بەتەنیا بەرەو ناوچەی فالیرۆس گەڕایەوە.

**[٨٦]** ئەوە باسێک بوو لە زمان ئاتێنییەکانەوە، بەڵام خەڵکی ئێیینی دەڵێن کە ئاتێنییەکان تەنیا بە یەک کەشتی نەهاتبوون (ئەگەر یەک کەشتی یا چەند کەشتی بوایە، ئەوان بە زەبری هێزی دەریایی پاشەکشەیان پێدەکردن). ئێیینییەکان باسدەکەن کە ناوگانێکی گەورەی کەشتی ئاتێنییەکان پەلاماری وڵاتی ئەوانی داوە. خۆیان دانبەوە دەنێن کە لە بەرامبەر هێزەکانی ئاتێنیدا شکستیان خواردوە و ئیتر شەڕی دەریاییان نەکردوە. هەڵبەت بە توێژینەوە ناکرێ پیاو بڵێ هۆی تەسلیمبوونی ئێیینییەکان ئەوە بووە کە ویستوویانە دواتر لە شەڕی دەرییاییدا شکست بە ئاتێنییەکان بدەن، یا ئاتێنییەکانیان لە دەریادا بەهێزتر لە خۆیان دیتووە و لە ئاکامی شەڕەکە دڵنیا نەبوونە، ئاخۆ سەردەکەون یا شکست دەخۆن، بۆیە خۆیان لەو شەڕە نەداوە. بەهەرحاڵ ئەوان دەڵێن کاتێک ئاتێنییەکان هەستیان کرد هیچکەس خوازیاری شەڕ و خۆڕاگری نییە لە کەشتییەکانیان دابەزین و یەکڕاست بەرەو پەیکەرەکان چوون. ئاتێنییەکان لەبەر ئەوەی نەیانتوانی پەیکەرەکان لە بناخەوە هەڵکەنن، ناچاربوون گوریسیان لێ ببەستن و رایانکێشن. ئاتێنییەکان ئەوەندەیان ئەو گوریسانە راکێشا کە خۆیان بەسەر ئەژنۆدا کەوتنەخوار و هەر لەو سەردەمییەوە وەک خۆیان بە رەقهەڵاتوویی ماونەوە. هەڵبەت من خۆم هیچ باوەڕێکم بەو قسەیە نییە.

خەڵکی ئێیینی باسدەکەن کە کاتێک ئاتێنییەکان بەمەبەستی رفاندنی پەیکەرەکان هاتن، ئەوان خۆیان دیتیان کە ئاتێنییەکان چەندە ئامادەی

شەڕن، بۆیە خێرا ئارغۆسیی‌یەکانیان لەو بارودۆخە ئاگادار کردەوە. ڕاست لە وەختی دابەزینی ئاتێنیی‌یەکان لە کەشتییەکانیان، خەڵکی ئارغۆسی خۆیان گەیاندووەتە شوێنی شەڕ و ئامادەی پشتیوانی لە ئێیینیی‌یەکان بوونە. ئارغۆسیی‌یەکان مەودای نێوان ئێپیداڤرۆس و ئەو دورگەیەی کە لە ئاتێنییەکانەوە دیاربووە، بەنهێنی دەربازیان کردوە و خێرا پەلاماری ئاتێنییەکانیان داوە، تا ئەو جێگایەی کە هیچ پێوەندییەک لەنێوان ئاتێنیی‌یەکان و کەشتییەکانیاندا نەماوە. لەو وەختەدا بروسک لە وڵاتی داوە و عەرز وەلەرزین کەوتووە.

**[٨٧]** ئارغۆسیی‌یەکان و ئێیینیی‌یەکان بەو شێوەیە باسی ئەو ڕووداوەیان کرد و ئاتێنیی‌یەکانیش ئیعترافیان بەوە کردوە کە تەنیا یەک کەس لە جەماوەری ئەوان بەسلامەتی گەڕاوەتەوە ناوچەی ئەتیکی. هەرچەند ئارغۆسیی‌یەکان بە دڵنیاییەوە دەڵێن کە ئەوان ئاتێنیی‌یەکانیان کوشتووە و تەنیا یەک کەس بەسلامەتی بۆی دەرچووە، بەپێچەوانەوە یۆنانییەکان ئەوە قبوڵ ناکەن و پێیانوایە خواوەند ئەو بەلایەی بەسەر هێناون.

هەروەها دەگێڕنەوە کە ئەو کەسەی بەسلامەتی گەڕاوەتەوە، دواتر بەو جۆرە کوژراوە:

کابرا گەیشتووەتە ئاتێن و ڕەوتی ڕووداوەکەی بۆ خەڵک گێڕاوەتەوە. کاتێک ژنە مێرد کوژراوەکان لە ئێغینا بەو قەومانەیان زانیوە، سەریان لەوە سوڕ ماوە کە ئەو کابرایە چۆن ڕزگاری هاتووە، لەحاڵێکدا مێردەکانی ئەوان بەپانەوە کوژراون. ژنان دەوری کابرایان گرتووە و هەرکەسە لە چارەنووسی مێردی خۆی پرسیوە. لەپڕێکا گشتیان پێکەوە بەو دەرزیلانەی لە بەرۆکی خۆیان دەبەست، لەشی کابرایان کونکون کردوە و کوشتوویانە. کابرا بەو چەشنە کوژراوە. لەبەر ئەوەی ئەو کردەوە ترسناکە کاریگەرییەکی وەها خەراپی لەسەر ئاتێنیی‌یەکان دانا، کە ژنەکانی خۆیان ناچارکرد لەمەوبەدوا جلوبەرگ بەشێوەی یوونی نەپۆشن. تا ئەو ڕووداوە نەقەومابوو، ژنان جلوبەرگی شێوازی دووریی‌یان لەبەرخۆیان دەکرد و گەلێک وەک هی

کۆرینتی‌یەکان دەچوو. لەو وەختەوە ئیتر خەڵکی ئاتێنی بۆوەی دەرزیلە لە بەرۆکیان نەدەن، عەبای کەتانی دەپۆشن.

**[٨٨]** لەڕاستیدا سەرچاوەی ئەو جلوبەرگە یوونی نەبوو، بەڵکوو هی هەرێمی کاری بوو. چونکە جلوبەرگی ژنانە لە سەردەمی کۆندا، تەنیا یەک شێوازی بۆ گشت لایەک هەبوو، واتە ئەوەی ئەمڕۆ ناسراوەبە دووریی. ئەو جۆرەی باس‌دەکرێ، دوای ئەو رووداوە ئارغۆسی و ئێیینی‌یەکان بەپێچەوانەی خەڵکی ئاتێنی و لەداخی ئەوان دەرزیلەی نیوبەرابەر گەورەتریان دروست کرد و وەک عادەت بەکاریان هێنا و هەر ئەو دەرزیلانە بەنرخترین دیاری بوون کە ژنانی ئێیینی پێشکەش بە پەرستگەکانی دامیا و ئاڤکسیس‌یان دەکرد. خەڵکی ئارغۆسی و ئێیینی هەر کەرستەیەک، بەتایبەتی دەفر و دەستکردێکی لە ئاتێن دروست کرابا، ئیزنیان نەدەدا پێشکەش بە پەرستگەکانی ئەو خوایانە بکرێن. هەر لەو کاتەوە خەڵکی ئێیینی بۆ خواردنەوەی ئاو کەڵک لە جام و دەفری بەرهەمی دەڤەری خۆیان وەردەگرن. لەو سەردەمەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ژنانی ئارغۆسی و ئێیینی بۆوەی ژنانی ئاتێنی قەڵس‌بکەن، دەرزیلەی گەورەتر لەوانەی پێشوو لە بەرۆکی خۆیان دەدەن.

**[٨٩]** بەهەرحاڵ دوژمنایەتی نێوان ئێیینی‌یەکان و ئاتێنی‌یەکان لەو کاتەوە دەستی پێکردوە کە باسم کرد. وەختێک تیڤێ‌یەکان داوای یارمەتییان لە ئێیینی‌یەکان کرد، ئێیینی‌یەکان هێشتا رووداوی هەڵکەندنی پەیکەرەکانیان لەبیر بوو و خێرا بە هاواری تیڤێ‌یەکانەوە چوون. ئێیینی‌یەکان لەو شەڕەدا ناوچەکانی کەنار دەریای هەرێمی ئەتیکی‌یان وێران‌کرد و ئاتێنی‌یەکان ناچاربوون هێزەکانی دەریایی خۆیان دژی ئێیینی‌یەکان بنێرنە ئەو دەڤەرە. هەڵبەت راست لەو وەختەدا، تاڵەبینێکی نێوەندی ئایینی دێلفوس گەیشتەجێ و ئامۆژگاری ئاتێنی‌یەکانی کرد، لەو رۆژەوە کە ئەو وێرانییە هاتۆتەگۆڕی تا سی ساڵیتر سەبر بکەن و هیچ وڵامێک نەدەنەوە و ئەوجار لە ساڵی سی‌ویەکمدا پەرستگەیەک بۆ خواوەند ئایاکۆ دروست بکەن و پاشان پەلاماری ئێیینی‌یەکان بدەن. ئامۆژگارییەکە هەروەها دڵنیای کردن کە

سەرکەوتن وەدەست دێنن. پێشگۆییەکە ئەو ئامۆژگارییەشی لەگەڵدا بوو کە ئەگەر ئاتێنی‌یەکان ئێستا شەڕبکەن، خەڵکێکی زۆریان لەشەڕدا لێدەکوژرێ، هەرچەند دەتوانن زەرەر بە دوژمن بگەیێنن، بەڵام لە کۆتاییدا دوژمن سەردەکەوێ.[1]

ئاتێنی‌یەکان وەختێک گوێیان لەو ئامۆژگارییانە بوو، پەرستگەیان بۆ خواوەند ئایاکۆ دروست کرد، واتە ئەو پەرستگەیەی لەنێو بازاڕ هەڵکەوتووە. دیارە ئاتێنی‌یەکان دوای ئەو گشتە ماڵوێرانییە قەرەبوو نەکراوەی لەلایەن ئێیینی‌یەکانەوە تووشیان هات، نەیانتوانی بەو ئامۆژگارییە رازی بن و سی ساڵ بۆ تۆڵەسەندنەوە چاوەڕوانی بکەن.

**[٩٠]** لەو سەردەمەدا کە ئاتێنی‌یەکان ئامادەکارییان بۆ تۆڵەسەندنەوە دەکرد، لاکێدیمۆنی‌یەکان گرفتێکیان بۆ خولقاندن. لاکێدیمۆنی‌یەکان زۆر لەوە پێشتر زانیارییان پێگەیشتبوو کە خانەدانی ئالکمیئۆنی‌یەکان چۆن لەژێرەوە لەگەڵ تاڵەبین پیتیا رێک کەوتوون و تەباییان دژی ئەوان و پیسی‌ستراتی‌یەکان کردوە. لاکێدیمۆنی‌یەکان پێیانوابوو دوڕووییان لەگەڵ کراوە. لەبەر ئەو دوو هۆیە قەڵس بوون: یەکەم ئەوە کە ئەوان بەو باوەڕەی بە ئامۆژگارییەکان هەیانبوو، خەڵکانێکیان لە هەرێمی ئەتیکی دەرکردبوو کە پێشتر پێوەندییەکی قوڵی دۆستایەتیان لەنێواندا هەبوو. ئاتێنی‌یەکانیش لەولاوە گەلێک سپڵەبوونە و بەو چاکەیەی لاکێدیمۆنی‌یەکانیان نەزانیوە. دووهەم هۆی توڕەییان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە پێشگۆییەکانی تاڵەبین کە بەردەوام پێی‌گوتبوون لەلایەن ئاتێنی‌یەکانەوە تووشی گرفتی جۆراوجۆر دێن، کاریگەری خەراپی لەسەر ئەوان دانابوو.

لاکێدیمۆنی‌یەکان سەرەتا بەو پێشگۆیی و ئامۆژگارییانەیان نەزانیبوو، بەڵام کاتێک کلیئۆمێنیس‌یان لەگەڵ خۆیان بردە سپارت، ئەوکات لێیان روون بۆوە. کلیئۆمێنیس ئەو پێشگۆییانەی لە ئاکرۆپۆلیسی ئاتێن وەدەست کەوتبوو. خانەدانی پیسی‌ستراتی کە ئەو ئامۆژگارییانەیان بۆ چوبوو،

---

١- ئێیینا ساڵی ٤٥٧ی پێش زایین داگیرکرا.

وەختێک لە ئاتێن دەرکران، بەر لە دوور خرانەوەیان، گشتیان لە پەرستگەی ئاتینادا شاردبۆوە، بۆیە دواتر کەوتنە دەست کلیئۆمێنیس.

**[٩١]** لاکێدێمۆنی‌یەکان ئەو پێشگۆییانەیان دەسکەوت و هاوکات دیتیان کە هێزی ئاتێنی‌یەکان پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێ و ئامادەی سەردانەواندن و رێزگرتن لە دەسەڵاتی لاکێدێمۆنی‌یەکان نین، بۆیە بەو ئاکامە گەیشتن ئەگەر ئەو خەڵکە ئاتێنی‌یە هەروا ئازاد بێ، لە داهاتوودا دەتوانن لەگەڵ لاکێدێمۆنی‌یەکان بەربەرەکانی بکەن، بەڵام ئەگەر لەژێر دەستی حوکمڕانێکی سەرەڕۆدا بژین، هێزیان لە کەمی دەدا و ناچار بە ئیتاعەت دەبن.

کاتێک ئەو شێوە بۆچوونە لەنێو لاکێدێمۆنی‌یەکاندا پتر پەرەی‌سەند، بانگهێشتی ئیپیاس، کوڕی پیسی‌ستراتۆس‌یان کرد کە ئەو وەختە لە شاری سیغیۆی سەر بە ناوچەی ئێلیس‌پۆند دادەنیشت و کاتی خۆی لەگەڵ خانەدانی پیسی‌ستراتۆس پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو.

ئیپیاس هاتە لای سپارتی‌یەکان. هەڵبەت سپارتی‌یەکان کۆمەڵێک نوێنەریان ناردبوو بۆلای هاوپەیمانانی‌تر و داواکەیان بەو چەشنە هێنابووەگۆڕێ: "ئەی هاوپەیمانەکان، ئێمە تازە لێمان حاڵی بووە کە تووشی هەڵە بووینە. ئێمە فریوی کۆمەڵێک ئامۆژگاری بەدرۆمان خواردوە. بەپێی ئەو ئامۆژگارییە ناڕاستانە، خەڵکانێکمان لە وڵاتی خۆیان دەرکردوە کە پێشتر پێوەندی دۆستایەتی بەهێزمان لەگەڵیان هەبوو و هەر ئەوانە یارمەتییان‌داین ئاتێنی‌یەکان ناچار بە پەیڕەویی بکەین. ئێمە بەوەش رازی نەبووین و شارمان دایە دەست خەڵکانێکی سپڵە کە هەرچەند بە یارمەتی ئێمە رزگاریان هاتبوو. ئەوانە هەرکە تۆزە دەسەڵاتێکیان دەسکەوت و بوونە خاوەن هێز، ئێمە و پاشاکەمانیان بەوپەڕی رووهەڵماڵاوی و لەخۆبایی بوون دەرکرد و ئێستا هەروەک دراوسێیەکانی نیزیک خۆیان، واتە ڤیۆتی‌یەکان و خالکیدی‌یەکان باشتر لەهەر کەسی‌تر دەبینن کە هەم خۆزگە و هەم هێزی ئاتێنی‌یەکان چۆن پەرەی ئەستاندووە. نەتەوەکانی‌تریش، ئەوانەی رەنگە تۆزێک لە ئاتێنی‌یەکان هەژارتر بن، خێرا هەست بەو ئاڵوگۆڕانە دەکەن. لەبەر ئەوەی سەرەتا ئەو هەڵەیە لەلایەن ئێمەوە رووی‌داوە، ئێستا پێویستە بە یارمەتی

هەڤدوو، قەرەبووی رابردوو بکەینەوە. بۆ ئەو مەبەستە، ئێمە ئیپپیاس و ئێوەمان لە شارەکانی خۆتانەوە بانگهێشتی ئێرە، بۆ ئەو دانیشتنە کردوە. ئێمە گەرەکمانە ئیپپیاس بە یارمەتی گشت لایەکمان و بە لەشکرێکی هاوبەش بگەڕێنینەوە شاری ئاتێن و چی لە ناوبراومان ئەستاندوە، دوبارە بیدەینەوە دەست خۆی".

**[٩٢ ئەلف]** لاکێدیمۆنییەکان بەو شێوەیە قسەی خۆیان کرد، بەڵام خەڵکی بەشدار لەو کۆڕە، گشتیان لەگەڵ خواستەکە نەبوون. زۆربەی بەشداران بێدەنگیان پاراستبوو، تەنیا کەسێک بەناوی سۆسیکلیس کە خەڵکی دەڤەری کۆرینتۆس بوو، وەقسەهات و گووتی: "ئاسمان دەچێتە ژێر زەوی و زەوی لەو جیهانەدا هەڵدەکشێ بۆ سەرووی ئاسمان و مرۆڤەکانیش لەنێودەریا و ماسییەکان لە ویشکاییدا دەژین، ئەگەر لاکێدیمۆنییەکان کارێکی ئەوتۆ بکەن کە زۆربەی شارەکان یەکسانی و ئازادی لە خەڵک بستێننەوە و حوکمڕانی سەرەڕۆ دیاریبکەن. بەباوەڕی من لەوانە ناهەقتر و زاڵمتر کەسیتر بوونی نییە. ئێوە ئەگەر پێتانوایە دەسەڵات دان بە حوکمڕانە سەرەڕۆکان لە شارەکان کردارێکی دروستە، باشترە بەر لە خەڵکانیتر خۆتان کەسێکی سەرەڕۆ بۆ ئیدارەی وڵاتەکەتان هەڵبژێرن، پاشان ئامۆژگاری نەتەوەکانیتر بکەن. ئێوە خۆتان چ جارێک دەسەڵاتدارییەتی لەو چەشنەتان تاقی نەکردوەتەوە و بەتەواوی هێزتانەوە سپارت دەپارێزن بۆوەی تووشی دیاردەیەکی ئەوتۆ نەبێ، بەڵام پێشنیاری لەو چەشنە بۆ هاوپەیمانەکانتان دێننەگۆڕێ. ئەگەر خۆتان بەتاقی کردباوە و وەک ئێمەتان بەسەر هاتبا، ئەمڕۆ پێشنیار و ئامۆژگاری ئەوتۆتان نەدەهێنا گۆڕێ و باشتر بیرتان دەکردەوە.

**[٩٢ ب]** بارودۆخی کۆرینتۆ سەردەمانێک بەو شێوەیە بوو: ئیدارەی شار و ناوچەکە بەشێوەی ئەشرافسالاری بەڕێوە دەچوو. حوکمڕانی شار بەدەست بنەماڵەی ڤاکخییەکانەوە[١] بوو و ئەوانە تەنیا لەنێو خۆیاندا هاوسەرگیرییان دەکرد. ئامفیۆن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی ڤاکخییەکان

---

١- بنەماڵەیەکی ئەشرافی و ناسراوی یونانی کە ماوەی ٩٠ ساڵ لەنێوان ساڵەکانی ٧٤٦ تا ٦٥٦ی پێش میلاد لە کۆرینتۆ حوکمڕانییان کردوە و لە ساڵی ٦٥٦دا بەدەست کیپسێلۆس بێدەسەڵات کران.

تەنیا کچێکی هەبوو، ئەویش دەشەلی و ناوی لاڤادا بوو. هیچکەس لە خانەدانی ڤاکخی‌یەکان ئامادە نەبوو لەگەڵ ئەو کچە زەماوەند بکا. پاش ماوەیەک، کەسێک بەناوی ئی‌ئێتیۆن ئەو کچەی خواست و لەخۆی مارەکرد. ئی‌ئێتیۆن کوڕی ئێکسێکراتیس و خەڵکی ناوچەی پێتراس بوو.

ئی‌ئێتیۆن لە بنەڕەتدا خەڵکی لاپیتیس و لە نەوەکانی کێنیدیس[1] بوو. نە ئەو ژنە شەلە و نە هیچکام لە ژنانی‌تری ئەو کابرایە مناڵیان نەدەبوو، بۆیە سەردانی نێوەندی ئایینی دێلفوسی کرد. هەرکە لە پەرستگە وەژوورکەوت، خواوەند پیتیا ئی‌ئێتیۆنی بەو شێوەیە بەخێرهاتن کرد:

*ئی‌ئێتیۆن! هەرچەند تۆ کەسێکی خاوەن رێزی، وادیارە کەس حورمەتت ناگرێ. بزانە کە خاتوو لاڤادا ئاوسە و بەو زووانە بەردێک لەدایک دەبێ. ئەو بەردە وەسەری حوکمڕانانی سەرەڕۆ دەکەوێ و تۆ دەبییە خاوەن دەسەڵاتی هەرێمی کۆرینتۆ.*

کاتێک ئەو پێشگۆییە درا بە ئی‌ئێتیۆن، ڤاکخی‌یەکان پێیانزانی. دیارە ئەوانە پێشتر پێشگۆییان سەبارەت بە چارەنووسی کۆرینتۆ وەرگرتبوو. وێدەچوو لەو ئامۆژگارییەی دواییدا کە خۆیان وەریانگرتبوو، تێینەگەیشتبوون، هەرچەند لە بنەڕەتدا هەمان مانای هەبوو و شێوەی پێشگۆیی ئی‌ئیتیۆنی دەدا و بەو چەشنە دەرکەوتبوو:

*"هەڵۆیەکی بەهێز لەسەر رەوەزەکان دەزێ و شێرێکی دەبێ.*
*شێرێکی دڕندە و بەهێزە کە ئەژنۆی زۆران دەشکێنێ.*
*ئەی کۆرینتی‌یەکانی نیشتەجێ لە دەوروبەری پیرینی رازاوە، ئەی کۆرینتی‌یەکانی هەڵدێر، باش گوێ لەو گووتەیە بگرن."*

---

١- ئەو کابرایە لە کاتی شەڕ لەگەڵ کێنداڤرۆسی‌یەکاندا کوژرا.

**[٩٢ پ]** ئەو ئامۆژگارییەی بە ڤاکخی‌یەکان درابوو، سەرەتا لێی حاڵی نەببوون، بەڵام وەختێک ئێ‌ئیتیۆن پێشگۆیی خۆی وەرگرت و ئەوان پێیانزانی، خێرا تێگەیین کە هەردوکیان یەک مانا دەدەن. ئێستا کە هەستیان بە گرینگی ئێ‌ئیتیۆن کردبوو، بێدەنگیان پاراست و بڕیاریان‌دا مناڵەکەی بکوژن. کاتێک ژنی ئێ‌ئیتیۆن زا، خێرا دە کەسیان بە مەبەستی کوشتنی مناڵەکە ناردە ئەو شارەی کە ئێ‌ئیتیۆنی لێدەژیا.

ئەو دە کەسە کاتێک گەیشتنە شاری پێترا لە حەساری ماڵەکە وەژوورکەوتن و داوای مناڵەکەیان کرد. خاتوو لاڤادا نەیدەزانی ئەوانە بۆ چ مەبەستێک هاتوون و پێیوابوو لەبەر خۆشەویستی و بۆ دیتنی مناڵەکە هاتوون. ناوبراو مناڵەکەی هێنا و دایە دەست یەکێک لەو راسپاردانە. ئەو دە کەسە پێشتر و لەکاتی کەشتیوانی بەرەو شاری پێترا، لەسەر ئەوە ساغ ببوونەوە کە هەرکەس مناڵەکەی وەرگرت، خێرا لە عەرزی راکێشێ و بیکوژێ. کاتێک خاتوو لاڤادا مناڵی دایە دەست یەکەم کەس لەوانە، خواوەند گەرەکی بوو مناڵەکە پێبکەنێ و بزەی بێتە سەر لێوان. کابرای مناڵەکەی وەرگرت، روحمی بزووت و بەچکەکەی دایە دەست کەسی دووهەم و ئەویش دایە سێهەم و بەو شێوەیە دە دەستی کرد و هیچکامیان غیرەتیان نەکرد مناڵەکە بکوژن. مناڵەکەیان دوبارە داوە دەست دایکی و لە حەسار وەدەر کەوتن. لە کۆڵان وێستان و خەریکی  تاوانبارکردنی هەڤدوو بوون و بەتایبەت کەسی یەکەمیان سەرکۆنە کرد کە بڕیاری پەسندکراوی پێشێل کردوە. ماوەیەکی کورت تێپەڕی و لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە جارێکی‌تریش بچنەوە ژوور و گشتیان پێکەوە مناڵەکە بکوژن.

**[٩٢ ت]** چارەنووس بەو چەشنە دیاریکرابوو کە بەهۆی ئەو مناڵەی ئێ‌ئێتیۆن کۆمەڵێک گرفت بۆ هەرێمی کۆرینتۆ بخوڵقێ. لاڤادا لەو کاتەدا لە نیزیک دەروازەی حەسار وێستابوو و گوێی لە دمەقاڵەی راسپاردەکان ببوو. لەوە ترسا مەبادا ئەوانە بۆچوونیان بگۆڕێ و دوبارە داوای مناڵەکەی لێبکەنەوە و بیکوژن، خێرا چوو و مناڵەکەی لە شوێنێکی نادیار و ئەمندا شاردەوە و لەنێو

کەندووی مێشهەنگوینی نا، بۆوەی کەس شکی بۆ نەچێ. ئەو دەیزانی ئەگەر ئەوانە بێنەوە، تەواویماڵەکە دەپشکنن. دە کەسەکە گەڕانەوە و بەدوای منالّدا گەڕان. لە هیچ شوێنێک نەیاندۆزییەوە. بڕیاریاندا بگەڕێنەوە و بەو خەڵکەی ئەوانی ناردبوو، بلّێن کە راسپاردەکەیان جێبەجێکردوە.

**[٩٢ ج]** دە کەسەکە گەڕانەوە و چۆنی بڕیاریان دابوو، بە خەڵکیان گووت. لەو لاوە منالّەکەی ئیئێتیۆن گەورە بوو و لەبەر ئەوەی لەنێو کەندووی هەنگدا شاردرابۆوە، ناوی لێنرا کیپسیلۆس. ئەو کوڕە وەختێک بالّغ بوو، سەردانی نێوەندی ئایینی دێلفوسی کرد و پێشگۆیی و ئامۆژگاری دەویست. پێشگۆییەکە بەدڵی ئەو دەرکەوت. کیپسیلۆس پشتی بەو پێشگۆییە بەست، پەلاماری شاری کۆرینتۆیدا و داگیری کرد. پێشگۆییەکە بەو شێوەیە بوو:

*ئەو پیاوەی روو لە ماڵی من دەکا، کەسێکی بەختەوەرە. کیپسیلۆس، کوڕی ئیئێتیۆن، پاشای بەناو و دەنگی کۆرینتۆیە. ئەو خۆی و منالّەکانی بەختەوەر دەژین، بەلام نەوەکانی لەو سەعادەتە بێبەهرە دەبن.*

ئەوە دەقی پێشگۆییەکە بوو. وەختێک کیپسیلۆس دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، بەو جۆرە هەڵسوکەوتی کرد: خەڵکێکی زۆری لە دانیشتووانی کۆرینتی دەرکرد. ماڵ و ملکی زۆرانی زەوتکرد و جەماوەرێکیشی کوشت.

**[٩٢ چ]** کیپسیلۆس سی ساڵ پاشایەتی کرد و بە بەختەوەری ژیا. دوای ئەو کوڕەکەی بەناوی پێریئاندرۆس جێیگرتەوە. ئەوەیان سەرەتا لە باوکی نەرم و نیانتر بوو، بەلام لەو کاتەوە بەهۆی چەند راسپاردەیەک پێوەندی لەگەڵ تراسیڤوولۆس، حوکمڕانی میلیتۆس سازکرد، ئەوجار لە باوکی خۆی واتە کیپسیلۆس مرۆڤێکی خوێنڕێژتری لێهاتەدەر. پێریئاندرۆس پیاوی ناردە لای تراسیڤوولۆس، بۆوەی لێیبپرسێ کە چۆن دەتوانێ دەسەلاتەکەی باشتر بپارێزێ و حوکمڕانی پتر بکا. تراسیڤوولۆس راسپاردەی پێریئاندرۆسی وەرگرت و لەگەڵ خۆی بردیە دەرەوەی شار. پێکەوە چوونە مەزرای رەپستەی گەنم و بەنێو سەوزاییدا پیاسەیان کرد. تراسیڤوولۆس لە کابرای راسپاردەی پرسی کە بۆچی لە کۆرینتۆوە هاتووەتە لای ئەو. هاوکات هەر

چڵە گەنمێکی تۆزێک لەوانیتر بەرزتر بووایە، هەڵیدەکەند و فڕێیدەدا. بەو شێوەیە جوانترین و سەوزترین شوێنی رەپستەکەی وێران کرد. تراسیڤوولۆس لەڕاستیدا هیچی بە کابرای راسپاردە نەگووت. کابرا گەڕاوە کۆرینتۆ و پێریئاندرۆس بە ئیشتیاوە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد. پێریئاندرۆس گەرەکیبوو گوێی لە ئامۆژگارییەکانی تراسیڤوولۆس بێ. راسپاردە لە وڵامی پێریئاندرۆس‌دا گووتی کە تراسیڤوولۆس هیچ رێگا چارە و ئامۆژگارییەکی بەو نەداوە و گەلێکی بەلاوە سەیر بوو کە پێریئاندرۆس بۆچی ئەوی ناردووەتە لای ئەو حوکمڕانە نەفامە، کەسێک کە بە ئەنقەست ماڵ و ملکی خۆی وێران دەکا. هەڵبەت کابرا جیا لەو گلەییانە، رەوتی دیدارەکەی بۆ پێریئاندرۆس گێڕاوە.

**[٩٢ ح]** پێریئاندرۆس خۆی تێگەیی کە هەڵسوکەوتی تراسیڤوولۆس چەندە گرینگ بووە. ئەو لێی حاڵی بوو کە دەبێ پیاوانی ناسراوی کۆمەڵگا بکوژێ و راست لەو سەردەمەوە بێڕەحمی لەهەمبەر هاوڵاتیانی نیشان‌دا. گشت ئەو کەسانەی کوشت کە لە سەردەمی کیپسێلۆس‌دا لەدەست مەرگ و دوورخراوەیی رزگاریان هاتبوو. ئەو تەنیا لە یەک رۆژدا تەواوی ژنانی کۆرینتی لەبەر دڵی ژنەکەی خۆی، واتە مێلیسا رووتکردەوە. ناوبراو راسپاردەی نارده زیارەتگەیەک کە لەوێ رووحی مردوەکان بانگ دەکرانەوە و لە نیزیک چۆمی ئاخێرۆندا سەر بە ناوچەی تیسپرۆتیا هەڵکەوتبوو. پێریئاندرۆس داوای ئامۆژگاری و پێشگۆییەکی کردبوو، بۆوەی بزانێ رووحی مێلیسا، واتە ژنەکەی خۆی، بە شوێنی ئەو کوپە پڕ لە پارەیە دەزانێ کە سەردەمانێک کابرایەکی میوان بۆی هێنابوو و ئەویش بە باوەڕێک کە بە مێلیسا هەیبوو، لەلای ئەوی دانابوو، بەڵام دواتر تێداچوبوو. وەختێک تارمایی مێلیسا وەدیارکەوت، گووتی کە نە بە ئیشارە و نە بە گووتن ناتوانێ بڵێ ئەو پارەیە لەکوێیە، چونکە رووحەکەی سەرمایەتی و رووتە و ئەو جلوبەرگەی ئەویان پێ‌ناشتووە، بە کەڵکی ئەو نەهاتووە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ جەنازەکەی

بەتەواوی نەسوتاوە. بەڵگەش بۆوەی روون بێتەوە کە راست دەڵێ، ئەوەیە کە پێریئاندرۆس نانەکانی لە تەندووری سارد نابوو.

وەختێک راسپاردە گەڕاوە، چووە لای پێریئاندرۆس (قسەکە راست بوو، چونکە پێریئاندرۆس لەگەڵ مێلیسا تێکەڵاوی جینسی کردبوو، هەرچەند ژنە لەو کاتەدا مردبوو). پێریئاندرۆس خێرا راسپاردە و گشت ژنانی کۆرینتۆی بۆ پەرستگەی ئیرێئۆ بانگهێشت کرد.

ژنان جوانترین جلوبەرگیان پۆشی و خۆیان رازاندەوە و هاتن، وەک ئەوەی بۆ سەر شایی بچن. پاسەوانەکانی پێریئاندرۆس دەوری ئەو ژنانەیان گرت و گشتیان رووت کردنەوە. ژنانی کۆیلە و ئازاد رەحمیان پێنەکرا. پێریئاندرۆس جلوبەرگی ئەو ژنانەی فڕێدایە نێو خەندەکێک و ئەوجار دوعایەکی خوێند و لەبەر مێلیسا پاڕاوە و جلی ژنەکانی ئاگر تێبەردا.

دوای ئەو کارە، دوبارە راسپاردەی ناردەوە تا لە رووحی مێلیسا بپرسن، ئاخۆ شوێنی کوپە شاراوەکە لەکوێیە. تارمایی مێلیسا بۆ جاری دووهەم وەدیار کەوتەوە و شوێنی کوپەی کابرای میوانی ئاشکرا کرد.

**[٩٢ خ]** ئەی لاکێدیمۆنییەکان! ئەوە هەڵسوکەوتی حوکمڕانی سەرەڕۆیە. ئێمەی کۆرینتی سەرمان لەوە سوڕما کاتێک لە ئێوەمان بیست کە گەرەکتانە ئیپیاس بێننەوە سەر دەسەڵات. ئەوەی پتر جێگای پرسیارە، ئەوەیە کە ئێوە باسی بابەتێکی ئەوتۆ دەکەن! بەناوی خواکانی یۆنانی سوێندتان دەدەین کە حوکمڕانی سەرەڕۆ مەکەنە کوێخای چارەنووسی خەڵک. ئەگەر ئەو رێبازە بگرنەبەر و حەول بۆ پێشێلکردنی حەق بدەن، قەیناکا و بڕۆن ئیپیاس بێننەوە! بەڵام ئەوە بزانن کە ئێمە لەو بارەوە یارمەتیتان نادەین و پشتیوانیتان لێناکەین".

**[٩٣]** ئەوە ئاخاوتنی راسپاردەی کۆرینتییەکان، واتە سوسیکلیس بوو. ئیپیاس، ئەویش بەنۆرەی خۆی دەستی بە پەیڤین کرد. سەرەتا سوێندی بە خواکانی یۆنانی خوارد و پاشان گووتی کە رۆژێک دادێ کۆرینتییەکان بەرلە خەڵکانیتر بۆ خانەدانی پیسیستراتییەکان پەژیوان ببنەوە. ئەو رۆژە، رۆژێکە کە

چارەنووس ئەوان تووشی کێشە لەگەڵ ئاتێنی‌یەکان دەکا. ئیپیاس بەو وڵامەی گەرەکی بوو بڵێ کە زیادتر لە هەر کەسێکی‌تر ئاگای لە پێشگۆییەکانە.[1]

هاوپەیمانانی‌تر تا ئەو کاتە بێدەنگیان پاراستبوو، بەڵام وەختێک دیتیان سوسیکلیس ئاوا سەربەست و ئازایانە قسە دەکا، ئەوانیش و هەرکەس لەبەر خۆیەوە بێدەنگیان شکاند و پشتیوانیان لە راسپاردەی کۆرینتی کرد و لاکێدێمۆنی‌یەکانیان بە خواکانی یۆنانی سوێند دا کە خۆیان لە جێبەجێ‌کردنی ئەو کارە ناحەزە دەرهەق بە شارەکانی یۆنانی بپارێزن.

**[٩٤]** ئەو پیلانەش پوچەڵ بۆوە. داوا لە ئیپیاس کرا لەو وڵاتە بڕوا. ئامینتاس، خەڵکی وڵاتی مەقدۆنی رازی بوو شاری ئانتێمۆندا پێشکەش بە ناوبراو بکا. دانیشتووانی تێسالی، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان راگەیاند کە شاری یولکۆ وەک خەڵات پێشکەش بە ئیپیاس بکەن. ئیپیاس هیچکام لەو دوو شارەی پەسند نەکرد و بەرەو شاری سیغیۆ گەڕاوە کە کاتی خۆی پیسی‌ستراتۆس بە زەبری شمشێر لە خەڵکی میتیلینی ئەستاندبوو. لەو سەردەمەدا کە پیسی‌ستراتۆس بەسەر ئەو شارەدا زاڵبوو، زڕکوڕەکەی خۆی بەناوی ئیغیسی‌ستراتۆس وەک حوکمڕانی ئەوێ دیاری‌کردبوو. ئیغیسی‌ستراتۆس کوڕی یەکێک لە ژنەکانی ئارغۆس بوو. هەڵبەت ئەو کابرایەش دیاری پیسی‌ستراتیسی ئاوا بە هاسانی وەگیرنەکەوت، چونکە ماوەیەکی زۆر شەڕ لەنێوان خەڵکی میتیلینی و ئاتێنی‌یەکاندا لەئارادا بوو. میتیلینی‌یەکان پێگەی لەشکرییان لە ئاخیلیۆ و ئاتێنی‌یەکانیش لە ناوچەی سیغی‌یۆ دامەزراندبوو. میتیلینی‌یەکان داوای خاکی سیغی‌یۆیان دەکرد و ئاتێنی‌یەکان ئامادە نەبوون تەنانەت لەو بارەوە وتووێژیش بکەن. میتیلینی‌یەکان دەیانگووت کە ئێئۆلی‌یەکان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خەڵکانی‌تر، کەمترین پشک لە خاکی هەرێمی ترۆیایان پێبڕاوە، ئەو خاکەی کە دەبوایە ئەوان لێی نیشتەجێ بن، بەڵام ئێستا خەڵکی‌تری یۆنانی لێی دامەزراون، ئەویش راست ئەوانەی یارمەتی مینێلائۆس‌یان لە فڕاندنی خاتوو ئێلێنی دابوو.

١- لە ئاکرۆپۆلیس پاراستبوویان و کلێئۆمێنیس دەستی پێیان‌راگەیشتبوو و بردبوونی.

**[٩٥]** هەرچۆنێک بێ، ئەوانە لەنێوخۆیاندا خەریکی شەڕبوون و گەلێک رووداو لەو نێوەدا قەومان. بەتایبەت رۆژێکیان لە یەکێک لە شەڕەکاندا کە ئاتێنی‌یەکان سەرکەوتبوون، ئالکیئۆسی شاعیر هەڵات، گیانی خۆی ڕزگارکرد و چەکەکەشی کەوتبووە دەست ئاتێنی‌یەکان. ئەوانیش ئەو چەکەیان لە پەرستگەی ئاتینا لە شاری سیغیۆ هەڵواسی. ئالکیئۆس رەوتی ئەو رووداوەی وەک شیعرێک هۆنییەوە و بردیە دورگەی میتیلین، بۆوەی دۆستی خۆی بەناوی مێلانیپۆس لەبابەت ئەو قەومانە ئاگادار بکاتەوە.

لە کۆتاییدا خەڵکانی ئاتێنی و میتیلینی کێشەی نێوانیان بردە بەردەم کیپسێلۆس، کوڕی پێریئاندرۆس و بە یارمەتی ئەو، کێشەکە چارەسەر کرا و ئاشتبوونەوە. رێککەوتنەکەش بەو شێوەیە بوو کە هەر لایەنێک لە خاکی خۆیدا بمێنێتەوە و شاری سیغیۆش لەژێر دەستی ئاتێنی‌یەکاندا بێ.

**[٩٦]** ئیپیاس، وەختێک لە هەرێمی لاکێدێمۆنیڕا بەرەو ئاسیا گەڕاوە، تەواوی هێز و توانای خۆی دژی ئاتێنی‌یەکان خستەگەڕ، بۆوەی ئارتافێرنیس بە تاوانبار بزانێ. ئیپیاس هەوڵی ئەوەی دەدا کە ئارتافێرنیس هەرچۆنێک بۆی بلوێ دوبارە ئاتێنی‌یەکان بێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ببنە کۆیلەی داریوش.

ئەوە حەول و تەقەلای ئیپیاس بوو. لەلایەکیترەوە، ئاتێنی‌یەکان هەرکە بەو کارەی ئیپیاس‌یان زانی، راسپاردەیان ناردە لای ئارتافێرنیس و گووتیان کە هەرچی ئیپیاس و پیاوەکانی گوتوویانە دوور لە راستییە. ئارتافێرنیس لە وڵامی راسپێردراوە ئاتێنیەکان دا گووتی کە ئەگەر ئێوە دەخوازن گرفت بۆخۆتان دروست نەکەن، ئیزن بدەن ئیپیاس بگەڕێتەوە شاری خۆی. ئاتێنی‌یەکان ئەو پێشنیارەیان پەسند نەکرد و دوای بەرپەرچدانەوەی داخوازی ئارتافێرنیس، بە باشیان زانی کە خۆیان بۆشەڕ ئامادەبکەن.

## فرسەتەکان و تێکشکانی ڕاپەڕینی یوونییەکان

**[٩٧]** لەو کاتەدا کە ئاتێنییەکان بڕیارێکی ئەوتۆیان پەسندکرد، پارسەکان بە شک و گومانەوە سەیری ئەو ڕووداوەیان کرد. ئاریستاغۆراس، خەڵکی میلیتۆس کە کلیئۆمێنیسی لاکێدیمۆنی لە شاری سپارت دەریکردبوو، گەیشتە ئاتێن، لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئارامتر لە شارەکانیتری یۆنان بوو.

ئاریستاغۆراس پێشوازی لێکرا و لە نێوەندی شار قسەی بۆ خەڵک کرد و گووتی کە لە سپارت سەبارەت بە غەنیمەت و دەسکەوتەکانی ئاسیا و ئیمکانی شەڕ دژی پارسەکان ئاخاوتووە و ئێستا لێرە دووپاتیان دەکاتەوە. ئەو گووتی کە پارسەکان نە خاوەن قەڵغانن و نە نێزەی درێژیان هەیە و پیاو دەتوانێ بە هاسانی شەڕ لەگەڵ ئەوان بکا و بەسەریاندا زاڵبێ. ئەو ئاخاوتنەکەی دووجار گووتەوە و هێندێک هۆی تریشی پێوە زیادکرد. هەروەها گووتی کە میسلیسییەکان کۆڵۆنی و ژێردەستەی ئاتێنییەکانن و ئەرکی سەر شانی ئاتێنییەکانە ئەو خەڵکە لەو چارەڕەشییە ڕزگاربکەن. ئاریستاغۆراس پێویستی بە یارمەتی ئاتێنییەکان هەبوو و بۆیە چی بەڵێنی پێویست بوو پێیدان و لە ئاکامدا توانی ڕازییان بکا و ڕەگەڵی بکەون.

وێدەچێ فریودانی کۆمەڵانی خەڵک هاسانترە تا هەڵخەڵەتاندنی تاکە کەسێک. ئاریستاغۆراس نەیتوانی کلیئۆمێنیسی لاکێدیمۆنی ڕازی بە هاوکاری بکا و فریوی بدا، بەڵام توانی سێ هەزار ئاتێنی ڕازی بکا بۆوەی پشتی بگرن. ئاتێنییەکان کاتێک بەڵێنی پشتیوانیان بە ناوبراودا، بەڵێنیاندا بیست گەمی جەنگی بۆ یارمەتیدانی یوونییەکان ئامادەبکەن. ئەوان کەسێکی هاوشاری خۆیان بەناوی مێلانتیۆس وەک فەرماندەی گەمییەکان دیاریکرد کە پیاوێکی فرە ناسراو بوو. ئەو گەمییانە بوونە سەرچاوەی گشت نەهامەتییەکانی داهاتوو بۆ خەڵکی یۆنانی و غەیرە یۆنانی.

**[٩٨]** ئاریستاغۆراس خۆی بەر لە هێزە دەریاییەکان ڕۆیشت و بە گەمی گەیشتەوە میلیتۆس. ئەو پلانێکی داڕشت کە ئەگەرچی بە قازانجی

یوونی‌یەکان نەبوو، بەڵام بەو کارەی دەیتوانی زیان بە داریوش بگەیێنێ و وەک تەنیا خواستێک بەدوایدا عەوداڵ بوو. ئاریستاغۆراس راسپاردەیەکی خۆی ناردە لای خەڵکی پێئۆنی، واتە بۆلای ئەو خەڵکانەی کە مێغاڤازۆس لە کەنار چۆمی ستریمۆنا بەدیلی گرتبوون و هێنابوونییە وڵاتی فریژیا و بەسەر گوندەکانی ئەوێدا بڵاوی کردبوونەوە. کاتێک ئەو راسپاردەیە گەیشتە لای خەڵکەکە، پێیگووتن: "پێئۆنی‌یەکان! من لەلایەن ئاریستاغۆراس، حوکمڕانی میلیتۆس ناردراوم تا پێتان بڵێم کە ناوبراو گەرەکییەتی ئێوە رزگار بکا، هەڵبەت ئەگەر ئەوەی دەیڵێم، پەسندی بکەن. خەڵکی وڵاتی یوونی بەپانەوە دژی پاشا راپەڕیون و ئەوەش فرسەتێکی بەوەجە کە ئێوەش خۆتان رزگار بکەن و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان. لێرەوە تا قەراخ دەریا لە ئەستۆی خۆتانە کە چۆن دەربازبن، لە دەریاوە بەولاوە، ئێمە یارمەتیتان دەدەین ".

پێئۆنی‌یەکان گوێیان لەو قسانە بوو و بە دڵەوە قبوڵیان کرد و ژن و منداڵیان هەڵگرت و بەرەو دەریا وەڕێکەوتن. هێندێک لەوانە ترسان و لە شوێنی خۆیان مانەوە. کاتێک پێئۆنی‌یەکان گەیشتنە دەریا، بەرەو دورگەی خیۆس راگوێزران و وەختێک پێیان لەنێو خاکی ئەوێ نا، دەستەیەکی سوارەی پارس بۆیان‌هاتن، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانی ئەو خەڵکە بگرن، ناچاربوون پەیامیان بۆ بنێرن بۆوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. پێئۆنی‌یەکان گوێیان بەو خواستەی پارسەکان نەبزووت و دانیشتووانی دورگەی خیۆس خێرا ئەوانەیان بۆ دورگەی لێسڤۆس راگواست. لێسڤی‌یەکان ئەوجار یارمەتی خەڵکەکەیان‌دا تا بگەنە دۆرسیکۆس[1] و لە درێژەدا رێگای ویشکاییان گرتەبەر و گەیشتنەوە پێئۆنیا.

**[۹۹]** وەختێک ئاتێنی‌یەکان بە بیست گەمی و پێنج تریئێری (گەمی خاوەن سێ ریز بێڵژەن لەهەر لایەک) گەیشتنەجێ و هاوپەیمانانی‌تریش کۆبوونەوە و ئاریستاغۆراس هێرشی بۆسەر شاری سارد رێکخست. ناوبراو خۆی بۆ ئەو شەڕە نەچوو، بەڵکوو لە میلیتۆس مایەوە و برای خۆی واتە خارۆپینۆس

---

١- لە کەنارئاوەکانی تراکی و لە رۆژئاوای روباری ئێڤرۆ.

و هاوڵاتییەکی‌تر بەناوی ئێرمۆفۆندۆسی وەک سەرکردەی لەشکری دیاریکرد.

ئێریترێییەکان ئەو کەشتیگەلەیان بەمەبەستی یارمەتیدانی ئاتێنی‌یەکان نەناردبوو، بەڵکوو گەرەکیان بوو وڵامی چاکەی میلیسی‌یەکان بدەنەوە. میلیسی‌یەکان لە شەڕی نێوان ئێریترێییەکان دژی خەڵکی خاڵکیدی پشتیوانیان لە ئێریترێییەکان کردبوو، بەڵام سامۆسی‌یەکان پشتی خالکیدی‌یەکانیان لەبەرامبەر ئێریترێییەکان گرتبوو و هاوپەیمان بوون.

**[۱۰۰]** کاتێک یوونی‌یەکان بە یارمەتی هێزی دەریایی گەیشتنە ئێفێسۆس، گەمییەکانیان لە کۆرسیۆی ئێفێسۆس دانا و خۆیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر شەڕکەری لەشکری، بە ڕێگای ویشکاییدا پێشڕەوییان کرد. ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکی ناوچەی ئێفێسۆس‌یان وەک چاوساغ لەگەڵ خۆیان بردبوو. گشتیان بە تەنیشت چۆمی کائیستریۆدا[1] دەربازبوون و چیای تمۆلۆس‌یان جێهێشت و گەیشتنە شاری سارد و داگیریان کرد و تەنیا قەڵای شار مابوو. ئارتافێرنیس بە هێزێکی فرەوە پارێزگاری لەو قەڵایە کرد.

**[۱۰۱]** هۆی ئەوە کە شەڕکەران بۆچی شاری سardیان تاڵان نەکرد، دەگەڕاوە بۆ: زۆربەی ماڵەکانی ئەو شارە لە قامیش دروستکرابوون و ئەوانەش کە لە خشت بوون، بانەکانیان قامیش بوو. یەکێک لە شەڕکەرەکان ئاگری لە لە ماڵێک بەردا، ئاگر ماڵ بە ماڵ پەرەی ئەستاند و سوتمان گشت شاری داگرت. لەو کاتەدا کە شار دەسووتا و بڵێسەی ئاگر لە گەڕەکەکانی دەوری شاریش نیزیک کەوتبۆوە و خەڵک ڕێگای هەڵاتنی بۆنەما، بۆیە بەپانەوە لە بازاڕی شار، نیزیک لە چۆمی پاکتولۆ[2] کۆبوونەوە. ئەو چۆمە لە ریزە چیاکانی تمۆلۆسەوە[3] سەرچاوەدەگرێ و وردە زێڕ لەگەڵ خۆی دێنێ و

---

١- کائیستریۆ یا کایسترۆ، روبارێک لە ئاسیای بچووک کە دەڕژێتە نێو دەریای ئێژە و ئەمڕۆ ناسراوە بە قەرەسوو.

٢- ناوی کۆنی یەکێک لە لکەکانی روباری ئێرموس لە ئاسیای بچووک، ئەمڕۆ ناسراوە قزڵئیرماق.

٣- تمۆلۆس، چیاکانی وڵاتی لیدی کۆن، ئەمڕۆ ناسراون بە بوزداغ.

له کۆتاییدا دەڕژێتە نێو دەریا. دانیشتووانی شار لە قەراخ ئەو چۆمە و لە بازاڕ کۆبوونەوە و ناچار بوون بەرگری لە خۆیان بکەن.

یوونی‌یەکان هەستیان پێکرد کە بەشێک لە هێزەکانی دوژمن ئامادەی بەربەرەکانین و هێزێکی زۆرتریش خەریکە پەلاماریان بداتێ، بۆیە پاشەکشەیان کرد و بەرەو کەنار چۆمی تمۆلۆس ڕۆیشتن و وەختێک شەویان بەسەردا هات، بەرەو مۆڵگەکانی خۆیان گەڕانەوە.

**[١٠٢]** شاری سارد بەو شێوەیە ئاگری تێبەربوو و پەرستگەی خواوەندی دەڤەرەکەش بەناوی کیڤیس[1]، ئەویش سووتا. ئەو سوتمانە بوو بە بەهانەیەک کە پارسەکان دواتر بە مەبەستی تۆڵە ئەستاندنەوە، پەرستگەکانی یۆنانی ئاگر تێبەردەن. ئەو کۆمەڵە شەڕ و ڕووداوانە بوونە بەهانەیەک بۆ پارسەکانی نیشتەجێ لە ناوچەکانی ئەوبەری چۆمی ئالیس بۆوەی بە هانای لیدی‌یەکانەوە بچن. هێزەکانی پارس یوونی‌یەکانیان لە هەرێمی سارد نەدۆزییەوە، بەڵام بەردەوام وەدوایان کەوتن و لە دەڤەری ئێفێسۆس تووشیان بوون. یوونی‌یەکان خۆیان بۆ شەڕێکی قورس ئامادەکرد. لەو شەڕەدا بەتووندی شکستیان خوارد و ژمارەیەکی زۆریان بەدەست پارسەکان کوژران. لەنێو کوژراوەکاندا کەسایەتی ناسراوی وەک ئێڤالکیدی سەرکردەی لەشکریی ئێریتریێییەکان کە کاتی خۆی قارەمانی کێبەرکێکانی وەرزیشی بوو و گەلێک تاجەگوڵینەی وەک خەڵات لەسەر نرابوو، بەرچاو دەکەوت. سیمۆنیدیس[2] خەڵکی کیۆس[3] لە شێعرەکانیدا زۆرجار باسی پاڵەوانییەتی ئێڤالکیدی کردوە. یوونی‌یەکان لەو شەڕەدا ڕزگاریان هات و دواتر بەسەر کۆمەڵگا و شارەکانی جیاوازدا بڵاوبوونەوە.

**[١٠٣]** شەڕەکانی ئەو سەردەمە بەو شێوەیە بوون کە باسم کردن. پاش ئەو ڕووداوانە ئاتێنی‌یەکان ڕوویان لە یوونی‌یەکان وەرگێڕا و هەرچەند

---

١- " دایە گەورە " کە لە بەشێکی گەورەی ئاسیای بچووکدا دەیانپەرەست.

٢- سیمۆنیدیس، شاعیری یونانی لە سەدەی حەوتی پێش زاییندا.

٣- یەک لە کۆمەڵە دورگەکانی کیکلاد لە دەریای ئێژە.

ئاریستاغۆراس زۆریان لەبەر پاڕاوە و گەلێک راسپاردەی نارده لایان، ئاتێنی‌یەکان لەوە زیادتر ئامادەی هاوکاری نەبوون. یوونی‌یەکان هەرچەند پشتیوانی ئاتێنی‌یەکانیان لەدەست دابوو ( تازە خۆشیان لەگەڵ داریوش پاشا کەوتبوونە ململانی و ڕێگاچارەی‌تریان نەبوو) بەردەوام ئامادەکاری شەڕ دژی پارسەکانیان دەکرد. ئەوانە بە ناوگانی دەریایی چوونە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس و توانیان هاوپەیمانی لەگەڵ ڤیزاندی‌یەکان و گشت شارەکانی ئەو دەڤەرە دامەزرێنن. دواتر لە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس رۆیشتن و روویان لە ناوچەی کاریا کرد و خەڵکی ئەو بەشەیان کردە هاوپەیمانی خۆیان. تەنانەت خەڵکی ناوچەی کاڤنۆس[1] کە سەرەتا حازر بە هاوکاری ئەوان نەبوون، دوای ئاگرتێبەردانی شاری سارد بەدەست یوونی‌یەکان، ئەوانیش ئامادەی یارمەتیدان بوون.

**[١٠٤]** قیبریسی‌یەکان جیا لە ئاماتووسی‌یەکان، هەر هەموویان بەشێوەی سرووشتی رەگەڵ ئەو هاوپەیمانییە کەوتن، چونکە ئەوان دژی میدیاکان (مەبەست لە پارسەکانە) سەرهەڵدانیان بەو جۆرە وەڕێخستبوو: لە دورگەی قیبریس کابرایەک هەبوو بەناوی ئۆنیسیلۆس، برای بچووکی غۆرغۆسی پاشای سالامین و کوڕی خێرسی و نەوەی سیرۆمی و نەتیجەی ئێڤێلتۆندۆس. ئۆنیسیلۆس لەمێژ بوو براکەی خۆی واتە غۆرغۆس پاشای هاندا دژی پارسەکان ڕاپەڕێ. وەختێکیش خەبەری پێگەیی کە یوونی‌یەکان ڕاپەڕیون، پتر براکەی هاندا. لەبەر ئەوەی نەیتوانی غۆرغۆس رازی بکا، چاوەڕوانی فرسەت مایەوە. کاتێک غۆرغۆس لە شاری سالامینا وەدەرکەوت، ئۆنیسیلۆس و دۆستەکانی دەروازەکانی شاریان لەسەر غۆرغۆس داخست. غۆرغۆس وەختێک ڕێگای چوونە نێو شاری لێگیرا، پەنای بۆ میدیاکان (پارسەکان) برد. ئۆنیسیلۆس دەسەڵاتی شاری سالامینای داگیرکرد و گشت قیبریسی‌یەکانی رازی بە سەرهەڵدان و شۆڕش کرد. ئاماتووسی‌یەکان ئەوانەی رازی بەو کارە نەبوون، گەمارۆی‌دان.

---

١- کاڤنۆس، یەک لە شارەکانی ئاسیای بچووک لە بەرامبەر دورگەی رۆدۆس.

**[١٠٥]** ئۆنیسیلۆس، ئاماتووسی‌یەکانی گەمارۆدا. لەو لاشەوە داریوش ئاگادار بۆوە کە ئاتێنی‌یەکان و یوونی‌یەکان شاری ساردیان داگیرکردوە و سووتاندویانە و رووح و سەرکردەی گشت ئەو لەشکرکێشی و پیلانانە، ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی‌یە. دەگێڕنەوە کە ناوبراو خۆی لە یوونی‌یەکان نەگەیاند، چوونکە دەیزانی رۆژێک ئەوان لە کاتی خۆیدا سزادەدا، بەڵام پرسیاری کرد کە ئاتێنی‌یەکان کێ بوونە. لەو بارەوە زانیاری پێویست بە ناوبراو درا. داریوش خێرا داوای کەوانی کرد و تیرێکی لەبەرنا و بەرەو ئاسمان هاویشتی و لەکاتی تیر هەڵکشان بەرەو ئاسمان، گووتی: "ئەی خواوەند دیا، فرسەتم پێبدە تۆڵە لە ئاتێنی‌یەکان بستێنمەوە ". لەدرێژەدا، دەستووری بە خزمەتکارێکدا کە بەر لە خەوتن، سێ جار پێی بڵێ: "پاشا! ئاتێنی‌یەکانت لەبیر نەچێ ".

**[١٠٦]** داریوش دوای ئەو داوایە، دەستووری‌دا ئیستیێئۆس بێتە لای. داریوش ئەو کابرایەی ماوەیەکی زۆر لەلای خۆی دەسبەسەر کردبوو، پێی‌گووت: "ئیستیێئۆس! زانیومە کە نوێنەرەکەت، ئەو کەسەی حوکمڕانی میلیتۆست پێ ئەسپارد، دژی من راپەڕیوە. لەشکری لەو قاڕەیە هێناوە و لەگەڵ یوونی‌یەکان پێکەوە پەلاماری شاری ساردیان داوە. ئەوانە بە سزای خۆیان دەگەیێنم. پێم بڵێ ئایا تۆ کردەوەی ئەوانە پەسند دەکەی؟ چۆن دەکرێ بۆ سەرهەڵدانێکی ئەوتۆ، پرس بەتۆ نەکرابێ! دەخوازم زۆر باش ئەوە بزانی کە رەنگە تۆش یەکێک لە تاوانبارەکان لە داهاتوودا بی ".

ئیستیێئۆس لە وڵامی داریوش‌دا گووتی: پاشاکەم، ئەوە چ قسەیە تۆ دەیکەی! من چۆن دەتوانم گرفتی بچووک یا گەورە بۆ تۆ بخوڵقێنم! مەبەست و قازانجی من لەو کارەدا چییە؟ مەگەر ئێستا لە چیم کەمە؟ ئەوە نییە شەریکی گشت سەروەت و سامانی جەنابتم و تۆش من بە باوەڕپێکراوی نهێنی‌یەکانی ژیانی خۆت دەزانی. ئەگەر بەڕاستی ئەو حوکمڕانەی من ئەو کارەی کردبێ، ئەوە بزانە بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکە تەنیا راوێژی لەگەڵ خۆی کردوە. من قەت ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە خەڵکی میلیتۆس و حوکمڕانەکەیان گەرەکیان بووبێ، ئاڵوگۆڕێک لە پێوەندی خۆیان لەگەڵ تۆ پێکبێنن. پاشاکەم! ئەو

سەرهەڵدانە بۆیە سازبووە، چونکە جەنابت منت لە وڵاتانی سەر دەریا دوور خستووەتەوە. وێدەچێ یوونی‌یەکان دوای راگوێزرانی من، ئەوەی ماوەیەکی زۆر خەونیان پێوە دەدی، ئێستا بە کردەوە جێبەجێیان کردبێ. ئەگەر من لە وڵاتی یوونیا مابامەوە، گیروگرفتی ئەوتۆ لە شارەکان نەدەخولْقا. ئێستاش درەنگ نەبووە و پێویستە هەرچی زووتر من بەرێ بکەیەوە یوونیا، بۆوەی بارودۆخەکە هێوربکەمەوە و حوکمڕانی میلیتۆس کە ئەو ئاژاوەیەی ناوەتەوە بگرم و بیدەمە دەست جەنابت. سوێند بەو خوایانەی پارێزەری پاشان، تا کاروباری ئیداری ئەوێ بەدڵی ئێوە سەروسامان پێنەدەم و شاری سارد،[1] یەکێک لە گەورەترین دورگەکان ناچار بە دانی خەراج وماڵیات بەئێوە نەکەم، ئەو جلوبەرگەی لەبەرمدا، داینەکەنم.

**[١٠٧]** ئیستیێئۆس بەشێوەیەک قسەی کرد کە داریوش هەڵفریوێنێ. داریوش باوەڕی بە ناوبراو کرد، بەو شەرتەی دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دوبارە بگەڕێتەوە شاری شووش.

**[١٠٨]** لە کاتێکدا کە بەردەوام خەبەر و باسی بارودۆخی شاری سارد دەگەیشتە دەست پاشا، داریوش کەوانی روو لە ئاسمان گرتبوو و لەگەڵ ئیستیێئۆس قسەی دەکرد. ئیستیێئۆس، ئەویش خەریک بوو خۆی بۆ سەفەر و رۆیشتن بەرەو دەریاکان ئامادە دەکرد، راست لەو کاتەدا کۆمەڵێک ڕووداو قەومان:

ئۆنیسیلۆسی خەڵکی سالامین ئەو کاتەی گەمارۆی ئاماتووسی‌یەکانی دابوو، ئاگادارکرایەوە کە بەزوویی ژمارەیەکی زۆر لە پارسەکان بە سەرکردایەتی ئارتێڤیۆس دەگەنە دورگەی قیبریس. وەختێک ئەو خەبەرە بە ئۆنیسیلۆس گەییشت، کۆمەڵێک راسپاردەی نارده وڵاتی یوونی و ئەوانی بانگهێشت بۆ یارمەتیدان کرد. یوونی‌یەکان کەموزۆر لەو بارەوە راوێژیان نەکرد و خێرا بەهێزی دەریاییەوە بە هاواری قیبریسی‌یەکانەوە چوون. کاتێک یوونی‌یەکان گەیشتنە قیبریس، پارسەکان بەر لەوان بە گەمی‌یەکانی کیلیکیایی

---

١- ئەمرۆ ناسراوە بە دورگەی ساردانیا.

گەیشتبوونە ئەوێ و لەڕێگای ویشکاییەوە بەرەو سالامین لەحاڵی پێشڕەوی دابوون. ڕاست لەو سەردەمەدا، فینیقی‌یەکانیش، بەرزاییەکیان گرتبوو کە ناسراوبوو بە کلیلی قیبریس.

**[١٠٩]** لە بەرامبەر ئەو مەترسییەدا، حوکمڕانانی سەرەڕۆی قیبریسی سەرکردەکانی یوونی‌یان بانگکرد و پێیانگووتن: "یوونی‌یەکان! ئێمەی قیبریسی ئەو ئیزنەتان پێدەدەین کە خۆتان هەڵبژێرن لەگەڵ کام لەو دوو دوژمنە، واتە پارسەکان یا فینیقی‌یەکان شەڕ دەکەن. ئەگەر گەرەکتانە دژی پارسەکان لە ویشکاییدا شەڕبکەن، کاتی ئەوە هاتووە لە گەمییە جەنگی‌یەکانتان بێنەدەر و پەلاماری دوژمن بدەن و ئێمەش سواری ئەو گەمییانە دەبین و هێرش دەکەینە سەر فینیقی‌یەکان. ئەگەریش گەرەکتانە شەڕی فینیقی‌یەکان بکەن، فەرموون ئەوە مەیدان، بەڵام هەر لایەک هەڵبژێرن، لەبیرتان نەچێ کە ئەرکێکتان لەسەر شانە، دەبێ بە تەواوی هێزتانەوە هەوڵ بدەن هەم وڵاتی یوونی و هەم قیبریس ببنە خاوەن ئازادی و سەربەستی ". لەمەر ئەو شەرتە، یوونی‌یەکان وەجواب هاتن و گووتیان: "ئێمە بۆیە هاتووینە ئێرە، بۆوەی ناوچە دەریاییەکان بپارێزین، نەک کەشتی‌یەکانمان بدەینە قیبریسی‌یەکان و خۆمان لە ویشکاییدا شەڕی پارسەکان بکەین. ئەو شوێنەی پێمان بسپێردرێ، بە هەموو هێزمانەوە جوامێرانە دەیپارێزین، بەڵام ئێوەش کۆیلەتی و ژێردەستەیی پارسەکانتان لەبیر نەچێ و ئازایانە تێبکۆشن خۆتان رزگار بکەن ".

**[١١٠]** ئەوە وڵامی یوونی‌یەکان بوو. دواتر کاتێک پارسەکان گەیشتنە دەشتەکانی سالامینا، پاشاکانی قیبریسی لەشکرەکانی خۆیان بەتەواوی ڕێکخست و باشترین شەڕکەرانی سالامینی و سولیۆسی‌یان[١] هەڵبژارد و لە بەرەکانی شەڕی دژ بە پارسەکان دایانمەزراندن. ئۆنیسیلۆس بەخواستی خۆی بۆ شەرکردن دژی سەرکردەی پارس بەناوی ئارتیڤیۆس چووە مەیدان.

---

١- شارێکی کیکلیکی‌یەکان، دەڵێن مەوتەنی سۆلۆنۆسی یاسانووس بووە.

**[١١١]** ئارتیڤیۆس سواری ئەسپێکی حاملاو ببوو کە لە بەرامبەر شەڕکەری چەکداردا هەڵدەستا سەر پاشوان. ئۆنیسیلۆس بەو خەبەرەی زانی، بۆیە بانگی مەیتەرەکەی خۆی کرد. ئەو مەیتەرە خەڵکی کارا و زۆر بە غیرەت و لە هونەری شەڕدا گەلێک شارەزا بوو. ئۆنیسیلۆس بەو کابرایەی گووت: "بیستوومە ئەسپی ئارتیڤیۆس هەڵدەستێتە سەر پاشوان و هەرکەسێکی لە بەرامبەر خۆیدا ببینێ، بە دەست و ددانەکانی دەیکوژێ. ئێستا باش بیری لێبکەوە، لە وەزعێکی ئەوتۆدا پیاو دەبێ سەرەتا لە کامیان بدا، لە ئەسپ یا لە ئارتیڤیۆس؟ ". مەیتەرەکە لە وڵامدا گووتی: "پاشاکەم، من ئامادەم هەردوو کار جێبەجێ بکەم، یا یەکێک لەو دووانە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر بڕیاری جەنابت. هەڵبەت دەخوازم پێتان بڵێم کە کامیان پتر بۆ ئێوە باشترە. پاشا دەبێ لەگەڵ پاشا و سەرکردە لەگەڵ سەرکردە بەرەوڕووی هەڤدوو ببنەوە. ئەگەر جەنابت سەرکردە بکوژی عەیبێکی گەورەتان دێتەوە سەر، هەروەها ئەگەر بەدەست سەرکردەش بکوژرێیت، ئەوش بێڕێزییە بە جەنابت، بەڵام ئەگەر بەدەست پاشا بکوژرێی، ئەوەندە گرینگ نییە. ئێمەی خزمەتکار لێمانگەرێ شەڕی خزمەتکاران بکەین و سەبارەت بەو ئەسپەش دڵنیات دەکەم کە لە حزوور هیچکەسدا ئەو کارە ناکات ".

**[١١٢]** کاتێک قسەکانی مەیتەری خەڵکی کارا تەواو بوو، شەڕ لە دەریا و دەشتەکاندا دەستی پێکرد. لە شەڕی دەریاییدا، یوونی‌یەکان ئەو ڕۆژە قارەمانانە شەڕیان کرد و فینیقی‌یەکانیان شکستدا. لەنێو هێزی یوونی‌یەکاندا، شەڕکەرە سامۆسییەکان ئازایانە جەنگین. لە شەڕی دەشتاییدا، وەختێک هەردوو لایەن کەوتنە بەریەک، ئەو کۆمەڵە ڕووداوە قەومان: ئارتیڤیۆس بەسواری ئەسپەکەی پەلاماری ئۆنیسیلۆسی‌دا. ئۆنیسیلۆس هەروەک لەگەڵ مەیتەرەکەی بە قەناعەت گەیشتبوو، ئارتیڤیۆسی پارسی کردە ئامانجی لێدان. ئەسپی ئارتیڤیۆس لە کاتی هێرشدا هەستایە سەر پاشوان و بە سمی دەستەکانی وەرگەڕا قەڵغانی ئۆنیسیلۆس. ڕاست لەو

کاتەدا، مەیتەری کارایی بە شمشێری نووک خوار، ئەژنۆی ئەسپەکەی هەڵدری. ئارتیڤیۆس بە ئەسپەوە کەوتنە سەر عەرز.

**[١١٣]** لەکاتی شەڕدا، حوکمڕانی کوریۆس بەناوی ستیسینۆر خەیانەتی کرد و بە لەشکری ژێردەستییەوە خۆی تەسلیمی دوژمن کرد. دەگووترێ کە ناوچەی کوریۆس کۆلۆنی ئارغۆس بووە. وەختێک کوریۆسی‌یەکان خۆیان بەدەستەوەدا، بەدوای ئەوانەوە سالامینی‌یەکانی خاوەن فایتوونی جەنگی، ئەوانیش تەسلیم بوون. ئەو درزە بووە هۆی بەهێزبوونی پارسەکان. قیبریسی‌یەکان ناچاربوون رابکەن. جەماوەرێکی زۆریان لێکوژرا و لەنێو ئەوانیشدا هەم ئۆنیسیلۆسی کوڕی خێرسی، ئەو کەسەی شۆڕشی قیبریسی رێکخستبوو، کوژرا، هەم پاشای سولیۆسی‌یەکان بەناوی ئاریستۆکیپرۆس، کوڕی فیلۆکیپرۆس، واتە هەمان ئەو کەسەی کە سۆلۆنی شاعیر پتر لە هەر حوکمڕانێکی‌تر شێعری پێ‌هەڵاگوتووە.

**[١١٤]** ئاماتووسی‌یەکان لەبەر ئەوەی ئۆنیسیلۆس گەمارۆی‌دابوون، کاتی کوژرانی ناوبراو، سەریان بڕی و لێیانکردەوە، بردیانە مەیدانی شار و بە دەروازەوە هەڵیانواسی. ئەو کەللە سەرە نێوەکەی بەتاڵ‌کرا و بە دەروازەوە هەڵواسرابوو. پاش ماوەیەک شانەیەک هەنگ هێلانەیان تێدا سازکرد و پڕ لە هەنگوین بوو. خەڵکی شار لە هەمبەر ئەو رووداوە تووشی سەرسوڕمان هاتن. ئاماتووسی‌یەکان خێرا داوای پێشگۆییان لە تاڵەبینەکان کرد. بەپێی ئامۆژگاری تاڵەبینەکان، دەبوایە ئەو سەرە لە شوێنێک بەخاک بسپێردرێ و گشت ساڵێک چەشنی قارەمان رێزی لێبگیرێ و دیاری پێشکەش بکرێ. بە جێبەجێ کردنی ئەو ئامۆژگارییە، ئەوجار رەوشی خەڵک بەرەو باشی چوو.

**[١١٥]** تا سەردەمی ئێمە رێورەسمی پێشکەش کردنی دیاری بەو بۆنەوە لە وڵاتی ئاماتووسی‌یەکان بەردەوام بەڕێوە دەچوو. یوونی‌یەکانی قەراخ ئاوەکانی دورگەی قیبریس خەریکی شەڕی دەریایی بوون، کاتێک خەبەری شکستی ئۆنیسیلۆس و گەمارۆی شارەکانی‌تری دورگەیان پێگەیی. تەنیا شارێک کە گەمارۆ نەدرابوو، سالامینا بوو، ئەو شارە پێشتر لەلایەن دانیشتووانی سالامینی

پێشکەش بە پاشای پێشوو، واتە غۆرغۆس کرابوو. یوونی‌یەکانیش کاتێک بەو شکستەیان زانی، بەسواری گەمییەکانیان بەرەو وڵاتی یوونی گەڕانەوە. لەنێو ئەو کۆمەڵە باژێڕەی قیبریسی کە کەوتبوونە بەر گەمارۆ و هێرشی دوژمن، شاری سۆلۆ پتر لە گشتیان بەرگری لەخۆی نیشان‌دا. پارسەکان دەوری حەساری ئەو شارەیان لە بناغەوە هەڵکۆڵی و دوای پێنج مانگ داگیریان‌کرد.

**[١١٦]** بەو چەشنە قیبریسی‌یەکان دوای ساڵێک ئازادی، دوبارە ژێردەستەیی رووی تێکردنەوە. داڤریسیس، ئەو کەسەی زاوای داریوش بوو، ئیمیَئیس، ئۆتانیس و چەند سەرکردەی لەشکریی پارس کە ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ کچەکانی داریوش پێکهێنابوو، وەدوای لەشکری یوونی‌یەکان کەوتن کە پێشتر شاری ساردیان داگیرکردبوو. پارسەکان ئەو یوونی‌یانەیان ناچارکرد بە سواری گەمییەکانیان رابکەن. پارسەکان دوای دەرپەڕاندنی ئەوانە، شارەکانیان لەنێو خۆیاندا بەشکرد و گەمارۆیاندان.

**[١١٧]** داڤریسیس پەلاماری شارەکانی دەڤەری ئێلیسپۆندۆسی‌دا و شارەکانی داردانۆ[١]، ئاڤیدۆ[٢]، پێرکۆتی، لامپساکۆ و پێسۆی[٣] داگیرکرد. ناوبراو هەر رۆژە شارێکی دەگرت. کاتێک لە شاری پێسۆ بەرەو پاریۆ دەچوو، زانیارییەکی پێگەیی کە کاری‌یەکان و یوونی‌یەکان پێشتر پێکەوە هاوپەیمان بوونە و دژی پارسەکان شۆرشیان کردوە. داڤریسیس بەرەو دەڤەری ئێلیسپۆندۆس گەڕاوە و لەشکری بەرەو وڵاتی کاریا برد.

**[١١٨]** دانیشتووانی شاری کاریا بە هەڵکەوت هەواڵی ئەو هێرشەیان پێگەیی و بەر لەوەی داڤریسیس بگاتە سەریان، کۆبوونەوەیەکیان سازدا. ئەو کۆبوونەوەیە لە شوێنێک بەناوی لیڤکێس‌ستیلێس (کۆڵەکەکانی سپی) بەسترا. ئەو جێگایە لەسەر چۆمی مارسی‌ئا هەڵکەوتووە. چۆمی مارسی‌ئا بە دەڤەری ئیدریادۆس‌دا دەڕوا و تێکەڵ بە رووباری میَئاندرۆس دەبێتەوە. لەو دانیشتنەدا کاری‌یەکان

---

١- داردانۆ، شارێکی کۆنی میسی‌یەکان و نیزیک داردانێل.

٢- ئاڤیدۆس، ئابیدین یا ئابیدۆس یەکێک لە شارەکانی کۆنی ئاسیای بچووک، هەڵکەوتوو لە قەراخ ئاوەکانی داردانێل.

٣- ئەو شارانە لە دەوروبەری داردانێل هەڵکەوتوون.

روانگەی جۆراوجۆریان هەبوو، بەڵام باشتر لە گشتیان بە باوەڕی من، ئەوەی پیکسۆدارۆسی خەڵکی کیندیئی و کوڕی ماقسۆلۆس بوو. پیکسۆدارۆس زاوای پاشای کیلیکی بەناوی سیئێنێسیۆس، بەو چەشنە رای خۆی دەربڕی. ئەو پێیوابوو کارییەکان باشترە لە رووباری مێئاندرۆس بپەڕنەوە و پشتیان بەو چۆمەوە بێ و ئەوجار شەڕ بکەن، ئەوکاتە ئیتر رێگای گەڕانەوە و پاشەکشەیان نامێنێ و ناچارن تا دوایین هەناسە شەڕبکەن و گەورەترین جوامێری و ئازایەتی بخوڵقێنن. لەهەرحاڵدا ئەو بۆچوونە پەسند نەکرا و بە مەسڵەحەت زانرا کە پارسەکان پشت لە رووبار بن، بۆوەی لەکاتی شکستخواردن و راکردنیان، رێگای دەربازبوونیان نەبێ و بکەونە نێو ئاوی رووبار.

**[١١٩]** پارسەکان گەیشتنەجێ و لە رووبار پەڕینەوە. کارییەکان شەڕیان لە قەراخ چۆمی مارسیئا دەستپێکرد. شەڕێکی سەخت و خوێناوی بوو، بەڵام لەهەمبەر لەشکری زۆری پارسدا شکستیان خوارد. لە پارسەکان دوو هەزار کەس کوژرا و لە کارییەکان دە هەزار کەسی کوژراو لە مەیدانی جەنگدا بەجێما. ئەو کارییانەی نەیانتوانی بە سلامەتی رزگارییان بێ، پەنایان بۆ پەرستگەی پیرۆزی ستراتیۆدیۆس لە ناوچەی لاڤراندا برد. ئەو ناوچەیە دارستانێکی گەورەیە، (ئەو کارییانە تەنیا کەسانێکن، ئەوەندەی من بزانم، قوربانی پێشکەش بە ستراتیۆدیۆس[١] دەکەن). ئەو کۆمەڵە کارییانە کاتێک گەیشتنە ئەو پەرستگەیە، بیریان لەوە کردەوە کە چۆن رزگارییان بێ. کام رێگا چارە بەجێترە، ئاخۆ خۆیان بدەنە دەست پارسەکان یا وڵات جێهێڵن و بەرەو ئاسیا کۆچبکەن.

**[١٢٠]** کاتێک ئەوانە خەریکی راوێژکردن بوون، کۆمەڵێک خەڵکی میلیسی و هاوپەیمانی ئەوانە بە هاواریانەوە هاتن. کارییەکان بە دیتنیان بۆچوونیان تەواو گۆڕا و بڕیاریاندا دووبارە دەست بە شەڕ بکەنەوە. پارسەکان بۆ جاری دووهەم هێرشیان هێنا و کارییەکان لە کەرەتی بەرێ خەراپتر تووشی شکست هاتن. ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا. هەڵبەت خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەتی میلیسییەکان زەرەری پتریان پێگەیی.

---

١- خوای لەشکر، نیشانەی ئەو خوایە تەوری دووسەر بووە.

**[١٢١]** كاریی‌یەکان دوای ئەو شکستە قورسەش، هێزەکانی خۆیان کۆکردەوە و چوونەوە مەیدانی شەڕ. ئەوان زانیارییان پێگەیشتبوو کە پارسەکان بە مەبەستی پەلاماری شارەکان خۆیان ئامادە دەکەن، بۆیە خێرا لەسەر ڕێگای پیداسۆس بۆسەیان بۆ پارسەکان داناوە و لەکاتی شەودا دوژمن لەداو کەوت و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن. لەنێو کوژراوەکاندا کۆمەڵێک سەرکردەی لەشکری هەبوون، وەک داڤریسیس، ئامۆرغیس و سیسی‌ماکیس، هەروەها میرسۆس کوڕی غیغی. سەرکردەی لەشکری کاریی‌یەکان ناوی ئیراکلیدیس، کوڕی ئیڤانۆلیۆ و خەڵکی میلاسا بوو. ئەو پارسانە بەو چەشنە لەنێو چوون.

**[١٢٢]** غمیئیس، ئەویش یەکێک لەو سەرکردانەی لەشکریی پارس بوو کە لە ڕاوکردنی ئەو یوونی‌یانەی شاری ساردیان گرتبوو، نەخشی گێڕابوو. ناوبراو بەرەو دەڤەری پرۆپۆندیدا چوو و شاری کییۆی سەر بە ناوچەی میسیای داگیرکرد. دوای داگیر کردنی ئەو شارە، خەبەری پێگەیی کە داڤریسیس لە دەڤەری ئێلیسپۆندۆس ڕۆیشتووە و بەرەو هەرێمی کاریا چووە. غمیئیس خێرا ناوچەی پرۆپۆندیدای جێهێشت و ڕوو لە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس پێشڕەوی کرد. ناوبراو پەلاماری گشت ئەو ئیئۆلی‌یانەی‌دا کە لە دەڤەری ئیلیۆس دەژیان و هەروەها هێرشی کردە سەر گێرغیتی‌یەکان. ئەوانەی دوایی نەوەی تێڤکرۆسی‌یەکانی کۆن بوون. غمیئیس دوای ئەوەی پەلاماری گشت ئەو هۆزانەی‌دا، لە شاری ترۆئادا نەخۆش کەوت و مرد.

**[١٢٣]** دوای مەرگی غمیئیس، ئارتافێرنیسی حوکمڕانی شاری سارد لەگەڵ سەرکردەی سێهەمی لەشکری پارس، واتە ئۆتانیس، پێکەوە دژی یوونی‌یەکان و دراوسێی ئەوانە واتە ئیئۆلیدۆسی شەڕیان دەستپێکرد. لە وڵاتی یوونی شاری کلازۆمێنی‌یان داگیرکرد و لە وڵاتی ئیئۆلیدا، شاری کیمی کەوتە ژێر دەسەڵاتیان.

**[١٢٤]** لەو سەردەمەدا کە سەرکردە پارسەکان خەریکی داگیرکردنی شارەکان بوون، ئاریستاغۆراسی خەڵکی میلیتۆس، وەک مرۆڤێکی بێغیرەت، پاش ئەوەی یوونی‌یەکانی بۆ شۆڕش هاندا و پەشێوییەکی فرەی خوڵقاند،

سەیری رەوتی رووداوەکانی کرد و بیری لە هەلاتن کردەوە. ئەو دەیزانی کە ناتوانێ شەڕی داریوش بکا، هەربۆیە ئەوانەی لەگەڵی بوون و بەشداریان لەو سەرهەڵدانەدا کردبوو، گشتیانی بانگهێشت کرد و پێیگووتن کە پێویستە شوێنێک بۆ خۆشاردنەوە بدۆزنەوە، چونکە ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەموویان لە شاری میلیتۆس راوبنرێن. ئەو هەروەها گووتی دەبێ ئاواییەک لە ساردۆ یا لە میرکینۆی سەر بە ناوچەی ئیدۆنی‌یەکان[1] دروستبکەن، واتە لەو دەڤەرەی کە داریوش بە ئیستیێئۆسی بەخشیبوو. ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێک بوون کە ئاریستاغۆراس هێنانییە بەرباس.

**[١٢٥]** ئێکاتێئۆس، ناسراو لە مێژوودا و کوڕی ئیغی‌ساندرۆس، پێشنیاری بە ئاریستاغۆراس کرد کە بۆ هیچکام لەو شوێنانە نەچێ، بەڵکوو لە دورگەی لێرۆس قەلایەک بۆخۆی سازبکا و تێیدا دامەزرێ و هیچ کارێکی‌تر نەکا. دواتر ئەگەر فرسەت دەسکەوت، باشترە لەوێوە بگەڕێتەوە میلیتۆس.

**[١٢٦]** ئەوە بۆچوونی ئێکاتێئۆس بوو. ئاریستاغۆراس هەڵبەت پتر گەرەکی بوو بچێتە میرکینۆ. ناوبراو نوێنەری خۆی بەناوی پیتاغۆراس، یەکێک لە گرینگترین گەورە پیاوانی شار، لە میلیتۆس بەجێهێشت و ئەوسا لەگەڵ ئەو جەماوەرەی ئامادە بوون رەگەڵی کەون، بەسواری گەمی بەرەو هەرێمی تراکی رۆیشت. ناوبراو راست بۆ ئەو شوێنە چوو و داگیری کرد کە پێشتر بڕیاری دابوو.

دواتر لە یەکێک لەو هێرشانەی بۆ دەرەوەی ئەو ناوچەیە کردی، راست لە کاتی گەمارۆدانی قەلایەکدا، بەدەستی خەڵکی تراکی کوژرا و شەڕکەرەکانیشی تێداچوون. ئەو کوژرانەی ناوبراو لە وەختێکدا قەوما کە تراکی‌یەکان لەنێو قەلادا کەوتبوونە گەمارۆ و بەپێی رێککەوتنێک لە قەلاکە هاتنەدەر.

---

١- بەشێک لە ولاتی تراکی.

# کتێبی شەشەم

## ئێراتۆ، خواوەندی شێعری خەمین

**[١]** ئاریستاغۆراس رێکخەری سەرهەڵدانی یوونییەکان، بەو چەشنەی باسم کرد، کوژرا. راست لەو کاتەدا ئیستییئۆس، حوکمڕانی میلیتۆس لەسەر ئیزنی داریوش بەرەو شاری سارد وەڕێکەوت. کاتێک گەیشتە ئەوێ، ئارتافێرنیس بەرپرسی ئیداری شاری سارد لێیپرسی هۆی سەرهەڵدانی یوونییەکان چ بووە. ئیستییئۆس لە وڵامدا گووتی ئاگای لەو ئاڵوگۆڕانە نییە و بۆ ئەویش جێگای پرسیارە و سەرسوڕمانی خۆی لەو بارەوە دەربڕی. ئارتافێرنیس دەیزانی رێکخەری سەرەکی ئەو شۆڕشە کێیە و ئیستییئۆس خەریکە هەڵیدەفریوێنێ، بۆیە گووتی:

"ئیستییئۆس! رەوتی رووداوەکان بەو چەشنەن، تۆ پێڵاوەکانت دروست کردوە و ئاریستاغۆراس لەپێی کردون".

**[٢]** ئارتافێرنیس بەو شێوەیە قسەی خۆی کرد و ئیستییئۆس، ئەویش لەوە ترسا کە ئارتافێرنیس زانیاری تەواوی سەبارەت بە نەخشە و ئامادەکارییەکان هەبێ، بۆیە وەختێک شەو داهات، بەرەو ناوچەکانی کەنار دەریا رۆیی و بەو شێوەیە داریوش پاشای فریودا. ئیستییئۆس پێشتر بەڵێنی بە داریوش دابوو، دوای ئەوەی هەرێمی ساردینیای گەڕاندەوە سەر دەسەڵاتی پاشا، ئەوجار بگەڕێتەوە لای ئەو، لەحاڵێکدا ئەو شەوە رایکرد و

گەرەکی بوو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەو ناوچانە دژی داریوش وەستۆبگریَ. ئیستییَئۆس کاتێک گەیشتە دورگەی خییۆس، خەڵکی ئەویَ گرتیان و زیندانییان کرد. دانیشتووانی ئەو دورگەیە لەو باوەڕەدا بوون کە ئیستییَئۆس بە فەرمانی داریوش بۆ شێواندنی بارودۆخی دەڤەرەکە گەڕاوەتەوە. خەڵکەکە دوای لێکۆڵینەوە، بەو قەناعەتە گەیشتن کە ئیستییَئۆس بەڕاستی و بە ئاشکرا دوژمنایەتی داریوش دەکا و لەجێوە ئازادیان کرد.

**[٣]** یوونییەکان لە ئیستییَئۆس‌یان پرسی بۆچی ئاریستاغۆراسی هاندا سەرهەڵدان وەڕێخا و وڵاتی یوونی تووشی ئەو گشتە نەهامەتییە بکا. ئیستییَئۆس هۆی سەرەکی ئەو خواستەی ئاشکرا کرد، بەڵام لەجیات راستی مەبەستەکەیان پێبڵیَ، گووتی کە داریوش ویستوویەتی خەڵکی فینیقی بێنیَ و لە وڵاتی یوونی نیشتەجێیان بکا و یوونییەکانیش بنێرێتە وڵاتی فینیقیا، بۆیە ئەویش ناچاربووە داوای راپەڕین لە خەڵک بکا. دیارە داریوش قەت مەبەستێکی ئەوتۆی نەبووە، ئیستییَئۆس تەنیا گەرەکی بوو یوونییەکان لەمەر داهاتوویان بترسێنیَ.

**[٤]** دواتر، ئیستییَئۆس بەهۆی راسپاردەیەک بەناوی ئێرییپۆس خەڵکی ئاتارنیَئا، پەیامێکی بۆ پارسەکانی دانیشتووی شاری سارد نارد. لەو پەیامەدا دەردەکەوت کە پێشتر لەنێوان ئەو و پارسەکانی سارد دانووستان لەمەر سازدانی شۆڕش لەگۆڕێدا بووە. ئێرییپۆس لەجیات ئەوەی نامەکە بگەیێنێتە دەست پارسەکان، لەجێوە تەسلیمی ئارتافێرنیسی کرد. ئارتافێرنیس پاش ئەوەی نامەکەی خوێندەوە و زانیاری تەواوی وەگیرکەوت، ئەوجار داوای لە ئێرییپۆس کرد ئەو نامەیە بگەیێنێتە دەست خاوەنەکەی و دواتریش وڵامەکە بەو نیشانبداتەوە. لەو بێنەوبەرەیەدا هاوکاریی پارسەکان لەگەڵ ئیستییَئۆس ئاشکرابوو. ئارتافێرنیس ژمارەیەکی زۆری لە پارسەکان بەو بیانوویە کوشت.

**[٥]** لەو سەردەمەدا، لە گشت دورگەکانی هەرێمی سارد پەشێوی سازببوو. دانیشتووانی دورگەی خییۆس ئەوکاتە لە ئیستییَئۆس ناهومێد ببوون و بۆیە

یارمەتی ناوبراویان‌دا بچێتە میلیتۆس. میلیتۆسی‌یەکان لەبەر ئەوەی تازە لەدەست حوکمڕانێکی سەرەڕۆی وەک ئاریستاغۆراس رزگارییان هاتبوو و هەستیان بە خۆشی و شادی دەکرد، ئامادە نەبوون حوکمڕانێکی لەو سەرەڕۆتری چەشنی ئیستیی‌ئۆس لە وڵاتەکەیاندا قبوڵبکەن. کاتێک ئیستیی‌ئۆس لە تاریکی شەودا گەرەکی بوو بە زۆرەملی بچێتە نێو شاری میلیتۆس، بەدەست یەکێک لە دانیشتووانی ئەویَ رانی بریندارکرا. لەهەرحاڵدا ناوبراو لەوێش دەرکرا و ناچاربوو بەرەو خییۆس بگەڕێتەوە. ئیستیی‌ئۆس نەیتوانی خەڵکی دورگەی خییۆس رازی‌بکا کە چەند گەمییەکی جەنگی پێبدەن، بۆیە رووی لە دورگەی میتیلینی کرد. ئەو توانی لە هەرێمی میتیلینی، دانیشتووانی دورگەی لێسڤۆس رازی بکا ناوگانێکی بچووکی جەنگی بدەنیَ. خەڵکی لێسڤۆس هەشت گەمییان ئامادەکرد و لەگەڵ ئیستیی‌ئۆس بەرەو بیزانس وەڕێکەوتن. وەختێک گەیشتنە ئاوەکانی دەڤەری بیزانس، دەستیان بەسەر ئەو گەمییانەدا گرت کە بە هەرێمی پۆندۆس‌دا دەربازدەبوون و تەنیا ئەوانەی پەیڕەویان لە فەرمانەکانی ئیستیی‌ئۆس کردبا، بۆیان هەبوو هاتووچۆ بکەن.

**[٦]** ئیستیی‌ئۆس و دانیشتووانی میتیلینی بەو چەشنەی باسم کرد، یەکیان گرتبوو و شەڕیان دەکرد. لەو نێوەدا لەشکرێکی گەورە و ناوگانێکی دەریایی، بەمەبەستی هێرش بۆسەر هەرێمی میلیتۆس ئامادەکرابوو. سەرکردەکانی پارس کۆببوونەوە و هێزەکانی خۆیان وەسەریەک خستبۆوە و بەرەو میلیتۆس پێشڕەوییان دەست پێکردبوو و کاریان بەسەر شارەکانی‌ترەوە نەبوو. لەو ناوگانەدا ژمارەیەکی فرەی فینیقی خۆبەخشانە بەرەو مەیدانی شەڕ دەهاتن. قیبریسی‌یە تازە ژێردەستکراوەکان، کیلیکی‌یەکان و میسری‌یەکان، هەرهەموویان رەگەڵ ئەو لەشکرە داگیرکەرە کەوتبوون.

**[٧]** ئەوانەی ناوم هێنان پەلاماری ناوچەی میلیتۆس و دەڤەرەکانی‌تری وڵاتی یوونی‌یان‌دا. وەختێک یوونی‌یەکان بەو پەلامارەیان زانی، خێرا

نوێنەریان ناردە پانیونیۆ[١]. ئەو نوێنەرە کاتێک گەیشتە ئەوێ، مەجلیس دامەزرا و پاش راوێژ بەو قەناعەتە گەیشتن کە شەڕی پارسەکان لە دەشتاییدا نەکەن. میلیتۆسی‌یەکان دەبوایە خۆیان پارێزگاری لە حەساری شارەکەیان بکەن. ئەوان هەروەها بڕیاریاندا هێزێکی دەریایی تەواو ئامادەبکەن و هیچ گەمییەکی جەنگی هەڵناوێرن و هەرچی هەیانە خێرا بەرەو دەڤەری لادی[٢] بچن و لەوێ وێڕای هێزەکانی میلیتۆسی حەسارێک بە ناوگانی جەنگی لە دەوری شاری میلیتۆس دروست بکەن. لادی دورگەیەکی بچووکە و لەنیزیک شاری میلیتۆس هەڵکەوتووە.

**[٨]** کاتێک ئەو کۆمەڵە بڕیارە دران، یوونی‌یەکان گەمی‌یەکانی خۆیان بە گشت کەرستەکانی جەنگییەوە تەیارکرد و بەهاواری ئیۆلی‌یەکانەوە چوون و لە شوێنی دیاریکراودا جێیانگرت. هەڵکەوتەی جەنگی ئەو هێزانە لەو شوێنە بەو جۆرە بوو: میلیتۆسی‌یەکان لە لای رۆژهەڵات، قۆڵی راستی هێزە دەریاییەکانیان پێکهێنا و خاوەن چل گەمی جەنگی تەیار بوون. پریئینی‌یەکان بە دوازدە گەمی و میئیسی‌یەکان بە سێ گەمی وەک پشتیوانی میلیتۆسی‌یەکان دامەزران. راست لە دوای میئیسی‌یەکان، تیئی‌ئۆسی‌یەکان بە حەڤدە گەمییەوە جێیانگرتبوو. خییۆسی‌یەکان، ئەوانیش بە سەد گەمییەوە جێگایان لە دوای دەستەی دوایی دیاریکرابوو. لەپشت خییۆسی‌یەکان، ئێریتریێیەکان و هێزەکانی فۆکایی هەڵکەوتبوون. ئێریتریێیەکان خاوەن هەشت گەمی و فۆکاییەکانیش سێ گەمییان هەبوو. دوای هێزەکانی فۆکایی، سامۆسی‌یەکان بە شێست گەمییەوە ئامادەکران.

---

١- پانیۆنیۆ، ناوی پارلەمانی دوازدە موهاجیرنشینی یونانی لە مەعبەدێک بە هەمان ناو، هەڵکەوتوو لە چیای میکالی لە ئاسیای بچووک. شارەکانی بەشدار بریتی بوونە لە دوو دورگە بە ناوەکانی خییۆس و سامۆس. شارەکانی‌تر بەگشتی لە قەراخ ئاوەکانی ئاسیای بچووک و بریتی بوونە لە: میلیتۆس، میئۆس، پریئینی، ئێخێئۆس، کۆلۆفۆنا، لێسڤۆس، تێئۆس، کلازۆمێنیس، ئێریترێس و فۆکێئا.

٢- لادی، دورگەیەک لەنێو ئاوەکانی دەریای ئێژەدا.

ژمارەی سەرجەمی گەمییەکانی جەنگی لەو دەڤەرە گەیشتە سێسەد و پەنجا و سێ تریئیری (گەمی جەنگی کە خاوەن سێ ریز پاروژەنە).

**[٩]** ئەوە باسێک سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی هێزەکانی یوونی بوو. ژمارەی هێزە دەریاییەکان بەربەر دەگەیشتە شەش سەد گەمی جەنگی. ناوگانی بەربەرەکان وەختێک گەیشتە قەراخ شاری میلیتۆس، خێرا هێزەکانی خۆیان دابەزاند و لە دەشتاییدا ئامادەی شەڕ بوون. سەرکردەکانی پارس زانیاری تەواویان سەبارەت بە هێزەکانی دەریایی یوونی‌یەکان پێگەیشتبوو. بۆیە بە گەیشتنی ئەو زانیارییانە تووشی ترس و دڵەڕاوکە هاتن و لەوە نیگەران بوون کە نەتوانن دوژمن شکست بدەن و ئەگەر لە دەریاوە تێکبشکێن و نەتوانن شاری میلیتۆس داگیر بکەن، دەکەونە بەر غەزەب و سزای داریوش. لەبەر ئەو ترسە، سەرکردەکانی پارس خێرا بەدوای کۆمەڵێک حوکمڕانی یوونی‌یاندا نارد کە پێشتر ئاریستاغۆراس لەسەر کاری لابردبوون و ئەوانەش پەنایان بۆ میدیاکان (پارسەکان) بردبوو و لەو شەڕەدا دژی میلیتۆسی‌یەکان بەشدار ببوون.

پارسەکان بەو حوکمڕانانەیان گووت: "یوونی‌یەکان! وەختی ئەوە هاتووە خزمەتێکی گەورە بە داریوش بکەن. هەرکام لە ئێوە دەبێ هەوڵبدا هاوڵاتییانی خۆی لەو هاوپەیمانییە دوورخاتەوە. بەڵێنیان پێبدەن کە شۆڕشی ئەوان جیا لە وێرانی هیچ بەرهەمێکی‌تری لێناکەوێتەوە. هەروەها دڵنیایان بکەن کە ئێمە ملک و ماڵ و پەرستگەکانیان ناسووتێنین و وەک پێشوو لەگەڵیان هەڵسوکەوت ناکەین. ئەگەر ئەو بەڵێنانە قبوڵ نەکەن و پێداگربن لەسەر خواستەکانیان، دواتر ئاکامی شەڕیان بۆ روون دەبێتەوە. پێیان بڵێن ئەگەر لە شەڕدا تووشی شکست بێن، گشتیان یەخسیر دەکەین، منداڵەکانیان دەخەسێنین و کچەکانیان بۆ هەرێمی ڤاکترا دەنێرین و شوێنی ژیانیشیان بە خەڵکانی‌تر دەبەخشن".

**[١٠]** پارسەکان بەو چەشنە لەگەڵ حوکمڕانە دەرکراوەکان قسەیان کرد. ئەو حوکمڕانانە کاتێک شەو داهات، هەرکەسە پەیامێکی بۆ هاوشارییەکانی خۆی

نارد. یوونی‌یەکان پەیامی ئەوانەیان پێگەیی، بەپێچەوانەوە پتر روویان لە بەرگری‌کردن لە خۆیان کرد و ئامادە نەبوون خەیانەت بکەن. ئەوەی سەیر خۆی دەنواند، هەرکام لە هێزەکانی یوونی پێیوابوو ئەو پەیامە لەلایەن پارسەکانەوە، تەنیا بۆ ئەوان ناردراوە. ئەوە باسی کۆمەڵێک روداو لەو ماوەیەدا بوون، لەو لاشەوە پارسەکان گەیشتبوونە روبەڕووی شاری میلیتۆس.

**[١١]** ئەو کۆمەڵە سەرکردەیەی هاتبوونە لادی، کۆبوونەوەیەکی گەورەیان رێکخست. خەڵکانی‌تریش قسەیان کرد. سەرکردەی لەشکریی بەناوی دیۆنیسیۆس خەڵکی دەڤەری فۆکی‌ئا لەو کۆبوونەوەیەدا بەو چەشنە ئاخاوت: "ئەی یوونی‌یەکان، ئێمە ئەمڕۆ ملمان لەژێر تیغی گوێزاندا، یا دەبێ بە ئازادی بژین یا کۆیلەتی قبوڵ بکەین، ئەویش ئەو کۆیلانەی رایان‌کردبێ و دوبارە یەخسیر کرابنەوە. ئەگەر ئێوە ئامادەی خۆڕاگری لە هەمبەر دژوارییەکان بن و سەختی و ئازارەکان قبوڵبکەن تەنیا ئەو کاتەیە کە بەسەر دوژمناندا سەردەکەون و پاشەڕۆژ ئازاد و سەربەست دەژین. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە تووشی بێورەیی و بێنەزمی رووتان تێبکا، پێموانییە کە لەدەست ئەو سزایەی داریوش بۆ ئێوەی دیاریکردوە، رزگاریتان بێ. باوەڕ بە قسەکانم بکەن و سەرکردایەتی کاروبارەکان بە من بسپێرن. ئەگەر خواکان بەرحەق بن، یا دوژمنانمان خۆیان لەو شەڕە نادەن یا ئەگەریش ئەو شەڕە بکەن، ئەوە تووشی چارەنووسێکی گەلێک ناخۆش دەبن.

**[١٢]** کاتێک یوونی‌یەکان گوێیان لەو قسانە بوو، دیۆنیسۆس‌یان وەک سەرکردەی خۆیان دیاریکرد. ناوبراو فەرمانی‌دا گشت بەیانییەک گەمییەکان بەشێوەی ستوونێکی درێژ لەنێو دەریادا پێشڕەوی بکەن. بێڵژەنانی ئەو گەمییانە دەسەریان‌کرا بەنۆرە، شێوازی بەرەو پێشچوونی گەمی لەنێو دوو کەشتی دوژمندا فێربن و لێی‌ڕابێن و شەڕکەرانیش خەریکی ڕاهێنان بن، دیۆنیسۆس بەو کارە تەواوی رۆژ یوونی‌یەکانی ناچار بە تێکۆشان کردبوو. حەوت رۆژی رێک بڕیارەکانی ئەو سەرکردە لەشکرییە بەڕێوەچوو، بەڵام رۆژی هەشتەم یوونی‌یەکان لەبەر ئەوەی خوویان بەو شێوە راهێنا سەخت

و دژواره نەگرتبوو، لەژێر گەرمای سوورەتاودا زمانیان لێهاتبۆدەر، دەنگەدەنگی نارەزایەتیان دەستیپێکرد و لەنێو خۆیاندا دەیانگووت: "باشە ئێمە خواستی کام لە خواکانمان بەجێنەگەیاندوە کە ئەمرۆ ئاوا تووشی ئەو بەلایانە هاتووین. ئێمە بە کڕنۆش بۆ دەستووراتی کابرایەکی فۆکیئی کە تەنیا سێ گەمی لەو لایرا هێناوە، خەریکین عەقڵی خۆمان لەدەست دەدەین و بەلارێدا دەچین. ئەو کابرایە ئێمەی لەخزمەت خۆیدا راگرتووە و بەو کارە قورسانە خەریکە بمانکوژێ. هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆرمان نەخۆش کەوتووین و ئەوەیتریش خەریکە تووشی نەساغی بێن. بەڕاستی هەر ئازارێکیتر لەو کوێرەوەرییە خۆشترە. تکایە با گشتمان یەک بگرین و چیتر ئەو شێوە هەڵسوکەوتە قبوڵ نەکەین ".

ئەوە کۆمەڵێک قسە و باسی نێو یوونییەکان بوو و بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەر خۆیان لەو راهێنان و ئامادەکارییە دزییەوە و لەجیات ئەو کارە، وێڕای فەرماندە سەربازییەکان، خۆیان بە دروستکردنی خانوو لە دەشتایی دورگەدا مژوڵکرد. پاش ئەو کارە لەبەر نیسێی دارەکان رادەکشان و ئامادە نەبوون بگەڕێنەوە نێو گەمییەکانی جەنگی و درێژە بە راهێنانی خۆیان بدەن.

**[١٣]** کاتێک سەرکردەکانی لەشکری سامۆس بەو کردارەی یوونییەکانیان زانی، پێشنیارەکانی ئایاکی، کوڕی سیلۆسۆندۆس‌یان پەسند کرد. پارسەکان بە کۆمەڵێک پیشنیار زەختیان لە ئایاکی کردبوو و ئەویش داوای لە شەڕکەرانی سامۆسی کرد پشتی هێزەکانی یوونی بەربدەن.

شەڕکەرانی سامۆسی کاتێک ئەو پەشێوی و بارودۆخە نالەبارەی یوونییەکانیان دیت، بەپیر پێشنیاری ئایاکییەوە چوون. ئەوان بەتایبەتی لەوە گەیشتبوون کە شکستدانی داریوش ئەوەندەش هاسان نییە کە پێشتر بیریان لێکردبۆوە، ئەگەر ئەو هێزە دەریاییانەی ئەمڕۆش تێکبشکێنن، هێزێکی چەند بەرابەر زیادتر لەوە دوبارە دێتەوە مەیدانی شەڕ، بۆیە خێرا هەلەکەیان قۆستەوە و بێمبالاتی و ئاژاوەگێڕی نێوان یوونییەکانیان کردە بیانوو. بەهەرحاڵ سامۆسییەکان مەسلەحەتیان لەوەدا دیت هەرچی خێراتر لەو شەڕە

دوور کەونەوە و بەو شیوەیە هەم خۆیان قوتاربدەن و هەمیش ماڵ و ملک و پەرستگەکانیان لە ئاگری شەڕ بپارێزن. ئەو کابرایە، واتە ئایاکی کە پەیامی بۆ سامۆسی‌یەکان ناردبوو، کوڕی سیلۆسۆندۆس و نەوەی ئایاکی، حوکمڕانی دورگەی سامۆس بوو. سەردەمی خۆی، ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی، ئایاکی[1] حوکمڕان و چەند حوکمڕانێکی‌تری لەسەر دەسەڵات لابردبوو.

**[١٤]** وەختێک فینیقی‌یەکان روویان لە مەیدانی شەڕ کرد، یوونی‌یەکان گەمییەکانی خۆیان بەڕیز و لەدوای یەک بەرەو گۆڕەپانی شەڕ وەڕێخست. ئەو دوو هێزە کەوتنەبەریەک و پێکیاندادا. بەڕاستی نازانم کام دەستە و لەشکری یوونی لەو شەڕەدا جوامێری پتری لەخۆی نیشان‌دا، چونکە گشتیان یەکتریان بە تاوانبار دەزانی. ئەوجۆرەی باسی دەکەن، بەپێی پەیمانی نهێنی سامۆسی‌یەکان لەگەڵ ئایاکی، هێزەکانی ناوبراو بایەوانی کەشتییەکانیان هەڵداوە و گۆڕەپانی شەڕیان چۆلکردوە. بەواتایەک، گشت سامۆسی‌یەکان جیا لە یازدە گەمی جەنگییان، ئەوانیتر مەیدانی شەڕیان چۆلکردوە و بەرەو سامۆس پاشەکشەیان‌کردوە. فەرماندەرانی ئەو یازدە گەمییانە لە مەیداندا مانەوە و بەپێچەوانەی خواستی سەرکردەکانیان زۆرجوامێرانە شەڕیان‌کردوە. دواتر مەجلیسی گشتی سامۆسی‌یەکان، بۆخاتری قارەمانەتی ئەو فەرماندەرانە، بەردەنووسێکیان چەقاند و ناوی ئەو کەسانە و باوکەکانیان لەسەر هەڵکەند. ئەو بەردەنووسە ئەمڕۆ لە مەیدانی نێوەندیی شار بەرچاودەکەوێ.

هێزەکانی لێسقی، لە تەنیشت سامۆسی‌یەکان بوون. کاتێک سەیریان کرد کە سامۆسی‌یەکان رادەکەن، ئەوانیش لە مەیدان چوونەدەر، هەروەک زۆربەی هێزەکانی یوونی‌یش بە هەمان شێوە جوڵانەوە.

**[١٥]** لەو هێزانەی کە لە شەڕی دەریاییدا بەشداربوون، جەنگاوەرانی خییۆسی پتر لە هەمووان تووشی خەسارهاتن و کوژراویان زۆرتر بوو. ئەوانە گەلێک جوامێرانە شەڕیان کرد و بۆ ساتێکیش خۆیان لە بەربەرەکانی نەدزییەوە. هەروەک دەگێڕنەوە، جەنگاوەرانی خییۆسی خاوەن سەد کەشتی جەنگی بوون و

---

١- برای پۆلیکراتیس بووە کە دووری خستبۆوە.

لەسەر هەرکام لەو کەشتییانە چل سەربازی لێهاتوو ئامادەی شەڕ دامەزرابوون. ئەو سەربازانە لە نیزیکەوە خەیانەت بە هاوسەنگەرانی خۆیان دیت، بەڵام هیچکامیان ڕێوشوێنی ترسنۆک و بەزیوەکانیان نەگرتەبەر و هەرچەند بە ژمارە کەم بوون، بەو حاڵەش لە مەیداندا مانەوە و درێژەیان بەشەڕدا. ئەو جەنگاوەرانە هێندە خۆیان بە گەمییەکانی جەنگی دوژمن دادا، کە توانیان ژمارەیەکی زۆریان تێکبشکێنن. هەڵبەت زۆربەی گەمییەکانی خۆشیان لەدەستدا و پاشان بەو چەند گەمییە ساغەی مابوونەوە، بەرەو دورگەی خییۆس گەڕانەوە.

**[١٦]** کۆمەڵێک لە گەمییەکانی شەڕکەرانی خییۆس تووشی زەرەری زۆر هاتبوون و جموجۆڵیان بۆ نەدەکرا و هێزەکانی دوژمن بە هاسانی توانیان لە مەیدان وەدەریان بنێن، بۆیە خێرا پاشەکشەیان کرد و پەنایان بۆ هەرێمی میکالی[1] برد. خییۆسی‌یەکان ئەو گەمییانەیان کێشایە قەراخ ئاو و لەوێ بەجێیان‌هێشتن و خۆیان پیادە ڕێگای ویشکاییان گرتەبەر و چوونە دەڤەری ئێفێسۆس. ئەوانە بەشەو گەیشتنە ئەوێ و ڕاست لەو کاتەدا ژنانی ناوچەکە خەریکی جەژن‌گرتن بۆ خواوەند تێسمۆفۆریا[2] بوون. پیاوانی ئێفێسۆسی هیچ خەبەرێکیان لە بارودۆخ و بەسەرهاتی ئەو شەرکەرانەی خییۆسی نەبوو. پیاوەکان کاتێک چاویان بەو سەربازە چەکدارانە کەوت کە هێرشیان هێناوەتە سەر وڵاتەکەیان، پێیانوابوو چەتەن و بۆ ڕفاندنی ژنەکانیان هاتوون، بۆیە وێڕای گشت دانیشتووانی شاری ئێفێسۆس خۆیان ڕێکخست و بۆ ڕزگارکردنی ژنەکان وەخۆکەوتن و تەواوی سەربازانی خییۆسی‌یان کوشت. ئەوە باسێک لەمەر چۆنییەتی کوژرانی مەلەوانانی شەڕکەری خییۆسی بوو.

**[١٧]** دیۆنیسۆس سەرکردەی لەشکریی و خەڵکی فۆکێئا، کاتێک بارودۆخی یوونی‌یەکانی بەو چەشنە وێران و تێکشکاو دیت، خۆی سێ گەمیی دوژمنی گرتبوو و هەر بەوانەوە گەڕاوە ناوچەی فۆکێئا، چونکە لەوە

١- چیای میکالی لە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک و لە بەرامبەر دورگەی سامۆس.

٢- جێژنێکی کۆن بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ئاتێن و ئێلێفسینا بەڕیوە چووە و تەنیا ژنان و کچان بەشدار بوونە و مەشغەڵی ئاگریان بەدەستەوە گرتووە و بۆ ڕێزلێنان لە خواوەند دیمیترا تێسمۆفۆرۆس بووە.

دەترسا کە ئەویش وێڕای یوونی‌یەکان یەخسیر بکرێ. ئەوجار خێرا بەرەو وڵاتی فینیقی ڕۆیی و لەوێش دەستی بەسەر چەند کەشتییەکی بازرگانی‌دا گرت و غەنیمێکی زۆری وەچەنگ کەوت و دوایە بەرەو سیکێلیا چوو. ناوبراو بۆیە ناوچەی سیکێلیای هەڵبژارد، چونکە لەوێڕا دەیتوانی بەدڵی خۆی راوڕووتی دەریاکان بکا. هەڵبەت هیچکات خۆی لە گەمییە یۆنانیەکان نەدەگەیاند و تەنیا کالخیدۆنی‌یەکان و تیرینۆسی‌یەکانی تالآن دەکرد.

**[١٨]** پارسەکان دوای ئەوەی لە شەڕی دەریایی، لە دژی یوونی‌یەکاندا سەرکەوتن، ئەوجار شاری میلیتۆس‌یان لە دەریا و دەشتاییەوە گەمارۆدا. ئەوان دیوارەکانی شاریان لە بناخەوە کونکرد و کەرستەی جۆراوجۆریان بەکارهێنا. لە ئاکامدا، شەش ساڵ دوای شۆڕشی ئاریستاغۆراس، پارسەکان توانیان ئەو شارە بگرن و وێرانی بکەن.[١] خەڵکی شار بەپانەوە یەخسیرکران و بەو شێوەیە پێشگۆیی خواکان سەبارەت بە خەڵکی میلیتۆس وەڕاست گەڕا.

**[١٩]** کاتی خۆی دانیشتووانی ئارغۆسی داوای ئامۆژگاری‌یان لە نێوەندی ئایینی دێلفوس کردبوو. پرسیاری ئارغۆسی‌یەکان ئەوە بوو کە شارەکەیان چۆن لەدەست وێرانی رزگاربکەن. وڵامی نێوەندی ئایینی دێلفوس پتر سەبارەت بە دانیشتووانی ئارغۆسی بوو و تەنیا چەند وشەیەک باسی میلیتۆسی‌یەکانی دەکرد. ئەوەندەی پێوەندی بە ئارغۆسەوە هەبوو، من لێرەدا لەسەری دەدوێم، دیارە هەرکات وەختی هات. ئەو بەشە لە ئامۆژگاری گۆرین سەبارەت بە میلیتۆسی‌یەکان، بەبێ ئەوەی خۆیان لەو کاتیدا حزووریان هەبێ، ئەوەیە:

*ئەی شاری میلیتۆس، لەو کاتیشدا چەشنی داڕێژەری خەراپییەکان، بۆ زۆر کەس دەبیە مایەی مێوانداری شەو و دیاری و خەڵاتی بەنرخ، ژنانت چەشنی قەرەواش دەبێ سەری منالآنی قژدرێژ بنۆڕن و مەعبەدەکانی ئێمەش لە دیدیما[٢]، بەدەست خەڵکی بێگانەوە ئیدارە بکرێن.*

---

١- شکستی دورگەی میلیتۆس ساڵی ٤٩٤ی پێش زایین بووە.

٢- دیدیما، شوێنیک لە نیزیک شاری میلیتۆس کە مەعبەدی خواوەند ئاپۆلۆنی لێبووە.

ئەو پێشگۆییە سەبارەت بە شاری میلیتۆس وەڕاست گەڕا. چونکە زۆربەی پیاوانی شار بەدەست پارسەکانەوە کوژران، واتە ئەو پارسانەی قژیان درێژ بوو. ژن و منداڵ بەخڕی یەخسیرکران و بوونە کۆیلە و شوێنەکانی ئایینی دیدیما، هەم پەرستگە و هەمیش نێوەندی تاڵەبینی داگیرکران و ئاگریان تێبەردرا. دیارە سەبارەت بە خەزێنەی پارێزراو لەو نێوەندە، پێشتر باسم کردوە.

**[٢٠]** ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە دانیشتووانی میلیتۆسی کە یەخسیرکران، گشتیان بەڕێکرانە شاری شوش. داریوش ئازاری پێنەگەیاندن و تەنیا ئەوەکە هەرهەمووویانی نارده شاری ئاب[1] لە قەراخ دەریای ئێریترە. چۆمی دیجلە بە تەنیشت ئەو شارەدا تێدەپەڕێ و پاشان دەڕژێتە نێو دەریا. پارسەکان شاری میلیتۆس و ناوچەکانی دەوروبەر و دەشتەکەیان بۆخۆیان تەرخان کرد و شوێنە شاخاوییەکانیان دایە کاریەکان و پیداسییەکان.

**[٢١]** میلیتۆسییەکان ئەو گشتە تووشی نەهامەتی و چارەڕەشی بەدەست پارسەکانەوە هاتن، سیڤارییەکان بەڵام، ئەوانەی دانیشتووی لائۆ و سکیدرۆ[2] بوون و پێشتر لە شارەکانیان دەرکرابوون، یارمەتی میلیتۆسییەکانیان نەدا. بەپێچەوانەوە، کاتێک کرۆتۆنییەکان شاری سیڤارییان داگیرکرد، لاوانی میلیتۆسی بەمەبەستی هاودەردی کردن لەگەڵ سیڤارییەکان، قژی سەری خۆیان تاشی و پرسەیەکی گەورەیان دانا. ئەوەندەی من بزانم، هیچکات ئەو دوو کۆمەڵگایە ئەوەندە نیزیکایەتیان لەگەڵ یەکتر نەبووە، وەک لەو کاتەدا هەیانبوو. ئاتێنییەکان، ئەوانیش بەو چەشنە هەڵسوکەوتیان نەکرد. ئاتێنییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پەرۆشی خۆیان لەمەر شکستی شاری میلیتۆس نیشاندا. خەم و پەژارەی ئاتێنییەکان لەبەر ئەو شکستەی شاری میلیتۆس بەڕادەیەک بوو کە کاتێک فرینیخۆس شانۆنامەی گەورەی خۆی سەبارەت بە داگیرکرانی شاری

---

١- ئاب، ئامپە ئا ئامپیس، شارێکی بابیلی لە کەنار روباری دیجلە.

٢- ئەو دورگانە وەک کۆلۆنی و ژێردەستەی سیڤارییەکان لە کەنارئاوەکانی رۆژئاوای ئیتالیا بوون.

میلیتۆس[1] نووسی و هێنایە سەر شانۆ، گشت بینەرانی شانۆ وەگریان کەوتن. تەنیا بۆ ئەو گریانە کە برینێکی نەتەوەیی کولاندبۆوە، فرینیخۆس هەزار دراخم (درهەم) سزادرا و هەر لەو کاتەوە نیشاندانی شانۆکەشی بۆ گشت لایەک لێیاساغ کرا.

**[٢٢]** دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە، شاری میلیتۆس بەتەواوی چۆڵبوو. لە دورگەی سامۆس، ئەوانەی نەختە سامانێکیان هەبوو، کردەوەی سەرکردەکانی لەشکریی خۆیان لەهەمبەر میدیاکان (مەبەست پارسەکانە) بە ناماقوڵ زانی و بۆیە دوای ئەو شەڕە دەریاییە کۆڕی راوێژیان پێکهێنا و بڕیاریاندا بەر لە داگیرکرانی دورگەکە بەدەست میدیاکان و هاتنی ئایاکی، لەوێ کۆچبکەن و لە شوێنێکیتر ئاواییەکی پەنابەرنشین دروستبکەن. راست لەو کاتەدا دانیشتووانی زانگلێیی[2] سەر بە وڵاتی سیکێلیا راسپاردەیان ناردە وڵاتی یوونییەکان و بانگهێشتیان کردن کە لە رۆخەکانی رازاوەی دەریا نیشتەجێ بن و شارێک بۆخۆیان بنیات بنێن. ئەو شوێنە ناسراوە بە رۆخەکانی رازاوە و لە بنەرەتدا مڵکی سیکێلییەکان بوو و بەشێک لەو دورگەیەی پێکدەهێنا و لە روبەڕووی تیرینیا[3] هەڵکەوتبوو. لەنێو خەڵکانی یوونیدا تەنیا دانیشتووانی دورگەی سامۆس و ئەو جەماوەرەی شاری میلیتۆسی چۆڵکردبوو، پێشنیاری راسپاردەکانی زانگلێییان پەسند کرد و بەپیر بانگەوازەکەوە چوون.

**[٢٣]** ئەوەش کورتەباسێک سەبارەت بەو لەشکرکێشییە: ئەو کۆمەڵە خەڵکە سامۆسییەی بۆلای سیکێلیا وەڕێکەوتن، گەیشتنە هەرێمی لۆکرییەکانی[4] نیشتەجێ لە لووتکەکانی ئێپیزێفیریۆس[5]. هاوکات

---

١- فرینیخۆس، تراژێدی نووسی ناسراوی یونانی کە لە سەدەی پێنجی پێش زاییندا ژیاوە.

٢- لە باکووری دورگەی سیکێلیا و لە نیزیک چیایەک ژیاون کە ئەمڕۆ ناسراوە بە پێلۆرە. زانگلی یەکەم ناوی مێسینی بووە. ئەو دورگەیە ژێردەستەی خالکیدا، پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ دورگەی سامۆس بەردەوام پاراست.

٣- تیرینیا، ناوچەیەکی کۆنی ئیتالیا لە باشووری ئەو وڵاتە کە موهاجیرنشینی یونانی بووە.

٤- لۆکری، هۆزێکی موهاجیری یونانی لە قەراخ ئاوەکانی باشووری ئیتالیا کە لە شارێک بەناوی لۆکری ژیاون.

٥- ریزە چیایەک لە باشووری ئیتالیا، ئەمڕۆ ناسراوە بە سپارتیرێنتۆ.

دانیشتووانی زانگلێیی بە پاشایەتی سکیتیس، شارێکی هەرێمی سیکێلیایان گەمارۆدابوو و گەرەکیان بوو، داگیریبکەن. کاتێک ئەناکسیلیۆس، حوکمڕانی ریغیۆس[1] بەو پەلامارەی زانی و خۆیشی کێشەی لەگەڵ زانگلێییەکان هەبوو، خێرا لەگەڵ سامۆسییەکان رێککەوت و رازی کردن دەست لە کەناری رازاوەی دەریا هەڵگرن و لەجیاتی ئەویٚ، هەرێمی زانگلێییەکان داگیربکەن کە لەو وەختەدا پیاوی تێدا نەمابوو. سامۆسییەکان ئەو پێشنیارەیان پەسند کرد و هەرێمی زانگلێییەکانیان داگیرکرد. وەختێک پیاوانی زانگلێیی هەواڵیان پێگەیی کە شارەکەیان داگیرکراوە، بۆ بەرگری کردن گەڕانەوە و لەگەڵ ئیپۆکراتیس، حوکمڕانی ناوچەی یێلاس[2] رێککەوتن و داوای یارمەتییان لە ناوبراو کرد. ئیپۆکراتیس بەبیانووی یارمەتیدانی زانگلێییەکان، هێزەکانی خۆی هێنا ئەو ناوچەیە. ڕاست بەپێچەوانەی پەیمانکە، پاشای زانگلێیی یەخسیرکرد و بیانووشی ئەوە بوو کە بۆچی شارەکەی خۆی لەدەستداوە. ئەو پاشایە و براکەی بەناوی پیتۆیێنی هەردووکیان زنجیر لەپێ ناردرانە شاری ئینیکا. ئیپۆکراتیس ئەوجار لەگەڵ سامۆسییەکانی پەنابەر پێکهات و دوای سوێند خواردن بۆ یەکتر، گشت پیاوانی زانگلێیی رادەستی ئەو سامۆسییانە کرد.

سامۆسییەکان لەبەرامبەر ئەو خزمەتەی ئیپۆکراتیسدا، بەڵێنیان پێدا نیوەی سامانی مەنقوڵ (شیاوی راگواستن) و کۆیلەکانی نێو شار و ملّک و ماڵی دێهات و شار بۆ ئەو بێ. ئەو هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی شاری بردە لای خۆی و چەشنی دیل و یەخسیر زنجیری لەپێکردن و سێسەد کەسیشی لە گەورەپیاوانی شار دایەدەست سامۆسییەکان بۆوەی بیانکوژن، هەرچەند سامۆسییەکان قەت ئەو خواستەیان بەجێنەگەیاند.

---

١- ریغیۆس، شارێکی ئیتالیای کۆن، هەڵکەوتوو لە نیزیک تەنگەبەرایی میسین و لە سەدەی هەشتی پێش زایین دروستکراوە.

٢- لە باشووری سیکێلیا هەڵکەوتووە.

**[٢٤]** سکیتیس حوکمڕانی زانگلێییەکان، توانی لە شاری ئینکا رابکا و بگاتە شاری ئیمێرا[١] و لەوێشەوە بەرەو ئاسیا بچێ و تەسلیمی داریوش بێ. داریوش لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو حوکمڕانە راستگۆترین یۆنانی بووە کە تا ئێستا چووەتە خزمەتی. سکیتیس کاتی خۆی لەسەر ئیزنی داریوش گەڕابۆوە هەرێمی سیکێلیا و لەوێشەوە دوبارە هاتەوە لای پاشا. پارسەکان فرە ڕێزیان لە سکیتیس گرت و لە سەردەمی پیریشدا، تا کاتی مردن لەلای ئەوان مایەوە. سامۆسی‌یەکان وەک باسمکرد، لەدەست میدیاکان رایانکرد و بەبێ شەڕ و پێکدادان خۆیان لەدەست تێداچوون نەجاتدا و لە شاری زانگلی نیشتەجی بوون.

**[٢٥]** دوای شەڕی دەریایی کە بۆخاتری شاری میلیتۆس قەوما، فینیقی‌یەکان بە فەرمانی پارسەکان، ئایاکی کوڕی سیلۆسۆندۆس‌یان وەک حوکمڕانی دورگەی سامۆس هێناوە سەر دەسەلات. ئایاکی خزمەتێکی زۆری بە پارسەکان کردبوو. لەنێو ئەو خەڵکانەی دژی داریوش راپەڕیبوون، تەنیا دانیشتووانی سامۆس توانیان شار و پەرستگەکانیان لەبەرامبەر سووتان و وێرانی رزگاربکەن، چونکە ئەوان لە سەرەتای شەڕدا گەمییەکانیان لە گۆڕەپانی شەڕ بردەدەر و هەڵاتن. پارسەکان هەردوای داگیرکردنی شاری میلیتۆس، خێرا دەستیان بەسەر شاری (کاریا)دا گرت. بەشێک لە خەڵکی ئەو شارە بەخواستی خۆیان تەسلیم بوون و بەشێکی‌تریش بەزەبری شەڕ و لێدان ناچارکران خۆیان بەدەستەوە بدەن.

**[٢٦]** ئیستیێئۆسی، خەڵکی میلیتۆس لە کاتی قەومانی ئەو کۆمەڵە رووداوانە لە ناوچەی بیزانس دەژیا. ناوبراو دەستی بەسەر چەند کەشتییەکی بازرگانی یوونی‌یەکان لە تەنگەبەرایی دەریای رەش واتە پۆندۆس‌دا گرت. وەختێک لە ئاکامی شەڕەکە ئاگاداربۆوە، سەرکردایەتی و چاوەدێری هەرێمی دەریای رەشی (ئێلیس‌پۆندۆس) بە ڤیساڵتیس خەڵکی

---

١- ئیمێرا، یەکێک لە شارەکانی کۆنی سیکێلیا، لە باکووری ئەو نیمچە دورگەیە کە لە سەدەی حەوتی پێش زاییندا دروستکراوە.

ئاڤیدۆس و کوڕی ئاپۆلۆفانیس ئەسپارد و خۆی لەگەڵ دانیشتووانی دورگەی لێسڤۆس بەرەو دورگەی خییۆس وەڕێکەوت. پادگانی نیزامی دورگەی خییۆس ڕێگای دابەزین و هاتنە ژوورەوەی بە ئیستییئۆس نەدا و شەڕ لە شوێنێکی ئەو دورگەیە بەناوی کیلا دەستی پێکرد. ژمارەیەکی زۆر لە نیزامیانی دورگەی خییۆس کوژران. ئیستییئۆس ئەوجار بە یارمەتی لێسڤۆسییەکان توانی شاری پۆلیخنی[1] هەڵکەوتوو لەو دورگەیە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. دانیشتووانی دورگەی خییۆس پێشتر لە شەڕی دەریاییدا زیانێکی زۆریان وێکەوتبوو، بۆیە ئیستییئۆس ئاوا بەڕاحەتی توانی سەرتاسەری خاکی دورگەکە داگیربکا.

**[٢٧]** ئەگەر قەراربێ شارێک یا نەتەوەیەک تووشی نەهامەتی بێ، نیشانەکانی ئەو لێقەوماوییە پێشتر خۆیان نیشان دەدەن. دورگەی خییۆس، ئەویش بەر لەو تووشبونە ئیشارەکانی پێگەیشتبوو. چونکە کاتی خۆی کۆڕێکی سەد کەسی لە گۆرانیبێژی لاو بۆ نێوەندی ئایینی دێلفوس بەڕێکران و لەوانە تەنیا دوو کەسیان بەسلامەتی گەڕانەوە دورگەی خییۆس و نەوەد و هەشت کەسەکەیتر گشتیان تووشی نەخۆشی تاعون هاتن و مردن. هەروەها ڕاست لەو سەردەمەدا و بەر لە شەڕی دەریایی، بینای قوتابخانەیەک بەسەر قوتابیاندا رووخا. قوتابیان لەوکاتیدا مژووڵی فێربوونی ئەلفوبێ بوون و لە سەد و بیست مناڵ تەنیا یەک کەسیان بەسلامەتی دەرچوو. ئەوە کۆمەڵێک ئیشارات و نیشانەبوون کە خواکان بۆ مرۆڤەکانیان نارد. لەگەڵ قەومانی ئەو ڕووداوانەی باسم لێوەکردن، ڕاست لەو وەختەدا شەڕی دەریایی دەستیپێکرد و دورگەی خییۆس وەک پاڵەوانی زۆرەوانی پشتی وەلەرزین کەوت. ئەوەش بەس نەبوو کە ئیستییئۆس بەیارمەتی شەڕکەرانی لێسڤۆسی لەولاوە هات و لەبەر ئەوەی خەڵکی خییۆسی تەواوێک ئازاری شەڕیان پێگەییبوو، ناچاربوون لەڕێوە خۆیان تەسلیمی ئەوانە بکەن و ناوبراو بە هاسانی دورگەکەی داگیرکرد.

---

١- پۆلیخنی، شاریکی کۆن لە دورگەی خییۆس لە دەریای ئێژە.

**[٢٨]** دوای داگیرکردنی دورگەی خییۆس، ئەوجار ئیستییئۆس ژمارەیەکی زۆری لە شەڕکەرانی یوونی و ئیئۆلی هەڵگرت و پەلاماری دورگەی تاسۆسیدا. کاتێک ناوبراو ئەو دورگەیەی لە گەمارۆخست، هەواڵی پێگەیی کە فینیقییەکان بەمەبەستی داگیرکردنی پاشماوەی شارەکانی یوونی، لە شاری میلیتۆسەوە وەڕێکەوتوون.

هەواڵی ئەو هێرشە وەختێک بە ئیستیئۆس گەیشت، خێرا دەستی لە گەمارۆی دورگەی تاسۆس هەڵگرت و بە لەشکرەوە بەرەو دورگەی لێسڤۆس کەوتەڕێ. دیارە ئەوەش بگووترێ کە پیاوانی ژێر حوکمی ناوبراو تووشی مەترسی قاتوقڕی و برسییەتی هاتبوون، ناچار دەستی لە دورگەی لێسڤۆس هەڵگرت و بەرەو ناوچەی پڕ گەنم و بەروبوومی ئاتارنیئا و دەشتی کاییکۆس، هەڵکەوتوو لە هەرێمی میسیا چوو. بەهەڵکەوت لەو ناوچەیە و لەو شوێنەی ئیستییئۆس رووی تێکردبوو، لەشکری پارس بەناوی ئارپاغۆس بە سپایەکی بەهێزەوە گەیشتبووە ئەوێ. راست لەو وەختەدا کە ئیستییئۆس و هێزەکانی لە کەنار دەریا دابەزین، لەگەڵ لەشکری پارس کەوتنەبەریەک. ئیستییئۆس لەو شەڕەدا بەدیل گیرا و بەشی هەرەزۆری هێزەکانی لەنێوچوو.

**[٢٩]** ئیستییئۆس بەو شێوەیە یەخسیرکرا: پارسەکان و یوونییەکان لە ناوچەی مالینی سەر بە هەرێمی ئاتارنیئا، کەوتنەبەریەک و شەڕی نێوانیان ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. لەکۆتاییدا، پارسەکان هێزی سوارە نیزامی خۆیان کە تا ئەو کاتە لە شەڕگە دوور راگرتبوو، ناردە سەر یۆنانییەکان. کاتێک ئەو هێزە سوارەیە هاتە مەیدان، جەنگاوەرانی ئیستییئۆس بڵاوەیانکرد. ناوبراو سەرەڕای ئەو شەڕانەی دژی پارسەکان کردبووی، دڵی بەوە خۆش بوو کە پاشای پارس لێیخۆش دەبێ. هەڵبەت وەک غەریزەیەکی ئینسانی کاتێک مرۆڤ ناچارە لەنێوان مەرگ و ژیاندا یەکیان هەڵبژێرێ، ئیستییئۆس، ئەویش وەختێک دیتی دەرەتانی رزگاربوونی بۆ نەماوە، شەڕکەری پارس پێشی پێگرتووە، خێرا خۆی ناساند و گووتی کە ئیستییئۆسی خەڵکی میلیتۆسە.

**[٣٠]** ئەگەر ئەو کاتەی ئیستیێئۆس‌یان گرت، خێرا و زنجیر لەپێ بەڕێیانکردبا بۆ لای داریوش، بەباوەڕی من نەدەکوژرا و پاشا لێیخۆش دەبوو. بەڵام بۆوەی ئیستیێئۆس جارێکیتر بەرپرسایەتییەکی گرینگی پێنەدرێت و بەسزای خۆیشی گەیشتبێ، ئارتافێرنیسی حوکمڕانی شاری سارد و ئارپاغۆسی یەخسیرکەری ئیستیێئۆسی، هەرکە ناوبراو گەیشتە شاری سارد بەپەلە چوارمیخیان کرد و کوشتیان. ئەوجار بە فەرمانی ئارتافێرنیس سەری ئیستیێئۆس لێکراوە و پاش مومیایی کردن ناردرا خزمەت داریوش پاشا لە شاری شوش. داریوش دواتر بکەرانی ئەو کردەوەیەی سزادا، چونکە ئیستیێئۆس‌یان بە زیندووی نەبردبووە لای ئەو. داریوش فەرمانیدا سەری ئیستیێئۆس بشۆن و کفنی بکەن و وەک هەرکەسێکیتر کە خزمەتی گەورەی بە پارسەکان کردوە، بەڕێز و حورمەتەوە بینێژن.[١] ئەوە چارەنووسی ئیستیێئۆس بوو.

**[٣١]** هێزی دەریایی پارسەکان دوای ئەوەی وەرزی زستانی لە قەراخ شاری میلیتۆس تێپەڕکرد، ساڵی دوایی ڕێگای بەحری گرتەوەبەر و بەئسانی و بێ گرفت دورگەکانی نیزیک لە ئاوەکانی داگیرکرد.

ئەو دورگانە بریتی بوون لە خییۆس، لێسڤۆس و تێنێدۆس[٢]. بەربەرەکان کاتی داگیرکردنی هەر دورگە بەو چەشنە خەڵکیان یەخسیردەکرد. سەربازانی لەشکری بەربەر بەڕیز دەستی یەکتریان دەگرت و لە باکوورەوە بۆ باشووری دورگە، بازنەیەکیان پێکدەهێنا تا دەگەیشتنە کەنار ئاو. ئەوجار پێکەوە و هاوکات پێشڕەوییان دەکرد و ئەو بازنە سەربازییە وێکدەهاتەوە و سەربازان سەرتاسەری پانتایی دورگەیان دەپێوا. هیچکەس لە دانیشتووانی دورگە لەو داوە ڕزگاری نەدەهات و چەشنی ڕاوی ماسی بە تۆڕ بوو. بەربەرەکان توانیان

---

١- ئەو کابرایە لەکاتی پاشەکشەی داریوش لە وڵاتی سکیتی، نەیهێشتبوو پردی ئیسترۆ بروخێنن.

٢- تێنێدۆس، یەکێک لە دورگەکانی یونانی لە نیزیک کەنارئاوەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک و لە باشووری داردانێل.

شاره یوونی یەکانی کەنار دەریا و دەشتاییەکان داگیربکەن، بەڵام نەیانتوانی گشت دانیشتووان بەدیل‌بگرن، چونکە بۆیان نەلوا.

**[٣٢]** سەرکردەکانی لەشکریی پارس هەڕەشەکانی خۆیان لەبیر نەچۆوە کە کاتی خۆی لە یوونی‌یەکانیان کردبوو، بەتایبەت ئەو سەردەمەی پەلامارەکانیان دەست پێکرد. ئەوانە هەر شارێکی داگیریان کردبا، جوانترین کوڕەکانیان هەڵدەبژارد و پاشان دەیانخەساندن. جوانترین کچە عەلاوەکانیشیان کۆدەکردەوە و لەگەڵ کوڕانی خەساو بۆ بارەگای پاشایەتی دەیانناردن. جیا لەو کردەوانە، شار و مەعبەدەکانیان وێران دەکرد و ئاگریان تێبەردەدان. یوونەی‌یەکان بەو شێوەیە و بۆ جاری سێهەم تووشی کۆیلەتی هاتن. جاری یەکەم بەدەست لیدی‌یەکان و دوو جاری دواییش بەهۆی پارسەکانەوە کۆیلەکران.[١]

**[٣٣]** ناوگانی دەریایی پارسەکان لە وڵاتی یوونی‌یەوە پێشڕەوی کرد و گشت ناوچەکانی کەنار دەریایان داگیرکرد. ئەو شارانە لەلای چەپی دەریاوە هەڵکەوتبوون، واتە لەو جێگایەی کە پیاو دێتە ژوورەوەی هەرێمی ئێلیس‌پۆندۆس. ناوچەکانی قۆڵی راست پێشتر لە رێگای ویشکاییەوە بۆی هاتبوون و دەستیان بەسەردا گیرابوو. ناوچەکانی ئوروپایی سەربە ئێلیس‌پۆندۆس لە خێرسۆنیسۆس کە خاوەن کۆمەڵێک شارە، پێرینتۆس، قەڵاکانی تراکی، سیلیمڤریا[٢] و بیزانس پێکهاتوون. بیزانسی و دراوسێکانی روبەڕوویان واتە کالخیدۆنی‌یەکان چاوەڕوانی گەیشتنی کەشتییەکانی جەنگی فینیقیاییان نەکرد و خۆیان وڵاتیان چۆڵکرد و بەرەو قەراخ ئاوەکانی ئێڤکسینۆپۆندۆس (دەریای رەش) رایانکرد و لە شاری مێسیمڤریا نیشتەجێ‌بوون.

فینیقی‌یەکان سەرەتا ئەو هەرێمانەی پێشتر باسم لێوەکردن، وێرانیان کردن و ئاگریان تێبەردان و ئەوجار بەرەو ناوچەی پرۆکۆنیسۆس[٣] و

---

١- پارسەکان بۆ یەکەمجار شارەکانی یوونی‌یان دوای شکستی کریسۆس داگیرکرد.

٢- سیلیمڤریا، یەکێک لە شارەکانی کۆنی تراکی، هەڵکەوتوو لە کەنارئاوەکانی دەریای مەرمەرە.

٣- پرۆکسێنیۆس، یەکێک لە دورگەکانی دەریای مەرمەرە، هەڵکەوتوو لە باکووری رۆژئاوای کیزیک.

ئارتاکی پێشڕەوییان کرد. سەرەتا ئەو شارانەیان ئاگرتێبەردا و پاشان دوبارە بەرەو ناوچەی خێرسۆنیسۆس گەڕانەوە دواوە. ئەوان مەبەستیان لەو گەڕانەوەیە، وێرانکردن و سووتاندنی ئەو کۆمەڵە شارە بوو کە لە لەشکرکێشی پێشوودا رزگاریان هاتبوو. فینیقی‌یەکان بەرەو شاری کیزیکۆس نەچوون، لەبەر ئەوەی کە دانیشتووانی ئەوێ پێش پەلاماری فینیقی‌یەکان بۆسەر هەرێمی ئێلیس‌پۆندۆس، ئیتاعەتی خۆیان بۆ پاشای پارس راگەیاندبوو. جەماوەری ئەو شارە بەپێی رێککەوتنێک کە لەگەڵ حاکمی شاری داسکیلیۆس بەناوی ئیسڤاریسی کوڕی مێغاڤازۆس هەیانبوو، لەو شەڕ و سووتمانە نەجاتییان هات. تەواوی شارەکانی‌تری خێرسۆنیسۆس، جیا لە کاردیا، کەوتنە ژێردەستی فینیقی‌یەکان.

**[٣٤]** حوکمڕانی سەرەڕۆی ئەو کۆمەڵە شارانە تا ئەو کاتە میلتیادیس، کوڕی کیمۆنۆس و نەوەی ستیساغۆراس بوو. هەڵبەت پێشتریش کەسێکی‌تر هەر بە ناوی میلتیادیس، کوڕی کیپسێلۆس بووە، فەرمانڕەوایی ئەو شارانەی کردوە. ئەوانە بەو چەشنە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو شارانەدا سەپاند. لە سەردەمێکدا هەرێمی خێرسۆنیسۆس لەژێر حوکمی دۆلۆنگی‌یەکاندا بوو کە بە رەگەز هۆزێکی تراکی بوون. ماوەیەک دواتر ئەو هۆزە لە شەڕێکدا لەگەڵ ئاپسینیتی‌یەکاندا تووشی شکست هات. پاشای دۆلۆنگی‌یەکان لەگەڵ کۆڕێک لە پیاوانی ژێردەستی، خێرا خۆیان گەیاندە نێوەندی ئایینی دێلفوس بۆوەی سەبارەت بەو شەڕە مشورێک لەگەڵ کاهێنانی ئەوێ بکەن. خواوەند پیتیا پێشنیاری پێکردن کە هەرکات یەکەم کەس بانگهێشتی ماڵی خۆی کردن، دواتر لەگەڵ خۆتان بیبەنەوە وڵاتەکەتان بۆوەی ئاواییەکی پەنابەرنشین لەوێ دروست‌بکا. دۆلۆنگی‌یەکان بەڕێگای پیرۆزدا وەدەرکەوتن. ئەو رێگایە بە شارەکانی فۆکیدا و (ڤی‌ئۆتیا)دا تێدەپەڕین. هیچکەس خوڵقی نەکردن و دۆلۆنگی‌یەکان ناچاربوون بەرەو شاری ئاتێن بڕۆن.

**[٣٥]** لەو سەردەمەدا پیسی‌ستراتۆس خاوەن دەسەڵاتی تەواو بوو، بەڵام هاوکات میلتیادیس کوڕی کیپسێلۆس، ئەویش حوکمی دەڕۆیی و بنەماڵەکەی

خاوەن کۆمەڵێک فایتوونی چوارئەسپە بوو. ناوبراو لە نەوەکانی لیاکۆسی خەڵکی ئێیینا بوو، واتە ئەو کەسەی دواتر بەهۆی فیلیئۆسی کوڕی ئایانداس ببوو بە ئاتێنی. بنەماڵەی میلتیادیس لەمێژ نەبوو لە ئاتێن نیشتەجێ ببوون.

لەهەر حاڵدا، میلتیادیس لەبەر درگای ماڵەکەی دانیشتبوو و دۆلۆنگیەکان بە جلوبەرگی بیانی و نێزە بەدەست کە وێدەچوون خەڵکی ئەو دەڤەرە نەبن، بەوێدا رابردن و میلتیادیس بانگهێشتی ماڵەوەی کردن. ئەوانیش میوان بوون و وەژوور کەوتن. ئەوانە دوای زیافەت باسی پێشگۆیی و ئامۆژگارییەکانی نێوەندی دێلفوسیان بۆ میلتیادیس کرد. ناوبراو باوەڕی بە قسەی میوانەکان کرد و پێشنیارەکەیانی بە گرینگ زانی. ئەو لە حوکمڕانی پیسیستراتۆس بێزار بوو و دەیویست بەو شێوەیە خۆی لەدەست ئەو رزگار بکا.

میلتیادیس بۆوەی لەمەر پێشگۆیی دۆلۆنگییەکان دڵنیابێ، خۆی سەردانی نێوەندی ئایینی دێلفوسی کرد. ئەو گەرەکی بوو لەو نێوەندە بپرسێ کە ئاخۆ بە مەسڵەحەتە وڵامی ئەرێنی بە خواستی دۆلۆنگییەکان بداتەوە.

**[٣٦]** خواوەند پیتیا جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی میلتیادیس. میلتیادیس کوڕی کیپسێلۆس، لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا خەڵاتی ئاژۆتنی فایتوونی چوارئەسپەی وەرگرتبوو، بۆیە بەمەبەستی راپەڕاندنی ئەرکی پێئەسپێردراو، ئەو کۆمەڵە خەڵکە ئاتێنییەی ئامادە بوون لەگەڵی بچن، کۆیکردنەوە و لەشکرێکی لێ سازکردن و لەگەڵ دۆلۆنگییەکان رێگای دەریایان گرتەبەر و حوکمڕانی وڵاتەکەیانی وەستۆگرت.

یەکەم کاری کە میلتیادیس دەبوایە بیکا، دروست کردنی حەسارێک بۆ جیاکردنەوەی خێرسۆنیسۆس لە هەرێمی کاردیا تا دەگەیشتە ناوچەی پاکتیئیس بوو. مەبەست لەو کارە، ئەوە بوو کە ئاپسینتییەکان پەلامار بدەن و هەرێمی ئەوان وێرانبکەن. ئەو دیوارە خاوەن بەرینایی سی و شەش ستادیۆ بوو. لەو دیوارە بەولاوە، مەودای نێوەوەی خێرسۆنیسۆس چوارسەد و بیست ستادیۆ بوو.

**[٣٧]** کاتێک میلتیادیس ئەو دیوارەی بەدەوری خێرسۆنیسۆس‌دا کێشا، ئیتر لەدەست هێرشی ئاپسینتی‌یەکان نەجاتی هات و ئەوجار شەڕی دژی لامپساکینی‌یەکان دەست‌پێکرد. لامپساکینی‌یەکان بۆسەیان بۆ میلتیادیس داناوە و بەو شێوەیە بەزیندوویی گرتیان. میلتیادیس هێندێک پێوەندی لەگەڵ کریسۆسی لیدیایی هەبوو. کریسۆس کاتێک خەبەری گیرانی میلتیادیسی پێگەیی، پەیامێکی بۆ لامپساکینی‌یەکان نارد و داوای ئازاد کردنی ناوبراوی لێکردن. کریسۆس لەو پەیامەدا گوتبووی ئەگەر لامپساکینی‌یەکان نەخوازن میلتیادیس ئازاد بکەن، وەک داری کاج هەڵیان‌دەپەرتێوێ. لامپساکینی‌یەکان بۆیان ببوو بە پرسیار کە ئەو هەڕەشەیەی کریسۆس دەبێ چ مانایەکی هەبێ، واتە ئەوان وەک داری کاج هەڵدەپەرتێوێ. یەکێک لە پیرەپیاوانی لامپساکینی گووتی کە لەنێو گشت دارێکدا تەنیا داری کاجە کە ئەگەر هەڵیپەرتێوی، تازە چەگەرە دەرناکا و ویشک هەڵدەگەڕێ. لامپساکینی‌یەکان لەو هەڕەشەیەی کریسۆس ترسان و میلتیادیس‌یان ئازادکرد.

**[٣٨]** بە یارمەتی کریسۆس، میلتیادیس ئازاد کرا و بێ ئەوەی جێنشینێکی هەبێ. هەربۆیە گشت مڵک و سامانەکەی بە دایک براکەی خۆی بەناوی ستیساغۆراس، کوڕی کیمۆنۆس بەخشی.

دوای مەرگی میلتیادیس، خەڵکی خێرسۆنیسۆس نەریتێکیان رەچاوکرد. نەریتی رێزگرتن لە بنیاتنەرانی شارەکان، بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک قوربانی پێشکەش بە ناوبراو کرا. جیا لەو قوربانییانە، ژمارەیەک کێبەرکێی سوارکاری و زۆرەوانی پێکهات و بڕیاردرا هیچکەسی لامپساکینی بەشدار نەبێ. زۆری پێنەچوو، شەڕ لەگەڵ لامپساکینی‌یەکان دوبارە دەستی پێکردەوە و ئەوجار ستیساغۆراسی بێ وەرەسە کوژرا. یەکێک لە شەڕکەرانی لامپساکینی واینواند کە لە بەرەی دوژمن رایکردوە و پەنای بۆ هێزەکانی ستیساغۆراس هێناوە. ئەو شەڕکەرە حیللەگەر بوو و کاتێک فرسەتی دەسکەوت، لە نێوەندی ئیداری شار بیورێکی لەسەری ستیساغۆراس راکێشا و کوشتی.

**[٣٩]** وەختێک ستیساغۆراس بەو شێوەیە کوژرا، خانەدانی پیسیستراتۆس، میلتیادیس کە کوڕی کیمۆنۆس و برای ستیساغۆراس بوو، بەگەمی ناردیانە خێرسۆنیسۆس بۆوەی حوکمڕانی ئەوێ بەدەستەوە بگرێ. پیسیستراتۆسییەکان حورمەتێکی زۆریان بۆ میلتیادیس هەبوو، هەرچەند ناوبراو باوکی خۆی واتە کیمۆنۆسی کوشتبوو، ئەوان گرینگییان بەوە نەدا و من لە جێگایەکیتر باسی دەکەم.

میلتیادیس گەیشتە خێرسۆنیسۆس و لەماڵی خۆی دانیشت و پرسەی سەرەخۆشی دانا، بۆوەی شەریکەخەمی براکەی واتە ستیساغۆراس بێ. کاتێک ئەو هەواڵە بە خەڵک گەیشت، گەورە پیاوانی خێرسۆنیسۆس نوێنەرانیان لە تەواوی شارەکان بانگهێشت کرد و پێکەوە چوونە ماڵی میلتیادیس تا هەستی هاوخەمی خۆیان دەرببڕن و لە پرسەکەدا بەشداربن. میلتیادیس خێرا ئەو نوێنەرانەی گرت و دەستبەسەری کردن و بەو شێوەیە هەرێمی خێرسۆنیسۆسی داگیرکرد. ناوبراو سپایەکی لە پێنجسەد سەربازی جیرەخۆر رێکخست و هەروەها لەگەڵ ئیغیسیپیل، کچی پاشای تراکی بەناوی ئۆلۆرۆس زەماوەندی کرد.

**[٧٠]** کاتێک میلتیادیس کوڕی کیمۆنۆس هاتە خێرسۆنیسۆس بەرەوڕووی گرفتی ناخۆشتر بۆوە کە تا ئێستا باسم کردون. سێ ساڵ پێشتر، لەدەست سکیتییەکان رزگاری هاتبوو و هەڵاتبوو. ئەو سکیتییانەی لە داریوش توڕە ببوون، خۆیان رێکخستبۆوە و پەلاماری هەرێمی خێرسۆنیسۆسیان دابوو و تا قوڵایی خاکی ئەو دەڤەرە پێشڕەوییان کردبوو. میلتیادیس بەو پیلان و هێرشانەی نەزانیبوو و هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی نەکردبوو، بۆیە خێرا رایکرد. کاتێک سکیتییەکان لە خێرسۆنیسۆس رۆیشتن، ناوبراو گەڕاوە ئەو هەرێمە. دیارە ئەوەش بڵێم کە دۆلۆنگییەکان بەدوای ئەودا چوون و هێنایانەوە سەر دەسەڵات. ئەو رووداوانە سێ ساڵ بەر لە حوکمڕانی ئێستای ناوبراودا قەومان.

**[٤١]** میلتیادیس وەختێک هەواڵی پێگەیی کە فینیقی‌یەکان گەیشتوونەتە تێنێدۆ، پێنج گەمی تری‌ئیری (سێ ڕیز بێڵژەن لە هەر لایەکی گەمی دادەنیشن) پڕ لە دارایی و سامانی خۆی کرد و بەرەو ئاتێن رۆیی. ناوبراو لە شاری کاردیا وەڕێکەوت و بە کەنداوی (مێلانا)دا تێپەڕی و لەکاتی دەربازبوون بە ئاوەکانی خێرسۆنیسۆس‌دا تووشی پەلاماری فینیقی‌یەکان هات. میلتیادیس خۆی و چوار گەمی رزگارکرد و توانی بگاتە ئیمڤرۆس. گەمی پێنجەم کەوتە دەست فینیقی‌یەکان و گشت مەلوانانی ئەو گەمییە یەخسیرکران. کاپیتانی ئەو گەمییە بە هەڵکەوت کوڕە گەورەی میلتیادیس بە ناوی میتیۆخۆس بوو. دایکی میتیۆخۆس، هەمان ئیغیسیپیلی کچی ئۆلۆرۆسی پاشای تراکی بوو. پاشای تراکی ئەو کچەی لە ژنێکی‌تر هەبوو. فینیقی‌یەکان دوای ئەوەی کوڕەیان یەخسیرکرد، بردیانە بەردەم پاشای گەورە. ئەوان پێیانوابوو کە پاشا سەبارەت بەو کارەیان دەسخۆشییان پێدەڵێ، چونکە کاتێک سکیتی‌یەکان بە یوونی‌یەکانیان گوتبوو پردی سەر چۆمی ئیسترۆس (دانوب) بروخێنن و بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، میلتیادیس رازی ببوو و داوای لە یوونی‌یەکان کردبوو، پێشنیاری سکیتی‌یەکان پەسند بکەن. بەڵام بەپێچەوانەی حەزی فینیقی‌یەکان، میتیۆخۆس کوڕی میلتیادیس نەک هەر ئازارێکی لەلایەن پاشاوە پێنەگەیی، بەڵکوو گەلیک حوڕمەتی بۆ داندرا. پاشا قەسر و مڵک وماڵێکی زۆری پێبەخشی و ژنێکی پارسیشی بۆ هێنا. میتیۆخۆس لەو ژنە پارسە بوو بە خاوەن چەند مناڵ و گشتیان وەک پارس حیسابیان بۆدەکرا. لەو لاشەوە میلتیادیس توانی لە شاری ئیمڤرۆس‌ڕا بگاتە ئاتێن.

**[٤٢]** لەو ساڵەدا، پارسەکان هیچ هێرشێکی تریان دژی یوونی‌یەکان نەکرد، بەپێچەوانەوە، چەند خاڵێکی چاکسازییان لەمەر رەوشی یوونی‌یەکان رەچاوکرد.

حوکمڕانی شاری سارد، ئارتافێرنیس کۆمەڵێک لە نوێنەرانی شارەکانی یوونی بانگهێشت کرد و ناچار بە رێککەوتنێکی کردن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، نوێنەرانی یوونی بۆیان نەبوو لەوە بەدوا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نێوانیان، دەست بۆ چەک بەرن و پەلاماری هەڤدوو بدەن و یەکتری تاڵان بکەن.

ئارتافێرنیس ئەو یاسایەی بەسەر یوونی‌یەکاندا سەپاند. ئەو هەروەها دەستی بە پێوانی پانتایی وڵاتی یوونی‌یەکان بە پێوانەی فەرسەخی پارسی کرد کە بەرابەری سی ستادیۆی یۆنانی بوو. کاتێک پێوانی پانتایی کۆتایی پێهات، ئەوجارماڵیاتی بۆ دیاری کردن. ئەو یاسایە لەو کاتەوە کە ئارتافێرنیس بەسەر خەڵکدا سەپاندی، تا سەردەمی منیش بەردەوام بەڕێوە چووە. ئارتافێرنیس لەڕاستیدا هەمان ڕێژەی ماڵیاتی دیاریکرد کە بەر لەو لەگۆڕێدا بوو.

## یەکەم لەشکرکێشیدژی وڵاتی یۆنان

**[٤٣]** ئەو کۆمەڵە بڕیارە ئاشتیخوازانەیە لە یوونیا بەڕێوەچوون. لە دەسپێکی وەرزی بەهاردا،[١] پاشا سەرکردەکانی پارسی لەسەرکار لابرد و ماردۆنیۆس، کوڕی غۆڤری‌ئاسی (گۆڤری‌ئاس) وەک فەرماندە، بە لەشکرێکی تەیار و کەشتیگەلیەکی گەورەوە رەوانەی ناوچە کرد. ماردۆنیۆس گەنج بوو و تازە لەگەڵ کچی داریوش، واتە ئارتوزۆسترا زەماوەندی کردبوو. کاتێک ماردۆنیۆس بە سپاوە گەیشتە وڵاتی کیلیکیا، سواری گەمییەکی‌تر بوو و لەگەڵ ناوگانی دەریایی درێژەی بە رێگادا. پاشان فەرماندەکانی هێزەکانی پیادەیان بەرەو هەرێمی ئێلیسپۆندۆس وەڕێخست. لێرەدا باسی بابەتێکی سرنجڕاکێش بۆ یۆنانی‌یەکان دەکەم و رەنگە بەلایانەوە سەیر بێ کە کەسێک بەناوی ئۆتانیس لەنێو لیژنەی حەوت کەسیدا بڵێ پێویستە دەسەڵاتێکی دیمۆکراتییانە لە وڵاتی پارس دامەزرێ. بەپێی ئەو بۆچوونە حوکمڕانە سەرەڕۆکان لەسەر حوکم لادەبردران و دیموکراسی و ئازادی باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا دەکێشا.

ماردۆنیۆس درێژەی بە رێگادا و گەیشتە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس. کاتێک گشت هێزەکانی دەریایی و پیادە لەو شوێنە کۆبوونەوە، ئەوجار بە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس‌دا دەرباز بوون و کەوتنە نێو خاکی ئوروپا و هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ئێرێتری‌یاس و ئاتێن.

---

١- ساڵی ٤٩٢ی پێش زایین.

**[٤٤]** لەشکرکێشی بۆسەر ئەو دوو شارە لەڕاستیدا مەبەستێکی رواڵەتی بوو. پارسەکان لەژێرەوە پیلانی دەست بەسەر داگرتنی پتری شارەکانی یۆنانییان لە مێشکدا دەپەروەراند. ئەوان سەرەتا پەلاماری دورگەی تاسۆس‌یاندا،[١] لەبەر ئەوەی دانیشتووانی ئەو دورگەیە هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆیان لەخۆیان نیشان نەدا، پارسەکان بە زەبری دەریایی خێرا داگیریان‌کرد و ئەوجار لەشکری پیادەیان خەریکی یەخسیرکردنی مەقدونی‌یەکان بوو و گشتیان خستنەسەر ئەو گەلانەی کە پێشتر ناچار بە کڕنۆش کرابوون. هەڵبەت تا ئەو کاتە گشت هۆز و نەتەوەکانی دراوسێی ئەوبەری مەقدونی‌یەکان ناچار بە پەیڕەوی کردن کرابوون .

پارسەکان لە دورگەی تاسۆس‌ڕا[٢] وەڕێکەوتن و بەقەراخ ئاوەکانی هەرێمی (ئاکانتۆ)دا[٣] پێشڕەویان کرد. پاشان لە ئاکانتۆڕا بەرەو شاخەکانی ئاتۆس چوون و دەوری ئەو ریزەچیایەیان‌دا. راست لەو کاتەدا کە پارسەکان خەریکی دەوردانی چیای ئاتۆس بوون، تۆفانێک لەلای باکوورەوە هەڵیکرد و بەخێرایی سەرسوڕهێنەر پارسەکانی خستە بەر شەپۆلەکانی دەریا و گرفتێکی فرەی بۆ دروستکردن و بەشێکی گرینگ لە گەمییەکانی ئەوانی لە رەوەزەکانی ئەو چیایە کوتا. پارسەکان لەو رووداوەدا نیزیکەی سێسەد گەمییان تێکشکا و زیادتر لە بیست هەزار سەربازیان کوژرا. لەنێو ئاوەکانی دەریای تەنیشت چیای ئاتۆس، کۆمەڵێک ماسی خوێنخۆر دەژین. زۆربەی پارسەکان بوونە خۆراکی ئەو ماسییانە و ژمارەیەکیشیان لە رەوەزەکان کوتران و گیانیان لەدەستدا. ئەو بەشە لە سەربازان کە مەلەیان نەدەزانی و لەنێو ئاوەکاندا بوون، خنکان و بەشێکیش لە سەرمان رەقهەڵاتن.

**[٤٥]** ئەوە چارەنووسی سپای پارس لەو لەشکرکێشییە دەریاییەدا بوو. هاوکات لەگەڵ قەومانی ئەو کۆمەڵە رووداوانە، ماردۆنیۆس لەگەڵ لەشکری

---

١- تاسۆس، یەکێک لە دورگەکانی دەریای ئێژە، هەڵکەوتوو لە قەراخ ئاوەکانی وڵاتی تراکی.

٢- ئاتۆس، نیمچە دورگەیەکی کوێستانی کە بەهۆی دۆڵێکی بەرتەسکەوە تێکەڵ بە نیمچە دورگەی گەورەی سارۆنیک دەبێتەوە.

٣- لە قەراخ ئاوەکانی خالکیدیکی.

پیادە بەرەو مەقدونییە چوون. لە کاتی شەودا ڤیرغییەکانی وڵاتی تراکی پەلاماری ناوبراو و لەشکرەکەیاندا. ڤیرغییەکان زۆربەی پارسەکانیان کوشت و ماردۆنیۆسیان بریندار کرد. سەرەڕای ئەو شەڕانە، ڤیرغییەکان نەیانتوانی لەژێر نیری دەسەڵاتی پارسەکان رزگارییان بێ، چونکە ماردۆنیۆس ئەو شوێنانەی گرتبووی، چۆڵی نەکردن. ماردۆنیۆس پاش داگیرکردنی ئەو وڵاتە و دوای ئەوەی تووشی شەڕی ڤیرغییەکان هات و ناوگانی دەریاییەکەی بە لەشکرەوە کەوتە بەر پەلاماری تۆفان و شەپۆلەکانی دەریا لە دەوری چیای ئاتۆس، ناچاربوو لەگەڵ پاشماوەی سپاکەی بگەڕێتەوە دواوە. بەوجۆرە دوای سەرنەکەوتنی لە لەشکرکێشی و وێرانبوونی قەوارەی سپاکەی، بەرەو ئاسیا ڕێی گرتەوە بەر.

**[٤٦]** ساڵێک دوای ئەو شەڕە،[١] داریوش فەرمانی دەسەر دانیشتووانی دورگەی تاسۆس کرد کە دیواری شورەی شار لە بناغەوە بڕوخێنن و گەمییەکانیان بنێرنە ئاڤدیرا. هۆی دەرچوونی ئەو فەرمانە ئەوە بوو کە خەڵکانی دراوسێی دورگەی تاسۆس دەیانگووت کە دانیشتووانی ئەو شارە بەتەمای سەرهەڵدانن و بەو قسەیە داریوشیان وەدڵەخورپە خستبوو. لەلایەکیترەوە، دانیشتووانی دورگەی تاسۆس کە ماوەیەک کەوتبوونە بەر گەمارۆی ئیستییئۆسی میلیتۆسی و ئازارێکی زۆریان پێگەییبوو، خاوەن سامان و مڵکێکی فرە بوون و بەشی زۆریان بۆ دروست کردنی شورەی شار و کڕینی گەمییە جەنگیەکان خەرجکردبوو، بۆیە بەو فەرمانە گەلێک قەڵسبوون. داهاتی دانیشتووانی تاسۆس پتر لەو کەنارە دوردەستانە دەست دەکەوت کە کانزاکانی لێهەڵکەوتبوون. تاسۆسییەکان لە کانزاکانی ناوچەی سکاپتیسئیلیس[٢] هەشتا تالاند زێڕیان لەساڵدا دەرهێنا. هەروەها لە کانزاکانی نێوەندی دورگەی تاسۆس، قەیاسێکی تۆزێک کەمتر لەوە وەگیردەکەوت. داهاتەکە ئەوەندە زۆر بوو کە خەڵکەکە لەبەر ئەوەی ماڵیاتی کەلوپەل و

١- لە ساڵی ٤٩١ی پێش زایین.

٢- یەکێک لە شارەکانی کۆنی وڵاتی تراکی، لە نیزیک بەندەری ئاڤدیرۆس یا ئابیدەر.

پێداویستییەکانیان نەدەدا، ساڵانە دووسەد تاڵاندیان لەو خاک و کانزایە بۆ دەمایەوە. داهاتی ئەو خەڵکە لە ساڵانی پڕدەراماتدا خۆی لە سێسەد تاڵاندیش دەدا.

**[٤٧]** من خۆم چاوم بەو کانزایانە کەوت. لە گشتیان گرینگتر ئەوانە بوون کە فینیقی‌یەکان دۆزیبوویاننەوە. هەمان ئەو کۆمەڵە فینیقی‌یەی کە لەگەڵ تاسۆس چەشنی کۆچەر بەمەبەستی دروست کردنی شارێک هاتبوونە ئەو دورگەیە (دورگەکە بە ناوی تاسۆس کراوە کە خۆی بە رەگەز فینیقیایی بووە). ئەو کانزایانەی کە فینیقی‌یەکان دۆزیاننەوە، لە نێوەندی دورگە و روبەڕووی سامۆتراکی، لەنێوان ناوچەکانی ئێنیرا و کینیرا هەڵکەوتوون. ئەو کانزایانە چەشنی دوو کێوی گەورەن و هەناویان بەمەبەستی دەرهێنانی زێڕ هەڵکۆڵدراوە.

**[٤٨]** دانیشتووانی دورگەی تاسۆس ناچار بە جێبەجێ‌کردنی فەرمانی داریوش بوون و دیوارەکانیان روخاند و پاپۆڕەکانیان بۆ ئاڤدیرا بەڕێکرد. لەدرێژەدا داریوش گەرەکی بوو بزانێ یۆنانییەکان بیر لە چی دەکەنەوە، ئایا دەخوازن دژی ئەو شەڕ بکەن یا تەسلیم دەبن. ناوبراو بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک راسپاردەی ناردە شارەکانی کەنار دەریا و نێوەندی خاکی یۆنان. خواستی داریوش لەمەر ناردنی ئەو ڕاسپاردانە ئەوە بوو کە داوای ئاو و خاک لە یۆنانییەکان بکەن. داریوش هەروەها وەفدی‌تری ناردە شارەکانی کەنار دەریا بۆوەی ماڵیات و خەراجی ساڵانە کۆبکەنەوە. ناوبراو دەسەر خەڵکی کردبوو کە ژمارەیەک گەمی تایبەت بۆ راگواستنی ئەسپ دروست بکەن.

**[٤٩]** کەرستەی دروستکردنی ئەو گەمییانە ئامادەکرا. لەو نێوەدا یۆنانییەکانی ئەو هەرێمە و گشت ئەو دورگانەی کە راسپێردراوەکانی داریوش سەردانیان کردبوو، فەرمانبەری خۆیان راگەیاند. دەگووترا کە تەواوی دورگەکان و بەتایبەتی ئێیینی‌یەکان خاک و ئاویان پێشکەش بە داریوش کرد. کاتێک ئاتێنی‌یەکان بەو کردەوەیەی ئێیینی‌یەکانیان زانی، پێیانوابوو بەمەبەستی دژایەتی لەگەڵ ئەوان ئەو کارە کراوە و گەرەکیانە

ڕەگەڵ لەشکری پارس بکەون و پەلاماری شاری ئاتێن بدەن. ئاتێنی‌یەکان تەواوێک لە ئێیینی‌یەکان قەڵسبوون و ئەوەش بووە هۆی بیانوویەک دژی ئەوان و ئاتێنی‌یەکانی خۆشحاڵ کرد. ئاتێنی‌یەکان خێرا راسپاردەیان ناردە شاری سپارت و تاوانی خەیانەت بە یۆنانیان وەپاڵ ئێیینی‌یەکاندا.

**[٥٠]** لەبەرامبەر ئەو خۆبەدەستەوەدانەدا، پاشای سپارت، کلیۆمێنیس کوڕی ئەناکساندرۆس خۆی بەرەو هەرێمی ئێیینا چوو. ناوبراو گەرەکی بوو ئەو کەسانەی پتر لە خەڵکانی‌تر سەبارەت بەو کردەوەیە تاوانبار بوون، سزابدا. کاتێک کلیۆمێنیس دەستبەکار بوو، زۆربەی دانیشتووانی ئێیینی بەرگریان لەخۆیان نیشاندا و بەتایبەتی کریسۆس، کوڕی پۆلیکریتۆس، دژی ناوبراو راوەستا. کریسۆس لە وڵامی کلیۆمێنیسدا گووتی ئیزنی پێنادا تەنانەت یەک کەسیش لە دانیشتووانی ئێیینی سزابدا. ئەو هەروەها کلیۆمێنیسی بەوە تاوانبارکرد کە بەبێ ڕەزامەندی و بڕیاری لیژنەی باڵای سپارتی‌یەکان و تەنیا بە مەیلی خۆی خەریکی ئەو کارەیە، بۆوەی پاداشیک لە ئاتێنی‌یەکان وەربگرێ. ئەگەر ئەوە بڕیاری گەورەپیاوانی سپارت بوایە، دەبوو پاشایەکی سپارتی بۆ جێبەجێکردنی کارەکە لەگەڵ کلیۆمێنیس هاتبا. کریسۆس بۆیە ئەو قسانەی کرد، چونکە پێشتر نووسراوێکی لەلایەن دیماراتۆس پێگەییبوو. کلیۆمێنیس، دوای دژکردەوەی ئێیینی‌یەکان ناچاربوو خێرا لە هەرێمی ئێیینا بڕوا. ناوبراو بەر لە رۆیشتن رووی لە کریسۆس کرد و لێی پرسی ناوت چییە؟ کریسۆس خۆی ناساند. کلیۆمێنیس ئەوجار پێیگووت: "شاخەکانی سەرت لە ئاسن دروست بکە کریسۆس! چونکە تووشی گرفتێکی گەورە دێیت ".

**[٥١]** دیماراتۆس[١] کوڕی ئاریستۆنۆس، ئەو کاتە لە سپارت دەژیا و خەریکی هاندانی خەڵک دژی کلیۆمێنیس بوو. دیماراتۆس، ئەویش هەروەها پاشای سپارت بوو. هەرچەند خانەدانی پاشایەتی ناوبراو لەگەڵ خانەدانی کلیۆمێنیس خاوەن بنەچەکەی هاوبەش و بەرابەر و وەک یەک بوون،

---

١- پاشای سپارتی لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشی پێش زایین.

دیماراتۆس کەمتر قەدری دەگیرا و مافی مەزنایەتی هی ئەو کەسە بوو کە لە خانەدانی ئێڤریس‌تێنیس وەپاش‌کەوتبا و بۆیە کلیۆمێنیس پتر قەباڵەی دەخوێندرایەوە.

**[٥٢]** لاکێدێمۆنی‌یەکان بەبێ ئەوەی لەگەڵ شاعیران هاوڕابن، پێیانوایە ئاریستۆدیمۆسی[١] کوڕی ئاریستۆماخۆس، نەوەی کلیۆدێئۆس و نەتیجەی غللۆس وەختێک پاشای ئەوان بووە، خۆی گشتیانی بەرەو ئەو وڵاتە هێناوە و لەوێ نیشتەجێی کردون، نەک وەرەسەکانی ئەو.

وەک دەگێڕنەوە ئارغیبیا ژنی ئاریستۆدیمۆس، کچی ئاڤتێس‌یۆنۆسی کوڕی تیسامێنۆس و نەوەی تێرساندرۆس و نەتیجەی پۆلینیکی ئاوس‌بووە. ئارغیبیا دوو منالّی جمکی بە زگێک بوو. ئاریستۆدیمۆس تەنیا ئەوەندە پێڕاگەیی کە چاوێکی بە منالّەکان بکەوێ. ناوبراو لەجێوە نەخۆش کەوت و مرد. پاش مەرگی ئاریستۆدیمۆس، لاکێدێمۆنی‌یەکان بەپێی یاسا و رێسا خۆیان بڕیاریان دەدا گەورەترین منالّ وەک پاشا دیاری‌بکەن. ئەوان کێشەیان ئەوە بوو کە کام یەک لەو منالّە جمکانە وەک پاشا هەڵبژێرن، چونکە وێکدەچوون و بالاّیان بەقەرا یەک بوو. لەبەر ئەوەی نەیانتوانی یەکێک لەوانە دیاری‌بکەن، دەڵێن کە پرس بە دایکی کوڕەکان کراوە. ئارغیبیا لە وڵامی لاکێدێمۆنی‌یەکاندا گوتوویەتی کە ئەویش ناتوانێ هیچکامیان هەڵبژێرێ و دیاری بکا کامیان گەورەترە. ئەوە وڵامی دایک بوو، هەرچەند دەیزانی کامیان بەر لەوەی‌تر چاوی بە دنیا پشکوتووە. ئەو جیا لەو وڵامە، داوای لە لاکێدێمۆنی‌یەکان کرد هەر دوو منالّ وەک پاشا وەبەرچاو بگرن. لاکێدێمۆنی‌یەکان تووشی سەرسوڕمان هاتن و نەیاندەزانی چی‌بکەن و بۆیە خێرا راسپاردەیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس بۆوەی پرسیار لە زانایانی ئەوێ بکەن و ئامۆژگارییەک وەربگرن. خواوەند پیتیا لە وڵامی راسپاردەکانی لاکێدێمۆنی‌دا، پێشنیاری پێکردن هەر دوو منالّەکە وەک پاشا دیاری‌بکرێن، بەڵام رێزی پتر لە منالّی یەکەم بگرن، واتە ئەوەی زووتر لە دایک بووە. ئەوە وڵامی پیتیا بوو. لەبەر ئەوەی تێکۆشانی لاکێدێمۆنی‌یەکان بە ئەنجامێک نەگەیی، کابرایەکی پیری خەڵکی

---

١- پاشای سپارتی لە سەدەی دوازدەی پێش زاییندا.

مێسینی بەناوی پانیتیس ڕێگا چارەیەکی پێشنیارکرد کە بەو شێوەیە بوو: پێویستە چاوەدێری منداڵەکان بکرێت و بزانن دایکی ئەو منداڵانە کامیان بەر لەوەی‌تر شیر دەدات و دەیشواتەوە. هەرکات دەرکەوت کە دایک یەکێک لەوانە خێراتر لەوەی‌تر تاقەت دەکا، ئیتر پێویست بە لێکۆڵینەوەی زیادتر ناکا. بەڵام ئەگەر ڕوونبۆوە کە دایکی منداڵان خاوەن هەڵسوکەوتی دیار نییە و هەرجارێ بەنۆرە یەکیان بەر لەوەی‌تر تاقەت دەکا، شک لەوەدا نییە کە ئەویش وەک خەڵک جیاوازییەک لەو بارەوە دانانێ و پێویستە ڕێگەچارەیەکی‌تر ڕەچاوبکرێت.

لاکێدێمۆنی‌یەکان پێشنیاری ئەو کابرا مێسینی‌یە، واتە پانیتیس‌یان پەسندکرد و دایکی منداڵەکانی ئاریستۆدیمۆس‌یان خستە ژێرچاوەدێری و بەسەرسوڕمانەوە دیتیان کە دایکیان لە کاتی شوشتنەوە و شیردانی منداڵەکاندا، بەردەوام یەکیان وەپێش ئەوەی‌تر دەخات. هەڵبەت ژنە نەیدەزانی ئەو بۆچی خراوەتە ژێر چاوەدێری. لاکێدێمۆنی‌یەکان ئەوجار ئەو منداڵەیان وەک کوڕی گەورە دیاریکرد کە بەرلەوەی‌تر تاقەت دەکرا. خێرا بردیانە نێوەندی پەروەردەی بارەگا. ناویان لێنا ئێڤریس‌تێنیس و ئەوەی بچووکیش پرۆکلیس. دەگێڕنەوە کە ئەو دوو برایە کاتێک باڵغ بوونە، بەردەوام شەڕ و کێشەیان لەنێواندا هەبووە و دوژمنایەتی هەڤدوویان کردوە و تەواوی تەمەنیان بەو چەشنە ڕابواردوە. دواتریش منداڵ و نەوەکانیان درێژەیان بەو دوژمنایەتییە داوە.

**[٥٣]** لەنێو گشت یۆنانی‌یەکاندا، تەنیا لاکێدێمۆنی‌یەکان بەو شێوەیە باسی ئەو بەسەرهاتە دەکەن. ئێستا باسی ئەوە دەکەم کە یۆنانی‌یەکانی‌تر چییان‌گوتووە: یۆنانییەکان بەشێوەیەکی دروست باسی شەجەرەی پاشاکانی دووری تا دەگاتە پێرسێ‌ئاس، واتە کوڕی دانائیس دەکەن، هەڵبەت جیا لە باوکی خوا[١] هەمووی ئەوانیتر بە یۆنانی دەناسن. من پشتم بە ڕەگەزنامەی ئەوانەوە تا پاشایەتی پێرسێ‌ئاس بەستووە و نەپرژاومەتە سەر ئەوانی‌تر. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لەو ڕەگەزنامەیەدا باسی هیچ ناوێک ناکرێ کە باوکی پێرسێ‌ئاس بێت. ناوی باوکی ئیراکلیس هاتووە و پێی‌گوتراوە ئامفیتری‌ئۆن.

١- خواوەند دیا.

تا دەگەینە پێرسێئاس پێموایە زانیارییەکانم دروستن. ئەگەر کەسێک بخوازێ بەرەو ژوورتر هەڵکشی و رەگەزنامەی دانائیس، کچی کریسیۆس بکات، دەردەکەوێ کە رێبەرانی دووری لە بنەچەکەوە میسری بوونە.

**[٥٤]** ئەوە بۆچوونی یۆنانییەکان لەمەر رەگەزنامەکەیان بوو، بەڵام بە بۆچوونی پارسەکان، پێرسێئاس بەڕەگەز ئاسووری بووە[١] و دواتر بووەتە یۆنانی و لەڕاستیدا ئەژدادی ناوبراو یۆنانی نەبوونە. پارسەکان لەو بارەوە ئەوەش دەڵێن کە وەرەسەکانی ئاکریسیۆس[٢] هیچ چەشنە خزمایەتییەکیان لەگەڵ پێرسێئاس نەبووە و بەوپێیە لەگەڵ یۆنانییەکان هاوڕان و دەڵێن ئەو جێنشینانە میسری بوونە.

**[٥٥]** ئەوە باسێک سەبارەت بەو رەگەزنامەیە بوو. ئێستا ئەوە کە پاشاکانی سپارتی لە بنەچەکەوە میسری بوونە و چۆن توانیویانە پاشایەتی دووری‌یەکان بکەن، خەڵکانی‌تر بە تێروتەسەلی لەسەریان نووسیوە و پێویست بە لێدوانی پتری من ناکا. من گەرەکمە باسی ئەو کەسانە بکەم کە خەڵکانی‌تر هیچیان لەبارەوە نەگوتووە.

**[٥٦]** ئەو کۆمەڵە مافە تایبەتییانەی دانیشتووانی سپارتی بە پاشاکانی خۆیان داوە، دەخوازم لێرەدا لەسەریان بدوێم: پاشای ئەوانە لە راستیدا خاوەن دوو پلەی پیرۆز بووە. یەکەمیان پیرۆزایەتی خواوەند دیای لاکێدێمۆنی‌یەکان و دووهەم خواوەند دیای ئورانۆس (ئاسمان). ئەو پاشایانە لەگەڵ هەر وڵاتێک گەرەکیان بێ، دەتوانن شەڕبکەن و هیچکام لە سپارتی‌یەکان بۆی نییە دژ بەو بڕیارە بوێستێ و ئەگەریش خەڵک لەو کارە خۆی ببوێرێ، ئەوا دژایەتییان چەشنی بێحورمەتی بە پیاوانی ئایینی چاولێدەکرێ. لەنێو سپادا، پاشاکان لە ریزی پێشەوە دەڕۆن و دوای گشت لایەک پاشەکشە دەکەن. لە کاتی شەڕدا سەد پیاوی هەڵبژاردە، کۆمەڵەی پاسەوانانی پاشا پێکدێنن. پاشاکان لە

---

١- لە میتۆلۆژی یونانیدا، پێرسێئا زاوای پاشای ئاشووری بەناوی کیفێئا بووە و پاش رزگارکردنی ناوبراو، ئەوجار کچی ئاندرۆمیدای لەخۆی مارە کردوە.

٢- پاشای ئارغۆسی لە نەوەکانی ئێژیپتۆس.

لەشکرکێشی‌دا چەندەی مەڕ و ماڵات بخوازن، هەڵدەگرن و وەختی قوربانی پێشکەش کردن، تەواوی کەوڵەکان بۆ ئەوان دەبێ.

**[٥٧]** ئەوە کۆمەڵێک مافی تایبەت بۆ پاشاکان لەکاتی شەڕدا بوون. هەڵبەت لە سەردەمی ئاشتی و هێمنایەتیدا چەند مافێکی‌تریان هەیە: ئەگەر ئاژەڵێک بە بۆنەیەکەوە قوربانی بکرێت و میوانداری لەسەر بدرێت، پاشاکان بەرلە میوانەکان دادەنیشن و خواردنی ئەوان بەرلە میوانان دەدرێت. بەشە خۆراکی پاشاکان دوو بەرابەری میوانانە. لە ڕێورەسمی خواردنەوەی شەرابی نۆبەرە بەسڵامەتی خواکان، سەرەتا پاشاکان دەستپێدەکەن و لێرەش کەوڵی قوربانییەکان بۆ ئەوان دەبێ. ڕۆژی یەکەم و حەوتەمی هەر مانگ دەرکەوتنێک، خەڵک بۆ هەریەک لەو پاشایانە ئاژەڵێکی ساغ و سڵامەت پێشکەش دەکەن، بەتایبەت بۆوەی بیکاتە قوربانی بۆ خواوەند ئاپۆلۆن. هەروەها یەک مێدیمنۆ[١] ئارد و یەک تێتارتی لاکۆنی[٢] شەڕابیشی پێدەدرێ.

لە گشت کێبەرکێ و کایەکاندا، باشترین جێگا بۆ پاشاکان تەرخان دەکرێت. هەڵبژاردنی کۆنسول ئەرکی ئەوانە و لەنێو دانیشتووانی شاردا هەرکەسێکیان بەدڵ بێ، بۆ ئەوکارە دیاری‌دەکەن. هەرکام لەو پاشا کاهێنانە بۆیان هەیە دوو کەس وەک ڕاوێژکار هەڵبژێرن. ئەو ڕاوێژکارانە بەرپرسی مشورکردن و پێشگۆیین و دەچنە نێوەندی ئایینی دێلفوس. خەرجی ئەوانەش وەک خەرجی پاشاکان لەلایەن خەڵک و حکوومەتەوە دابین دەکرێ. ئەگەر پاشاکان لە میوانارییەکی گشتیدا بەشداری نەکەن، بۆ هەر کامیان یەک خینیکس[٣] ئارد و یەک قوتیل[٤] شەڕاب دەنێرن. هەرکات بەشداریش بن، ئەوە بۆ هەرکامیان بەشە خۆراکی دوو کەسان دادەندرێت. کاتێک کەسێک ئەوانە بانگهێشتی ماڵەوە بکا، دەبێ هەمان یاسا بەڕێوەبەرێ. پێشگۆیی خواکان سەبارەت بە شارەکانی ژێردەسەڵاتی پاشاکان دواتر دەدرێتە دەست

١- بەرابەری ٥١ لیتر و ١ دیسیلیتر.
٢- بەرابەری ٧٠ لیتری ئەورۆ.
٣- بەرابەری ١ لیتر و ١دیسیلیتر و هەشت لە دەی سانتیلیتر.
٤- بەرابەری ١ دیسیلیتر و ٢٧ سانتیلیتر.

راوێژکاران و بە ئەمانەتەوە دەپارێزرێن و خەزنە دەکرێن. دەسەڵاتی دادوەری پاشاکان تەنیا لە چەند بارێکەوە سنوورداره، ئەگینا بۆ گشت بوارێکیتر تەنیا سەرچاوەی بڕیاردەرن.

ئەگەر باوکێک لە سەردەمی ژیاندا، دەزگیرانی بۆ کچەکەی خۆی دەسنیشان نەکردبێ و ئەو کچە تەنیا میراتگری باوک بێ، هەڵبژاردنی مێرد بۆ ئەو کیژە دەکەوێتە ئەستۆی پاشا (کاهێن). پێڕاگەیشتن بە گشت کاروباری پێوەندیدار بە ڕێگاکانی گەورەی حکوومی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەو. هەروەها ئەگەر کەسێک بخوازێ منداڵێک بە فەرزەندی قبوڵ بکا، ڕێورەسمی وەرگرتنی منداڵ پێویستە بە حزووری پاشاوە بەڕێوە بچێ. پاشاکان لە مەجلیسی گەورە پیاواندا بەشدار دەبن. ژمارەی ئەندامانی ئەو مەجلیسە بیست و هەشت کەسە. ئەگەر بەهەڵکەوت پاشاکان نەتوانن بەشداربن، کەسانی ئەندامی مەجلیس کە خزمی نیزیکی ئەوانن، دەبنە خاوەن سێ دەنگ، یەکیان هی خۆیانە و دووانەکەیتریش لە جیاتی پاشا هەژمار دەکرێن.

**[٥٨]** ئەوانە کۆمەڵە ڕێزلێنانێکی سپارتییەکان لە پاشاکانیان بوون. کاتێک ئەو پاشایانە دەمرن، پاش ئەوان ریزە یاسایەکیتر بۆ حورمەتگرتن رەچاودەکرێن و ئێستا باسیان دەکەم. ژمارەیەک سوارکاری لاکۆنی ئەو هەواڵە بە سەراسەری وڵات رادەگەیێنن. لە سپارت ژنان وەدەردەکەون و بە کۆڵان و ڕێگاکاندا دەخولێنەوە و دەهۆڵ دەکوتن. وەختێک ئەو خەبەرە بە خەڵک گەیشت، لە هەرماڵێک دوو کەس بە مەیلی خۆیان، یەک پیاو و یەک ژن، جلی پرسە دەپۆشن. ئەگەر ئەو کارە نەکەن، تووشی سزای توند دەبنەوە. دابونەریتی لاکێدێمۆنییەکان لە کاتی مردنی پاشاکاندا وەک دابی خەڵکانی بەربەر وایە، چونکە ئاسیاییەکان لە وەختی ئەوتۆدا هەمان ریورەسم بەڕێوە دەبەن. کاتێک پاشایەکی لاکێدێمۆنی دەمرێ، جیا لە سپارتییەکان، ژمارەیەکی دیاریکراو لە لاکێدێمۆنییەکانی سەراسەری وڵات لە ڕێورەسمی بەخاک سپاردندا بەشدار دەبن. ئەو خەڵکانە و کۆیلەکان و سپارتییەکان چەند هەزار کەسێک دەبن و لە شوێنێکی دیاریکراودا

کۆدەبنەوە و گشتیان، ژن و پیاو نێوچاوانی خۆیان بریندار دەکەن و بەردەوام هاواردەکەن کە ئەو کەسەی مردوە باشترین پاشا بووە و شینی بۆ دەگێڕن. ئەگەر پاشاکە لە شەڕدا کوژرابێ، وێنەکەی دەکێشنەوە و لەکاتی بەخاک سپاردنیدا، جەنازە لەسەر کۆڵێک پارچەی نرخدار دادەنێن و بەرەو گۆرستانی دەبەن. دوای ناشتنی پاشا، مەیدانی نێوەندی و بازاڕ بۆ دە ڕۆژ دادەخرێ و هیچ مامەڵەیەک ناکرێ و هەروەها هەڵبژاردنی پیاوانی ئیداریش رادەگیرێ. بەوە دەڵێن: دە ڕۆژ پرسەی سەراسەری.

**[٥٩]** لاکێدیمۆنی‌یەکان لەو چەند نەریتەدا وەک پارسەکان دەچن: کاتێک پاشایەک وەک جێگری ئەوەی مردوو، هاتە سەرتەخت، لە قەرزی سپارتی‌یەکان بە پاشای کۆن یا بە حکوومەتەکەی خۆش‌دەبێ. لەنێو پارسەکانیشدا، وەختێک پاشای نوێ دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، گشت ئەو شارانەی تا ئەو کاتە نەیانتوانیوە خەراجی ساڵانە بە حکوومەت بدەن، وەبەر لێخۆشبوون‌دەکەون.

**[٦٠]** لاکێدیمۆنی‌یەکان لەگەڵ میسری‌یەکانیش خاوەن نەریتی هاوشێوەن. لەنێو هەردوو خەڵکدا پیشەکانی جاڕچییەتی، بلوێرژەنی و تەباخی لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە. لە پیاوی بلوێرژەن (فلاوت‌ژەن) کوڕی بلوێرژەن هەڵدەکەوێ و لە پیاوی چێشتکەر، کوڕی ئاشپەز و لە جاڕچی، کوڕی جاڕچی وەپاشدەکەوێ. ڕەنگە خەڵکانی‌تر هەبن کە دەنگیان بەرز بێ، بەڵام لەبەر ئەوەی نابێ ڕێگە لە پیشەی کوڕی جاڕچی بگرن، بۆیان نییە ئەو کارە بکەن. ئەوە تەنیا پیشەی باوکی کوڕە بووە و بەمیرات بۆ ئەو ماوەتەوە. ئەوانە کۆمەڵە دابونەریتێک بوون کە لە سەرەتاوە بەو چەشنە دیاریکراون.

**[٦١]** لەو سەردەمەدا کە کلی‌ئۆمێنیس لە ناوچەی ئێیینا بوو و بۆ بەرژەوەندی یۆنانی‌یەکان تێدەکۆشا، دیماراتۆس دژی ئەو دەجولایەوە، هەڵبەت نەک بۆخاتری بەرژەوەندی دانیشتووانی ئێیینی، بەڵکوو لەڕووی ئێرەیی بردن و دوژمنایەتی کردنەوە بوو. بۆیە کاتێک کلی‌ئۆمێنیس لە شاری (ئێیینا)وە گەڕاوە، بڕیاری‌دا دیماراتۆس لەسەر دەسەڵات لابەرێ. لەو کاتەدا

هەلومەرجێک هاتەپێش کە بیانوو و فرسەتی لەباری بۆ جێبەجێ کردنی ئەو خواستە رەخساند: ئاریستۆن پاشای سپارت هەرچەند خاوەن دوو ژن بوو، تا ئەو کاتە بە وەجاغکوێری مابۆوە و منالّی نەبوو. ئەو دەیزانی کە خۆی هیچ نەخۆشییەکی نییە، بۆیە بیری لە زەماوەندی سێهەم کردەوە. ناوبراو دۆستێکی سپارتی هەبوو کە لە گشت سپارتییەکانی خۆشتر دەویست. ژنی ئەو کابرایە جوانترین ئافرەتی سپارتی بوو، هەڵبەت لە سەردەمی منالّیدا بۆ ناحەزی و روخساری ناشیرین ناوبانگی دەرکردبوو. دایانی ئەو کیژە وەختێک دیتی کە میراتگری بنەماڵەیەکی ئاوا ساماندار ناحەز و ناشیرینە و دایک باوکی کچەش گەلێک خەمبارن، بیری لە رێگەچارەیەک کردەوە. ئەو دایانە گشت رۆژێ کچەی دەبردە مەعبەدی ئێلێنی لە گەڕەکی تێراپنی،[1] لە سەرووی پەرستگەی فیڤۆس. دایان هەرجارێک کە کچەی دەبردە ئەو پەرستگەیە، خۆی لە بەرامبەر پەیکەرەی ئێلێنی کڕنۆشی دەبرد و بەدەم گریانەوە دەپاڕاوە و داوای لە خواوەند ئێلێنی دەکرد چارەی ناحەزی روخساری ئەو کیژە بکا.

بەو جۆرەی دەگێڕنەوە، رۆژێکیان راست لە کاتی دەرکەوتنی دایان لە پەرستگە، ژنێک پێشی پێدەگرێ و لێی دەپرسێ کە چی لە باوەش‌دایە. دایان دەڵێ منالّێکە. ژنە داوا دەکا منالّەکە ببینێ، بەڵام دایان ناخوازێ پێی‌نیشان بدا، لەبەر ئەوەی دایک و باوکی منالّەکە بە دایانیان گوتبوو کە بۆی نییە روخساری منالّەکە دەرخا. ژنە بەهەر زبانێک توانی، زۆری لە دایان کرد کە چاوی بە منالّەکە بکەوێ. کاتێک دایان دیتی ژنە هێندە تامەزرۆی دیتنی ئەو منالّەیە، سەری مەلۆتکەی هەڵداوە. ژنە دەستێکی بەسەر روخساری کیژەدا هێنا و گووتی کە ئەوە رۆژێک دەبێتە جوانترین ژنی وڵاتی سپارت. لەو رۆژە بەدواوە ئەو کیژۆڵەیە روخساری بەرەبەرە گۆڕا و کاتێک بالّغ بوو مێردی بە ئاغیتۆس، کوڕی ئالکیدی و دۆستی نیزیکی ئاریستۆس کرد.

---

١- بەباوەڕی پافسانیاس، لەوێ تەرمەکانی مینێلائۆس و ئێلێنی نێژراون.

**[٦٢]** ئاریستۆن، ئەویش عاشقی ئەو ژنە ببوو. ناوبراو لە فێڵێک دەگەڕا کە ئەو ژنە بۆ ئەو بێ. ڕۆژێکیان پێشنیاری بە دۆستە نیزیکەکەی خۆی ، واتە ئاغیتۆس کرد، لە سەروەت و سامانی ئەو هەرچی دەخوازێ بەدڵی خۆی هەڵگرێ، لە بەرامبەردا ئیزن بدا کە ئاریستۆنیش لە دارایی ئاغیتۆس سەرپشک بێ. مێردی ژنە خەیاڵی لە بابەت ژنەکەی خۆی ئاسودە بوو، چونکە دەیزانی ئاریستۆن دوو ژنی هەیە و بیر لە شتێکی ئەوتۆ ناکاتەوە. بەهەرحاڵ ئاغیتۆس بەو پێشنیارە رازی بوو. بۆ ئەو مەبەستە هەردووکیان سوێندیان بۆ یەکتر خوارد. ئاریستۆن دۆستەکەی خۆی برد و چی حەزی لێبوو، بۆی دانا. ئەوجار کە نۆرەی ئاغیتۆس هات و ئاریستۆنی بردەوە ماڵ، ئاریستۆن لەجێوە داوای ژنەکەی لێکرد. ئاغیتۆس لە وڵامدا گووتی کە ئەوە تەنیا شتێکە ناتوانێ بیدا، چونکە لەکاتی مامەڵەدا باسی لێوە نەکراوە. لە کۆتاییدا هەستی بە زیرەکی ناجوامێرانەی ئاریستۆن کرد و زانی فریوی خواردوە، ناچار ژنەی دایە.

**[٦٣]** ئاریستۆن ژنەی هێناوە ماڵ و دووهەم ژنی تەڵاقدا. ژنە تازەکە بەر لەوەی دە مانگی تێچێ،[1] مناڵێکی بوو کە ناویان لێنا دیماراتۆس. کاتێک ئاریستۆن لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومی کۆببۆوە، خزمەتکاری ناوبراو هاتە ژووری مەجلیس و هەواڵی لەدایکبوونی ئەو مناڵەی راگەیاند. ئاریستۆن لەبیری بوو کەی ئەو ژنەی هێناوە، خێرا بە پەنجەکانی دەستی رۆژەکانی ژمارد و ئەوجار سەری هەڵێنا و خوای بە شاهید گرت و گووتی:*"ئەو مناڵە لە من نییە"*. پیاوانی حکوومی گوێیان لەو قسەیە بوو و گرینگیان پێنەدا.

مناڵەکە گەورە بوو و ئاریستۆن لەو قسەیەی کردبووی گەلێک پەژیوان ببۆوە، چونکە دواتر دەرکەوت کە دیماراتۆس مناڵی ئەوە. بەڵام بۆچی ناویان لێنا دیماراتۆس: خەڵکی سپارتی بەر لەو رووداوە، لەبەر ئەوەی ئاریستۆنیان لە پاشاکانیتر بەلاوە گرینگتر بوو، بەردەوام دوعایان دەکرد ودەپاڕانەوە کە خوا

---

١- مانگەکانی ئاوسبوونی تێپەڕبێ.

منالێکی کوڕی پێببەخشێ و بۆیە کاتێک ئەو کوڕە لەدایکبوو، ناویان لێنا دیماراتۆس.

**[٦٤]** سالآنێک دەرباز بوون. ئاریستۆن مرد و دیماراتۆس جێی باوکی گرتەوە. بێشک دەبوایە باسی ئەو رووداوانە بکەم کە بوونە هۆی لەدەست چوونی دەسەلآتدارییەتی دیماراتۆس. کاتێک دیماراتۆس لەگەڵ سپای ژێردەستی خۆی لە ناوچەی ئێلێفسینا پاشەکشەی کرد، دوژمنایەتی قوڵی لەگەڵ کلیئۆمێنیس دەستپێکرد. کلیئۆمێنیس وەختێک بە مەبەستی سزادانی لاینگرانی میدیاکان (پارسەکان) بەرەو ئێیینا چوو، ئەو دوژمنایەتییە پتر پەرەی ئەستاند.

**[٦٥]** کلیئۆمێنیس بۆوەی تۆڵە لە دیماراتۆس بکاتەوە، لەگەڵ لیئۆتیخیدیس، کوڕی مێناریئۆس، نەتیجەی ئایدۆس کە سەر بە هەمان خانەدانی دیماراتۆس بوو، پەیمانی دۆستایەتی مۆرکرد و بەڵێنی بە ناوبراودا، پشتی بگرێ و ئەو لەجیاتی دیماراتۆس دابنێ، بەو شەرتەی ئەویش یارمەتی کلیئۆمێنیس دژی ئێیینییەکان بدا.

لیئۆتیخیدیس دوژمنایەتی قوڵی لەگەڵ دیماراتۆس هەبوو و لێی دڵپڕبوو. لیئۆتیخیدیس لەگەڵ پێرکالۆ کچی خیلۆنۆسی کوڕی دیمارمێنۆس لەیەکتر بەمارە بوون.[١] دیماراتۆس بۆوەی پێشگیری لەو هاوسەرگیرییە بکا، حیللەیەکی دەکارکرد و پێرکالۆسی هەڵگرت و لەخۆی مارەکرد. دوژمنایەتی لەو کاتەوە پەرەی ئەستاند و ئەوە بوو بە سەرچاوەی گرفتی نێوان لیئۆتیخیدیس و دیماراتۆس. ئەو وەختە بوو کە بە خواستی کلیئۆمێنیس، لیئۆتیخیدیس سوێندی لەمەر دژایەتی کردن لەگەڵ دیماراتۆس خوارد و گووتی کە ناوبراو پاشای قانوونی وڵاتی سپارت نییە، چونکە کوڕی ئاریستۆن نییە. دوای ئەو سوێند خواردنە وەبیر قسەکەی ئاریستۆن کەوتەوە، واتە ئەوکاتەی خزمەتکارەکە دێتە ژووری مەجلیس و خەبەری لەدایکبوونی دیماراتۆس بە ئەو دەڵێ و ناوبراویش بە پەنجەکانی رۆژەکان

---

١- بەپێی نەریتی سپارتییەکان، زاوا دەبوایە بووک هەڵگرێ و بیرفێنێ.

دەژمێرێ و دەڵێ کە ئەو کوڕە لەو نییە. لیۆتیخیدیس لەسەر ئەو قسەیەی ئاریستۆن پێدادەگرێ و دیماراتۆس بەوە تاوانبار دەکا کە کوڕی ئاریستۆن نییە و بەشێوەی نایاسایی پاشایەتی سپارتی‌یەکان دەکا. لیۆتیخیدیس بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی، داوا لە پیاوانی حکوومی دەکا، ئەوان لەو کاتیدا خەریکی راوێژ لەگەڵ ئاریستۆن بوون و گوێیان لە قسەکەی ناوبراو ببوو کە گوتبووی ئەو کوڕە لە من نییە.

**[٦٦]** لە ئاکامدا، لەبەر ئەوەی دژایەتییەکان پتر پەرەیان ئەستاند، خەڵکی سپارتی بڕیاریان‌دا راوێژ لەگەڵ نێوەندێ ئایینی دێلفوس بکەن و داوای ئامۆژگارییان کرد. پرسیار ئەوە بوو کە دیماراتۆس بەڕاستی کوڕی ئاریستۆن بووە یاننا. کلیۆمێنیس بە بڕیاری سپارتییەکانی زانی. هەرکە ئەو داوایە گەیشتە لای کاهێنانی دێلفوس، خێرا وەخۆکەوت و لەگەڵ خاتوو کاهێنی پەرستگە بەناوی پێریالا رێککەوت. ئەو رێککەوتنە بە یارمەتی کۆڤۆناس، کوڕی ئاریستۆفاندۆس کە کاهێنێکی قسەڕۆیشتوو بوو، جێبەجێکرا. کۆڤۆناس خاتوو پێریالای رازی‌کرد ئەو وڵامەی کلیۆمێنیس گەرەکییەتی بە راسپاردەکانی بڵێ. هەربۆیە کاتێک راسپاردەکان پرسیاری خۆیان ئاراستەی کاهێنی پەرستگەی دێلفوس کرد، پێریالا گووتی کە دیماراتۆس کوڕی ئاریستۆن نییە. هەڵبەت ساڵانێک دواتر ئەو مامەڵەیە ئاشکرا بوو. کۆڤۆناس لە نێوەندی ئایینی دێلفوس دەرکرا و دوورخرایەوە و پێریالا، ئەویش پلەی کاهێنایەتی مەزنی لەدەستدا.

**[٦٧]** بەو چەشنە دیماراتۆس لە پاشایەتی کەوت و دواتریش بوختانێکی‌تری بۆ هەڵبەسترا و باسی دەکەم، ناوبراو ناچاربوو لە سپارت بڕوا و بچێتە لای میدیاکان. دیماراتۆس کاتێک لەسەر تەختی پاشایەتی لابردرا، ئەرکێکی پایەبەرزتری بۆ دیاری‌کرا. رۆژێکیان لە رێورەسمی ییمنۆپیدیا[١]، دیماراتۆس لەنێو بینەراندا دانیشتبوو. ئەو کاتە لیۆتیخیدیس

---

١- جێژنێکی ساڵانە بووە کە بۆ رێزلێنان لە قارەمانانی شەڕی تیرێئا لە یونان بەڕێوە دەچێ. بەسەرهاتی ئەو شەڕە لە بەندی ٨٢ی کتێبی یەکەمدا هاتووە.

حوکمڕانی دەکرد و بۆوەی دیماراتۆس ئازاربدا، یەکێک لە خزمەتکارانی خۆی ناردەلای ئەو و لێیپرسی کە ژیانی بێ پاشایەتی کردن چۆنە. دیماراتۆس بەو پرسیارە هەڵچوو و لەوڵامدا گووتی: "ئەوەی تامی هەردوکیانی چێشتبێ منم نەک لیئۆتیخیدیس. من هەم پاشایەتی و هەم دادوەریم بەتاقی کردوەتەوە و لێیان دەزانم، بەڵام ئەو نا ".[1] ئەو پرسیارە دەیتوانی ببێتە سەرچاوەی چارەنووسێکی خۆش و ناخۆش بۆ لاکێدیمۆنی‌یەکان. دیماراتۆس بەو چەشنە وڵامی لیئۆتیخیدیسی داوە و روخساری خۆی داپۆشی و لە مەیدان وەدەرکەوت و بەرەو ماڵەوە گەڕاوە. لە ماڵەوە کەرستەی قوربانیدانی ئامادەکرد و جوانەگایەکی پێشکەش بە خواوەند دیا کرد و پاش تەواو کردنی ریۆرەسمی قوربانی، بانگهێشتی دایکی خۆی کرد.

**[٦٨]** کاتێک دایکی هاتەلای، هێندێک لە پارچە گۆشتەکانی قوربانی لەنێو دەستی ئەو نا و سەری کڕنۆشی دانەواند و گووتی: "دایە! ئێستا بەنێوی گشت خواکان و بەتایبەت خواوەند دیا کە خوای بنەماڵەکەمانە و ئێرە قوربانگە و پەرستگەی ئەوە، سوێندت دەدەم راستییەکم پێبڵێ، باوکی من کێیە؟ لیئۆتیخیدیس لەو ململانێ و دوژمنایەتییەدا بەردەوام دەڵێ کە کاتێک تۆ چوویەتە ماڵی ئاریستۆن، لە مێردی پێشووت ئاوس بوویە. خەڵکیش ناحەزترین چیرۆک و حیکایەتیان لەو بارەوە سازکردوە و دەڵێن کە تۆ لەگەڵ گاوانی ماڵەوە دەستت تێکەڵکردوە و زگت پڕبووە و من کوڕی ئەو گاوانەم. ئێستا من پەنام بۆ تۆ هێناوە، ئایا ئەو کۆمەڵە قسەیە سەبارەت بە تۆ راستە یاننا، هەڵبەت ئەوە بزانە کە تۆ تەنیا کەس لەو جیهانەدا نیی کە کارێکی ئەوتۆی کردبێ، زۆر ژن هەن و ناچاربوونە کاری ئەوتۆ بکەن. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە لە سپارت دەنگۆ بڵاوبووەتەوە و دەڵێن

---

١- مەبەستی دیماراتۆس ئەوە بوو کە پلەی دادوەری لەلایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ، بەڵام پلەی پاشایەتی بەشێوەی جێنشینی و میراتگرانەیە.

ئاریستۆن پیاو نەبووە، چونکە ئەگەر پیاوەتی هەبوایە لە ژنەکانی‌تری دەبوو بە خاوەن منالّ ".

**[٦٩]** دیماراتۆس پرسیاری خۆی لە دایکی کرد و ئەویش بەو چەشنە وڵامی کوڕەکەی داوە: "کوڕم! لەبەر ئەوەی پێداگریت کرد و پاڕایەوە و دەخوازی راستی رووداوەکە لە زمان منەوە ببیسی، دڵنیابە گشت بەسەرهاتەکە بەوردی بۆ کوڕی خۆم دەگێڕمەوە. دوای ئەوەی ئاریستۆن منی بردە ماڵەوە، شەوی سێهەم بوو کە چاوم بە تارماییەک کەوت. ئەو تارماییە تەواو شێوەی ئەوی دەدا و بۆلای من هات و لەگەڵم خەوت و پاشان تاجی سەری خۆی هەڵگرت و لەسەر منی نا و رۆیی. پاش رۆیشتنی ئەو تارماییە، ئاریستۆن هاتە ژوورەوە. کاتێک ئەو منی بەو تاجەوە دیت، پرسی کە کێ ئەو تاجەی خەڵات کردوم. منیش لە وڵامدا گووتم کە خۆت ئەو کارەت کردوە. ئەو ئامادە نەبوو ئەو خەڵاتکردنە وەستۆبگرێ. من خواکانم بە شاهید گرت و گووتم ئاریستۆن بەو خۆگێلکردنەت کارێکی باش ناکەی. چونکە ئەو خۆی بوو کە هاتە لام و لەگەڵم رازا و تاجی لەسەرنام. وەختێک سوێندم بۆ ئاریستۆن خوارد، هەستی کرد کە دەستی خواکان لە پشت ئەو کارەیە. وەبیری هاتەوە کە ئەو تاجە هی قارەمانێکە کە پەیکەرەکەی لە حەساری ماڵەوە و لە تەنیشت درگای سەرەکی دانراوە و ناسراوە بە ئاستراڤاکۆس. تاڵەبینەکانیش لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو تارماییە هەمان ئاستراڤاکۆس بووە.

کوڕم! ئەوەی پێویست بوو بیزانی، پێمگووتی. تۆ یا لەو قارەمانە وەپاش کەوتووی و باوکت ئاستراڤاکۆسی نیوە مرۆڤ و نیوە خوایە، یا ئاریستۆن باوکی راستەقینەی تۆیە، لەهەرحاڵدا نوتفەی تۆ لەو شەوەدا بەسترا. ئیستا، سەبارەت بەو بابەتەی کە دوژمنانی تۆ بەتایبەت پەنجەی بۆ رادەکێشن، واتە ئەو کاتەی ئاریستۆن لە حزوور خەڵکێکی زۆردا گوتبووی کە تۆ کوڕی ئەو نیی ( لەبەر ئەوەی ماوەی پێویست بۆ منالّ لەدایکبوون دە مانگە و جارێ ئەو فەترەیە دەرباز نەببوو)، ئاریستۆن لەبەر نەزانینی خۆی لەو بوارەدا، ئەو

قسەیەی کردبوو. ئاشکرایە کە ژنانی ئاوس هەم لە نۆ مانگیدا دەزێن و هەم لە حەوت مانگیدا، هیچکات نەبووە کە هەموو ژنێک دە مانگ زگپڕ بمێنێتەوە.

کوڕم! تۆ لە کۆتایی مانگی حەوتەمدا چاوت بە دنیا پشکووت. هەڵبەت ماوەیەک دواتر ئاریستۆن خۆی بەو قەناعەتە گەیشت کە کاتی لە دایکبوونی تۆ قسەیەکی بێ مانای کردوە. ئێستا داوات لێدەکەم هیچ قسە و باسێکی‌تر لەو بارەوە وەگوێ‌مەگرە و ئەوەی راستی بێ لە زمانی دایکی خۆتەوە بیستت. هیوادارم کە ژنی لێ‌ئۆتیخیدیس و ژنانی‌تر و گشت ئەو کەسانەی بوختانی ئەوتۆ هەڵدەبەستن، موحتاجی وەسەر خۆ پەڕاندنی ئەو گاوانانە بن کە باسیان لێوەکردون ".

**[٧٠]** ئەوە وڵامی دایک بوو و دیماراتۆس ئەوەی گەرەکی بوو بیزانێ، پێی‌گووترا. دیماراتۆس دوای بیستنی راستییەکان، خۆی ئامادەی سەفەر کرد و بەبیانووی راوێژ لەگەڵ نێوەندی ئایینی دێلفوس، بەرەو شاری ئێلیادا[١] رۆیشت. لاکێدێمۆنی‌یەکان بەو خەبەرەیان زانی و لەو باوەڕەدا بوون کە دیماراتۆس گەرەکییەتی لە وڵات رابکا و بۆیە وەدوای کەوتن. دیماراتۆس بەخۆشییەوە، بەرلەوەی ئەوان بگەنە هەرێمی ئێلیادا، لەو شارە دەرکەوتبوو و گەیشتبووە ناوچەی زاکینتۆس. لاکێدێمۆنی‌یەکان لە یەخەی نەبوونەوە و خۆیان گەیاندێ و توانیان پاسەوانەکانی ئەو دەسگیربکەن. لەبەر ئەوەی دانیشتووانی زاکینتۆس ئامادە نەبوون دیماراتۆس رادەستی لاکێدێمۆنی‌یەکان بکەن، ناوبراو بۆی دەرچوو و بە ئاسیادا خۆی گەیاندە بارەگای داریوش.

داریوش بە شکۆیەکی کەموێنە دیماراتۆسی وەرگرت و هێندێک خاک و چەند شارێکی پێ‌بەخشی. دوای ئەو گشت رووداوانە بوو کە دیماراتۆس گەیشتە ئاسیا. ناوبراو چ بە کردەوە و چ بە قسە بەردەوام لە وڵاتی لاکێدێمۆنی‌یەکان، مرۆڤێکی سەرکەوتوو بوو و تەنانەت لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا فایتوونی چوارئەسپەی ئاژۆت و قارەمانەتی وەدەستهێنا. تەنیا پاشایەک بوو کە توانیبووی لە سپارت سەرکەوتنی ئەوتۆ مسۆگەر بکا.

---

١- ئەوڕۆ ناسراوە بە کالسکۆپی‌یا.

**[٧١]** دوای ئەوەی دیماراتۆس لەسەر تەختی پاشایەتی لابردرا، لیئۆتیخیدیس کوڕی مێناریئۆس جێیگرتووە. لیئۆتیخیدیس کوڕێکی هەبوو ناسراو بە زێڤسکیدامۆس. هێندێک لە دانیشتووانی سپارت ئەو کوڕەیان بەناوی کینیسکۆس بانگدەکرد. زێڤسکیدامۆس لە سپارت پاشایەتی نەکرد، چونکە بەر لە لیئۆتیخیدیس مرد و کوڕێکی بەناوی ئارخیدامۆس لەپاش بەجێما. دوای مەرگی زێڤسکیدامۆس، لیئۆتیخیدیس ژنێکیتری هێنا بەناوی ئێڤریدامیس. ئەو ژنە خوشکی مێنیاس و کچی دیاکتۆریدیس بوو. لەو ژنە هیچ کوڕێک وەپاشنەکەوت و تەنیا کچێکی هەبوو و پێیدەگووترا لامبیتۆ. لیئۆتیخیدیس ئەو کچەی لە ئارخیدامۆسی کوڕی زێڤکسیدامۆس مارەکرد.

**[٧٢]** لیئۆتیخیدیس، ئەویش نەیتوانی لە سەردەمی پیری و کەنەفتیدا لە شاری سپارت بژی و لەڕاستیدا تۆڵەی دیماراتۆسی لێکرایەوە. لیئۆتیخیدیس وەک سەرکردەی لەشکریی لاکیدێمۆنییەکان هێرشی کردە هەرێمی تێسالیا، هەرچەند دەیتوانی ئەویش داگیربکا، تووشی بەرتیلخواردن بوو و قەیاسێکی زۆر پارەی وەرگرت. ناوبراو لەکاتی مامەڵەکردن و راست ئەو وەختەی لە سەر جەواڵی پارەکە دانیشتبوو، لە ئۆردوگایەکدا دەگیرکەوت و پاش قۆڵبەست کرانی، هێنایانەوە شاری سپارت. پاش دادگایی کران، ماڵەکەی روخێندرا و خۆیشی بۆ شاری تێییئا[١] دوورخرایەوە و تا کاتی مردن لەوێ مایەوە.

**[٧٣]** ئەوە کۆمەڵە رووداوێک بوون کە لەو سەردەمەدا قەومان. هەڵبەت ئەو کاتە هەڵسوکەوتەکانی کلیئۆمێنیس دژی دیماراتۆس بەهەرەیان لێکەوتەوە. کلیئۆمێنیس خێرا لیئۆتیخیدیسی رەگەڵ خۆیدا و بە مەبەستی شەڕ بەرەو ناوچەی ئێیینا وەڕێکەوت. کلیئۆمێنیس سەبارەت بەو رووداوە ناخۆشەی تووشی هاتبوو، داخدار بوو و زۆر قین لە دڵانە پەلاماری ئەو ناوچەیەیدا.

کاتێک هەردوو پاشا گەیشتنە ئەو دەڤەرە، ئێیینییەکان ژیرانە بڕیاریاندا بەرگری نەکەن. ئەو جووتە سپارتییە دە کەس لە ساماندارترین و

---

١- یەکێک لە شارە کۆنەکانی یونانی لە هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس، هەڵکەوتوو لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەو نیمچە دورگەیە.

ناسراوترینی ئێیینی‌یەکانیان گرت و لەگەڵ خۆیان بردیانن. لەنێو ئەوانەدا کریۆس کوڕی پۆلیکراتیۆس و کاسەمڤۆسی کوڕی ئاریستۆکراتیس خاوەن کەسایەتی و ناسراوی شارەکە بوون. سپارتی‌یەکان ئەو دە کەسەیان بردە هەرێمی ئەتیکی و لەوێ وەک ئەمانەت رادەستی ئاتێنی‌یەکانیان کردن. ئاتێنی‌یەکان دوژمنایەتی کۆنیان لەگەڵ ئێیینی‌یەکان هەبوو.

**[٧٤]** پاش ئەو پەلامارە، پیلانی ناجوامێرانەی کلیۆمێنیس دژی دیماراتۆس ئاشکرا بوو. کلیۆمێنیس لە ترسی سپارتی‌یەکان بەدزی و نهێنی بەرەو ناوچەی تێسالیا رایکرد و پەنای بۆ ئەوێ برد. ناوبراو لە تێسالیاش گیرنەبوو و بەرەو ناوچەی ئارکادیا هەڵات و هەوڵێکی زۆری‌دا سەرهەڵدانێک دژی سپارت رێکبخات. کلیۆمێنیس ئارکادی‌یەکانی سوێنددا کە هەرجێگایەکی ئەو بخوازێ، رەگەڵیکەون. ناوبراو دەیویست سەرکردەکانی ئارکادی بەرێتە شاری نۆناکریس[١] و لەوێ بەئاوی ستیغۆس[٢] سوێندیان بدا. هەڵبەت لەو شوێنە قەیتانە ئاوێک لە رەوەز دێتەخوار و دەرژێتە نێو حەوزێک لە ویشکەبەرد. شاری نۆناکریس لە نیزیک فێنیئۆس و لە هەرێمی ئارکادی هەڵکەوتووە.

**[٧٥]** لاکێدیمۆنی‌یەکان دوای ئەوەی لە هەڵسوکەوتی کلیۆمێنیس ئاگادار بوونەوە، ترسێکی زۆریان رێنیشت و بۆیە داوایان لە ناوبراو کرد بگەڕێتەوە شاری سپارت و بەڵێنیان‌پێدا مافە تایبەتییەکانی پێبدەنەوە. کلیۆمێنیس وەختێک هاتەوە شاری سپارت، وەک شێتانی لێهاتبوو و دەگەیشتە هەر سپارتی‌یەک، خێرا گۆچانێکی لە دەمی رادەکێشا. لەهەمبەر ئەو دێوانەبوونەیدا، کەسوکاری ناوبراو ناچاربوون زنجیری لە مل بکەن و لە دارێک بیبەستنەوە. کاتێک کلیۆمێنیس بەو جۆرە زنجیرکرا و بەسترایەوە، رۆژێکیان کە تەنیا یەک پاسەوان پارێزگاری لێدەکرد، داوای خەنجەری

---

١- نۆناکریس یا نۆکراتیس، یەک لە شار و بەندەرەکانی گرینگی میسری کۆن کە لە کەنار لکێکی روباری نیل دروستکرابوو. لیرەدا مەبەست لە چیایەکە بە هەمان ناو کە لە دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس هەیە و چۆمی ستیغۆس لەوەوە سەرچاوە دەگرێ.

٢- ئەورۆ ناسراوە بە خێلمۆس.

پاسەوانەی کرد. پاسەوانەکە سەرەتا جوابی نەداوە، کلیئۆمێنیس ئەوجار بە هەڕەشە خەنجەری لە کابرا ئەستاند. کابرای پاسەوان لەبەر ئەوەی کۆیلە بوو، لەڕووی ناچاری خەنجەری دایە دەست کلیئۆمێنیس. ناوبراو سەرەتا لە قاچەکانی خۆیەوە دەستیپێکرد و گۆشتەکانی لێکردەوە، بەرەو ران هەڵکشا و گشتی هەڵدڕی، لە کۆتاییدا زگی دایە بەر خەنجەر و ریخۆڵەکانی خۆی راکێشا دەرەوە و ئیتر گیانی لەدەستدا. یۆنانییەکان خۆیان لەو باوەڕەدان کە ئەو چارەنووسە لەڕاستیدا سزای ئەو کۆڵە پارەیە بوو کە بە بەرتیل و بەدزی دیماراتۆس دابوویە کاهێنی نێوەندی ئایینی دێلفوس. بەڵام ئاتێنییەکان سەبارەت بە مەرگی کلیئۆمێنیس دەڵێن کە ناوبراو بێڕێزی بە خواکان کردبوو. کاتی خۆی کلیئۆمێنیس هێرشی کردە سەر ناوچەی ئێلیفسینا و دارستانی پیرۆزی بڕی و ئاگری تێبەردا. ئارغینییەکان، ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان دەڵێن کە کلیئۆمێنیس ناچاری کردون لە پەرستگەی ئارغۆس بێنەدەر، کاتێک دوای شەڕ پەنایان بۆ ئەوێ بردبوو. ناوبرا گشتیانی کوشت و پەرستگەکەشی ئاگرتێبەردا.

**[٧٦]** ئەو سەردەمەی کلیئۆمێنیس سەردانی نێوەندی ئایینی دێلفوسی کرد، دڵنیاکرا کە دەتوانێ هەرێمی ئارغۆس داگیربکا. دوای ئەو راوێژ و پێشگۆییە، کلیئۆمێنیس هێزەکانی سپارتی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەرەو شاری ئارغۆس برد و تا سەرچۆمی ئێراسینۆس پێشڕەوی کرد. وەک دەگێڕنەوە، ئەو رووبارە لەگۆلی ستیمفالیئا[1] سەرچاوە دەگرێ. ئاوی ئەو گۆلە لەژێرەوە دەچێتە بن عەرز و کەس نایبینێ و لە هەرێمی ئارغۆس دوبارە دێتەوەدەر و لێرە بەدواوە چۆمێک پێکدێنی کە ئارغۆسییەکان پێیدەڵێن ستیمفالیئا. کلیئۆمێنیس کاتێک گەیشتە قەراخ ئەو چۆمە، قوربانییەکی پێشکەش کرد و چاوەڕوانی پێشگۆیی بوو و وڵامی پێشگۆییەکە ئیزنی پەڕینەوەی لێنەکەوتەوە. کلیئۆمێنیس لەبەر ئەوەی نیشانەکانی پێشگۆیی بەو چەشنە دیت و رووباری ئێراسینۆس خەیانەتی بە هاوشارییەکانی خۆی واتە

---

١- گۆلێک لە نیمچە دورگەی پێلۆپۆنیسۆس.

ئارغۆسی‌یەکان نەکردبوو، بە خەڵکی هەرێمەکەی گووت کە پێویست ناکا خۆشحاڵ بن. خێرا لەشکری کۆکردەوە و بەرەو قەراخ ئاوەکانی تیرێئاس چوو. لەوێ کەڵێکی بۆ دەریا قوربانی‌کرد و شەڕکەرانی خۆی بەسواری گەمی‌یەکان گەیاندە ناوچەکانی تیرینتاس[1] و ناڤپلیۆ[2].

**[٧٧]** هەواڵی ئەو هێرشە گەیشتە لای دانیشتووانی ئارغۆسی، ئەوان ناچاربوون بۆ بەرگری لە شارەکانیان، ڕوو لە کەنار دەریاکان بکەن. ئارغۆسی‌یەکان وەختێک گەیشتنە نیزیک تیرینتا، لە شوێنێک بەناوی سیپیا دامەزران و مەودایەکی کەمیان لەگەڵ لاکێدیمۆنی‌یەکان نێوان بوو. ئارغی‌یەکان لە شەڕکردن دژی لاکێدیمۆنی‌یەکان نەدەترسان، ئەوان لەوە نیگەران‌بوون کە مەبادا بۆسەیان بۆ داندرابێ. چونکە بەپێی پێشگۆییەک کە کاتی خۆی پیتیا بە ئارغۆسی‌یەکان و میلیتۆسی‌یەکانی گوتبوو، بەو چەشنە گووترابوو:

*وەختێک مێیینە بەسەر نێرینەدا زاڵبێ و دەری‌پەڕێنێ و سەرفیرازی لە ئارغۆس بۆخۆی مسۆگەر بکا، ئەو کاتە زۆربەی ژنانی ئارغۆسی بە چنگیان گۆنای پیاوان دەدڕن و ئەوەش یاسای چارەنووسە. جیلەکانی دوایی مرۆڤەکانیش ئەو سەردەمە دەڵێن: برینی سەرنێزەی مەرگ‌خوڵقێنەر لەسەر لەشی ماری سێ قەد لێک هاڵاو، دەمێنێتەوە.*

ئەو پێشگۆییە ئارغۆسی‌یەکانی تۆقاندبوو، بۆیە بڕیاریان‌دا هەرچی جاڕچی دوژمن گووتی، جێبەجێی بکەن. وەختێک ئەو بڕیارەیان‌دا، چی جاڕچی ڕایگەیاند، ئارغۆسی‌یەکان بەقسەیان کرد.

**[٧٨]** کلێئۆمێنیس هەواڵی پێگەیی کە هەرچی جاڕچی لەشکرەکەی ڕایدەگەیێنێ، ئارغۆسی‌یەکان وێڕای لاکێدیمۆنی‌یەکان هەمان کاردەکەن، بۆیە خێرا بە شەڕکەرانی خۆی گووت، ئەگەر ئەوجار جاڕچی گووتی دانیشن و

---

١- شارێک لە دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس و دراوسێی ناڤپلیۆ یا ناپۆلی.

٢- بەندەرێک لە پێلۆپۆنیسۆس، لە نیزیک کۆرینتۆ.

ژەمی نیوەڕۆ بخۆن، با ئارغۆسی‌یەکان دانیشن، بەڵام ئێوە ئامادەی پەلاماردان بن. لاکێدیمۆی‌یەکان ئەو فەرمانەیان بەجێگەیاند. وەختێک بە بانگی جارچی ئارغۆسی دانیشتن و خەریکی خواردن بوون، لاکێدیمۆنی هێرشیان کردنە سەر و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن. پاش کوژرانی ئارغۆسی‌یەکان، ئەوەی مابوونەوە، رایانکردە نێو دارستانەکان و لە گەمارۆی لاکێدیمۆنی‌یەکان کەوتن.

**[٧٩]** ئەوە کرداری کلیئۆمێنیس لەو شەڕەدا بوو. ناوبراو کۆمەڵێک سەربازی دوژمنی گرتبوو و بەهۆی ئەوانەوە ناوی گشت ئارغۆسی‌یەکانی نێو دارستانی زانی. ئەوجار دەسەر جارچی کرد بە دەنگی بەرز ناوی یەکیەکی ئەو ئارغۆسی‌یانە بانگبکا بۆوەی لە دارستان بێنەدەر. هەرکات یەکێک لەوانە دەهاتەدەر، پێدەگووت کەفارەی گوناهت دراوە. لە هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس کەفارەی هەر دیلێک دوو منی[١] بووە. بەو شێوەیە ئەوانەی لەنێو دارستاندا گەمارۆ درابوون، ئاگایان لە وەزعی هاوڕێیانی خۆیان لە دەری نەبوو و بۆیە ئەوانیش خێرا دەهاتنە دەر. کلیئۆمێنیس بەو فێڵە پەنجا کەسی لە ئارغۆسی‌یەکان هێنادەر و کوشتنی. دارستان چڕوپڕ بوو و ئەوانەی نێوەوە ئاگایان لەوانەی دەرەوە نەبوو کە چۆن دەکوژرێن. لە کۆتاییدا یەکێکی ئارغۆسی وەسەر دارێک دەکەوێ و دیمەنی خۆبەدەستەوەدان و کوشتنی هاوڕێکانی دەبینێ. لەو کاتە بەدواوە هەرچی جارچی بەناو هەرای لە خەڵکی نێو دارستان کرد، وڵامێک نەبیسرا و کەس نەهاتەدەر.

**[٨٠]** دوای ئەوەی کەسی‌تر نەهاتەدەر، کلیئۆمێنیس دەستووری بە کۆیلەکانی ژێردەستی‌دا چرپی و ئاڵاش لە دەوری دارستان کۆبکەنەوە. کۆیلەکان بە ئەمری ناوبراویان کرد و دارستانی پیرۆزیان ئاگرتێبەردا. راست لەو کاتەدا کە یەکێک لە راکردوەکان هاتەدەر، کلیئۆمێنیس لێی‌پرسی ئەو دارستانە ملکی کامیەک لە خواکانە. کابرای راکردوو گووتی کە دارستانی ئارغۆسە. کلیئۆمێنیس هەرکە گوێی لەو وڵامە بوو، پڕ بە زاری هاواری‌کرد:

---

١- منا، پێوانەی قورسایی و بەرابەری یەک لە شەشی تاڵاند.

"ئەی خواوەند ئاپۆلۆن! تۆ کە خاوەن هێزی و چارەنووس دیاری دەکەی و داهاتوو دەخوێنییەوە، بۆچی منت فریودا و داوات لێکردم وڵاتی ئارغۆس داگیربکەم! ئێستا دەرکەوت کە پێشگۆیی تۆ سەبارەت بە من وەڕاستگەڕا ".

**[٨١]** دوای ئەو رووداوە، کلیئۆمێنیس زیادتر لە نیوەی لەشکرەکەی خۆی ناردە شاری سپارت و خۆی و هەزار پیاوی هەڵبژاردە، بەمەبەستی قوربانی پێشکەش کردن بەرەو پەرستگەی ئیراس وەڕێکەوتن. ناوبراو گەرەکی بوو بەدەستی خۆی قوربانی لە قوربانگەدا سەر ببڕێ، بەڵام کاهێنی ئەو پەرستگەیە پێشیپێگرت و گووتی کە یاسای خواوەندیی ئیزن بە جاڕچییەک نادا لەو شوێنە پیرۆزە قوربانی پێشکەش بکا. بە فەرمانی کلیئۆمێنیس، پیاوەکانی ئەو، کابرای کاهێنیان گرت و بە قەمچییان وەریگەڕانێ. دوای قەمچیکاری کردنی کاهێن، ئەوجار کلیئۆمێنیس بەدەستی خۆی سەری جوانەگای بڕی و قوربانی پێشکەش کرد و پاشان بەرەو سپارت گەڕاوە.

**[٨٢]** وەختێک کلیئۆمێنیس گەیشتەوە سپارت، نەیارەکانی ئەو لەلای پیاوانی حکوومی شکایەتیان لێکرد و گووتیان کە خۆی بە دوژمن فرۆشتووە، بۆیە شاری ئارغۆسی داگیر نەکردوە، ئەو شارە لە نیزیک ئەو بووە و دەیتوانی بە هاسانی بیگرێ. کلیئۆمێنیس بەو چەشنە وڵامی ئەو تاوانەی داوە، هەڵبەت سەبارەت بە راستی و ناڕاستی ئەو قسانە ناتوانم شتێکی تایبەت بڵێم، ئەوە دەقی گووتەی دیفاع و بەرگری ناوبراوە: "پاش ئەوەی ئەو شوێنە پیرۆزەی ملکی ئارغۆسییەکانم داگیرکرد، دڵنیا بووم کە پێشگۆییەکانی خواوەند وەڕاستگەڕان، هەربۆیە بەر لەوەی بە پێشکەش کردنی قوربانی لە مەقسەد و ویستی خواوەند بگەم، ئاخۆ شارەکەم خەڵات دەکا یا دژی ئەو کارەی منە، بەلامەوە ئاقڵانە نەبوو هێرش بکەمە شارەکە و خۆم لە مەترسی تێداچوون هاوێم. کاتێک لە پەرستگە بەدوای پێشگۆیی لەباردا دەگەڕام، لە سینگی پەیکەرەی خواوەند ئاگرێک بڵێسەی سەند و ئەو کاتە تێگەیشتم کە هیچکات ئەو شارەم بۆ ناگیرێ. لێرەدا هیچ شک و گومانێک نەما کە ئەگەر بڵێسەی ئەو ئاگرە ویستبای، شارەکەی بەتەواوی

ویران دەکرد، بەڵام چوون لە سینگی خواوەند سەرچاوەی گرتبوو، بەو مانایە بوو ئەوەی خواوەند گەرەکی بوو، بەجێیگەیاندبوو و مەجالی بۆ من نەهێشتبۆوە ". سپارتییەکان بەرگری کردنی کلیئۆمێنیس‌یان بەلاوە عاقڵانە بوو و بۆیە ناوبراو لەو دادگاییکردنەدا بەسەر نەیارانی خۆیدا سەرکەوت.

**[٨٣]** پیاوانی ئارغۆسی ئەوەندە زۆر کوژران کە کۆیلەکان تا ئەو کاتەی منداڵانی باب کوژراو پێگەیین، ئیدارەی هەرێمەکەیان وەستۆگرت. ئەو منداڵانە وەک ئاغای ناوچەکە بوون. کاتێک باڵغ بوون، دوبارە دەسەڵاتیان لە کۆیلەکان ئەستاندەوە و گشتیان لە شارەکە دەرکردن. ئەو کۆیلە دەرکراوانەی شاری ئارغۆس پەلاماری شاری (تیرینتا)یان‌دا و داگیریان کرد. سەرەتا شارەکانی ئارغۆس و تیرینتا پێوەندییەکی دۆستانەیان هەبوو، بەڵام دواتر تاڵەبینێک بەناوی کلیئاندرۆس خەڵکی فیغالیا[1] سەر بە ناوچەی ئارکادیا چوو بۆلای کۆیلەکان. ئەو تاڵەبینە کۆیلەکانی رازی کرد هێرش بکەنە سەر ئاغاکانی خۆیان. بەو شێوەیە شەڕێکی ماوەدرێژ سازبوو و لە کۆتاییدا ئارغۆسییەکان بە زەحمەتێکی زۆر توانیان کۆیلەکان شکست بدەن.

**[٨٤]** ئارغۆسییەکان لەو باوەڕەدان کە کلیئۆمێنیس شێت بوو و بە زەلیلی مرد و کەفارەی گوناە و تاوانەکانی داوە کە دەرهەق بەوانی کردبوو. سپارتییەکان بە پێچەوانەوە، دەڵێن کلیئۆمێنیس بەهۆی هاتووچۆی لەگەڵ سکیتییەکان فێری خواردنەوەی شەڕاب ببوو و بۆیە شێت بوو.[2] سپارتییەکان هەروەها دەڵێن کە سکیتییە بیابان نشینەکان دوای هێرشی داریوش، شەو و رۆژ بیریان لە تۆڵەسەندنەوە دەکردەوە و بۆیە خەڵکانێکیان ناردە شاری سپارت تا رێکەوتنێک مۆربکەن. سکیتییەکان پێشنیاریان ئەوە بوو، خۆیان بە قەراخ چۆمی فاسی‌دا پێشڕەوی بکەن و تێبکۆشن لەو رێگایەوە پەلاماری وڵاتی میدیاکان بدەن و سپارتیەکانیش لە ئێفێسۆس‌ڕا. هەروەها هەردوو لایەن بەرەو پێشەوە بڕۆن و لە شوێنێک یەکتر بگرنەوە.

---

١- فیغالیا یا فیگالی، یەک لە شارەکانی کۆنی یونان لە نیمچە دورگەی پێلۆپۆنیسۆس.

٢- سکیتییەکان لە مەستیدا ناسراو بوونە.

سپارتی‌یەکان دەڵێن وەختێک سکیتی‌یەکان هاتن، کلیۆمێنیس تێکەڵاوی فرەی لەگەڵ سازکردن و بەهۆی هاموشۆی زیادە، فێری خواردنەوەی شەڕابی خەست بوو و لە ئاکامدا تووشی ئەو شێتبوونە هات. راست لەو کاتەوە، بەپێی ئەو بەسەرهاتانەی باسیان کرا، سپارتی‌یەکان هەروەختێک شەڕابی فرە دەخۆنەوە، لەنێو خۆیاندا دەڵێن: "لاسایی سکیتی‌یەکان بکەوە ". ئەوە بۆچوونی سپارتی‌یەکان سەبارەت بە کلیۆمێنیس بوو. بەڵام من پێموایە کلیۆمێنیس تۆڵەی دیماراتۆسی لێکرایەوە.

**[٨٥]** کاتێک کلیۆمێنیس مرد و دانیشتووانی ئێیینی لەو بارەوە ئاگاداربوونەوە، خێرا راسپاردەیان ناردە شاری سپارت و لیۆتیخیدیس‌یان بەوە تاوانبارکرد کە یەخسیرەکانی شەڕی رەوانەی شاری ئاتێن کردوە. لاکێدێمۆنی‌یەکان دادگاییەکیان رێکخست و لەوێدا دەرکەوت کە لیۆتیخیدیس هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی دەرهەق بە ئێیینی‌یەکان رەچاوکردوە و بۆیە بڕیاریان‌دا ناوبراو رادەستی ئێیینی‌یەکانی راسپاردە بکەن و وەک سزای تاوانەکانی ببەنە شاری ئێیینا و لەوێ تۆڵەی ئەو کەسانەی لێبستێننەوە کە یەخسیری کردون. وەختێک راسپاردەکانی ئێیینی خەریکی ئامادەکاری ئەسپابی راگواستنی لیۆتیخیدیس بوون، تیئاسیدیس کوڕی لیۆپرێپیس کە یەکێک لە گەورە پیاوانی شاری سپارت بوو، رووی لەو وەڤدە کرد و گووتی: "ئەی ئێیینی‌یەکان، ئەوە بە چییەوە مژوڵن؟ ئێوە گەرەکتانە پاشای سپارت کە بەدەست هاوشارییەکەی خۆی رادەستی ئێوە کراوە، لەگەڵ خۆتان بەرن؟ ئەگەر ئەمڕۆ خەڵکی سپارتی لەڕووی رق و کینەوە بڕیارێکی ئەوتۆیان داوە، ئێوەش لەوە بترسێن کە بە بردنی ئەو، مەرگ و وێرانی وەک دیاری بۆ وڵاتی خۆتان دەبەنەوە". دوای ئەو قسانە ئێیینی‌یەکان لە بردنەوەی لیۆتیخیدیس پەژیوان بوونەوە و بەو چەشنە ساغ بوونەوە کە ناوبراو لەگەڵ وەڤدی گۆرین بچێتە شاری ئاتێن و لەوێ یەخسیرە زیندانیەکان ئازاد بکا و رادەستی ئەوانی بکاتەوە.

**[٨٦]** کاتێک لیۆتیخیدیس گەیشتە شاری ئاتێن و داوای دیلەکانی شەڕی کرد، ئاتێنی‌یەکان رازی بەو کارە نەبوون و هەرجارێ بە بیانوویەکی ناماقوڵ خۆیان لێدەبوارد. ئاتێنی‌یەکان گووتیان کە ئەو کۆمەڵە یەخسیرە بەهۆی دوو پاشاوە رادەستی ئەوان کراون و ماقوڵ نییە کە ئەوەی‌تر لەوێ نەبێ و یەخسیرەکان تەنیا بە یەک کەس بدرێن. پاش ئەوەی ئاتێنی‌یەکان دژ بەو رادەست کردنەوەیە راوەستان، لیۆتیخیدیس پێیگووتن: "ئاتێنی‌یەکان! بە دڵی خۆتان بکەن، ئەگەر یەخسیرە ئەمانەتیەکان رادەست بکەنەوە، کارێکی باش ناکەن و ئەگەریش بەپێچەوانەوە بجوڵێنەوە، کارێکی زۆر باشتان کردوە، بۆیە لێرەدا گەرەکمە بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە کە پێوەندی بە سەردەمێکەوە هەیە و سەبارەت بە ئەمانەتێک لە شاری سپارتە. ئێمەی سپارتی چیرۆکێکمان هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ دوو جیل لەوە پێش. زەمانی دوو وەچە بەر لە ئێمە، غلاڤکۆس کوڕی ئێپیکیدیس لە سپارت دەژیا و خاوەن پەسندترین خوو و رەوشتی دادپەروەرانە لەنێو گشت لاکێدێمۆنی‌یەکانی هاوسەردەمی خۆی بوو. هەروەک لە بەسەرهاتەکەدا هاتووە، دەبینین کە ناوبراو لە کۆتاییدا چی بەسەردێ. رۆژێکیان کابرایەکی خەڵکی هەرێمی میلیتۆس دێتە شاری سپارت. ئەو کابرایە دەخوازێ چاوی بە غلاڤکۆس بکەوێ و لەگەڵی بدوێ و پێشنیارێکی پێبکا. کابرای میلیتۆسی دەڵێ: "غلاڤکۆس! من خەڵکی میلیتۆسم و هاتوومەتە شاری سپارت تا لە دادپەروەری تۆ خێرێکم پێبگا. من بیرم لەوە کردوەتەوە کە لە قەدیم و نەدیمەوە ئەوەندەی لەبیرمان بێ، وڵاتی یوونی‌یەکان بەردەوام تووشی مەترسی بووەتەوە، لەحاڵێکدا هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس هەمیشە ئارام و خاوەن ئەمنییەت بووە. هەروەها ئەوەشم لیڕوون بووەتەوە کە سەروەت و سامان ناتوانێ بەردەوام لەلای خاوەنی پارێزراو بێ. ئەو کۆمەڵە بیر و حیساباتە ناچاری کردم نیوەی مڵک و دارایی خۆم وەک پارە، بە ئەمانەت لەلای تۆ دانێم. ئێستاش داوا لە تۆ دەکەم ئەو ئەمانەتەی من لای خۆت راگرە و

ئەوەش نیشانە و ناوی نهێنی نێوانمان بێ و هەرکەس هاتە لای تۆ و نهێنییەکەی گووت و داوای پارەکەی کرد، باوەڕی پێبکە و رادەستی بکەوە ".

کابرای میلیتۆسی لەوە زیادتر قسەی نەکرد و غلاڤکۆس‌یش خواستی ئەوی بەجێگەیاند. ماوەیەک دەربازبوو. رۆژێک کوڕانی کابرا هاتنە شاری سپارت و چوونە لای غلاڤکۆس و نیشانە و نهێنی‌یەکەیان گووت و داوای پارەکەیان کرد. غلاڤکۆس خۆی لە رادەست کردنەوەی پارە بوارد و لە وڵامی کوڕەکاندا گووتی: "ئێوە باسی شتێک دەکەن کە من لێی بێخەبەرم و باوکی ئێوە ناناسم و کەسێکی ئەوتۆم وەبیر نایەتەوە، هەرکات وەبیرم هاتەوە، دەخوازم تەواو دادپەوەرانە هەڵسوکەوتم کردبێ و ئەگەر پارەیەکی ئەوتۆم وەرگرتبێ، بیدەمەوە بە خاوەنەکەی. بەڵام ئەگەر پارەیەکی ئەوتۆم وەرنەگرتبێ، بەپێی یاسای یۆنان لەگەڵتان دەجوڵێمەوە.[1] ئێستا، هەر لە ئەمڕۆوە تا چوار مانگی‌تر ماوەتان هەیە، بیر لەو خواستەی خۆتان بکەنەوە ".

میلیتۆسی‌یەکان گەلێک ناڕاحەت لەوە کە پارەکەیان لەدەست داوە، گەڕانەوە ناوچەی خۆیان. غلاڤکۆس بەمەبەستی ڕاوێژ و مشوور بەرەو نێوەندی ئایینی وەڕێکەوت. ناوبراو لە تاڵەبینی پەرستگەی پرسی ئاخۆ دەتوانێ سوێند وەژێر پێ بنێ و پارەکە وەک دەسکەوتی شەڕ نەداتەوە. پیتیا (تاڵەبین) لە وڵامی ئەودا گووتی:

*"غلاڤکۆس! کوڕی ئێپیکیدیس! راستە کە ئێستا پتر بە قازانجتە سوێند بخۆی و کەڵکی نارەوا لەو پارەیە وەربگری. تۆ دەتوانی سوێند بخۆی، بەڵام ئەوەش بزانە کە پێت لەسەر لێوی گۆڕە. سوێندی بەدرۆ منداڵێکی لێ وەپاش دەکەوێ کە بێناوە و دەست و قاچی نییە و وەک بوونەوەرێکی خێرا، سوێندخۆر و نەوەکانی راودەنێ و ماڵیان وێران دەکا. بەپێچەوانەوە، ئەو کەسەی حورمەتی سوێند و بەڵێن دەپارێزێ، خاوەن وەچەی بەختەوەر دەبێ".*

---

١- هەڵبەت ئەوە تەنیا سوێند و بەڵێنی خۆی بووە و بەس.

غلاڤکۆس وەختێک گوێی لەو ئامۆژگارییە بوو، سەبارەت بە پرسیارەکەی داوای لێبوردنی لە تاڵەبینی پەرستگە کرد. پیتیا لە وڵامی ناوبراودا دووبارە گووتی کە پرس کردن بە خواوەند بۆ مەبەستی ناهەق، ئەویش خۆی گوناهێکیتره. دوای ئەو رووداوە، غلاڤکۆس بەدوای میلیتۆسییەکانیدا نارد و پارەکەی رادەست کردنەوە.

ئاتێنییەکان! مەبەستم لەو باسە چیبوو، ئێوە دەزانن ئەمڕۆ هیچکەس لە خانەدانی غلاڤکۆس زیندوو نەماوە و ملک و ماڵی لە پاش خۆی بەجێنەهێشتووە و ئاسەواری لە سپارت نەماوە. کەوابوو پێویست ناکا بیر لە شتێکیتر بکەنەوە. کاتێک ئەمانەتێکتان لایە، واباشترە رادەستی خاوەنەکەی بکەنەوە ".

**[٨٧]** لەبەر ئەوەی لێئۆتیخیدیس بەو قسەیە نەیتوانی ئاتێنییەکان بە قەناعەت بگەیێنێ، خێرا رۆیی و بەجێیهێشتن. ئێیینییەکان، ئەوانیش نەیانتوانی وڵامێکی بەجێ سەبارەت بە یارمەتیدانی تیڤێییەکان لە دژی ئاتێنییەکان، بخەنەڕوو و ناچار بوون بەو چەشنە هەڵسوکەوت بکەن: ئێیینییەکان لە قەدیمەوە نەفرەتیان لە ئاتێنییەکان بوو و پێیانوابوو ناهەقییەکی فرەیان لەلایەن ئاتێنییەکانەوە لێکراوە، هەربۆیە گەرەکیان بوو، تۆڵە بستێننەوە. ئاتێنییەکان جەژنێکی گەورەیان لە سونیۆ[١] رێکخستبوو و هەر پێنج ساڵ جارێک لەو رۆژەدا ئەو یادەیان دەکردەوە. ئێیینییەکان بۆسەیەکیان داناوە و گەمی پیرۆز کە پڕ لە پیاوانی ئاتێنی بوو، خستە داو و دەستیان بەسەردا گرت و گشت پیاوەکانیان برد و دەستبەسەریان کردن.

**[٨٨]** ئاتێنییەکان، ئەوانیش دوای ئەو رووداوە، بەبێ ئەوەی زۆر چاوەڕوان بن، چی لەدەستیان هات دژی ئێیینییەکان کردیان. کەسێکی ئێیینی بەناوی نیکۆدرۆمۆس کوڕی کنیتۆس، گەلێک ناسراو لە وڵاتی خۆی، رق و کینێکی فرەی سەبارەت بە هاوڵاتییانی لە دڵدا بوو، چونکە بۆ دورگەیەک

---

١- سونیۆ، بەرزایی باشووری نیمچە دورگەی هەرێمی ئەتیکی. ئەمڕۆ بەو بەرزاییە دەگووترێ کۆلۆنا. ناوچە وەک سەردەمی کۆن بە سونیۆ ناسراوە.

دوریانخستبۆوە. ناوبراو وەختێک هەواڵی پێگەیی کە ئاتێنییەکان خەریکن زیان بە ئێیینیکان بگەیێنن، لەگەڵ ئاتێنییەکان رێککەوت. ئەو گەرەکی بوو یارمەتی ئاتێنییەکان بدا تا شاری ئێیینا بگرن. هەردوو لایەن بەو شیوەیە قەراریان دانا کە لە رۆژێکی دیاریکراودا، نیکۆدرۆمۆس هێرش بکاتە شاری ئێیینا و ئاتێنییەکانیش بە هاوارییەوە بچن. پاش ئەو رێککەوتنە نیکۆدرۆمۆس بەپێی قەرار بەشی قەدیمی شاری داگیرکرد، بەڵام ئاتێنییەکان لە کاتی خۆیاندا نەگەیشتنەجێ تا یارمەتی ئەو بدەن.

**[٨٩]** هۆی نەگەیشتنی ئاتێنییەکان لە کاتی دیاریکراودا بۆ مەیدانی شەڕ ئەوە بوو کە خاوەن ناوگانێکی جەنگی ئەوتۆ نەبوون و ناچاربوون بچنە لای کۆرینتییەکان و گەمی جەنگی لەوان بەکرێبگرن. تا ئاتێنییەکان لە وتوویێژ لەگەڵ کۆرینتییەکان بوونەوە، شەڕەکە تەواو بوو. هەڵبەت کۆرینتییەکان ئەو سەردەمە نێوانیان لەگەڵ ئاتێنییەکان خۆش بوو و بیست گەمییان دانێ، دیارە هەر گەمییەکیان بە پێنج دراخم پێ فرۆشتن. کۆرینتییەکان یاسایەکیان هەبوو کە رێگە بە بەخشینی گەمییەکانی نەدەدا. ئاتێنییەکان گەمییەکانی خۆیان و ئەوانەی کرێبوویان چەکدار کرد و سەرجەم حەفتا دانە بوون و خێرا بەرەو شاری ئێیینا وەڕێکەوتن، بەڵام رۆژێک بە درەنگییەوە گەیشتنە شوێنی دیاریکراو.

**[٩١]** کاتێک دیمۆکراتەکان سەرهەڵدانیان وەڕێخست – واتە ئەوانەی بە قسەی نیکۆدرۆمۆس دژی ساماندارەکان راپەڕیبوون – دەوڵەمەندانی شار سەرکردەکانی ئەو شۆڕەشەیان گرتن و بە مەبەستی کوشتن بردیاننە دەرەوەی شار. دەوڵەمەندانی شار جیا لە کوشتنی خەڵک، بێرێزی فرەیان بە خواکان کرد. ئەوانە دواتر هەرچەند قوربانییان پێشکەش بە پەرستگەکان کرد، نەیانتوانی کەفارەی گوناهانی خۆیان بدەنەوە و غەزەبی خواکان دامرکێنن و بۆیە دواتر تووشی روخان هاتن و لە دورگە دەرکران. ئەو دەوڵەمەندانە کاتێک حەوت سەد کەسی دیمۆکراتی هەژاریان بەرەو کوشتارگە دەبرد، یەکێک لە دیمۆکراتەکان تەنافی دەستی خۆی کردەوە و رایکردە بەر هەیوانی پەرستگەی دیمیترا تێسمۆفۆرۆس و دەسگرەی درگای گرت و خۆی پێهەڵواسی. نەیاران هەرچی ئەو

کابرایەیان ڕاکێشا، لە دەسگرە نەبۆوە و بەری‌نەدا. لە کۆتاییدا بە شمشێر دەستەکانیان لە جمگەڕا بڕییەوە و ئەوجار بردیانە کوشتارگە. دەستەکانی هەروا بە دەسگرەوە مانەوە و خۆیشی سەری لیدرا.

**[٩٢]** ئەوە هەڵسوکەوتی ئێیینی‌یەکان لەگەڵ هەڤدوو بوو. کاتێک ئاتێنی‌یەکان گەیشتنەجێ، ئێیینی‌یەکان بە حەفتا گەمی جەنگییەوە لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان. ئێیینی‌یەکان تووشی شکست هاتن و ناچاربوون داوای پشتیوانی لە هێزەکانی ئارغۆسی بکەن. ئارغۆسی‌یەکان بە هاواریانەوە نەهاتن. هەرچەند لە کاتی پەلاماری کلی‌ئۆمێنیس بۆ سەر ئارغۆسی‌یەکان، گەمییەکانی ئێیینی بەزۆر بەشداری شەڕەکە کرابوون، ئارغۆسی‌یەکان لەو کاتەوە بۆخاتری ئەو کردەوەیە، ڕقیان لە ئێیینی‌یەکان بوو. چەند گەمییەکی (سیکی‌ئۆن)یش[1] بەشداری ئەو شەڕە بوون. دانیشتووانی ئارغۆسی بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە ئێیینی‌یەکان و سیکی‌ئۆنی‌یەکان، هەرکام لەو دوو شارانەیان ناچار بە دانی پێنسەد تالاند، واتە سەرجەم هەزار تالاند پارە کرد. سیکی‌ئۆنی‌یەکان دانیان بە هەڵەی خۆیان نا، بۆیە توانیان سزاکە کەم بکەنەوە و ببێتە سەد تالاند. بەڵام ئێیینی‌یەکان خۆیان بە تاوانبار نەزانی و هیچ بایخێکیان بە ئارغۆسی‌یەکان نەدا. ئەوە هۆکارێک بوو کە وەختێک ئێیینی‌یەکان داوای یارمەتی نیزامییان لە ئارغۆسی‌یەکان کرد، ئەوانیش بەدەنگیانەوە نەچوون. هەڵبەت هەزار کەسێکی ئارغۆسی بەدڵخوازی خۆیان ئامادە بوون بۆ ئەو شەڕە بچن. سەرکردەی ئەوانە ناوی ئێڤری‌ڤاتیس بوو و بەردەوام وەرزیشی پێندئاتلۆی (پێنج وەرزیش پێکەوە) دەکرد[2] و گەلێک پاڵەوان و بەهێز بوو. ئەوانەی بۆ ئەو شەڕە چوون، زۆربەیان بەدەست ئاتێنی‌یەکانەوە لە وڵاتی ئێیینا کوژران و نەگەڕانەوە سەر ماڵ و ملکی

---

١- سیکی‌ئۆن، شارێکی یونانی کۆن، هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژئاوای دورگەی پێلۆپۆنیسۆس لە کەنداوی کۆرینتۆ.

٢- پێنج ڕاهاتنی وەرزیشی کە یونانی دێرین (باستان)دا کە بریتی بوون لە: ڕاکردن، زۆرەوانی، بازدان، مستەکۆڵە وەشاندن و هاویشتنی دەوری(دیسک).

خۆیان. ئێڤریڤاتیس لە شەڕی تاکەکەسیدا سێ دژبەری خۆی کوشت، بەڵام لە شەڕی چوارەمدا بەدەست سۆفانیس، خەڵکی دێکێلیا[1] کوژرا.

**[٩٣]** دانیشتووانی ئێیینی بە ناوگانی دەریایی خۆیان پەلاماری هێزەکانی ئاتێنییاندا کە هیچ ئامادەی شەڕ نەبوون و خێرا شکستیان پێدان و چوار لە کەشتییە جەنگییەکانی ئاتێنییەکانیان بەتەواوی مەلەوان و شەڕکەرەوە دەستبەسەر کرد.

## دووهەمین لەشکرکێشیبۆسەر خاکی یۆنان

**[٩٤]** ئاتێنییەکان و ئێیینییەکان بەو چەشنە کەوتبوونە شەڕی هەڤدوو و لەولاشەوە پاشای پارسەکان خەریکی خۆتەیارکردن بوو و خزمەتکاری داریوش گشت شەوێک بەر لە خەوتن، وەبیر پاشای دەهێنایەوە کە ئاتێنییەکان[2] لەبیر مەکە و ئەندامانی خانەدانی پیسیستراتیس، ئەوانیش لەو سەردەمیدا لە بارەگای پاشای پارس دەژیان و بەردەوام دژی ئاتێنییەکان پرۆپاگەندەی ژاراوییان دەکرد. جیا لەوانە، داریوش گەرەکی بوو فرسەتەکە بقۆزێتەوە و بەبیانووی هێنانە ژێر دەسەلاتی ولاتی یۆنان، شەڕی ئەو یۆنانییانە بکا کە ئاو و خاکیان پێشکەش بە ناوبراو نەکردوە. ماردۆنیۆس، ئەو کەسەی لە شەڕی یەکەمدا تووشی شکست هاتبوو، داریوش لەسەر کاری لابرد و لە جێگای ئەو سەرکردەیتری لەشکریی بەمەبەستی هێرشکردنەسەر هەرێمەکانی ئێرێتریاس[3] و ئاتێن دیاریکرد. ئەو هەروەها داتیسی میدیایی و ئارتافێرنیسی کوڕی ئارتافێرنیس کە برازای خۆی بوو، وەک سەرکردەکانی سپا هەڵبژارد. داریوش فەرمانی دەسەر ئەو دوو

---

١- شارێکی کۆنی یونانی لە نیمچە دورگەی ئەتیکی و لە باکووری ئاتێن هەڵکەوتووە.

٢- دوای داگیرکرانی شاری سارد لەلایەن ئاتێنی و یوونییەکانەوە، داریوش داوای لە خزمەتکارەکەی خۆی کردبوو هەموو شەوێک بەر لە نووستن ئاتێنییەکانی وەبیربێنێتەوە.

٣- ئێریتری، یا ئێرێتریاس، یەکێک لە شارەکانی کۆنی دورگەی ئێڤیا هەڵکەوتوو لە رۆژهەلاتی یونان.

سەرکردەیە کرد کە شارەکانی ئاتێن و ئێرێتریاس داگیربکەن و تەواوی دانیشتووانی ئەوێ بە قۆڵبەستکراوی بێننە بەردەم پاشا.

**[٩٥]** سەرکردە دیاریکراوەکان لەلایەن پاشاوە وەڕێکەوتن و گەیشتنە دەشتی ئالۆن لە وڵاتی کیلیکیا[١] و لەشکرێکی گەورە و پەرداخیان لەژێر فەرماندا بوو. کاتێک لەو شوێنە ئۆردویان لێدا، ژمارەیەک مەلەوانی شەڕکەر لە هەرێمەکانی جۆراوجۆرەوە هاتن و تێکەڵ بەو لەشکرە بوون. ئەو هەرێمانە پێشتر دەسەریانکرابوو کە هەرکامەیان کۆمەڵێک مەلەوانی شەڕکەر و گەمی راگواستن بۆ ئەسپەکانی لەشکر بنێرن. هەڵبەت داریوش ساڵێک پێشتر دەستوری دابوو بە هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی، واتە ئەوانەی ناچار بە خەڕاجدان کرابوون، کە کەرستەی جموجۆڵ بۆ لەشکر ئامادەبکەن. ئەو مەلەوانانە ئەسپ و لەشکری پیادەیان سواری شەش سەد کەشتی کرد و بەرەو یوونی وەڕێکەوتن. لە وڵاتی یوونی بەولاوە، لەجیات ئەوەی رێگای کەنار دەریا بگرنەبەر و بە هەرێمەکانی ئێلیسپۆندۆس و تراکیدا بڕۆن، لە دورگەی سامۆسڕا رێگەی نیزیکی نێوان دورگەکانی قەراخ (ئیکاریا)یان[٢] گرتەبەر. بەباوەڕی من لە دەورلێدانی دەوری چیای ئاتۆس[٣] تەواوێک دەترسان، چونکە ساڵێک پێشتر بەوێدا چوبوون و تووشی شکستێکی قورس هاتبوون. ئەوە بڵێم کە دورگەی ناکسۆس تا ئەو سەردەمە نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی پارسەکان و بۆیەش ئەوانی ناچار بە هەڵبژاردنی ئەو رێگایە کرد.

**[٩٦]** هێزی دەریایی پارسەکان دوای ئەوەی لە دەریای ئیکاریەوە بەرەو ناکسۆس وەڕێکەوت، پاش ماوەیەک لە لێواری دەریا نیزیک بۆوە. پارسەکان گەرەکیان بوو شەڕ لەو شوێنە دەست پێبکەن. دانیشتووانی ناکسۆسی

---

١- کیلیکیا یا لیسی یەکێک لە هەرێمەکانی کۆنی ئاسیای بچووک لە باشووری رۆژئاوای ئەو نیمچە دورگەیە و لە کەنارەکانی مەدیترانە و دەریای ئێژە، هەڵکەوتوو لەنێوان دەڤەری کاری و پامفیلی.

٢- ئیکاری، ئیکار دورگەیەک لە دەریای ئێژە.

٣- ریزە چیایەک وەک نیمچە دورگەی باریک و درێژ تێکەڵ بە خاکی یونان دەبێتەوە.

ئاگاداری بارودۆخەکە نەبوون، بۆیە کاتێک هەواڵی هێرشیان پێگەیی، خێرا پەنایان بۆ چیاکانی دورگە برد.

پارسەکان گەیشتبانە هەر ناوچەیەک خەڵکەکەیان یەخسیر دەکرد و شار و پەرستگەکانیان ئاگر تێبەردەدا و ئەوجار بە ڕێگای دەریادا بەرەو دورگەیەکیتر دەچوون.

**[٩٧]** لە کاتێکدا پارسەکان خەریکی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە بوون، دانیشتووانی دیلۆس شاریان چۆڵکرد و پەنایان بۆ تینۆس برد. وەختێک ناوگانی دەریایی پارسەکان لە دیلۆس نیزیک کەوتەوە، داتیس کە پێشتر بەو پەلامارەی دەزانی، نەیهێشت کەشتییەکانی ئەو لەشکرە لە کەنار دورگە لەنگەر بگرن و بۆ جێگایەکی دورتر بەناوی رینیا بەڕێیکردن. ناوبراو بە شوێنی دانیشتووانی دیلۆسی دەزانی و راسپاردەی ناردە لایان و پێیگووتن: "ئەی خەڵکی بەڕێزی دیلۆسی![1] لەبەر چی راتانکردوە؟ ئێوە سەبارەت بە من لە هەڵەدان، پاشای گەورە حوکمی دەسەر من کردوە و ئێستا پێتاندەڵێم. من خۆیشم بۆخاتری چەند هۆیەک، لەسەر خواستی پاشا هەڵسوکەوتی خەراپتان لەگەڵناکەم. پاشا ئەمری دەسەرکردم: وڵاتێکی خاوەن دوو خوای بەشکۆ بێ، نابێ زەرەر و زیان بە خاک و ئاوەکەی بگا. تکایە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و مڵکی خۆتان و خەریکی کشتوکاڵ بن ".

ئەوە دەقی پەیامی داتیس بۆ راکردوەکانی دیلۆسی بوو. داتیس دوای ئەو پەیامە، دەستوریدا بە قەیاسی سێسەد تالاًند داری عود لەبەر درگای قوربانگە بسوتێنن تا دوکەڵی ئاگرەکە سەرتاسەری ئاسمانی هەرێمەکە داگرێ.

**[٩٨]** داتیس پاش رێکوپێک کردنی کاروبارەکان، لەگەڵ سپای ژێردەسەڵاتی خۆی بەرەو ناوچەی ئێرێتریا رۆیشت. لەو سەفەرەدا کۆمەڵێک لە خەڵکی یوونی و ئیئۆلی رەگەڵ خۆیدا. دوای رۆیشتنی ناوبراو،

---

١- دیلۆس، یەکێک لە کۆمەڵە دورگەکانی یونانی و بەپێی چیرۆکە ئەفسانەییەکان مەوتەنی خواوەند ئاپۆلۆن و دیانا بووە و وەک نێوەندی هاتووچۆ لە قەراخ ئاوەکانی دەریای مەدیترانە ناوبانگی دەرکردوە.

بومەلەرزەیەک شاری دیلۆسی هەژاند. بەباوەڕی خەڵکی ئەوێ و تا ئەو سەردەمە یەکەمین و دوایین بومەلەرزە لەو دورگەیە بووە. شک لەوەدا نەبوو کە خواوەند بەو کردارەی خەڵکی وشیارکردەوە کە کۆمەڵێک نەهامەتی بەڕێوەن. چونکە لە سەردەمی داریوشی کوڕی گشتاسپ و دوای ئەویش لە زەمانی خەشایارشای کوڕی داریوش و لە کاتی فەرمانڕەوایی ئەردەشیری کوڕی داریوش‌دا، واتە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارییەتی ئەو سێ پاشایەدا، ئەوەندەی نەهامەتی و چارەڕەشی تووشی وڵاتی یۆنان هات، بەدرێژایی تەمەنی بیست وەچەی بەر لە داریوش، ئەو وڵاتە ئەوەندە زیانی پێنەگەیبوو. بەشێک لەو نەهامەتییانە پارسەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. چارەڕەشییەکانی‌تر بەرهەمی کرداری دانیشتووان خۆیان و حوکمڕانەکان بوو کە لەسەر دەسەڵات بەشەڕ هاتن. باشە نەدەبوو دورگەی دیلۆس کە تا ئەو سەردەمە ئازاری بەخۆوە نەدیبوو، ئێستا تووشی بومەلەرزە نەهاتبا؟ ئەوەش بگووترێ کە گووتەی یەکێک لە کاهێنانی پەرستگەیە و بە نووسراوە ماوە. ئەو کاهێنە داهاتووی بەو چەشنە لێکدابۆوە: "من دورگەی دیلۆس کە تا ئێستا جوڵەی لێوە نەهاتووە، وەلەرزە دەخەم ".

لە زمانی یۆنانیدا، ناوەکانی ئەو سێ پاشایە بەو چەشنە مانا کراونەوە: داریوش وەک داگیرکەر – خەشایار وەک شەڕکەر و شەڕانی – ئەردەشیر وەک شەڕکەری مەزن. دەبێ بڵێم کە یۆنانییەکان ناوی پڕ بە پێستیان بۆ ئەو سێ پاشایە دیاری‌کردوە.

**[۹۹]** پاش ئەوەی لەشکری بەربەر لە دیلۆس رۆیشت، نیزیک دورگەکانی‌تر کەوتەوە و لەو دورگانە پیاوەکانیان وەک سەربازی ئیجباری دەنارده شەڕ و منداڵەکانیشیان وەک یەخسیر لەگەڵ خۆیان دەبرد. لە ماوەی داگیرکردنی دورگەکان‌دا گەیشتنە ناوچەی کاریستۆ. لەبەر ئەوەی دانیشتووانی ئەو شوێنە ئامادە نەبوون یەخسیر بدەنە دەست بەربەرەکان و گەرەکیشیان نەبوو لە لەشکرکێشی بۆسەر دورگەکانی دراوسێ، بەتایبەت بۆسەر ئاتێنی و ئێرێتری‌یەکاندا بەشداری بکەن، پارسەکان ئەوانەیان

گەمارۆدا و تەواوی وڵاتەکەیان ویرانکرد، تا ئەو کاتەی کاریستی‌یەکان[1] ناچار بە تەسلیم بوون.

**[۱۰۰]** وەختێک ئێریتری‌یەکان هەواڵیان پێگەیی کە پارسەکان خەریکی پەلاماردانی وڵاتی ئەوانن، خێرا داوای یارمەتی سەربازییان لە ئاتێنی‌یەکان کرد. ئاتێنی‌یەکان بە هاواریانەوە چوون و چوار هەزار کەسی کلیروخی‌یان بۆ ناردن. کلیروخی بەو کەسانە دەگووترا کە لەسەر زەویوزاری ئەسپدارەکانی خالکیدی[2] نیشتەجێ کرابوون. ئێریتری‌یەکان هێشتا ساغ نەببوونەوە و سەرلێشێواوییان پێوە دیاربوو و بڕیاریان بۆ نەدەدرا، چونکە لەلایەکەوە داوای یارمەتییان لە ئاتێنی‌یەکان کردبوو و لەلایەکی‌تریشەوە بیریان لە جێبەجێ کردنی دوو نەخشەی‌تر دەکردەوە. هێندێک لەوانە پێیانوابوو کە دەبێ شار چۆل بکەن و روو لە شاخەکانی ئێف‌ڤییاس بکەن. بەشێکیش لە جەماوەر دەیانگووت هاتنی پارسەکان قازانجی بەدواوە دەبێ و خەریکبوون خۆیان بەدەستەوە بدەن. کاتێک یەک لە گەورە پیاوانی ئێریتریی بەناوی ئێسخینیس، کوڕی نۆتۆنۆس بەو بارودۆخەی زانی، ئاتێنی‌یەکانی بۆ یارمەتیدان هاتبوون لێ ئاگادارکردەوە. ئەو بە ئاتێنی‌یەکانی گووت باشترە بگەڕێنەوە هەرێمی خۆتان و لەخۆڕا خۆبەکوشتن نەدەن. ئاتێنی‌یەکان بە قسەی ئیسخینیس‌یان کرد و گەڕانەوە.

**[۱۰۱]** ئاتێنی‌یەکان بە ناوچەی ئۆرۆپۆس‌دا[3] رۆیشتن و خۆیان رزگارکرد. پارسەکان بە رێگای دەریادا هاتن و لە هەرێمی ئێریتریا، لە قەراخ ئاوەکانی تامینی، خیرێئا و ئێغیلیا لەنگەریان گرت. کاتێک ئەو سێ شوێنەیان داگیرکرد، خێرا سوارنیزامیان لە گەمییەکان دابەزاند و ئامادەی پەلاماری دوژمن بوون. ئێریتری‌یەکان لەهەر حاڵدا گەرەکیان نەبوو دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و شەڕ بکەن. ئەوان دەیانویست بەهەر جۆرێک بلوێ

---

١- کاریستی، ناوچەیەک لە باشووری دورگەی مەزنی ئێف‌ڤییاس یا ئێڤیا.

٢- ئەوانە گشتیان زەویندارى گەورە و لە وەرزێڕیدا ناوبانگیان دەرکردبوو.

٣- ئۆرۆپۆس، پێتەختی یەکێک لە هەرێمەکانی یونانی کۆن ناسراو بە ئۆرۆپیا هەڵکەوتوو لە سەر حدودی نیمچە دورگەی ئاتێن و ڤیۆتییا.

دیوارەکانی شار بپارێزن، چونکە ئەو بڕیارە پتر لەجێی خۆیدا بوو و دەبوایە پارێزگاری لە شارەکە بکرێت. گەلێک هێرش کرانە سەر دیواری حەسار و لە ماوەی شەش ڕۆژدا خەڵکێکی زۆر لە هەردوو لایەن کوژران، بەڵام ڕۆژی حەوتەم، ئێڤفۆرڤۆس کوڕی ئالکیماخۆس لەگەڵ فیلاغرۆسی کوڕی کینیئا وەک پیاوانی ناسراوی کۆمەڵگای خۆیان، شاریان رادەستی پارسەکان کرد. پارسەکان ئەوجار هێرشیان کردە نێو شاری ئێرێتریا و تالان و وێرانیان کرد. ئەوان بە تۆڵەی ئەو پەرستگانەی لە شاری سارد ئاگریان تێبەردرابوو، گشت نێوەندەکانی ئایینی ئەو شارەیان سوتاند و بەپێی فەرمان و خواستی داریوش خەڵکەکەیان یەخسیرکرد.

**[١٠٢]** پاش ئەوەی ناوچەی ئێرێتریا بەدەست پارسەکانەوە داگیرکرا، دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە، هێرشیان بۆ سەر ناوچەی ئەتیکی دەستپێکرد. تەواوێک شاییان بەخۆ بوو و لەڕاستیدا لە خۆبایی ببوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە چییان بەسەر دانیشتووانی ئێرێتریا هێناوە، بەو چەشنەش لەگەڵ ئاتێنییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. پارسەکان ناوچەی ماڕاتۆنیان وەک گونجاوترین شوێن لە هەرێمی ئەتیکی بۆ ئەو بەربەرەکانییە هەڵبژارد. ئەوان پێیانوابوو کە ئەو دەڤەرە نیزیک لە هەرێمی ئێرێتریایە و بۆ لەشکری سوارە نیزام دەست دەدا. ئیپپیاس، کوڕی پیسیستراتۆس لەشکری پارسی بەرەو ئەو ناوچەیە وەڕێخست.

**[١٠٣]** کاتێک ئاتێنییەکان هەواڵیان پێگەیی، ئەوانیش سپای خۆیان بۆ دەڤەری ماراتۆن بەڕێکرد. دە کەس سەرکردەی لەشکری فەرماندەری سپای یۆنانییان وەستۆگرت. دەهەمین سەرکردە ناوی میلتیادیس و کوڕی کیمۆنۆس و نەوەی ستیساغۆراس بوو. میلتیادیس کاتی خۆی ناچار ببوو شاری ئاتێن جێهێڵێ، بۆوەی بەدەست پیسیستراتۆسی کوڕی ئیپۆکراتۆس نەکوژرێ.

لەو سەردەمەدا کە کیمۆنۆس ماوەی دورخراوەیی خۆی تێپەڕدەکرد، لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیا و لە ئاژۆتنی فایتوونی چوار ئەسپدا یەکم خەڵاتی وەرگرت. هەر بە هەمان شێوە، زڕبرای ئەویش واتە میلتیادیس خەڵاتی

ئاژۆتنی فایتوونی چوارئەسپەی پێبڕا. کیمۆنۆس لە کێبەرکێکانی ساڵی دواتریشدا، بەهەمان فایتوون و ئەسپەکانی بەشداری لەو ململانێیەدا کرد و دوبارە یەکم هاتەوە،[1] بەڵام لەجیات ئەو پیسیستراتۆس وەک براوە ڕاگەیێندرا. کیمۆنۆس هاتە مەیدان و خۆی خەڵاتەکەی پێشکەش بە پیسیستراتۆس کرد. کیمۆنۆس بەو جوامێرییەی، سزای دورخراوەیی و کوژرانی لەسەر لاچوو و توانی بگەڕێتەوە ئاتێن. کیمۆنۆس بۆ جاری سێهەمیش لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا سەرکەوت و هەمان فایتوون و ئەسپەکانی پێبوو، بەڵام ئەوجار بەدەست کوڕەکانی پیسیستراتۆس کوژرا. هەڵبەت ئەوکاتە پیسیستراتۆس خۆی لە ژیاندا نەمابوو. ئەو کوڕانە کەسێکی سیخوڕیان لەسەر کیمۆنۆس دانا و شوێنپێیان هەڵگرت و لە تاریکی شەو و لە نیزیک نێوەندی ئیداری حکوومیدا کوشتیان. گۆڕی کیمۆنۆس لەبەر درگای سەرەکی شار و لەوبەری ڕێگای ئەسڵی، بەناوی کیلی هەڵکەوتووە. ئەو ئەسپانەش کە سێ جار خەڵاتیان بە کیمۆنۆس بەخشیبوو، لەبەردەم گۆڕی ناوبراودا ناشت. ئەوەش بگووترێ کە ئەسپەکانی ئێڤاغۆراسی لاکێدیمۆنی، ئەوانیش سێ کەڕەت خەلاتیان بە خاوەنی خۆیان بەخشی، هەڵبەت لە زۆربەی سەرکەوتنەکاندا، ئاوا نەبوو کە هەر هەمان ئەسپ بەشدار کرابێ.

کوڕە گەورەی کیمۆنۆس بەناوی ستیساغۆراس ئەو کاتە لە دەڤەری خێرسۆنیسۆس و لەلای مامی خۆی واتە میلتیادیس دەژیا. کوڕە گەنجترەکەی کیمۆنۆس لە ئاتێن و لەگەڵ باوکی بوو. ئەو کوڕە بەناوی میلتیادیس، ئاواییەکی پەنابەرنشینی لە هەرێمی خێرسۆنیسۆس دروست کردبوو.

**[١٠٤]** میلتیادیس لە خێرسۆنیسۆس گەڕابۆوە و یەکێک لەو سەرکردە لەشکرییانەی سپای ئاتێن بوو. ئەو کوڕە دوو جار بەدەست کوژرانەوە ڕزگاری هاتبوو. جاری یەکەم، فینیقیەکان قەستی کوشتنیان کرد و تا دەڤەری ئیمڤرۆس[2] وەدوای کەوتبوون و دەیانویست بە زیندوویی بیگرن و

---

١- ئەو سەرکەوتنانە لە نیوەی دووهەمی سەدەی شەشی پێش زایینداا تۆمارکراون.

٢- ئیمڤرۆس، دورگەیەک لە دەریای ئێژە و لە نیزیک داردانێل، ئەمرۆ ناسراوە بە ئیمبرو.

بیبەنە لای پاشای گەورە و خەڵاتێکیان دەسکەوێ. جاری دووهەمیش وەختێک لە دەست فینیقی‌یەکان نەجاتی هات، گەڕاوە ئاتێن و پێیوابوو لەوێ گیانی لە مەترسی ناکەوێ، بەڵام نەیارانی ئەو بەوە تاوانباریان کرد کە لە خێرسۆنیسۆس پیاوێکی زاڵم و سەرەڕۆ بووە و بۆیە پێویستە دادگایی بکرێ. میلتیادیس پاش ئەوەی لەو گرفتەش رزگاری هات، ئەوجار خەڵکی ئاتێن وەک سەرکردەی لەشکری هەڵیانبژارد.

**[١٠٥]** سەرکردەکان بەر لەوەی لە شاری ئاتێن وەدەرکەون و بەرەو دەڤەری ماراتۆن بچن، تەتەرێکیان بەناوی فیدیپیدیس ناردە شاری سپارت. فیدیپیدیس تەتەرێکی خێرا و کارامە بوو. ناوبراو بۆ ئاتێنی‌یەکانی باسکرد کە کاتێک بە تەنیشت چیای تێیێ‌ئاس‌دا[1] دەرباز بووە، چاوی بە خواوەند پانا[2] کەوتووە. ئەو خوایە ئەوی بەناوی خۆی واتە فیدیپیدیس بانگکردوە و داوای لێکردوە کە لە ئاتێنی‌یەکان بپرسێ بۆچی رێز لە خواوەند پانا ناگرن، لەحاڵێکدا ئەو هەمیشە وەک خوایەک، بەختەوەری ئەوانی گەرەک بووە و لە رابردوشدا زۆرجار خزمەتی بەو خەڵکە کردوە و ئێستاش دەیهەوێ یارمەتییان بدا. لەبەر ئەوەی بارودۆخی شاری ئاتێن گۆڕابوو، خەڵک خێرا باوەڕیان بە قسەکانی فیدیپیدیس کرد و بەپەلە لە داوێنی چیای ئاکرۆپۆلیس قوربانگەیەکیان بۆ ئەو خوایە دروست کرد. لەو کاتەوە کە ئەو پەیامە گەیشتووەتە ئاتێنی‌یەکان، گشت ساڵێک دانیشتووانی شار قوربانی پێشکەش دەکەن و کێبەرکێی غاردان بە مەشخەڵەوە رێکدەخەن.

**[١٠٦]** فیدیپیدیس، ئەو کەسەی لەلایەن سەرکردەکانی لەشکرییەوە دیاریکرابوو بچێتە شاری سپارت و دەیگووت لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی دا چاوی بە خواوەند پانا کەوتووە، رۆژی دوایی شاری ئاتێنی بەجێهێشت و

---

١- تێیێ‌ئاس، هەروەها یەک لە شارەکانی کۆنی یونان لە نیمچە دورگەی پێلۆپۆنیسۆس.

٢- پانا یا پان، ناوی خوایەکی بەهێز و مناڵی خواوەند ئێرمیس و دریۆپی بووە. چیرۆکە ئەفسانەییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو خوایەی سەردەمی کۆن بەسەر چیا و دەشتەکاندا فڕیوە و سەمای فریشتەکانی رێبەری کردوە و بەردەوام بلوێرێکی دەسکردی خۆی بە دەمییەوە بووە و هاوڕێیەتی فریشتەکانی کردوە. ئەو خوایە خاوەن سەر و قاچی کیسک بووە.

بەرەو سپارت رۆیی. کاتێک گەیشتە ئەوێ، خۆی بە حوکمڕانانی ئەو ناوچەیە ناساند و گووتی: "لاکیدیمۆنی‌یەکان! خەڵکی ئاتێن دەخوازن کە ئێوە بە هاواریانەوە بچن و ئیزن نەدەن کۆنترین شاری یۆنان لەبەر چاوی ئێوە و بەهۆی بێ‌مبالاتیتان بکەوێتە ژێردەستی بەربەرەکان. هەروەک دەزانن هەرێمی ئێرێتریا ژێردەستە بووە و وڵاتی یۆنان بە لەدەستدانی ئەو شارە گرینگە تەواو لاواز بووە ". فیدیپیدیس بەو چەشنە ئەوەی پێی‌ڕاسپێردرابوو، بەگوێی حوکمڕانانی سپارتی گەیاند. سپارتی‌یەکان وڵامی ئەرێنی‌یان بە خواستی ئاتێنی‌یەکان داوە، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی خێرا ئەو کارە بکەن و دەبوایە بەپێی یاسا جارێ دەست راگرن تا مانگ کامڵ دەبێ. ئەو رۆژەی داخوازییەکەیان پێگەیی، مانگ نۆ رۆژە بوو و هێشتا کامڵ نەببوو، بۆیە سپارتی‌یەکان نەیاندەتوانی لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا شەڕ دەست پێبکەن.

**[۱۰۷]** سپارتی‌یەکان لە چاوەڕوانی مانگ کامڵبووندا مانەوە. لەو ماوەیەشدا، ئیپپیاس کوڕی پیسی‌ستراتۆس لەشکری بەربەرەکانی بەرەو دەڤەری ماراتۆن رێنوێنی کرد. شەوێک پێشتر، ناوبراو خەونی دیتبوو کە لە باوەشی دایکی خۆیدا خەوی لێکەوتبوو. ناوبراو خەونەکەی بەو شێوەیە لێکدایەوە کە بەو زووانە دەگەڕێتەوە شاری ئاتێن و حوکمڕانی ئەوێ بەدەستەوە دەگرێ و دوای ساڵانێکی زۆر ئەوجار سەر دەنێتەوە. ئەوە لێکدانەوەی خەونی ئیپپیاس بوو. دیارە لەو کاتیدا ئەو چاوساغی و رێنوێنی پارسەکانی وەستۆگرتبوو و ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لە شاری ئێرێتریا یەخسیر کرابوون، گشتیانی لە دورگەی ئێغیلیا[1] دابەزاند. دورگەی ئێغیلیا ملّکی ستیری‌یەکان بوو. دوای دابەزاندنی یەخسیرەکان، گەمییە جەنگیەکان دەبوایە لە دەڤەری ماراتۆن لەنگەر بگرن. وەختێک لەشکری بەربەرەکان گەیشتنە دەشتایی، ئیپپیاس گشتیانی بەڕیزکرد و ئامادەی شەڕ بوون. راست لەو کاتەدا کە ناوبراو خەریکی دامەزراندنی هێزەکانی بەربەر بوو، بە هەڵکەوت وەپشمین و کۆخە کەوت. پشمینەکەی ئەوەندە توند بوو کە گشت ددانەکانی

---

۱- ئێغیلیا، دورگەیەکی بچووک لە نیزیک دورگەی ئێڤیا.

وەلەرزین کەوتن و یەک لە ددانەکانی لە زاری دەرپەڕی و کەوتە سەر خیزەڵانی بەردەمی. ئیپیاس ماوەیەک بەدوای ددانەکەیدا گەڕا و نەیدۆزییەوە. لە کۆتاییدا هەناسەیەکی هەڵکێشا و رووی لە کەسانی دەوروبەری خۆی کرد و گووتی: "ئەو خاکە ئیتر ملکی ئێمە نییە و لەوە زیادتر ناتوانین لێیبمێنینەوە. لە سەرتاسەری خاکی ئەو وڵاتە، تەنیا ئەو بەشەی بە من دراوە کە ددانەکەمی تێکەوتووە و هێچیترم پێنەبڕاوە ".

[١٠٨] ئیپیاس لەڕاستیدا پێیوابوو کە خەونی ئەو بەئەنجام گەیشتووە. ئاتێنییەکان لە یەکێک لە مەزراکانی پیرۆزی ئیراکلیس دامەزران و دانیشتووانی پلاتێیی[1]، ئەوانیش بە مەبەستی یارمەتیدان گەیشتنە لایان. خەڵکی ئاتێنی لە رابردوودا ئازارێکی زۆریان سەبارەت بە پلاتێییەکان چێشتبوو، هەربۆیە ئێستا نۆرەی ئەوان بوو کە پشتی ئاتێنییەکان بگرن و جوابی چاکەیان بدەنەوە. جیا لەوە، ئەوان بەردەوام لەژێر زەخت و زۆری و هەڕەشەی تیڤێییەکاندا بوون. لەهەرحاڵدا، ئیتر ئامادەی ئەو هاوکارییە بوون و هاتنە خزمەت ئاتێنییەکان. سەرەتا گەرەکیان بوو بچنە ژێر حوکمی کلێئۆمێنیسی[2] کوڕی ئەناکساندریدیس و لاکێدێمۆنییەکانی کە لەو ناوچەیە بوون، بەڵام پێشنیارەکەیان لەو بارەوە پەسند نەکرا و وەرنەگیران. لاکێدێمۆنییەکان پێیان گووت: "ئێوە لە هەرێمی ئێمەوە دوورن و یارمەتیتان بۆ ئێمە کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ. تا ئێوە بیری لێبکەنەوە کە مەترسی لەگۆڕێدا و پێویستە هاوکاری بکەن، گەلێک جار لەلایەن دوژمنەوە یەخسیر دەکرێین، کەوابوو بە قسەمان بکەن و پشتی ئاتێنییەکان بگرن باشترە. ئەوان دراوسێی نیزیکی ئێوەن و وێناچی ئاتێنییەکان مرۆڤگەلی ترسنۆک و بێغیرەت بن ".

دیارە مەبەستی لاکێدێمۆنییەکان لەو پێشنیار و وڵامە ئەوە نەبوو کە لە خەمی پلاتێییەکاندا بن، بەڵکوو دەیانویست بەو کارەیان نێوانی ئاتێنییەکان و

١- یەکێک لە شارەکانی یونانی دێرین (باستان)، هەڵکەوتوو لە دەڤەری ڤییۆتیا و لە نیزیک شاری تیڤا.

٢- پاشای سپارتی لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجی پێش زایین.

ڤییۆتی‌یەکان ناخۆش بکەن و گرفت بۆ ئاتێنی‌یەکان بخوڵقێنن. لەهەر حاڵدا ئەوە پێشنیار و وڵامی لاکیدێمۆنی‌یەکان بۆ دانیشتووانی پلاتێیی بوو. پلاتێییەکان بەقسەی لاکیدێمۆنی‌یەکانیان کرد.

ئاتێنی‌یەکان کاتێک ڕێورەسمی ڕێزگرتن و قوربانی پێشکەش کردنیان بۆ کۆمەڵی دوازدە خواکان بەڕێوە برد، پلاتێییەکان لە قوربانگە دانیشتبوون و خۆیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی ئاتێنی‌یەکان و چاویان لە زاری ئەوان بوو. تیڤی‌ییەکان هەرکە بەو خەبەرەیان زانی، خێرا دژی پلاتێییەکان لەشکرکێشییان کرد و ئاتێنی‌یەکان ناچاربوون پشتی پلاتی‌ییەکان بگرن. ڕاست لەو کاتەدا کە خەریک بوو شەر لەنێوانیاندا بقەومێ، کۆرینتی‌یەکان لەڕێوە گەیشتنێ و بەسەر کێشەکەدا کەوتن و خۆیان پێڕانەگیرا و وەخۆکەوتن. هەردوو لایەنی شەڕ نێوبژیوانی کۆرینتی‌یەکانیان پەسند کرد و ئاشتی باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشاوە و کۆرینتی‌یەکان سنووری خاکی هەرکام لەوانەیان دیاریکرد و بڕیاردرا کە تیڤی‌ییەکان لە داهاتوودا گرفت بۆ ئەو کۆمەڵە دانیشتووەی هەرێمی ڤییۆتیا[1] نەخوڵقێنن کە ناخوازن لەگەڵ ڤییۆتی‌یەکان بژین.

کۆرینتی‌یەکان بەو شێوەیە بڕیاری خۆیاندا و پاشان ڕۆیشتن. ڤییۆتی‌یەکان ڕاست لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکانی ئاتێنی کە بۆ پشتیوانی کردن هاتبوون، پەلاماری پلاتی‌ییەکان، بەڵام تووشی شکستێکی قورس هاتن. ئاتێنی‌یەکان لەو کاتەدا ئەو سنوورانەیان پەڕاند کە لەلایەن کۆرینتی‌یەکانەوە بۆ پلاتی‌ییەکان دیاریکرابوون. ئاتێنی‌یەکان سنوورەکانی نێوان هەرێمی تیڤی‌ییەکان و پلاتی‌ییەکانیان گواستەوە بۆ سەر چۆمی ئاسۆپۆس[2] و ئیسیا. پلاتی‌ییەکان لەبەر ئەو یارمەتییەی ئاتێنی‌یەکان، هەستی خزمەتکاری خۆیان نیشاندا و ئامادەییان بۆ بەشداری لە شەڕی ماراتۆن دەربڕی.

---

١- ڤیۆتیا، ناوچەیەکی دێرین (باستان)ی و لە بەشی نێوەندیی یونان هەڵکەوتووە و خاوەن شارێکی ناسراوە بەناوی تیڤا.

٢- ئاسۆپۆس، یەک لە چۆمەکانی وڵاتی ڤیۆتیا کە دوای تێپەڕبوون بە هەرێمی پلاتی‌ییەکان، لە نیزیک ئێریتریێ دەڕژێتە دەریای ئێژە.

## شەڕی ماراتۆن

**[١٠٩]** سەرکردەکانی ئاتێنی خاوەن دوو بۆچوونی جیاوازبوون. کۆمەڵێک لەوانە ئامادەی شەڕکردن نەبوون، چونکە پێیانوابوو لەشکری ئاتێنییەکان زۆر لە لەشکری میدیاکان بچووکترە، بەڵام ئەوانیتر و بەتایبەت میلتیادیس لەسەر شەڕ پێداگربوون. هەرچەند ئەو سەرکردانە هاوڕا نەبوون، خەراپترین بۆچوون جێیگرت. هەڵبەت یازدەهەمین دەنگدەر کەسێک دەبوو کە ئاتێنییەکان وەک فەرمانداری جەنگ هەڵیاندەبژارد و بەلای ئاتێنییەکانەوە دەنگی یەکسانی وەک سەرکردەکانی لەشکری هەبوو. میلتیادیس بەدوای فەرمانداری جەنگدا چوو کە ئەو کاتە کالیماخۆسی خەڵکی ئافیدنا بوو. میلتیادیس ناوبراوی دۆزییەوە و پێیگووت: "کالیماخۆس! ئەمڕۆ یەخسیری و سەربەستی ئاتێن بەدەست تۆیە. بە ئیرادە و هیممەتی خۆت دەتوانی بیرەوەرییەکی هەتاهەتایی، پڕبەهاتر لە یادەکانی ئارمۆدیۆس و ئاریستۆییتۆن لەدوای خۆت جێهێڵی، چونکە لەو کاتەوە کە شاری ئاتێن دروستکراوە تا ئێستا تووشی مەترسی وێرانی و تێداچوونی ئەوتۆ نەهاتووە. ئەگەر ئاتێنییەکان لە بەرامبەر میدیاکان چۆکدابدەن و کڕنۆش بەرن، زێدە هاسان بۆمان دەردەکەوێ کە چارەنووسیان دوای تەسلیم بوون بە ئیپپیاس بەکوێ دەگا. ئەگەریش ڕەوتەکە بەپێچەوانەوە بێ و ئاتێن لەو دەستدرێژیەی پارسەکان سەرکەوتووانە نەجاتی بێ، دەبێتە سەرتۆپی گشت شارەکانی یۆنان. ئێستا، ئەو کارە چۆن دەکرێ و تۆ چۆن دەتوانی نێوبژیوانی ئەو دوو بۆچوونە بکەی، من ڕێنوێنیت دەکەم. ئێمە دە کەس سەرکردەی لەشکرین و دەنگەکانمان یەکسان دابەشبوونە، لایەنێکی پێنج کەسی خوازیاری شەڕ لەگەڵ میدیاکانین و ئەوانەیتریش دژی ئەو بۆچوونەی ئێمەن. من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر شەڕ نەکەین، پەشێوییەکی فرە و ئاڵۆزی زۆر بیر و هزری خەڵک دادەگرێ و تا ئەو جێگایە ورەیان دادەبەزێنێ کە سەری کڕنۆش بۆ میدیاکان دانەوێنن. بەڵام ئەگەر بەر لەوەی ترس و دڵەڕاوکێ ئاتێنییەکان دابگرێ، شەڕبکەین و خواکان نێوبژیوانی بێلایەن بن، لەو باوەڕەدام کە لە

بارودۆخێکی گونجاوداین و سەردەکەوین. ئێستا گشت ئەو چارەنووسە لەبەر دەستی تۆدایە. ئەگەر تۆ پشتیوانی لە لایەنی ئێمە بکەی، وڵاتەکەت ئازاد و سەربەست دەبێ و شارەکەت وەک سەرتۆپی شارەکانی یۆنانی ناوبانگ دەردەکا. ئەگەریش پشتی لایەنیتر بگری کە تەواو لەگەڵ ئەو شەڕە دژایەتی دەکەن، ئاکامی پێچەوانەی ئەو شتانەی باسم کردن، لێدەکەوێتەوە.

**[١١٠]** میلتیادیس بەو قسانەی توانی کالیماخۆس ڕەگەڵ خۆی بدا. دواتر کالیماخۆس دەنگی بە لاینگرانی شەڕدا و بڕیاری زۆرینە جێی خۆی گرت. لە دوای ئەو دەنگدانە، هەروەختێک نۆرەی سەرکردەکانی لاینگری شەڕ دەهات، ئەوانە بە قازانجی میلتیادیس دەکشانەوە دواوە و ناوبراو بەرپرسایەتی ئەوانیشی وەستۆدەگرت. میلتیادیس هەڵبەت تا ئەو ڕۆژەی نۆرەی خۆی نەبوو، هیچ شەڕێکی نەکرد.[١]

**[١١١]** کاتێک ڕۆژی مێژوویی هاتەپێش، ئاتێنییەکان بەو چەشنە ریزبوون و خۆیان ڕێکخست: لە ریزی پێشەوەی لایەنی ڕاستی مەیدان، سپای کالیماخۆس جێیگرت، چونکە پلەی فەرماندەری جەنگی هەبوو. بەپێی یاسایەک کە ئەو کاتە لە ئاتێن بەڕێوە دەچوو، قۆڵی ڕاستی سپا دەبوایە بە فەرمانداری جەنگ بسپێردرێ. دوای فەرمانداری جەنگ ئەوجار هۆزەکان بەپێی ڕێککەوتنی پێشوو، لەپشت سەری یەکتر و بە هێندێک مەودا لە نێوانیاندا، دادەمەزران. دانیشتووانی پلاتێیی دوایین دەستە بوون کە لە قۆڵی چەپدا داندران. ئاتێنییەکان هەر چوار ساڵ جارێک ڕێورەسمی ئایینی خۆیان بەڕێوە دەبرد و ژمارەیەک قوربانی پێشکەش دەکرد. ئەو جارەیان، کاتێک ئەو یادکردنەوەیە دەستی پێدەکرد، جارچی ئاتێنی لە کاتی دوعاکردندا لە خوا پاڕایەوە پارێزگاری لە ئاتێنییەکان و پلاتێییەکان بکا. لەهەر حاڵدا، ئاتێنییەکان لە دەشتی ماراتۆن دامەزران. ئەوەی جێگای سرنج بوو، مەودای بەرەی شەڕی ئاتێنییەکان لەگەڵ هی میدیاکان بەرابەر بوو، بەڵام قۆڵی نێوەندیی

---

١- وەختێک دە سەرکردەی لەشکری بەنۆرەی خۆیان لەو ڕۆژەدا هێرشیان کرد، ناوبراو بڕیاری لەسەر بەڕێوەبردنی نەخشەی لەپێش داڕێژراودا.

ئاتێنی‌یەکان بەهێز نەبوو و ئەوەش خاڵی لاوازی لەشکرەکەیانی دەردەخست. هەڵبەت دوو قۆڵی ڕاست و چەپ خاوەن قولایی پتر و بەهێزتر بوون.

**[١١٢]** ئاتێنی‌یەکان دوای ئەوەی هێزەکانیان دامەزراند و قوربانیان پێشکەش کرد و چارەنووسی پڕ خێر و بێر لەو پێشگۆییەدا دەرکەوت، فەرمانی پەلاماریان دەرکرد. هێرشەکەیان بەغاردان بۆسەر هێزەکانی بەربەر بوو. مەودای نێوان دوو لەشکری دژبەر کەمتر لە هەشت ستادیۆ بوو. کاتێک پارسەکان چاویان بە پەلاماری ئاتێنی‌یەکان کەوت کە ئاوا بە غار خەریکن نیزیک دەبنەوە، خۆیان بۆ بەربەرەکانی ئامادەکرد. پارسەکان بەلایانەوە سەیربوو کە ئاتێنی‌یەکان بە ژمارە کەمن، بەڵام بە پشتیوانی هێزی سوارە نیزام و کەواندارەکان بەغار دێن و نیزیک دەبنەوە. ئەو کردەوەیەیان وەک دیاردەیەکی شێتانە لێکدرایەوە. ئەوە بۆچوونی بەربەرەکان بوو. بەڵام، وەختێک ئاتێنی‌یەکان بە کۆمەڵ گەیشتنەجێ و لەگەڵ پارسەکان کەوتنە بەریەک، شەڕێکی جوامێرانەیان دەست پێکرد. ئەوەندەی ئێمە بزانین، ئەوە یەکەم کۆمەڵی یۆنانی بوون کە بەغار پەلاماری دوژمنیان‌دا و یەکەم کەسانێک بوون دیتنی هێزی میدیایی و چەک و کەرستەی شەڕیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ورەیان دانەنا. تا ئەو سەردەمە یۆنانییەکان هەرکە گوێیان لە ناوی میدیا دەبوو، لەجێوە ترس و لەرز دایدەگرتن.[١]

**[١١٣]** ئەو دوو هێزە دژبەرە ماوەیەکی زۆر لە دەشتی ماراتۆن پێکەوە بەشەڕ هاتن. لە نێوەندی بەرەی شەڕدا، سەرکەوتن بەدەست بەربەرەکانەوە بوو. لەو بەشەدا پارسەکان و ساکی‌یەکان (سیکەکان) جێیان‌گرتبوو. لێرەدا بەربەرەکان سەرکەوتن. ئەوانە بەرەی دوژمنیان قەڵشاند و لەنێو قولایی ناوچەدا سەریان لەدووی هێزەکانی ئاتێنی‌نا. لە قۆڵەکانی‌تر، لە ڕاست و چەپ، سەرکەوتن بەدەست ئاتێنی‌یەکان و پلاتیۆئی‌یەکانەوە بوو. ئەوانە توانیان دوژمن شکست بدەن و ڕێگای پاشەکشەیان بۆ دژبەر ئاواڵە هێشتەوە. دوایە ئەوە، دوو باسکی ئاتێنی پێکەوە وەدوای ئەو هێزانەی

---

١- ئەوە سەبارەت بە یونانییەکانی هەرێمی یوونیا لەجێدا.

دوژمن کەوتن کە لە نێوەندی بەرەی شەڕدا پێشڕەوییان کردبوو. ئاتێنییەکان بەرەبەرە لە یەکتر نیزیک کەوتنەوە و درێژەیان بە شەڕ دژی بەربەرەکاندا. لە ئاکامدا، ئاتێنییەکان سەرکەوتنیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد. پارسەکان هەڵدەهاتن و ئاتێنییەکانیش سەریان لەدوو نابوون و لە پشتەوەڕا بە خەنجەر دەیانکوشتن. ئاتێنییەکان کاتێک گەیشتنە کەنار دەریا، داوای ئاگریان کرد بۆوەی گەمییەکانی لەشکریی بەربەر بسوتێنن.

**[١١٤]** لەو شەڕەدا پۆلیمارخۆس (فەرمانداری جەنگ)، واتە کالیماخۆس کوژرا. ناوبراو فرە جوامێرانە شەڕی کرد. لەنێو سەرکردەکانی لەشکریش، ستیلیانۆسی کوڕی تراسیلیڤس کوژرا.[١] هەروەها کینێییرۆس کوڕی ئێڤفۆریۆنۆس، ئەویش لە حاڵێکدا کە خۆی بە لێواری پشتەوەی گەمییەک هەڵواسیبوو، بەبیور دەستەکانیان پەڕاند و کوژرا. گەلێک خەڵکی ئاتێنی ناسراو لەو شەڕەدا تێداچوون.

**[١١٥]** ئاتێنییەکان بەو چەشنە دەستیان بەسەر حەوت گەمیدا گرت. بەربەرەکان بە یارمەتی ئەو گەمییانەی لەو شەڕەدا زیانیان پێنەگەیشتبوو، بەرەو دواوە پاشەکشەیان کرد و خێرا چوونە ئەو دورگەیەی کە یەخسیرە ئێرێترییەکانیان لێ دانابوو. گشتیان سوارکردن و بەدەوری تەنگەبەرایی سونیۆدا روویان لە شاری ئاتێن کرد و گەرەکیان بوو بەر لە دانیشتووانی ئاتێنی خۆیان بگەیێننە ئەو شارە. ئاتێنییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو نەخشە و پیلانە لەلایەن خانەدانی ئالکمێئۆنییەکانەوە داڕێژراوە. ئەوانە لەگەڵ پارسەکان ڕێککەوتبوون کە بە ئیشارە زانیارییان بدەنێ. واتە، کاتێک پارسەکان لەنێو گەمییەکاندان، ئالکمێئۆنییەکان بە بەرزکردنەوەی مەتاڵ تێیانبگەیێنن کە دەتوانن بێنە نێو شاری ئاتێن.

**[١١٦]** لەهەر حاڵدا پارسەکان بە دەوری تەنگەبەرایی سونیۆدا سوڕانەوە. ئاتێنییەکانیش بە خێرایی تەواو و بە مەبەستی بەرگری لە شارەکەیان بەرەو ئەوێ وەڕێکەوتن. ئاتێنییەکان وەپێش بەربەرەکان کەوتنەوە. ئەوانە لە چاکی

---

١- برای ئێسخیلۆسی شاعیر.

خواوەند ئیراکلیس لە دەشتی ماراتۆن وەڕێکەوتن و لە چاکێکی‌تری ئیراکلیس لە دەڤەری کینۆسارغی ئۆردویان لێدا. هێزەکانی بەربەر ناچاربوون بەرەو ناوچەی فالیرۆس بچن (ئەو شوێنە لەو سەردەمیدا بەندەری شاری ئاتێن بوو). بەربەرەکان تۆزێک لەو دەڤەرە حەسانەوە و دواتر بەرەو ئاسیا گەڕانەوە.

**[١١٧]** لەو رۆژەدا، لە دەشتی ماراتۆن شەش هەزار و چوارسەد کەس لە بەربەرەکان کوژران. لە ئاتێنی‌یەکان سەد و نەوەد و دوو کەس کوژران. ئەوە ژمارەی کوژراوانی ئەو لەشکرە دژبەرە بوو. هەڵبەت لەو گۆڕەپانەدا، موعجیزەیەک قەوما کە ئێستا باسی دەکەم: کەسێکی دانیشتووی ئاتێنی بەناوی ئێپیزیلۆس، کوڕی کوفاغۆراس کە لەو جەنگەدا زۆر بوێرانە شەڕی دەستەویەخەی کرد، بەبێ ئەوەی تاکە تیرێکی وێکەوێ، چاوەکانی کوێربوون و هەر لەو کاتەوە تا رۆژی مردن بە کوێری مایەوە. ئەو کابرایە خۆی بەو چەشنە باسی رووداوەکەی کردوە: "لە پڕێکا سەربازێکی باڵابەرز کە نیسێی ردێنی مەتاڵەکەی منی تەواو داپۆشیبوو، لەبەر دەمی مندا راوەستا. پاشان ئەو تارماییە منی جێهێشت و سەربازێکی هاوسەنگەرمی لە تەنیشت منەوە کوشت ". ئێپیزیلی‌یەکان خۆیان باسی ئەو رووداوەیان بۆ من کرد.

**[١١٨]** داتیس بە لەشکرەوە بەرەو ئاسیا گەڕاوە. ناوبراو لە دورگەی میکۆنۆس لایدا و شەو لەوێ خەونێکی دیت. خەونەکە چ بووە، کەس لێی نەدواوە. هەرکە رۆژ بۆوە فەرمانی دەرکرد کە گشت گەمییەکان بپشکنن. لەنێو کەشتییەکی فینیقی‌دا پەیکەرەیەکی خواوەند ئاپۆلۆنی ئاوزێڕکراوی دۆزییەوە. کاتێک لە شوێنی راستەقینەی ئەو پەیکەرەیەی پرسی و زانی هی کام پەرستگەیە، بە گەمی بەرەو دیلۆس وەڕێکەوت. راست لەو کاتەدا دانیشتووانی دیلۆس تازە گەڕابوونەوە سەر ماڵ و مڵکی خۆیان لەو دورگەیە. داتیس پەیکەرەکەی لە پەرستگەی دیلۆس دانا و داوای لە دانیشتووانی ئەوێ کرد لە دەرفەتێکدا بیبەنەوە بۆ شاری دیلۆس لە هەرێمی تیڤێبییەکان. ئەو پەرستگەیەی دوایی، لە کەنار دەریا و لە روبەڕووی ناوچەی خاڵکیدا هەڵکەوتووە. داتیس دوای ئەو حوکمە بە رێگای دەریادا،

لەوێ دوور کەوتەوە. دیلۆسی‌یەکان پەیکەرەکەیان نەبردەوە شوێنی خۆی، بەڵام بیستساڵ دواتر دانیشتووانی تیڤی‌یی پاش راوێژ و ئامۆژگاری تاڵەبین، ئەو پەیکەرەیەیان دۆزییەوە و بردیانەوە بۆ پەرستگەی دیلۆس.

**[١١٩]** داتیس و ئارتافێرنیس بە کەشتییەکانیان گەیشتنەوە ئاسیا. یەخسیرەکانی ئێرێتری‌یان بۆ شاری شوش برد. داریوش پاشا، بەرلەوەی وڵاتی ئێرێتری‌یەکان داگیربکا، سەبارەت بەوان رق و کینێکی زۆری لەدڵدا هەبوو و پێیوابوو کە پەلامارەکانی ئەو خەڵکە بووەتە هۆی سەرهەڵدان دژی ئەو. بەڵام، کاتێک ئەو کۆمەڵە خەڵکەی یەخسیرکرد و چاوی پێیانکەوت، هیچ ئازارێکی پێنەگەیاندن و دڵی بەوەندە حەسایەوە کە گشتیان لەسەر ملکێکی خۆی هەڵکەوتوو لە کیسیا نیشتەجێ بکا. ناوی ئەو دەڤەرە ئاردریکا و مەودای دووسەد ستادیۆ لە شاری شوش دوور بوو. چل ستادیۆ دوور لەو ملکە، بیرێکی سەر سورهێنەر هەیە و کەرستەی سەیری وەک قیر (قیل)، خوێ و رۆنی لێ دێتەدەر و خەڵکەکە بەو شێوەیە هەڵیدێنجن. بۆ هەڵێنجاندن کەڵک لە چەرخێک وەردەگرن و لە جیات سەتڵی ئاو، نیمچە هەمبانەیەک لە گوریس دەبەستن. ئەو هەمبانەیە دەچێتە نێو کەرستە ئاوەکییەکە و پاشان هەڵیدەکێشن و لەنێو حەوزێکی دەکەن. سێ بەرهەم لەو کەرستە ئاوەکییە دەسدەکەوێ. کاتێک لەو حەوزەوە دەحەوزێکی‌تری دەکەن، خیز و لمەکەی دەنیشێ. خوێیەکە دەگرن و رۆنەکەی جیادەکەنەوە و لەو دەفرانەی دەکەن کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون. پارسەکان بەو رۆن و چەوراییە کە رەش و بۆگەنە، دەڵێن رادیناکی.[١] داریوش ئێرێتری‌یەکانی لەو شوێنە نیشتەجێ‌کرد. ئەو کۆمەڵە خەڵکە تا سەردەمی ئێمەش هەر لەوێ دەژین و زمانی کۆنی خۆیان پاراستووە.

**[١٢٠]** ئەوە باسێک لەمەر چارەنووسی یەخسیرەکانی ئێرێتری بوو. دوای ئەوەی مانگ کامڵ بوو، لاکێدێمۆنی‌یەکان بەرەو شاری ئاتێن وەرێکەوتن. ئەوان بۆ بەشداری لەو شەڕەدا ئەوەندە بەپەلە بوون کە یەک رۆژ دوای ئەوەی لە شاری سپارتەوە وەرێکەوتبوون، گەیشتنە هەرێمی ئەتیکی.

---

١- دەبێ نەوت بێ کە لەو دەڤەرانە بەپڕانی وەگیردەکەوێ.

لاکیدیمۆنی‌یەکان هەرچەند پەلەیانکرد، بەڵام درەنگ گەیشتنێ و تازە شەڕ تەواو ببوو، بەڵام بەو حاڵەش گەرەکیان بوو چاویان بە میدیاکان بکەوێ. خێرا بەرەو ماراتۆن وەڕێکەوتن و گۆڕەپانی شەڕیان بینی و سەبارەت بەو قارەمانەتییە، ئافەرین و دەسخۆشییان بە ئاتێنی‌یەکان گووت و پاشان بێ ئەوەی هیچ کارێکیان کردبێ بەرەو هەرێمی خۆیان گەڕانەوە.

**[١٢١]** شتێک بۆ من جێگای پرسیارە و ناتوانم قبوڵی بکەم، ئەوەیە کە ئەندامانی بنەماڵەی ئاڵکمۆنی لەگەڵ پارسەکان ڕێککەوتبوون و دەبوایە مەتاڵی دەستیان بەرز بکەنەوە و ئیشارە بە لەشکری پارس بدەن بۆوەی بێنە نێو شاری ئاتێن. من پێموانییە ئەو چیرۆکە راست بێ، چونکە ئەوان خۆیان بەقەدەر کالیاسی کوڕی فێنیپوس و باوکی ئیپۆنیکۆس دژایەتی حوکمڕانانی سەرەڕۆی شاری ئاتێنیان کردبوو. کالیاس تەنیا ئاتێنییەک بوو کە کاتێک پیسی‌ستراتۆس لە ئاتێن دوور خرایەوە و ملک و ماڵەکەی هەراج کرا، بوێری لەخۆی نیشان‌دا و گشتی کڕی. کالیاس بەردەوام دژایەتی دیکتاتۆرانی حوکمڕانی دەکرد.

**[١٢٢]** ئەو کابرایە، واتە کالیاس بەڕاستی جێگای شانازی بووە و خەڵک بەردەوام یادی دەکەن، چونکە وەک باسم کرد، ئەو بۆ رزگاری وڵاتی خۆی جوامێرانە هەڵسوکەوتی کردبوو. ناوبراو لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو. لە کێبەرکێی سوارکاریدا یەکەم هاتەوە و لە پاڵەوانییەتی فایتوون ئاژۆتن، دوهەمین کەس بوو. کالیاس پێشتریش لە کێبەرکێکانی پیتیادا سەرکەوتنی مسۆگەر کردبوو و لەنێو دانیشتووانی ئاتێنی‌دا ئێجگار دەست ئاواڵە و ناسراو و بەناوبانگ بوو. ناوبراو کاتێک سێ کچەکانی گەرەکیان بوو بچنە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەو شێوەیە جوڵایەوە: وەختێک کچەکانی گەیشتنە تەمەنی شووکردن، باوکیان جەهێزێکی زۆری بۆ دانان و فرە جوامێرانە ئیزنی پێدان کە حەز لە هەر ئاتێنییەک بکەن، سەربەستن و لە ئاکامدا کیژەکان بە خواستی خۆیان مێردیان هەڵبژارد.

**[١٢٣]** ئەوە کە ئاڵکمۆنی‌یەکان وەک کالیاس دژی حوکمڕانانی سەرەڕۆ بوون و دژیان رادەوەستان، دەبێ بڵێم بەڕاستی جێگای پرسیارە کە ئەو

جۆره خەڵکە چۆن بە مەتاڵی دەستیان ئیشارە بە پارسەکان دەدەن! ئەوان لە کاتی دەسەڵاتدارییەتی حوکمڕانانی زاڵمدا، بەردەوام تووشی دوورخراوەیی هاتوون و دامودەزگای پیسیستراتۆس کە تێکدرا، ئەویش بەرهەمی تێکۆشانی ئەوانە بوو. من خۆم دڵنیام کە ئەوانە پتر لە ئارمۆدیۆس و ئاریستۆییتۆن لەمەڕ ئازادکردنی شاری ئاتێن خەباتیان کردوە. ئەو دوو کەسەی دوایی بە کوشتنی ئیپارخۆس تەنیا دەستکەوتێکی وەگیریان کەوت، دوایین کوڕی پیسیستراتۆس و لاینگرانی ئەویان هارتر و خوێنخۆرتر کرد و زوڵم و زۆری وەک پێشوو بەردەوام بوو. ئەگەر توێژینەوەکەم لەو بارەوە دروست بێ، واتە خانەدانی ئاڵکمۆنی، پیتیای کاهێنی نێوەندی ئایینی دێلفوسیان رازی کردبێ کە دروشمی ئازادی شاری ئاتێن دەزاری لاکێدێمۆنی‌یەکان باوێ، دەبێ بە ئاشکرا بڵێم، ئەو خانەدانە دامەزرێنەری ئازادی و سەربەستی شاری ئاتێن بوونە.

**[١٢٤]** رەنگە ئەوەش بگووترێ کە چونکە لە شێوەی بەڕێوەچوونی دێموکراسی شاری ئاتێن ناڕازی بوونە، بۆیە ڕێگای خەیانەت بە وڵاتەکەیان گرتبێتەبەر، باشە شتی ئاوا چۆن دەبێ! لە سەرتاسەری خاکی ئاتێن‌دا، هیچکەس بەقەرا ئەوانە جێگای ڕێز و حورمەت نەبوونە. کەوابوو ماقوڵ نییە بەو هۆیانە پشتیان لە خەڵکی خۆیان کردبێ و مەتاڵیان بە مەبەستی یارمەتیدانی پارسەکان بەرزکردبێتەوە. ئەوە ڕاستییەکە و حاشای لێناکرێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئیشارەیان بە پارسەکان داوە، دەبێ چ کەسانێک بوونە؟ سەبارەت بەو باسە بەداخەوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە.

**[١٢٥]** کاتێک بە شەجەرەی خانەدانی ئاڵکمۆنی‌یەکاندا بچینەوە، دەگەڕێینەوە سەر گەورە پیاوانی ئاتێنی. لە سەردەمی ئاڵکمۆناس‌دا خاوەنشکۆ بوونە و بەتایبەتی لە کاتی مێغاکلیس‌دا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ناسراوی. وەختێک کریسۆس وەفدی لیدیایی لە شاری ساردەوە نارده نێوەندی ئایینی دێلفوس، ئاڵکمۆناس کوڕی مێغاکلیس خزمەتێکی زۆری بەو وەفده کرد و

ئامادەیی خۆی بۆ هەرچەشنە یارمەتییەک راگەیاند. کریسۆس کاتێک لە زبانی وەقدەکەی بیست کە ئالکمۆناس ئەو هەموو خزمەتەی پێکردون، خێرا ناوبراوی بانگهێشتی شاری سارد کرد و ئیزنی پێدا بچێتە سەر خەزێنەی پاشایەتی و چەندی حەزدەکا، زێڕ و ئالتوون بۆخۆی هەلگرێ. ئالکمۆنۆس بۆ ئەو مەبەستە تەگبیرێکی کرد کە لەگەل شێوەی خەلات بەخشینەکەی کریسۆس سازگاربێ. عەبایەکی فشی لەبەرخۆی کرد و کۆلێک جێگای بۆ ئاخنینی زێڕ هەبوو. جووتێک چەکمەی گوشادی لەپێ کرد و ئەوجار بەدوای چاوساغدا بەرەو خەزێنەی پاشا چوو. لەنێو خەزێنەدا، لەبەر تەپۆلکەی زێڕی وردکراو هەلتروشکا و چەکمەکانی لێ پڕکرد. پاشان گیرفانی سەر سینگی حەباکەی لە زێڕ ئاخنی و هێندێکیشی بەسەر و گوێلاکی خۆیدا کرد و زاری پڕکرد و بەحال دەیتوانی بجولێتەوە. هێدی و لەسەرخۆ وەدەرکەوت. سەر و زار و گوێ و جلوبەرگ و عەبا و چەکمەکان لەبەر قورسایی زێڕ، وەهایان لە ئالکمۆنۆس کردبوو، جیا لە ئینسان شێوەی هەر شتێکیتری دەدا. کریسۆس ناوبراوی بەو وەزعە دیت و لەبەر پێکەنین، بێحال کەوت. کریسۆس گشت زێڕەکانی پێبەخشی و خۆیشی هێندێکی بۆ لەسەر دانا. ئەو بنەمالەیە بەو چەشنە بوونە خاوەن سامانێکی فرە. هەر ئەو ئالکمۆنۆسەی باسمان کرد، خۆی خاوەن تەویلەیەکی پڕ لە ئەسپی گەورە بوو و لە کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا بەشداری چالاکانەی کرد و یەکەم هاتەوە و خەلاتی وەدەست هێنا.

**[١٢٦]** وەچەیەک دواتر، خزمایەتی ئەو بنەمالەیە لەگەل کلیستێنیس حوکمڕانی سەرەڕۆی سیکیئۆنۆ[١] بووە هۆی ناسراوی و شکۆداری خانەدانەکە و پتر لە جاران لەنێو یۆنانییەکاندا ناوبانگیان دەرکرد. کلیستێنیس کوڕی ئاریستۆنیمۆس و نەوەی میرۆنۆس و نەتیجەی ئاندرێئا بوو بە خاوەن کچیک بەناوی ئاغاریستی. ئەو کابرایە بەدوای کەسێکی

---

١- سیکیئۆنۆ، یەک لە شارەکانی کۆنی یونان هەلکەوتوو لە باکووری رۆژهەلاتی نیمچەدورگەی پێلۆپۆنیسۆس و لە نیزیک کەنداوی کۆرینتۆ.

یۆنانی ناسراودا دەگەڕا بۆوەی کچەکەی خۆی لێ مارەبکا. کلیستێنیس لەکاتی بەڕێوەچوونی کێبەرکێکانی ئۆلیمپیادا کە سەردەمێک ئەو خۆی لە ئاژۆتنی فایتووندا سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو، لە زبان جاڕچییەوە رایگەیاند هەرکەسێکی یۆنانی لەخۆی رادەبینێ ببێتە زاوای ئەو، پێویستە خواستەکەی لە ماوەی شێست رۆژدا لە شاری سیکیئۆنا رابگەیێنێ، چونکە کلیستێنیس گەرەکییەتی سالێک دوای ئەو فەترە شێست رۆژییە، شووی کچەکەی هەلبژێرێ.

گشت ئەو یۆنانییانەی لەباری لێوەشاوەیی و کەسایەتی و هاولاتیگەرییەوە لەخۆیان رادیت، داخوازینامەیان نارد و گەرەکیان بوو شانسی خۆیان بەتاقیکەنەوە. کلیستێنیس بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەستە، دەستووریدا هۆلێکی وەرزیشی گەورە و بەر ئاواڵە و یەکیتری سەرداپۆشراو، بۆ خزمەتی میوانان دروست بکەن.

**[١٢٧]** لە ئیتالیاوە، سمیندیریدیس کوڕی ئیپۆکراتیس و خەلکی سیڤاریتیس داوای کچی کلیستێنیسی کرد. سمیندیریدیس کەسێکی خۆشگوزەران و ڕاحەتتەلەب بوو. هەلبەت شاری سیڤاریتیس[١] ئەو سەردەمە لەوپەڕی پێشکەوتندا بوو. کەسێکیتریش بەناوی داماسۆس، خەلکی سیری و کوڕی ئامیریۆس داوای ئەو کچەی کرد. داماسۆس کابرایەکی زانا بوو. هەردووک خوازیار ئیتالی بوون. لە کەنداوی یونیۆس یەکێکیتر بەناوی ئامفیمنیستۆس کوڕی ئێپیستروفۆس و خەلکی ئێپیدامنۆ[٢] خوازیاری ئاغاریستی بوو. لە دەڤەری ئێتۆلیا یەکێک هات بەناوی مالیس، برای تیتۆرمۆس، ئەوەیان لە گشت یۆنانییەک بەهێزتر بوو و بۆوەی لەنێو خەلکدا نەژی، دوورترین شوێنی لە قەراخ ئاوەکانی ولاتی ئێتۆلیا هەلبژاردبوو و لێی دەژیا. لە هەرێمی

١- سیڤاریتیس یا سیڤاریس، شارێکی ئیتالیای کۆن بەهۆی موهاجیرانی یونانی لە سەدەی هەشتی پێش میلاد دروستکرا.

٢- موهاجیرنشێنی یونانی لە کەنارئاوەکانی دەریای ئادریاتیک.

پێلۆپۆنیسۆس،[1] لیٔۆکیدیس کوڕی فیدۆنۆسی حوکمڕانی سەرەڕۆی ئارغۆسی خۆی پاڵاوت. فیدۆنۆس لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک یاسای قەیاس و قورسایی بەسەر دانیشتووانی پێلۆپۆنیسۆس‌دا سەپاندبوو، وەک بەغیرەتترین و جوامێرترین پیاوی یۆنانی ناوبانگی دەرکردبوو. ناوبراو کەسێک بوو کە توانی ئیلیۆسی‌یەکانی دامەزرێنەری کێبەرکێکانی ئۆلیمپیا لەسەر کار لابەرێ و خۆی جێگای ئەوان بگرێتەوە. ئامیاندۆس کوڕی لیکورغۆس و خەڵکی تراپیزۆندای سەر بە هەرێمی ئارکادیاس و هەروەها لافانیسی کوڕی ئێڤفۆریۆنۆس دانیشتووی شاری پیٔۆسی سەر بە ناوچەی ئازانیاس، هەردووکیان خوازیاری کچە بوون. بەپێی بەسەرهاتێک کە دەگێڕنەوە، ئێڤفۆریۆنۆس لە ماڵی خۆیدا میوانداری لە دیۆسکۆرۆسی‌یەکان[2] کرد. ناوبراو لەو کاتەوە خووی پێگرتبوو کە میوانداری لە گشت بیانییەک بکا. هەروەها ئۆنۆماستۆس کوڕی ئێغیٔۆس، خەڵکی ئیلیدا، ئەوەشیان لە نۆرەدا چاوەڕوانی وەڵامی کچی کلیستێنیس بوو. ئەوانەی دوایی گشتیان دانیشتووانی هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس بوون.

لە شاری ئاتێنەوە، مێغاکلیس کوڕی ئالکمیٔۆنۆس، ئەوەی چاوی بە کریسۆس کەوتبوو، هەروەها کەسێکی‌تریش بەناوی ئیپۆکلیدیس، کوڕی تیساندرۆس کە لەبەر جوانی و دەوڵەمەندی لەنێو ئاتێنی‌یەکاندا ناسراو بوو، داخوازی‌نامەیان نارد. لە ناوچەی ئێرێتریا کە ئەو سەردەمە گەلێک پێشکەوتبوو، لیسانیاس خۆی پاڵاوت و تەنیا پیاوێک بوو لە سەرتاسەری هەرێمی ئێڤڤیا داوای ئەو کچەی کردبوو. لە هەرێمی تێسالیا، کوڕێک بەناوی دیاکتۆریدیس، خەڵکی کرانۆنیۆس، سەر بە بنەماڵەی سکوپادۆن و هەروەها ئالکۆن دانیشتووی مۆلۆسۆس ئامادەیی خۆیان بۆ زەماوەند کردن لەگەڵ ئاغاریستی دەربڕی.

---

١- پێلۆپۆنیسۆس، نیمچە دورگەیەکی گەورەی یونان لە باشووری ئەو وڵاتە. پێتەختی ئەو هەرێمە شاری سپارت بووە. شارەکانی گەورەی ئێرە بریتی بوونە لە ئارکادی، لاکۆنی، ئارغۆلی و میسینی.

٢- دیۆسکۆرۆ، خوای کایە و کێبەرکێکانی وەرزیشی لە یونانی دێرین (باستان).

**[١٢٨]** خوازیارانی خاتوو ئاغاریستی ئەو چەند کەسە بوون کە ناویانم هێنا. ئەوانە گشتیان لە ڕۆژی دیاریکراودا ئامادەبوون. کلیستێنیس بەر لە هەرکارێک کۆمەڵێک پرسیاری سەبارەت بە شار و بنەماڵەی ئەوان هێنایە بەرباس. ناوبراو ئەوجار چ لە دیدارەکانی تایبەتدا کە لەگەڵ یەکیەکی ئەوانە هەیبوو و چ لە میوانداریيە گشتییەکان، بەشداری دەکرد و ماوەی یەک ساڵ کردار و ڕەفتار و شێوە و رادەی بیرکردنەوەی ئەوانەی خستبووە ژێر چاوەدێری خۆی. کلیستێنیس ئەو گەنجانەی بۆ راهاتن و پەروەردە ناردە وەرزیشگە و بەتایبەتی لەسەر خوانی زیافەت بە سرنجەوە گوێی لە گووتەکانیان رادەگرت و هەڵیدەسەنگاندن. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە کلیستێنیس خوازیارانی کچەکەی لای خۆی راگرتبوو، هەرچەند رەفتاری شاهانەی لەگەڵدا دەکردن، بەڵام بچووکترین فرسەتی دەقۆستەوە، بۆوەی باشتریان بناسێ. وردەوردە ئەو خوازیارانەی لە شاری ئاتێنەوە هاتبوون، پتر کەوتنە بەر دڵی ئەو و هەڵسوکەوتی ئەوانیتری زیادتر بەدڵ بوو. ناوبراو حەزی لە کەسایەتی ئیپۆکلیدیس، کوڕی تیساندرۆس بوو، چونکە پیاوەتی و جوامێری زۆری لەخۆی نیشاندابوو و خزمی بنەماڵەی کیسێلیدییەکانی هەرێمی کۆرینتۆ بوو.

**[١٢٩]** رۆژی مارەکردن گەیشتەجێ و میوانداریيەکی گەورە سازدرا و کلیستێنیس دەبوایە لەنێو خوازیاراندا کەسێک بۆ ئەو وەسڵەتە هەڵبژێرێ. کلیستێنیس سەد سەر جوانەگای کوشتەوە و جیا لە میوانانی خۆی، گشت دانیشتووانی شاری سیکیئۆنۆسی بانگهێشت کرد. دوای خواردنی شێو، گەنجانی خوازیاری ئاغاریستی دەبوایە لێهاتوویی و زانیاری خۆیان لەمەر مۆسیقا و کۆمەڵێک بابەتی کۆمەڵایەتیتر هێنابابەر باس و نیشاندان. زیافەت بەردەوام بوو و ئیپۆکلیدیس لەو نێوەدا پتر خۆی نواند و لەوانیتر بەرچاوتر بوو. ئیپۆکلیدیس لەپڕێکا بە کابرای نەیژەنی گووت کە هەوای شاد بۆ هەڵپەڕین و سەما بژەنێ. نەیژەن بە قسەی ئیپۆکلیدیسی کرد و ناوبراو دەستی بە سەماکرد. ئەو گەرکی بوو بەچەشنێک سەما بکات کە خوازیارانیتریش کەیفیان

ساز بێ و شادبن. بەڵام بەپێچەوانەوە، کاتێک کلیستێنیس چاوی بە ئیپۆکلیدیس کەوت کە بەو چەشنە سەما دەکا، نێوچاوانی تێکنا و لووتی داژەنی. ئیپۆکلیدیس پشوویەکی کورتی‌دا، ئەوجار داوای کرد مێزێک لە نێوەڕاستی هۆڵەکە دابنێن. کاتێک مێز ئامادەکرا، خێرا چووە سەر مێز و سەرەتا چەند سەمایەکی لاکێدیمۆنی و پاشان چەند شێوازێکی هەرێمی ئەتیکی بە میوانەکان نیشان‌دا. راست لەو کاتەدا کە سەری لەسەر مێز و لینگەکانی بە حەواوە بوون، تۆزێک سەمای بە قاچەکانی کرد. هەر لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکی سەمای ئیپۆکلیدیس، کلیستێنیس دڵی لێ رەش بوو و هەستی کرد ئەو کوڕە زاوایەکی عەیباش و خۆشگوزەران دەبێ و لەجێوە لە بڕیاری نهێنی پێشووی خۆی پاشگەز بۆوە. هەڵبەت ئەو نارەحەتییەی وەڕووی خۆی نەهێنا، بۆوەی رەفتارێکی ناحەزی دەرهەق بە میوان نەکردبێ. بەڵام راست لەو کاتەدا کە ئیپۆکلیدیس لینگەکانی بە حەواوە بوون، کلیستێنیس ئیتر خۆی پێڕانەگیرا و گووتی: "کوڕی تیساندرۆس! بەو سەما و هەڵپەڕینەت، شەقت لە زاوایەتی خۆت هەڵدا ". ئیپۆکلیدیسی لاو لەجێوە وەجواب هات و گووتی: "ئەوەی بۆ ئیپۆکلیدیس گرینگ نییە، زاوایەتی تۆیە ". دیارە ئەو وڵامە دواتر وەک قسەی نەستەقی سەر زارانی لێهات.

**[١٣٠]** دوای ئەو قسەیە، ئەوجار کلیستێنیس داوای لە میوانان کرد بێدەنگی بپارێزن و خۆی بە دەنگی بەرزەوە گووتی: "ئەی لاوانی خوازیاری زەماوەند لەگەڵ کچی من! رێزم بۆ گشت لایەکتان هەیە و ئەگەر مەجال و ئیمکانم هەبوایە، هەر هەمووتانم بە حورمەتەوە دەکردە زاوای خۆم، نەک ناچار بم لەنێو ئێوەدا تاقە کەسێک هەڵبژێرم. من تەنیا یەک کچم هەیە و ناکرێ دڵی هەمووتان رازی بکەم. بۆ هەرکام لە ئێوە کە ناتوانن وەسڵەت و خزمایەتی لەگەڵ خانەدانی من بکەن و رێگایەکی دوورتان بۆ ئەو مەبەستە بڕیوە و کەسوکارتان ساڵێک بەجێهێشتووە و تەواوی ئەو هەوڵانە لەپێناو دامەزراندنی ژیانی هاوسەرییەتی لەگەڵ کچی من بووە، بڕیارم داوە یەک تالاند پارەی زێو خەڵاتی هەرکام لە ئێوە بکەم. لێرەدا رادەگەیێنم کە

ئاغاریستی کچیشم پێشکەش بە مێغاکلیسی کوڕی ئاڵکمیئۆنۆس دەکەم و با بەپێی دابونەریتی ئاتێنی مارەی بکا ". کوڕە رەزایەتی دەربڕی و کلیستێنیس ئامادەکاری زەماوەندەکەیانی وەستۆگرت.

**[١٣١]** شێوەی هەڵبژاردنی زاوای کلیستێنیس بەوجۆرە کۆتایی پێهات. ئاڵکمیئۆنۆسییەکان بەو وەسڵەتە لە سەرتاسەری خاکی یۆناندا ناوبانگیان دەرکرد. لەو ژن و مێردە کوڕێک وەپاش کەوت کە ناویان لێنا کلیستێنیس. ئەو کوڕە دواتر قەوارەی خێڵەکی هۆزەکانی گۆڕی و حکوومەتێکی ئازادی لە شاری ئاتێن دامەزراند و ناوی باپیری خۆی لە دایکەوە کە پاشای سیکیئۆنا بوو لەسەر داندرا.

مێغاکلیس بوو بە خاوەن کوڕێکیتریش بەناوی ئیپۆکراتیس. ئەو کوڕە کاتێک زەماوەندی کرد، ئەویش ناوی کوڕی خۆی نا مێغاکلیس و کچەکەی ئاغاریستی، واتە بەناوی دایە و باوەگەورەی خۆی کردن. ئاغاریستی هەمان کچی کلیستێنیس بوو.

ئەو کچە، واتە ئاغاریستی دووهەم مێردی بە کسانتیپۆس کرد. کسانتیپۆس کوڕی ئاریفۆنۆس بوو. وەختێک ئاغاریستی ئاوسبوو، خەونی دیت کە شێرێکی بووە. چەند رۆژ دواتر پێریکلیسی[١] کوڕی کسانتیپۆس لەدایک بوو.

**[١٣٢]** میلتیادیس لەو سەردەمەدا جێگای رێز و حورمەتی خەڵکی ئاتێن بوو. ناوبراو دوای لێدانی زەبرێکی کاریگەر لە پارسەکان هێندەیتر قەدری چووەسەر. هەربۆیە بە پشتگەرمی بەو رێزلێنانە، داوایکرد حەفتا گەمی و سپایەک و هێندێک پارەی بدەنێ. ناوبراو ناوی ئەو وڵاتەی نەهێنا کە قەرارە هێرشی بکاتەسەر، تەنیا ئەوەندەی گووت کە دەخوازێ ئاتێنییەکان بەرەو وڵاتێک بەرێ کە بەبێ کوێرەوەری و رەنج و ئازار، رێژەیەکی زۆر زێڕیان دەستدەکەوێ و ئەگەر رەگەڵی کەون، دەبنە خاوەن سامانێکی فرە. میلتیادیس

---

١- پێریکلیس، حوکمڕانی ناسراوی ئاتێن لە سەدەی پێنجدا. شاری ئاتێن لە سەردەمی ناوبراودا گەیشتە لوتکەی ناوبانگ و دەسەڵات.

بەو چەشنە قسەی بۆ ئاتێنییەکان کرد و ئەوانیش تەماحیان وەبەرهات و گەمییەکانیان ئامادەکرد و لە خزمەت ناوبراویان نا.

**[١٣٣]** میلتیادیس بەو لەشکرەوە بەرەو دورگەی پارۆس وەڕێکەوت. بیانووی ناوبراو ئەوە بوو کە لە شەڕی دواییدا پارۆسییەکان بە گەمییەوە یارمەتی لەشکری پارس‌یان داوە و هاتوونەتە شەڕی ماراتۆن. هەڵبەت ئەوە بیانوویەک بوو و میلتیادیس لەڕاستیدا رقی لە پارۆسییەکان بوو چونکە کەسێکی پارۆسی بەناوی لیساغۆراس، کوڕی تیسیاس بە کۆڵێک بوختان دڵی ئەوی سەبارەت بە پارۆسییەکان رەش کردبوو. لیساغۆراس بەوەش نەوێستابوو و لەلای ئیدرانیسی پارس قسەی بۆ میلتیادیس هەڵبەستبوو و بوختانی پێکردبوو. بەهەرحاڵ دوای گەیشتنی سپای میلتیادیس بۆ ناوچەی پارۆس، دانیشتووانی دورگە چوونە نێو قەڵای شار. میلتیادیس قەڵاکەی گەمارۆدا و داوای لێکردن کە دەبێ سەد تالاند پارە بدەن، ئەگینا گەمارۆی شار تا ئەو کاتەی خەڵکەکە خۆیان بەدەستەوە دەدەن، درێژەی‌دەبێ. پارۆسییەکان، ئەوەی بە خەیاڵیاندا نەدەهات، دانی ئەو کۆڵە پارەیە بە میلتیادیس بوو و گشت رێگایەکی‌تریان لەمەر بەرگری و پاراستنی شارەکەیان گرتەبەر. دانیشتووان ئەو شوێنانەی قەڵا کە تۆزێک نەوی و جێگای مەترسی بوو، لەو شەوەدا خێرا دروستیان کردەوە و دیوارەکانیان دوو بەرابەر بەرزتر کرد.

**[١٣٤]** تا ئێرە گشت زانیارییە یۆنانیەکان سەبارەت بەو شەڕە وێکدەچن، بەڵام ئەوەی ئێستا باسی دەکەم، لە زمان پارۆسییەکانەوەیە: راست لەو کاتەدا کە میلتیادیس تووشی ئەو گرفتە هاتبوو، ژنێکی یەخسیرکراو داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ناوبراو کرد. ئەو ژنە بەناوی تیمۆ پارۆسی بوو و پێشتر لە پەرستگەی خواکانی ژێر زەویدا کاری دەکرد. ئەو ژنەیان هێنایە لای میلتیادیس. ژنە بە میلتیادیسی گووت، تۆ کە هێندە لەسەر داگیرکردنی شاری پارۆس پێداگری، باشترە بە قسەی من بکەی. ژنە نهێنییەکی لەلای میلتیادیس ئاشکرا کرد و ناوبراوی ناردە سەر گردێکی روبەڕووی شار کە ئارامگەی

دیمیتراسی یاسانووسی لێبوو. میلتیادیس لە حەساری ئەو پەرستگەیە وەسەرکەوت بەڵام نەیتوانی دەروازی شار بکاتەوە، بۆیە خێرا بەرەو تەلاری گەورەی پەرستگە چوو. خوا دەزانێ مەبەستی میلتیادیس لەو کاتەدا چ بووە، رەنگە گەرەکی بووبێ کە ئەشیایەکی قیمەتی پیرۆز بدزێ کە دەست لێدانیان یاساغ بووە. با لەوە گەڕێین چونکە ئەوەندە گرینگ نییە، ناوبراو وەختێک لە درگای تەلار نیزیک کەوتەوە، بومەلەرزەیەک هات. میلتیادیس خێرا، پاشەوپاش گەڕاوە دواوە و بەسەر دیواری بەردینەدا بازیدا، ئێسقانی قاچی شکا. هەڵبەت هێندێک کەس دەڵێن کە کەوتووەتەخوار و ئەژنۆی وەرگەڕاوە.

**[١٣٥]** بەو شێوەیە، میلتیادیس دوای بیست و شەش رۆژ گەمارۆدان و وێرانکردنی دورگەی پارۆس، بەبێ هیچ دەسکەوت و پارەیەک گەڕاوە شاری ئاتێن. ناوبراو بەو وەزعە شەپرێوە گەمییەکانی گەیاندەوە شاری ئاتێن. دانیشتووانی دورگەی پارۆس دواتر بە کردەوەی تیمۆ، خزمەتکاری پەرستگەی دیمیتراس‌یان زانی کە میلتیادیسی رێنوێنی کردبوو و بڕیاریان‌دا سزای بدەن. دیارە بەرلە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، راسپاردەیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس و داوای ئامۆژگارییان کرد. ئەوان گەرەکیان بوو بزانن داخوا دەتوانن خزمەتکاری پەرستگەیەک کە خەیانەتی بە وڵاتی خۆی کردوە و رێگای بە دوژمن نیشان داوە تا بەشێوەی نایاسایی بچێتە ژووری پەرستگە، بکوژن. خواوەند پیتیا لە وڵامی ئەو پرسیارەدا، ئامۆژگاری کردن کە تیمۆ لەو بارەوە تاوانبار نییە و چارەنووسی رووداوەکە وەها بووە کە ئەو ژنە رێگا بە میلتیادیس نیشان بدا و ئەویش ئەو بەڵایەی بەسەر بێ. ئەوە وڵامی پیتیا بۆ راسپاردەکانی پارۆسی بوو.

**[١٣٦]** دوای گەڕانەوەی میلتیادیس لە دورگەی پارۆس، خەڵکی ئاتێن بەپانەوە باسی بەسەرهاتی ناوبراویان دەکرد. کسانتینۆس کوڕی ئاریفۆنۆس داوای‌کرد کە میلتیادیس لە دادگای گشتی بە تاوانی جینایەت و فریودانی خەڵکی ئاتێن دادگایی بکرێت و سزای کوشتنی بۆ ناوبراو خواست.

میلتیادیس لە دادگای گشتی (مەجلیسی گەورەپیاوان) ئامادەبوو، بەڵام خۆی بەرگری لە خۆی نەکرد چونکە ڕانی ئازاری دەدا و بە هیچ شێوەیەک قسەی بۆ نەدەکرا. ناوبراو بە جێوبان لە بەردەم خەڵکدا ڕاکشابوو و بەرگری کردنی بە دۆستەکانی ئەسپارد. ئەو دۆستانە بەوردی ڕووداوەکانی شەڕی ماراتۆنیان وەبیر خەڵک هێناوە. هەروەها باسی گیرانی دورگەی لیمنۆس‌یان کرد کە میلتیادیس بۆ تۆڵەسەندنەوە لە پێلاسغی‌یەکان داگیری کرد و وەک خەڵات بە ئاتێنی‌یەکانی بەخشی. دوای ئەو قسانە خەڵکەکە سەبارەت بە خواستی ئیعدام، لاینگرییان لە میلتیادیس کرد و دەنگیان بەو بڕیارە نەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی تاوانی هەڵەیەکی گەورەی لەسەر بوو، ناچار بە دانی پەنجا تالآند پارەیان کرد. دوای ئەو بڕیارە، ڕانی میلتیادیس ڕەش هەڵگەڕا و گۆشتەکەی ڕزی و ناوبراو لەبەر قورسی برینەکە، زۆری پێنەچوو مرد. کوڕی ئەو بەناوی کیمۆن دوای مەرگی باوکی ئەو پەنجا تالآندەی پەرداخت کرد.

**[١٣٧]** میلتیادیس کوڕی کیمۆنۆس دورگەی لیمنۆسی بەو شێوەیە داگیرکرد. ئاتێنی‌یەکانی سەردەمی زوو، بەهەق یا بە ناهەق پێلاسغی‌یەکانیان لە ناوچەی ئەتیکی دەرکردبوو. من خۆم لەو بارەوە زانیارییەکی ئەوتۆم لەبەر دەستدا نییە. ئەوەی ئێستا باسی دەکەم قسەی خەڵکانی‌ترە. ئێکاتیئۆس، کوڕی ئیغیساندرۆس لە نووسینەکانیدا دەگێڕێتەوە کە ئەوانە بە ناهەق دەرکران، چونکە کاتێک ئاتێنی‌یەکان چاویان بە داوێنەکانی چیای ئیمیتوو کەوت – ئەو ملکانەیان پێشتر بە پێلاسغی‌یەکان، وەک بارتەقایی و هەقدەست لەمەر دروست کردنی دیواری حەساری ئاکرۆپۆلیس بەخشیبوو – کە وەک پێشوو بێ کەڵک نەماون و بۆ کشوکاڵ دەست دەدەن، تەماحیان ڕێنیشت و بڕیاریان‌دا پێلاسغی‌یەکان دەرکەن و ملکەکانیان لێ بستێننەوە.

ئاتێنی‌یەکان خۆیان بە هەقدار دەزانن و دەڵێن بۆیە پێلاسغی‌یەکانیان لەو دەڤەرە دەرکردوە، چونکە ئەوان لە داوێنی چیای ئیمیتوو نیشتەجێ ببوون و کاتێک کچانی ئاتێنی دەچوونە سەر کانیاوی ئێنێئا کرینی (نۆ کانیاو)،[1] ئەو

---

١- ئەو سەرچاوە ئاوییە لە نیزیک ئیلیسۆ هەڵکەوتبوو و قەدیم پێدەگووترا کالیرۆپی.

دانیشتووه نوێیانه ئەزەیەتیان دەکردن (هەڵبەت ئەو سەردەمە بنەماڵەکانی ئاتێنی خاوەن خزمەتکاری یوونانی نەبوون). هەر جارێک ژن و منداڵانی ئاتێنی بەو گەڕەکەدا تێپەڕیبان، دەکەوتنە بەر تانە و تەشەر و قسەی سووکی پێلاسغییەکان. ئەوان جیا لە ئازاردانی ژن و منالّی ئاتێنییەکان، بەردوام بیریان لە داگیرکردنی شاری ئاتێن دەکردەوە و راست لە وەختی ئامادەکاریدا غافلگیربوون. ئەو جۆرەی ئاتێنییەکان دەگێڕنەوە، جارێکیان راست لە کاتی جێبەجێکردنی پیلانێکی ئەوتۆدا دەگیرکەوتوون و ئاتێنییەکان گەیشتوونە سەریان، هەربۆیە هەق بە ئاتێنییەکان بووە کە بیانکوژن. هەڵبەت ئاتێنییەکان پیلانگێڕەکانیان نەکوشتوون، بەڵکوو حوکمیان دەسەر کردون گەرەکەکە چۆڵبکەن و بۆ شوێنێکیتر بڕۆن. پێلاسغییەکان ئەو سەردەمی ناچاربوون کۆچ بکەن و لە ناوچەیەکیتر، بەتایبەت لە دورگەی لیمنۆس جێگیربن. ئەو دوو روونکردنەوەیە یەکیان هی ئێکاتیئۆس[1] و دووهەمیان هی دانیشتووانی ئاتێنی بوو.

**[١٣٨]** پێلاسغییەکانی دانیشتووی لیمنۆس دواتر بیریان لە تۆڵەسەندن کردەوە. ئەوان زانیارییان لەمەر بەڕێوەچوونی جێژنەکانی ئاتێنی هەبوو، بۆیە چەند گەمییەکی پەنجا بێلّژەنییان ئامادەکرد و بەو گەمییانە پەلاماری ژنانی ئاتێنییاندا کە لە ناوچەی ڤراڤرۆناس خەریکی پیرۆزکردنی یادی ئارتێمیدۆس بوون و رفاندیانن. ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەیان برد و بە رێگای دەریادا رایانکرد و وەختێک گەیشتنە دورگەی لیمنۆس، دەستیان بە رابواردن لەگەڵ ژنەکان کرد.

ئەو ژنانە لاو و ئامادەی ئاوسبوون، زۆری نەکێشا کۆمەڵێک منالّیان بوو. گشت منالّەکانیان بە زمان و دابونەریتی ئاتێنی گەورە کرد. منالّەکانی ئەوانە لەڕاستیدا ئامادە نەبوون لەگەڵ منالّانی دایک پێلاسغی، هەستان و دانیشتن

---

١- ئێکاتیئۆس، یا هێکاتە کۆنترین مێژووناسانی یونانی کە وێدەچێ لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشی پێش زایین و سەرەتاکانی سەدەی پێنجدا ژیاوە و دوو کتێبی مێژوویی لەدوای خۆی جێهێشتووە. ئەو کتێبانە یەکیان تاریخە و ئەوەیتریش جۆغرافیایە.

بکەن. هەرکات منالێکی دایک ئاتێنی لەلایەن منالێکی دایک پێلاسغی لێیدرابا، کۆمەڵێک منالی ئاتێنی لەسەری وەجواب دەهاتن. منالانی دایک ئاتێنی تەنانەت گەرکیان بوو حوکمڕانی بەسەر منالانیتردا بکەن. پیاوانی پێلاسغی بەو گرفتەیان دەزانی و لە چارەیەک دەگەڕان و پێکەوە راوێژیان کرد و بەداخەوە بڕیارێکی مەترسیداریان پەسند کرد. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر منالانی دایک ئاتێنی لە ئێستاوە دژی منالانی رەچەڵەک پێلاسغی بەو شێوەیە یەکگرتووبن، کاتێک گەورە بوون دەبێ چ رەفتارێکی‌تر بگرنەبەر! لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەدا، بەو قەناعەتە گەیشتن منالانی دایک ئاتێنی بەپانەوە بکوژن و بۆوەی کاری خۆیان ئاسانتر کردبێ، دایکەکانیشیان بکوژن. بەهۆی ئەو کارەساتە و جینایەتێکی‌تر، واتە ئەو سەردەمەی ژنانی پێلاسغی پاشای وڵات بەناوی تۆئاندا و مێردەکانی خۆیان بەخڕی کوشتبوو،[1] ئەمڕۆ لە سەرتاسەری خاکی یۆنان بە جینایەتی ترسناک دەڵێن: "کارەساتی لیمنۆس ".

**[١٣٩]** دوای ئەوەی پێلاسغی‌یەکان ژنان و منالانی خۆیان کوشت، ئیتر زەوی و ملک و ماڵ بۆ ئەوان خێری بەدواوە نەبوو و مەڕومالات زاوزێی جارانی تێنەکەوت، قاتیوقوڕی و تێداچوون و مردنی خەڵکی لێکەوتەوە، ناچاربوون راسپاردە بنێرنە نێوەندی ئایینی دێلفوس و لە خواوەند بپاڕێنەوە چارەیەکی ئازارەکانیان بکا. خواوەند پیتیا ئامۆژگاری کردن کە هەرچی لە دەستیان بێ بۆ وەدەست هێنانەوەی متمانەی ئاتێنی‌یەکان هەوڵبدەن، بەڵکوو لێیان خۆش بن. پێلاسغی‌یەکان دوای ئەو ئامۆژگارییە چوونە شاری ئاتێن و رایانگەیاند کە گەرەکیانە هەڵەکانی پێشوویان قەرەبوو بکەنەوە. ئاتێنی‌یەکان کۆمەڵێک مێزی خواردەمەنیان بە شکۆیەکی کەموێنە و پڕ لە خواردن و خواردنەوە لە نێوەندی ئیداری شار (پریتانی) رازاندەوە. ئەوجار داوایان لە

١- بەپێی سەرچاوەی‌تر، تۆئاس یا تۆئاندا لەدەست رەشەکوژی پیاوانی دورگەی لیمنۆس بەهۆی ژنەکانیان، رزگاری هاتبوو. ژنانی لیمنۆسی بڕیاریان‌دابوو مێردەکانیان بکوژن، چونکە ئیهمال و خۆڕایی کرابوون. پیاوەکان بۆیە ژنەکانیان وێڵکردبوو، لەبەر ئەوەی بێ‌حورمەتییان بە ئیلاهە ئەفرۆدیت کرابوو و ئەویش وای لە ژنەکان کرد، بۆگەن بن.

پێلاسغی‌یەکان کرد کە ئیزن بە ئاتێنی‌یەکان بدەن وڵاتی ئەوانیش ئاوا پڕ بەرەکەت بکەن. پێلاسغی‌یەکان لە وڵامی خواستی ئاتێنی‌یەکاندا گووتیان: "هەرکات گەمییەک بە یارمەتی بای شەماڵ بە ماوەی یەک رۆژ توانی لە وڵاتی ئێوەوە بگاتە هەرێمی ئێمە، ئەوکات دورگەی خۆمان تەسلیم بە ئێوە دەکەین ". ئەوە وڵامی پێلاسغی‌یەکان بوو. پێلاسغی‌یەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هیچکات رووداوێکی ئەوتۆ ناقەومێ، چونکە هەرێمی ئەتیکی لە دورگەی لیمنۆس باشورترە.

**[١٤٠]** ئەو سەردەمی کێشەکە، بەوجۆرەی باسم لێوەکرد، کۆتایی پێهات، بەڵام ساڵانێک دواتر کاتێک هەرێمی خێرسۆنیسۆسی سەر بە ئێلیس‌پۆندۆس کەوتە بەردەستی ئاتێنی‌یەکان، میلتیادیس کوڕی کیمۆنۆس توانی کەڵک لە بای وەرزی وەرگرێ کە لە باکووری رۆژئاواوە دەهات و بەگەمی لە شاری ئێلێ‌ئۆندا، هەڵکەوتوو لە خێرسۆنیسۆس وەڕێکەوت و گەیشتە دورگەی لیمنۆس. ئەو پێشگۆییەی کاهێنان کە پێلاسغی‌یەکان باوەڕیان پێنەبوو، ئیتر وەڕاست گەڕا و ناوبراو لەجێوە داوای لە لیمنۆسی‌یەکان کرد دورگەکە چۆل بکەن. پێلاسغی‌یەکان بڕیاری میلتیادیس‌یان قبوڵ کرد، بەڵام میرینێ‌ییەکان[١] کە ئەوانەش بەڕەگەز پێلاسغی بوون، ئەو حوکمەیان پەسند نەکرد و گووتیان خێرسۆنیسۆس ملکی هەرێمی ئەتیکی نییە. ئاتێنی‌یەکان ئەوانیان گەمارۆدا و لە کۆتاییدا گشتیان تەسلیم کردن. ئەوە باسێک لەمەر داگیرکردنی دورگەی لیمنۆس بەدەست ئاتێنی‌یەکان بە سەرۆکایەتی میلتیادیسی ئاتێنی بوو.

١- میرینا، لە سەردەمی کۆندا دوو شار بەو ناوانە هەبوون. یەکیان لە ئاسیای بچووک و ئەوەیتر لە دورگەی لیمنۆس. لێرەدا مەبەست میرینای پێتەختی دورگەی لیمنۆسە کە میلتیادیس گەرەکی بوو داگیری بکا.

# کتێبی حەوتەم

## (پۆلیمنیا، خواوەندی شێعری غەزەل)

### لەشکرکێشی کسێرکیسدژی وڵاتی یۆنان

**[١]** کاتێک هەواڵی شەڕی ماراتۆن بە داریوش، کوڕی گشتاسپ گەیشت، لەبەر ئەوەی پێشتر سەبارەت بە پەلاماری ئاتێنییەکان بۆسەر شاری سارد داخدار بوو، ئەوجار پتر رقی هەستا و بۆیە زێدەتر لە پێشوو خوازیاری شەڕ دژی وڵاتی یۆنان بوو. داریوش لەجێوە کۆمەڵێک راسپاردەی ناردە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان و داوای لێکردن فرەتر لە کەڕەتی بەرێ، لەشکر و گەمی و ئەسپ و گەنم و پاپۆر بۆ راگواستنی هێزەکان ئامادەبکەن. وەختێک ئەو کۆمەڵە خواستە گەیشتنە ئاسیا، خەڵک بۆ ماوەی سێ ساڵ تووشی جموجۆڵێکی زێدە هاتن و باشترین پیاوانی ئەو ناوچانە ئامادەی پەروەردەی نیزامی بۆ شەڕ دژی وڵاتی یۆنان کران.[١] ساڵی چوارەم، میسرییەکان خۆیان لەدەست کۆیلەتی پارسەکان رزگارکرد. میسر لە

---

١- شەڕی ماراتۆن پاییزی ساڵی ٤٩٠ی پێش‌زایین قەوما، کەوابوو لەشکرکێشی بۆسەر وڵاتی میسر دەبێ ٤٨٦ی پێش‌زایین بووبێ.

سەردەمی فەرمانڕەوایی کامبیزدا داگیرکرابوو. بۆیە داریوش گەرەکی بوو هاوکات پەلاماری هەردوو وڵاتی میسر و یۆنان بدا.

**[٢]** راست لەو کاتەدا کە داریوش خۆی ئامادەی پەلامار بۆ سەر وڵاتی میسر کردبوو، کوڕەکانی ئەو لەمەر خواستی جێنشینی پاشا کەوتنە شەڕی هەڤدوو. بەپێی یاسای پارسەکان، پاشا بەرلەوەی بۆ شەڕ و لەشکرکێشی بچێ، دەبوایە جێنشینی خۆی دیاریبکا و پاشان وەڕێکەوێ. داریوش پێش ئەوەی ببێتە پاشا، لە ژنی یەکەمی واتە کچی غۆڤریئاس، سێ کوڕی هەبوو. ناوبراو دواتریش، وەختێک لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، لە ئاتووسای کچی کوروش، بوو بە خاوەنی چوار کوڕیتر.

لەنێو سێ کوڕەکانی ژنی یەکەمی، ئارتۆڤازانیس لە گشتیان گەورەتر بوو و لە کوڕەکانی دواییش، کسێرکیس (خەشایار) براگەورە بوو. ئەو کوڕانە لەبەر ئەوەی بەرەی یەک دایک نەبوون، شەڕیان کەوتبووە نێوان. ئارتۆڤازانیس دەیگووت لەنێو کوڕەکاندا لە هەموویان مەزنترە و بەپێی یاسایەک کە لە سەراسەری جیهاندا بەڕێوە دەچێ، واتە کوڕی گەورە جێی باوکی دەگرێتەوە، پێویستە ئەو ببێتە پاشا. کسێرکیس، ئەویش بەنۆرەی خۆی دەیگووت کە چوون کوڕی ئاتووسای کچی کوروشە و باپیری ئەو بووەتە هۆی ئازادی و سەربەستی پارسەکان، ئیتر مافی خۆیەتی ببێتە پاشا.

**[٣]** داریوش هێشتا ساغنەببۆوە کە کامیەک لە کوڕەکانی لەجێی خۆی دانێ، بەهەڵکەوت و راست لەو کاتەدا دیماراتۆسی کوڕی ئاریستۆنۆس لەلای ئەو بوو. دیماراتۆس بۆیە هاتبووە شاری شووش، چونکە لەلایەن پاشای سپارتەوە بێدەسەڵات کرابوو و بەخواستی خۆی لە هەرێمی لاکێدێمۆنییەکان رۆیشتبوو. دیماراتۆس کاتێک بە کێشەی نێوان کوڕەکانی داریوشی زانی، هەلەکەی قۆستەوە و خێرا خۆی لە کسێرکیس نیزیک کردەوە. دیماراتۆس، کسێرکیسی فێرکرد چەند خواستێکیتر بخاتە سەر داخوازییەکانی خۆی، واتە بڵێ کە ئەو لەکاتێکدا لەدایکبووە کە باوکی پاشا و فەرمانڕەوای پارسەکان بووە، لەحاڵێکدا ئارتۆڤازانیس لە سەردەمێکدا

لەدایکبووە کە داریوش تەنیا شارۆمەندێکی ئاسایی بووە. هەربۆیە نە یاساییە و نە سروشتی، کەسێکیتر جیا لە کسێرکیس جێی باوکی بگرێتەوە. دیماراتۆس گووتی کە لە وڵاتی سپارتیش هەمان یاسا و ڕێسا بەڕێوەدەچێ. واتە ئەو منداڵانەی بەرلەوەی باوکیان ببێتە پاشا لەدایک بووبن، بۆیان نییە جێگای باوکیان بگرنەوە، بەڵکوو ئەوانەی لە سەردەمی پاشایەتی باوکدا لەدایک دەبن، مافی جێنشینییان هەیە.

کسێرکیس بۆچوونەکانی دیماراتۆسی وەبەرچاو گرت و دەکاریکردن و داریوشیش پەسندیکردن و ئەو کوڕەی کردە جێنشینی خۆی. هەڵبەت من خۆم لەو باوەڕەدام کە بەبێ ئەو ڕێنوێنییانەی دیماراتۆسیش، کسێرکیس وەک جێنشینی داریوش دیاریدەکرا، چونکە ئاتووسای دایکی کوڕە، خاوەن دەسەڵاتی تەواو بوو.

**[٤]** داریوش دوای دیاریکردنی کسێرکیس وەک جێنشینی خۆی و پاشای داهاتووی پارسەکان، تەواو ئامادەی لەشکرکێشی بوو. هەڵبەت یەک ساڵ دوای ئەو گیرگرفتە و سەرهەڵدانی میسرییەکان، پاش سی و شەش ساڵ پاشایەتی مرد و نەیتوانی نە ڕاپەڕیوانی میسری سزا بدا و نە تۆڵە لە ئاتێنییەکان بکاتەوە. وەختێک داریوش مرد، کسێرکیسی کوڕی لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت.

**[٥]** کسێرکیس سەرەتا گەرەکی نەبوو هێرش بکاتە سەر وڵاتی یۆنان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هێزێکی زۆری بۆ شەڕ دژی میسرییەکان ئامادەکرد. ئەو سەردەمە ماردۆنیۆس کوڕی غۆڤریئاس لەلای کسێرکیس دەژیا. کسێرکیس پتر لە هەر پارسێکیتر بەقسەی ماردۆنیۆسی دەکرد. ماردۆنیۆس خوشکەزای داریوش و پورزای کسێرکیس بوو. ماردۆنیۆس بە کسێرکیسی گووت: "گەورەم! مەسڵەحەت نییە کە ئەو ئاتێنییانە کە ئەو هەموو زیانیان بە پارسەکان گەیاندوە، سزا نەدرێن. دوای ئامادەکاری تەواو، پەلاماری وڵاتی میسر بدە. کاتێک ئەوێت داگیرکرد، رامەوەستە و یەکڕاست هێرش بکە سەر ئاتێنییەکان. بەو کارەت لەنیو خەڵکدا ناوبانگ دەردەکەی و کەس

ناوێرێ جارێکیتر هێرش بکاتە سەر وڵاتانی ژێر دەسەڵاتت. ماردۆنیۆس بەو قسانە کسێرکیسی هاندا تۆڵە بستێنێتەوە. ئەو هەروەها گووتی کە ئورووپا جوانترین شوێنە و خاوەن دارستانی زۆر و خاکی بە پیتە و بەر لە هەر کەسێکیتر شایانی فەرمانڕەوایی کسێرکیسە.

**[٦]** ماردۆنیۆس بەو قسانەی گەرەکی بوو لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان بکرێ و خۆی لە داهاتوودا، حوکمڕانی ئەوێ وەستۆبگرێ. بەرەبەرە توانی کسێرکیس رازی بەو هێرشە بکا. هەڵبەت گەلێک هۆیتر کسێرکیسیان هاندا و بە قەناعەتیان گەیاند. راست لەو سەردەمەدا یەکەم وەجبەی راسپاردەکانی تێسالی کە لەلایەن ئالیڤئاسییەکانەوە هاتبوون، گەیشتنە بارەگای کسێرکیس. ئەوانە داوایان لە پاشا کرد، بەبێ سێ و دوو لێکردن، پەلاماری خاکی یۆنان بدا (ئالیڤئاسییەکان شازادەی تێسالی بوون). جیا لەوانە، ئەندامانی خانەدانی پیسیستراتۆس واتە پیسیستراتییەکان، ئەوانەی گەیشتبوونە شاری شووش، ئەوانیش خاوەن بۆچوونی شێوەی ئالیڤئاسییەکان بوون[١] و هۆیەکیتریشیان بە خواستەکانی خۆیانەوە زیادکرد. ئەوانە لەگەڵ تاڵەبینێک بەناوی ئۆنۆماکریتۆس رێک کەوتبوون. ئەو کابرایە ئامۆژگارییەکانی پەرستگەی موسێئۆسی لەگەڵ خۆی هێنابوو. پیسیستراتییەکان لەگەڵ ئۆنۆماکریتۆس پێکهاتبوونەوە، چونکە ناوبراو پێشتر لەلایەن ئیپارخۆسی ئاتێنی، کوڕی پیسیستراتیس لە شاری ئاتێن دەرکرابوو. لاسۆسی ئێرمیۆنی راست لەوکاتەدا ئۆنۆماکریتۆسی دەسبەسەرکرد کە خەریکی گۆڕینی پێشگۆییەکانی پەرستگەی موسێئۆس بوو. ئەو کابرایە گوتبووی کە تەواوی دورگەکانی دەوروبەری لیمنۆس لە دەریادا نوقمدەبن. هەر بەو هۆیە، ئیپارخۆس دووری خستەوە، لەحاڵێکدا پێشتر گەلێک رێزیلێدەگرت. دوای ئەو رووداوە، ئۆنۆماکریتۆس وێڕای

---

١- بنەماڵەیەکی گەورە و بەهێزی لاریسا و لە نەوەکانی پاشای ئەفسانەیی، ئەوانە هومێدواربوون کە کسێرکیس یارمەتییان بدا حوکمڕانی هەرێمی تێسالیا وەدەست بێننەوە، هەربۆیە لە تەواوی ئەو لەشکرکێشییەدا پشتیوانیان لە پاشای پارس کرد.

پیسی‌ستراتیسی‌یەکان گەیشتە بارەگای پاشا. پیسی‌ستراتی‌یەکان هەرکات چاویان بە کسێرکیس دەکەوت، کۆڵێک تاریفی ئۆنۆماکریتۆس‌یان دەکرد و ناوبراو خۆیشی چەند فاڵێکی گرتەوە. هەر فاڵ و پێشگۆییەک باسی ناهومێدی و بێ‌خێری بەربەرەکانی لێکەوتباوە، خێرا دەیشاردەوە و ئاشکرای نەدەکرد و تەنیا ئەوانەی باسیان لە سەرکەوتنی گەورە کردبا، پیشانی‌دەدان. دەیگووت کە پێویستە کەسێکی پارس لە سەردەمێکدا خاکی هەردوو بەری ئێلیس‌پۆندۆس وەسەریەک بخاتەوە و ئەوەش تەنیا بە لەشکرکێشی دەکرێ. ئۆنۆماکریتۆس خەریکی ئەو چەشنە پێشگۆییانە بوو و پیسی‌ستراتیسی‌یەکان و ئالیڤ‌ئاسی‌یەکان بە ئامۆژگاری و پێشنیارەکانیان، پاشایان پتر هاندا.

**[۷]** وەختێک کسێرکیس بە قەناعەت گەیشت کە هێرش بکاتە سەر وڵاتی یۆنان، ساڵی دووهەمی[۱] دوای مەرگی داریوشی باوکی، سەرەتا لەشکری بردە سەر میسری‌یەکان. ئەوانی شکست‌دا و پتر لە سەردەمی حوکمڕانی داریوش، حوکمی لێ تووند کردن و ئاخێمێنیسی برای خۆی و کوڕی داریوشی کردە دەسەڵاتداری ئەوێ. ساڵانێک دواتر ئاخامێنیس بەدەست ئینارۆسی کوڕی پسامیتیخۆسی خەڵکی لیبی کوژرا.

**[۸]** کسێرکیس دوای داگیرکردنی وڵاتی میسر بڕیاربوو خۆی سەرکردایەتی هێرش بۆسەر شاری ئاتێن وەستۆبگرێ. بۆیە گەورە پیاوانی پارسی بانگهێشت کرد تا گوێ لە راوبۆچوونی ئەوانیش سەبارەت بەو هێرشە بگرێ. کاتێک گەورە پیاوانی پارس کۆبوونەوە، کسێرکیس گووتی: "پارسەکان! ناخوازم یاسای نوێتان بەسەردا بسەپێنم، بەڵکوو تەنیا ئەو یاسایانە بەڕێوە دەبەم کە تا ئێستا لەگۆڕێدابوونە. هەروەک لە پیر و گەورەکانمان بیستوومانە، لەو کاتەوە کە فەرمانڕەوایی میدیاکانمان بەدەستەوە گرتووە، حەسانەوەمان بەخۆوە نەدیوە، واتە لەو سەردەمەوە کە کوروش دەسەڵاتی ئاستیاگی روخاند. ئەوە خواستی خواوەندە و کاتێک رەزای ئەوی لەسەر بێ، گشت خۆزگەکانمان وەخێردەگەڕێن. ئێوە وڵاتی ئەو

---

۱- لەنێوان ساڵەکانی ٤٨٤ و ٤٨٥ی پێش‌زایین بووە.

نەتەوانەی بەدەست کوروش و کامبیز و باوکی من، واتە داریوش داگیرکران و خسترانە سەر خاکی فەرمانڕەواییەکەمان، باش‌دەناسن. من لەو کاتەوە کە هاتوومەتە سەر تەختی پاشایەتی، بیرم لەوە کردووەتەوە کە لە پاشاکانی بەرلەخۆم ناسراوتر بم. من نابێ بۆ پەرەپێدانی فەرمانڕەوایی پارسەکان، کەمتر لەوان هەول بدەم. من بەو قەناعەتە گەیشتووم کە گەورەیی و شکۆمەندی و خاکێک چاوەڕوانی ئێمەیە، وڵاتێک کە لەو حوکمڕانییانەی ئەوڕۆی ژێردەستمان بچووکتر و هەژارتر نەبێ، بەپێچەوانەوە گەلێک پڕ خێر و بێرتر بێ. جیا لەوەش تۆڵە لە دوژمنێک دەستێنینەوە. ئێوەم بۆیە بانگهێشت کردوە تا پێتان‌ڕابگەیێنم کە دەخوازم چی‌بکەم. گەرەکمە دوو کەنار ئاوی ئێلیس‌پۆندۆس بەپرد وەسەریەک بخەمەوە و بە خاکی ئوروپادا دەربازبم و لەشکر بگەیێنمە خاکی یۆنان و ئاتێنی‌یەکان لەمەر ئەو کۆمەڵە خەراپەکارییەی کردویانە، سزابدەم.

ئێوە دەزانن کە داریوش حەزی‌دەکرد دژی ئەوانە لەشکرکێشی بکا، بەڵام مرد و فرسەتی دەست‌نەکەوت تا سزایان‌بدا. من خۆم ئێستا بەناوی باوکم و گشت پارسەکان، تا خاکی یۆنان داگیرنەکەم و شاری ئاتێن ئاگر تێبەرنەدەم، ناحەسێمەوە. سەرەتا ئاتێنی‌یەکان بوون کە بەناهەق لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتیان کرد. ئەوان ناهەقییان لە من و باوکم کرد و بەسەرکردایەتی ئاریستاغۆراسی میلیتۆسی کۆیلەی ئێمە، پەلاماری شاری ساردیان‌دا، واتە ئەو هەرێمەی لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدا. کاتێک شاریان داگیرکرد، ئاگریان لە تەواوی شار بەردا، تەنانەت دارستان و پەرستگەکانیشیان سوتاند. هەمووتان ئەوەتان لەبیرە کە جاری یەکەم، واتە ئەو کاتەی لەشکری ئێمە بەسەرکردایەتی داتیس و ئارتافێرنیس گەیشتنە وڵاتی یۆنان، چیان بەسەر هات. لەبەر گشت ئەو هۆیانە گەرەکمە هێرشیان بکەمە سەر و هەرکات بیر لەو کارە دەکەمەوە، ئەو کۆمەڵە قازانج و بەرژەوەندییەم دێنەبەرچاو. ئەگەر وڵاتی یۆنانییەکان و دراوسێکانیان، واتە ئەوانەی فریغاپێلۆپا (پێلۆپۆنیسۆس)هەڵکەوتوون داگیریان بکەم، ئەوکاتە سنووری فەرمانڕەوایی

پارسەکان دەگاتە ئاسمانی رووناکی خواوەند دیا. خۆر ئیتر سەیری هیچ وڵاتێکی‌تر ناکا کە دراوسێی خاکی ئێمە بێ، چونکە من بە یارمەتی ئێوە ئەو فەرمانڕەواییە دادەمەزرێنم و تەواوی ئوروپا دەگرێتەوە. بەپێی زانیارییەکانم، هیچ شار و وڵات و نەتەوەیەک نامێنی لەبەرامبەرماندا سەربەرز بکاتەوە و بوێرێ شەڕی ئێمە بکا، هەڵبەت بەو شەرتەی بتوانین یۆنانییەکان شکست بدەین. پاش بەچۆکداهێنانی ئەوانە، تاوانبار و بێ‌تاوان دێنەژێر نیری دەسەڵاتی ئێمە. ئێستا داوا لە ئێوە دەکەم، لە کاتی پێویستدا گشتتان کۆبنەوە، بێ‌گرفت و ئامادە و بەوەخت بگەنەجێ. هەرکەس لە ئێوە پۆشتەترین لەشکری ئامادەکردبێ، لەو دیاری و خەڵاتانەی کە لە وڵاتی ئێمەی پارس بەنرخترینن، پێشکەشی دەکەم. من دڵنیام بە ئامانجەکانمان دەگەین. هەڵبەت بۆوەی سەرەڕۆییم نەکردبێ و دەشزانم ئەو کارە پێویستی بە لێوردبوونەوەی پتر هەیە، با کەسانی‌تریش راوبۆچوونی خۆیان دەربڕن ".

**[٩]** کسێرکیس پاش قسەکانی، بێدەنگ بوو. دوای ئەو ماردۆنیۆس دەستی بە ئاخاوتن کرد و گووتی: "گەورەم! تۆ لە گشت پارسەکانی لەدایکبوو و ئەوانەش کە قەرارە لەدایکبن، بەوەجتری. قسەکانت گەلێک دروست و بەرهەقن. هەروەها لەمەر بابەتەکانی‌تر، بەتایبەت سەبارەت بەو بۆچوونەتان کە دەڵێی ئیزن بە یوونی‌یەکانی دانیشتووی ئوروپا نادەی گاڵتەمان پێبکەن، دەبێ بڵێم کە ئەوان زۆر لەوە کەمترن، بتوانن گاڵتە بە ئێمە بکەن. گەلێک سەیرە، ئێمە کە وڵاتی ساکی‌یەکان، ئیندووییەکان، ئەتیۆپی‌یەکان و ئاسیری‌یەکان و گەلێک نەتەوەی بەهێزیترمان داگیرکرد و هیچ زیانێکیان پێماننەگەیاندبوو و تەنیا لەبەر ئەوەی خۆمان بەهێزکردبێ و ئەوانەمان تووشی کۆیلەتی کرد، چۆن دەکرێ یۆنانییەکانی ناهەقییان لە ئێمە کردوە، بەسزای خۆیان نەگەیێنین. لە چی دەترسێین؟ لە حەشیمەتی زۆریان؟ لە شارە گەورەکانیان؟ دەزانین شەڕکەر و بەهێزن، بەڵام هەر ئێمە یوونی و ئێئۆلی و دووری‌یەکان کە هاوڕەگەزی یۆنانی‌یەکانن، بەدیلگرتووە و خاکەکەیانمان داگیرکردوە و ژێردەستەی خۆمانن. من خۆم لەو بارەوە

خاوەن ئەزموونی تایبەتم، چونکە کاتێک باوکت حوکمی دەسەر کردم، هێرشم کردە سەر ئەوانە. باوەڕ بکە تا خاکی مەقدوونییە پێشڕەویم کرد، ئەگەر هێندێکیتر ڕۆیشتبام، دەگەیشتمە ئاتێن و هیچکەسیش پێشی پێنەدەگرتم. بەپێی زانیارییەکانم، یۆنانییەکان بێترس و ڕمەکی و نەفامانە دەچنە شەڕ. کاتێک خۆیان بڕیاری شەڕ بدەن، باشترین و گونجاوترین شوێن هەڵدەبژێرن و لەوێ جێدەگرن و شەڕ دەستپێدەکەن. وەختێکیش ناچار بە شەڕ بکرێن و بێمەیلییان پێوەدیاربێ، پیاو دەبێ ناخۆشترین و چڕترین جێگا بۆ لێدانیان هەڵبژێرێ. دەخوازم ئەوە بڵێم کە یۆنانییەکان خاوەن خوو و خدەی سەیری لەو چەشنەن. ئەوکاتەی بەرەو مەقدوونییە پێشڕەویم کرد، هیچکامیان دژی من ڕانەوەستان. ئێستا، پاشاکەم! تۆ پێتوایە ئەوانە دێن و پێش بە تۆ دەگرن کە ئەو گشتە لەشکرەت لە ئاسیاوە پێیە و خاوەن کەشتیگەلی دەریایی بەهێزی! من لەو باوەڕەدام یۆنانییەکان خاوەن غیرەتێکی ئەوەندە زۆر نین کە بوێرن خۆیان لە هێزێکی ئەوتۆ بدەن. ئەگەر هاتوو تووشی هەڵەیەکی ئاوا بوون و بڕیاریاندا بەربەرەکانی لەگەڵ ئێمە بکەن و بێنە مەیدانی شەڕ، ئەو وەختەیە کە ڕووندەبێتەوە ئێمە چ هێزێکی بەهێزین. با لە تێکۆشان نەوێستین و ئەو کارە بکەین. هیچ کارێک بەبێ هەوڵدان جێبەجێ نابێ، بەڵکوو مرۆڤەکان بە تێکۆشان ئامانجەکانیان دەپێکن ."

**[١٠]** ماردۆنیۆس بەو قسانە پشتیوانی لە بۆچوونەکانی کسێرکیس کرد. لەکاتێکدا کە گشت گەورەپیاوانی پارس بێدەنگییان پاراستبوو و زاتیاننەدەکرد هەڵوێستی دژ بە خواستی کسێرکیس بێننەگۆڕێ، ئارتاڤانۆس کوڕی ئیستاسپیس (گشتاسپ)، مامی کسێرکیس بە حوکمی گەورەیی و خزمایەتی، لەخۆڕادی و دەستی بە ئاخاوتن کرد و گووتی: "پاشاکەم! ئەگەر بۆچوونی دژ بە هەڤدوو نەیێنە بەرباس، پیاو ناتوانێ باشترین مەبەست بپێکێ و ئەو کاتە تەنیا یەک هەڵوێست خۆی بەسەر بارودۆخەکەدا دەسەپێنێ. پیاو تەنیا بە ڕوانین ناتوانێ عەیاری زێڕ دیاری بکا، پێویستە لە

بەردی بخشێنێ و لەگەڵ زێڕیتر لەبەر یەکیان دابنێ، ئەوجار خالیسیەکەی دەردەکەوێ. من سەردەمی خۆی داریوشی باوکتم ئامۆژگاری کرد کە هێرش نەکاتە سەر سکیتیەکان، چونکە ئەوان خاوەن شار و ئاوایی نەبوون. بەڵام باوکت لەو باوەڕەدا بوو کە بەسەر خێڵە گەڕۆکەکاندا سەردەکەوێ و بەقسەی نەکردم. لەشکرکێشییەکەی کرد و تووشی شکست هات و گەلێک سەربازی جوامێری لەدەست چوو و بێ دەسکەوت گەڕاوە دواوە. پاشاکەم! تۆ گەرەکتە پەلاماری نەتەوەیەک بدەی کە لە سکیتیەکان سەرترە و لە شەڕی دەریایی و ویشکاییدا بە لەشکان نەهاتوو ناوبانگیان دەرکردوە. ئەوانە خاوەن ئەو چەکە ترسناکەن و من ناچارم وشیارت بکەمەوە. تۆ گووتت کە دەخوازی پرد لەسەر ئاوی ئێلیسپۆندۆس دروستبکەی و پاش ئەوەی بە خاکی ئوروپادا تێپەڕی، لەشکر بگەیێنییە وڵاتی یۆنان. ئێمە چ لە دەشت و چ لە دەریا و چ لە هەردووکیاندا، رەنگە تووشی شکست بێین. ئەو جۆرەی باس دەکرێ، یۆنانییەکان گەلێک بوێر و شەڕکەرن و شک لەوەدا نییە. لەبیرمانە کە داتیس و ئارتافێرنیس لەشکرێکی گەورەیان گەیاندە هەرێمی ئەتیکی و ئاتێنییەکان بەتەنیا توانیان هێزەکانمان تێکبشکێنن. یا نەخێر، با ئاوای دابنێین کە نە لە دەریا و نە لە ویشکاییدا سەرکەوتن بەوان نابێ، دەبێ بڵێم ئەگەر لە دەریا تووشی شکست بێن، خێرا خۆیان دەگەیێننە ئێلیسپۆندۆس و پردەکە دەڕوخێنن، ئیتر ئەو کاتە پاشاکەم فەرموو و سەیری ئەو وێرانی و لێقەوماوییە بکە!

ئەو قسانەی من خەیاڵات نین. من بیر لەو کاتە دەکەمەوە کە لەگەڵ باوکت هێندەی نەمابوو تووشی نەهامەتی ئەوتۆ بێین. راست لەو فەترەیەدا کە لە ڤۆسپۆری هەرێمی تراکی و لەسەر چۆمی ئیسترۆس پردی دروستکرد و گەیشتە وڵاتی سکیتیەکان، سکیتیەکان خۆیان گەیاندە یوونییەکانی پارێزەری پرد و پاش هەوڵێکی زۆر بەو قەناعەتەیان گەیاندن کە بیڕوخێنن. ئەگەر ئیستیێئۆس حوکمڕانی شاری میلیتۆس بەقسەی سەرکردەکانیتری کردبا، پارسەکان تاکیان نەجاتی نەدەبوو. بەڕاستی

شتێکی ترسناکە کاتێک پیاو بیری لێدەکاتەوە کە چارەنووسی پاشا چۆن بەدەست کەسێکەوە ببەسترێتەوە! ئێستا داوت لێدەکەم، بەبێ ئەوەی پێویست بێ خۆت تووشی کێشەی ئەوتۆ مەترسیدار بکەی، بۆچوونەکەم وەبەرچاو بگرە. بڵاوە بەو مەجلیسە بکە و هەروەختێک بەپێویستت زانی، دەتوانی دوبارە بانگهێشتیان بکەیەوە و پتر قسەی لەسەر بکەین. ئەودەمی پێمان‌بڵێ چی بە بەرژەوەندی دەزانی؟ بەباوەڕی من باشترە پیاو وردتر بیر لەو جۆرە کارانە بکاتەوە و زەرەری تێدا ناکا. ئەگەر ڕووداوێک پێچەوانەی خواستی ئێمەش بقەومێ، ئەوە بۆخاتری بڕیاری هەڵەی ئێمە نەبووە، بەڵکوو شانس هاوڕێیەتی نەکردوین. ئەگەر کەسێک بڕیاری چەوت بدا، هەرچەند شانسی هەبێ، بڕیارەکە ڕوخساری ناگۆڕێ و بەردەوام هەڵەیی و چەوتی پێوە دیارە. تۆ بڕوانە ئاژەڵان، هەرچەند تەواو سەربەستن، خواوەند کاتی هەورەتریشقە خولڤاندن، خێرا لە گەورەئاژەڵان دەدا و ناهێڵێ سەرهەڵکەن و لەخۆبایی‌بن، لەحاڵێکدا هیچ ئازارێک بە بێچووەکانیان ناگەیەنێ. سەیری کاری ئەو خوایە بکە، چی باڵەخانە و بینای بەرز هەیە، وەبەر تیری هەورە تریشقەی دەدا، دارە بەرزەکانی دارستان، هەر هەموویان بە بروسک دەسووتێنی، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خواوەند بەردەوام گەرەکییەتی ئەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن، ڕوویان کەم بێتەوە و سەرشکێنیان دەکا. سەبارەت بە لەشکری زۆریش هەر ئەو یاسایە بەڕێوە دەچێ و زۆرجار بە لەشکرێکی بچووک تێکی‌دەشکێنێ. ئەوە حەسادەت و ئێرەیی خوایە کە لە کاتی ئەوتۆدا، شڵەژان بۆ لەشکر دەخولقێنێ، وەک چۆن ئاژەڵ و دارستان و بینا بە ئاگری برووسک دەسووتێنێ. خواوەند جیا لە خۆی، ئیزن بە هیچکەس و گیانلەبەرێک نادا لەو بەدەسەڵاتتر بن. پەلەکردن لە بڕیاردان، چەوتی دەخولڤێنێ و هەڵەکانیش زۆرجار دەبنە هۆی زیانی قەرەبوونەکراوە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر پیاو پەلە نەکا، بەهرەی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە کاریگەری ئەو قازانجە خێرا وەدیارنەکەوێ بەڵام لەدرێژماوەدا مرۆڤ هەستی پێدەکا. پاشاکەم ئەوە بۆچوونی من بوو و ویستم بەتۆی بڵێم.

ئێستا سەبارەت بە تۆ ماردۆنیۆسی کوڕی غۆڤریئاس! تکایە دەست لە قسەی هەلەق و مەلەق سەبارەت بە یۆنانییەکان هەڵگرە. تۆ بۆ ئەوە نابی قسەی سووک بەوان بڵێی و ئەو بەکەمگرتنە لەوان ناوەشێتەوە. تۆ بە ریسواکردنی یۆنانییەکان، گەرەکتە پاشا هانبدەی کە لەشکر بەرێتە سەر خاکی ئەوان. بەباوەڕی من تۆ تەنیا بەرژەوەندی خۆت لەبەرچاوە و هیچیتر. پێویستە پێشی ئەو هەست و خواستە بگرین. بوختان پێکردن و درۆ هەڵبەستن دیاردەیەکی چەپەڵە، چونکە لەونێوەدا دوو کەس زوڵم دەکەن و کەسێکیش ناهەقی لێدەکرێت. ئەوەی بوختانی هەڵبەستووە زوڵمی کردوە، لەبەر ئەوەی تاوانبارکراو خۆی حزووری نەبووە کە بەرگری لەخۆی بکا. ئەو کەسەش کە گوێی بۆ بوختان راداشتووە، ئەویش ناهەقی کردوە، چونکە بەبێ هەبوونی زانیاریی و بەڵگەی پێویست باوەڕی بە کەسی بوختانکەر کردوە. ئەگەر قەرارە ئەو لەشکرکێشییە جێبەجێبکرێت و پەلاماری ئەو خەڵکە بدەین، ئەوکاتە داوا دەکەم پاشای ئێمە با لەنێو خەڵکی پارسدا بمێنێتەوە و من و تۆ منداڵەکانمان وەک بارمتە لەلای پاشا دادەنێین. تۆ لەشکرێک لە بەئەزموونترین و شەڕکەرترین سەربازان هەڵبژێرە و برۆ شەڕی یۆنانییەکان بکە. ئەگەر قسەکانی تۆ وەڕاستگەڕان، پاشا با من و منداڵەکانم بکوژێ. ئەگەر بۆچوونەکانی من وەڕاستگەڕان، ئیتر تۆ و منداڵەکانت دەبێ بەکوشتن بچن، هەڵبەت ئەگەر بە سلامەتی لەو شەڕە بگەڕێیەوە. ئەگەریش ئەو شەرت و مەرجانە قبوڵ ناکەی و لەسەر لەشکرکێشی بۆ خاکی یۆنان پێداگری، دڵنیام کەسێک لێرە دەمێنێتەوە کە پێمبڵێ ماردۆنیۆس چۆن پارسەکانی تووشی وێرانی و تێداچوون کرد و لەشی خۆیشی بەدەم سەگ و دالاشەکانەوە، یا لە خاکی یۆنان، یا لە هەرێمی لاکێدێمۆنییەکان لەتوپەت کراوە. دیارە رەنگە هەر لە رێگادا تووشی چارەنووسێکی لەو چەشنە بێی، ئەویش لەکاتێکدا کە ئیتر لێت روونبووەتەوە کە پاشات ناچار بە شەڕ لەگەڵ چ کەسانێک کردوە ".

**[١١]** ئارتاڤانۆس قسەکانی تەوابوو و کسێرکیس بەقەڵسی وڵامی ناوبراوی  بەو چەشنە داوە: "ئارتاڤان! تۆ برای باوکمی و ئەوەش بووەتە هۆی نەجاتبوونت لە سزایەکی بەرهەق سەبارەت بەو قسە بێناوەرۆکانەی دەیکەی. بەڵام لەجیات سزادان، ئابڕووت پێوە ناهێڵم، ئەی چارەڕەشی بێغیرەت! ئیتر پێویست ناکا لەو لەشکرکێشییە بۆسەر خاکی یۆناندا لەگەڵمان بی و باشترە لێرە لەلای ژنان بمێنییەوە. من بەبێ تۆش، ئەو کارە جێبەجێ دەکەم. من کوڕی داریوش و نەوەی گشتاسپ، لە وەچەی ئارسامی کوڕی ئاریارامنی کوڕی تێئیسپی کوڕی کوروشی کوڕی کامبیزی کوڕی تێئیسپی کوڕی ئاخێمێنی نەبم ئەگەر ئاتێنییەکان بەسزای خۆیان نەگەیەنم. چونکە باشدەزانم ئەگەر ئێمەش بێدەنگ بین و هیچ کارێک نەکەین، ئەوان ئۆقرەناگرن و بەدڵنیاییەوە هێرشمان دەکەنەسەر، ئەوەش بە هەڵسەنگاندنی کردار و رەفتاریان دەردەکەوێ. هەر ئەوان بوون پەلاماری شاری سارد لە ئاسیایاندا. ئیمکانی نییە هیچکام لە ئێمەی دژبەری هەڤدوو پاشەکشە بکەین، نە ئێمە و نە ئەوان. یەکێک لەو دوو لایەنە دەبێ بەتەواوی تێکبشکێ. یا ئێمە و وڵاتانی ژێردەستمان ببینە کۆیلەی یۆنانییەکان، یا گشت خاکی ئەوان بەهۆی پارسەکانەوە داگیربکرێت، ئەوجار هێمنی و ئاساییش جێدەگرێ. شەرتی سێهەم لەنێوان ئێمەی دژبەری هەڤدوو ناتوانێ بوونی هەبێ.

ئەو قسەیە راستە، ئێمە کە یەکەمجار بەدەست ئەوانەوە ئازارمان بینیوە، پێویستە تۆڵەیان لێبکەینەوە. من خۆم دەبێ ئەو مەترسییە بە لەشکرکێشی بۆسەر ئەوان تاقیبکەمەوە. ئەو یۆنانییانە سەردەمی خۆی بەهۆی پێلۆپسی خەڵکی فریغیای (فریژی)، کۆیلەی ژێردەستی باوکانی ئێمە یەخسیر کران و وڵاتەکەیان داگیرکرا و ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو وڵاتە بەناوی داگیرکەرەوە ناسراوە".

**[١٢]** لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو کۆمەڵە باسانە هاتنەگۆڕێ و کۆتاییپێهات. شەوداهات و قسەکانی ئارتاڤانۆس لە مێشکی کسێرکیسدا دەزرینگانەوە و نەیدەتوانی ئارامبگرێت. کسێرکیس بەردەوام بیری لەو قسانە کردەوە و بەو

قەناعەتە گەیشت کە ئەو لەشکرکێشییەی بۆسەر یۆنانییەکان هیچ قازانج و خێرێکی لێناکەوێتەوە. کاتێک لەسەر بڕیاری شەڕنەکردن ساغبۆوە، خەوی لێکەوت. شەو لە کاتی خەودا، وەک پارسەکان دەگێڕنەوە، خەونی دیت. لە خەونیدا کەسێکی باڵابەرز و جوان هاتە بەردەمی و پێیگووت: "وادیارە لە بڕیاری ئامادەکردنی لەشکری پارس پاشگەز بوویەتەوە! کارێکی باش ناکەی ئەگەر راوبۆچوونت بگۆڕی، لەمەو بەدوا کەس باوەڕت پێناکا. هەر ئەو رێگایە بگرەبەر کە پێشتر رەچاوت کردوە و بە رۆژی رووناک بڕیارت لەسەر داوە ". ئەو کەسە دوای قسەکانی لەگەڵ کسێرکیس، خێرا دوورکەوتەوە و ونبوو.

**[١٣]** وەختێک رۆژبۆوە، کسێرکیس هیچ باسی خەونەکەی نەکرد. گەورەپیاوانی پارسی بانگهێشتی مەجلیس کردو و بەو شێوەیە قسەی کرد: "پارسەکان! لێم زوێر مەبن کە بەردەوام راوبۆچوونم دەگۆڕم. من هێشتا نەگەیشتوومەتە تەمەنی پێویست و کامڵ و خەڵکانێکیش پێداگرن تا ئەوجۆرەی ئەوان دەخوازن هەڵسوکەوت بکەم. ئەوان دەستم لێ‌هەڵناگرن و ناهێڵن ئارام بگرم. بە گوێگرتن لە ئامۆژگارییەکانی ئارتاڤانۆس، هەستی گەنجێتیم ئەوەندە خێرا وەجۆش‌هات کە کۆمەڵێک قسەی سووکم بە کەسێکی لەخۆم گەورەتر گووت. ئێستا هەڵبەت باشتر بیرم لە قسەکانی ئارتاڤانۆس کردوەتەوە و ئامۆژگارییەکانی ئەو وەبەرچاو دەگرم. لەبەر ئەوەی راوبۆچوونم گۆڕاوە، ئیتر بەپێویستی نازانم لەشکرکێشی بکەمە سەر خاکی یۆنان. تکایە لە ئامادەکاری گەڕێن ". گەورەپیاوانی پارس هەرکە گوێیان لەو قسانە بوو، گەلێک شاد و خۆشحاڵ، لەجێوە کڕنۆشیان بۆ پاشابرد.

**[١٤]** بەڵام کاتێک شەو داهات، کسێرکیس دوبارە هەمان خەونی دیتەوە و تارمایی هەمان کەس هاتەوە خەونی و پێیگووت: "کوڕی داریوش! وێدەچێ بە پارسەکانت گوتووە کە گەرەکت نییە لەشکرکێشی بکەی و قسەکانی منت وەپاش گوێ خستووە! ئەوە بزانە کە ئەگەر خێرا وەخۆنەکەوی و

لەشکرکێشی نەکەی، چۆن خێرا بەو گەورەییە گەیشتی، ئاوا زووش بێقیمەتی داوێنگیرت دەبێ ".

**[١٥]** کسێرکیس تەواوێک ترسا و لەخەو راپەڕی و لەجێوە پیاوی بەدوای ئارتاڤانۆس‌دا نارد. کاتێک ئارتاڤانۆس گەیشتە لای ئەو، کسێرکیس پێیگووت: "ئارتاڤانۆ! ئەوکاتە سەبارەت بە ئامۆژگارییەکانت هەڵسوکەوتی ماقوڵم لەگەڵدا نەکردی، دواتر راوبۆچوونی خۆم گۆڕی و بەو قەناعەتە گەیشتم کە نابێ خۆم لەکارێکی ئەوتۆ بدەم، هەڵبەت ئەوە داوای تۆش بوو، بەڵام ئێستا هەستدەکەم هێندە هاسان نییە پاشەکشە لەو لەشکرکێشییە بکەم، چونکە دوای ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییە، خێرا پەشیمانی رووی‌تێکردومەوە. بەردەوام خەون‌دەبینم و ئازار دەکێشم و تارمایی ئەو کەسە دێت و لەگەڵ پەژیوانی لە بڕیاری شەڕدا نییە. ئێستا دەبێ بڵێم کە خەریکە هەڕەشەم لێدەکا. ئەگەر ئەو تارماییە لەلایەن یەکێک لە خواکانەوە هاتبێ و بخوازێ لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان جێبەجێ‌بکەم، رەنگە بێتە خەونی تۆش و هەمان داوا لە تۆش بکا. بۆیە من لەو باوەڕەدام ئەگەر گشت نیشان و میداڵەکانی من بەخۆتەوە هەڵواسی و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشی و شەو لە جێگای مندا بخەوی، بۆی‌هەیە چاوت پێی‌بکەوێ".

**[١٦]** ئەوە قسەی کسێرکیس بوو، بەڵام ئارتاڤانۆس بەو هاسانییە بە قەناعەت نەگەیی، چونکە خۆی بە شایانی ئەو جێگایە نەدەزانی و گەرەکی نەبوو لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشێ. لەهەرحاڵدا ناچاربوو بە قسەی کسێرکیس بکا و گووتی: "پاشاکەم! من لەو باوەڕەدام کە دروست بیرکردنەوە و توانایی وەرگرتنی ئامۆژگاری، خوو و خدەی بەنرخە. تۆ خاوەن هەردوو خەسڵەتی، قسەی کەسانی دڵڕەش وەجۆشت دەخەن، هەروەک لە دەریاشدا ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ، هەمووشمان ئەوە دەزانین کە با خێروبێری هەیە، بەڵام قەت ناهێڵێ دەریا ئارام بگرێ و رووی راستەقینەی خۆی نیشان‌بدا. من بە قسە رەقەکانی تۆ ناراحەت نەبووم، چونکە گەورەپیاوانی پارس لەوێ بوون و دەبوایە لەنێوان بۆچوونەکانی من

و تۆدا یەکیان پەسند بکەن. لایەنێک گەورەیی پارسەکانی شکۆدارتر کرد و لایەنێکیش بەرەو وێرانی رایکێشان. من پێم باش نەبوو کە رووحی مرۆڤ خوو بە زێدەرۆیی و زیدەخوازی بگرێ. ئێستا باشترین بۆچوونت هەڵبژاردوە و خواستی هێرش بۆسەر خاکی یۆنانت وەلاناوە. دەڵێی خەونت دیوە و راسپاردەیەک لەلایەن خواوە هاتووە و ئیزنت پێنادا دەست لەو پەلامارە هەڵگری، دەبێ بڵێم هیچ خواستێکی خوایی و بەتایبەت لەمەر ئەو گرفتەی ئێستا لەگۆڕێدا نییە.

سەبارەت بەو خەونانەی مرۆڤ دەیانبینێ، با من پێتبڵێم کە بە تەمەن گەورەترم. مرۆڤ شەو کە خەون دەبینێ، لەڕاستیدا ئەو شتانەن کە بە رۆژ بیریان لێدەکاتەوە، بەتایبەت ئێمە ئەو چەند رۆژە بەردەوام خەریکی قسە و باس سەبارەت بە لەشکرکێشی بووینە. ئەگەر پێتوایە خەونەکە ئەوە نییە و دیاردەیەکی خواییە، دەبێ بڵێم تۆ رێگەچارەیەکی گونجاوت بۆ دۆزیوەتەوە. با ئەو خەونە داوێنگیری من بێ و حوکمم دەسەرکا، وەک چۆن یەخەی تۆی گرتووە. ئەگەر ئەو تارماییە بخوازێ دەرکەوێ، هیچ پێویست بەوە ناکا جلوبەرگی تۆ لەبەر بکەم و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشم و شەو لە جێگای تۆدا بخەوم یا بە جلوبەرگی خۆمەوە راکشێم. ئیمکانی نییە، ئەو تارماییە هەرچی بێ، پێموانییە بەدیتنی من لە جێگای تۆدا باوەڕ بکا کە ئەوە من نیم و تۆی، تەنیا لەبەر ئەوەی خۆم وەک تۆ رازاندوەتەوە. ئەو هێندە نەفام نییە. ئەگەر هیچ شتێک بە من نەڵێ و گرینگیم پێنەدا، چ جلوبەرگی تۆ یا هی خۆم لەبەر بکەم، ئاڵوگۆڕێک لە گرفتەکەدا پێکنایە. پێویستە لەوە تێبگەین. ئەگەر هەمان تارمایی گۆرین بێ و بەردەوام بێتەوە خەون، ئەوکاتە منیش باوەڕ بەوە دەکەم کە دیاردەیەکی خواییە، هەڵبەت ئەگەر بگەڕێتەوە. زۆرباشە پێشنیارەکەت قبوڵدەکەم، چونکە هیچ چارەیەکیتر شک نابەم. لە جێگای تۆدا دەخەوم، چاوەڕوان دەبم با ئەو راسپاردە خواییە بێتە خەونی من. تا ئەو کاتە لەسەر بۆچوونی خۆم سوورم ".

**[١٧]** ئارتاڤانۆس دوای ئەو قسانەی، بەو هیوایە کە بە ئامۆژگارییەکانی خۆی کسێرکیسی سەبارەت بەو فکرە پڕوپووچە بە قەناعەت گەیاندبێ، چی پاشا پێیگووت، بەدڵی ئەوی کرد. جلوبەرگی کسێرکیسی لەبەرخۆی کرد و لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت و شەو لە جێگای ئەودا خەوت. ئەویش هەمان خەونی دیت کە کسێرکیس دیتبووی. راسپاردەکە هاتەخەونی ئارتاڤانۆس و لەسەری راوەستا و پێیگووت: "ئەوە تۆی! لەبەر سۆزێکی بۆ کسێرکیس هەتە، لێی‌ناگەڕێی لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان بکا. لەبیرت نەچێ، نە ئێستا و نە لە داهاتوودا، تۆ ناتوانی کسێرکیس لەو خواستە پاشگەز بکەیەوە. کسێرکیس باش‌دەزانێ ئەگەر ئەو کارە نەکا تووشی چ چارەنووسێک دەبێ ".

**[١٨]** لەو خەونەدا دیاربوو کە تارمایییەکە لەگەڵ ئارتاڤانۆس قسەدەکا و خەریکە هەردوو چاوەکانی بە شیشی سوورەوەکراو داغ‌بکا. ئارتاڤانۆس هاواری لێ‌هەستا، لە قەرەوێڵەی پاشایەتییەوە خۆی فڕێداخوارەوە و بەغار چووە لای کسێرکیس و لە تەنیشتی دانیشت و خەونەکەی بۆ گێڕاوە و لە درێژەدا گووتی: "پاشاکەم! من وەک مرۆڤێک گەلێک هێزی گەورەم دیتن بەدەست هێزی بچووکترەوە لەنێو بچن. ئێزنم بە تۆ نەدا بکەوییە بەر لافای هەستی گەنجێتیت. من بۆیە ئەو کارەم کرد چونکە وەبیر چارەنووسی لەشکرکێشی کوروش دژی ماساغێتی‌یەکان کەوتمەوە. ئاکامی شەڕی کامبیز و ئەتیۆپی‌یەکانم وەبیرهاتەوە و هەروەها خۆم و داریوش چۆن هێرشمان کردە سەر سکیتی‌یەکان. بە سەیرکردنی ئەزموونی گشت ئەو شەڕانە، بەو قەناعەتە گەیشتبووم کە ئەگەر تۆ شەڕ نەکەی و ئارامبگری، بەختەوەرترین مرۆڤ لە داهاتوودا دەبی. بەڵام ئێستا کە هێزێکی خوایی دەستی لەپشت ئەو خۆزگەیەیە، وێدەچێ چارەنووس ئەوە بخوازێ کە پێویستە لەشکرکێشی بکرێتە سەر یۆنانییەکان و وێران‌بکرێن. من راوبۆچوونی خۆم دەگۆڕم. دەسەر پارسەکان بکە تا ئەو فەرمانەی رەزای خوای لەسەرە، جێبەجێی بکەن. با

ئەوان دەستوراتی تۆ بەجێ بگەیێنن و خۆت هەوڵبدە ئەو جۆرەی خواوەند دەخوازێ هەڵسوکەوت بکەی و هیچ کەموکوڕییەک بەدی‌نەکرێت ". دوای تەواوبوونی ئەو قسانە، هەردوکیان بەهۆی ئەو خەونە غیرەتیان وەبەرهات. ئەو رۆژەش خێرا گەیشتێ کە کسێرکیس گشت بەسەرهاتی خۆی و ئارتاڤانۆس کە سەرەتا تەنیا دژبەری دەسپێکی شەڕ بوو، بۆ پارسەکان باسکرد.

## ئامادەکاری جەنگیی پارسەکان

**[١٩]** هەرچەند کسێرکیس بڕیاری لەشکرکێشی دابوو، بەڵام بەو حاڵەش سێهەم خەونی بینی. کاتێک کاهێنان ئەو خەونەیان لێکداوە، دەرکەوت کە کسێرکیس تەواوی جیهان داگیردەکا و گشت دانیشتووانی ئەو وڵاتانە دەبنە کۆیلەی بندەستی ئەو. خەونەکە بەو جۆرە بوو: کسێرکیس لەو خەونەدا تاجی دروستکراو لە چڵە زەیتوونی لەسەر کرابوو. لقەکانی ئەو تاجە بەجۆرێک لقوپۆپیان دەرکردبوو و راکشابوون کە سەراسەری بیچمی زەوییان داپۆشیبوو. دواتر ئەو کەسەی تاجی لەسەر کسێرکیس نابوو، وەک تارماییەک لەبەر چاوان ونببوو. پاش ئەوەی کاهێنانی مەزن خەونەکەیان لێکداوە، پارسەکان بەگشتی بڵاوەیان کرد و هەرکەسە بەرەو هەرێمی خۆی رۆیشتەوە تا داخوازییەکانی پاشا جێبەجێ‌بکەن. هەرکام لەوانە هەوڵی‌دەدا ئەو کەسە بێ کە خەڵاتی پاشایەتی لەمەر ئامادەکاری بۆ لەشکرکێشی بۆخۆی مسۆگەر بکا. کسێرکیس بەو شێوەیە لەشکرێکی مەزن و بەهێزی لە سەرتاسەری وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئامادەکرد.

**[٢٠]** کسێرکیس پاش داگیرکردنی وڵاتی میسر سپاکەی بۆ ماوەی چوارساڵ ئامادە راگرت و لە کۆتایی ساڵی پێنجەمدا،[١] بە هێزێکی گەلێک گەورەترەوە وەڕێکەوت. بەپێی زانیارییەکانم سەبارەت بە لەشکرکێشییەکان، ئەوەیان لە گشتیان مەزنتر بوو. لەشکرکێشی داریوش بۆ سەر سکیتی‌یەکان

١- لە ساڵی ٤٨٤ تا ٤٨٠ی پێش زایین.

له بەرامبەر ئەوەی کسێرکیس هەرهیچ نەبوو. ئەوەی سکیتی‌یەکانیش کاتێک کیمێری‌یەکانیان تا وڵاتی میدیا دەرکرد و بەشی هەرەزۆری خاکی ئاسیای ژوروویان داگیرکرد و لێی‌نیشتەجێ بوون، لەشکرەکەیان دیسان بە گەورەیی سپای کسێرکیس نەبوو. داریوش کاتی خۆی گەرەکی بوو سکیتی‌یەکان سەبارەت بەو داگیرکارییە سزابدا. لەشکرکێشی ئاتریدی‌یەکان بۆ وڵاتی ئیلیۆ، یا بەر لە شەڕی ترۆدا، لەشکرکێشی میسی‌یەکان و تێڤکری‌یەکان، واتە ئەوانەی هێرشیان کردە[1] ئوروپا و بە گەرووی ڤۆسپۆردا پەڕینەوە و تەواوی خاکی وڵاتی تراکی‌یان داگیرکرد و تا گەیشتنە یونیۆپێلاغۆس نەوێستان و لەوێوە بەرەو باشوور چوونە سەرچۆمی پینیۆ، ئەوانەش بەقەدەر لەشکرکێشی کسێرکیس بەرفراوان نەبوون.

**[٢١]** تەواوی ئەو لەشکرکێشی‌یانە و چەندێکی‌تریش کە لەو دواییانەدا بەئەنجام گەیشتن بایەخی هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ لەشکرکێشی کسێرکیس نەبووە، چونکە گشت نەتەوەکانی ئاسیایی بەشداریان تێداکردبوو. لەشکری کسێرکیس جیا لە چۆمی گەورە، گەلێک کانیاوی ئاوی شیرینی لەپشت سەری خۆی جێهێشت. زۆر نەتەوە گەمی و قایقیان ئامادەکرد، هێندێکیان لەشکری پیادە و سوارە نیزام و بەشێکیش جیا لە ئازوقە و تەداروکاتی لەشکری، کۆمەڵێک گەمییان بۆ ئەسپەکانی سپا پێشکەش کرد و چەندێکیش گەمی باریکیان دابین‌کرد تا پردیان پێ‌دروست بکرێ. نەتەوەی‌تریش گەمی و ئازوقەیان لەئەستۆبوو.

**[٢٢]** کسێرکیس لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا ئەزمونێکی نوێی سەبارەت بە دەربازبوونی لەشکرەکەی بەدەوری چیای ئاتۆس‌دا دەسکەوتبوو. لە ناوچەی ئێلی‌ئۆندا، ملکی هەرێمی خێرسۆنیسۆس، گەمییەکان وەڕێکەوتن و پڕ لە جەماوەری سەر بە نەتەوەی جۆراوجۆر بوون و بە زەبری قەمچی خەندەکیان هەڵدەکەند. ئەو کارە بەنۆرە بەڕێوەدەچوو و خەڵکی‌تر جێگای ئەوانەی بەر لە خۆیان دەگرتەوە. دیارە دانیشتووانی ناوچەی ئاتۆس، ئەوانیش تووشی ئەو بێگارییە هاتبوون. پارسەکان خۆیان بەسەر ئەو کارە

---

١- ئەو لەشکرکێشییە لائۆمێدۆن ڕێکیخست. ناوبراو باوکی پریامۆس بوو.

رادەگەیشتن. ڤۆڤاریس کوڕی مێغاڤازۆس و ئارتاخیئیس کوڕی ئارتیئۆس جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەیان وەستۆگرتبوو. زنجیرە چیای ئاتۆس گەورە و ناسراوە و خەڵکی لێدەژی و دەگاتە سەر دەریا. ئەو چیایە خۆی چەشنێک نیمچە دورگە و خاوەن تەنگەبەرابییە و مەوداکەی دەگاتە دوازدە ستادیۆ. لەو دۆڵە بەرتەنگەدا کۆمەڵێک تەپۆڵکە و گردی نەوی هەن و دەریای ئاکانتۆس لە دەریای تورۆنیس جیادەکاتەوە. زنجیرە چیای ئاتۆس لە نیزیک شارێکی یۆنانی بەناوی سانی دەگاتە ئەو دۆڵە. شارەکانی دوور لە سانی و لەسەر داوێنی چیای ئاتۆس کە پارسەکان گەرەکیان بوو لە دەشتایی جیایان بکەنەوە و دایانبڕن و بیانکەنە دورگە بریتی بوون لە: دیۆن، ئۆلۆفیکسۆس، ئاکرۆتۆئۆن، تیسۆس و کلیئۆن.

**[٢٣]** ئەوانە شارەکانی دەوری ریزەچیای ئاتۆس بوون. خەڵکانی بەربەر دەسەریانکرابوو خەندەک لەو شوێنە هەڵکەنن و مەوداکەش بەسەر نەتەوەی جۆراوجۆردا بەشکرابوو. کاتێک ئەو بەربەرانە گەیشتنە شاری سانی، مژوڵبەکار بوون و خەندەکیان راست و تەرازکرد. خەندەک قوڵتر و قوڵتر دەبوو و کرێکارەکانی قاتی ژێرەوە بەردەوام تەختی بنی خەندەکیان هەڵدەکەند. جەماوەری شوێن بەرزتر لەسەر پلەی پان، گڵی هەڵکەندراویان وەردەگرت و دەیاندا بەوانەی سەرووی خۆیان. ئەوانەش رادەستی خەڵکی ژوورتر لە خۆیان دەکرد و لە کۆتاییدا گڵەکە دەگەیشتە کەسانی سەر زەوی و فڕێدەدرا. جیا لە فینیقییەکان، هەرهەمووی ئەو خەڵکەی لەنێو خەندەکدا کاریان دەکرد، تووشی بێگارییەکی سەخت هاتبوون و پلەکانی دیواری خەندەکیش بەردەوام دەروخان. هۆی روخانی پلەکان لەبەر ئەوە بوو کە هەم لەسەر و هەم لە ژێرەوە، بە بەرینایی یەکسان زەویان هەڵدەکەند. بەڵام فینیقییەکان، هەروەک لە گشت کارەکانیاندا خاوەن ئەزموون و لێهاتوویی بوونە، لەو شوێنەش نیشانیاندا.

ئەو بەشە لە خەندەک کە وەبەر ئەوان کەوتبوو، بەبەرینایی دوو بەرابەر زیادتر لەوەی پێویست بێ، دەستیان بە هەڵکەندنی کرد. ئەوان وەهایان بەراورد

کردبوو کە لە کۆتاییدا، تەختی بنەوەی خەندەک بەرابەری ئەو بەشە بێ کە خەڵکانیتر خەریکی هەڵکەندنی بوون. لەو شوێنە مێرگێک هەڵکەوتبوو و بازاری لێبەڕێوە دەچوو. لە ئاسیاوە گەنم و ئاردێکی فرە دەهاتە ئەو بازاڕە.

**[٢٤]** ئەوەندەی من بزانم، کسێرکیس تەنیا لەبەر خۆبەزلزانی فەرمانیدەرکرد ئەو خەندەکە هەڵکەنن. ئەو گەرەکی بوو هێزی خۆی نیشانبدا و وەک شاکارێک لە مێشک و بیری خەڵکدا بمێنێتەوە. پارسەکان بەبێ ئەو خەندەکەش، بێئەوەی گرفتێکیان هەبێ، دەیانتوانی قایقەکانیان بە دۆڵێدا راکێشن، بەڵام کسێرکیس حوکمی کرد خەندەک هەڵکەنن و دوو دەریا تێکەڵ بە یەکتر بکەنەوە. ناوبراو هەروەها فەرمانی دەرکرد کە ئەو خەندەکە ئاوییە پێویستە ئەوەندە بەرین بێ، دوو گەمی بتوانن لە تەنیشت هەڤدوو پێیدا دەربازبن. ئەوانەی ئەرکی دروست کردنی ئەو خەندەکەیان پێسپێردرابوو، دەبوایە پردێکیش لەسەر چۆمی ستریمۆنا سازکەن.

**[٢٥]** ئەوانە کۆمەڵێک کاربوون کە کسێرکیس لەوێ جێبەجێی کردن. بۆ پردەکان فەرمانی دەرکرد کە گوریس لە پاپیرۆ و کەتان دروست بکەن و فینیقی و میسرییەکانی تووشی ئەو بێگارییە کرد. هەروەها حوکمی کرد کە ئازوقە و تفاق تاقەت بکرێ تا سەربازانی سپا و ماڵاتی باربەر لەکاتی لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان برسی نەمێننەوە. دوای ئەو بڕیارە گونجاوترین شوێنی دیاریکرد و لە سەرانسەری ئاسیاوە بە قایق و گەمی ئەرزاقیان بۆ ئەو شوێنە برد. زۆربەی زۆری ئازوقە لە وڵاتی تراکی و لە شوێنێک بەناوی لێفکیئەکتی (رۆخی سپی)[١] هەڵگیرا. خەڵکانیتری ناچارکرد کۆمەڵێک کۆگا لە تیرۆدیزا سەر بە ناوچەی پارینتۆس دروست بکەن. چەند کۆگایەک لە سۆرسیکۆ و ژمارەیەکیش لە ئییۆنا، واتە لە دەڤەری ستریمۆنۆ و کۆمەڵێکیش لە مەقدونییە ئامادەکران.

**[٢٦]** لەو کاتەدا کە ئەوانە بەو گشتە کوێرەوەرییەوە خەریکی دروست کردنی ئەو کۆگایانە بوون، لەشکری پیادەی یەکگرتوو لە ناوچەی کریتاڵا، سەربە هەرێمی کاپادۆکییاوە وەڕێکەوت و بەرەو شاری سارد رۆیی. بڕیار

---

١- ریزە چیاکانی پرۆپۆندیدۆس لە نیزیک خێرسۆنیسۆس.

ئەوە بوو کە تەواوی سپای کسێرکیس لەوێ کۆبێتەوە و بە ڕێگای ویشکاییدا پێشڕەوی بکەن. زانیارییم دەست نەکەوتووە کامیەک لە گوردانەکانی لەشکری زۆرترین ژمارەیان جەماوەر هەبووە و خەڵاتی بەڵێندراوی وەرگرتووە.

سپای کسێرکیس لە چۆمی ئالی پەڕییەوە و بە وڵاتی فریغیادا تێپەڕی بۆوەی بگاتە دەڤەری کێلێنییەکان، واتە ئەو شوێنەی سەرچاوە ئاوییەکانی رووباری مێئاندرۆس و چۆمێکیتری لێهەڵکەوتووە. ئەو چۆمەی دوایی لە مێئاندرۆس بچووکتر نییە و ناسراوە بە کەتاراکتێس (تاڤگە). چۆمی کەتاراکتیس لە نێوەندی بازاڕی کێلێنیەکان هەڵدەقوڵێ و دواتر تێکەڵ بە مێئاندرۆس دەبێ. لە شاری کێلێن پیاو چاوی بە کەوڵێک دەکەوێ کە هەمان پێستی سیلینۆس مارسیئایە.[1] بەپێی سەرچاوە کەلتورییەکانی فریژی (فریغی)، خواوەند ئاپۆلۆن، سیلینۆس مارسیئاسی کەوڵکردوە و پێستەکەی هەڵواسیوە.

**[٢٧]** لەو شارە کەسێکی لیدی بەناوی پیتیۆس کوڕی ئاتیئۆس چاوەڕوانی گەیشتنی پاشا بوو. پیتیۆس، پاشا و تەواوی لەشکرەکەی بانگهێشتی میواندارییەکی شاهانە کرد. ناوبراو بە کسێرکیسی گووت کە دەخوازێ مەخاریجی لەشکرکێشییەکە وەستۆی خۆی بگرێ. لەو کاتەدا کە پیتیۆس پارەی پێشکەش دەکرد، کسێرکیس لەو جەماوەرە پارسەی لەگەڵی بوون، پرسی کە ئەو کابرایە، واتە پیتیۆس چۆن مرۆڤێکە کە ئەو گشتە پارەیەی هەیە و دەتوانێ پیاوەتی ئاوا گەورەی لەسەربکا. پارسەکان وڵامیان داوە: "پاشا! ئەو کابرایە هەمان ئەو کەسەیە کە دارزەیتوونی زێڕ و دارمێوی زێڕی پێشکەش بە داریوشی باوکت کرد.[2] ئەوەندەی ئێمە بزانین دوای تۆ لە گشت مرۆڤێکی ئەو جیهانە ساماندارترە ".

**[٢٨]** کسێرکیس بەو زانیارییەی دوایی پتر بۆی بوو بە پرسیار و لەدرێژەدا رووی لە پیتیۆس کرد کە چەندە پارەی هەیە. پیتیۆس لە وڵامدا گووتی:

---

١- بەپێی چیرۆکە میتۆلۆژییەکان، مارسیئاس خواوەند ئاپۆلۆنای بانگهێشت کردبوو کە بەشداری لە کێبەرکێی مۆسیقادا بکات.

٢- دەسکردی تێئۆدۆرۆسی خەڵکی دورگەی سامۆس، هەڵبەت شاکاربوونەکەی لەبەر قەوارەزلی یا بچووکی نەبووە، بەڵکوو زەریفکاری بەرچاوی تێدا رەچاوکراوە.

"پاشاکەم! نە هیچت لێ دەشارمەوە و نە هەوڵدەدەم نیشان بدەم کە رادەی سامانی خۆم نازانم. زۆر باش دەزانم چیم هەیە و بەوردی بە ئێوەی دەڵێم. هەرکە هەواڵم پێگەیی جەنابت بەرەو ئاوەکانی یۆنان بەڕێوەی، بڕیارمدا پارەت پێشکەش بکەم تا خەرجی لەشکرکێشییەکەتان بکەی، بۆیە دارایی خۆم هەژمار کرد و بۆم دەرکەوت دوو هەزار تالآندی زیو و چوار میلیۆن سکەی زێڕی داریکم هەیە. بۆ مەخاریجی ئەو کارەی جەنابت، حەوت هەزاری لێکەمدەبێتەوە. گشت ئەو پارەیە پێشکەش بە ئێوە بێ. من خۆم ملک و زەویوزار و کۆیلەکانم بەسە بۆوەی بەڕاحەتی بژیم ". پیتیۆس بەو چەشنە لەگەڵ کسێرکیس ئاخاوت و پاشا بەو قسانە گەلێک شادبوو و لە وڵامدا گووتی:

**[٢٩]** "ئەی پیاوی لیدیایی، من لەو کاتەوە کە لە پێرسیا وەدەرکەوتووم، جیا لە تۆ کەسیترم نەناسیوە کە بەو چەشنە ئامادەی میوانداری لە لەشکری من بێ و مەخاریجی ئەو سپایە دابینبکا. بەڵام تۆ زۆر ئاغایانە میوانداریت لە سپای من کرد و پارەیەکی فرەشت پێشکەش کردم. من بە نۆرەی خۆم، بەو چەشنە وڵامی گەورەییت دەدەمەوە. بەناوی میوانەکەم، بانگت دەکەم، بۆوەی چوار میلیۆن سکەی داریکی سامانەکەت کامڵ و گردبێتەوە، لە خەزێنەی خۆم حەوت هەزار سکەی داریکت دەدەمێ، بۆوەی چوارمیلیۆنەکە لێی کەم نەبێتەوە و منیش کەلێنێکم پڕکردبێتەوە. لەمەو بەدوا چەندەی بۆت دەکرێ دارایی خۆت بپارێزە و هەوڵبدە بەردەوام لە ژیانتدا ئەو پیاوە بی کە هەی. ئەگەر ئەو کارە بکەی، نە ئێستا و نە لە داهاتوودا تووشی پەژیوانی نایەی ".

**[٣٠]** قسەکانی کسێرکیس بەو چەشنە تەواو بوو. بەڵێنەکانی بەجێگەیاند و ڕێگای گرتەبەر. ناوبراو بە تەنیشت ئاواییەکی وڵاتی فریغیادا تێپەڕی، ناسراو بە ئاناڤا. ئەوجار بەکەنار گۆلێکی خاوەن کۆمەڵێک عەمبارئاودا دەربازبوو و گەیشتە شاری کۆلۆسیس. ئەوەیان شارێکی گەورەی فریغیایە و لێرەیە کە رووباری لیکۆس بەهۆی چاڵاو دوبارە بەرەو ژێر زەوی دەبێتەوە. ئەو رووبارە دوای پێنج ستادیۆ مەودا جارێکیتر دێتەوەڕوو و پاشان دەڕژێتە نێو چۆمی مێئاندرۆس. لەشکر دوای ئەوەی لە شاری

کۆلۆسۆس وەڕێکەوت، سنوورەکانی نێوان دوو وڵاتی فریغیا و لیدیای بڕی و گەیشتە شاری کیدارا، واتە بۆ ئەو شوێنەی کە کریسۆس لە سەردەمی خۆیدا کۆڵەکەیەکی بەردەنووسی چەقاندبوو. لەسەر ئەو بەردەنووسە سنوورەکان دەستنیشان کرابوون.

**[٣١]** لەشکر لە وڵاتی فریغیاوە چووە نێو خاکی لیدیا. لێرە ڕێگاکە دابەش دەبێ، ئەوەی لای چەپ دەچێتە شاری کاریا و قۆڵی ڕاستیش بەرەو شاری سارد دەڕوا. هەرکەس ئەو ریگایە دوایی بگرێتەبەر ناچارە لە چۆمی مێئاندرۆس بپەڕێتەوە و بەتەنیشت شاری (کەلاتیڤۆ)دا دەربازبێ. لەو شارە کۆمەڵێک پیشەگەری تایبەت هەن کە هەنگوین لە داری شیشعان(دارچکێکی گچکە لە تیرەی گەز) و گەنم دەگرن. کسێرکیس کاتێک بەو ڕێگایەدا دەڕۆیی، چاوی بە چنارێکی گەلێک جوان کەوت. ناوبراو بە سکەی زێڕ دارەکەی رازاندەوە و یەکێک لە پاسەوانەکانی خۆی[1] دیاریکرد تا پارێزگاری لەو دارە بکا. کسێرکیس ڕۆژی دوایی گەیشتە پێتەختی لیدیەکان.

**[٣٢]** کاتێک کسێرکیس گەیشتە شاری سارد، سەرەتا کۆمەڵێک راسپاردەی ناردە وڵاتی یۆنان بۆوەی داوای ئاو و خاک بکەن و ئامادەی میوانداری شەو لە پاشا بن. ئەو هەروەها چەند کەسێکیتریشی بۆ هەرێمەکانیتری یۆنان، جیا لە ئاتێن و سپارت نارد. ئەرکی ئەو راسپاردانە ئەوە بوو کە جارێکیتریش داوای ئاو و خاک بکەنەوە. کسێرکیس لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە دوبارە ئەوانەی ناردەوە: ئەو لەو باوەڕەدا بوو، ئەوانە لە رابردوودا سەری کڕنۆشیان لە بەرامبەر داریوش دانەنواندووە، ئێستا لە ترسان ناچار بەو کارە دەبن. بەمەبەستی دڵنیابوون لەو بارەوە، دوبارە راسپاردەکانی ناردە لایان.

**[٣٣]** لە درێژەدا خۆی ئامادەکرد بەرەو دەڤەری ئابیدۆس پێشڕەوی بکا. هاوکات، وەستاکاران پردیان لەسەر ئاوی ئێلیسپۆندۆس دروستکرد کە ئاسیا و ئوروپای لە یەکتر گرێدەداوە. لە ناوچەی خێرسۆنیسۆس، سەر بە هەرێمی

---

١- سەربازانی خۆبەخش ناسراو بە نەمرەکان. گاردی پاشایەتی ئەو سەردەمە.

ئێلیسپۆندۆس، لەنێوان شارەکانی سیتسۆس و مادیتۆس و لە روبەڕووی ئابیدۆس چیایەکی شاراوە سەری بەرزکردوەتەوە. دواتر ئاتێنیەکان بەسەرکردایەتی کسانتیپۆس،[1] کوڕی ئاریفرۆنۆس، شارەوانی پارسی شاری سیتسۆس بەناوی (ئارتاڤکتی)یان گرت و بە زیندوویی لە خاچیاندا. ئەو کابرایە پەرستگەی پرۆتێسیلائۆس لە ناوچەی ئێلیئۆندا کردبوە جێژوان و دەچوو لەوێ کاری ناحەز و بێئەخلاقی لەگەڵ ژنان دەکرد.

**[٣٤]** کسێرکیس لە ئابیدۆس وەڕێکەوت و وەستاکاران خەریکی دروستکردنی پرد لەسەر چۆم و رێگای بەرەو ئەو چیایە بوون. پردی یەکەمیان بە گوریسی ئەستووری هۆنراو لە گەڵای پاپیرۆس و کەتان دروستکرا و پردی دووهەمیش بە هەمان شێوە لەلایەن میسرییەکانەوە سازکرا. مەودای نێوان ئابیدۆس تا ئەوبەر چۆم حەوت ستادیۆ بوو. کاتێک بیناکردنی پردەکان کۆتاییان پێهات، بارانی بەخوڕێن و لافاو گشتی راماڵی و ریسەکەی لێکردنەوە بە خوری و هەرهەمووی وێرانکرد.

**[٣٥]** کسێرکیس، وەختێک هەواڵی ئەو رووداوەی پێگەیی، گەلێک قەڵسبوو و فەرمانی دەرکرد دەریای ئێلیسپۆندۆس سێسەد جار وەبەر قەمچی بدەن و جووتێک کەلەپچەش لە ئاوی کەنداو هاوێن. من هەروەها بیستوومە کە پیاوەکانی خۆی ناردوە بۆوەی بە زەبری ئاسنی سوورەوەکراو ئێلیسپۆندۆس داغبکەن. کسێرکیس داوای کرد لە کاتی قەمچیکاریکردنی ئاوی دەریای ئێلیسپۆندۆس، ئەو چەند رستەیە بەردەوام بڵێنەوە: "ئەی ئاوی تاڵ! گەورەی ئێمە تۆ سزادەدا، چونکە ناهەقیت لێکرد و ئەو هیچ زیانێکی بە تۆ نەگەیاندبوو. ئێستا بخوازی و نەخوازی، کسێرکیسی پاشا بەسەرتدا دەپەڕێتەوە. ئەوەش کە هیچکەس لە مرۆڤەکان ئاو و شەڕابی پاکت بەسەردا ناپرژێنی دەستیانخۆشبێ، چونکە تۆ سوێر و دەروون پیسی ".

کسێرکیس بەو شێوەیە فەرمانی دەرکرد تا دەریای ئێلیسپۆندۆس تەمبێبکەن و بەسزای خۆی بگەیێنن. ئەو هەروەها حوکمی سەرلێدانی ئەو

---

١- باوکی پێریکلیس.

کەسانەی دەرکرد کە چاوەدێر و سەرپەرستی کاروباری دروستکردنی پرد و لێکبەستنەوەی هەردوو کەناراوی ئێلیسپۆندۆس‌یان بەستۆوە بوو.

**[٣٦]** ئەوانەی حوکمیان دەسەرکرا ئەو بێگارییە جێبەجێ بکەن، وەدوای کاری خۆیان کەوتن و لەولاشەوە کۆمەڵێک وەستاکار دەستیان بە هەڵبەستنی چەند پردێکی نوێ بەشێوەی خوارەوە کرد: ئەوانە سێسەد و شێست گەمی و بەلەمی پەنجا کەسی و گەمی تریئێری‌یان (چەشنێک گەمی کە سێ ریز بێڵژەن تێیدا جێدەگرن) بە مەبەستی دروستکردنی پردی باکوور کۆکردەوە و سێسەد و چل دانەش بۆ پردی باشوور. ئەو گشتە گەمی و بەلەمانەیان هاوسوو لەگەڵ بواری ئاوی ئێلیسپۆندۆس دامەزراند، بۆوەی زەختی ئاو یارمەتی خۆڕاگری گوریسە ئەستورەکانی پرد لە کاتی پەڕینەوەی لەشکر بدا. لە درێژەی کارەکانیاندا، ئەوانە کۆمەڵێک قولاپی گەورە و قورسیان بۆ پردی یەکەم ، بەلای ئێڤکسینۆپۆندۆس لە ئاو هاویشت، چونکە لەلای ئێڤکسینۆوە بای توونددەهات.

بۆ پردی دووهەم لەلای ئێییئۆ، لەبەر ئەوەی تەوژمی بای رۆژئاوا و بای باشوور زۆر بوو، خێرا لەو قولاپە گەورانە کەڵکوەرگیرا. لە سێ شوێن، لەنێوان قایقەکاندا دالانێکی ئاویی لەبەرچاوگیرا تا ئەو کەسانەی بەسواری گەمی بخوازن سەفەر بەرەو هەرێمی پۆندۆس بکەن یا لەو ناوچەیەڕا بەرەو ئێییئۆ بچن، مەجالیان هەبێ.

وەستاکارەکان دوای جێبەجێکردنی ئەو کۆمەڵە ئەرکە، گوریسەکانیان بە یارمەتی چەند چەرخێک توندکرد. لە دروستکردنی پردەکاندا کەڵک لە گوریسی کەتان و پاپیرۆس وەرگیرا و هەر پردە دوو گوریسی کەتان و چواری پاپیرۆسی وەبەرکەوت. هەردوو گوریس خاوەن ئەستورایی یەکسان بوون و گەلێک وەستایانە هۆنرابوونەوە. دیارە گوریسە کەتانیەکان قورستر بوون. قورساییان یەک تالاند یا ئۆرغیا دەبوو. کاتێک پردەکان دروستکران، ئەوجار کۆمەڵێک نێوقەدی داریان بە بەرینایی پرد بڕی و پاشان بەڕیز لە تەنیشت هەڤدوو دایانمەزراندن و سەریان تەختەڕێژ کرد و گڵیان لەسەر

ڕۆکرد. لە هەردوو لای پرد، چیغیان کێشا، بۆوەی مالآتی باربەر چاوی بە ئاوی دەریا نەکەویَ و نەترسیَ.

**[٣٧]** وەختێک سازکردنی پردەکان و کاری خەندەکی ئاتۆس کۆتاییپێهات، پاشایان لیَ ئاگادار کردەوە. لەشکر وەرزی زستانی لە شاری سارد تێپەڕکردبوو و ئیتر ئامادەی هێرش بوو. بەهار دەستیپێکرد و لەشکر بەرەو دەڤەری ئاڤیدۆس وەڕێکەوت. ڕاست لەو کاتەدا، هەرچەند پەڵە هەورێکیش بە ئاسمانەوە نەبوو، ڕۆژگیرا و وەک تاریکە شەوی لێهات. کسێرکیس بە دیتنی ئەو ڕووداوە تەواوێک وەنیگەرانی کەوت و داوای لە تاڵەبینەکان کرد خێرا فاڵبگرنەوە و ئەو دیاردەیە لێکبدەنەوە. تاڵەبینەکان گووتیان کە خواوەند بە یۆنانییەکانی نیشانداوە خۆیان و شارەکانیان چاوەڕوانی وێرانی و لەنێوچوون بن. چونکە ڕۆژ تا ئێستا پاراستوونی، بەلآم لەمەودوا ئەوە مانگی پارسەکانە لەجێی ڕۆژ دەردەکەویَ. کسێرکیس بەو لێکدانەوەیە ڕازی بوو و ڕێگای گرتەبەر.

**[٣٨]** سەروبەندی وەڕێکەوتنی لەشکر، پیتیۆسی لیدیایی، زۆر لەو ڕۆژگیرانە ترسا و لەبەر ئەوەی کۆڵێک دیاری و خەڵاتی لە پاشا وەرگرتبوو، متمانەبەخۆ، چووە لای کسێرکیس و پێیگووت: "پاشاکەم! گەرەکمە داوایەکتان لێبکەم کە ئێوە زۆر بەهاسانی دەتوانن جێبەجێی بکەن و بۆ من بایخێکی فرەی هەیە ". کسێرکیس چاوەڕوانی هەر خواستێکیتری کردبوو جیا لەوەی پیتیۆس هێنایەگۆڕیَ. ئیزنی بە پیتیۆسدا بە ئازادی قسەی دڵی خۆی بکا. پیتیۆس وەختێک دڵنیا بوو، زێدەتر غیرەتی وەبەرهات و گووتی: "پاشاکەم! من خاوەن پێنج کوڕم و هەر پێنجیان لە خزمەت ئێوەدان و قەرارە لەگەڵ لەشکری جەنابت هێرش بکەنە سەر یۆنان. ڕەحم و بەزەییت بە پیری و کەنەفتی مندا بیَ و کوڕێکم بۆ جێهێڵە، مەبەستم ئەوەی گەورەیانە، با ئاگای لە من و سامانەکەم بیَ. ئەوانیتر، گشتیان لەگەڵ خۆتان بەرن ".

**[٣٩]** کسێرکیس بەو قسەیە گەلێک قەڵس بوو و لە وڵامی پیتیۆسدا گووتی: "ئەی چەپەڵی پیس، چۆن لەخۆت ڕادەبینی داوای ئاوا بکەی،

لەحاڵێکدا من خۆم بەشداریم لەو لەشکرکێشییەدا کردوە و تەواوی مناڵەکانم، برا و خوشک و خزم و دۆستانم هێناوە و تۆش لەبیرت چووە کە گشتتان کۆیلەی منن و دەبێ بە ژن و مناڵتانەوە لە خزمەتمدابن، بەڵام تۆ ئاوا بە رووهەڵماڵاوییەوە هاتووی و داوای ناماقوڵی ئەوتۆ لە من دەکەی! ئەوە باش بزانە کە روحی مرۆڤ لە گوێی ئینساندا هێلانە دەکا. ئەگەر پیاو گوێی لە قسەی خۆشبێ، خۆشی و شادی سەراسەری لەشی دادەگرێ، بەڵام ئەگەر گووتەی ناحەز ببیسێ، رق و کین دایدەگرێ. کەوابوو، ئەو کاتەی کردەوەکانت ئاقڵانە و بەڵێنەکانت بەجێبوون، نەتتوانی بەسەر گەورەیی پاشادا دەربازبی، ئێستا کە رێی نەفامیت گرتووەتەبەر، چاوەڕوانی سزابە، هەڵبەت چاوەڕوانی سزایەکی ئەوتۆ نا کە قابیلت بێ. ژیان و چارەنووسی خۆت و چوار کوڕەکەت بەستراوەتەوە بە نەبوونی کوڕی گەورەت، ئەو کوڕەی زۆرت خۆش دەوێ، هەربۆیە ئەو بە مەرگی خۆی تۆ و کوڕەکانیتر نەجات دەدا ".

کسێرکیس دوای قسەکانی، دەستووری بە پیاوەکانی حکوومیدا کوڕە گەورەکەی پیتیۆس بدۆزنەوە و لەنێو قەدەوە دوو لەتی بکەن و هەربەشەی لە قەراخێکی ئەو رێگایە دابنێن کە لەشکر پێیدا دەرباز دەبێ، بۆوەی گشتیان چاویان پێیبکەوێ.

**[٤٠]** خواستی کسێرکیس بەجێگەیی و لەشکر بەنێوان تەرمی لەتکراوی کوڕە گەورەدا تێپەڕی. سەرەتا باروبنەی لەشکر و ماڵاتی باربەر وەپێش کەوتن و پاشان لەشکری نەتەوە جیاوازەکان بەتێکەڵاوی، بەدوای ئەواندا کەوتنەڕێ. دوای یەکەم وەجبەی ئەو لەشکرە کە پتر لە نیوەی سپا بوو، بۆشاییەک دەستی پێدەکرد و ئەوانەی پێشەوە هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ پاشا نەبوو. لەپێش پاشادا هەزار سوارکاری هەڵبژاردەی پارس وەڕێکەوتن. دواتر، هەزارکەسی نێزەداری هەڵبژاردە کە نێزەکانیان روو لە عەرز بەدەستەوە گرتبوو، جێیانگرت. لەپشت ئەو هێزە دە ئەسپی پیرۆز، رازاوە و ناسراو بە نیسیئا دامەزران. ئەو ناوەیان دەگەڕاوە بۆ دەشتێکی ئێجگار

گەورە لە وڵاتی میدیا کە ناسراو بوو بە نیسیئۆن. ئەو ئەسپانە بەجەستە گەلێک گەورە بوون. بەدوای ئەسپە پیرۆزەکاندا فایتوونی پیرۆزی خواوەند دیا بەڕێوەبوو و بەیارمەتی هەشت ئەسپی تەواو سپی رادەکێشرا و لغاویان بەدەست فایتوونچییەکی پیاوەوە بوو. هیچکەس بۆی نەبوو سواری ئەو فایتوونە پیرۆزە بێ. پاش فایتوونی خواوەند دیا، کسێرکیس خۆی بەسواری فایتوونێکیتر دەهات. ئەسپەکانی نیسیئا فایتوونی پاشایان رادەکێشا. لە تەنیشت فایتوونی کسێرکیس، فایتوونی پیادە، بەناوی پاتیرامفیس کوڕی ئۆتانیسی پارس دەڕۆیشت.

**[٤١]** کسێرکیس بەو چەشنە لە شاری سارد وەدەرکەوت. هەڵبەت بۆیهەبوو هەرکات بخوازێ سواری ئارماکسا[١] واتە کالسکەی سەڵتەنەتی بێ. بەدوای پاشادا هەزار نێزەداری پارس دامەزرابوون. ئەوانە باشترین و جوامێرترین کەسانی سپا نێزەکانیان بەشێوەی ئاسایی بەدەستەوە گرتبوو. پاش ئەو کۆمەڵەش، هەزاران سوارکاری هەڵبژاردە لەنێو پارسەکاندا و لەدرێژەدا دە هەزار هەڵبژاردەیتری پارسی پیادە بەڕێوەبوون. لەنێویاندا گوردانێکی هەزارکەسی کە ئەوانەش نێزەکانیان سەرەوژێر راگرتبوو و بنی نێزەکان هەناری زێڕ بوو بەرچاودەکەوت. هەڵبەت ئەو گوردانەی نیزیکتر و لەپشت سەری پاشابوون، بنی نێزەکانیان سێوی زێڕ بوو. لەپشت سپای دە هەزارکەسییەوە، گوردانی دە هەزارکەسی سوارکارانی پارس دەڕۆیشتن. دوای هێزی سوارە دیسان بەتاڵاییەک دەستی پێدەکرد و مەوداکەی دوو ستادیۆ دەبوو. پاش ئەو بۆشاییە، ئەوجار پاشماوەی لەشکر، تێکەڵاو و پیادە هەنگاویان دەنایەوە.

**[٤٢]** لەشکر لە وڵاتی لیدیدا گەیشتە سەر چۆمی کایکۆ و میسیا. لەسەر چۆمی کایکۆ بەلای دەستی چەپەوە، چیای کانی بەجێهێشت و دوای تێپەڕین بە ناوچەی ئاتارنیئا، شاری کارینی دەربازکرد. دەشتی تیڤی لەو شارە دەست پێدەکا. لەشکر بە تەنیشت شاری ئاترامیتیو و دیوارەکانی ئاداندرۆدا کە بەدەست پێلاسغییەکانەوە بیناکرابوو رۆیی. چیاکانی ئیدی لە قۆڵی چەپی لەشکرەوە

١- هەڵبەت فایتوونێکی داپۆشراو بووە کە تایبەت بۆ ژنان کەڵکیان لێوەرگرتووە.

هەڵکەوتبوون. هێزەکان پاش دەربازبوون بەو دەڤەرەدا گەیشتنە ناوچەی ئیلیۆس و لە داوێنی چیای ئیدی مۆڵیانخوارد. راست لەو وەختەدا بروسک و بارانی بەخوڕێن دەستی پێکرد و ژمارەیەکی زۆر لەو لەشکرە کوژرا.

**[٤٣]** لەشکر گەیشتە چۆمی سکاماندرۆس. لەو کاتەوە لەشکر لە شاری ساردەوە وەڕێکەوتبوو، ئەوە یەکەم رووبار بوو تووشی دەهاتن و ئاوەکەی ئەوەندە کەم بوو، بەشی شکاندنی تینویەتی سەربازانی لەشکر و ماڵاتی باربەری نەکرد. وەختێک لەشکر گەیشتە سەر چۆم، کسێرکیس دەیویست بەرەو پێرغامۆ لە دەڤەری پریامۆس وەسەرکەوێ. ناوبراو لەمێژ بوو حەسرەتی دیتنی ئەو شوێنەی لە دڵدا بوو. کاتێک چاوی بەو بەرزاییە کەوت و بەتێروتەسەلی گوێی لە کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە دەڤەرەکە راگرت، ئەوجار هەزار کەڵی بە مەبەستی قوربانی کردن، پێشکەش بە پەرستگەی ئاتینا ئیلیادا کرد و کاهێنانی ئایینیش بەنۆرەی خۆیان ئەو خەڵاتە گەورەیەیان وەک دیاری بە قارەمانان بەخشی. دوای تەواو بوونی رێورەسمی قوربانی کردن، ئەو شەوە ترسێکی زۆر لەشکری داگرت. وەختێک رۆژبۆوە، دیسان رێگای پێشرەوییان گرتەبەر. لە ریگادا شارەکانی پیتیۆن، ئۆفریغییۆن و داردانۆسیان بەلای چەپدا جێهێشت. داردانۆس هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەی ئاڤیدۆس و لە دەستی راستیش دەڤەری تێڤکرۆس پێرغیتیس هەڵکەوتووە.

**[٤٤]** کاتێک لەشکر گەیشتە ئاڤیدۆس، کسێرکیس حەزی لە سان‌دیتن و بەسەرکردنەوەی لەشکرەکەی بوو. بۆ ئەو مەبەستە، سەکۆیەکی بەرز بە بەردی سپی لەسەر تەپۆڵەیەک دروستکرابوو. خەڵکی ئاڤیدی ئەو سکۆیەیان بە فەرمانی پاشا ئامادەکردبوو. پاشا لەو جێگەیە دانیشت و لەخوارەوە لەشکر و کەشتیگەلی دەریایی لێ‌دیاربوو. ناوبراو لە کاتی سەیرکردنی هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، تووشی هەیەجان و شادییەکی زۆر هاتبوو و بۆیە لەجێوە داوای کرد کە هێزە دەریاییەکان توانایی و پاڵەوانییەتی خۆیان نیشان‌بدەن. ئەو فەرمانەش بەڕێوەچوو و فینیقی‌یەکانی هەرێمی سیدۆنا

خەڵاتیان بردەوە. کسێرکیس گەلێک لەو سان‌دیتن و بەسەرکردنەوە و کێبەرکێیانە رازی بوو.

**[٤٥]** کسێرکیس وەختێک گەیشتە روبەڕووی هەرێمی ئێلیسپۆندۆس و دیتی ئاوەکانی ئەویَ تەواو بە کەشتیگەلی ئەو داگیرکراوە و لەو لاشەوە دەشتی ئاڤیدۆس بە لەشکر داپۆشراوە، لەجێوە هەستی بە بەختەوەری خۆی کرد و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون.

**[٤٦]** ئارتاڤانۆس، مامی کسێرکیس، ئەو کەسەی قسەکانی راشکاوانە دەکرد و داوای لە برازاکەی خۆی کردبوو دەست لەو لەشکرکێشییە دژی یۆنانییەکان هەڵگریَ، وەختێک چاوی بەو فرمێسکانە کەوت، گووتی: "پاشاکەم! جیاوازی فرە لەنێوان هەستەکانی ئێستا و ماوەیەک لەمەوبەر دەکەم. ئێستا لە خۆشییان فرمێسک هەڵدەڕێژی ". کسێرکیس وڵامی‌داوە: "خەم و پەژارە دامدەگریَ، کاتێک بیر لە تەمەنی مرۆڤ دەکەمەوە، چونکە سەد ساڵی‌تر هیچکام لەو مرۆڤانەی دەیان‌بینم، ئیتر ناژین ". ئارتاڤانۆس ئەوجار لە وڵامدا گووتی: "لە ژیاندا گەلێک رووداوی‌تر هەن کە تووشیان دەبین و گەلێک بە ئازارترن. هەرچەند ژیان کورتە، بەڵام هیچکەس ئەوەندە بەختەوەر لەدایک نەبووە کە لە درێژایی ژیانیدا و لەبەر ناهومێدی، نەک کەڕەتێک بەڵکوو زۆرجار خۆزگەی بۆ مەرگ نەخواستبیَ و ئیتر ژیانی بەلاوە گرینگ نەبوویَ. ناخۆشییەکانی رۆژگار و نەساغییەکانی لەش وامان لێدەکەن کە ژیان بەردرێژ بیَ. بۆیە، وەختێک ژیان ناسازگارە، مەرگ بۆ ئینسان شیرین و عەزیزترە. ئەگەر لەلایەک خواوەند ئێزنمان پێدەدا و لێمان‌دەگەڕیَ چێژ لە ژیان وەرگرین، لەولاوە، گشت ئێرەیی و حەسادەتی خۆیشی نیشان‌دەدا ".

**[٤٧]** کسێرکیس لە وڵامی قسەکانی ئارتاڤانۆس‌دا گووتی: "ئارتاڤانۆ! ژیانی مرۆڤ رەنگە راست ئەو جۆرە بیَ کە تۆ باسی دەکەی، با لەوە زیاتر لێی نەکۆڵینەوە. واباشترە بیر لە شتی ناخۆش نەکەینەوە، لەحاڵێکدا ئەو گشتە خۆشییەمان لەبەردەمە. لەجیات ئەوە دەخوازم پێم‌بڵێی ئەگەر خەونەکەت ئاوا بە زەقی نەدیبا، هەروا لەسەر یەکەم بۆچوونت پێداگر دەبووی کە دەتگووت نابیَ لەشکر بێنمە سەر خاکی یۆنان، یا ئاڵوگۆڕ لە بۆچوونەکەتدا بەدی

دەکەی؟ ". ئارتاڤانۆس لە جوابدا گووتی: "پاشاکەم! مانا و لێکدانەوەی ئەو خەونە، لێیگەڕێ با ئەوجۆرەی ئارەزووی هەردووکمانە لەجێی خۆیدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر راستییەکەت دەوێ، من ئێستاش نیگەرانم، چونکە بیر لە زۆر بابەتیتر، بەتایبەتی دوو مەترسی گەورە دەکەمەوە ".

**[٤٨]** کسێرکیس لێی پرسی: "ئەی مرۆڤی نیازپاک، ئەو دوو مەترسییە چین کە ئاوا لێیاننیگەرانی؟ کامیان پتر نیگەرانت دەکا؟ دەبینی کە سپای ژێردەسەڵاتم گەلێک مەزنە، تۆ پێتوایە لەشکری یۆنانی لە هی من بەهێز و فرەترە؟ یا رەنگە لەو باوەڕەدا بی کە کەشتیگەلی دەریایی من لە بەرامبەر ئەواندا کورتی دێنێ؟ یا لە هەردووکیان دەترسی؟ ئەگەر دەزانی هەردوو لایەنیان جێگای متمانە نین، با خێرا بگەڕێینەوە و خۆمان بۆ جارێکیتر ئامادە بکەین ".

**[٤٩]** ئارتاڤانۆس لە وڵامی قسەکانی کسێرکیسدا گووتی: "پاشاکەم! هیچکەسێکی خاوەن هزر و ئاقڵ ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە ژمارەی سەربازانی لەشکر و کەشتیگەلی تۆ کەمتر و بێهێزترن. ئەگەر سپا و هێزەکانی دەریاییت لەوەش زیادتر بکەی، ئەو دوو مەترسییەی لێیاننیگەرانم، ئەوانیش هەربەو پێیە گەورەتر دەبن. مەترسییەکان خاک و دەریان. لە پێوەندی لەگەڵ دەریادا، ئەوەندەی من بزانم، لە هیچ جێگایەک ئەوەندە بەندەر و لەنگەرگە دەست ناکەوێ، کە لە کاتی تۆفان هەستاندا بۆمان ببێتە پەناگەیەک و بتوانین گەمییەکانمان لە قوم‌بوون رزگار بکەین. من لەو باوەڕەدام بە یەک‌دوو لەنگەرگە هیچ ناکرێ، بۆیە ئەو رێگایەی پێیدا دەربازدەبی، ژمارەیەک بەندەریان لێ دروست بکرێ باشترە. کاتێک دەزانی ژمارەی پێویستی لەنگەرگەت لەبەر دەستدا نییە، دەبێ بزانی کە نەهامەتی و قەومان بەردەوام حوکمڕانی بەسەر مرۆڤدا دەکەن. ئەوە باسی یەکێک لە مەترسییە گەورەکانم بۆ کردی، ئێستا لەمەر ئەوەی‌تریش لەگەڵت دەدوێم. جاروبار زەوی بەو هۆیانەی خوارەوە دوژمنە: ئەگەر هیچ بەربەستێکیتر نەیەتە سەر رێگا، خاک پتر دوژمنایەتیت دەکا، چونکە سەرخۆش بە سەرکەوتنەکانت، بەردەوام درێژە بە پێشڕەوی دەدەی و ئەوەش بزانە

هیچکەس لە سەرکەوتن تێر نابێ. ئەگەر کەسێک پێشت پێ نەگرێ و دژت ڕانەوەستێ، ئەوە پێتدەڵێم کە سەرکەوتنەکانت بەرفرەتر دەبن و پتر و پتر برسییەتی دەخوڵقێنن. پیاوی تێگەیشتوو ئەو کەسەیە کە وەختێک نەخشە و مەبەستێک دێنێتە گۆڕێ، سەرتا باشی هەڵسەنگێنێ، گشت لایەنێک بە وردی لێکداتەوە و کاتی جێبەجێ کردنیش جوامێری بنوێنێ".

**[٥٠]** کسێرکیس بەو چەشنە وڵامی ئارتاڤانۆسی داوە: "ئارتاڤانێ! کارێکی بەجێیە کە گرفتەکان بەو شێوەیە دەست نیشان دەکەی. بەڵام، پێویست ناکا پیاو لە هەموو شتێک بترسێ. هەڵسەنگاندن و قوڵخوێندنەوەی بەو جۆرەش پێویست نییە. ئەگەر قەرار بێ بۆ هەرکارێک، ئاوا بە تێبینییەوە بۆی بچی، ئیتر بە قەناعەت دەگەی کارەکە نەکەی باشترە. بەباوەڕی من لەجیات هەڵسەنگاندنی ئەوتۆ، پێویستە جوامێری و بوێری بنوێنی و تووشی گیر و گرفت بی، نەک هیچ کارێک نەکەی و ترس لە هەرەس هێنان بەسەرتدا زاڵبی. ئەگەر تۆ لەگەڵ بۆچوونێک دژایەتی بکەی، بەبێ ئەوەی پێشنیار و ڕێگەچارەیتر پێشکەش بکەی، تۆش بە قەدەر خاوەن بۆچوون لە هەڵەدای. لەڕاستیدا هەردوو لایەنتان خاوەن یەک چارەنووسن. بەڵام جیا لەو باسە، با لەوە بکۆڵینەوە و بزانین مرۆڤ هیچکات لە ژیانیدا دەتوانێ تەواو دڵنیا بێ. بە باوەڕی من ئەوە قەت دەست نادا. ئەو کەسانەی بڕیاریان داوە کارێک بکەن، بەپڕانی سەرکەوتوو بوونە. ئەوانەش کە بێ مەبەست و ترسەنۆک بوونە، بە هیچ بەهرەیەک نەگەیشتوون. تۆ دەبینی هێزی پارسەکان ئەمرۆ گەیشتوەتە چ قۆناخێک! ئەگەر پاشاکانی بەر لە من وەک تۆ بیریان لە کردار و خۆزگەکانیان کردباوە، هیچکات بەو ڕۆژە نەدەگەیشتن کە ئەمرۆ تێیدا هەین. ئەوان پێش من لەگەڵ مەترسییەکان بەربەرەکانیان کرد تاکوو بگەنە بارودۆخی سەرکەوتووی ئێستا. لەبیرت نەچی جێبەجێکردنی کاری گەورە، مەترسی گەورەشی بەدواوەیە. لەهەرحاڵدا، ئێمە گەرەکمانە شێوەی باب و باپیرانی خۆمان بدەین. دەبینی باشترین وەرزی ساڵمان بۆ هێرش هەڵبژاردوە. هەرکات سەرتاسەری خاکی ئورووپامان داگیرکرد، ئەوکات

دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێکی ڕێگا تووشی برسییەتی ببین. نەک هەر برسییەتی، بەڵکوو گرفتیتریش. بەر لە هەر کارێک، ڕێژەیەکی زۆر تفاق و بژیومان لەگەڵ خۆمان هێناوە. پاشان دەتوانین گەنمی سەرتاسەری ئەو خاکە و هی ئەو گەلانە داگیربکەین کە دژیان لەشکرکێشی دەکەین. ئێمە پەلاماری خەڵکانێک دەدەین کە وەرزێڕن، نەک کۆچەر ".

**[٥١]** لە درێژەی باسەکەدا ئارتاڤانۆس گووتی: "پاشاکەم! ئێستا کە هیچ نیگەرانییەکت نییە، تکایە تەنیا یەک ئامۆژگاریم پەسند بکە. چونکە کەسێک کە فرە کار بکا، پێویستە پتریش قسە بکا. کوروش، کوڕی کامبیز تەواوی خاکی وڵاتی یوونییەکان، هەڵبەت جیا لە هەرێمی ئاتێنییەکانی داگیرکرد و باج و خەراجی بەسەردا سەپاندن. داوات لێدەکەم هیچکات لەو خەڵکە دژی وڵاتی باب و باپیرانی خۆیان کەڵک وەرمەگرە و وەپێشیان مەدە. ئێمە بەبێ بەشداری یوونییەکان دەتوانین دوژمنانمان شکست بدەین. ئەگەر ئەوانە لەگەڵت بن، دوو مانای هەیە. یا دەبێ مرۆڤی بێمرووەت و خۆفرۆش بن، چونکە خەریکی ژێردەستە کردنی وڵاتی خۆیانن، یا ئینسانی خۆشنییەتن و یارمەتی ئێمە دەدەن چونکە پێیانوایە دەتوانین رزگاریان بکەین. ئەگەر ناڕاست بن، هیچ خێرێک بۆ ئێمە نادەنەوە و پاک نەبوونی فرەشیان لەشکرمان تووشی زیان و زەرەر دەکا. پاشاکەم لەبیرت نەچێ، پەندێکی پێشینیان لەوبارەوە هەیە کە دەڵێ: سەرەتا ناتوانێ پێشداوەری بۆ کۆتایی کار بکا ".

**[٥٢]** کسێرکیس وڵامی ئەو پرسیارانەی داوە: "ئارتاڤانۆ! لەنێو گشت قسەکانتدا، ئەوەی دوایی گەلێک بێ مانا بوو. واتە لەوە دەترسی مەبادا یوونییەکان خەیانەتمان پێبکەن، لەحاڵێکدا لەوبارەوە زەقترین بەڵگەمان بەدەستەوەیە. ئەوانە کاتی خۆی، لە سەردەمی هێرشی داریوش بۆ سەر سکیتییەکان ئەوپەڕی خۆشخزمەتی خۆیان نیشاندا. یوونییەکان ئەو سەردەمەی خاوەن توانایی فرە بوون کە لەشکری پارس بەتەواوی لەنێو بەرن یا نەجاتی بدەن، بەمرووەت و باوەڕپێکراو هەڵسوکەوتیان کرد و خەیانەتیان پێنەکردین. جیا لەوەش ئەوە نییە ژن و منداڵ و دارایی و سامانی

خۆیان بۆ ئێمە جێهێشتووە. بە دڵنیاییەوە هیچکات ناوێرن خەراپەکاری دەرهەق بە ئێمە بکەن. کەوابوو، پێویست ناکا بترسێی و باشترە غیرەت وەبەر خۆت بێنی و پارێزگاری لە خانەدان و دەسەڵاتەکەم بکەی. من لەنێو گشت خەڵکدا باوەڕم بەتۆیە کە وەکازی دەسەڵاتم بۆ بپارێزی ".

**[٥٣]** ئەوە وڵامی کسێرکیس بوو. پاش ئەو ئاخافتنە، ئارتاڤانۆسی ناردەوە شاری سووسا (شوش). ئەوجار بەدوای گەورەپیاوانی پارسیدا نارد و وەختێک گشت لایەک کۆبوونەوە، پێی‌گووتن: "پارسەکان! من بۆیە ئێوەم بانگهێشت کردوە، چونکە دەخوازم غیرەت وەبەر خۆتان بێنن و شەرم لە هەڵەکانی رابردووی پارسەکان نەکەنەوە کە گەلێک زەق و بەرچاو بوون. هەرکام لە ئێمە دەبێ بە تامەزرۆیی و حەزەوە بەرەو پیری ئەرکەکانمان بچین، چونکە دەسکەوتەکان بەسەر ئەو لایەنانەدا بەش‌دەکرێن کە بەشداری چالاکانەیان لەو لەشکرکێشییەدا کردوە. داواتان لێدەکەم ئەو شەڕ و بەرخۆدانە بەهێند بگرن. بەپێی زانیارییەکانی بەدەستم گەیشتوون، ئێمە دەبێ شەڕی کەسانی خۆڕاگر و بەغیرەت بکەین. ئەگەر بەسەریاندا زاڵبووین، ئیتر هیچ هێزیک لەو جیهانەدا نامێنێ لەبەرامبەرماندا خۆبگرێ. ئێستا گەرەکە بپەڕینەوە ئەوبەری چۆم و لە خواکان بپاڕێینەوە کە خاکی پێرسیا بپارێزێ ".

**[٥٤]** ئەو رۆژە گشت لایەک بە مەبەستی پەڕینەوە بۆ ئەوبەری ئاو خۆیان ئامادەکرد. رۆژی دوایی چاوەڕوانی دیتنی خۆریان کرد. گەرەکیان بوو خۆر بە درەوشاوەیی ببینن، هەر لەو کاتەشدا کۆمەڵێک کەرستەی بۆنخۆشیان لەسەر پردەکان سووتاند و بە گوڵی مۆرد (کەییرە) رازاندیاننەوە. کاتێک خۆر دەرکەوت، کسێرکیس حەوجۆشی زێری پڕ لە شەرابی دەستدایە و دەریای شەراب پرژێن کرد و لە خواوەند پاڕاوە کە بەرلە تەواوبوونی داگیرکاری خاکی ئوروپا، چ جاری‌تر خۆرگیران روونەداتەوە. دوای دوعا و پاڕانەوە، ئەوجار حەوجۆشی زێڕ و شمشێرێکی

پارسیی کە خۆیان پێیان‌دەگووت ئەکیناکی (خەنجەر)[1] هاویشتە نێو ئاوی دەریا. من زانیاریم لەو بارەوە نییە ئاخۆ بەدەم پاڕانەوە ئەو کەرستانەی لە ئاو هاویشت یا بەڕاست لەمەر قەمچی‌لێدانی ئاوەکانی ئێلیسپۆندۆس پەشیمان ببۆوە، بۆیە ئەو کارەی کرد و پاشان هەردووکیانی خەڵاتی دەریا کرد.

**[٥٥]** دوای ئامادەکاری تەواو، سەرجەم هێزەکانی پیادە و سوارەنیزام دەستیان بە پەڕینەوە لە پردی لای ئێڤکسینۆپۆندۆس کرد و ماڵاتی بەربەر و بەشی تەداروکاتی لەشکریش بەسەر پردی لای ئێییئۆدا پەڕینەوە. گوردانی دە هەزار کەسی پارسەکان وەپێش‌کەوتن و تەواویان خاوەن تاج بوون و بەدوای ئەواندا پاشماوەی لەشکری تێکەڵاو لە نەتەوەی جۆراوجۆر وەڕێکەوتن. ئەو ڕۆژە تەنیا ئەوانە پەڕینەوە. ڕۆژی دوایی هێزی سوارە و ئەو گوردانەی نێزەکانیان بەرەوخوار ڕاگرتبوو و تاجدار بوون، دەربازبوون. ئەسپە پیرۆزەکان، فایتوونی موقەددەسیان ڕاکێشا. دوای ئەسپەکانیش، کسێرکیس خۆی پەڕییەوە و بەدوای ئەویشدا نێزەدارانی لەشکری و هەزار سوارەی‌تر و باقی هێزەکانی سپا تێپەڕین. هاوکات لەگەڵ پەڕینەوەی لەشکر، ناوگانی دەریایی قولاپەکانیان هەڵکیشا و بەرەو قەراخەکانی ئەوبەری ئاو وەڕێکەوتن. من خۆم بیستوومە کە پاشا دوایین کەس بووە پەڕیوەتەوە.

**[٥٦]** وەختێک کسێرکیس پێی لەسەر خاکی ئوروپا دانا، ڕاوەستا و سەیری لەشکری کرد کە بە زەبری قەمچی دەپەڕینەوە. ئەو پەڕینەوەیە بێ پشوودان حەوت ڕۆژی خایاند. دەگێڕنەوە کە ئەو کاتەی کسێرکیس لە پرد دەپەڕییەوە، کابرایەکی خەڵکی ناوچەی ئێلیسپۆندۆس هاواری لێ‌هەستا: "خواوەند دیا! بۆ چوویەتە نێو لەشی پارسێکەوە و ناوی کسێرکیست لەخۆت ناوە و خەریکی یۆنان دەشێوێنی و لەشکرت لە سەرتاسەری گیتییەوە بەرەو ئەو وڵاتە هێناوە. تۆ بەبێ ئەو لەشکرکێشییەش دەتتوانی بارودۆخەکە بگۆڕی ".

---

١- خەنجەرێکی مامنێوەندی بووە.

**[٥٧]** پاش پەڕینەوەی سپای کسێرکیس و ئامادەی پێشڕەوی، ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە قەوما. کسێرکیس هیچ بایخێکی بەو ڕووداوە نەدا. ماینێک زا و بێچووە کەروێشکیکی بوو. مانای ئەو ڕووداوە ئاشکرا و ڕوون بوو، واتە: کسێرکیس وێڕای شانازی بەخۆکردن، لەشکری پڕحەشیمەتی بەرەو خاکی یۆنان وەڕێخستووە، بەڵام لە گەڕانەوەدا چەشنی کەروێشک رادەکا و بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە و گیانی لە مەترسی تیداچوون رزگاردەکا. ڕووداوێکی سەیرتر ئەوە بوو کە پێشتر لە شاری سارد قەوما. هێسترێک زا و جاشکێکی نێرەمۆکی خاوەن هەردوو ئەندامی مێیینە و نێرینەی بوو.

**[٥٨]** کسێرکیس هیچکام لەو دوو ڕووداوەی بەلاوە گرینگ نەبوو و بە لەشکرەوە ڕێگای بەرەو یۆنانی گرتەبەر. ناوگانی دەریایی ئاوەکانی ئێلیسپۆندۆسی بڕی و لە ڕۆخەکانی ڕوبەڕووی لەشکر لەنگەری گرت، چونکە لەوێوە ناوچەکانی ڕۆژئاوای لێ‌دیاربوو و دەسەری کرابوو بگاتە دەڤەری شاخاوی سارپیدۆنیۆس و چاوەڕوان بێ. هەر لەو کاتەدا لەشکر بەرەو ڕۆژهەڵات پێشڕەوی کرد و بە خاکی خێرسۆنیسۆسدا تێپەڕی و لەلای ڕاستی خۆی، گۆڕی ئێلیسی کچی ئاتاماندۆس و لە قوڵی چەپیش شاری ئارکادیای جێهێشت. ئەوجار بە شارێکدا دەربازبوو کە پێیدەگووترا ئاغۆرا و لەوێوە بەدەوری گۆلێکدا بەناوی مێلاس وەرسوڕایەوە و لە چۆمی مێلانا پەڕییەوە. ئاوی ئەو چۆمە ئەوەندە کەم بوو کە تەنیا بەشی خواردنەوەی لەشکری کرد و پاشان ویشکهەڵگەڕا. لەشکر دوای پەڕینەوە لەو چەمە کە ناوی گۆلەکەش لەوەوە وەرگیراوە، خێرا بەرەو ڕۆژئاوا چوو و بە شارێکی ئێ‌ئۆلی‌یەکاندا، بەناوی لینۆ و گۆلی ستێتۆریدا تێپەڕی و گەیشتە دەڤەری دیۆریسکۆس.

**[٥٩]** ناوچەی دیۆریسکۆس لە کەنار وڵاتی تراکی هەڵکەوتووە و دەشتێکی گەلێک پان و پۆڕە و بە ئاوی چۆمی ئێڤرۆس پاراو دەبێ. لەو دەشتە قەڵایەک دروست کراوە و هی پاشای پارسە و ناسراوە بە قەڵای دیۆریسکۆس و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لەشکرکێشی داریوش بۆسەر سکیتی‌یەکان و بەفەرمانی ئەو بنیاتنرا. کسێرکیس لەو باوەڕەدا بوو کە لەو

دەشتە دەکرێ چاوێک بەسەر لەشکردا بخشێنێ و سەرژمێرییان بکا. کاتێک کەشتیگەلی دەریایی گەیشتە کەناراوەکانی ئەو هەرێمە، کاپیتانەکان بەپێی فەرمانی کسێرکیس، گەمی و پاپۆڕەکانیان راکێشایە ئەو رۆخانە کە لە دوای دەشتی دیۆریسکۆس هەڵکەوتوون و شارەکانی سامۆتراکی بەناوی سالی و زۆنی لێسازکراون. شوێنی لەنگەرگرتنی گەمییە دەریاییەکان لەنێو ئاوەکانی کەنارچیای ناسراوی سێریۆن دیاریکرابوو. ئەو دەڤەرە لە زەمانی زوودا مڵکی کییۆنیيەکان بوو. لە قەراخ ئەو ئاوانە، کەشتیگەلی لەنگەری گرت. کسێرکیس خۆی لە دەشتی دیۆریسکۆس لەگەڵ لەشکر بوو.

**[٦٠]** زانیاری تەواوم لەو بارەوە لەبەردەستدا نییە. نازانم ژمارەی سەربازانی لەشکری لەهەر بەشێکدا چەند کەس بووە، چونکە کەس باسی لێوە نەکردووە. سپا لە تەواوییەتی خۆیدا، یەک میلیۆن و حەوت سەد هەزار بەراورد کراوە.[١] شێوەی سەرژمێری بەو چەشنە بەڕێوەچووە. لە یەک شوێندا دە هەزار سەرباز کۆکراوەتەوە و گشتیان پاڵیان وەیەکتر داوە. ئەوجار بەدەوری ئەو کۆمەڵە سەربازەدا جغزێکی بازنەییان کێشاوە و بڵاوەیان بەو کۆمەڵە سەربازە کردوە. بە ویشکەبەرد، لەسەر جغزی راکێشراو دیوارێکیان بەبەرزایی ژێرهەنگڵی پیاو دروست کردوە. کاتێک دیوار تەواو بووە، سەربازانی لەشکری دەستەدەستە لەنێو ئەو شوێنە پەرژیندارە ئاخندراون و هەرجارێ دەهەزار کەس بەحیساب هاتوون. دوای سەرژمێری، ئەوجار سەربازانی لەشکری بەپێی باری نەتەوەیی دامەزراون.

**[٦١]** قەوارەی سپا بەو شێوەیە بووە: پارسەکان، خاوەن ئەو چەشنە چەک و جلوبەرگە بوونە: سەربازانی پارس کڵاوێکی نەرمیان لەسەر ناوە و پێیگووتراوە تیارا (و: کڵاو لبادی)، کراسی درێژ و رەنگین و قۆڵداریان لەبەر کردوە و بە نیقاب و بەرچاویلکەی ئاسنی تەنکی وەک پولەکەی ماسی روخساریان داپۆشیوە. دوولینگی تەنگیان لەبەرکردوە و لەجیات قەڵغانی خڕ، مەتاڵی درێژیان هەڵگرتووە و

---

١- لێرەدا زێدەرۆیی کراوە. زۆربەی مێژووناسان، هەرکامەیان بەگوێرەی زانیاری خۆی، کەمترین ڕێژەیان ٦٥٠٠٠ و زۆرترین بەراوردیان ٢٠٠٠٠٠ کەس بووە.

کالانی تیر و خەدەنگیان پێوە هەڵواسیوە. نێزەکانیان قوڵە بوونە، بەڵام کەوانەکانیان گەورە و تیرەکانیان لە قامیش دروست کردوە. خاوەن خەنجەر بوونە و لە تەنیشتی راستەوە بە کەمەری نێوقەدیانەوە هەڵیانواسیوە. فەرماندەی ئەو هێزە ئۆتانیس، باوکی ئامیستریۆسی ژنی کسێرکیس بووە. سالانی زوو، یۆنانییەکان بەوانەیان گوتووە کیفینی، بەڵام لەنێوخۆیاندا ناسراون بە ئارتییی، هەڵبەت دراوسێکانیشیان هەر بەو ناوە ناسیویانن. بەڵام کاتێک پێرسیئاس کوڕی خاتوو دانائیس و دیا، چووەتە لای کیفیئاسی کوڕی ڤیلۆس و لەگەڵ کچی ئەو بەناوی ئاندرۆمیدا زەماوەندی کردوە، بووە بە خاوەن کوڕێک و ناوی لێناوە پێرسی و هەرلەویٚ جێیهێشتوە. لەبەر ئەوەی کیفیئاس خۆی هیچ کوڕێکی نەبووە و پێرسی لەلای ئەو ماوەتەوە، ئیتر هۆزەکە ناوی پێرسییان لەسەر داندراوە.

**[٦٢]** میدیاکان، ئەوانیش خاوەن هەمان چەشنە چەک و جلوبەرگ بوون، هەڵبەت بەشێوازی میدیایی نەک پارسی. فەرماندەی میدیاکان ئاخێمێنیدیس تیگرانیس بوو. لە سەردەمی کۆندا ئەوانە بە ئاری ناسراو بوونە، بەڵام کاتێک خاتوو میدیای کۆلخیدی لە ئاتێنەوە هاتە لای ئارییەکان، ئەوانەش ناوی خۆیان گۆڕی.

کیسییەکان، وەک پارسەکان جلوبەرگیان دەپۆشی و چەکەکانیان هاوشێوە بوو، بەڵام لەجیات کڵاوی لباد واتە تیارا، مەندیلیان لەسەر دەنا. سەرکردەی کیسییەکان، ئەنافیسی کوڕی ئۆتانیس بوو.

غرکانییەکان، ئەوانەش چەشنی پارسەکان خاوەن هەمان جلوبەرگ بوون و مێغاپانۆس فەرماندەری دەکردن. ئەو کابرایە دواتر بوو بە حوکمڕانی بابیلۆن (بابێل).

**[٦٣]** ئاسیرییەکان، کڵاوی دەسکرد لە میسیان لەسەردەنا. کڵاوەکە بە شێوازی بەربەری دروستکرابوو و شەرح و بەیانی ئەو کڵاوە هێندە هاسان نییە. قەڵغان، نێزە و خەنجەرەکانیان شێوە میسری بوون. ئەوانە گۆپاڵی داری سەر بە بزماریان هەبوو و بەرچاویلکەی کەتانیان بە روخساریانەوە هەڵداوەسی. یۆنانییەکان ئەو خەڵکەیان بەناوی سیری دەناسی و

بەربەرەکانیش پێیان‌دەگووتن ئاسیری. لەنێو ئاسیری‌یەکاندا کۆمەڵێک سەربازی خالدی جێیان‌گرتبوو. سەرکردەی ئاسیری‌یەکان ئۆتاسپیس کوڕی ئارتاخاییۆس بوو.

**[٦٤]** باکتری‌یەکان، ئەوانەش چەشنی میدیاکان کڵاویان لەسەر دەنا. تیرەکانیان لە قامیشی ناوچەی خۆیان دروست دەکرد. نێزەکانیان قوڵە بوون.

ساکی‌یەکانی وڵاتی سکیتیا کڵاوی قوڵی سادەی بێ نەخش و نیگاریان لەسەر خۆیان دەنا و دەگەیشتە سەر لووتیان و کراسی تەنگی پڕ بەبەریان دەپۆشی. تیرەکانیان لە وڵاتی خۆیان دروست دەکرد و چەقۆی کورت و بەردێکی تیژی چەشنی سەرنێزەیان پێبوو کە پێیدەگووترا سەغاری. هەرچەند ئەوانە سکیتی ئامیرغی بوونە، وەک ساکی ناسراون. پارسەکان، ساکی‌یەکانیان بەگشتی وەک سکیتی ناوبردوە. سەرکردەی باکتری‌یەکان و ساکی‌یەکان ناوی گشتاسپ، کوڕی داریوش و ئاتووسی کچی کوروش بوو.

**[٦٥]** ئیندی‌یەکان جلوبەرگی کەتانی و چندراو لە کەتان لەبەرخۆیان کردبوو. کەوانیان پێبوو و تیرەکانیان لە قامیش و نووکی رمبەکانیان ئاسن بوو. فارنازاتری کوڕی ئارتاڤاتیس فەرماندەی ئیندی‌یەکان بوو.

**[٦٦]** ئاری‌یەکان، خاوەن کەوانی چەشنی میدیاکان، بەڵام باقی چەکەکانیان شێوەی سیلاحی باکتری‌یەکانی دەدا. سەرکردەی لەشکریی ئەوانە، سیسامنیس کوڕی ئیدارنیس بوو.

پارتی، خۆراسمی، سوغدی، غانداری و دادیکی، هەرهەموویان چەشنی باکتری‌یەکان خاوەن جلوبەرگ و چەکی وەک‌یەک بوون. پارتی و خۆراسمی‌یەکان، ئارتاڤازۆسی کوڕی فارناکیس سەرکردایەتی دەکردن. بۆ سوغدی‌یەکان، ئازانیس کوڕی ئارتایۆس دیاری‌کرابوو. غانداری و دادیکی، ئارتیڤیۆی کوڕی ئارتاڤانۆس بەسەریان رادەگەیی.

**[٦٧]** کاسپی‌یەکان، ئەوانە کەوڵی ئاژەڵانیان لەبەرخۆیان دەکرد و خاوەن تیروکەوانی خۆماڵی دەسکردی خۆیان بوون و خەنجەریشیان پێبوو.

سارانگی‌یەکان بەشێوەی جلوبەرگیان دەناسرانەوە، خۆشڕەنگ و زیندوو بوون و پێڵاوەکانیان (کاڵە) لینگدرێژ و تا سەر ئەژنۆیان دەهاتن و تەواوێک سرنجڕاکیش بوون. نێزە و رمبیان وەک هی میدیاکان دەچوون. فێرینداتیس سەرکردایەتی دەکردن کە کوڕی مێغاڤازۆس بوو.

پاکتی‌یەکان، جلوبەرگی کەوڵی ئاژەڵیان لەبەر دەکرد. خاوەن تیروکەوان بوون، خەنجەری کورتی دەسکردی ناوچەی خۆیان پێبوو. ئارتائیندیس کوڕی ئیتامیتری فەرماندەری ئەوانەی بەئەستۆوە بوو.

**[٦٨]** ئووتی، میکی، پاریکانی، گشتیان یەک چەشنە چەکیان پێبوو و شێوەی پاکتی‌یەکانی دەدا. فەرماندەکانیان بریتی بوون لە: ئارسامێنیس کوڕی داریوش بەسەر ئووتی و میکی‌یەکان رادەگەیشت و سێرۆمیتریس، کوڕی ئی‌ئۆڤازۆس، سەرکردەیی پاریکانی‌یەکانی وەستۆگرتبوو.

**[٦٩]** عەرەبەکان، کراس و عەبای درێژیان لەبەردابوو، کەمەریان بەستبوو و بە تەنیشتی راستیانەوە کەوانی گەورەی چەماویان هەڵواسیبوو.

ئەتیۆپی‌یەکان، جلەکانیان لە کەوڵی شێر و پڵینگ، کەوانەکانیان درێژ و لە غەڵفی خورما دروست کرابوون. درێژایی کەوانەکان دەگەیشتە چوار پیخیس. خەدەنگەکانیان بچووک و قامیش بوون و لەجیات نووکی ئاسن، بەردی تیژیان لێ بەسترابوو. هەڵبەت بۆ دروست کردنی مۆریش کەڵکیان لەو بەردانە وەردەگرت. نێزەشیان پێبوو و نووکی نێزەکانیان تیژ و لە شاخی بزنەکێوی دروستکرابوون. گۆپاڵیان سەر بە بزمار بوو و هەرکات دەکەوتنە شەر، رەنگی سووریان لە نیوەی لەشی خۆیان هەڵدەسووت و نیوەکەی‌تریشیان بە گێچی سپی سواغ‌دەدا.

عەرەبەکان و ئەتیۆپی‌یەکانی دوور لە وڵاتی میسر دەژیان، فەرماندەیان، ئارسامێنیس کوڕی داریوش و خاتوو ئارتیستۆنی کچی کوروش بوو. داریوش پتر حەزی لەو کچە بوو تا ژنەکانی‌تری، هەربەو بۆنەوە پەیکەرەیەکیشی لێ بەدروستکردن‌دا کە لە زێڕی خالیسی بە چەکوش

کوتراو سازکرابوو. هەروەک گووتمان سەرکردەی لەشکریی عەرەبەکان و ئەتیۆپی‌یەکانی دوور لە وڵاتی میسر، ئارسامێنیس دیاریکرابوو.

**[٧٠]** ئەو ئەتیۆپی‌یانەی خەڵکی رۆژهەڵات بوون و لەو لەشکرکێشییەدا بەشدارییان کردبوو، لەگەڵ هیندی‌یەکان داندرابوون. ئەوانە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ باقی ئەتیۆپی‌یەکانی‌تر نەبوو. تەنیا زمان و قژیان جیاوازبوون. ئەتیۆپی‌یەکانی رۆژهەڵات، قژیان ساف بوو، بەڵام ئەوانەی خەڵکی لیبی (و: مەبەست قارەی ئەفریقیایە) قژیان لە گشت خەڵکانی‌تر گرژ و لوولترە. چەکی ئەتیۆپی‌یەکانی ئاسیایی هاوشێوەی هیندی‌یەکان بوو. تەنیا جیاوازییان لەگەڵ هیندی‌یەکان لەوەدا بوو کە پێستی کەوڵکراوی سەری ئەسپ، بە گوێیەکانییەوە، چەشنی کڵاو بەسەر و قژی خۆیاندا کێشابوو. هەروەها لەجیات پەڕی باڵندە، یاڵی ئەسپیان هەبوو و گوێ‌ئەسپەکانیش ئاخندرابوون و بەردەوام قیت دەوێستان. لەجیات مەتاڵ، بە چەرمی شێوە باڵندەی ماسیگرەی رەنگ ئاسمانی خۆیان دەپاراست.

**[٧١]** لیبی‌یەکان کەوڵیان لەبەرخۆیان کردبوو و نووکی نێزەکانیان سوتاندبوو بۆوەی تیژ بن. سەردەستەی ئەوانەش ماساغیس کوڕی ئۆئاریزۆس بوو.

**[٧٢]** پاڤلاغۆنی‌یەکان، کڵاوی جەنگی چندراویان لەسەر بوو. نێزە و سەرنێزەکانیان کورت و بچووک بوون. مەتاڵی سووک و بچووکیان پێبوو و خەنجەری کورتیان بەخۆیانەوە هەڵواسیبوو. جلوبەرگیان دەسکردی خۆیان و تا سەر ئەژنۆیان دەهات.

لیغی، ماتی‌ئینی، ماریاندینی و سووری، گشتیان وەک پاڤلاغۆنی‌یەکان چەکداربوون. پارسەکان سووری‌یەکانیان وەک دانیشتووانی کاپادۆکیا دەناسی و بەو ناوە بانگیان دەکردن. فەرماندەی پاڤلاغۆنی‌یەکان و ماتی‌ئینی‌یەکان کەسێک بوو بەناوی دۆتۆس، کوڕی مێغاسیدۆرۆس. سەرکردەی لەشکری ماریاندینی، لیغی و سووری‌یەکان، غۆڤری‌ئاسی کوڕی داریوش و خاتوو ئارتیستۆنیس بوو.

**[٧٣]** چەک و چۆلی فریژیی‌یەکان تۆزێک شێوەی پاڤلاغۆنی‌یەکانی دەدا. فریژیی‌یەکان خۆیان باس‌دەکەن کە مەقدوونی‌یەکان ئەوانەیان بەناوی فریغی ناسیوە. فریغی‌یەکان، ئەوانەی لە ئوروپا ژیاون و دراوسێی مەقدوونی‌یەکان بوون، کاتێک بەرەو ئاسیا کۆچیان‌کردوە، هاوکات لەگەڵ شوێنی ژیان ناوی خۆشیان گۆڕیوە و بوونەتە فریژی. ئەرمەنی‌یەکان کۆڵۆنی فریژیی‌یەکانن و چەشنی ئەوان چەکیان هەڵگرتبوو. فەرماندەی نیزامی فریژیی‌یەکان و ئەرمەنی‌یەکان، ئارتۆخمیس زاوای داریوش بوو.

**[٧٤]** لیدی‌یەکان، هاوشێوەی یۆنانییەکان خۆیان چەکدار کردبوو. لە زەمانی زوودا لیدی‌یەکان بەناوی مێئۆنی ناسراو بوون، بەڵام دواتر بۆخاتری ناوی سەرکردەکەیان واتە لیدۆسی کوڕی ئاتی‌ئۆس ناویان گۆڕا و بوونە لیدی. میسی‌یەکان  کڵاوی جەنگی دەسکردی خۆیان لەسەرنابوو. قەڵغانەکانیان بچووک و نێزەکانیان نووک سووتاو و رەق بوون. ئەوانەش کۆڵۆنی و ژێردەستەی لیدی‌یەکانن و لە چیای ئۆلیمپوس بەولاوە، بەوانە گووتراوە ئۆلیمپیانی. فەرماندەی جەنگی لیدی‌یەکان و میسی‌یەکان، ئارتافێرنیسی کوڕی ئارتافێرنیس، واتە ئەو کەسەی هاوڕێ لەگەڵ داتیس لەشکرکێشی‌یان کردە سەر دەڤەری ماراتۆنا.

**[٧٥]** تراکی‌یەکان کڵاوەکانیان دروستکراو لە کەوڵی رێوی بوو و جلوبەرگیشیان پێستی ئاسکەکێوی. ئەو کەوڵەیان لە قاچ و ئەژنۆکانیشیان وەردەپێچا. نێزە و قەڵغانی بچووک و خەنجەریان پێبوو. ئەوانە کاتێک بەرەو ئاسیا کۆچیان کردوە، ناویان گۆڕاوە و ئیتر پێیان‌گووتراوە ڤیتینی، بەڵام بەرلەو کۆچە، وەک خۆیان دەگێڕنەوە ناویان ستریمۆنی بووە چونکە دانیشتووی ناوچەی ستریمۆنا بوونە. دەڵێن بەهۆی تێڤکری‌یەکان و میسی‌یەکان دەرکراون. فەرماندەی تراکی‌یەکانی ئاسیایی، ڤاساکیس کوڕی ئارتاڤانۆس بوو.

**[٧٦]** پیسیدی‌یەکان[1] خاوەن قەڵغانی بچووکی دروستکراو لە پێستی کەڵ و هەرکام لە سەربازەکانیشیان دوو نێزەی ئەستووری (لیکیا)ییان پێ‌بووە. کڵاوی جەنگی مسیان لەسەرناوە کە خاوەن گوێ و شاخی کەڵ و پەڕدار بووە. پارچەی سووریان لە دەوری ئەژنۆکانیان وەرپێچاوە و نێوەندی پێشگۆیی ئاریس لە وڵاتی ئەوان بنیات‌نراوە.

**[٧٧]** کاڤالی‌یەکان و مێئۆنی‌یەکان کە بەناوی لاکۆنی دەناسرێن، چەکەکانیان وەک هی کیلیکی‌یەکان دەچوون و کاتێک گەیشتمە سەریان باسی لێوەدەکەم. میلی‌ئی‌یەکان نێزەی بچووکیان پێبووە و زرێ (جلی ئاسن)یان پۆشیوە. زۆربەیان کەوانی لیکیاییان هەڵگرتبوو و کڵاوی چەرمیی خۆشکراویان لەسەرنابوو. فەرماندەی گشتی هەموویان، ڤاردیس کوڕی ئیستانیس بووە.

**[٧٨]** مۆسخی‌یەکان کڵاوی جەنگی داریان لەسەر نابوو و مەتاڵی بچووکیان بەدەستەوە گرتبوو و نێزەکانیان قوڵە و نووک درێژ بوون. تیڤارینی، ماکرۆنی و موسینی، هەرهەموویان هاوشێوەی مۆسخی‌یەکان چەکداربوون. ئاریۆماردۆسی کوڕی داریوش و پامی‌ئۆسی کچی سمێردیسی کوڕی کوروش فەرماندەی مۆسخی‌یەکان و تیڤارینی‌یەکان بوون. ماکرۆنی‌یەکان و موسینی‌یەکان، ئەوانەش لەژێر فەرمانی ئارتاڤکتیسی کوڕی خۆراسیمۆس‌دا بوون. ئەو کابرایە حوکمڕانی سیستۆس لە ئێلیسپۆندۆس بوو.

**[٧٩]** ماری‌یەکان کڵاوی جەنگی چندراو و دەسکردی ناوچەیی خۆیان لەسەر نابوو و هەروەها قەڵغانی چەرم و نێزەیان پێبوو. کۆلخی‌یەکان، ئەوانەش خاوەن کڵاو خوودی چێویان لەسەر دەنا و مەتاڵی بچووکی دروستکراو لە کەوڵی کەڵیان هەڵگرتبوو و نێزە و چەقۆیان پێبوو. فارانداتیس، کوڕی تێ‌ئاسپ فەرماندەری ئەوانەی بەئەستۆوەبوو.

---

١- لە دەقە کۆنەکەدا ئەو وشەیە پاک بووەتەوە. زانایان وشەی پیسیدی‌یان لەوێ نووسیوە.

ئالاڕۆدی‌یەکان و کاسپیری‌یەکان خۆیان وەک کۆلخی‌یەکان چەکدارکردبوو. ماسیستیۆس کوڕی سیرۆمیتریس سەرکردەیی ئەوانەی پێبڕابوو.

**[٨٠]** ئەوانەی لە دورگەکانی دەریای ئێریترەوە هاتبوون - ئەو دورگانەی کە پاشا کۆمەڵانی خەڵکی راگوێزراوی دەناردە ئەوێ و نیشتەجێی دەکردن – جلوبەرگ و چەکەکانیان وەک هی میدیاکان دەچوون. سەرکردەی ئەوانە ماردۆنتیس، کوڕی فاغی‌ئۆس ساڵێک دواتر وەک فەرماندەی جەنگ لە ناوچەی میکالی لە شەڕدا کوژرا.

**[٨١]** ئەوانە ئەو نەتەوانە بوون کە لە دەشتایی دا هێزی پیادەیان پێکهێنابوو و فەرماندەکانیشیان بەگشتی ناویان هات. سپا بەسەر کۆمەڵێک لەشکر وگورداندا بەش‌کرابوو و سەرژمێریشیان بەئەنجام گەیشتبوو. هێزە هەزار کەسی و دە هەزار کەسیەکان لە ژمارەیەک دەستەی بچووکتری سەد و هەزاری پێکدەهاتن و ئەوانەش فەرماندەی تایبەت بە خۆیان هەبوو. چەندین گوردانی جیاوازی پێکهاتوو لە عەشیرەت و خێڵی جۆراوجۆریش لەنێو لەشکردا هەبوون کە سەرکردەکانیان خاوەن پلە و دەرەجەی خۆیان بوون.

**[٨٢]** ئەوانەی ناوم هێنان فەرماندەرانی لەشکری بوون، بەڵام سەرکردایەتی گشت هێزەکانی پیادە لە ئەستۆی ئەو کۆمەڵە کەسە بوو: ماردۆنیۆس کوڕی غۆڤری‌ئاس، تریاندائێخمیس کوڕی ئارتاڤانۆس، واتە ئەو کەسەی دژی لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان بوو و راوبۆچوونی خۆی گوتبوو، سمێدۆمێنیس کوڕی ئۆتانیس – ئەو کەسانەی دوایی (تریاندائێخمیس و سمێردۆمێنیس) برازای داریوش و ئامۆزای کسێرکیس بوون – ماسیستیس کوڕی داریوش و خاتوو ئاتووسا، یێرغیس کوڕی ئاریازی، مێغاڤیزۆس کوڕی زۆپیرۆس.

**[٨٣]** ئەوانەی ناوم هێنان، جیا لە میسری‌یەکان سەرکردایەتی گشت هێزەکانی پیادەنیزام لەستۆی ئەو کەسانە بوو کە لەسەرەوە باسمکردن. ئیدارنیس کوڕی ئیدارنیس فەرماندەی ئەو دە هەزار کەسە هەڵبژاردەیە بوو کە پێیان‌دەگووترا لەشکری نەمرەکان. لەنێو ئەوانەدا نەریتێک هەبوو: ئەگەر

کەسێک لە شەڕدا کوژرابا یا لەبەر نەخۆشی پەکیکەوتبا، جێگای ئەو بە یەکێکیتر پڕ دەکرایەوە و بەو شێوەیە هیچکات لە دە هەزار کەس زیاتر و کەمتر نەدەبوو. جلوبەرگی پارسەکان لە گشت هێزەکانیتر جوانتر و لە شەڕیشدا بوێرتر بوون. من هەڵبەت باسی چەک و سیلاحی ئەوانەم کرد، بەڵام لەمەر جلەکانیان دەبێ بڵێم تەواو بە زێڕ و ئاڵتوون رازابوونەوە و جیاوازییان لەگەڵ خەڵکانیتر بەڕوونی بەرچاو دەکەوت. ژمارەیەکی زۆر فایتوون و داشقەیان پێبوو و کۆمەڵێک خزمەتکار و مەعشوقە و کەلوپەل و نوێن و رایەخیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئەرزاق و تفاقی ئەوانە جیا لە خەڵکانیتر بوو و بە ماڵاتی باربەر و وشتران رادەگوێزران.

**[٨٤]** گشت نەتەوە بەشدارەکان خاوەن هێزی سوارە بوون. هەڵبەت هەمووی ئەو نەتەوانە مافی پێشڕەوییان نەبوو و دەبوایە رەچاوی دەستوورات بکەن. پارسەکان سوارەنیزامیان هاوشێوەی هێزی پیادەیان چەکدارکردبوو – تەنیا کڵاوی رەنگ مسی لە ئاسنی چەکوشکراویان لەسەر کردبوو.

**[٨٥]** هێندێک عەشیرەت، ئەوانەی ناسراون بە ساغارتی، بەڕەگەز پارسن و بە زمانی پارسی دەدوێن و چەکەکانیان وەک هی پارسەکان و پاکتییەکان دەچن. ئەوانە هەشت هەزار سوارکاریان هێنابوو و جیا لە خەنجەر و چەکی دروستکراو لە مس و ئاسن، شتێکیتریان پێنەبوو. خاوەن قەلادەی درێژی چندراو لە چەرم و لە شەردا گەلێک بوێرانە بەکاریاندێنا. ئەوانە بەو جۆرە کەڵکیان لە قەلادە وەردەگرت. کاتێک دەکەوتنە مەیدانی شەڕ، قەلادەیان داویشت و ئاڵقەی قەلادە کەوتبا ملی شەڕکەری دوژمن یا ملی ئەسپەکەی خێرا رایاندەکێشا و هیچ بوونەوەرێک لەدەستان رزگاری نەدەهات. لەشکری ئەو سوارە نیزامە لە پشت سەری پارسەکان دامەزرابوو و بەو چەشنەی گووتم شەڕیان دەکرد.

**[٨٦]** سوارە نیزامی میدیاکان، چەکەکانیان هاوشێوەی هێزی پیادەیان بوون. کیسییەکان، ئەوانیش هەر بەو چەشنە. سوارەی هیندییەکان (ئیندی) وەک هێزی پیادەیان چەکدار و خاوەن ئەسپ و فایتوونی جەنگی بوون.

فایتوونەکانیان بەهۆی ئەسپ و ئۆناغرۆس (ئاژەڵێکی کێوی شێوەی کەر دەدا) رادەکیشران. باکتری‌یەکان سوارە نیزام و هێزی پیادەیان خاوەن یەک جۆر چەک بوون. کاسپی‌یەکان، ئەوانیش هەر بەو چەشنە. لیبی‌یەکانی سوارکار فایتوونیان هەبوو و سوارە و پیادەیان وەک یەک چەکدار کرابوون. کاسپی‌یەکان و پاریکانی‌یەکان، هێزەکانی سوارە و پیادەیان، یەک شێوە چەکیان پێبوو. عەرەبەکان، چەکی سوارە و پیادەیان هاوشێوە بوو و لەجیات ئەسپ، سواری وشتران ببوون و لە راکردندا وەک ئەسپەکان غاریان‌دەدا.

**[٨٧]** تەنیا ئەو نەتەوانەی باسمکردن هێزی سوارەیان هێنابوو. هێزی سوارەنیزام بەگشتی دەگەیشتە هەشتا هەزار کەس، هەڵبەت جیا لە وشتر و عارەبانەکان. سوارە نیزام لەدوای لەشکر دەڕۆیی و لەبەرئەوەی پەشێوی لەنێو لەشکردا سازنەبێ، عەرەبەکان بەسواری وشترانەوە لەدواوە دامەزرابوون، چونکە ئەسپ لە وشتر دەترسێ.

**[٨٨]** فەرماندەکانی لەشکریی سوارەنیزام، کوڕەکانی داتیس، واتە ئارمامیتریس و تیتێئۆس بوون. سێهەم فەرماندەی سوارە، فارنوخیس لە شاری سارد مایەوە و نەخۆش کەوتبوو. وەختێک لە شاری سارد وەڕێدەکەوتن، فارنوخیس تووشی رووداوێک هات. سەگێک رایکردە نێو لینگی ئەسپی ناوبراو، ئەسپ ترسا و هەستاوە سەر پاشووەکانی و کەوت و فارنوخیسی هەڵداشت. فارنوخیس تووشی خوێنڕێژی هات و دواتر ئازارەکانی گەشەیان سەند و بەرەو کزی و رزینی برد. خزمەتکارانی ئەو خێرا ئەسپەکەیان لابرد و چی فارنوخیس داوای کرد، بۆیان بەجێ‌هێنا. بە فەرمانی ناوبراو ئەسپەکەیان راکیشا و لە جێگای فارنوخیس بە عەرزیان دادا و قاچەکانیان بڕییەوە. فارنوخیس دوای ئەو رووداوە ئیتر نەیتوانی سەرکردایەتی لەشکر بکا.

**[٨٩]** ناوگانی دەریایی پێکهاتبوو لە هەزار و دووسەد گەمی و ترێئیریس (بەلەمێک بە سێ ریز بێڵژەنەوە) کە ئەو نەتەوانە هێنابوویان بەو چەشنە بوون: فینیقی‌یەکان و سووری‌یەکانی وڵاتی فەلەستین سێسەد دانەیان

پێشکەش کردبوو کە بەو شێوەیە چەکدار کرابوون: شەڕکەرانی دەریا، کڵاوخوودی چەرمیان لەسەرکردبوو و شێوەی یۆنانییەکانیان دەدا و خاوەن نێزە بوون و قەڵغانەکانیان لیوتەنک و جلیتقەکانیان کەتانی بوون.

فینیقی‌یەکان، وەک خۆیان باسدەکەن، زەمانی زوو نیشتەجێی قەراخ ئاوەکانی دەریای ئێریترە بوونە. دواتر لەوێ کۆچیان کردوە و هاتوونەتە قەراخ ئاوەکانی سوریا. ئەو بەشە لە خاکی سوریا تا دەگاتە وڵاتی میسر پێی‌دەگووترێ فەلەستین. میسری‌یەکان لەو شەڕەدا بە دووسەد گەمی‌یەوە بەشداریان کردبوو. شەڕکەرەکانیان کڵاوی چندراویان لەسەر نابوو و خاوەن مەتاڵی خڕ بوون و لێوی بازنەی مەتاڵەکان تەواو ئەستوور و مەحکەم دروست کرابوون. نێزەی تایبەتی شەڕی دەریاییان پێبوو و چەکێکی‌تریشیان هەڵگرتبوو بەناوی پێلێکی. ئەو چەکە شێوەی سەری نێزەی دەدا و گەورە بوو، لە بەرد یا ئاسن سازکرابوو و نووک و لێوەکانی ئێجگار تیژ بوون. زۆربەی سەربازانی میسری جلیتقەیان لەبەر کردبوو و خەنجەریان بەخۆوە هەڵواسیبوو.

ئەوە کۆمەڵێک باس لەسەر چەکی ئەوانە بوو.

**[٩٠]** قیبریسی‌یەکان (کیپری) سەد و پەنجا گەمی‌یان هێنابوو و بەو چەشنە خۆیان چەکدار کردبوو: پاشاکانی ئەوانە پێچ و مەندیلیان لەسەر نابوو و باقی خەڵکەکەی‌تر خاوەن تاج بوون. لەباری جلوبەرگەوە شێوەی یۆنانی‌یەکانیان دەدا. قیبریسی‌یەکان بەپێی گووتەی خۆیان، رەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆسەر چەند نەتەوەیەک. هێندێکیان خەڵکی ناوچەی سالامینا و ئاتێن، بەشێکیان ئارکادی، ژمارەیەکیان دانیشتووانی هەرێمی کیتنۆ و کەرتێکیان فینیقی و کۆمەڵێکیان ئەتیۆپی‌ین.

**[٩١]** کیلیکی‌یەکان سەد گەمی‌یان پێشکەش کردبوو. کڵاوخودی دەستکردی خۆیان لەسەر نابوو و لەجیات مەتاڵ کەڵکیان لە کەوڵی خۆش‌نەکراو و سادەی کەڵ وەرگرتبوو و قژ و جلەکانیان درێژ و شۆڕ بوون. هەرکام لەوانە دوو نێزەیان پێبوو و شمشێرێکیان هەڵگرتبوو شێوەی

خەنجەری میسری‌یەکانی دەدا. ئەو خەڵکە زەمانی زوو ناسراو بوون بە ئیپارخی، بەڵام دواتر ناوی فینیکاکیلیا، کوڕی ئاغینۆرۆس‌یان لەسەر خۆیان دانا.

پامفیلی‌یەکان سێ گەمی‌یان بە لەشکر و چەکی یۆنانییەوە هێنابوو. ئەوانە پاشماوەی ئەو پامفیلی‌یانەن کە وەختێک لە شاری ترۆوا ڕۆیشتن و لەگەڵ ئامفیلۆخۆس و کالخاندا بەوڵاتیدا بڵاوبوونەوە.

**[٩٢]** لیکی‌یەکان، بە پەنجا گەمی‌یەوە لەو لەشکرکێشی‌یەدا بەشداریان کردبوو. جلیتقەیان لەبەر کردبوو و پوزەوانەیان هەڵکێشابوو (تایبەت بۆ داپۆشینی قاچ و ئەژنۆکانیان). کەوان و کڵاوخوودی داریان هەبوو و تیرەکانیان لە قامیش و کلکیان بێ پەڕ بوون. چەشنە کڵاوێکیان لەسەر نابوو کە دەوریان بە پەڕی باڵندە ڕازاندبۆوە. خەنجەری قوڵە و داسیان پێبوو. کیلیکی‌یەکان پێشتر ناویان تێرمیلی بووە و لە دورگەی کرێت ژیاون. ئەو ناوەی ئێستایان لە زەمانی لیکۆسی ئاتێنی، کوڕی پاندیۆنۆس بەسەردا بڕاوە.

**[٩٣]** دووری‌یەکانی ئاسیا، ئەوانەش سێ گەمییان بۆ ئەو لەشکرکێشییە تەرخان کردبوو. چەکەکانیان وەک هی یۆنانییەکان دەچوون و لەباری ڕەگەزییەوە، خەڵکی هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس بوون.

کاری‌یەکان حەفتا گەمی‌یان هێنابوو و شێوەی یۆنانییەکان چەکدار ببوون، هەڵبەت خەنجەر و داس‌یشیان پێبوو. سەردمی کۆن، لەباری ڕەگەزییەوە بە کام ناو ناسراو بوونە، پێشتر و لە سەرەتای کتێبەکەمدا باسم لێوەکردون.

**[٩٤]** یوونی‌یەکان خاوەن سەد گەمی جەنگی و چەکەکانیان هاوشێوەی یۆنانی‌یەکان بوون. لەوانە، ئەوەندەی نیشتەجێی هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس بوون – واتە لەو دەڤەرەی ئێستا ناسراو بە ئاخاییا - بەرلەوەی دانائۆس و کسۆتۆس کە خۆیان یوونی بوونە، هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس داگیربکەن، یۆنانییەکان پێیان‌گوتوونە دانیشتووانی پێلاسغی، بەڵام دواتر ناویان گۆڕاوە و بۆخاتری ناوی یوونا کوڕی کسووتا، بوونەتە یوونی.

**[٩٥]** دورگەنشینەکان هەڤدە گەمیی‌یان هێنابوو. ئەوانەش چەشنی یۆنانییەکان چەکیان هەڵگرتبوو. سەرەتا گشتیان بە رەگەز پێلاسغی بوونە، بەڵام دواتر وەک یوونی ناسراون. راست وەک ئەو خەڵکە یوونی‌یەی کە لە بنەڕەتدا ئاتێنی بوونە و پاشاکان دوازدە شاریان بنیات‌ناوە.

ئێئۆلی‌یەکان، ئەوانەش شیست گەمی‌یان پێبوو و چەکەکانیان شێوەی یۆنانییەکانی دەدا. لە سەردەمی کۆندا بەوانە گووتراوە پێلاسغی. دیارە یۆنانییەکان دەڵێن ئێلیس پۆندی‌یەکان، جیا لە ئاڤیدینی‌یەکان (ئاڤیدینی‌یەکان بەپێی فەرمانی پاشا دەبوایە لە ناوچەی خۆیان بمێننەوە و پارێزگاری لە پردەکان بکەن)، باقی هێزەکانی‌تر کە لە هەرێمی پۆندۆس‌ڕا هاتبوون، بە سەد گەمی جەنگییەوە بەشدارییان لەو لەشکرکێشییەدا کردبوو و هاوشێوەی یۆنانییەکان چەکیان هەڵگرتبوو. ئەوانە کۆڵۆنی و ژێردەستەی یوونی‌یەکان و دووری‌یەکان بوون.

**[٩٦]** سەربازانی لەشکری پارس، میدیایی و ساکی سواری گەمی‌یەکان ببوون. گەمییە باشەکان هی فینیقی‌یەکان بوون، بەڵام لەوان باشتر گەمی سیدۆنی‌یەکان وەبەرچاو دەهاتن. ئەو سەربازانە وەک هێزەکانی پیادە لەلایەن فەرماندەرانی خۆجێیی ئیدارە دەکران. باس‌کردن و ناوهێنانیان بەپێویست نازانم، لەبەر ئەوەی ئەو گەلانە خاوەن سەرکردەی ئەوەندە بەوەج نەبوون کە لەسەریان بدوێم. رادەی سەرکردە سەربازییەکانی ئەو گەلانە بەقەدەر ژمارەی شارەکانیان بوون. هەڵبەت وەک فەرماندە و سەرکردەی پلەدار بەشداری ئەو لەشکرکێشییە نەبوون، بەڵکوو چەشنی کۆیلە و ژێردەستە و هاوشێوەی گەلەکەیان خزمەتیان دەکرد. ئەو کۆمەڵە سەرکردە لەشکرییەی بەسەر هێزەکان رادەگەیشتن، گشتیان پارس بوون و پێشتر ناوم هێناون.

**[٩٧]** سەرکردەی هێزە دەریاییەکان بریتی بوون لە: ئاریا ڤێغنیس کوڕی داریوش، پریکساس کوڕی ئاسپاتینیس، مێغاڤازۆس کوڕی مێغاڤاتیس و ئاخێمێنیس کوڕی داریوش. ئاریا ڤیغنیس کوڕی داریوش لە کچی غۆڤری‌ئاس

سەرکردەی ناوگانی یوونی و کاری بوو. ئاخیمێنیس برای دایکوبابیی کسێرکیس، ئەویش فەرماندەی هێزەکانی دەریایی میسرییەکانی لەئەستۆبوو. باقی کەشتیگەلی بەهۆی دوو فەرماندەیترەوە ئیدارە دەکران. گەمییە ناسراوەکان بە کێرکووری،[1] ئەوانەی خاوەن سی یا پەنجا بێلژەن بوون و هەروەها گەمییە تایبەتیەکانی راگوێزانی ئەسپەکانی لەشکر، هەرهەموویان بەسەریەکەوە، ژمارەیان دەگەیشتە سێ هەزار دانە.

**[٩٨]** دوای سەرکردەکانی لەشکری، فەرماندەی ناسراویتر ئەوانە بوون: تێترامنیتۆس کوڕی ئانیسۆس، سیدۆنیۆس، ماتی کوڕی سیرۆمۆس، میرڤالۆس کوڕی ئاغڤالۆسی خەڵکی ئارادۆ، سیئێنێسیس کوڕی ئۆرۆمێدۆندۆس خەڵکی کیلیکیا، کیڤێرنیسکۆس کوڕی سیکا، غۆرغۆسی لیکیایی کوڕی خێرسی، تیمۆناکس کوڕی تیماغۆراس، ئەویش لیکیایی بوو، لەنێو قیبریسییەکاندا دەبێ بڵێم ئیستییئۆس کوڕی تیمنیس، پیغریس کوڕی غسێلدۆمۆس و هەروەها داماسیتیمۆس کوڕی کانداڤلیس لە دەڤەری کاریا.

**[٩٩]** بەپێویستی نازانم لەوە زیادتر ناوی فەرماندە سەربازییەکان بێنم، بەڵکوو تەنیا باسی خاتوو ئارتێمیسیا دەکەم و بۆ من جێگای شانازییە، چونکە لە لەشکرکێشی دژی یۆناندا بەشداری کرد. ئەو ژنە مێردەکەی لەدەستدا و خۆی حوکمڕانی بەدەستەوە گرت و هیچکەس زەختی لێنەکردبوو و بە شانازی بەخۆ کردن و خۆ بە پیاوزانین، بەشداربوو. ناوی ئەو ژنە هەروەک گووتم ئارتێمیسیا بوو. ناوی باوکی لیغدامی و خەڵکی ئالیکارناسۆس و دایکی کریتی بوو. ئەو خاتوونە حوکمڕانی هەرێمی ئالیکارناسۆس واتە دورگەکانی کۆس، نیسیرۆس و کالیمنۆسی دەکرد و پێنج گەمی بۆ ئەو لەشکرکێشییە هێنابوو. لەنێو گشت گەمییەکانی کەشتیگەلی دەریاییدا – دوای سیدۆنییەکان – ئەوانە جوانترین گەمی هاوپەیمانان بوون و ئەو خاتوونە باشترین کۆمەڵە پێشنیاری بە پاشا کرد. من ناوی ئەو شارانەم هێنا کە خاتوو ئارتێمیسیا حوکمڕانی بەسەردا دەکردن، دەبێ

---

١- کێرکووری، گەمی سووک و بچووکی قیبریسی.

ئەوەش بڵێم کە گشت دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە دووری‌یەکان، ئالیکارناسۆس‌یەکانی دەڤەری تریزینا و جەماوەی ئێپیداڤرۆسی پێکدەهاتن.

**[١٠٠]** ئەوە کۆمەڵە زانیارییەک سەبارەت بە کەشتیگەلی دەریایی بوون کە خستمەبەرباس. کاتێک لەشکر سەرژمێری کرا و رێکخرا، کسێرکیس گەرەکی بوو سەرکێشی و چاوپێکەوتنی بۆ برەخسێ و چێژ لە بارودۆخەکە وەربگرێ. بۆ ئەنجامی ئەو کارە بەسواری فایتوون بە بەردەم گوردانەکاندا دەرباز بوو و چەند پرسیارێکی لێکردن و میرزابنووسیش بەردەوام خەریکی نووسینی داخوازییەکان بوون و بەو شێوەیە لەوسەرەی هێزی پیادەوە تا ئەوسەری هێزی سوارەنیزام چوو. وەختێک کاری سەرکێشی کۆتایی پێهات، گەمییەکانیان بەرەو دەریا راکێشان، کسێرکیس سواری بەلەمێکی جەنگی سیدۆنی‌یەکان بوو، لەژێر چادرێکی ئاڵتوونی دانیشت و لە عەرشەی گەمییەکان نیزیک بۆوەو کۆمەڵێک پرسیاری لەوانیش کرد و دیسان میرزابنووسەکان یادداشتیان هەڵگرتەوە. کاپیتانەکان گەمییەکانیان تا مەودای چوار پلێترا لە قەراخ ئاوەکان دوور خستبۆوە بۆوەی بتوانن لەوێوە لووتی گەمییەکان روو لە کەناری دەریا بکەن. شەڕکەرانی سەر گەمییەکان وەک چۆن لە مەیدانی شەڕ جێدەگرن، بەو شێوەیە رێکخرابوون. کسێرکیس دەچووە سەر گۆڕایی گەمییەکان و دەهاتەوە کەنارێن و بەو چەشنە سەردانی گشت هێزەکانی کرد.

**[١٠١]** کسێرکیس کاتێک کاری سەرکێشی لەشکر و کەشتیگەلی تەواوکرد و لە دوایین گەمی دابەزی، داوای کرد دیماراتۆس، کوڕی ئاریستۆنۆسی بۆ بانگبکەن. دیماراتۆس لەو لەشکرکێشییەدا هاورێیەتی کسێرکیسی دەکرد. بانگی کرد و پێی‌گووت: "دیماراتۆس! گەرەکمە ئێستا چەند پرسیارێکت لێ‌بکەم. ئەوە کە تۆ یۆنانی باش دەزانی، هەم لە زمانی خۆتەوە بیستوومە و هەم یۆنانییەکان باسیانکردوە و قسەم لەگەڵ کردون. بەباوەڕی من وڵاتی تۆ نە هێندە بێ‌کەڵکە و نە ئەوەندەش بەهێزە. هەرئێستا پێم‌بڵێ کە ئایا یۆنانییەکان دەتوانن خۆڕاگری لەخۆیان نیشان‌بدەن؟ ئەوەندەی من بزانم نە

یۆنانییەکان و نە ئەو گەلانەی‌تر کە لە ڕۆژئاوا دەژین، ئەگەر گشتیان کۆببنەوە، وەختێک پێشڕەوی دەست پێبکەم، ناتوانن لەبەرامبەر مندا خۆڕاگرن، مەگەر لەنێو خۆیاندا پێکبێن و یەکبگرن ". ئەوە پرسیاری کسێرکیس بوو و دیماراتۆس لە وڵامدا گووتی: "پاشاکەم! چۆنت وڵام بدەمەوە، دەخوازی ڕاستییەکەت پی‌بڵێم یا دڵی جەنابت خۆش بکەم؟ ". کسێرکیس داوای لە ناوبراو کرد ڕاستییەکە بڵێ و بەڵێنی پێدا کە هەستی بەرامبەر ئەو ناگۆڕێ و ڕق و کینی لی‌هەڵناگرێ.

**[١٠٢]** دیماراتۆس وەختێک گوێی لەو قسانە بوو، گووتی: "پاشاکەم! لەبەر ئەوەی ئەمرت دەسەرکردم، بەدڵنیاییەوە ڕاستییەکەت پێدەڵێم. هەروەها داوات لێدەکەم دواتر پێتوانەبێ درۆم لەگەڵ کردوی. ئەوەی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی وڵاتی یۆنان دەکا، برسێتییە، هەژارییە، هەربۆیە ئەو وڵاتە خاوەن ئەزموونێکە کە لە فەلسەفە و کۆمەڵێک یاسای ورد سەرچاوە دەگرن. یۆنان بەو ئەزموونەوە دژی برسییەتی شەڕدەکا و کۆیلەتی بەچۆک دادێنێ. من سەری ڕێز و حورمەت بۆ ئەو یۆنانییانە دادەنوێنم کە لە هەرێمی دووری‌یەکان دەژین، هەڵبەت باسی گشتیان بۆ ئێوە ناکەم، تەنیا لەمەر لاکێدێمۆنی‌یەکان دەدوێم: بەرلە هەر شتێک، ئەوانە مەحاڵە داخوازی تۆ سەبارەت بە تەسلیم بوونیان و قبوڵکردنی کۆیلەتی و ژێردەستەیی خاکی یۆنان پەسندبکەن و دڵنیابە شەڕت لەگەڵ دەکەن، تەنانەت ئەگەر گشت هۆزە یۆنانییەکان ڕوو لە بەرەی جەنابت بکەن. داوات لێدەکەم مەپرسە ژمارەی سەربازانی لەشکرییان چەندە، چونکە هەرچەند بە ژمارەش کەم بن، گرینگ نییە و دژی تۆ خۆڕادەگرن. لەوەدا شک نییە کەم یا زۆر، خۆیان بەدەستەوە نادەن و دژت ڕادەوەستن ".

**[١٠٣]** کسێرکیس کاتێک گوێی لەو قسانە بوو، بەدەم پێکەنینەوە گووتی: "دیماراتۆس! ئەو قسانە چین تۆ دەیکەی؟ چۆن هەزار کەس دەتوانێ خۆی لەبەرامبەر ئەو لەشکرە مەزنەی من ڕاگرێ؟ باشە پێمبڵێ، ئەگەر تۆ پاشای یۆنانییەکان بوای، لەخۆت ڕادەدی بەتەنیا شەڕی دە هەزار کەس بکەی؟

ئەگەر سیستەمی حکوومی ئێوە بەو چەشنەیە کە تۆ باست لێوەکرد، ئەوکاتە بەپێی یاساکانی خۆتان دەبێ تۆ وەک پاشای ئەوان، حیسابی دوو بەرابەرت بۆ بکرێ. ئەگەر هەر یەک کەس لەوان بەرابەری دە سەربازی من بێ، ئیتر دەتوانم بڵێم تۆ پێویستە بەرابەری بیست کەسی من بی. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، ئەو قسانەی کردوتە، هەموویان راستن. بەڵام ئەگەر یۆنانییەکانی دژبەرم و ئەو یۆنانیانەش کە لەنێو لەشکری مندا هەن و بەو رۆژگارە تاریفی هێز و قەڵافەتی خۆیان دەکەن، بە هێز و قەڵافەت شێوەی تۆ بدەن، باشترە ئاگات لە زمانی خۆت بێ کە چ دەڵێی و قسەکانت تەنیا بۆ خۆهەڵکێشان نەبن.

با لەو قسانەت وردبینەوە و بزانین چەندە راستن. چۆن هەزار، دە هەزار یا پەنجا هەزار کەس کە هەرهەموویان ئازادن و خاوەن یەک سەرکردایەتی گشتی نین، دەتوانن لە بەرامبەر لەشکری گەورەی ئێمەدا خۆڕاگرن! وەختێک هەزارکەس وەبەر یەک کەس دەکەوێ، هەڵبەت ئەگەر ئەوان پێنج هەزار شەڕکەریان هەبێ. ئەگەر سپای ئەوان خاوەن یەک سەرکردەی لەشکری هاوشێوەی ئێمە بێ، ئەوکاتە لە ترسی پاشاکەیان جوامێرانەتر شەڕیان دەکرد تا ئەوە کە شەڕکەری ئاسایی و سەربەخۆ بن. قەمچی ئەوانی ناچار دەکرد، ئەگەر بە ژمارەش کەم بان، لەڕووی ناچاری پەلاماری دژبەرانی خۆیان بدەن. سەرباز ئەگەر ئازاد بێ خۆی لە شەڕ نادا. من لەو باوەڕەدام ئەگەر ژمارەی شەڕکەرانی ئەوان و ئێمە بەرابەریش بن، باوەڕبکە یۆنانییەکان دەرەقەتی شەڕکەرانی پارس نایەن، چ بگا بەو هەموو جەنگاوەرە لەنێو سپای ئێمەدا. تۆ دەزانی لەنێو لەشکرەکەماندا کۆمەڵێک نێزەدار هەن، هەرچەند ژمارەیان کەمە، بەڵام کاتێک داوایان لێبکرێت، هەر تاکێکیان دەتوانێ شەڕی سی سەربازی یۆنانی بکا. تۆ ئەوانە ناناسی، بۆیە بەو چەشنە دەدوێی ".

**[١٠٤]** دیماراتۆس وڵامی ئەو قسانەی پاشای بەو شێوەیە داوە: "پاشاکەم! من لە سەرەتاوە دەمزانی ئەگەر راستییەکانت پێبڵێم، لێم ناراحەت دەبی،

بەڵام تۆ ناچارت کردم راشکاوانە قسەی خۆم بکەم و ئەوەی پێویست بوو سەبارەت بە سپارتی‌یەکان بیهێنمە بەرباس، هەرچەند خۆت باش دەزانی لەمەر ئەوان خاوەن چ هەستێکم. ئەوان خۆم و جێنشینەکانی منیان لە حوکمڕانی بێبەش کرد، لە وڵاتی خۆمان دەریان‌کردین و ناچار بە فیرار و ئاوارەیی بوون و بێ‌وڵات ماینەوە و باوکی تۆ پەنای پێداین و مڵک و سامانی پێبەخشیوین. ئاقڵانە نییە پیاو بە پارێزەوە بڕوانێتە ئەو خزمەتانە، بەپێچەوانەوە پێویستە لەبەرچاویان بگرێ و پێیان‌بزانێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خۆم، من نە لەگەڵ دە و نە لەگەڵ دوو کەس ناتوانم شەڕبکەم و حەزیش لە شەڕی دەستەویەخە ناکەم. بەڵام ئەگەر پێویست بێ یا ئامانجی بەربەرەکانییەکە فرە گرینگ بێ، ئەوکاتە بەدڵەوە شەڕ لەگەڵ یەکێک لەو پیاوانە دەکەم کە بەبڕوای جەنابت هەرکامەیان شەڕی سێ کەسی یۆنانی دەکا. لاکێدێمۆنی‌یەکان وەختێک شەڕی دەستەیەخە بکەن، لە هیچکەسێک ناترسن. دیارە ئەوانە مرۆڤی سەربەست و ئازادن، بەڵام نەک سەداسەد. چونکە خاوەن یاسایەکی زاڵمانەن و پتر لەو دەترسن تا لە جەنابت و گەلانی ژێردەستتان. ئەوان بەپێی ئەو یاسایە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەو قانوونە لە گشت هەلومەرجێکدا وەک خۆی دەمێنێتەوە و نەگۆڕە و دەڵێ کەس بۆی نییە لە شەڕدا پاشەکشە بکا و گرینگ نییە ژمارەی جەنگاوەرانی دوژمن کەم یا زۆر بن.

ئەگەر ئەو قسانەی من بەلاتانەوە بێ‌مانان، ئیتر لەمەو بەدوا بێدەنگی دەپارێزم. ئێستاش بۆیە ئەو قسانەم کرد، چونکە جەنابت ناچارت کردم. پاشاکەم! هیوادارم رەوشەکە بەدڵی تۆ بچێتە پێش".

**[١٠٥]** ئەوە وڵامی دیماراتۆس بوو و کسێرکیس قاقایەکی لێدا کە قەڵسی پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو زۆر زیرەکانە دیماراتۆسی لە مەجلیسەکە وەدەرنا. کسێرکیس دوای ئەو راوێژە، ماسکامی کوڕی مێغۆدۆستی لە جێگای حوکمڕانی پێشووی زەمانی داریوش، لە شاری دیۆریسکۆس دانا و لەشکری بەرەو خاکی یۆنان وەڕێخست و بە وڵاتی تراکی‌دا تێپەڕی.

**[١٠٦]** ماسكامی، کەسایەتییەکی گرینگ لەلایەن کسێرکیس وەک حوکمڕان دیاریکرا و بەجێما. کسێرکیس هەموو ساڵێ دیاری و خەڵاتی بۆ دەنارد و پێیوابوو ناوبراو باشترین حوکمڕان لەنێو ئەوانی دیکە دایە کە هەم داریوش دایمەزراندبوون و هەم خۆیشی هەڵیبژاردبوون. ئارتاکسێرکیسی کوڕیشی هەر ئەو کارەی کرد و بەردەوام دیاری و خەڵاتی بۆ نەوەکانی ماسکامی دەنارد. بەرلەوەی ئەو لەشکرکێشییە دەستپێبکا، حوکمڕانی هەرێمەکانی وڵاتی تراکی و ئێلیسپۆندۆس دیاریکرابوون. دوای لەشکرکێشی، یۆنانییەکان تەواوی ئەو حوکمڕانانەیان دەرکردن، جیا لە ماسکامی، ئەویش دەرەقەتی نەهاتن لە هەرێمی دیۆریسکۆس دەریپەڕێنن و هەولێکی زۆریان لەگەڵدا. هەر لەبەر ئەو هۆیە، پاشای ئەو کاتی پارس خەڵاتی تایبەتی پێبەخشی.

**[١٠٧]** لەنێو ئەو حوکمڕانانەی کە یۆنانییەکان دەریانکردن، هیچکامیان بەلای کسێرکیسەوە ئەوەندەی ڤۆغی خەڵکی ئییۆنا گرینگ نەبوون. کسێرکیس گەلێک ڕێزی لە مناڵەکانی ڤۆغی دەگرت کە کاتی خۆی لە پێرسیا جێیهێشتبوون. بەڕاستیش ڤۆغی شایانی ئەو ڕێزلێنانە بوو. کاتێک ئاتێنییەکان بە سەرکردایەتی کیمۆناس کوڕی میلتیادیس، ناوبراویان گەمارۆدا. هەرچەند ڤۆغی دەیتوانی لەگەڵیان ڕێک کەوێ و بگەڕێتەوە ئاسیا، قبوڵی نەکرد ئەو کارە بکا و ببێتە کۆیلەی بەردەستی پاشای خۆی، بەڵکوو تا دوایین هەناسە لە شوێنی خۆی مایەوە. پاش ئەوەی ئەرزاق و بژیوی قەڵا کۆتایی هات، ناوبراو ئاگرێکی گەورەی هەڵایساند. سەری مناڵەکان، ژنەکان، خزمەکان و کۆیلەکانی خۆی بڕی و جەنازەکانی هاویشتە نێو ئاگر. پاشان هەرچی زێڕ و زیوی هەیبوو، گشتی لەسەر دیوارەوە فڕێدایە نێو رووباری ستریمۆنا و لە کۆتاییدا خۆیشی هاویشتە نێو ئاگرەکە. پارسەکان ناهەق نین ئەگەر شانازی پێوەبکەن.

**[١٠٨]** کسێرکیس لە هەرێمی دۆریسکۆسەوە بەرەو خاکی یۆنان وەڕێکەوت و گشت ئەو گەلانەی سەر ڕێگای ناچارکرد ڕەگەڵ سپاکەی

بکەون. هەروەک پێشتر باسم لێوەکرد، ناوبراو تا هەرێمی تێسالیا گشت ناوچەکانی داگیرکردبوو. ئەو ناوچانە سەرەتا بەدەستی مێغاڤازۆس و دواتر بەهۆی ماردۆنیۆس خسترابوونە ژێر دەسەلاتی پارسەکان و دەسەریان کرابوو مالیات و خەراج بدەن. کسێرکیس لە دیۆریسکۆس‌ڕا وەڕێکەوت و بە قەلاکانی سامۆتراکی‌دا تێپەڕی. دوایین شاری ئەو دەڤەرە پێیدەگووترێ مێسیمڤریا و لە رۆژئاوا هەلکەوتووە. دوای ئەو شارە، باژێڕی تاسی‌یەکان بەناوی ستریمی جێی‌گرتووە و لەنێوان ئەو دوو شارە چۆمی لیسۆس هەیە، واتە ئەو رووبارەی پاراوی تینویەتی سەربازانی لەشکری نەکرد و ویشک‌هەلگەڕا.

زەمانی زوو بەو ناوچەیە دەگووترا غال‌لاییکی و ئەمرۆش ناسراوە بە ڤریاندیکی. گەلێک بەرهەق و دروستە ئەگەر کەسێک پێیوابێ ئەو ناوچەیە ملکی کیکۆنی‌یەکان بووە.

**[١٠٩]** لەشکری کسێرکیس پاش ئەوەی رووباری لیسۆسی دەربازکرد، ئەوجار بەتەنیشت شارە یۆنانیەکان، واتە مارۆنیا، دیکێئا و (ئاڤدیرا)دا تێپەڕی. ئەو لەشکرە هاوکات لەگەل ئەو شارانە، بەنیزیک گۆلێکدا رۆیی، ناسراو بە ئیسماریدا، هەلکەوتوو لەنێوان مارۆنیا و ستریمنی و ڤیستۆنیدا لە نیزیک دیکێئا. گۆلی ڤیستۆنیدا بە ئاوی دوو چۆم بە ناوەکانی تراڤئۆس و کۆمپساتۆس پاراو دەبێ. لەشکر لە نیزیک ئاڤدیرا تووشی گۆلی ناسراوی‌تر نەبوو، بەلام کەوتە سەر چۆمی نێستۆس کە دەڕژێتە نێو دەریا. دوای ئەو ناوچانە، لەشکر ئەوجار بە لای شارە جێگرتووەکانی دەشتایی تاسۆسی‌یەکاندا پێشڕەوی کرد. لە قەراخ یەکێک لەو شارانە گۆلێک هەبوو کە مەودای بازنەیی دەوری، سی ستادیۆ و پڕ لە ماسی و ئاوەکەشی تەواوێک سوێر بوو. تەنیا مالاتی بەربەر لەو گۆلە ئاودران و ئەویش خێرا ویشک هەلگەڕا. ئەو شارە ناسراو بە پیستیرۆس. لەشکر بەو کۆمەلە شارانەدا تێپەڕی و گشتیانی لە قۆلی چەپی خۆی جێهێشت.

**[١١٠]** هەرێمەکانی وڵاتی تراکی کە لەشکری پیادەی داریوش پێیاندا دەربازبوو، بریتین لە: پێتۆسی، کیکۆنی، ڤیستۆنی، ساپێیی، دێرڤێیی، ئیدۆنی و ساتری. ئەو خەڵکانەی لە قەراخ ئاوەکان دەژیان، گشتیان لە ناوگانی دەریایی لەشکردا دامەزرێندران و ئەوانەش کە خەڵکی دوور لە ئاوەکان بوون، جیا لە ساتری‌یەکان ئەوانی‌تر هەرهەموویان بەزۆرە ملی تێکەڵ بە لەشکری پیادە کران.

**[١١١]** ساتری‌یەکان، ئەوەندەی من بزانم ژێردەستەیی هیچکەسیان قبوڵ نەکردوە و تا سەردەمی من تەنیا خەڵکانێکن بە ئازادی و سەربەستی دەژین. ئەوانە دانیشتووی چیا بەرزەکانن و ناوچەکەیان بە بەفر و دارستان داپۆشراوە. گەلێکی شەڕکەر و بەغیرەتن و یەک نێوەندی پێشگۆییان هەیە واتە پەرستگەی دیۆنیسۆس کە لەسەر بەرزترین شاخ بنیات‌نراوە. لەنێو ساتری‌یەکاندا، پیاوانی ئایینی ئەو پەرستگەیە، بەپانەوە خەڵکانی (ڤیسی)یین. ژنێک تەواوی ئامۆژگاری و پێشگۆییەکان دەداتەدەر، راست وەک نێوەندی دێلفوس. هیچ بابەتێکی فێڵبازانە لەوانەوە بەرچاو نەکەوتووە.

**[١١٢]** کسێرکیس دوای تێپەڕینی بەو هەرێمەدا، ئەوجار دوو قەڵای پییێری‌یەکانی دەربازکرد. یەکیان پێیدەگووترا قەڵای فاغریس و ئەوەی‌تریش پێرغامۆس. لەشکر پاشان رێگایەکی گرتەبەر کە لەو دوو قەڵایەوە دەهات و لەلای راستی رێگا چیای پانگی‌ئۆ کە تەواوێک بەرزە، هەڵکەوتبوو و پاش مەودایەک ئەوێشی جێهێشت. لەو چیایە کۆمەڵێک کانزای زێڕ و زێو هەن و خەڵکی پییێری، ئۆدۆماندی و ساتری خاوەندارییەتی دەکەن.

**[١١٣]** لەشکر لەکاتی دەربازبوونی بەرەو رۆژئاوا، بە کۆمەڵێک ناوچەدا تێپەڕی کە لە باکووری ئەوانە خەڵکانی پانگی‌ئۆن، پی‌ئۆنی، دۆڤیری و پی‌ئۆپلی دەژین.

کسێرکیس گەیشتە چۆمی ستریمۆنا و شاری ئییۆنا، واتە ئەو دەڤەرەی ڤۆغیس حوکمرانی بەسەردا دەکرد و هێشتا زیندوو بوو و پێشتر باسم لێوە کردوە. ناوچەی دەوروبەری پانگی‌ئۆن پێیدەگووترێ فیللیس و بەرەو

ڕۆژئاوا ڕادەکشێ تا دەگاتە سەر چۆمی ئانگیتی. ئەو چۆمە لە ئەسڵدا لکێکی ڕووباری ستریمۆنایە و بەرەو باشوور دەڕوا و لەوێ دوبارە تێکەڵ بە ڕووباری ستریمۆنا دەبێتەوە. لەسەر ئەو چۆمە بوو کە کاهێنان کۆمەڵێک ئەسپی سپییان کردە قوربانی، بۆوەی سەفەرەکەیان وەخێرگەڕێ.

**[١١٤]** پاش ئەوەی کاهێنان لە قوربانیکردن بوونەوە و کۆمەڵێک سێحر و جادوو بۆ ئەو چۆمە دەکارکرا، ئەوجار لەشکر بەرەو ناوچەیەک بەناوی ئێنیئائۆدی (نۆ ڕێگا) ڕۆیشت. ئەو ناوچەیە ملکی ئیدۆنییەکانە. لەشکر ئەوێی جێهێشت و بەسەر پردی ستریمۆنادا پەڕییەوە. پارسەکان وەختێک زانیان ئەو ناوچەیە ناسراوە بە ئێنیئائۆدی، خێرا نۆ کچ و نۆ کوڕی گەنجی دەڤەرەکەیان گرت و زیندە بەچاڵیان کردن. هەڵبەت زیندەبەچاڵ کردن نەریتی پارسەکانە. خاتوو ئامیستریس، ژنی کسێرکیس بەو هەواڵەی زانی، بۆیە لە سەردەمی پیری خۆیدا، چواردە کچ و کوڕی پارسی لە بنەماڵە ناسراوەکان زیندەبەچاڵ کرد بۆوەی کەفارەی گوناهان بداتەوە و خواکانی کاتۆکۆسمۆ (جیهانی ژێرعەرز) لێی خۆشبن.

**[١١٥]** لەشکر لە ستریمۆناوە درێژەی بە پێشڕەویدا. بەرەو ڕۆژئاوا، لە کەنار دەریا شارێکی یۆنانی بەناوی ئارییلۆس بنیاتنراوە و لەشکر پێیدا دەرباز بوو. ئەو ناوچەیە و دەڤەرەکانی دوور لە بەحر پێیاندەگووترێ ڤیسالتیا. لەو ناوچەیە، لەشکر لە قۆڵی چەپی خۆی کەنداوی نیزیک پەرستگەی پۆسیدۆنای جێهێشت و دەشتی سیلیئۆسی بڕی و بە شاری (ستاغیرا)دا تێپەڕی و گەیشتە ئاکانتۆ. لەشکر لەو دەڤەرانە جەماوەرێکی فرەی سەرباز لە گەلانی جۆراوجۆر ڕەگەڵ خۆیدا و بەپێی ناو و بەشێوەی پێشوو ڕێکیخستن. ئەو گەلانەی لە قەراخ ئاوەکان دەژیان لەنێو هێزە دەریاییەکاندا دایانمەزراندن، ئەوانەش کە خەڵکی دەشتایی بوون، تێکەڵ بە هێزی پیادە کران. ئەو ڕێگایەی کە کاتی خۆی کسێرکیس پێیدا ڕۆیشتبوو، ئێستاش لەلایەن تراکییەکانەوە بەچاوی ڕێزەوە سەیردەکرێ و هەربۆیە نە هەڵیدەکەنن و نەدەیکێڵن.

**[١١٦]** کسێرکیس وەختێک گەیشتە ئاکانتۆ، دیتی خەڵکی ئەوێ چەندە تامەزرۆی بەشداری لەو لەشکرکێشییەدان و لەمەڕ هەڵکەندنی خەندەکیش چۆن پێیەوە ماندوون، بۆیە ناسناوی میوانی پێبەخشین و تەواوێکی پێهەڵگووتن و بە جلوبەرگی میدیایی خەڵاتی کردن.

**[١١٧]** لەو ماوەیەدا کە کسێرکیس لە ئاکانتۆ مایەوە، واهەڵکەوت کە ئەو کەسەی چاوەدێری هەڵکەندنی خەندەکەکەی دەکرد، بە نەخۆشی مرد. ئەو کابرایە ناوی ئارتاخائیس بوو و بە رەگەز ئاخێمێنیۆس (هیخامەنیشی). کسێرکیس زۆری رێز لێنا. ئارتاخائیس لە تەواوی پارسەکان باڵابەرزتر بوو (باڵای ناوبراو چوار پەنجە لە پێنج پیخیسی پاشایەتی کەمتر)[1] و دەنگیشی لە هەموویان بڵیندتر. کسێرکیس زۆری بۆ بە پەرۆش بوو و بۆیە گەورەترین پرسەی سەرەخۆشی بۆ ناوبراو دانا. لەشکر بەپانەوە مژووڵی دروستکردنی ئارامگەی ناوبراو کرا. دانیشتووانی ئاکانتی بەبۆنەی مەرگی ئارتاخائیس کۆمەڵێک قوربانیان پێشکەش کرد و وەک قارەمانێک ناودێرکرا. هاوکات لەگەڵ قوربانی کردن، تاڵەبینەکان خەریکی فاڵگرتنەوە و پێشگۆیی بوون. لەهەرحاڵدا، کسێرکیس پێیوابوو کە مردنی ئارتاخائیس خەسارێکی گەورە بۆ ئەو بوو.

**[١١٨]** ئەو خەڵکە یۆنانییەی لە شارەکان ناچار بە قبوڵی لەشکرکێشی کسێرکیس کران، سفرەی شاهانەیان رازاندەوە و تووشی زەرەر و زیانێکی زۆری ماڵی هاتن و بارودۆخی ژیانیان بەچەشنێک تێکچوو کە خەریک بوون ماڵ و مڵکی خۆیان جێهێڵن.

تاسییەکان، لەبەر ئەوەی کاروباری خەندەک هەڵکەندن و پرد دروست کردنیان لەو هەرێمە بەستۆوە بوو، وەختێک لەشکری کسێرکیس گەیشتە دەڤەرەکەیان، ناچاربوون زیافەتی شاهانەش ئامادە بکەن. ئانتیپاترۆس کوڕی ئۆرغێئۆس یەکێک لە پیاوانی دەوڵەمەندی شار، بەراوردی خەرجی ئەو میوانداریییەی کرد کە ئامادەی کردبوو، گەیشتە چوارسەد تالاندی زێو.

---

١- بەپێوانی ورد، نیزیک بە دوومیتر و نیو.

**[١١٩]** لە شارەکانیتریش، خەڵک کەوتنە ژێر خەرجی قورس و گرانی لەو چەشنە. ئەو شارانەی کە پێشتر خەبەریان پێگەیشتبوو و گرینگی تایبەتیان بەو میوانداریەتییە دابوو، ژەمی شەویان بەو چەشنە ئامادە کردبوو: کاتێک بەهۆی راسپاردەکانی بە وڵاتاندا دەگەڕان، ئاگادار بوونەوە کە لەشکر بەڕێوەیە، دەغڵ و دانەوێڵە و گەنمیان بەسەر دانیشتواندا بەشکرد تا نان و خواردەمەنی سازبکەن. ئەو خەڵکانە چەند مانگ خەریکی خۆسازکردن بوون. ئەوجار ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی ساغیان بە نرخێکی گران کڕی و دایانبەستن و قەڵەویان کردن. هەرچی پەلەوەر و قەل و داڵی هەیانبوو، لە ماڵەکانیان و قەراخ گۆلاوەکان بەخێویان کردن، بۆوەی دواتر خواردنی لەشکریان لێ سازبکەن. پەرداخ و حەوجۆش و چی کەرستەیتری سەر سفرە پێویست بوو، لە زێو دروستیان کردن. هەڵبەت ئەوانە گشتیان بۆ پاشا و هاوژەمەکانی بوون. بۆ لەشکر تەنیا خواردنیان ئامادەکرد. کاتێک لەشکر گەیشتەجێ، خێوەتێک بۆ کسێرکیس هەڵدرابوو و لەشکر دەبوایە لە دەرێ بخەوێ. لەکاتی زیافەتدا، ئەوانەی خەریکی خزمەت و وەرگرتنی لەشکر بوون، حەسانەوەیان لێهەڵگیرا، لەحاڵێکدا میوانەکان بە زگی تێرەوە شەویان بە خەیاڵی ئاسوودە تێپەڕکرد. میوانەکان رۆژی دوایی هەرچی خێوەت و نوێن و رایەخی ئەو شەوە لەوێ بوون، تێکیانوەرپێچا و گشتیان بەتاڵان برد و هەرچی دەستیان کەوتبا راپێچیان دەکرد.

**[١٢٠]** لەبەر ئەو بارودۆخەی خوڵقابوو، مێغاکرێئۆسی ئاڤدیری کاتێک ئامۆژگاری دانیشتووانی ئاڤدیری کرد، داوای لێکردن گشتیان، ژن و پیاو بچنە پەرستگەکان و چۆک دادەن و لە خواکان بپاڕێنەوە کە لە داهاتوودا ئازار و زیانەکانیان نیوە بکرێ. مێغاکریئۆس هەروەها سپاسی خواکانی کرد لەمەر سەرکەوتنی خەڵکەکە بەبۆنەی ئامادەکردنی زیافەتی شەو و هەروەها سەبارەت بە عادەت و خووی کسێرکیس کە لە رۆژێکدا دوو جار ژەمی نەدەکرد. مێغاکریس ئەو خووەی کسێرکیسی بە خواستی خواکان زانی. چونکە ئەگەر فەرمان دەسەر ئاڤدیرییەکان کرابا کە ژمێکیتر خواردەمەنی

بۆ شەو دروست بکەن، دەبوایە خەڵکەکە لەبەر دەستکورتی وڵاتیان جێهێشتبا و رایانکردبا و ئیتر چاوەڕوانی رۆیشتنی کسێرکیس نەبان. ئەگەر کسێرکیس ماباوە و ئەوانیش ناچار بە خزمەتی پتر ببان، تەواوی ژیانیان تێدا دەچوو و بە هەژاری و نەداری دەمانەوە. چونکە لەبەر زەختی زۆر ناچار بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکە دەبوون.

**[١٢١]** کسێرکیس فەرمانی دەسەر سەرکردەکانی کەشتیگەلی دەریایی کرد کە گەمی‌یەکان لەنێو ئاوەکانی ئاکانتۆ بەرەو تێرمی[١] پێشڕەوی بکەن. تێرمی لەسەر ئاوەکانی کەنداو هەڵکەوتووە و ناوەکەشی لەوێوە وەرگیراوە. گەمییە جەنگییەکان دەبوایە لە قەراخ شاری تێرمی چاوەڕوانی گەیشتنی کسێرکیس بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی ناوبراو، ئەوەیان نیزیکترین رێگا بوو. لە دەڤەری دۆریسکۆس تا ئاکانتۆ، لەشکر بەو شێوەیە وەڕێکەوتبوو: کسێرکیس لەشکری سێ بەشکردبوو. بەشی یەکەم بە ناوچەکانی کەنار دەریا و بەدوای ناوگاندا بڕۆن و سەرکردەکانیان ماردۆنیۆس و ماسیستیس بوون. بەشی دووهەمی لەشکر بە رێگای وێشکایی و دوور لە ئاوەکان و بە فەرماندەری تریتاندایخمیس و ییرغی بەڕێوەبوون. بەشی سێهەم، کسێرکیس خۆی لەگەڵیان بوو و بەڕێگای نێوان ئەو دوو بەشەی‌تردا دەڕۆیی و سەرکردەکان بریتی بوون لە سمێردۆمێنی و مێغاڤازۆس.

**[١٢٢]** کەشتیگەلی دەریایی بەپێی فەرمانی کسێرکیس وەڕێکەوت و بەنێو ئاوی خەندەکی تازەدروستکراوی ئاتۆس‌دا تێپەڕی. ئەو کاناڵە تێکەڵ بە کەنداوێک دەبۆوە کە شارەکانی ئاسا، پیلۆرۆس، سینگۆس و سپارتی لە قەراخەکانی هەڵکەوتوون. ئەو کەشتیگەلیە لەوێوە بە تەنیشت شارەکاندا رۆیی و گەیشتە کەنداوی تێرمی. لەشکر ئەوجار چیای ئابێلۆ لە دەڤەری تۆرۆنی جێهێشت و گەیشتە شارەکانی یۆنانی و خەڵکی ئەو ئاواییانەشی رەگەڵ خۆی‌دا

١- یەکەم ناوی شاری تێسالۆنیکی یونان.

و کۆمەڵێک گەمی لێ زەوت کردن. شارەکان بریتی بوون لە تۆرۆنی، غالیپسۆ، سێرمیلی، میکیڤێرنا و ئۆلینتوو. ئەو هەرێمە ناسراوە بە سیتۆنیا.

**[١٢٣]** ناوگانی دەریایی کسێرکیس لە چیای (ئابێلۆ)وە بەرەو ئاوەکانی دەوری چیای کاناستریێئۆن چوو کە لە قەراخ شاری پالینیس هەڵکەوتووە. کسێرکیس لەو شوێنە لەشکر و گەمییەکانی ئامادەکراوی ناوچەکانی پۆتیدیێئا، ئافیتی، نیێئاپۆلی، ئێغی، تێرامبۆ، سکیۆنی، مێندی و سانی تەحویل وەرگرت. ئەو شارانە لە هەرێمێک هەڵکەوتوون کە ئەمرۆ پێیان‌دەگووترێ پالینی و لە زەمانی زوودا ناسراو بوون بە فلێغری. کسێرکیس بەو کەنارانەدا تێپەڕی و بەرەو هەرێمی تێرمی چوو. لەشکر شارەکانی هەڵکەوتوو لەدوای ناوچەی پالینی و نیزیک بە کەنداوی تێرمی لەپاش خۆی جێهێشت. ناوی ئەو شارانە بریتین لە لیپاکسۆس، کۆمڤرییا، ئایسا، ییغۆنۆس، کامپسا، سمیلا و ئێنییا. ئەو هەرێمە ئەمرۆ ناسراوە بە کرۆسیێئا. لە شاری ئێنییا کە ئێستا باسم لێوەکرد، کەشتیگەلی دەریایی هاتە نێو ئاوەکانی کەنداو و ناوچەی میغدۆنیا و گەیشتە هەرێمی تێرمی، سیندۆ و خالێسترا لە کەنار رووباری ئاکسییۆس. ئەو رووبارە سنووری نێوان میغدۆنیا و ڤۆتیئێئیدا پێکدێنێ و لەسەر تەنگەبەرایی ئاویی ئێرە شارەکانی ئیخنێ و پێللا هەڵکەوتوون.

**[١٢٤]** بەواتایەک کەشتیگەلی کسێرکیس لەنێوان چۆمی ئاکسییۆس و شاری تێرمی و ئەو کۆمەڵە باژێرانەی لەو دەڤەرە هەن، لەنگەری گرت و چاوەڕوانی گەیشتنی کسێرکیس بوون. کسێرکیس خۆی لەگەڵ لەشکری پیادە لە شاری ئاکانتۆوە بە رێگای ویشکایی و دوور لە دەریادا بەرەو شاری تێرمی وەڕێکەوت. ئەو هەروەها ناوچەی پیێئۆنییا و کریستۆنی لە نیزیک چۆمی خیزۆرۆی[١] دەربازکرد. ئەو چۆمە لە وڵاتی کریستۆنی‌یەکانەوە سەرچاوەدەگرێ و ناوچەی میغدۆنییا پاراودەکا و دوایی لەنیزیک ڤۆپی‌یەکانی ناوچەی ئاکسییۆس تێکەڵ بە دەریا دەبێ.

---

١- روبارێکی فەڕانسەی ئەمڕۆ.

**[١٢٥]** کاتێک لەشکر بەو دەڤەرانەدا تێدەپەڕی، شێرەکانی ناوچە پەلاماری کاروانی وشترانیان‌دا کە ئازووقەیان لێ‌بارکرابوون. شێرەکان لە ئەشکەوتەکان دەهاتنەدەر و شەوانە بەردەوام هێرشیان دەهێنا و بەبێ ئەوەی خۆیان لە هیچ ئاژەڵێک یا مرۆڤێک بگەیێنن، لەجیۆە پەلاماری وشترانیان دەدا. بۆ منیش جێگای پرسیارە کە ئەو شێرانە بۆچی کاریان بەسەر ئاژەڵەکانی‌ترەوە نەبووە و تەنیا وشترەکانیان بەلاوە گرینگ بووە، لەحاڵێکدا پێشتر نە ئەو ئاژەڵەیان دیتووە و نە چێژیان لە گۆشتی وشتر وەرگرتووە.

**[١٢٦]** لەو ناوچەیە ژمارەیەکی زۆر شێر و گاکێوی دەژین. شاخی ئەو گایانە زۆر لەوە گەورەترە کە لە وڵاتی یۆنان بەرچاو دەکەون. شێرەکان لە شوێنێک دەژین کە بەهۆی چۆمی نێستۆس و چۆمی ئاخێلێ‌ئۆس گەمارۆدراوە. چۆمی نێستۆس ناوچەی ئاڤدیرا و چۆمی ئاخێلێ‌ئۆس دەڤەری ئاکارنانییا دابەش‌دەکەن. هەڵبەت نە بەلای رۆژهەڵاتی چۆمی نێستۆس لە رۆژهەڵاتی خاکی ئوروپادا هیچ شێرێک بەرچاو دەکەوێ و نە لە رۆژئاوای چۆمی ئاخێلێ‌ئۆس و باقی دەشتەکانی‌تر شێرێک دەژی. تەنیا لە خاکی نێوان ئەو دوو چۆمانەدا هەن.

**[١٢٧]** کسێرکیس وەختێک گەیشتە تێرمی، ئۆردوی سەربازی دامەزراند. لەشکری ناوبراو دوای جێگیربوون، تەواوی کەنارەکانی دەریای شاری تێرمی و مێغدۆنیا تا هەرێمی لیدیا و ئالیاکمۆنای داپۆشی. ئالیاکمۆنا سنووری نێوان ناوچەکانی ڤۆتی‌ئێ‌ئیدا و ماکێدۆنیا (مەقدونییە) پێکدێنێ و رووبەرێکی هاوبەش و ئاڵقەی پێوەندی نێوان هەردوو هەرێمە. هێزەکانی بەربەر لەوێ ئۆردوویان لێدا و لەنێو چۆمەکانی ئەو ناوچەیە، تەنیا رووباری خیدۆرۆس کە بە دەڤەری کریستۆنیادا دەڕوا، بەشی خواردنەوەی لەشکری نەکرد و ویشک هەڵگەڕا.

**[١٢٨]** کسێرکیس لە شاری تێرمی‌یەوە سەیری چیاکانی تێسالی کرد، واتە ئۆلیمپوس و ئۆسسا کە گەلێک بەرزە. ناوبراو ئاگادارکرایەوە کە رووباری پینیۆس بە دۆڵی بەرتەسکی نێوان ئەو دوو چیایەدا دێتەخوار. هەروەها بە

ناوبراو گووترا کە ئەو گەڵییە بۆ دەربازبوون بەرەو تێسالیا دەست دەدا. کسێرکیس گەرەکی بوو بەو دۆڵەدا هەڵکشێ و چاوی بە کانیاوەکانی رووباری پینیۆس بکەوێ و هەروەها بەدەم رۆیشتن بە گەڵیدا، رێگای سەرێ بگرێتەبەر و بەنێوەراستی خاکی مەقدونییەدا بگاتە ولاتی پێریڤۆسی‌یەکان و بە شاری (غۆنیۆ)دا تێپەڕێ. کسێرکیس زانیاری پێگەییبوو کە ئەو رێگایە تەواو ئەمنە و تووشی هیچ چەشنە مەترسییەک نایەن. وەختێک خۆی بە قەناعەت گەیی، لەجێوە بڕیاری‌دا و سواری گەمییەکی سیدۆنی بوو کە هەمووجارێ بۆ سەفەری لەو چەشنە کەڵکی لێوەردەگرت. کاتێک گەیشتە زارکی چۆم، (واتە ئەو شوێنەی کەنداوێکی بچووکی پێکهێنابوو)، لەوێ راوەستا و بانگی سەرکردە سەربازییەکانی کرد و پرسی ئاخۆ دەکرێ بواری ئەو چۆمە بگۆڕدرێ و ناچاری بکەن لە شوێنێکی‌تر تێکەڵ بە دەریا بێتەوە.

**[١٢٩]** بە گووتەی پیاوانی قەدیمی، دەریای ئێرە پێشتر گۆل بووە و دەوروبەری بە کۆمەڵێک چیا گیراوە. لە رۆژهەڵات چیای پیلیۆ و ئۆسسا داوێنەکانیان لە یەکتری گرێ‌داوە و بەریان بە گۆل گرتووە. لە باکوور کێوی ئۆلیمپوس و لە رۆژئاوا پیندۆس و لە باشووریش ئۆتریس پێشیان‌پێگرتووە. هەرێمی تێسالی لەنێوان ئەو کێوانەدا شێوەی تەشتێک دەدا. بەنێو ئەو تەشتە سروشتییەدا ژمارەیەک رووبار دەرباز دەبن. لەو رووبارانە پێنجیان ئەوانەن: پینییۆس، ئاپیدانۆس، ئۆنۆخۆنۆس، ئێنیپیڤس و پامیسۆس. ئاوی ئەوانە لە چیاکانی دەوری تێسالیا دابین‌دەبێ و لە دەشتی تێسالی کۆدەبنەوە. گشت چۆمەکانی ناوچە لێرە یەکدەگرنەوە و رووبارێکی گەورە پێکدێنن و بە یەک گوزەردا دەڕژێنە نێو دەریا و ئەوەش هەمان ئەو تەنگەبەراییەیە کە پێشتر باسم کرد. لەو جێگایەی چۆمەکان یەکدەگرنەوە، بەناوی پینییۆس ناسراوە و ناوەکانی‌تر رەش‌دەبنەوە.

هەڵبەت ئەوەش دەگووترێ کە لە زەمانی زوودا، ئەوکاتەی هێشتا ئەو دالان و تەنگەبەراییە دروست نەببوو، چۆمەکان و گۆلی ڤیڤی‌ئیس بەو

شێوەیە ناودێر نەکرابوون. ئەو دەمیش وەک ئێستا بە خوڕێن بوونە و تەواوی دەشتی تێسالیان گۆڕیوە و کردویانەتە دەریا. دانیشتووانی هەرێمی تێسالی خۆیان دەڵێن کە خواوەند پۆسیدۆن ئەو دالانەی کردۆتەوە، بۆوەی چۆمی پینییۆس بەوێدا دەربازبێ و وێدەچێ قسەکەشیان بەجێ بێ. خەڵکانێک باوەڕیان بەوە هەیە کە خواوەند پۆسیدۆن خولقێنەری بومەلەرزەیە و هەر ئەویشە کەلێن و قەڵشتەکان دروست دەکا. پیاو ئەگەر چاوی بە گوزەری پینییۆس بکەوێ، ئەوسا باوەڕدەکا کە ئەو کارە تەنیا دەسکردی خواوەند پۆسیدۆنە. من خۆم پێموایە جیابوونەوەی ئەو دوو چیایە و سازبوونی تەنگەبەرایی نێوانیان دەبێ بەهۆی بومەلەرزەوە بووبێ.

**[١٣٠]** کاتێک کسێرکیس پرسی کە داخوا چۆمی پینییۆس هیچ بواری‌تری بەرەو دەریا هەیە یان نا؟ چاوساغەکان کە شارەزای ناوچەکە بوون، لە وڵامدا گووتیان: "پاشا! ئەو چۆمە جیا لەو گوزەرە، خاوەن هیچ بوارێکی‌تر بەرەو دەریا نییە، چونکە دەڤەری تێسالی بەهۆی چیاکانەوە گەمارۆ دراوە ". دەگێڕنەوە کە کسێرکیس گوتوویەتی: "خەڵکی تێسالی گەلێک هێمن و گوێبەفەرمانن، چونکە لە دێرینەوە هەستیان بە لاوازی وڵاتەکەیان کردوە و زانیویانە خێرا زیانی پێدەگا و بە هاسانی داگیردەکرێ. تەنیا هەوڵێک بەسە تا بە بەنداوێک زارکی گەرووی چۆم ببەسترێ، ئەو کاتە تەواوی دەشتی تێسالیا، بە چیاکانیشەوە نوقمی ژێر ئاو دەبن ".

کسێرکیس کاتێک ئەو قسانەی کرد، هاوکات بیری لە ئالیڤئادی‌یەکان کردەوە. ئەوانە بەر لە یۆنانی‌یەکان ئیتاعەتی پاشایان قبوڵ کردبوو. کسێرکیس خۆی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوانە بە پاراستنی دۆستایەتی لەگەڵ پاشا، توانیویانە یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن.

### ئامادەکاری یۆنانییەکان بە مەبەستی بەربەرەکانی دژی پارسەکان

**[١٣١]** کسێرکیس ماوەیەکی زۆر لە پیێریا مایەوە، چونکە یەک لە سێی لەشکرەکەی ناچاربوو دارستانەکانی مەقدونییە ببڕێ، بۆوەی باقی هێزەکانی

بتوانن دەرباز بن و پاشان بچنە نێو خاکی وڵاتی پێرریڤیەکان. ئەو کۆمەڵە راسپاردەیەی ناوبراو کە بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و خواستی پاشا بەرێکرابوونە وڵاتی یۆنان، بەشێکیان بە دەستبەتاڵی گەڕانەوە و هێندێکیشیان بە وەرگرتنی ئاو و خاکەوە هاتنەوە.

**[١٣٢]** ئەوانەی ئامادەبوون خاک و ئاو پێشکەش بکەن، بریتی بوون لە خەڵکانی: تێسالی، دۆلۆپی، ئینیانی، پێرریڤی، لۆرکی، ماغنیتی، مالی، ئاخاییەکانی ناوچەی فتیۆتیدا، تیڤێیی و ڤیئۆتی جیا لە تێسپییەکان و پلاتێییەکان. باقی یۆنانییەکان سوێندیان خوارد کە دژی سپای داگیرکەر بەربەرەکانی بکەن. ناوەرۆکی سوێندەکە بەو جۆرە بوو: "ئەو یۆنانییانەی بەبێ هیچ زەختێک کەوتنە بەرەی پارسەکان و هیچکەس ناچار بەو کارەی نەکردبوون، کاتێک رەوشەکە هێوربۆوە، لەسەریانە یەک لە دەی دەستکەوتەکانیان پێشکەش بە خواکانی دێلفوس بکەن ".

**[١٣٣]** کسێرکیس راسپاردەی بۆ شارەکانی ئاتێن و سپارت نەناردبوو تا داوای ئاو و خاک بکەن. هۆی ئەو کارە دەگەڕاوە بۆ ئەوە کە داریوش سەردەمی خۆی وەڤدی بۆ هەمان مەبەست ناردبوو، بەڵام ئاتێنییەکان راسپاردەکانی داریوش‌یان هەڵداشتبوە نێو کەندالّی ڤاراترۆ[١] و سپارتییەکانیش ئەوانەی بەشی خۆیان لە بیری ئاو هاویشتبوو و پێیانگوتبوون کە لەو ژێرە ئاو و خاک زۆرە و دەتوانن بۆ پاشاکەیان بیبەنەوە. هەربۆیە کسێرکیس لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی خۆیدا هیچ راسپاردەیەکی نەناردە ئەو دوو شارە. من هیچ زانیارییەکم نییە ئاخۆ ئاتێنییەکان لەبەر ئەو رەفتارەیان تووشی ئەو گشتە نەهامەتییە هاتن و شار و دێهاتیان وێران بوو، یا لەبەر هۆیتر. دیارە من پێموانییە لەبەر ئەو رەفتارە بووبێ.

**[١٣٤]** بەپێچەوانەوە، تاڵتیڤیۆس، راسپاردەی ئاغامێمنۆنس گەلێک لە لاکێدێمۆنییەکان قەڵس و تورە بوو. لە سپارت پەرستگەی تاڵتیڤیۆسییەکان

---

١- هەڵدێرێک لە داوێنی چیای نیمفۆن، لەوێوە تاوانبارانیان هەڵدەداشت بۆوەی بکوژرێن.

هەیە و وەرەسەی ئەوانە کە ناسراون بە تالْتیڤی، خاوەن مافی بەڕێوەبردنی کاروباری راسپاردەکانن.

سپارتی‌یەکان ماوەیەکی زۆر بوو شەڕابەکانیان لەکاتی قوربانی‌کردن‌دا خاوەن چێژی رەسەنی خۆیان نەبوون، واتە خەڵکەکە چاکی بۆ نەدەهات و ئاکامی فالْ و پێشگۆییەکان نییەتی خێریان بەدواوە نەبوو. لاکێدێمۆنی‌یەکان لەو بارەوە گەلێک ناڕاحەت و نیگەران بوون و بۆیە زۆرجار خەڵکیان کۆدەکردەوە و بەگشتی لێیان‌دەپرسین ئاخۆ کەس هەیە ژیان و گیانی فیدای وڵاتی سپارت بکا. تەنیا دوو کەسی سپارتی بە ناوەکانی سپێرتیاس کوڕی ئانیریستۆس و ڤۆلیس کوڕی نیکۆلائۆس کە هەردووکیان سەر بە بنەماڵەی گەورە و ناسراو و دەوڵەمەند بوون، خۆبەخش هاتنە پێش و ئامادەییان دەربڕی و گەرەکیان بوو بچنە لای کسێرکیس و ناوبراو بە تۆڵەی کوژرانی راسپاردەکانی داریوش، ئەوانە بکوژێ. سپارتییەکان دواتر ئەو دوو کوڕەیان ناردە لای میدیاکان بۆوەی ببنە قوربانیی میللەتی خۆیان.

**[١٣٥]** جوامێری ئەو دوو مرۆڤە سەبارەت بەو قسانەی کردیان، جێگای شانازین. ئەوانە لەسەر رێگای چوون بۆ شاری شووش، سەردانی بارەگای ئیدرانیس‌یان کرد. ئیدرانیس بە رەگەز پارس و حوکمڕانی گەلانی نیشتەجێ لە کەنارەکانی بەشی ئاسیای دەریا بوو. ناوبراو ئەو دوو کوڕە سپارتی‌یەی وەرگرت و ژەمی نیوەڕۆ میوانی‌کردن و لەبەرئەوەی بیانی بوون، پێیگووتن: "لاکێدێمۆنی‌یەکان! ئێوە بۆچی دۆستایەتی پاشا ناخوازن؟ ئەوە دەبینن کە پاشا چۆن قەدری کەسانی لەخۆبردوو دەگرێ. سەیری من و سامانەکەم بکەن، ئێوەش کە مرۆڤی جوامێر و لەخۆبردوون، ئەگەر کڕنۆشتان بۆ پاشا بردبا و پەیڕەویتان لێ‌کردبا، هەرکامتان بەنۆرەی خۆتان دەبوون بە خاوەنی ناوچەیەکی وڵاتی یۆنان کە پاشا پێی‌دەبەخشین ".

میوانەکان لە وڵامی ئەو قسانەدا گووتیان: "ئیدرانی! ئەو پێشنیارەی جەنابت دوو روویانەیە، چونکە لەلایەک وەک کەسێکی خاوەن ئەزموون قسەدەکەی و لەلایەکیشەوە خۆت وەک کەسێکی بێ ئەزموون نیشان‌دەدەی.

تۆ دەزانی مرۆڤ کە کۆیلە بێ، مانای چییە؟ ویدەچێ تۆ چێژت لە ئازادی و سەربەستی وەرنەگرتووە و نازانی چەندە شیرینە. ئەگەر تەنیا بۆ یەکجار تامی ئازادیت چێشتبا، ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە پێشنیارت بە ئێمە دەکرد کە شەڕ بۆ ئازادی بکەین، ئەویش نەک بە نێزە، بەڵکوو بە کوتک ".

**[١٣٦]** ئەوە وڵامی کوڕەکان بۆ ئیدرانیس بوو و لەوێوە بەرەو شاری شووش وەڕێکەوتن و چوونە لای پاشا. پاسەوانەکان حوکمیان کرد و هەوڵی زۆریاندا کوڕەکان لەبەرامبەر پاشادا کڕنۆش بەرن و چۆکدابدەن. کوڕەکان وڵامیان داوە کە هیچکات کڕنۆش نابەن، تەنانەت ئەگەر بە زۆریش سەریان دانەوێنن، چونکە نە نەریتی ئەوانە سەری کڕنۆش دانەوێنن و نە بۆ ئەو مەبەستەش هاتوون. خۆڕاگریان لەخۆیان نیشاندا و پاسەوانەکان ناچاربوون بیانبەنە بەردەم پاشا. ئەوانە بە پاشایان گووت: "ئەی پاشای میدیاکان، لاکیدیمۆنی‌یەکان ئێمەیان بۆخاتری کوژرانی راسپاردەکانی ئێوە لە شاری سپارت ناردوەتە ئێرە، بۆوەی تۆڵەی خۆتان لە ئێمە بکەنەوە ". وەختێک قسەکەیان تەواو بوو، کسێرکیس بە گەورەییەکی تەواوەوە وڵامی کوڕەکانی داوە و گووتی کە ئەو وەک لاکیدیمۆنی‌یەکان رەفتارناکا. هەروەها گووتی کە ئەوان گشت یاساکانیان پێشێلکرد و راسپاردەکانیان کوشت، بەڵام تۆڵەی ئەو کردارە بە کوشتنی دوو کوڕی گەنج ناکاتەوە و بە کوڕەکانی گووت کە سەریان لێنادا. بەو شێوەیە ئەو تاوانە لەسەر شانی لاکیدیمۆنی‌یەکان لاچوو.

**[١٣٧]** دوای ئەو کردەوەیەی سپارتی‌یەکان تووڕەیی پەرستگەی تاڵتیڤیۆس نیشتەوە، هەرچەند کوڕە گەنجەکان، واتە سپێرتیاس و ڤۆلیس گەڕانەوە سپارت، بەڵام ساڵانێکی زۆر دواتر، لە کاتی شەڕی نێوان پێلۆپۆنیسی‌یەکان و ئاتێنی‌یەکان، وەک لاکیدیمۆنی‌یەکان خۆیان باسدەکەن، قینی خواوەند دوبارە گەڕاوە. بەباوەڕی من ئەو دیاردەیە خواییە: ئەوە رق و تووڕەیی تاڵتیڤیۆس سەبارەت بە کوژرانی راسپاردەکان تەقییەوە و هیچکات لەنێو نەچوو و تەنیا هێندێک لەکەمی‌دا و پێویستی بە پێداچوونەوەی

دادپەروەرانەی ئەو کردارە هەبوو. ئەوەش کە ئەو رقە بەسەر نەوەکانی ئەوانەدا، واتە کوڕی ڤۆلیس بەناوی نیکۆلائۆس و کوڕی سپێرتیاس بەناوی ئانیریستۆس بارییەوە کە وەختی خۆی باپیرەکانیان چوونە لای پاشا، دەگەڕێتەوە سەر هەمان دیاردەی خودایی.

ئانیریستۆس شاری ئالیئی ملکی ترینتیۆکانی بە زەبری گەمییەکی بازرگانی پڕ لە پیاوانی شەڕکەر داگیرکرد. ئەو رووداوە بە باوەڕی من، بە ئاشکرا خواستێکی ئیلاهی لەپشت بوو. ئەو دوو کەسەی دوایی (نیکۆلاس و ئانیریستۆس) لە سەردەمێکدا لەلایەن لاکیدێمۆنییەکانەوە وەک راسپاردە نێردرانە ئاسیا. پاشای تراکی بەناوی سیتالک کوڕی تیری خەیانەتی پێکردن و نیمفۆدۆرۆس، کوڕی پیتیئای خەڵکی ئاڤدیرا، ئەوانەی لە شاری ڤیسانتی سەر بە هەرێمی ئێلیسپۆندۆس تەحویل وەرگرت و لەوێرا ناردنی بۆ ناوچەی ئەتیکی و بەدەست ئاتێنییەکانەوە کوژران. لەگەڵ ئەوانە، ئاریستیئاس، کوڕی ئادیماندۆس، خەڵکی کۆرینتۆ، ئەویش کوژرا.[١] هەڵبەت ئەو رووداوانە سالانێکی زۆر دوای لەشکرکێشی کسێرکیس قەومان.

ئێستا دوبارە دەگەڕێمەوە سەر باسی رووداوە مێژووییەکان.

**[١٣٨]** لەشکری پاشا کە لەژێر ناوی شەڕ دژی ئاتێنییەکان وەڕێکەوتبوو، مەبەستی داگیرکردنی سەرتاسەری خاکی یۆنان بوو. یۆنانییەکان هەرچەند زۆر لەوە پێش ئەو هەواڵەیان پێگەیشتبوو، بەو حاڵەش گشتیان خاوەن یەک هەڵوێست نەبوون. بەشێک لە یۆنانییەکان ئاو و خاکیان پێشکەش بە پاشا کرد و هیواداربوون بەو شێوەیە زیانیان لەلایەن بەربەرەکانەوە پێنەگا. ئەوانەش کە ئامادەی خۆبەدەستەوەدان نەبوون، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ هاتبوون، چونکە ئەو کاتە لە یۆنان گەمی و پاپۆڕی جەنگی باش دەست نەدەکەوت تا بەرگری لە خۆیان بکەن و خەڵکێکی زۆریش ئامادە نەبوون

---

١- تۆکیدیس بەوردی باسی ئەو رووداوە دەکا و دەڵێ راسپاردەکانی پێلۆپۆنیسی ٦ کەس بوون و دەچوونە شاری شوش بۆوەی داوای یارمەتی لە پاشای پارس بکەن.

وەک سەربازی شەڕی دەریایی بەشداری بکەن، بەڵام لەجێوە خۆیان ڕادەستی میدیاکان دەکرد.

**[١٣٩]** لێرە ناچارم باس لە ڕوانگەیەک بکەم کە بوو بە هۆی حەسادەت و ئێرەیی زۆران. هەڵبەت ئەوەی ڕاستی بێ دەیڵێم و لاینگری لە هیچ لایەنێک ناکەم. ئەگەر ئاتێنی‌یەکان کە لەو هێرشە فرە دەترسان و هەردەم ئەو مەترسییە پتر لێیان‌نیزیک دەکەوتەوە، جێگۆڕکێیان کردبا، یا شاری ئاتێن‌یان چۆڵ‌نەکردبا و لەوێ مابانەوە و تەسلیمی کسێرکیس ببان، دیسانیش نەیاندەتوانی لە دەریادا دەرەقەتی هێزەکانی پاشا بێن. ئەگەر هیچکەسیش پێشی بە کسێرکیس لە دەریاوە نەگرتبا، ئەوکاتە لە شەڕی ویشکاییدا ئەو ڕووداوانە دەقەومان: سەرەڕای قەڵا و مەتەریزی فرە کە پێلۆپۆنیسی‌یەکان لە ناوچەی ئیستمۆ هەیان‌بوو، لاکێدێمۆنی‌یەکان کە هاوپەیمانەکانیان خەیانەتیان پێکردبوون و خۆیان بەدەستەوە دابوو، چونکە شارەکانیان بەدەست هێزی دەریایی بەربەرەکانەوە داگیردەکران، لەڕاستیدا بەتەنیا و لە گەمارۆدا دەمانەوە. بەو شێوەیە لاکێدێمۆنی‌یەکانی لەپەراوێزخراو و تەنیا، بەدڵنیاییەوە جوامێرانە شەڕیان دەکرد و قارەمانانە بە کوشتن دەچوون. لەهەرحاڵدا یا بارودۆخەکە بەو شێوەیە دەبوو کە باسم لێوەکرد یا بەدیتنی یۆنانی‌یەکانی‌تر کە چۆن ڕوو لەلای میدیاکان دەکەن، ئەوانیش بەرەبەرە تەسلیمی کسێرکیس دەبوون. کەوابوو لە هەردوو حاڵەتدا، یۆنان بەدەست پارسەکانەوە داگیردەکرا. من لەوە تێناگەم، وەختێک پاشا دەریاکانی بەدەستەوە بوو خێر و بێری قەڵا و مەتەرێزەکانی ناوچەی ئیستمۆ لەچیدا بوونە. ئەگەر ئەوڕۆ کەسێک، ئاتێنی‌یەکان وەک ڕزگاریدەری خاکی یۆنان سەیربکا، لەراستی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە قورسایی تەرازوو لەو قۆڵەدا بوو کە ئەوان بە کام لایەندا بکەون و چارەنووس بەرەو کوێیان بەرێ. ئەگەر وڵاتی یۆنان گەرەکی بوو بە ئازادی بژی، ئەوە ئەوان بوون خەڵکیان ڕاپەڕاند، بەتایبەت ئەوانەی هێشتا ڕوویان لەلای میدیاکان نەکردبوو. لەڕاستیدا هەر ئەوانەش بوون بە ئامۆژگاری و پێشگۆیی

تۆقێنەری کاهێنانی نێوەندی ئایینی دێلفوس کۆلێک ترس و خۆفیان ڕێنیشت و خاکی یۆنانیان چۆڵنەکرد و لەجێی خۆیان مانەوە و قورس و مەحکەم لەسەر بڕیارەکانیان لە بەرامبەر دوژمنی نیشتمانەکەیان وێستان و ئامادەی شەڕبوون.

**[١٤٠]** ئاتێنییەکان راسپاردەیان بەمەبەستی راوێژ و پێشگۆیی و وەرگرتنی ئامۆژگاری نارده نێوەندی دێلفوس و خۆیان لە چاوەڕوانیدا مانەوە. راسپاردەکان دوای بەجێگەیاندنی نەریتی ئایینی، چوونە نێو پەرستگە و دانیشتن. خاتوو کاهێنی ئەو سەردەمە (پیتیا) ناسراو بوو بە ئاریستۆنیکی. ناوبراو ئەو ئامۆژگارییەی دایە دەست راسپاردەکان:

*"ئەی چارەڕەشەکان، چاوەڕوانی چیدەکەن، بڕۆنە سەر سنوورەکانی کۆتایی بیچمی زەوی، ماڵ و ملک و شارە بازنەییەکەتان بە شاخ و چیاوە جێهێڵن.*

*چونکە بارودۆخەکە جێی متمانە نییە. نە سەر، نە لەش، نە قاچ، نە دەست و نە زگ رزگاری نایە و گشتیان تێدادەچن. ئاگر گشتیان دەسووتێنێ و ئەو کابرایە ئارپاییە پەلاماردەرە بەسواری فایتوونی سوور وڵاتەکەتان وێران‌دەکا. جیا لە ملک و ماڵی ئێوە، هەم قەڵا جوانەکان و هەم پەرستگەکان، هەرهەموویان دەسووتێنێ. ئەو پەرستگانەی ئەوڕۆکە لە ترسی ئەو هێرشە، پەیکەرەکانیان ئارەقەی کردووە. لەبەری ئاسمانەوە خوێنی رەش دەبارێ، ئەویش نیشانەی نەهامەتی مەترسیدارە.*

*بڕۆن و لە ژووری پیرۆزی مەعبەد دەرکەون و بەدەم نەهامەتییەکانتان ئازار بکێشن.*

**[١٤١]** وەختێک راسپاردەکانی ئاتێنی گوێیان لەو پێشگۆییە بوو، ناهومێدی دایگرتن. راست لەو کاتەدا کە پێیانوابوو بەدوای ئەو پێشگۆییە تووشی چارەڕەشی دێن، تیمۆن کوڕی ئاندرۆڤوولۆس، یەکێک لە گەورە پیاوانی ناسراوی دێلفوس چاوی بە راسپاردەکان کەوت و پێشنیاری پێکردن کە ئەوجار چڵە زەیتوونێک بە نیشانەی مریدایەتی وەک نەریتی ئەو

سەردەمە بەدەستەوە بگرن و چەشنی مریدی پەرستگە بچنەوە ئەویّ و داوای پێشگۆیی دوبارە بکەنەوە. ئاتێنییەکان بە قسەی کابرایان کرد و بە خوایان گووت: "خوایە! بە ئیحترامی ئەو چڵە زەیتوونە هاتووینەوە لای تۆ، تکایە پێشگۆیی باشترمان سەبارەت بە چارەنووسی نیشتمانەکەمان بۆبکە و ئامۆژگاری پڕ لە خێر و بێرمان بدەیە. ئەگەر داواکەمان قبوڵ نەکەی لەو پەرستگەیە دەرناکەوین و تا ئەو رۆژەی دەمرین لێرە دەمێنینەوە ". کاتێک ئەو قسانەیان کرد، خاتوو پیتیا (کاهێنی مەزن) پێشگۆیی دووهەمی دانیّ:

*"خواوەند ئاتینا ناتوانیّ دڵی خواوەند ئۆلیمبیۆ دیا نەرم بکا، هەرچەند بە فرەوێژی و عەقڵانییەتی تۆکمە هەولێکی زۆری لەگەڵدا. بەڵام ئەوجاریش ئەو قسەیەت پێدەڵێم کە وەک ئەڵماس رەقە. کاتێک گشت وڵاتەکە دەستی بەسەردا گیرا، واتە ئەوەندەی بەهۆی کێکرۆپس (پاشای ئەفسانەیی ئاتێن) دیاریکرابیّ، هەرچەند کیتیرۆناس (ئاتێن) ئەشکەوتی قوڵی هەبیّ، خوای گەورە دیا شورای چێوی بە دەوری تریتۆیێنی (ئاتێن)دا دەکێشیّ. ئەوە تەنیا رێگای رزگاری بۆ تۆ و منداڵەکانتە."*

*بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی هێزی سوارە و لەشکری پیادەی گەورە مەکەن کە لە رێگای ویشکاییەوە بیّ. پاشەکشە بکەن و پشتی تێبکەن و وەختی ئەو شەڕەش دێت. خواوەند سالامینا، تۆ دەبییە هۆیەک تا دایکان منداڵەکانیان لەدەست بدەن، ئەویش لەو کاتەدا کە مرۆڤەکان کێڵگەکان دادەچێنن یا خەریکی دروێنە دەبن!*

**[١٤٢]** ئەو پێشگۆییەی دوایی تۆزێک نەرمتر بوو و راسپاردەکانی ئاتێنی، ئەوانیش هەر لەو باوەڕەدا بوون. خێرا لە روویان نووسییەوە و بەرەو ئاتێن گەڕانەوە. کاتێک گەیشتنەوە، لەجێوە دەقی پێشگۆییەکەیان بۆ جەماوەر خوێندەوە. لە حاڵێکدا ئەو راسپاردانە خەریکی لێکدانەوەی پێشگۆییەکە بوون، روانگەی جۆراوجۆر لەلایەن خەڵکەوە هاتنەگۆڕیّ و دوو لە بۆچوونەکان پتر

گرینگیان پێدرا. پیاوانی بە ساڵاچوو پێیانوابوو کە قەڵای ئاکرۆپۆلیس دەتوانێ بیانپارێزێ. لە زەمانی زوودا، شورایەکی چێوی لە دەوری قەڵای ئاکرۆپۆلیس هەبوو و پیرانی ئاتێنی لایانوابوو کە مەبەستی ئامۆژگارییەکە هەمان ئەو دیوارە چێویەیە. خەڵکانیتر مەبەستی دیواری چێوییان بە هەبوونی گەمی زۆر و باش لێکداوە و لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ ئەو لایەنە پتر گرینگی پێبدرێت و بەشەکانیتریان بەجارێک وەلانابوو. هەڵبەت ئەوانەی پێیانوابوو کە دیواری چێوی پێشگۆییەکە، مەبەست لە گەمییەکانە، بە دوو دێری خوارەوە وەشک و گومان کەوتبوون.

*"خواوەند سەلامینا! تۆ دەبییە هۆیەک تا دایکان منداڵەکانیان لەدەست بدەن، ئەویش لەو کاتەدا کە مرۆڤەکان کێڵگەکان دادەچێنن یا خەریکی دروێنە دەبن!"*

ئەو دوو دێرەی خوارەوە لەگەڵ بۆچوونی ئەو کەسانە نەیدەخوێندەوە کە دەیانگووت مەبەست لەو دیوارە چێوییە گەمییەکانن، چونکە پێشگۆیی‌ناسان لەو باوەڕەدا بوون ئەوە مانای شەڕی دەریایی لە سالامینا و تێداچوون دەدا.

**[١٤٣]** لەنێو جەماوەری ئاتێنیدا، کەسێک هەبوو کە ئەو دواییانە وەک پیاوێکی ناسراوی شار ناوبانگی دەرکردبوو و پێیدەگووترا تێمیستۆکلیس، بەڵام بەناوی کوڕی نێئۆکلیس بانگیان دەکرد. ئەو کابرایە لەو باوەڕەدا بوو کە زانایانی بواری پێشگۆیی لێکدانەوەی تەواویان سەبارەت بەو فاڵە بە جەماوەر نەداوە. ئەو بەو جۆرە قسەی کرد: "ئەگەر قسەکانی خواوەند رووی لە خەڵکی ئاتێن بوایە، ئیتر ئەوکات پێویست نەبوو زبانی خۆشنییەت و هیوابەخش بەکاربێنێ و لەجیات خواوەند سالامینا یەکسەر دەیگووت سالامینای تۆقێنەر، هەڵبەت ئەگەر قەرار بوایە ئاتێنییەکان لەو دەڤەرە یا لە نیزیک ئەوێ بکوژرێن. ئەگەر کەسێک بەدروستی پێشگۆییەکە لێکبداتەوە، ئەوکاتە تێدەگا کە گشت ئەو قسانە رووی لە دوژمنە، نەک لە خەڵکی ئاتێن.

دەڵێ ئاتێنی‌یەکان خۆیان بۆ شەڕی دەریا ئامادە بکەن و دیواری چێوی بە گەمییەکانیان دروست بکەن ".

ئەو لێکدانەوەیە لە هی پێشگۆیی‌ناسانی‌تر وێچووتر بوو. ئەوان خەڵکیان هاندەدا خۆیان لە شەڕی دەریا نەدەن و پێشنیاریان دەکرد کە بەربەرەکانی نەکرێ و خەڵکی ناوچەی ئەتیکی هەرێمەکەیان چۆل بکەن و بەرەو شوێنی‌تر بڕۆن.

**[١٤٤]** بەر لە هاتنی ئەو ئامۆژگارییە و بۆچوونی تێمستۆکلیس، لەنێو خەزێنەی حکوومیدا پارەیەکی فرە لە داهاتی کانزاکانی ناوچەی لاڤریۆ کۆببۆوە و قەرار بوو بە هەر ئاتێنی‌یەک یەک دراخم (درهەم) لەو پارەیە بدرێ. تێمیستۆکلیس کاربەدەستانی حکوومی رازی‌کرد دەست لە دابەش‌کردنی پارەکە هەڵگرن و لەجیات ئەو باشترە خەرجی دروست‌کردنی دوو سەد گەمی جەنگی بکەن. مەبەستی ناوبراو شەڕ دژی ئێیینا بوو. ئەو شەڕە وڵاتی یۆنانی نەجات‌دا، چونکە ئاتێنی‌یەکانی ناچارکرد ببنە خەڵکی دەریایی. هەرچەند گەمییەکان بۆ ئەو مەبەستە دروستکران، بەڵام کەڵکیان لێوەرنەگیرا و لە وەختێکی‌تردا بۆ یۆنان بەوەج بوون و خێریان‌داوە. ئەو کۆمەڵە گەمییە بۆیە دروست‌کران و بوونە ناوگانی ئاتێنی‌یەکان، چونکە پێویستییان بە گەمی پتر هەبوو. دوای گەیشتنی ئامۆژگارییەکە گەورە پیاوانی ئاتێنی کۆبوونەوە و پاش کڕنۆش بردن بۆ خواکان، بڕیاریان‌دا یەکگرتووانە و بەیارمەتی گەمییەکانیان و گشت ئەو یۆنانییانەی ساغ بوونەتەوە کە لە شەڕدا بەشدار بن، دژی کابرای بەربەر کە لەشکری هێنابوو، خۆڕاگری بنوێنن.

**[١٤٥]** ئەوە باسی پێشگۆییەکان بوو کە درانەدەست راسپاردەکانی ئاتێنی. یۆنانییەکان دوای ئەوەی بڕیاریاندا شەڕبکەن، کۆبوونەوە و راوێژێکیان کرد و سوێندیان خوارد و یەکەم بابەتی گرینگییان پێدا، وەلانانی کێشە و گرفتی نێوەخۆیی و کۆتایی‌هێنان بە دوژمنایەتی و شەڕ دژی هەڤدوو بوو.[١] ئەو سەردەمە بەشێک لە یۆنانییەکان خەریکی شەڕی نێوەخۆیی بوون و

---

١- زۆر وێدەچێ ئەو کۆبوونەوەیە لە ئیستمۆ رێکخرابێ.

خوێناویترین شەڕ لەنێوان ئاتێنییەکان و ئێیینییەکاندا قەومابوو. یۆنانییەکان وەختێک خەبەریان پێگەیی کە کسێرکیس لەگەڵ لەشکرەکەی لە شاری ساردە، بڕیاریاندا چەند کەسێک وەک سیخوڕ بنێرنە ئاسیا تا هەڵسوکەوتی پاشا بخەنە ژێر چاوەدێری و هەروەها سەفیرێک بنێرنە هەرێمی ئارغۆس بۆوەی هاوپەیمانی دژی پارسەکان دامەزرێنێ و راسپاردەش بنێرنە سیکێلیا بۆ لای یێلۆنی کوڕی دینۆمێنی و هەروەها بۆ هەرێمی کێرکیرا و داوای یارمەتییان لێبکرێ. چەند راسپاردە چوونە کرێت، بەو مەبەستە کە ئەگەر ئیمکانی هەبێ، تێکەڵ بە هاوپەیمانی یۆنانییەکان بن و هەموویان پێکەوە کاربکەن، چونکە مەترسییەکە گشتگیرە. ئەو جۆرەی باسدەکرا، یێلۆن خاوەن هێزێکی زۆر بوو و دەکرێ بڵێم پتر لە لایەنەکانیتری یۆنانی.

**[١٤٦]** کاتێک لەسەر بابەتەکان ساغ بوونەوە، بەرلە هەر کارێک شەڕی نێوەخۆییان راگرت و سێ کەس سیخوڕیان ناردە ئاسیا. ئەوانە گەیشتنە شاری سارد و کۆڵێک زانیارییان سەبارەت بە لەشکری پاشا کۆکردەوە، بەڵام فەرماندەرانی هێزی پیادەی پارس لێیان وەشک کەوتن و ئەشکەنجەیاندان و بردیانن بۆ سەر لێدان. ئەوانە مەحکوم بە مەرگ ببوون. کسێرکیس بە کێشەکەی زانی و بڕیاری سەرکردەکانی نیزامی گۆڕی و چەند پاسەوانێکی خۆی بە فەرمانێکەوە نارد تا سیخوڕەکان ئەگەر نەکوژرابن، بێننە لای ئەو. پاسەوانەکان ئەو سیخوڕانەیان دۆزییەوە و هەرسێکیان بردنە لای پاشا. کسێرکیس کاتێک لەوانەی بیست کە بە مەبەستی سیخوڕی هاتوون، فەرمانی بە چاوساغەکانی خۆیدا سیخوڕەکان بە وڵاتیدا بگێڕن و گشت جێگایەک، بە لەشکری پیادە و سوارە نیزامەوە نیشانیان بدەن. کاتێک سیخوڕەکان لە گەڕان و دیتن تێربوون، ئەوسا ئازادیان بکەن و بۆ هەر وڵاتێک دەچن پێشیانپێنەگرن و سەربەست بن.

**[١٤٧]** لەگەڵ دەرکردنی ئەو فەرمانە، کسێرکیس ئەوەشی گووت کە بە کوژرانی سیخوڕەکان، نە یۆنانییەکان دەیانزانی کە پاشا خاوەن چ هێزێکی

زۆرە و نە دوژمنیش بە کوژرانی سێ کەس هیچی بەسەردەهات. بەپێچەوانەوە، ئەگەر ئەوانە بگەڕێنەوە یۆنان، ئەوکاتە یۆنانییەکان زانیاریان سەبارەت بە سپای بەهێزی پاشا دەستدەکەوێ و ترسیان ڕێدەنیشێ و ڕەنگە بەرلەوەی لەشکر ئامادەی پێشڕەوی بێ، ئەوان خۆیان بەدەستەوە بدەن و ئیتر پێویستی بەو گشتە خۆماندوو کردنە نەبێ.

کسێرکیس لە شوێنێکیتریش هەر ئەو هەڵوێستەی نیشان‌دا. لە شاری ئاڤیدۆ، کاتێک گەمیە گەنمهەڵگرەکان لە ئاوەکانی پۆندۆس وەڕێکەوتبوون و بەرەو ئێلیس‌پۆندۆس دەچوون. پیاوانی هاوڕێی کسێرکیس پێیانزانی کە ئەوانە گەمی دوژمنن، ئامادەی پەلامار و چاوەڕوانی فەرمانی پاشا بوون. کسێرکیس پرسیاری کرد کە ئەو گەمییانە بەرەو کوێ دەچن. هاوڕێکانی وڵامیان داوە: "دەچنە لای دوژمنانی تۆ و گەنمیان بۆ دەبەن ". کسێرکیس وەقسەهات و گووتی: "باشە مەگەر ئێمەش بەرەو ئەوێ ناچین و کۆڵێکیش گەنم و دانەوێڵەمان پێیە! چوونی گەنم چ زیانێک بە ئێمە دەگەیێنێ، ئەوانە ئەو گشتە گەنمە بۆ ئێمە دەبەنە ئەوێ ".

سیخوڕەکانی یۆنانی پاش ئەوەی هەموو جێگایەکیان پێ‌نیشان‌درا، ئازادکران و بەرەو ئوروپا گەڕانەوە.

**[١٤٨]** ئەو یۆنانییانەی سوێندیان خواردبوو لە بەرامبەر پارسەکاندا بەرگری لە خۆیان بکەن، هەر بەدوای گەڕانەوەی سیخوڕەکان، خێرا وەڤدێکیتریان بۆ جاری دووهەم ناردە شاری ئارغۆس. ئارغۆسی‌یەکان لەلایەن خۆیانەوە بەو چەشنە باسی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکەن: لە سەرەتاوە زانیاری تەواویان سەبارەت بە ئامادەکاری لەشکری بەربەر دژی وڵاتی یۆنان هەبوو و لە مەبەستی پارسەکان گەیشتبوون، بەڵام پێیانوابوو کە یۆنانییەکان بەئەنقەست دەخوازن دژی پارسەکان تووشی شەڕیان بکەن، هەربۆیە ڕاسپاردەیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس، تا لە خواوەند بپرسن کە چ هەڵوێستێک پتر بە قازانجیانە. ئارغۆسی‌یەکان هێندە لەمێژ نەبوو کە شەش هەزار کەسی شەڕکەریان لە بەربەرەکانی دژی لاکێدێمۆنی‌یەکاندا

لەدست دابوو. فەرماندەی لاکێدیمۆنی، کلیئۆمێنیسی کوڕی ئاناکساندریدیس سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کردبوو. ئارغۆسی‌یەکان بەهەرحاڵ داوای پێشگۆییان لە نێوەندی دێلفوس کرد. دەگێڕنەوە کە پیتیا لە وڵامی پرسیاری ئەوانەدا گوتبووی:

*"ئەی گەلی جێگای نەفرەتی دراوسێکان و خۆشەویستی خواکان! لەنێو قەڵا و مەتەرێزەکانی خۆتاندا نێزە بەدەست بمێننەوە و سەرتان بپارێزن، با لەشتان رزگاری بێ".*

ئەوە وڵامی پیتیا بوو. دواتر راسپاردەکان گەیشتنەوە شاری ئارغۆس و یەکراست چوونە ژووری مەجلیس و باسی ئەرکی پێئەسپێردراوی خۆیان کرد. لە جوابی ئەوانەدا، ئارغۆسی‌یەکان رایانگەیاند کە ئامادەی هاوپەیمانی لەگەڵ یۆنانییەکان هەن، بەو شەرتەی پەیمانی ئاشتی سی ساڵە لەنێوان ئەوان و لاکێدیمۆنی‌یەکاندا مۆربکرێ و نیوەی هێزەکانی لەشکری یۆنانیش لەژێر فەرمانی ئەواندا بن، هەرچەند لەڕاستیدا دەبوایە سەرکردایەتی لەشکریی بەوان بسپێردرێت، چونکە بەرهەق بوون. لە کۆتاییدا بە نیوەی لەشکر رازی بوون.

**[١٤٩]** ئەوە قسەی ئارغۆسی‌یەکان بوو. مەجلیسەکەیان بەو شێوەیەی باسم کرد وڵامی داخوازییەکەی داوە و هەرچەند لە پێشگۆییەکەدا هاتبوو کە خۆیان لە هاوپەیمانی کردن بپارێزن. سەرەڕای ترسێکی زۆر لەو پێشگۆییە، ئامادەی ئاشتیەکی سی ساڵە بوون، چونکە لەو ماوەیەدا مناڵەکانیان هەڵیان‌دەدا و دەبوون بەپیاو. ئەوان لەوەش دەترسان کە دوای ئەو گشتە نەهامەتییە، دوبارە بکەونە بەر پەلاماری پارسەکان و پاشان ببنە کۆیلەی بەردەستی لاکێدیمۆنی‌یەکان.

راسپاردەکانی سپارتی وڵامی بۆچوونەکانی مەجلیس‌یان داوە: سەبارەت بە مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی، پێویستە بگەڕێنەوە لای خەڵکی شاری سپارت بۆوەی بزانن چ بڕیارێک دەدەن. لەمەر پاشایەتی کردن، بڕیار بەدەست بوون

و گووتیان کە سپارتی‌یەکان ئێستا دوو پاشایان هەیە، ئارغۆسی‌یەکانیش پاشایەک، ناکرێ هیچ پاشایەکی سپارتی لە دەسەڵات بکەوێ، واباشترە سێ پاشا حوکمڕانی بکەن و با پاشای ئارغۆسی‌یش وەک ئەوانی‌تر خاوەن دەنگێک بێ.

ئارغۆسی‌یەکان هەستیان کرد کە پاشای ئەوان بە تەنیا دەنگێک ناتوانێ لە بەرامبەر سپارتی‌یەکاندا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی هەبێ و بۆیە پێیان باشتر بوو پاڵ وەهێزی بەربەرەکان بدەن، نەک ناچار بە قبوڵکردنی خواستی لاکێدێمۆنی‌یەکان بن. هەر لەجێوە فەرمانیان دەسەر راسپاردەکانی سپارتی کرد بەر لە رۆژئاوابوون وڵات جێهێڵن و لەوێ نەمێننەوە، ئەگینا چەشنی دوژمن رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

**[١٥٠]** ئەوانەی تا ئێستا باسم کردن قسەی ئارغۆسی‌یەکان بوو. دیارە سەبارەت بەو گرفتە بۆچوونی‌تریش هەیە و لە شارەکانی یۆنانی گوێبیسی بوومە و دەڵێن کسێرکیس بەرلەوەی لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی یۆنان، پیاوی ناردوەتە لای ئارغۆسی‌یەکان. کاتێک راسپاردەی کسێرکیس گەیشتووەتە جێ، پێیگوتوون: "ئارغۆسی‌یەکان! کسێرکیس پاشا ئەو پەیامەی بۆ ئێوە ناردوە، ئێمەی پارس پێمانوایە نەوەی پێرسی کوڕی پێرسێ‌ئای کوڕی دانائییس و خاتوو ئاندرۆمیدای کچی (کیفێ‌ئا)ین. وێدەچێ هەردوو لامان خاوەن یەک رەگەز بین. کەوابوو ماقوڵ نییە ئێمە دژی باب و باپیرانی خۆمان لەشکرکێشی بکەین و ئێوەش هەر بەو چەشنە نابێ کاتی هاتنی ئێمە کە دەخوازین تۆڵەی خۆمان لە کەسانی‌تر بکەینەوە، دژبەرایەتیمان بکەن. باشتر وایە لە وڵاتی خۆتان بەبێدەنگی بمێننەوە. ئەگەر ئەو جۆرەی من دەخوازم کارەکان جێبەجێ بن، هیچکەسم بەقەدەر ئێوە خۆش ناوێ ". وەک دەگووترێ هەرکە ئارغۆسی‌یەکان گوێیان لەو قسانە بوو، تەواوێک کاری تێکردن. راسپاردەکانیش سەرەتا نە داوای ئاو و خاکیان کرد و نە لەشکری ئامادە.

ئارغۆسی‌یەکان پشتگەرم بە بەڵێنی پارسەکان، وەختێک لەگەڵ راسپاردەکانی یۆنانی دانیشتن، لەجێوە داوای بەشکردنی دەسەڵاتیان لەگەڵ

لاکێدێمۆنی‌یەکان هێنا گۆڕێ و شێوە بیانوویەک بۆ ڕێکنەکەوتن بوو، چونکە باش دەیانزانی لاکێدێمۆنی‌یەکان ئەو شەرتە پەسند ناکەن و بەوجۆرە سپارتی‌یەکان لە یەخەی خۆیان دەکەنەوە.

**[١٥١]** یۆنانی‌یەکان بۆ ڕاستی ئەو قسەیە، ئەوەش دەڵێن: "ساڵانێکی زۆر دوای ئەو ڕووداوانە، فرسەتێک دەسکەوت و بەمەبەستی کارێکی‌تر سەردانی شاری شووش (مێمنۆنۆس)یان کردوە. کالیاس کوڕی ئیپۆنیکۆس و چەند کەسێکی هاوڕێی وەک ڕاسپاردەی ئاتێنی چووبوونە ئەو شارە.[1] ڕاست لەو کاتەدا نوێنەرانی ئارغۆسیش لە شووش بوونە. ئارغۆسی‌یەکان ویستوویانە لە ئارتاکسێرکیسی (ئەردەشیر) کوڕی کسێرکیس بپرسن ئاخۆ ئەو پەیمانە دۆستایەتییەی کاتی خۆی لەگەڵ کسێرکیس مۆرکراوە، هەروا لەجێی خۆیدا ماوە یاننا، یا ئارتاکسێرکیس بە چاوی دوژمن سەیری ئەوان دەکا. دەڵێن ئارتاکسێرکیس گوتوویەتی بەچاوی دۆست سەیریان دەکا و هیچ شارێک لە ئارغۆس بە دۆستتر نازانێ.

**[١٥٢]** من بە دڵنیاییەوە ناتوانم بڵێم کە کسێرکیس ڕاسپاردەی ناردبێتە شاری ئارغۆس تا بەو جۆرەی باسمکرد لەگەڵیان ڕێککەوتن مۆربکا یا ئەوە کە ئارغۆسی‌یەکان چووبنە شاری شووش. هەڵبەت زانیاری پتر لەوەی ئارغۆسی‌یەکان خۆیان دەیهێننە بەرباس، لەگۆڕێدا نییە. من تەنیا ئەوەندە دەزانم کە ئەگەر گشت مرۆڤەکان ڕازی‌بان هەڵەکانیان بە ئاشکرا بێننە مەیدان و لەگەڵ هەڵەی دراوسێکانیان بیانگۆڕنەوە، سەرەتا بەوردی لە هەڵەی ئەوان ورد دەبوونەوە و لە کۆتاییدا بە کۆنەکەی خۆیان ڕازی‌دەبوون و دەگەڕانەوە. کەوابوو هەڵەی ئارغۆسی‌یەکان لە هی ئەوانی‌تر گەورەتر نەبوو. من ناچارم ئاماژە بەو زانیارییانە بکەم کە هەن ناچاریش نیم باوەڕیان پێبکەم و ئەو هەستەشم لە سەرتاسەری نووسینەکەمدا پاراستوە. دیارە ئەوەش دەگووترێ کە ئارغۆسی‌یەکان خۆیان داوایان لە کابرای پارس

---

١- پەیمانی ئاشتی کالیاس، ناسراو بووە و لەنێوان ئاتێنی‌یەکان و پاشای پارس لە ساڵی ٤٤٨ی پێش‌زاییندا مۆرکراوە.

(کسێرکیس) کردوە لەشکر بێنێتە سەر خاکی یۆنان، چونکە لەشەڕ دەگەڵ لاکیدیمۆنی‌یەکاندا تووشی شکست هاتبوون و گەرەکیان بوو بەهەر شێوەیەک کە بگونجێ لەو نەهامەتییەی تووشیان هاتبوو، رزگارییان بێ.

**[١٥٣]** سەبارەت بە ئارغۆسی‌یەکان هەرئەوەندە زانیارییەم هەبوو و هێنامە بەرباس.

کۆمەڵێکی‌تر لە راسپاردەی هاوپەیمانان گەیشتنە شاری سیکێلیا بۆوەی چاویان بە ییلۆن بکەوێ. لەنێو ئەو کۆڕەدا ئیڤاغۆراسی لاکیدیمۆنی بەرچاودەکەوت. ئەژدادی ییلۆن وەک موهاجیر لە ییلا ژیابوون و لە حەسڵدا خەڵکی دورگەی تیلۆ لەنیزیک باریکە خاکی تریۆپیۆ[١] بوونە. کاتێک شاری ییلا بەهۆی لیندی‌یەکانی دورگەی رۆدۆس و خواستی ئەندیفیمۆس بنیاتدەنرا، ئەژدادی ییلۆن لەگەڵیان بوونە. پاش تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر، نەوەکانی ئەو خانەدانە بوونەتە پیاوانی ئایینی پایەبەرزی خواکانی ژێرعەرز. یەکێک لە نەوەکانی ناوبراو بەناوی تیلینیس ئەو پلە بەرزە ئایینییەی بەو شێوەیە پێبڕاوە. جەماوەرێک لە دانیشتووانی شاری ییلا سەرهەڵدانێکیان وەڕێخستبوو و پاشان پەنایان بۆ شاری ماکتۆریۆ بردبوو کە لە سەرووی شاری ییلا هەڵکەوتبوو. تیلینیس ئەو نارازییانەی دوبارە هێناوە شاری ییلا، بەبێ ئەوەی کەڵک لە هێزی سەربازی وەرگرێ، بەڵکوو تەنیا بە حوکمی ئایینی پیرۆزی خوا شاراوەکان توانی ئەوانە رازی بکات کە بگەڕێنەوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ناوبراو خۆی تەنیا ئەو حوکمانەی پێگەیشتبوو یا لە کەسێکی‌تری وەرگرتبوو، دەبێ بڵێم زانیارییەکم لەو بارەوە نییە، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە ئەو توانی ناڕازییەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان. ئەوەی بۆ من لێرەدا جێگای پرسیارە، چۆن ئەو خەبەرەی پێگەیشتووە و توانیویەتی کارێکی ئەوتۆ جێبەجێ بکا. بەپێی زانیارییەکانم دەبێ بڵێم کە تیلینیس توانایی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەی هەبووە، هەرچەند جێبەجێ کردنی کاری ئەوتۆ لە توانایی هەرکەسدا نییە، چونکە پێویستی بە هێزی

---

١- تریۆپیۆ، ریزەچیای کاریا لەنیزیک کیندۆس.

رووحی و بوێری هەیە. وەک سیکێلی‌یەکان دەگێڕنەوە، ئەو کابرایە بەپێچەوانەوە، مرۆڤێکی دڵناسک و ژنانیلە بووە. گرینگ ئەوەیە کە تیلینیس بە جێبەجێ‌کردنی ئەو کارە توانی ببێتە خاوەن پلەیەکی بەرزی ئایینی.

**[١٥٤]** کاتێک کلیۆئاندرۆس کوڕی پانداریس کە ماوەی حەوت ساڵان حوکمڕانی شاری یێلا بوو، بەدەستی ساڤیلۆسی خەڵکی ئەو باژێڕە کوژرا، براکەی بەناوی ئیپۆکراتیس دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە ئیپۆکراتیس فەرمانڕەوا بوو ، یێلۆن نەوەی تیلینی کاهێنی مەزن، لەگەڵ چەند کەسی‌تر پاسەوانی تایبەتی ئیپۆکراتیس بوون. لەنێو ئەو پاسەوانانەدا، ئێنیسیدیمۆس کوڕی پاتێکۆس.....[١] دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی جوامێری خۆی کرا بە سەرکردەی تەواوی هێزی سوارە. وەختێک ئیپۆکراتیس دانیشتووانی کالیپۆلیتی، ناکسۆسی، زانکلیۆئی، لیۆنۆدینی و سیراکوسی لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکانی بەربەری گەمارۆدا، بوێری یێلۆن لەو شەڕەدا بەڕوونی دەرکەوت. لەو شارانەی ناوم هێنان، هیچکامیان جیا لە شاری سیراکۆسی‌یەکان نەیانتوانی لە شەڕی داگیرکاری ئیپۆکراتیس ڕزگاریان بێ و گشتیان تەسلیم بوون. سیراکوسی‌یەکان لە شەڕی نیزیک چۆمی ئێلۆرۆ شکستیان خوارد، بەڵام کۆرینتی‌یەکان و کێرکیری‌یەکان خێرا لە فریایان کەوتن.[٢] ئەوانە دوایی سیراکوسی‌یەکانیان ڕازی‌کرد ڕیککەوتن‌نامەیەک لەگەڵ ئیپۆکراتیس مۆربکەن و نەجاتیان بێ، واتە شاری کەمارینا ڕادەستی ئیپۆکراتیس بکەنەوە کە پێشتر مڵکی عەشیرەتی ئەو بوو.

**[١٥٥]** ئیپۆکراتیس چەند ساڵێک پاشایەتی کرد و براکەشی بەناوی کلیۆئاندرۆس لە نیزیک شاری ئیڤلا و لە شەڕێک دژی سیکێلی‌یەکاندا کوژرا. هەردوو برا ماوەیەکی کورت و بەقەرا یەکتر حوکمڕانیان کرد.

یێلۆن سەرەتا وەها خۆی نیشان‌دا کە سەرپەرستی مناڵەکانی ئیپۆکراتیس، واتە ئێڤلیدیس و کلیۆئاندرۆسی بەئەستۆوەیە. دانیشتووانی یێلایی دوای

---

١- بۆشایی لە تێکستدا.

٢- سیراکۆسی‌یەکان و هەرێمی کێرکیرا ژێردەستەی کۆرینتی‌یەکان بوون.

نەمانی ئیپۆکراتیس و کلیئاندرۆس هەستیان بە ئازاری خۆیان دەکرد و گەرەکیان نەبوو بچنەوە ژێر نیری دەسەڵاتی کەسێکیتر، واتە کوڕەکانی ئیپۆکراتیس حوکمڕانیان بەسەردا بکەن. ییلۆن ڕێگای شەڕ دژی ئەو خەڵکە ئازادیخوازەی گرتەبەر و شکستیدان و دەسەڵاتی وەدەست هێنا و منداڵەکانی ئیپۆکراتیسیشی خۆڕایی کرد و وەلاینان. دوای ئەو شەڕە و سەرکەوتنی ییلۆن، خەڵکی ییلا بەیارمەتی کۆیلەکان کە ناسراو بە کیللیری بوون، گشت ملکدارە گەورەکانی سیراکووسییان لە ناوچەکانی خۆیان وەدەرنا. ییلۆن هەموویانی لە ناوچەی کاسمێنییەوە بردە هەرێمی سیراکووسی و بەو شێوەیە ئەوانیشی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی. کاتێک ییلۆن نیزیکی شاری کاسمێنی بۆوە، خەڵکەکە بەبێ بەربەرەکانی خۆیان بەدەستەوەدا.

**[١٥٦]** ییلۆن وەختێک هەرێمی سیراکووسییەکانی داگیرکرد، ئیتر گرینگییەکی ئەوتۆی بە شاری ییلا نەدا و دەسەڵاتی ئەوێی بەبراکەی خۆی واتە ییرۆناس ئەسپارد و خۆیشی خەریکی بەهێزکردنی ناوچەی سیراکووسییەکان بوو و دەڤەرەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی. ییلۆن بەر لە هەر کارێک تەواوی کەمارینیییەکانی ڕاگواست و گشتیانی لە شارەکانی سیراکووسی دامەزراند و مافی شارۆمەندی پێدان و شاری کەمارینا واتە پێتەختی کەمارینییەکانی وێرانکرد. ناوبراو بەهەمان شێوەش لەگەڵ نیوەی دانیشتووانی شاری ییلا هەڵسوکەوتیکرد. قەسر و بارەگاکانی شاری سیکێلیای گەمارۆدا و دانیشتووانی ئەوێی ناچار بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامە کرد. دەوڵەمەندەکان، ئەوانەی هاندەری شەڕ بوون و چاوەڕوانی کوژرانی خۆیان دەکرد، ییلۆن گشتیانی بردە شارەکانی سیراکووسی و لەوێ مافی شارۆمەندی پێدان. دانیشتووانی مێغارۆ کە هیچ تاوانێکیان لەمەر ئەو شەڕە نەبوو و پێیانوابوو کەس کاری بەسەر ئەوانەوە نییە، هەرهەموویانی لە شاری سیکێلیاڕا هێنایە شارەکانی سیراکووسی و بەپانەوە چەشنی کۆیلە لە دەرەوەی شاری سیکێلیا فرۆشتنی. بەهەمان شێوە، دوای جیاکردنەوەی هەژارەکان لە دەوڵەمەندەکان، نەدارەکانی

فرۆشت و لەو باوەڕەدا بوو کە گەلێک شوورەییە لەگەڵ خەڵکی هەژار بژی. یێلۆن بەو چەشنە بوو بە حوکمڕانێکی گەلێک زاڵم و سەرەڕۆ.

**[١٥٧]** کاتێک راسپاردەکانی یۆنانی گەیشتنە پێتەختی سیراکووسیەکان، چوونە خزمەت یێلۆن و بەو شێوەیە قسەیان کرد: "لاکێدێمۆنیەکان، ئاتێنیەکان و تەواوی هاوپەیمانەکانیان ئێمەیان ناردوەتە لای تۆ، بۆوەی لە بەرامبەر بەربەرەکاندا پشتیان بگری. بەدڵنیاییەوە هەستت بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خاکی یۆنان کردوە، واتە پاشای پارس پردی لەسەر ئاوی ئێلیسپۆندۆس دامەزراندوە و حیساباتی تەواوی بۆخۆی کردوە و لەشکری لە سەرتاسەری ئاسیاوە کۆکردوەتەوە، بۆوەی لەوێوە بێ و پەلاماری یۆنان بدا، دیارە بیانووەکەی گرتنی شاری ئاتێنە، بەڵام لە مێشکیدا پیلانی بۆ داگیرکردنی تەواوی خاکی یۆنان داڕشتووە. خاکێکی فرەی یۆنان لەژێر دەستی تۆ دایە و ئەوەش گەلێک گرینگە. تۆ پاشایەتی سەرتاسەری هەرێمی سیکێلیا دەکەی و دەتوانی یارمەتی ئەو جەماوەرە بدەی کە دەخوازن وڵاتی یۆنان بە ئازادی و سەربەستی بژی و لەگەڵ ئەوان بۆ ئەو ئازادییە تێبکۆشی و شەڕ بکەی. ئەگەر تەواوی خەڵکی یۆنان یەک بگرێ، ئەوکاتە لەشکرێکی مەزن پێکدێ و بەو چەشنە دەتوانین دژی داگیرکەران بوێستین. بەڵام ئەگەر خەڵکانێک روو لە خۆفرۆشی و خزمەتکردن بە دوژمن بکەن، یا بەشێک خۆیان لەو بەربەرەکانییەدا دوورەپەرێز راگرن، ژمارەیەکی کەمی یۆنانی دەمێننەوە ، کە هەرچەند خاوەن بیروباوەڕی شازیش بن، ناتوانن پێش بە وێرانی خاکی یۆنان بگرن. تۆش  دڵ بەوە خۆش مەکە کە کابرای پارس ئەگەر لە مەیدانی شەڕدا سەرکەوت و وڵاتەکەمانی داگیرکرد، ئیتر کاری بەسەر هەرێمی جەنابتەوە نابێ. هەرکەس ئێستا بڕیاری ماقوڵ بدا، بەدڵنیاییەوە دەسکەوتی بەوەجی لێوەردەگرێتەوە ".

**[١٥٨]** ئەوە قسەی راسپاردەکان لەگەڵ یێلۆن بوو و ناوبراویش بەنۆرەی خۆی تەواو قەڵس و توڕە، بەو شێوەیە وڵامی میوانەکانی خۆی داوە: "یۆنانییەکان! شوورەیی ناکەن و هاتوون بەو قسە زلانە داوا لە من دەکەن

دژی بەربەرەکان یارمەتیتان بدەم. ئەی باشە کاتێک من لەگەڵ لەشکری بەربەرەکان لە شەڕدا بووم و داوای یارمەتیم لە ئێوە کرد، بۆچی جوابتان نەدامەوە. وەختێک بەربەرەکانیم دژی کارخیدۆنی‌یەکان لەبەر بوو، دەمویست تۆڵەی خۆم لە ئێیێستینی‌یەکان بکەمەوە، چونکە دوری‌ئۆسی کوڕی ئەناکساندریدیس‌یان کوشتبوو و بەڵێنیشم بە ئێوەدابوو کە دەتوانین پێکەوە نێوەندەکانی بازرگانی ئازادبکەین، واتە ئەو شوێنانەی کۆڵێک قازانجی بۆ ئێوە هەبوو، ئێوە نەتانویست یارمەتی من بدەن و تۆڵەی کوژرانی دوری‌ئۆس‌یش بەلاتانەوە گرینگ نەبوو و ئەگەر بە قسەی ئێوە بوایە، ئێستا تەواوی خاکی سیکێلیا لەژێر دەستی بەربەرەکاندا دەبوو، چۆنە ئەوڕۆ هاتوون و داوای یارمەتی لە من دەکەن. بەخۆشییەوە ئاڵوگۆڕەکان وەخێرگەڕاون. ئێستا کە شەڕەکە پەرەی ئەستاندوە و گەیشتووەتە لای ئێوە، وەبیر یێلۆن کەوتوونەوە. هەرچەند ئێوە بە چاوی سووک سەیری منتان کرد، من وەک ئێوە هەڵسوکەوت ناکەم و ئامادەم یارمەتیتان بدەم. دوو سەد گەمی و بیست هەزار پیاوی شەڕکەر و دوو هەزار کەماندار و دوو هەزار قلّماسک هاوێژ و دوو هەزار سوارەی سووکەچەکدارتان بۆ دەنێرم. ئەرکی دابین کردنی گشت تفاقی لەشکری یۆنان لەکاتی شەڕدا وەستۆی خۆم دەگرم. ئەوانە بەڵێنی منن، بەو شەرتەی سەرکردەی لەشکریی یۆنان من بم و من فەرمانی شەر دژی بەربەرەکان بە سپا بدەم. هیچ شەرتێک قبوڵناکەم لەسەر ئەوەی ئاخۆ من خۆم بێم یا هێزی یارمەتیدەر بنێرم ".

**[١٥٩]** کاتێک سی‌ئاغرۆس گوێی لەو وڵامە بوو، خۆی پێڕانەگیرا و گووتی: "ئاغامێمنۆنی کوڕی پێلۆپیدیس ئەگەر بیزانیبا یێلۆن و سیراکووسی‌یەکان چۆن سەرکردایەتییان لەنێوان خۆیاندا بەش‌کردوە و لەدەست سپارتییەکانیان هێناوەتەدەر، تەواوێک دەهری دەبوو. یێلۆن! ئەو خەونانە فەرامۆش بکە و پێتوانەبێ رۆژێک سەرکردایەتی دەدرێتە دەست جەنابت. ئەگەر دەخوازی یارمەتی یۆنان بدەی، ئەوە بزانە کە لەژێر فەرمانی

لاکیدێمۆنی‌یەکاندا دەبی. ئەگەر ناخوازی لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا بی، پێویست بە یارمەتیدانی تۆ نییە ".

**[١٦٠]** پێلۆن کاتێک بۆی دەرکەوت کە وڵام و هەڵوێستی سیئاغرۆس تەواو نەرێنییە، دوایین پێشنیاری خۆی هێنایە بەرباس و گووتی: "کابرای سپارتی! پیاو کە گوێی لە قسەی ناحەز دەبێ، تووشی رق و توورەیی دەبێ. هەرچەند تۆ بەو شێوە ناحەزە ئاخاوتی، ناتوانی من بە قەناعەت بگەیێنی کە بەناحەزی وڵامت بدەمەوە. وەختێک ئێوە دەخوازن سەرکردایەتی گشتی‌تان بەدەستەوە بێ، منیش لە ئێوە کەمتر نیم و بە مافی خۆمی دەزانم. چونکە لەشکر و کەشتیگەلی لە ئێوە زۆرتر و بەهێزترم هەیە. بەڵام ئێستا کە شەرت و مەرجەکانی من بەلای ئێوەوە پەسند ناکرێن، ناچارم برِی داواکانم تۆزێک داشکێنم. ئەگەر ئێوە لەشکری پیادەتان لەژێر فەرماندا بێ، ئەوکات من سەرکردایەتی هێزەکانی دەریایی وەستۆ دەگرم. ئەگەریش خوازیاری فەرماندەری کەشتیگەلی دەریایی و هێزەکانن، من سەرکردایەتی لەشکری پیادە دەخوازم. ئێستا یا دەبێ بەو شەرتانە رازی بن یا هەرچی خێراتر بەبێ هاوپەیمانی ئێمە برِۆنەوەماڵی خۆتان ".

**[١٦١]** ئەوانە کۆمەڵێک لە داخوازییەکانی پێلۆن بوون، بەڵام راسپاردەی ئاتێنی خێرا پێشدەستی کرد و لەجیات راسپاردەی لاکیدێمۆنی (سیئاغرۆس) وەجواب هات و گووتی: "پاشای سیراکووسی! یۆنان ئێمەی بۆیە نەناردوەتە لای جەنابت تا داوای سەرکردایەتیت لێبکەین. ئێمە بۆ هێزی نیزامی هاتووین. دەفەرمووی کە لەشکر نانێرییە یۆنان، ئەگەر خۆتان سەرکردایەتی ئێمە وەستۆ نەگرن. هەر ئەوەندەی داوات کردوە ببیە فەرماندەی لەشکری یۆنان، بۆ ئێمەی ئاتێنی کیفایەت دەکا و تەواو لە جەنابت تێدەگەین و وڵامی خۆمان وەرگرتووە. راسپاردەی لاکیدیمۆنی واتە سیئاغرۆس دەبوایە خواستی ئێمەش وەبەرچاو بگرێ، کاتێک لەگەڵ خواستی تۆ بۆ سەرکردایەتی گشتی رازی نەبوو، تۆ داوات کرد ببیە فەرماندەی هێزەکانی دەریایی، باشە ئێمەی ئاتێنی لێرە چکارەین و چ

نەخشێکمان هەیە؟ ئەگەر سیئاغرۆس فەرماندەری هێزە دەریاییەکان بداتە دەست جەنابت، ئێمە لەگەڵ ئەو کارە نین، چونکە ئەگەر لاکیدیمۆنی‌یەکان خۆیان ئەو ئەرکە وەستۆ نەگرن، ئەوسا دەبێ ئەو مافە بە ئێمەی ئاتێنی بدرێ. ئەگەر لاکیدیمۆنی‌یەکان هێزە دەریاییەکان وەستۆبگرن، ئێمە دژی ئەو کارە نین، بەڵام هیچ لایەنێکی‌تر قبوڵناکەین ببێتە سەرکردەی کەشتیگەلی دەریایی. گەلێک ناهەقییە ئێمەی ئاتێنی کە خاوەن باشترین و بەوەجترین هێزی دەریایی وڵاتی یۆنانین و لە گشت یۆنانی‌یەکانی‌تر لەپێشترین، سەرکردایەتی هێزەکانمان بدرێتە دەست سیراکووسی‌یەکان و پاشاکەیان. ئەی باشە ئێمە لەونێوەدا چین؟ ئێمە کۆنترین و رەسەنترین رەگەزی یۆنانین و تەنیا نەتەوەیەکین کە کۆچبەر نین و بەدرێژایی مێژوو لەو خاکەدا ژیاوین. با چاوێک لە شێعرەکانی ئۆمیرۆس بکەین، ئێمە شارەزاترین فەرماندەمان نارده ئیلییۆن بۆوەی هێزی سەربازی دامەزرێنێ. بەباوەڕی من وتووێژ کردن بەو شێوەیە بەهیچ ئاکامێکمان ناگەیێنێ ".

**[١٦٢]** پیلۆن لە وڵامدا گووتی: "کابرای ئاتێنی! ئێوە هاتوونە ئێرە و پێشتر سەرکردەکانتان دیاری‌کردوە، بەڵام خەڵکی شەڕکەرتان بۆ لەشکر نییە کە ئەمریان دەسەر بکەن. باشە، ئێستا کە ئێوە ناخوازن هیچ پاشەکشەیەک بکەن، دەتوانن هەرچی خێراتر بگەڕێنەوە یۆنان و بە خەڵکەکەتان بڵێن، ئەوساڵتان بێ بەهار دەبێ ". (پیلۆن مەبەستی ئەوە بوو کە بەهار باشترین وەرزی ساڵە، بۆ لەشکری یۆنانیش هەر بەو شێوەیە، بەوەجترین بەشی هێزەکانی لە پیاوانی شەڕکەری ئەو پێک دەهات. پیلۆن بەو وڵامەی وڵاتی یۆنانی لە پشتیوانی خۆی بێبەش کرد، وەک ئەوەی ساڵ بێ بەهار دەستی پێکردبێ).

**[١٦٣]** راسپاردەکانی یۆنانی پاش ئەو راوێژ و دیدارە، سواری گەمییەکانیان بوون و رۆیشتن. پیلۆن لەوە دەترسا مەبادا یۆنانی‌یەکان نەتوانن لە بەرامبەر لەشکری بەربەردا خۆڕاگرن و تووشی شکست بێن و ئەوساکە خۆی ناچاربێ بچێتە هەرێمی پیلۆپۆنیسۆس و وەک حوکمڕانی

وڵاتی سیکێلیا بکەوێتە ژێر حوکمی لاکێدیمۆنییەکان. هەربۆیە لەو بوارەدا هەوڵێکی زۆری نەدا و ڕێگا چارەیەکیتری گرتەبەر.

ناوبراو وەختێک خەبەری پێگەیی کە پاشای پارس ناوچەی ئێلیسپۆندۆسی دەربازکردوە، خێرا بە گەمییەکی پێنتیکۆنتۆرۆس (گەمی پەنجا بێڵژەن)، کادمۆسی کوڕی سکیتیسی خەڵکی دورگەی کۆسی ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس و ڕێژەیەکی ئیجگار زۆر پارە و کۆمەڵێک پەیامی دۆستانەی دایەدەست و داوای لێکرد لەو نێوەندەڕا چاوەدێری ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بکا. ئەگەر پاشای بەربەر سەرکەوت، ئەوکاتە پارە و خاک و ئاوی ژێر دەسەڵاتی یێلۆن پێشکەش بە کسێرکیس بکا، ئەگەر بەپێچەوانەوە، یۆنانییەکان سەرکەوتن، ئیتر خێرا بگەڕێتەوە وڵات.

**[١٦٤]** کادمۆس پێشتر لەلایەن باوکییەوە وەک میرات و قەرارێکی نەگۆڕ، دورگەی کۆسی پێبڕابوو. بەڵام لەڕووی بەخشندەیی، بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەک هەڕەشەی لێبکا، تەنیا لەبەر ئەوەی هەستێکی دادپەروەرانەی هانیدا، دەسەڵاتی ئەو دورگەیەی بە دانیشتووانی ئەوێ بەخشییەوە و خۆی چوو بۆ شاری سیکێلیا و بە یارمەتی دانیشتووانی سامۆسی شاری زانگلییان داگیرکرد و لەوێ نیشتەجێ بوو. ناوی شاری زانگلی ئەو سەردەمە گۆڕدرا و کرا بە مێسینی. ئەو کابرایە، واتە کادمۆس کە لەبەر هەست کردن بە دادپەروەری گەیشتبوە شاری سیکێلیا، لەلایەن یێلۆنەوە نێردرا بۆ دێلفوس. کادمۆس زۆر فرسەتیتریشی دەسکەوتبوو کە توانایی و زیرەکی خۆی بەتاقی بکاتەوە. ئەو سەرەڕای زۆر کاری باشیتر، ئەوجاریش هونەری گەورەیی خۆی نواند. پارەیەکی زۆری لەلا بوو و یێلۆن بەوپەڕی متمانەوە دابوویە دەستی و دەکرا داگیری بکا، بەڵام نە گەرەکی بوو ئەو کارە بکا و نە کردیشی. یۆنانییەکان کاتێک لە شەڕی دەریایی، بەسەر هێزەکانی کسێرکیسدا زاڵبوون و پاشای پارس پاشەکشەی کرد، کادمۆس بەو هەموو پارە و سامانەوە گەڕاوە شاری سیکێلیا.

**[١٦٥]** دانیشتووانی شاری سیکێلیا، بەجۆرێکیتر باسی ئەو رووداوانە دەکەن: یێلۆن هەرچەند شەرتی چوونە ژێر فەرمانی سەرکردایەتی لەشکریی لاکێدێمۆنی‌یەکانی بۆ داندرابوو، دەیتوانی یارمەتی یۆنانییەکان بدا، ئەگەر گرفتی شەڕی دژی (تیریلۆس)ی نەبوایە. تیریلۆس حاکمی شاری ئیمێرا، کوڕی کرینیپۆس بوو. تیریلۆس بەهۆی تیرۆن لە شاری ئیمێرا دەرکرابوو. تیرۆن کوڕی ئێنی‌سیدیمۆ و خەڵکی ئاکراغاندا بوو. تیریلۆس بە دژایەتی لەگەڵ تیرۆن و بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە، لەشکرێکی سێ سەد هەزار کەسی لە خەڵکی فینیقی، لیبیایی، کیرینی، ئیڤری، لیغی، ئێلیسکی و ساردۆنی کۆکردبۆوە. فەرماندەی ئەو هێزانە بەدەست پاشای کارخیدۆنی واتە ئامیلکاسی کوڕی نۆنۆسەوە بوو.

تیریلۆس دۆستی ئامیلکاس و پشتیوانی ئەوی هەبوو. جیا لەوەش ئەناکسیلیۆس (زاوای تیریلۆس) کوڕی کریتینی و حاکمی ریغیۆس بوو. ئەناکسیلیۆس بە مەبەستی یارمەتیدانی تیریلۆسی خەزووری، دەستی وەپێش‌خستبوو و دوو کوڕی خۆی وەک بارمتە و یەخسیر لەلای ئامیلکاس دانابوو بۆوەی رەزامەندی ئەوی هەبێ. ئەناکسیلیۆس لەگەڵ کچی تیریلۆس بەناوی کیدیپی زەماوەندی کردبوو. یێلۆن لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوانەی هەروا لەسەر بوو، نەیدەتوانی یارمەتی یۆنانییەکان بدا و پارەکەشی ناردبوو بۆ نێوەندی دێلفوس.

**[١٦٦]** ئەو رووداوە بەو جۆرەش باسکراوە: بەهەڵکەوت لە هەمان رۆژدا یێلۆن و تیرۆن لە هەرێمی سیکێلیا هێزەکانی ئامیلکاسی کارخیدۆنیان شکستدا و لە یۆنانیش، هێزەکانی دەریایی ئەو وڵاتە، کەشتیگەلی دەریایی پاشای پارسیان لە سالامینا تێکشکاند.[١] ئەو زانیارییەشم دەسکەوتووە کە ئامیلکاس لە باوکەوە کارخیدۆنی و لە دایکەوە سیراکووسی و خاوەن پلەی پاشایەتی کارخیدۆنی بووە. دوای ئەو شکستە بەجارێک ونبوو و نە مردوو

١- دیۆدۆرۆسی سیکێلیۆتی ئەو زانیارییە بەڕاست نازانێ.

و نه زیندوو نەدۆزرایەوە. هەرچەند پیلۆن فەرمانی دەرکردبوو کە لەهەر کوێ بێ بە زیندوویی بیدۆزنەوە.

**[١٦٧]** کارخیدۆنی‌یەکان خۆیان بەوجۆرە باسی‌دەکەن و پتر وێدەچێ: هێزەکانی بەربەر و یۆنانی لە سالامینا، لە سپێدەی بەیانییەوە تا ئێوارە شەڕیان کرد (دەڵێن ماوەی شەڕەکە هەر ئەوەندە بووە). لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، ئامیلکاس لە ئۆردووی خۆی نەهاتوتەدەر و بەردەوام خەریکی قوربانی‌کردن و پاڕانەوە لە خواکان بووە تا ئاکامی خێری لێبکەوێتەوە. ئاژەڵەکانی قوربانی لەنێو ئاگر هاویشتوە[١] و هەرکە دیتوویەتی لەشکرەکەی ڕاست لە کاتی شەراب نۆشینی وەختی قوربانی فیراریان کردوە، ئەو لە جێوە خۆی هاویشتوەتە نێو ئاگر. بەو جۆرە سووتاوە و بووەتە خەڵووز و خۆڵەمێش. لەو کاتەوە کە ئامیلکاس ونبووە، چ بەو شێوەیەی فینیقی‌یەکان دەڵێن و چ بەجۆری‌تر، کارخیدۆنی‌یەکان بۆ ڕێزگرتن لەو کابرایە گشت ساڵێ قوربانی پێشکەش دەکەن و کۆڵێک پەیکەرەی یادوەرییان وەک دیاری، خەڵاتی پەرستگەکانی وڵاتی خۆیان کردوە. مەزن‌ترین پەیکەرەی ئامیلکاس لە شاری کارخیدۆنا داندراوە. ئەوەش کۆمەڵە باس سەبارەت بە هەرێمی سیکێلیا بوو.

**[١٦٨]** ئێستا باسی وڵام و کردەوەی کێرکیری‌یەکان لەگەڵ ڕاسپاردەکانی یۆنانی دەکەم. هەر ئەو وەڤدەی سەردانی شاری سیکێلیای کردبوو، چوو بۆ کێرکیرا و دەقی ئەو پەیامەی بۆ پیلۆن‌یان بردبوو، تەسلیمی دەسەڵاتدارییەتی کێرکیری‌یەکانیان کرد. کێرکیری‌یەکان لەو کاتیدا بەڵێنیان بەو وەڤدەدا یارمەتیان بدەن و گووتیان وەختێک یۆنان خەریکە بەرەو وێرانی دەچێ ئەوان ناتوانن بێ‌لایەن بمێننەوە. ئەگەر یۆنان تووشی شکست بێ، هیچ چارەیەکی‌تر نییە و ئەوانیش ناچار دەبن لە ڕۆژی یەکەمەوە کۆیلەتی قبوڵ بکەن. بەڵێنیان‌دا چەندەی لە توانایاندا هەیە یارمەتی بدەن. ئەوە یەکەم وڵامی

---

١- بەپێچەوانەی یونانییەکان کە هیچکات ئاژەڵیان لەنێو ئاگر نەدەهاویشت.

دڵخۆشکەری ئەوان بوو، بەڵام کاتێک وەختی ناردنی یارمەتی ئەوان هات، نەخشەیەکیتریان لە مێشکدا بوو و بەو چەشنە هەڵسوکەوتیان کرد:

گەمییەکانیان چەکدار و ئامادەکرد و شەو وەڕێکەوتن و گەیشتنە پێلۆپۆنیسۆس و لەنیزیک پیللۆ و تێنارۆی ناوچەی لاکۆنیکی لەنگەریان گرت و بۆسەیان داناوە و چاوەڕوانی رەوتی رووداوەکانی شەڕ بوون. ئەوان پێیانوانەبوو کە یۆنانییەکان سەردەکەون، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەو باوەڕەدا بوون کە پاشای پارس زۆر بە هاسانی دەتوانێ سەراسەری خاکی یۆنان داگیربکا. بەئەنقەست لەوێ خۆیان گوێزراند، بۆوەی دواتر بە پاشای پارس بڵێن: "پاشا! کاتێک یۆنانییەکان گەرەکیان بوو ئێمە بێننە نێو شەڕ، هێزێکی بەرچاو و کۆمەڵێکی فرە گەمی جەنگیمان پێبوو و دەمانتوانی یارمەتی ئاتێنییەکان بدەین و ناوگانەکەمان گەلێک مەزن بوو، بەڵام لەڕاستیدا نەمانویست دژایەتی جەنابت بکەین و هەربۆیە خۆمان لە شەڕ نەدا، بۆوەی ئێوە لێمان دڵگران نەبن ".

کێرکیرییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە بەو شێوە هەڵوێست گرتنە دوای سەرکەوتنی پارسەکان، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ باقی یۆنانییەکانیتردا، ئەوان پتر وەردەگیرێن. دیارە ئەگەر پارسەکان سەرکەوتبان، رەنگبوو ئەوە راست بێ، ئەگەریش یۆنانییەکان سەرکەوتبان، ئیتر بەڵێنی خۆیان بەجێگەیاندبوو و هێزیان ناردبوو و لەوبارەوە وڵام و بیانووی ئامادەیان هەبوو بەوانی بڵێن. وەختێک یۆنانییەکان کێرکیرییەکانیان تاوانبار بە نەناردنی هێزکرد، ئەوان خێرا گووتیان کە شێست گەمی جەنگییان ناردبوو بەڵام نەیانتوانیبوو بەدەوری چیای (مالیئا)دا دەربازبن، چونکە تووشی با و تۆفان هاتبوون و بۆیە نەگەیشتبوونە سالامینا و لەو بارەوە تاوانبار نین کە نەیانتوانیوە بەشداری شەڕ بن. یۆنانییەکان کاتێک کێرکیرییەکانیان تاوانبار بە خۆدزینەوە کرد، ئەوان بەو چەشنەی گێڕامەوە، بەرپەرچی ئەو تاوانبارکردنەیان داوە.

**[١٦٩]** کریتییەکان، کاتێک راسپاردەکانی یۆنانی گەیشتنە لایان و داوای پشتیوانیان لێکردن، ئەوان بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد: سەرەتا وەڤدێکی

هاوبەشیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس بۆوەی لە خواوەند بپرسن ئاخۆ مەسڵەحەتە بەشداری لە شەڕەدا بکەن یاننا. پیتیا بەو جۆرە وڵامی دانەوە: "ئەی نەفامینە! هێشتا خۆتان لە هەمبەر رەنج و ئازارێکی کە مینۆسی بەرقداچوو بۆی ناردن بە تاوانبار دەزانن؟ تەنیا لەبەر ئەوەی ئێوە یارمەتی مێنێلائۆس‌تان دابوو. یۆنانی‌یەکان یارمەتی ئێوەیان نەدا بۆوەی تۆڵەی مەرگی مینۆس بستێننەوە کە لە شاری کامیکۆ کوژرا، بەڵام ئێوە یارمەتی ئەوانتان‌دا بۆ هێنانەوەی ئەو ژنەی (خاتوو ئێلێنی) کابرای بەربەر لە شاری سپارت رفاندبووی ".

کاتێک کریتی‌یەکان ئەو جوابەیان وەرگرتەوە، بڕیاریان‌دا هیچ چەشنە پشتیوانییەک لە ئاتێنی‌یەکان نەکەن.

**[١٧٠]** دەگێڕنەوە کە مینۆس، بەدوای (دێدالۆ)دا دەگەڕا و گەیشتە سیکانیا، واتە سیکێلیای ئەوڕۆ و لەوێ بەشێوەیەکی ترسناک کوژرا.[١] دواتر و دوای باوەڕێکی خوایی، جیا لە پۆلیخنیتی‌یەکان و پریسیۆسی‌یەکان، گشت دانیشتووانی دورگەی کریتی (کرێت) بە ژمارەیەک گەمی زەبەلاحەوە پەلاماری شاری کامیکۆیان‌دا و ماوەی پێنج ساڵ لە گەمارۆیان خستن و تا زەمانی منیش خەڵکی ئاکراغاندینی بەردەوام لەوێ نیشتەجێن. لە کۆتاییدا کریتی‌یەکان نەیانتوانی شارەکە بگرن و دەستی نەدا پتر درێژە بەو گەمارۆیە بدەن، چونکە خۆیشیان تووشی برسییەتی و تێداچوون هاتبوون. لە ئاکامدا کۆتاییان بەو گەمارۆیە هێنا و رۆیشتن. وەختێک بە گەمییەکانیان گەیشتنەوە دەڤەری یاپیغیا، تۆفانێکی گەورە هەستا و تەواوی گەمییەکانیانی فڕێدا سەر وێشکایی. لەبەر ئەوەی هیچ وەسیلەیەکی‌تریان نەبوو بگەڕێنەوە دورگەی کرێت، لەوێ مانەوە و شارێکیان بەناوی ئیریا بنیاتنا. ئەو خەڵکە لەلایەن کریتی‌یەکانەوە وەک یاپیغی‌یەکانی مێساپی دەناسرێن و لەجیات دورگەنشینی بوونە شارنشین. ئەوانە لە ئاوایی ئیریاوە دەستیان بە دروست کردنی چەند شارێکی‌تر کرد کە ساڵانێک دواتر، تاراندینی‌یەکان گەرەکیان بوو لەو شارانە نیشتەجێ بن. ئەوانە تووشی شکستێکی قورس هاتن و ئەوکاتە بوو کە

---

١- بەدەست کچەکانی کۆکۆلۆس کوژرا.

حەشیمەتێکی فرەی یۆنانی تێداچوون و ئەوەندەی من بزانم زۆربەیان تاراندینی و ریغینی بوون. میکیتۆسی کوڕی خیرۆس ریغینییەکانی ناچارکرد بە هاواری تارندینییەکانەوە بچن، بۆیە سێ هەزار کەس لەو ریغینییانە کوژران. هەڵبەت ئەوەش روون نەبوەتەوە کە لە تارانتینییەکان چەند کەس کوژراون. میکیتۆس خزمەتکاری ئەناکسیلائۆس بوو و کاروباری شاری (ریغیۆ)ی لەلایەن ناوبراوەوە پێسپێردرابوو. کاتێک میکتیۆسیان لە شاری ریغیۆ دەرکرد، لە شاری تێیێئا سەر بە هەرێمی ئاکاردیا دامەزرا و گەلێک پەیکەرەی پێشکەش بە ئۆلیمپیا کرد.

**[١٧١]** ئەوەندە زانیارییەی سەبارەت بە ریغینی و تاراندینییەکان هێنامەبەرباس، تەنیا بە مەبەستی رۆشنگەری بۆ بابەتەکەی خۆم بوو و بەس. خەڵکی پرێسیۆس دەگێڕنەوە، یۆنانییەکان بەپڕانی و هۆزانیتریش پێکەوە بەرەو دورگەی وێرانی کرێت کۆچیانکرد و لەوێ نیشتەجێ بوون. هەروەها جارێکیتر، جیلی سێهەمی ئەو خەڵکانە دوای مەرگی مینۆئاس، ئەوکاتەی شەڕەکانی ترۆیا قەومان، هاتوونەتە کرێت. کریتییەکان سەرەکیترین پشتیوانانی مێنێلائۆس بوون. کاتێک کریتییەکان لە شەڕی ترۆیا گەڕانەوە دورگەکەیان، برسییەتی و مەرگ خۆیان و ئاژەڵەکانیانی لەنێوبرد. واتە بۆ جاری دووهەم دورگەی کریت وێران بوو و دوبارە خەڵکی بێگانە و کریتییەکانی رزگاربوو، ئەوێیان ئاوەدان کردەوە.

پیتیا گشت ئەو رووداوانەی وەبیر وەڤدی کریتی هێناوە و نەیهێشت پشتیوانی لە یۆنانییەکان بکەن، هەرچەند کریتییەکان خۆیان بۆ ئەو ئەرکە ئامادەکردبوو.

**[١٧٢]** تێسالییەکان سەرەتا گرفتی ئەو لەشکرکێشییەیان بەهێند نەگرت و پێیانوابوو حیللە و پیلانی ئالێڤئادییەکانە و بۆیە لەگەڵ پشتیوانی کردنی یۆنانییەکان نەبوون. کاتێک خەبەریان پێگەیی کە پاشای پارس خەریکە بەو زووانە خاکی ئوروپا دەرباز بکا، ئەوان خێرا نوێنەریان ناردە ئیستمۆ. لە ئیستمۆ، نوێنەرانی یۆنانی لە گشت شارەکانەوە هاتبوون و لەوێ کۆببوونەوە

و هەرهەموویان لەو باوەڕەدا بوون کە دەبێ دژی لەشکری پارس خۆڕاگری بنوێنن. وەختێک نوێنەرانی تێسالی گەیشتنە ئەوێ، بەو شێوەیە ئاخاوتن: "یۆنانییەکان! ئێوە پێویستە گوزەری ئۆلیمپۆس بگرن و بیپارێزن، بۆوەی هەرێمی تێسالیا و گشت ناوچەکانیتری یۆنان نەبنە گۆڕەپانی شەڕ. ئێمە ئامادەین ئەو گوزەرە بە یارمەتی ئێوە بپارێزین، بەڵام ئێوە پێویستە لەشکرێکی بەهێز بۆ ئەو شوێنە بنێرن، چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکەن، ئێمە ناچارین لەگەڵ کابرای پارس رێککەوین. ناوچەی ئێمە هەستیارترین شوێنی وڵاتی یۆنانە. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە تەنیا ئێمە تووشی شەڕ و ماڵوێرانی دێین، بەڵکوو ئێوەش بێبەش نابن. ئەگەر ئێوە ناخوازن یارمەتیمان بدەن، چاوەڕوانی پشتیوانی ئێمەش مەکەن. هیچکات چاولەدەستی مانای بێدەسەڵاتی نییە، بەپێچەوانەوە هەوڵدەدەین لەو شەڕەدا بە سلامەتی نەجاتیمان بێ ". ئەوە قسەی تێسالییەکان بوو.

**[١٧٣]** دوای ئەو راوێژە، یۆنانییەکان بڕیاریاندا هێزی دەریایی بۆ پاراستنی ئەو گوزەرە بنێرن. کاتێک هێز کۆبۆوە، بە ناوچەی ئێڤریپۆسدا تێپەڕی و گەیشتە ئالۆ لە دەڤەری ئاخایی و لەوێ دابەزی و بەرەو تێسالیا پێشڕەوی کرد و گەمییەکانیان لەنێو ئاوەکاندا جێهێشت. ئەو هێزە پاشان گەیشتە تێبی و بە دۆڵێکدا رۆیی کە لە خوارووی مەقدوونییە بەرەو تێسالی دەچێ و بەتەنیشت ناوچەی پینیۆسدا بۆ نێوان چیاکانی ئۆلیمپۆس و دەڤەری ئۆسسا شۆڕدەبێتەوە. ئەو هێزە لەوێ ئۆردووی لێدا و نیزیک بە دە هەزار کەس شەرکەری چەکدار بوون و سوارەی تێسالیشیان رەگەڵ کەوتبوو. فەرماندەی لاکیدێمۆنیەکانی ئەو هێزە کەسێک بوو بەناوی ئێڤێینیتۆس، کوڕی کارینۆس. ئێڤێینیتۆس لەنێو پۆلێمارخۆسەکاندا (فەرماندارانی جەنگ) هەڵبژێردرابوو و سەر بە بنەماڵەی پاشایەتی نەبوو. سەرکردەی ئاتێنیەکان ناوی تێمیستۆکلیس، کوڕی نێئۆکلیس بوو. ئەوانە تەنیا چەند رۆژێک لەوێ مانەوە چونکە تەتەری ئەلێکساندرۆسی مەقدوونی، کوڕی ئامینتاس گەیشتە لایان و پێیگووتن لەو گوزەرە مەبن و بڕۆن، لەبەر

ئەوەی دوژمن بەرەو ئێرە بەڕێوەیە و گەلێک بەهێزە و خاوەن کەشتیگەلی دەریاییە و تێکتان‌دەشکێنێ. ئەو هێزانە کاتێک ئامۆژگاری ناوبراویان گوێ‌لێبوو (کابرای مەقدوونی بێ پێچ و پەنا قسەی کرد و ئامۆژگارییەکەشی دروست بوو) یۆنانییەکان رازی‌بوون.

بەباوەڕی من ئەوەی یۆنانییەکانی لەو شوێنە بە قەناعەت گەیاند، تەنیا ترس بوو، چونکە بەپێی زانیارییەکانی‌تر، لەوە تێگەیین کە گوزەرێکی‌تریش بەرەو تێسالیا هەیە و لە سەرەوەی مەقدوونییە هەڵکەوتووە. ئەو گوزەرە بە وڵاتی پێرێڤۆسی‌یەکاندا دەرباز دەبێ و بەرەو شاری غۆننۆ دەچێ و لەشکری کسێرکیس قەرارە لەوێوە هێرش بکاتە سەر دەڤەرەکە. یۆنانییەکان سواری گەمییەکانیان بوونەوە و بەرەو ئیستمۆ گەڕانەوە.

**[١٧٤]** ئەوە ئەو هێزە بوو کە ناردرابووە هەرێمی تێسالی، راست لەو کاتەدا کە کسێرکیس لە ئاسیا دەرکەوتبوو و بەرەو ئوروپا بەڕێوەبوو و لە ناوچەی ئاڤیدۆس مۆڵی‌خواردبوو. ئەو وەختە تێسالییەکان ئیتر بەبێ هیچ هاوپەیمانییەک یەکسەر بەرەو میدیاکان چوون و لەجێوە خۆیان تەسلیمی ئەوان کرد و لە ماوەی لەشکرکێشی‌دا تەواوێک خێریان بۆ پاشای پارس داوە.

**[١٧٥]** یۆنانییەکان کاتێک گەڕانەوە بۆ ئیستمۆ کۆبوونەوەیان سازدا و لەسەر قسە و ئامۆژگارییەکانی ئەلێکساندرۆس راوێژیان کرد، بۆوەی بڕیاربدەن چۆن و لەکوێ شەڕ بکەن. بۆچوونی پاراستنی تێرمۆپیلێس پتر پەسند کرا. ئەو شوێنە تەنگەبەرترین گوزەر و گەلێک گرینگ و لەنیزیک خۆیان بەرەو خاکی تێسالیا بوو. یۆنانییەکان بەرلەوەی بگەنە تێرمۆپیلیس و زانیارییان لەلایەن تراخینیۆسی‌یەکان پێبگا، خۆیان نەیاندەزانی کە کوێرەرێیەکی ئاوا بەرتەنگ و هەڵدێر هەیە و هەربۆیە زۆربەیان لە تێرمۆپیلێس تێداچوون. بڕیار وابوو پارێزگاری لەو گوزەرە بکرێت بۆوەی لەشکری بەربەر نەتوانێ پێیدا دەربازبێ و کەشتیگەلی دەریاییش لە قەراخ ئاوەکانی ئارتێمیسیۆ دامەزرێن کە ملکی ئیستی‌ئێ‌ئۆتیدۆس بوو. هەردووی

ئەو شوێنانە نیزیکی هەڤدوو بوون و یۆنانییەکان دەیانتوانی ئاگاداری بارودۆخی یەکتر بن. ئەو دەڤەرانە بەو شێوەیە هەڵکەوتوون:

**[١٧٦]** سەرەتا باسی ئارتێمیسیۆ دەکەم، پیاو کاتێک بە دەریای بەرینی تراکیدا بەرەو پێش دەچێ، تووشی کاناڵێکی بەرتەسک دەبێ کە لەنێوان دورگەی سکیاتۆس و ناوچە خاکییەکەی ماغنیسیا هەڵکەوتووە. پاش تێپەڕین بەو کاناڵەدا دەگەیە ئاوەکانی ئارتێمیسیۆ و ڕۆخەکانی ئێڤیا و لەوێ پەرستگەی ئارتێمیسیۆ (دیانا) بنیاتنراوە. ئەو گوزەرە بەرتەنگەی کە لە ناوچەی تراخینادا هەڵکەوتووە و ڕێگای هاتنەژوورەوە بۆ خاکی یۆنانە، ئەوەندە بەرتەسکە و لە تەنگترین شوێن دەگاتە نیو پلێترا[1]. هەڵبەت بەرتەسکترین شوێن لەوێ نییە، بەڵکوو بەر لە تێرمۆپیلێس و دوای ئەو هەڵکەوتووە. ئەوجار لە نیزیک ئاڵپینیۆس ڕێگایەک هەیە کە تەنیا یەک داشقە دەتوانێ پێیدا دەربازبێ. بەرلەو شوێنەش و لە نیزیک چۆمی فینیکا و لە قەراخ شاری ئانتیلی، دوبارە ڕێگاکە بە هەمان شێوە بەرتەسک دەبێتەوە. ناوچەی ڕۆژئاوای تێرمۆپیلێس بۆ پێهەڵگەڕان دەستنادا و ڕەوەز و بەرز و هەڵدێرە و تا دەگاتە دەڤەری ئێتی، هەربەو جۆرەیە. لەلای ڕۆژهەڵاتی ڕێگادا کۆمەڵێک زەل و قۆپی و دەریا جێیانگرتووە. لەو گەلێیەدا ژمارەیەک کانیاوی گەرم هەن و خەڵکی دەڤەرەکە ناویان لێناون خیترۆس و قوربانگەی ئیراکلیس لەوێ بنیاتنراوە. لە بەرتەسکترین شوێنی سەر ئەو ڕێگایە دیوار دروست کراون و زەمانی زوو دەروازەیان هەبووە. دیوارەکان بەهۆی فۆکییەکان و لەترسان سازکراون، زەمانی زوو خەڵکی تێسالی لە تێسپرۆتیا ڕۆیشتوونە و هاتوونەتە ئێئۆلیدا و لێرە نیشتەجێ بوونە و ئێستا بە ملکی خۆیانی دەزانن. وەختێک تێسالییەکان ویستوویانە فۆکییەکان بێننە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، ئەوانە بەمەبەستی پاراستنی دانیشتووان ئەو دیوارەیان دروست کردوە و ئاوی کانیاوە

---

١- نیزیک بە ١٥ میتر.

گەرمەکانیشیان راکێشاوە بۆ ئەو شوێنە، بۆوەی تێسالی‌یەکان نەتوانن بێنە نێو خاکی وڵاتەکەیان. ئەو دیوارە کۆنە، بەتێپەڕبوونی زەمان بەشی هەرە زۆری رووخاوە و نەماوە. یۆنانییەکان بیریان لێکردەوە کە دوبارە نۆژەنی بکەنەوە و لەوێ هێزەکانی بەربەر تێکبشکێنن و نەتوانن بێنە نێو خاکی یۆنان.

لە قەراخ ئەو رێگایە گووندێک هەیە بەناوی ئالّپینی و هێزەکانی یۆنانی گەرەکیان بوو لەوێوە پێداویستییەکانیان دابین‌بکەن.

**[١٧٧]** یۆنانییەکان ئەو جۆرە شوێنانەیان پێ گونجاوتر بوو. گشت لایەنێکی ئەو کارەیان وەبەرچاو گرت و بەو ئاکامە گەیشتن کە هێزەکانی بەربەر ناتوانن کەڵک نە لە هێزی سوارەیان وەربگرن و نە لە هێزی پیادە، بۆیە بڕیاریان‌دا لەوێ چاوەڕوانی هاتنی دوژمن بکەن، راست لەو وەختەدا کە دەخوازن پێیان لەنێو خاکی یۆنان بنێن.

کاتێک یۆنانییەکان خەبەریان پێگەیی کە پاشای پارس لە شاری (پییێریا)یە، ئەوانیش پاشەکشەیان کرد و لە ناوچەی ئیستمۆ رۆیشتن و بەشێکیان پیادە بەرەو تێرمۆپیلێس وەڕێکەوتن و ئەوانی‌تریش بەڕێگای دەریادا بەرەو ئارتێمیسیۆ رێگایان گرتەبەر.

**[١٧٨]** یۆنانییەکان گەلێک خێرا بەمەبەستی دامەزران لە شوێنەکانی دیاریکراو وەخۆکەوتن. راست لەو کاتەدا مەترسی و نیگەرانییەکی فرە سەبارەت بە داهاتوو و چارەنووسی یۆنان کاهێنانی دێلفوسی داگرتبوو. ئەوان بەردەوام داوای ئامۆژگاری و پێشگۆییان لە خواکان دەکرد. ئامۆژگاری سەرەکی ئەوە بوو لەبەر با و تۆفان بپاڕێنەوە، چونکە بەهێزترین هاوپەیمانانی یۆنان بوون. وەختێک دێلفوسی‌یەکان ئەو پێشگۆییەیان وەرگرت، سەرەتا بۆ ئەو کۆمەڵە یۆنانیانەیان نارد کە خوازیاری ئازادی و سەربەستی خۆیان بوون و لەڕاستیش‌دا هەر ئەوان پتر دەترسان، چونکە دەبوایە بەرەنگاری بەربەرەکان ببنەوە و بەدرێژایی چەندین سەدەش ئەمەگناسی خۆیان دەرخستبوو.

دێلفوسی‌یەکان لەدرێژەدا کۆمەڵێک قوربانییان پێشکەش بە خوای با و تۆفانەکان کرد، واتە خواوەند تییا[1]. رێورەسمی قوربانی لەو شوێنەی پەرستگەی تییای لێیە بەڕێوەچوو و دەڤەرەکەش هەر بەو ناوە ناسراوە (تییا کچی کیفیسۆس). ئێستاش دێلفوسی‌یەکان بەپێی پێشگۆیی و بەمەبەستی دانەوەی کەفارەی گوناهەکان، قوربانی پێشکەش بە خوای با و تۆفانەکان دەکەن.

## یەکەم شەڕ و پێکدادانی ناوچەکانی تێرمۆپیلێس و ئارتێمیسیۆ

**[۱۷۹]** لەنێو ناوگانی دەریایی کسێرکیس‌دا، ئەو بەشەی کە لە شاری تێرمی‌ڕا وەڕێکەوت، دە دانە گەمی خێرا بەرەو سکیاتۆس وەڕێکەوتن، واتە بۆ ئەو شوێنەی سێ گەمی یۆنانی کێشکیان لێدەکێشا. سێ لە گەمییەکانی یۆنانی لە ئێیینا و تریزینا و هەرێمی ئەتیکی‌یەوە هاتبوون. گەمییە یۆنانیەکان خەبەری پەلاماری بەربەرەکانیان پێگەیی و خێرا پاشەکشەیان کرد.

**[۱۸۰]** کاپیتانی گەمییەکەی ناوچەی تریزینا ناوی پریکیسینۆ بوو، لەلایەن بەربەرەکانەوە گەمارۆدرا و دەستی بەسەردا گیرا. دواتر جوانترین پیاوی شەڕکەری نێو ئەو گەمییە گیراوەیان هێنایە سەر عەرشە و سەریان بڕی. بەربەرەکان ئەو سەرکەوتنەیان بە خواستێکی خوایی زانی، چونکە لە یەکەم تێکهەڵچوون لەگەڵ یۆنانییەکاندا، هەوەڵ کەسی بەدیلیان گرت، جوان بوو و بۆیە کردیانە نێچیری قوربانی.

**[۱۸۱]** گەمی ئێغینی بە فەرماندەری ئاسۆنیدیس بەهێزترین بەربەرەکانی نواند، چونکە یەک لە شەڕکەرانی ئەو گەمییە بەناوی پیتیئاس کوڕی ئیسخێنۆئۆس ئەو رۆژە جوامێرانە شەڕی کرد. هەرچەند گەمییەکە دەستی بەسەردا گیرا، بەڵام ئەو بەردەوام شەڕی کرد، تا ئەو جێگایەی لەبەر برینەکانی هێزی لەبەردا نەما. کاتێک کەوتە سەر عەرز نەمردبوو و هێشتا

---

[1] ١- بەپێی بۆچوونێکی‌تر، ئیلاهە تییا عیبادەت و پەرەستنی دیۆنیسۆس بەدیاری دێنی و تیاییەکان بەڕێوەی دەبەن.

هەناسەی دەهات. ئەو پارسانەی لەنێو گەمییەکەدا بوون، بۆخاتری جوامێری پیتیئاس، هەوڵیاندا هەرجۆرێک بکرێ لە مەرگی رزگاربکەن. جیوەی داری مەرمەک (چەشنی دارسماق)یان لە برینەکانی هەڵسووت و بە کەتان برینپێچیان کرد و دایانپۆشی. وەختێک گەڕانەوە مۆڵگەکەیان، بەوپەڕی شانازییەوە بە سەربازانیتریان نیشاندا و بەردەوام پێیڕادەگەیشتن. ئەوانەیتریش کە لە هەمان گەمیدا بەدیلگیران، وەک کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردن.

**[١٨٢]** بەو شێوەیە دوو گەمی بەتەواوی دەستیان بەسەردا گیرا. گەمی سێهەم بە فەرماندەری فۆرمۆ، خەڵکی ئاتێن، کاتی پاشەکشە لە شوێنی تێکەڵبوونەوەی رووباری پینیۆس و بەحر لە قوڕچەقی. بەربەرەکان گەمییەکەیان گرت، بەڵام خەڵکەکەی پێڕاگەیشتبوون رابکەن. ئەو گەمییە وەختێک لە قوڕ چەقی، ئاتێنییەکان خێرا چۆلیان کرد و بەجێیانهێشت و بەڕێگای تێسالیادا گەڕانەوە ئاتێن.

**[١٣٨]** یۆنانییەکانی مۆڵگەی ئارتێمیسیۆس بەهۆی مەشخەڵە داگیرساوەکان لە سکیاتۆس، بەو خەبەرەیان زانی. ئەوانیش پەشێوییان تێکەوت و لە ئارتێمیسیۆسڕا بەرەو خالکیدا چوون، بۆوەی دەڤەری ئێڤریپیۆ بپارێزن و ژمارەیەک دیدەوانیان لەسەر بەرزاییەکانی ئێڤڤیاس دامەزراند. لە دە دانە گەمی بەربەرەکان، سێ دانەیان بەرەو دورگەیەکی ویشکارۆ وەڕێکەوتن. ئەو دورگەیە لەنێوان سکیاتۆس و ماغنیسیا هەڵکەوتووە و ناسراوبە میرمیکس. لەوێ بەربەرەکان کۆڵەکەیەکی بەردینەیان چەقاند کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. ئەوجار تەواوی ناوگانی دەریایی بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی لەبەردەم بێ، پێشڕەوی دەست پێکرد، واتە یازدە رۆژ دوای ئەوەی پاشا شاری تێرمی جێهێشت. پامۆن خەڵکی سکیرۆ بە پارسەکانی گوتبوو کە ئەو دورگە ویشکارۆیە لە نێوەڕاستی گوزەرە ئاوییەکەدا هەڵکەوتووە. هێزە دەریاییەکانی بەربەر تەواوی رۆژ بەڕیوەبوون تا گەیشتنە سیپیادا لە هەرێمی ماغنیسیا و ئەو کەنارانەی کە لەنێوان شاری کاستانیئا و قەراخ سیپیادا هەڵکەوتوون.

**[١٨٤]** تا ئەو ناوچەیە و دەڤەری تێرمۆپیلێس لەشکری کسێرکیس تووشی هیچ چەشنە زەبرێکی کاریگەر نەهات و بەپێی بەراوردەکانی خۆم، لەو کۆمەڵە گەمییانەی کە لە ئاسیاوە هاتبوون و ژمارەیان دەگەیشتە هەزار و دووسەد و حەوت دانە، سەرەتا رادەی دووسەد و چل و یەک هەزار و چوارسەد پیاوی شەڕکەر خزمەتیان دەکرد و سەر بە گەلانی بەشدار لەو سپایەدا بوون. ئەگەر کەسێک بخوازێ حیساباتێک بکا، هەر دوو سەد کەس لەنێو یەک گەمیدا دامەزرابوون. لەنێو گەمییەکاندا، جیا لە پیاوانی کەشتیوان، سی کەسی پارس و میدیایی و ساکی دانیشتبوون، بە واتایەک سی و شەش هەزار و دوو سەد و دە کەسیتر پێویستە بەوانەوە زیادبکرێت. بە سەرجەمی ئەوانەی تا ئێستا باسم کردن، دەبێ کۆمەڵی کارگێڕانی گەمییەکانی پێندیکۆندۆرۆی (گەمی کە پەنجا بێڵژەنی هەبێ) بخرێتە سەر، واتە نیزیک بە هەشتا کەس بۆ هەر گەمییەک. وەک پێشتریش گووتم سی هەزار لەو گەمییانە کۆببۆوە و دووسەد و چل هەزار پیاویان هێنابوو. ئەوە ئەو کەشتیگەلیە بوو کە لە ئاسیاوە هاتبوو. ژمارەی پیاوانی سەر گەمییەکان دەگەیشتە پێنسەد و هەڤدە هەزار و شەش سەد و دە کەس. لەشکری پیادە یەک میلیۆن و حەوت سەد هەزار کەس بوو و هێزی سوارە هەشتا هەزار کەس. ژمارەیەکی زۆر عارەبانەیان پێبوو و بەشێک بەسواری وشتران هاتبوون و لیبیاییەکان بە فایتوونەکانیانەوە بەشداریان کردبوو. لێرەدا پێویستە بیست هەزار کەسیتر بەو لەشکرەوە زیاد بکرێ.

سەرجەمی هێزەکانی دەریا و پیادەن دەگەیشتنە دوو میلیۆن و سێسەد و هەڤدە هەزار و شەش سەد و دە کەسی پیاوی شەڕکەر. لەشکر بەو ژمارەیەوە لە ئاسیاوە وەڕێکەوت، بەبێ ئەوەی کەس حیساباتێک بۆ رادەی خزمەتکار یا گەمییەکانی بارهەڵگری گەنم و کارگێڕانی گەمییەکانیتر بکا.

**[١٨٥]** هەڵبەت جێگای خۆیەتی لەشکری ئوروپاییەکانیش بەو سپا مەزنەوە زیادبکرێت، بەڵام من هەر بەوەندە قەناعەت دەکەم. گەمییە یۆنانیەکان، ئەوانەی لە هەرێمی تراکی و دورگەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون،

ژمارەیان دەگەیشتە سەد و بیست دانە. رادەی شەڕکەرانی ئەوانە بیست و چوارهەزار کەس بوو. لەشکری پیادە پیکهاتوو لە خەڵکانی تراکی، پیئۆنی، ئیئۆردی، ڤوتییی، هۆزەکانی خالکیدیکی، ڤیرغی، پییێری، ماکێدۆنی (مەقدوونی)، پێریڤی، ئێنیانی، دۆلۆپی، ماغنیتی، ئاخایی و گشت دانیشتووانی قەراخ ئاوەکانی هەرێمی تراکی. بەبەراوردی من سەرجەمی شەڕکەرانی ئەو لەشکرە سێسەد هەزار کەس دەبوون. ئەگەر ئەو هەزاران کەسەش بە هێزەکانی ئاسیاییەوە زیادبکرێن، رادەی شەڕکەرانی سپا، خۆی لە دوو میلیۆن و شەش سەد و چل و یەک هەزار و شەش سەد و دە کەس دەدا.

**[١٨٦]** شەڕکەرانی بەشدار لەو سپایەدا زۆر لەوە زیادترن، بە باوەڕی من خزمەتکاران و ئەوانەی سواری گەمییەکانی هەڵگری گەنم و ئەرزاق بوون، لەگەڵ ئەوانەی لە بەشەکانیتری سپادا خزمەتیان دەکرد، رەنگە لە رادەی شەڕکەرانی لەشکر کەمتر نەبووبن و بەڵکوو زیادتریش بوونە. من پێموایە ئەوانەش بەقەرا لەشکری شەڕکەر بوونە، هەربۆیە حیساباتێکی ئەوتۆش بۆ ئەوانە دەکەم، هەڵبەت نە بە کەم و نە بە زیاد. ئەگەر ژمارەی ئەوانە بەقەڕا لەشکر بووبێ، دەبێ بە هەزاران کەس بەراورد بکرێن. سەرجەمی ئەو خەڵکەی کسێرکیسی، کوڕی داریوش چەشنی سپا وەڕێیخست، تا گەیشتنە ناوچەی سیپیادا و تێرمۆپیلێس، بەو جۆرە بووە: پێنج میلیۆن و دووسەد و هەشتا و سێ هەزار و دوو سەد و بیست کەس.

**[١٨٧]** ئەوە باسی سەرجەم خەڵکی بەشداری سپای کسێرکیس بوو. ئەوجار ئەو کۆمەڵە ژنەی هەویریان دەشێلا و نان و چێشتیان دروست دەکرد، کەنیزەکانیان و مەعشوقەکان، هیچکەس ژمارەی دروستی ئەوانە نازانێ. تەنانەت باس لە ماڵاتی باربەر و ئاژەڵانیتر و سەگی هیندیش نەکراوە کە لەگەڵ سپادا بوونە. رادەی ئەوانە لە حیساب نایە. بەلای منەوە دیاردەیەکی سەیر نییە کە کاتی ئاوخواردنەوە رووبار وێشک هەڵگەڕاوە. ئەوەی جێگای سرنجە، دابینکردنی خواردن و بژیوی ئەو گشتە حەشامەتە و شێوەی دابەشکردنییەتی. ئەگەر حیساباتێکی سەرپەنجەیی بۆ بکەم کە

هەرکەس، تەنیا بۆ یەک رۆژ، یەک خینیک[1] گەنمی پێدرابێ، ئەوجار دەتوانم بڵێم رۆژانە سەد و دە هەزار و سێ سەد و چل مێدیمن[2] ئاردی پێویست بووە. هەڵبەت بەبێ ئەوەی بژێوی ژنان و مەعشوقەکان و تفاقی ماڵات و خواردنی سەگان بەراورد بکەم. دەبێ ئەوە بڵێم کە لەنێو ئەوەندە میلیۆن پیاوەدا، هیچکەس نە لە باری جوانییەوە و نە لە قەڵافەتدا هێندەی کسێرکیس بەرچاو نەبووە، بۆوەی بتوانێ هێزێکی ئەوتۆ لەژێر دەسەڵاتیدا کۆبکاتەوە.

**[١٨٨]** کاتێک کەشتیگەلی دەریایی پارس وەڕێکەوت، ئاوەکانی دەربازکرد و گەیشتە کەنارەکانی ماغنیسیا لەنێوان شاری کاستانێئا و سیپیادا. یەکەم وەجبەی گەمییەکانیان راکێشا سەر دەشتایی قەراخ ئاوەکان و ئەوانیتریش قولاپیان لە ئاو هاویشت و لەنگەریان گرت. لەبەر ئەوەی دەریای ئێرە بەرتەسک بوو، لەنێو ئاوەکانی ئازاد و لە هەشت ریزدا، لووت بەرەو دەریا دامەزران. ئەو شەوە بەو چەشنە تێپەڕی. سپێدەی بەیانی بەڵام، هەرچەند هەوا خۆش بوو و بای نەدەهات، لە پڕێکا هەوا گۆڕا و بای رۆژهەڵات هەڵیکردێ و تۆفان هەستا. خەڵکی دەڤەرەکە بەو بایە دەڵێن: بای ئێلیسپۆندۆس. ئەوانەی هەستیان بە مەترسی کرد، وەختێک هەوا ناخۆش بوو و پێڕاگەیشتن قولاپ هەڵکێشن و بەرەو کەنارەکان بڕۆن، توانیان لەدەست ئەو تۆفانە رزگارییان بێ. دیارە خێرا گەمییەکانیان راکێشایە سەر دەشتایی و خۆیان و گەمییەکانیان نەجاتدا. ئەو کۆمەڵە گەمییەی لە نێو دەریای ئازاددا بوون، تۆفان رەپێچەکی دان و گشتیانی فڕێدایە شوێنێک بەناوی ئیپنی سەر بە ناوچەی پیلیۆ و هێندێکیش بۆ دەرەوەی قەراخ ئاوەکانی ئەو ناوچەیەی لەنگەریان لێگرتبوو. هەروەها بەهۆی ئەو تۆفانەوە ژمارەیەک گەمی بۆ دەڤەری سیپیادا، چەندێک بۆ شاری میلیڤیا و کۆمەڵێکیش بۆ کاستانێئا هەڵدێران و دەبێ بڵێم هێزی ئەو تۆفانە لە تاریف نایە.

---

١- نیزیک بە ٥٠٠ گرەم، نیو کیلۆ.

٢- هەر ١ مێدیمن نیزیک بە ٢٤ کیلۆیە. سەرجەم گەنمی خوراو لێرەدا بەرابەری ٢٦٩٨١٦٠ کیلۆ بووە.

**[١٨٩]** باس‌دەکرێ کە ئاتێنی‌یەکان بە پێڕەوی لە پێشگۆیی، لەبەر بای شەماڵ پاڕابوونەوە. ئەوان پێشتر وەحییەکی خواییان پێگەییبوو کە پێویستە داوای یارمەتی لە زاوای خۆیان بکەن.

یۆنانییەکان لەو باوەڕەدان کە بای شەماڵ کاتی خۆی ژنی لە ناوچەی ئەتیکی (هەرێمی ئاتێن) هێناوە. ژنە ناوی خاتوو ئۆریتییا، کچی ئێریختێ‌ئۆس بووە. بەپێی دەنگۆکان، لەبەر خزمایەتی ئەو ژنە ئاتێنییە، یۆنانییەکان بەو باوەڕە گەیشتوون کە زاواکەیان واتە ڤۆراس (بای شەماڵ) لە فریایان کەوتووە. یۆنانییەکان کاتێک بەرەو ناوچەی خالکیدای ئێڤڤیاس کەشتیڕانیان کردوە، هەواڵیان پێگەیی کە تۆفانێکی سامناک هەستاوە. هەڵبەت بەرلەوەی ئەو تۆفانە وەخۆکەوێ، ئەوان قوربانیان پێشکەش بە خواکان کردبوو و لەبەر بای شەماڵ (ڤۆراس) و خاتوو ئۆریتییا پاڕابوونەوە کە یارمەتییان بدا و گەمییەکانی لەشکری پارس تێکبشکێنێ، وەک ئەوەی کە لە لەشکرکێشی پێشوودا لە دەڤەری ئاتۆ قەوما.

بەڕاست نازانم کە ئەو پاڕانەوەیە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بای شەماڵ و تێکشکانی گەمییەکانی بەربەر یان نا؟ بەڵام دەبێ بڵێم ئاتێنی‌یەکان خۆیان لەو باوەڕەدان بای شەماڵ پێشتریش یارمەتی داون، بۆیە کاتێک گەڕانەوە شارەکانی خۆیان، پەرستگەیەکیان لە تەنیشت چۆمی ئیلیسۆس بەو بۆنەوە بنیاتنا.

**[١٩٠]** ئەو جۆرەی دەگێڕنەوە، بەهۆی ئەو تۆفانە پتر لە چوارسەد گەمی پارسەکان تێکشکان و وێران بوون. خەڵکێکی بێ ئەژمار، سامانێکی فرە، هەرهەمووی تێداچوون. دانیشتوویەکی ماغنیسیایی بەناوی ئامینۆکلیس، کوڕی کریتینی ماڵەکەی لە نیزیک سیپیادا بوو. ئەو بەو رووداوە گەلێک دەوڵەمەند بوو. ناوبراو کۆڵێکی پەرداخی زێر کە ئاوی دەریا فڕێدابوونە دەرێ، لە کەنار ئاوەکان کۆکردەوە و قەیاسێکی فرەی زێڕ و ئاڵتوون دۆزییەوە و هەروەها گەنجی پارسەکان و زۆر کەرستەی بەنرخی‌تری دەسکەوت. ئەو کابرایە هەرچەند ئەو گشتە سامانەی کۆکردەوە و دەوڵەمەندێکی قورسی لێهاتەدەر،

هەستی بە بەختەوەری نەکرد، چونکە پێشتر تووشی ئازار و تێکچوون هاتبوو و ناخواستە کوڕەکەی خۆی کوشتبوو.

**[١٩١]** سەبارەت بە گەمییە بارهەڵگرەکانی گەنم و دانەوێڵە، ژمارەیەکی روون و ئاشکرا لەبەردەستدا نییە و نازانین چەندیان تێداچوون. رووداوەکە ئەوەندە وێرانکەر بوو کە سەرکردەکانی کەشتیگەلی دەریایی لەوە دەترسان مەبادا خەڵکی تێسالی پەلاماریان بدەنێ و بۆیە خێرا بەدەوری گەمییەکانی‌تردا حەساریان سازکرد. ئەو حەسارە لە لەتووپەتی گەمییەکانی شکاو دروست‌کرا. تۆفانەکە سێ رۆژی خایاند. لە کۆتاییدا پارسەکان قوربانیان پێشکەش کرد و مۆغەکان بەدەم دوعا خوێندنەوە لەبەر خوای بایەکان پاڕانەوە. ئەوان هەروەها لەبەر تێتی و نیری‌ئیدا پاڕانەوە ئەو تۆفانە هێورکاتەوە. رۆژی چوارەم تۆفان بەرەبەرە نیشتەوە، دیارنییە بۆخاتری دوعاکان بوو یا لەخۆوە دامرکا. کۆمەڵێک قوربانی پێشکەش بە پەرستگەی خواوەند تێتی کران، چونکە بەهۆی دانیشتووانی یوونی ئاگادار کرانەوە کە ئەو تۆفان و بایە لەلای پەرستگەی تێتی‌یەوە هەڵیکردوە. بە قسەی ئەوان پیلی‌ئاس لێرەوە تێتی هەڵگرتووە و تەواوی رۆخەکانی سیپیادا ملکی تێتی و نیری‌ئیدی‌یەکان (خوشکەکانی) بووە.

**[١٩٢]** رۆژی چوارەم دەریا ئارام بۆوە و شەپۆلەکان دامرکان. ئەو دیدەوانانەی لەسەر بەرزاییەکانی ئێڤڤیاس بوون، هەر لە رۆژی دووهەمدا داگەڕانە خوارەوە و هەواڵی ئەو وێرانییەیان بە هێزەکانی یۆنانی راگەیاند. یۆنانییەکان کاتێک ئاگادار بوونەوە، خێرا دەستیان بە دوعا و پاڕانەوە کرد و چەند قوربانییەکیان پێشکەش بە خواوەند پۆسیدۆنی پشتیوان و پارێزەر کرد و ئەوەندەی لە توانایاندا بوو بەپەلە بەرەو دەڤەری ئارتێمیسیۆس رۆیشتن، بەو هیوایە کە تووشی چەند گەمییەکی دوژمن بێن. ئەوانە چوون و لە ئارتێمیسیۆس لەنگەریان گرت و لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ ناوی پۆسیدۆنی رزگاریدەریان بەو شوێنە داوە.

**[١٩٣]** کاتیک بای شەماڵ دامرکا و دەریا هێوربۆوە، هێزەکانی بەربەر بایەوانەکانیان کردنەوە و بە قەراخ کەنارەکاندا وەڕێکەوتن و چیاکانی

ماغنیسیایان دەربازکردن و گەیشتنە کەنداوێکی بچووک کە بەرەو دەڤەری پاغاسیێسی راکشاوە. لە کەنداوی بچووکی ماغنیسیا شوێنێک هەیە و دەڵێن یاسۆن و هاوڕێکانی، گشتیان خەڵکی ئارغۆسی، سەرەتا ئیراکلیس‌یان بەدوای ئاوهێناندا ناردوە و دوایی خۆیشیان رۆیشتوون. ئەوانە ویستوویانە بەرەو ناوچەی ئێئا لە هەرێمی کۆلخیدا بچن و بەتایبەت بۆ دەڤەری خریسۆمالۆ دێراس(بەرانی‌زێڕخوری). هێزەکانی بەربەر دەبوایە بەرلەوەی درێژە بە پێشڕەوی بدەن، لەوێ ئاویان دەسکەوێ. بەو جێگایە دەگووترێ ئافێتێس و کەشتیگەلی کسێرکیس لەنگەری لێگرت.

**[١٩٤]** پازدە گەمی پارسەکان ئاخرەکەی لەنێو دەریادا مابوونەوە. ئەوانە چاویان بە گەمییەکانی یۆنانی کەوت کە ئەو کاتە لە ئارتێمیسیۆ بوون. سەرەتا پێیان‌وابوو سەر بە کەشتیگەلی خۆیانن و خێرا بۆلای ئەوان چوون و کەوتنە نێوانیان. سەرکردەی ئەو کۆمەڵە گەمییە، ساندۆکیس کوڕی تاڤماسیا، حوکمڕانی ئیداری شاری کیمیس سەر بە هەرێمی ئێئۆلی بوو. زەمانێک بەر لەو لەشکرکێشییە قازی بارەگای پاشایەتی بوو و بە فەرمانی داریوش لە خاچدار و هۆیەکەشی دەگەڕاوە بۆ ئەوە کە بەرتیلی وەرگرتبوو و بڕیارێکی بەناهەقی دابوو. لە حاڵێکدا ناوبراو بە داری خاچەوە هەڵواسرابوو، داریوش بیری لێکردەوە کە قازانجەکانی ئەو کابرایە بۆ بارەگای پاشایەتی پتر لە زەرەر و زیانەکانی بووە. داریوش بەو قەناعەتە گەیشت رق و کینی فرەتر لە هێمنایەتی بەکار هێناوە، بۆیە فەرمانی‌دا لە داری بکەنەوە. ئەو کاتە بە خواستی داریوش لە مەرگ نەجاتی هات، بەڵام ئێستا لەنێو یۆنانییەکانی لەشکری کسێرکیس‌دا بوو. قەرار نەبوو ئیتر لەدەست مەرگ رابکا. هێزەکانی یۆنانی هەرکە ئەو گەمییانەیان لەنێوان خۆیاندا دیت، زانیان بەهەڵە هاتوونە ئەوێ و هی بەربەرەکانن، بۆیە خێرا خۆیان رێکخست و گەمارۆیان‌دان و بەبێ هیچ گرفتێک یەخسیریان کردن و دەستیان بەسەردا گرتن.

**[١٩٥]** لەنێو یەکێک لە گەمییەکاندا ئاریدۆلی بەدیل‌گیرا. ئەو کابرایە حوکمڕانی زاڵمی ئالاڤاندی‌یەکانی هەرێمی کاریا بوو. لە گەمییەکی‌تردا

سەرکردەی پافۆسی بەناوی پێنتیلا کوڕی دیمۆنۆس دوازدە گەمی لەژێر فەرمانیدا بوو و لە پافۆس‌ڕا هاتبوو. یازدە دانە لەو گەمییانە بەهۆی تۆفان لە قەراخ ئاوەکانی سیپپیادا تێکشکابوون و تەنیا یەک گەمی بۆ مابۆوە کە لەویشدا بەدیل گیرا، هەڵبەت راست لەو کاتەدا کە خەریک بوو نیزیکی ئارتێمیسیۆس ببێتەوە. یۆنانییەکان دوای ئەوەی لەو کۆمەڵە یەخسیرەیان کۆڵییەوە و زانیاری تەواویان سەبارەت بە هێزەکانی کسێرکیس دەسکەوت، گشتیان بە دەست‌بەستراوی ناردە ئیستمۆ لە هەرێمی کۆرینتۆس.

**[١٩٦]** ناوگانی بەربەرەکان، جیا لە پازدە گەمی کە بەهۆی سادۆکیس فەرماندەری دەکران و پێشتر باسم لێوەکردن، باقی ئەوانی‌تر بەرەو ئاوەکانی ئافێتێس شۆڕبوونەوە. کسێرکیس و لەشکری پیادە دوای تێپەڕین بە تێسالی و ناوچەی ئاخایی‌دا، سێ رۆژ زووتر گەیشتبوونە مالییێئۆ. کسێرکیس لە هەرێمی تێسالیا کێبەرکێی سوارکاری لەنێوان هێزەکانی خۆی و تێسالییەکان وەڕێخست، بۆوەی توانایی هەردوو لایەن هەڵسەنگێنێ، چونکە بیستبووی کە باشترین هێزی سوارەی یۆنانییەکان تێسالییەکانن.

هێزەکانی یۆنانی زۆر وەدوا کەوتبوون. لە رووبارەکانی هەرێمی تێسالیا تەنیا چۆمی ئۆنۆخۆنۆس ویشک‌هەڵگەڕابوو، چونکە لەشکری بەربەر تەواوی ئاوی ئەو چۆمەی هەڵلووشی بوو. لە چۆمەکانی هەرێمی ئاخایی تەنانەت گەورەترین رووباریش واتە ئاپیدانۆس بەشی خواردنەوەی لەشکری نەکردبوو.

**[١٩٧]** کاتێک کسێرکیس گەیشتە ئالۆ، سەر بە هەرێمی ئاخایی، چاوساغەکان بەرلەوەی باسی ئەو لێقەومانە بکەن و خەبەری رووداوەکەی پێبڵێن، سەرەتا هێندێک زانیاریان لەمەر نەریتێکی کۆنی ناوچەی خۆیان سەبارەت بە پەرستگەی خواوەند دیا لە لافیستیۆ بە پاشا گووت.

ئاتاماس کوڕی ئێئۆلوو و خاتوو ئێناریێتی سەرەتا زەماوەندی لەگەڵ خاتوو نێفێلی کرد و بوو بە خاوەن دوو منداڵی جمک بەناوەکانی فریکسۆ و ئێللی. ئاتاماس دواتر لە نێفێلی جیا بۆوە و لەگەڵ ئینۆ (زڕدایکی فریکسۆ) ژیانی هاوبەشیان دامەزراند. ئاتاماس بەشداری لە پیلانێکدا کرد کە بەهۆی ئینۆ

داڕژابوو. لەو پیلانەدا قەرار وابوو فریکسۆ بکوژرێ. ئاخاییەکان بە باوەڕێکی کە بە پێشگۆییەکان هەیانە، وەک نەریتێکی کۆنی ناوچەکەیان لەو سەردەمەوە تا ئێستا نەوەکانی ئاتاماس واتە منالانی بەرەی فریکسۆ وشیار دەکەنەوە. گەورەی ئەو ماڵباتە ئیزن نادەن بێتە ژوورەوەی نێوەندی ئیداری حکوومەت و ئەو شوێنە تەواو پارێزراوە (پریتانییۆ، واتە نێوەندی ئیداری، ئاخاییەکان پێیدەڵێن لیئیتۆن). ئەگەر گەورەی ماڵبات بچێتە ژووری پریتانییۆ، تازە ناتوانێ لێیدەرکەوێ مەگەر چەشنی گۆشتی قوربانی. چاوساغەکان ئەوەشیان بە کسێرکیس گووت کە زۆربەی ئەو کەسانەی بۆ قوربانیکران هەڵدەبژێران، لەترسان پەنایان بۆ وڵاتانیتر دەبرد. ئەگەریش دوای ساڵانێک دەگەڕانەوە و دەیانویست بچنە ژوورەوەی پریتانییۆ (نێوەندی ئیداری)، دیسان دەیانگرتن و قوربانیان لەسەر دەکردن. چاوساغەکان هەروەها گووتیان کە هەرکەس لەو خانەدان و ماڵباتە چووبا ژوورەوەی پەرستگە، سەرەتا لە تاجی بازنەیی چندراو لە غەڵف و گەڵا وەردەپێچرا و ئەوجار کۆڕەوی خەڵک کابرایان چەشنی نێچیر بۆ سەر سەکۆی قوربانی دەبرد. کسێرکیس وەختێک گوێی لەو قسانە بوو و نیزیکی دارستانی دەڤەرەکە کەوتەوە، ئیتر نەیوێرا بچێتە نێوی و فەرمانی بە لەشکردا لەوێ دوور بکەونەوە. کسێرکیس حورمەتی زۆری بۆ ماڵباتی ئاتاماس و پەرستگەکەی هەبوو.

**[١٩٨]** ئەو کۆمەڵە رووداوە لە دەڤەرەکانی تێسالی و ئاخایی قەومان. کسێرکیس لەو ناوچانەوە بەرەو مالیدا وەڕێکەوت. لەوێ کەنداوێکی بچووک هەیە و هەڵکشان و داکشانی ئاوی ئەو کەنداوە دیاردەیەکی رۆژانەیە. قەراخ ئاوەکانی ئێرە دەشتاییە، لە هێندێک شوێن بەربەرین و لە هێندێکیتر تەواو بەرتەسکە. لە دەوری ئەو شوێنە چیای بەرز هەڵکەوتوون و بۆ پێهەڵگەڕان و دەربازبوون دەست نادەن. ئەو کۆمەڵە چیایە ناوچەی مالیدایان گەمارۆداوە و پێیاندەگووترێ رەوەزەکانی تراخینی. هەرکەس لەلای هەرێمی ئاخاییڕا بێ، یەکەم ئاوایی کە تووشی دەبێ، ناسراوە بە ئانتیکیرا. چۆمی سپێرخییۆ بە تەنیشت ئەو شارەدا تێدەپەڕێ. ئەو چۆمە لە وڵاتی ئێنیانییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و پاشان

دەڕژێتە نێو دەریا. دوای ئەو چۆمە، بە مەودای نیزیک بە بیست ستادیۆ چۆمێکیتر هەیە بەناوی دیراس. دەگێڕنەوە کە ئەو چۆمە بۆخاتری ئیراکلیس دروست بووە تا لە کاتی سووتانیدا، ئاگرەکە بکوژێنێتەوە. لە چۆمی دیراس و بە مەودای بیست ستادیۆیتر دەگەینە رووبارێک بەناوی مێلاس.

**[١٩٩]** شاری تراخیس پێنج ستادیۆ لە رووباری مێلاس دوورە. لەو شوێنەش کە شارەکەی لێدروست کراوە، کەوتووەتە نێوان چیاکان و دەریا کە پانترین جێگایە. پانتایی ئەو دەڤەرە خۆی لە بیست و دوو هەزار پلێترا دەدا. ئەو ریزە چیایەی ناوچەی تراخینای گەمارۆداوە، گەلییەکی بەرتەنگەیان پێکهێناوە کە بەلای باشووردا دەڕواتە خوار و چۆمی ئاسۆپۆس بەو دۆڵە و بەداوێن چیاکاندا شۆڕدەبێتەوە.

**[٢٠٠]** چۆمێکیتریش هەیە بەناوی فینیکس کە زۆر گەورە نییە. ئەویش لە باشووری رووباری ئاسۆپۆس هەڵکەوتووە و دواتر تێکەڵ بەو دەبێتەوە. لە نیزیک فینیکس گوزەرەکە ئێجگار زۆر بەرتەسک دەبێتەوە و تەنیا یەک ریگای هەیە و عارەبانەیەکیش دەتوانێ پێیدا دەربازبێ. لە چۆمی فینیکسڕا تا تێرمۆپیلێس پازدە ستادیۆ مەودایە. لەو نێوەدا گووندێک هەڵکەوتووە بەناوی ئانتیلی و چۆمی ئاسۆپۆس لەنیزیک ئەو دێیە دەڕژێتە نێو دەریا. دەوروبەری ئەو گووندە تەواوێک بەربڵاوە و پەرستگەی ئامفیکتیۆنیدۆ دیمیترا، شوێنە ئایینییەکانی ئامفیکتۆنییەکان و پەرستگەی ئامفیکتینۆس لەوێ بنیاتنراون.

**[٢٠١]** کسێرکیس لە ناوچەی تراخینا، سەربە ناوچەی مالیدا مۆڵگەی دامەزراند و هێزەکانی یۆنانیش لە دۆڵەکان جێیانگرت. ئەو شوێنەی یۆنانییەکان لێیدامەزران، لەلایەن یۆنانییەکان خۆیانەوە ناسراوە بە تێرمۆپیلێس، بەڵام خەڵکی دەڤەرەکە و دراوسێکان پێیدەڵێن پیلێس. لەهەرحاڵدا، هەردوو هێزی سەرەکی لەو ناوچەیە دامەزران. کسێرکیس شاخەکانی بەدەستەوە بوو تا دەگەیشتنە تراخینا و یۆنانییەکانیش دەشتاییەک بەرەو باشووری رۆژئاوا.

**[٢٠٢]** ئەو بەشە لە یۆنانییەکان کە لەو ناوچەیە جێیانگرتبوو بۆوەی شەڕ لەگەڵ پارسەکان بکەن، بریتی بوون لە: سێ سەد چەکداری سپارتی (لاکیێدیمۆنی)،[1] هەزار کەسی تێییئاتی و مانتینی واتە نیوە بە نیوە، سەد و بیست چەکداری خەڵکی ئۆرخۆمێنۆی سەر بە ناوچەی ئارکادیا و هەزار شەڕکەریتری ئارکادی. ئارکادییەکان هەر ئەوەندە بوون. لە هەرێمی کۆرینتۆ چوارسەد کەس، لە ناوچەی فلیئۆندا دووسەد و لە دەڤەری میکینییش هەشتا شەڕکەر هاتبوون. دەبێ بڵێم ئەوانە گشتیان لە هەرێمی پیلۆپۆنیسۆسڕا بەشداریان کردبوو. حەوتسەد کەسی تێسپییی خەڵکی ڤیئۆتیا و چوارسەد کەسی تیبێیی، ئەوانەشیان لەگەڵ بوون.

**[٢٠٣]** یۆنانییەکان هەروەها داوای پشتیوانیان لە لۆرکی و فۆکییەکانی ناوچەی (ئۆپووند)یش کردبوو. لەشکری ئەوانە سەرجەم هەزار کەسێک دەبوو. دیارە یۆنانییەکان بەهۆی تەتەر وڵامیان لەوانە راسپاردبوو کە پێویستە وەک هێزی پشتیوان بۆ باقی لەشکری یۆنانی نەخشبگێڕن، واتە ئەو لەشکرەی قەرابوو ئەوڕۆسبەی بگاتەجێ. یۆنانییەکان هەروەها بەوانەیان گووت کە نیگەرانی لای دەریا نەبن، چونکە بەهۆی کەشتیگەلی ئاتێنی و ئێیینی و خەڵکانیترەوە دەپارێزرێ و جێگای مەترسی نییە. بەمەبەستی رازیکردنی لۆرکی و فۆکییەکان، یۆنانییەکان بۆیان روون کردبوونەوە کە ئەو کەسەی هێرشی کردوەتە سەر خاکی یۆنان خوا نییە و ئینسانە. هیچ ئینسانێکیش لەو جیهانەدا نییە کە لە رۆژی لەدایکبوونەوە چارەنووسی خەراپیش لەگەڵ خۆی نەهێنێ. پیاو ئەوەندەی ناسراو و گەورەیە، چارەڕەشییەکەشی بەو رێژەیە زۆر و فرەیە. کەوابوو هێرشکەری ئەوجارەش وەک مرۆڤ رۆژێک دەبێ چێژ لە داشکانی گەورەیی خۆی وەرگرێ. لۆرکی و فۆکی بەو قسانە قەناعەتیان هێنابوو و هێزی یارمەتیدەریان بۆ ناوچەی تراخینا ناردبوو.

**[٢٠٤]** لەنێو ئۆردووی یۆنانییەکاندا کۆمەڵێک سەرکردەیتر هەبوون کە لە شارەکانەوە هاتبوون. دیارە ئەوەی کە جێگای پەسندی گشت لایەک بوو و

---

١- ئیسۆکراتیس و دیۆدۆرۆسی سیکیلیۆتی دەڵێن، ژمارەی ئەوانە لەگەڵ دراوسێیەکانیان و ئیلۆتییەکان گەیشتووەتە هەزار کەس.

سەرکردایەتی گشت سپای یۆنانی دەکرد، لیۆنیداس، کوڕی ئەناکساندریدیسی لاکیدیمۆنی و خاوەن باپیرانی وەک لیۆنداس، ئیڤریکراتیدیس، ئەناکساندرۆس، ئیڤریکراتیس، پۆلیدۆرۆس، ئالکامینیس، تیلیکۆس، ئارخیلائۆس، ئیغیسیلائۆس، دۆریسۆس، لیئۆڤۆتیس، ئیخیستراتۆس، ئاغیس، ئیڤریستینیس، ئاریستۆدیمۆس، ئاریستۆماخۆس، کلیئۆدیئۆس، غللۆس، ئیراکلیس بوو.

لیئۆنیداس بەبێ ئەوەی خۆی چاوەڕوان بێ، وەک پاشای سپارتییەکان ڕاگەیێندرابوو.

**[٢٠٥]** لیئۆنیداس دوو برای لەخۆی گەورەتری هەبوو بەناوەکانی کلیئۆمینیس و دورییئا. لیئۆنیداس چ جاریَ لە ژیانیدا بیری لە دەسەڵاتی پاشایەتی نەکردبۆوە. کاتێک کلیئۆمینیس مرد، هیچ منداڵێکی نێرینەی لەپاش بەجێ نەما. دورییئا، ئەویش لە ژیاندا نەمابوو و پێشتر لە شاری سیکێلیا مردبوو. هەربۆیە دەسەڵاتی پاشایەتی درا بە لیئۆنیداس، لەبەر ئەوەی بەر لە کلیئۆمڤرۆتۆس (براچووکەی ئەناکساندریدیس) لەدایکببوو و لەو گەورەتر و هەروەها زاوای کلیئۆمینیس بوو.

لیئۆنیداس بە سێسەد شەڕکەری هەڵبژاردە بەرەو تێرمۆپیلێس رۆیی. ئەو کۆمەڵە شەڕکەرە گشتیان خاوەن کوڕ[1] و تیڤییەکانیش رەگەڵ ئەوانە کەوتبوون. لەو جێگایەی باسی لەشکری یۆنانیم هێناگۆڕێ، سەبارەت بە تیڤییەکانیش دواوم. فەرماندەری تیڤییەکان، لیئۆندیادیس کوڕی ئیڤریماخۆس بوو.

لیئۆنیداس بۆیە لەسەر بەشداری تیڤییەکان پێداگر بوو و دەیویست لەگەڵ خۆی بیانبا، چونکە بیستبووی ئەوانە لەژێرەوە بەنهێنی لەگەڵ میدیاکان رێککەوتوون. لیئۆنیداس داوای لەوانە کرد کە هێز بنێرن. ناوبراو گەرەکی بوو دڵنیا بێ ئاخۆ لەو شەڕەدا یارمەتی دەدەن یا لە هاوپەیمانی لەگەڵ یۆنانییەکان دەکشێنەوە. تیڤییەکان وڵامی ئەرێنییان بە لیئۆنیداس دابووە، بەڵام مەبەستیان خواستێکیتر بوو.

---

١- کەوابوو دوای مەرگی ئەوانەش خانەدانەکان بەردەوام هەبوونە.

**[٢٠٦]** سپارتی‌یەکان بۆیە بەرلە خەڵکانی‌تر، تیڤی‌ییەکانیان لەگەڵ لی‌ئۆنیداس ناردە مەیدان تا هاوپەیمانەکانیان بە دیتنی ئەوان وەخۆبێنەوە و ئیتر بیر لە چوونە نێو بەرەی دوژمن نەکەنەوە و ئەگەر بە خۆخافڵاندنی سپارتی‌یەکانیشیان زانیبێ. دوای بەڕێکردنی ئەو وەجبەیە، سپارتی‌یەکان خەریکی پیرۆزکردنی جێژنی کارنیا[1] بوون. ئەو جێژنە لەو سەردەمە هەستیارەدا بۆ سپارتی‌یەکان بەربەستێک بوو. لەهەرحاڵدا ئەوان بڕیاریان‌دا جێژنەکە بگرن و پاشان هێزێک بۆ پاسەوانی شار تەرخان بکەن و خۆیان بەپانەوە بەرەو تێرمۆپیلێس وەڕێکەون. هاوپەیمانانی‌تریش هەربەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد، چونکە ئەوانیش لەو سەروبەندەدا خەریکی جێژنی ئۆلیمپیادا بوون و پێیان‌وانەبوو ئاڵوگۆڕەکانی تێرمۆپیلێس ئەوەندە خێران و سەرەتا بە ناردنی کۆمەڵێک پاسەوان قەناعەتیان هێنا.

**[٢٠٧]** یۆنانییەکان بەو شیوەیە بیریان لەو بارودۆخە کردبۆوە. کسێرکیس کاتێک لە دەڤەری تێرمۆپیلێس، نیزیکی گوزەرەکان کەوتەوە، یۆنانییەکان ترسیان ڕێنیشت و بەتەمای پاشەکشە بوون. زۆربەی پێلۆپۆنیسی‌یەکان لەو بڕوایەدا بوون کە باشترە بگەڕێنەوە ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس و پارێزگاری لە دەڤەری ئیستمۆ بکەن، بەڵام لی‌ئۆنیداس لەبەر ئەوەی فۆکی و لۆرکی‌یەکان پێشتر قسەیان لەسەربوو، بڕیاری‌دا خۆی لەگەڵ هێزەکانی ژێردەستی بمێنێتەوە و راسپاردەی ناردە شارەکانی‌تر و داوای هێزی پشتیوانیی کرد، چونکە ژمارەیان کەم بوو و نەیان‌دەتوانی لەشکرێکی گەورەی چەشنی میدیاکان تێکبشکێنن.

**[٢٠٨]** لەکاتی راوێژدا، کسێرکیس سوارکارێکی نارد بۆوەی بزانێ ئەو یۆنانییانە چەند کەسن و خەریکی چین. کسێرکیس ئەو سەردەمە هێشتا لە ناوچەی تێسالی بوو و بیستبووی کۆمەڵێک یۆنانی بەسەرکردەیی لی‌ئۆنیداسی لاکێدێمۆنی، نەوەی ئیراکلیس کۆبوونەتەوە. وەختێک سوارکارەکە لە ئۆردووی یۆنانییەکان نیزیک بۆوە، نەیدەتوانی تەواوی لەشکر ببینێ، چونکە ئەو

---

١- هەربۆ هەمان مەبەست، ساڵی ٤٩٠ی پێش زایین، هێزەکانی پشتیوانی سپارتی گەیشتوونەتە شاری ئاتێن، دیارە دوای شەڕی ماراتۆن.

یۆنانییانەی لەنێو ئەو دیوارەی دروستیان کردبوو، وەبەرچاو نەدەهاتن و کابرا تەنیا خەڵکی دەرەوەی شوراکەی دیت. ئەو، چەک و سیلاحی ئەو بەشە لە لەشکری دیت کە بە دیوارەوە هەڵپەسێردرابوون، ئەو رۆژە بەهەڵکەوت نۆرەی پاسەوانی لاکێدیمۆنی‌یەکان بوو. کابرا دیتی کە هێندێک لە سەربازانی یۆنانی خەریکی وەرزیش و چەندێکیش قژەکانیان شانە دەکرد.[1] کاتێک ئەو کۆمەڵە سەربازەی دیت، بۆی پرسیاربوو ئاخۆ دەبێ چەند کەس بن. پاش سەیرکردنی گشت لایەک، بەبێ هیچ گرفتێک گەڕاوە دواوە. هیچکەس خۆی تێنەگەیاند. ئەو شتانەی دیتبووی گشتی بۆ کسێرکیس باس‌کرد.

**[۲۰۹]** کسێرکیس وەختێک گوێی لە قسەکانی کابرای سوارکار بوو، بۆی لێکنەدرایەوە چ خەبەرە، واتە سپارتی‌یەکان خۆیان بۆ کوشتن ئامادە دەکەن و ئەوەندەی لەدەستیان بێ بکوژن. کردەوەی ئەوانەی بەلاوە سەیربوو و پێکەنینی پێهات. بانگی دیماراتۆسی کرد. دیماراتۆس کوڕی ئاریستۆنۆس ئەوکاتە لەگەڵ لەشکری کسێرکیس بوو. دیماراتۆس وەختێک گەیشتە لای کسێرکیس، پاشا سەبارەت بەو شتانە لێی‌پرسی و دەیویست بزانێ لاکێدیمۆنی‌یەکان بەڕاستی خەریکی چن. دیماراتۆس لە وڵامدا گووتی: "پێشتر بۆم باس‌کردی، راست ئەو وەختەی خەریک بووین بەرەو یۆنان وەڕێکەوین، کاتێک لەمەر ئەوانە دوام، جەنابت پێم‌پێکەنی.

پاشاکەم! بۆ من گەلێک دژوارە راستییەکانت پێ‌بڵێم. بەڵام هەرچی بێ، ئێستا گوێم لێبگرە. ئەوانە بۆیە ئەو شوێنەیان گرتووە، تا ئێمە نەتوانین دەربازبین و بۆ ئەو مەبەستەش خۆیان ئامادەدەکەن. ئەوە خوو و نەریتیی ئەوانەیە. وەختێک دەزانن تووشی مەترسی گەورە دێن، قژەکانیان شانەدەکەن. پاشا پێمخۆشە لەو رەوشتەشیان تێبگەی. ئەگەر بەسەر ئەوانە و باقی سپارتی‌یەکاندا سەرکەوی، ئیتر هیچ هۆزێکی‌تری مرۆڤەکان ناتوانێ

---

١- بەبۆچوونی لیکۆرغۆس. ئەو بەخۆراگەیشتنە دەبووە هۆی جوان بوونی بەشێکیان و ناحەزبوونی هێندێکیان. کەمترین ماف بوو کە سپارتی‌یەکان بەپێی یاسا دەیانتوانی کەڵکی لێوەرگرن.

له بەرامبەر جەنابتدا خۆڕاگریێ. ئێستا تۆ کەوتوویە بەر خەڵکانێک کە باشترینی یۆنانییەکانن و جوامێرترین پیاوانی شەڕکەرن ".

لەبەر ئەوەی کسێرکیس نەیدەتوانی باوەڕ بەو قسانەی دیماراتۆس بکا، جارێکیتریش هەمان پرسیاری هێناگۆڕێ کە چۆن لەشکرێکی هێندە بچووک لەخۆڕادەبینێ لەگەڵ لەشکری مەزنی ئەو شەڕ بکا. دیماراتۆس دوبارە وەجواب هات و گووتی: "پاشا! ئەگەر ئاکامی شەڕ بەپێچەوانەی قسەکانی من دەرکەوت، ئەوسا وەک درۆزنێک رەفتار لەگەڵ مندا بکە ".

**[١٢٠]** قسەکانی دیماراتۆس نەیانتوانی کسێرکیس بە قەناعەت بگەیێنن. کسێرکیس چوار رۆژ لە چاوەڕوانیدا مابۆوە و پێیوابوو کە یۆنانییەکان پاشەکشەدەکەن و هەڵدێن. رۆژی پێنجەم، لەبەر ئەوەی هیچ پاشەکشەیەک نەهاتەگۆڕی، یۆنانییە رووهەڵماڵاوەکانی وەبەرچاو کەوت و خۆی پێڕانەگیرا و تەواوێک قەڵس بوو. خێرا میدیاکان و کیسیۆسیەکانی ناردە شەڕی ئەوانە و فەرمانی دەرکرد کە گشتیان بە زیندوویی بگرن و بیانهێننە بەردەمی ئەو. وەختێک میدیاکان پەلاماری یۆنانییەکانیاندا، ژمارەیەکی زۆر کوژران، بەڵام پاشاکشە نەکرا، هەرچەند زیانێکی فرەیان وێکەوت. بەو شێوەیە بۆ پاشا و جەماوەری ئەو دەرکەوت کە حەشیمەتێکی زۆر لەو شوێنە لەگەڵ ناوبراون، پیاوی شەڕکەر و جوامێر کەمن. شەڕی ئەو دوو لایەنە رۆژێکی تەواوی خایاند.

**[٢١١]** میدیاکان لەو شەڕەدا تووشی بێڕەحمی ئێجگار زۆر لەلایەن یۆنانییەکانەوە هاتن، بۆیە ناچار بە پاشەکشە بوون. ئەوکاتە پارسەکان لەو هێزە تایبەتەی کە ناسراو بە کۆمەڵی نەمران بوو و ئیدرانیس سەرکردایەتی دەکردن کەڵکیان وەرگرت و ناردیاننە گوزەرە بەرتەنگەکە و ئەوانیش گەرەکیان بوو بە چنگ و ددان دەست بەسەر ئەو شوێنەدا بگرن. ئەو هێزە پێیوابوو کارێکی زۆر هاسانی لەبەرە، بەڵام وەختێک لەگەڵ یۆنانییەکان دەستەویەخە بوون، کارێکی گرینگتر لە میدیاکانیان بۆنەکرا، چونکە گوزەرەکە زۆر تەنگ بوو. هێزەکانی تایبەتی پارس نێزەی کورتتر لە هی یۆنانییەکانیان پێبوو و نەیاندەتوانی کەڵکی پێویست لە نێزەکان و شەڕکەرانیان وەرگرن. لاکێدێمۆنییەکان زۆر بوێرانە شەڕیان کرد و تەواوی

شێوازەکانی شەڕیان دژی هێزەکانی دوژمن کە لێیان شارەزا نەبوون، بەکارهێنا. زۆرجار پشتیان لە دوژمن دەکرد و وایاندەنواند کە خەریکی پاشەکشەن، کاتێک بەربەرەکان دەیانبینی ئەوانە پاشەکشە دەکەن، بەهاوار و گوڕەگوڕ پەلاماری یۆنانییەکانیان دەداوە، ئەوسا یۆنانییەکان راست لەو کاتەدا کە دوژمن نیزیک دەکەوتەوە، لێیانوەردەسوڕانەوە و دوبارە لێیاندەدان و کۆمەڵێکیان لێدەکوشتن. هەڵبەت سپارتییەکانیش دەکوژران، بەڵام زۆر بە کەمی. لەبەر ئەوەی پارسەکان نەیانتوانی دەست بەسەر ئەو گوزەرە بەرتەسکە دابگرن و بەردەوام پەلاماریان دەدا و بە هیچ ئاکامێک نەدەگەیین، ناچاربوون پاشەکشە بکەن.

**[٢١٢]** دەگێڕنەوە کە لە کاتی شەڕی ئاوا دەستەویەخەدا، پاشا خۆی سەیری رەوتەکەی دەکرد و سێ جار لەسەر تەختی پاشایەتییەوە هەڵبەزییەوە. شەڕ ئەو رۆژە بەو شێوە کۆتایی پێهات. رۆژی دواییش بەربەرەکان هیچ سەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێنا. پارسەکان بەو هیوایەی کە رادەی دژبەرانیان کەمە و تەواوێکیش بریندارن و ئیتر ناتوانن لەوە زیادتر خۆڕاگری لەخۆیان نیشانبدەن، بەردەوام هێرشیان دەهێنا. جیالە فۆکییەکان، یۆنانییەکانیتر بەشێوەی گوردان و بەپێی شارەکان رێکخرابوون و هەرجارێ نۆرەی لایەنێک دەهات بچێتە مەیدانی شەڕ لەدژی بەربەرەکان. فۆکییەکانیان لەسەر بەرزاییەکان دامەزراندبوو بۆوەی پارێزگاری لە کوێرەرێیەکان بکەن. پارسەکان وەختێک دیتیان هیچ سەرکەوتنێکی بەرچاویان دەست نەکەوتووە، ناچار بە پاشەکشە بوون.

**[٢١٣]** راست لەو کاتەدا کە پاشای پارس نەیدەزانی چۆن دەرەقەتی ئەو شەڕە بێ، ئێفیالتیس کوڕی ئێڤریدیمۆس، خەڵکی ناوچەی مالیا هاتە بەردەم پاشا، بەو نیازەی بتوانێ پارە و خەڵاتێک وەرگرێ، کوێرەڕێیەکیتری ئاشکراکرد. ئەو کوێرەڕێیە بە شاخدا دەربازدەبوو و دەگەیشتە تێرمۆپیلێس. ئەو رێگایە بووە هۆی کوژرانی کۆمەڵێکی زۆر لە یۆنانییەکان کە پارێزگاریان لەوێ دەکرد.

دواتر ئێفیالتیس له‌ ترسی لاکێدێمۆنی‌یه‌کان هه‌ڵات و په‌نای بۆ ناوچه‌ی تێسالی برد. له‌ دانیشتنی نێوان پیلاغوری[1] و ئامفیکتیۆنی‌یه‌کان بڕیاری گیران و به‌سزاگه‌یاندنی ناوبراو ده‌رچوو. دوای ساڵانێکی زۆر، ئێفیالتیس گه‌ڕاوه‌ بۆ ئه‌نتیکیرا و به‌ده‌ست ئاتینیادیس خه‌ڵکی تراخینا کوژرا. هه‌رچه‌ند کوژرانی ئێفیالتیس به‌ده‌ست ئاتینیادیس هۆکاری‌تری هه‌بوو و له‌کاتی خۆیدا باسی که‌م، لاکێدێمۆنی‌یه‌کان ڕێزیان له‌ ئێفیالتیس ده‌گرت. له‌هه‌رحاڵدا ئێفیالتیس به‌و شێوه‌یه‌ تێداچوو.

**[٢١٤]** بۆچوونێکی‌تر له‌و باره‌وه‌ هه‌یه‌ که‌ ده‌ڵێ: ئۆنیتیس کوڕی فه‌ناغۆراس، خه‌ڵکی کاریستۆ له‌گه‌ڵ کۆریدالۆسی خه‌ڵکی ئه‌نتیکیرا کوێره‌ڕێیه‌که‌یان به‌ پاشای پارس نیشان‌دا. مه‌به‌ستم ئه‌و ڕێگا شاخاوییه‌ی که‌ قه‌رار بوو پارسه‌کان پێیدا بڕۆن. دیاره‌ من خۆم باوه‌ڕم به‌و قسه‌یه‌ نییه‌. پیاو ده‌بێ ئه‌و خاڵه‌ی له‌به‌رچاو بێ که‌ پیلاغۆری‌یه‌کانی یۆنانی هیچ خه‌ڵاتێکیان بۆ دۆزینه‌وه‌ و گرتنی ئۆنیتیس و کۆریدالۆس دیاری‌نه‌کرد و ته‌نیا بۆ ده‌ستبه‌سه‌رکردنی ئێفیالتیسی خه‌ڵکی تراخینیا ئه‌و کاره‌یان کردوه‌ و دڵنیام زانیاری ته‌واویان له‌و باره‌وه‌ هه‌بووه‌. ئه‌وه‌ش ده‌زانین که‌ ئێفیالتیس رایکردوه‌ بۆ هه‌رێمی تێسالی، ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وکاره‌ی کردبووی. ڕاسته‌، ئۆنیتیس به‌بێ ئه‌وه‌ی خه‌ڵکی ناوچه‌ی مالیا بێ، ده‌یتوانی به‌و ڕێگایه‌ بزانێ، به‌و شه‌رته‌ی له‌ ده‌ڤه‌ره‌که‌ ژیابێ. شکم له‌وه‌دا نییه‌ که‌ ئێفیالتیس ڕێگای به‌ پارسه‌کان نیشان‌دا و من ئه‌و به‌ تاوانبار ده‌زانم.

**[٢١٥]** به‌ڵێن و زانیارییه‌کانی ئێفیالتیس، کسێرکیس‌یان به‌ قه‌ناعه‌ت گه‌یاند. پاشا گه‌لێک شاد، خێرا ئیدانیس و هێزه‌کانی وه‌ڕێخست. ئه‌وانه‌ ئێواره‌ دره‌نگانێک له‌ ئۆردوگا وه‌ده‌رکه‌وتن. ئه‌و کوێره‌ڕێیه‌ به‌ یارمه‌تی خه‌ڵکی ناوچه‌ی مالیا دۆزرابۆوه‌ و به‌ تێسالییه‌کان نیشان‌درا، بۆوه‌ی په‌لاماری فۆکی‌یه‌کان بده‌ن. فۆکی‌یه‌کان سه‌رده‌می خۆی خه‌ریکی دروست کردنی دیوارێک له‌سه‌ر ئه‌و ڕێگا باریکه‌ بوون بۆوه‌ی له‌ده‌ست هێرشی تێسالییه‌کان

---

١- پیلاغۆری، نوێنه‌رانی شاره‌کان که‌ له‌ کۆنگره‌دا به‌شدار ده‌بوون.

رزگاریان بێ. هەر لەو سەردەمەوە دەرکەوتبوو کە ئەو کوێرەڕێیە هیچ خێرێک بۆ تێسالییەکان ناداتەوە.

**[٢١٦]** ئەو باریکە ڕێیە لە چۆمی (ئاسۆپۆ)وە دەست پێدەکا. ئاوی ئەو چۆمە بە ڕەوەز و هەڵدێراندا دەڕژێتە خوارەوە. ڕێگا و چیاکە خاوەن یەک ناون، واتە ئانۆپیێئا. ڕێگای ئانۆپیێئا بە راستای چیادا درێژەی هەیە و دەگاتە شاری ئالپنیۆ. ئەو شارە یەکەم ئاوایی لۆرکی‌یەکان بەلای ناوچەی مالیادایە. ئەو ڕێگایە پاشان بە ڕەوەزێکدا، ناسراو بە میلامپیغۆس و بەتەنیشت ماڵەکانی کێرکۆپۆن‌دا[١]، واتە ئەو شوێنەی بەرتەسکترین گوزەرە دەربازدەبێ.

**[٢١٧]** پارسەکان بەو ڕێگایەدا وەسەر چیای ئاسۆپۆ کەوتن و تەواوی شەو بەڕێوەبوون. لەلای راستیان چیاکانی ئیتیێئۆن و لە قۆڵی چەپ شاخەکانی تراخینی هەڵکەوتبوون. سپێدەی بەیانی بوو کاتێک گەیشتنە سەر دووندی چیاکە. لەو شوێنەی چیا، وەک پێشتر باسمکرد، هەزار چەکداری فۆکی خەریکی پاراستنی ئەو دووندە و ڕێگاکە بوون. گوزەری بەرتەسکی خوارووی چیا بەدەست یۆنانییەکانەوە بوو، بەڵام پاراستنی کوێرە ڕێگاکە کەوتبوە ئەستۆی ئەو فۆکی‌یانەی بەخواستی خۆیان لەگەڵ لیێئۆنیداس بوون.

**[٢١٨]** فۆکی‌یەکان بەو چەشنە چاویان بە پارسەکان کەوت کە خەریکی پێهەڵگەڕان بە چیاکەوە بوون: دارستانی بەڕوو پارسەکانی داپۆشیبوو و بێدەنگی تەواو باڵی بەسەر چیاکەدا کێشابوو. تەنیا نیوەنیوە دەنگی خشەی گەڵاکان دەهات، وەختێک پێیان لێدەنان. فۆکی‌یەکان بەغار رایانکرد بۆوەی جلوبەرگی جەنگی لەبەر خۆیان بکەن و راست لەو کاتەدا چاویان بە بەربەرەکان کەوت کە چەکداری پۆشتەن و خەریکن بۆلای ئەوان دێن. فۆکی‌یەکان پێیان‌وانەبوو تووشی هیچ بەربەرستێک دێن، بەڵام لەشکر لەبەر دەمیان وێستابوو. ئیدارنیس نەیدەزانی ئەوانە خەڵکی فۆکی نین و پێیوابوو لاکێدێمۆنی‌ین و لەجێوە پرسیاری لە ئێفیالتیس کرد کە ئەو لەشکرە چەند کەسن. کاتێک زانیاری دەسکەوت، فەرمانی

---

١- کیرکۆپی‌یەکان دوو کەسی کورتەباڵا بوون کە چەکی ئیراکلیس‌یان لە خەودا دزیبوو. ئیراکلیس ئەوانەی دۆزییەوە و گرتنی و هەریەکی بە لاشانێکیدا هەڵواسی.

دەستپێکردنی شەڕیدا. فۆکی‌یەکان لەژێر ڕێژنەی تیرەکاندا پەنایان بۆ دووندی شاخ برد و پێیانوابوو ئەو پەلامارە تایبەت بۆ سەر ئەوانە و خۆیان بۆ کوژران ئامادەکرد. فۆکی‌یەکان بڕیاری نیهایی خۆیان دابوو، بەڵام پارسەکان ئەوانەی ئێفیالتیس و ئیدارنیس وەپێشیانکەوتبوون، هیچ بایخێکیان بەو فۆکی‌یانە نەدا و خێرا بە چیاکەدا داگەڕانە خوارەوە.

**[٢١٩]** ئەو یۆنانییانەی لە تێرمۆپیلێس بوون، مێیستیاسی تاڵەبین بە ریخی ئاژەڵێک پێشگۆیی بۆ کردن و گووتی کە لەگەڵ سپێدەی بەیانی مەرگ روویان تێدەکا. دواتر توێژەرانی‌تر ئەو فاڵەیان ئاوا لێکدایەوە کە پارسەکان ئەوان گەمارۆدەدەن. هەڵبەت زۆری نەکێشا کە کۆمەڵێک خەڵکی راکردوو هاواریان هێنا کە پارسەکان خەریکی دەوردانی یۆنانییەکانیانن. کاتێک ئەو خەبەرە هات، شەو هێشتا هێندێکی بەبەرەوە مابوو. دواتر کۆمەڵێک لە سەربازانی یۆنانی گەیشتنە لای ئەوانە و هەواڵەکەیان وەڕاست گێڕا. سەربازەکان تا بەیانی رۆژهەڵات لەسەر بەرزاییەکان مابوونەوە.

یۆنانییەکان خێرا کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا و راوێژێکیان کرد. هێندێک لەوانە گەرەکیان نەبوو شوێنەکانیان چۆڵبکەن، بەڵام بەشێکی‌تر بەپێچەوانەی ئەوانە بیریاندەکردەوە. دوای راوێژ لەیەکتر جیابوونەوە. هێندێکیان رۆیشتنەوە شارەکانی خۆیان و بەشێکیش لەگەڵ لیۆنیداس بڕیاریاندا بمێننەوە.

**[٢٢٠]** دەگێڕنەوە کە لیۆنیداس خۆی بڕیاری ناردنەوەی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی داوە کە بڕۆنەوە شارەکانیان بۆوەی نەکوژرێن، چونکە بۆ سپارتی‌یەکانی لەلای بوون، شوورەییەکی گەورە بوو مەتەرێزەکانیان چۆل بکەن. من خۆم لەو باوەڕەدام: لیۆنیداس کاتێک دیتوویەتی هێزەکانی هاوپەیمان چەندە بی‌مەیلن و گەرەکیان نییە وێڕای ئەو خۆیان لە مەترسی هاوێن، فەرمانی دەسەرکردون بڕۆن. لەلایەکی‌ترەوە پێیوابووە کە شورەییە ئەگەر خۆیشی مەتەرێز چۆڵبکا. لیۆنیداس بە مانەوەی خۆی گەورەییەکی فرەی مسۆگەرکرد و بەو شێوەیە چارەنووسی سپارتیش تووشی مەترسی نەهات، چونکە کاتێک سپارتی‌یەکان داوای پێشگۆیی نوێیان کرد، شەڕ دەستی پێکردبوو و پیتیا پێی‌گوتبوون کە یا

شارەکەیان دەکەویتە بەردەستی بەربەرەکان، یا پاشاکەیان دەکوژری. پیتیا ئەو قسەیەی لە شەش بەیتییەکدا بەیانکردبوو و بەو شێوەیە بوو:

*"ئەی ئەوانەی لە وڵاتی سپارت دەژین، شارەکەتان دەکەوێتە بەردەستی پارسەکان یا ئەگەر شارەکەتان داگیرنەکرێت، ئەوا گشت لاکێدیمۆنییەکان تازیەباری پاشاکەیان دەبن کە نەوەی ئیراکلیسە. نە گا کێوییەکان و نە شێرەکان ناتوانن پێش بە دوژمن بگرن، چونکە هێزی خواوەند دیای لە پشتە. ئەوە پێتان دەڵێم! خواوەند دیا دەستهەڵناگری تا یەکێک لەوانە نەکاتە قوربانی".*

لیئۆنیداس ئەوانەی خوێندبۆوە و بۆیە گەرەکی بوو گەورەیی تەنیا بۆ سپارتییەکان بمێنێتەوە. رەنگە بە ئەنقەست هێزەکانیتری دەرکردبێ، یا ئەوانەی رۆیشتن، بێ نەزمییان نواندبێ.

**[٢٢١]** بەڵگەیەکی بەهێز بۆ سەلماندنی راستی رووداوەکان بەو شێوەیەی باسمکردن، ئەوەیە: هیچ شک لەوەدا نییە کە لیئۆنیداس، مێیستیاسی تاڵەبینی خەڵکی ئاکارنانیا کە دەگووترا نەوەی خوێنی مێلامپۆدۆس بووە، دەرکردوە. ئەو کابرایە لەکاتی قوربانیکردندا پێشگۆیی رووداوەکەی کردبوو. بۆیەش ئەو کارەی کرد تا یۆنانییەکان لەمەر ئەو مەترسییە گەورەیە وشیاربکاتەوە و خۆیشی لەگەڵ ئەوان نەکوژری. لەهەرحاڵدا لیئۆنیداس، ئەویشی وێڕای خەڵکەکە مەرەخەس کرد. دیارە مێیستیاس نەڕۆیی و تەنیا کوڕە تاقانەکەی بەڕێکرد و خۆی مایەوە.

**[٢٢٢]** یۆنانییە هاوپەیمانەکان، ئەوانەی لیئۆنیداس مەرەخەسی کردن، رۆیشتن و تەنیا تێسپییەکان و تیڤێییەکان لەلای ئەو مانەوە. هەڵبەت ئەوەش بڵێم کە تیڤێییەکان بەنابەدڵی مانەوە (لیئۆنیداس ئەوانەی بەبارمتە گرتبوو)، بەڵام تێسپییەکان رایانگەیاند کە بەخواستی خۆیان دەمێننەوە و ناخوازن لیئۆنیداس و شەڕکەرانیتر بەتەنیا جێبهێڵن. ئەوانە مانەوە و لەگەڵ ناوبراو کوژران. فەرماندەی ئەوانە ناوی دیمۆفیلۆس، کوڕی دیادیۆدرۆمۆس بوو.

**[٢٢٣]** کسێرکیس سپێدەی بەیانی قوربانی پێشکەش کرد و چاوەڕوانی ئەو کاتە بوو کە بازاڕ پڕ لە حەشیمەت بێ و دەیویست لەو دەمەدا هێرشی خۆی دەست پێبکا. ئەوە پێشنیاری ئێفیالتیس بوو. ئەو پێیوابوو دابەزین لە چیاوە هاسانترە و ڕێگاش نیزیکتر دەبێتەوە تا ئەوەی کە پیاو بە بەرزاییدا هەڵگەڕێ. ئەو بەربەرانەی لەگەڵ کسێرکیس بوون، پەلاماریان دەستپێکرد و یۆنانییەکانیش بە فەرماندەری لیئۆنیداس لەنێو گوزەرە بەرتەسکەکە هاتنەدەر و ناوی ئەو کردەوەیەیان لێنا: هاتنەدەر بەرەو مەرگ. شوێنێکی بەرفراوانتریان بۆ شەڕ هەڵبژارد. چەند ڕۆژ پارێزگارییان لەو گوزەرە کرد و شەڕەکان لەوێدا قەومان، بەڵام ئەوجارە بڕیاریان‌دا لەوێ بێنەدەر. کاتێک دەستەویەخەی یەکتر بوون، ژمارەیەکی بێحیساب لە بەربەرەکان کوژران، چونکە فەرماندەکانیان لە پشتەوەڕا بە قەمچی شەڕکەرانی خۆیان ناچار بە پێشڕەوی دەکرد. زۆربەی ئەوانە کەوتنە نێو ئاوی دەریا و خنکان و بەشی زۆریشیان بە زیندوویی وەژێر دەست و پێیان کەوتن. هیچکەس بۆی گرینگ نەبوو کە بۆچی و بۆ کێ دەکوژرێت. یۆنانییەکان بڕیاری مەرگیان دابوو و دەیانزانی بەدەست ئەوانەوە دەکوژرێن کە لە چیاوە هاتبوون و دەوریان‌دابوون. هەربۆیە بەوپەڕی جوامێرییەوە شەڕیان دژی بەربەرەکان کرد و بیریان لە مەترسی تێداچوون نەکردەوە.

**[٢٢٤]** نێزەی زۆربەی ئەو یۆنانییانە شکا، بەوحاڵەش دژی پارسەکان بە شمشێر شەڕیان کرد. لەو شەڕەدا لیئۆنیداس کوژرا. ئەو پیاوە بەوپەڕی جوامێرییەوە شەڕی کرد. لەگەڵ ناوبراو گەلێک پیاوی بەوەج و ناوداری سپارتی کوژران، لەبەر ئەوەی مرۆڤی گەورە بوون. من ناوی سێسەد کەس لەوانەم بیستووە. لە پارسەکانیش خەڵکێکی زۆر و گەلێک پیاوی ناسراو کوژران. لەنێو ئەوانەدا دوو کوڕی داریوش بەناوەکانی ئاڤرۆکۆمیس و ئیپێرئانتیس تێداچوون. دایکی ئەو دوو کوڕانە، فراتاغوونی کچی ئارتانیس بوو. ئارتانیس برای داریوش و کوڕی ئیستاسپیس (گشتاسپ)ی کوڕی

ئارسام (ئارشام) بوو. ئارتانیس کچی خۆی بە تەواوی سامان و مڵک و ماڵەوە دابوو بە داریوش، چونکە خاوەن منداڵی‌تر نەبوو.

**[٢٢٥]** دوو برای کسێرکیس لەو شەڕەدا کوژران. ئەوانە لە تەنیشت جەنازەی لیئۆنیداس شەڕیان دەکرد. ململانێیەکی سەخت و لاسارانە لەنێوان پارسەکان و یۆنانییەکاندا هاتبوەگۆڕێ و یۆنانییەکان چوارجار پاشەکشەیان بە بەربەرەکان کرد، بۆوەی جەنازەی لیئۆنیداس لە مەیدان بەرنەدەر. ئەو شەڕە ئەوەندەی خایاند تا هێزەکانی پارس، ئەوانەی لەگەڵ ئێفیالتیس بوون، گەیشتنەجێ. کاتێک یۆنانییەکان چاویان بەو هێزە کەوت، ئەوجار شێوازی شەڕیان گۆڕی. یۆنانییەکان بەرەو گوزەرە بەرتەسکەکە پاشەکشەیان کرد و چوونەوە نێو دیوارەکان و پشت دیواری سەر ڕێگا. جیا لە تیڤییەکان، گشتیان لەوێ و بەتایبەتی لەسەر تەپۆڵکەیەکی پشت درگای تەنگەبەراییەکە کۆبوونەوە و درێژەیان بە شەڕدا. ئەو تەپۆڵکەیەی باسی دەکەم، لەپاڵ درگای چوونە ژوورەوەیە و ئێستا پەیکەرەی شێرێکی بەردینە بەیادی لیئۆنیداس لەوێ داندراوە. لەو شوێنە یۆنانییەکان، هەڵبەت ئەوانەی زیندوو مابوون، بە چەقۆ و چنگ و ددان شەڕیان دەکرد. بەربەرەکان بە ڕێژنەی تیرەکانیان ئەوانەیان کوشت. هێندێکیان دیواریان بەسەردا ڕووخێندرا و بەشێکیشیان لەنێو گەمارۆدا کوژران.

**[٢٢٦]** لاکێدێمۆنی‌یەکان و تێسپی‌یەکان بەوپەڕی جوامێرییەوە شەڕیانکرد. ئەوەش بڵێم کە لە گشتیان بوێرتر، دیئێنێکیسی سپارتی بوو.

بەرلەوەی شەڕ دژی میدیاکان دەستپێبکا، کەسێکی تراخینی بە ناوبراوی گوتبوو کە لەکاتی شەڕدا میدیاکان ئەوەندەیان تیرهاویشتووە بەری خۆری گرتووە. دیئێنێکیس لە وڵامی کابرای تراخینی‌دا گوتبووی ئەوە خەبەرێکی خۆشە، چونکە میدیاکان بەری خۆر دەگرن و لەبەر نیسێدا شەڕدەکەن نەک لەبەر تینی تاودا.

لەو جۆرە ئاخاوتن و بۆچوونانە، دیئێنێکیسی لاکێدێمۆنی کۆڵێکی بۆ جیلەکانی داهاتوو لە مێژوودا جێهێشتووە.

**[٢٢٧]** جیا لە دیئینێکیس، باسدەکرێ کە دوو برای لاکێدیمۆنیتریش بە ناوەکانی ئالفیئۆس و مارۆن واتە کوڕەکانی ئۆرسیفاندیس بوێرانە شەڕیانکرد. لە تێسپیيەکان، ئەوەی کە قارەمانانە جەنگی و زۆرترین جوامێری نواند، دیتیرامڤۆس، کوڕی ئارماتیدی بوو.

**[٢٢٨]** ئەوانە گشتیان لە شوێنی شەڕەکە نێژران، راست لەو جێگایەی کە لەگەڵ کۆمەڵێکیتر کوژران، واتە بەرلەوەی لیئۆنیداس باقی لەشکرەکەی مەرەخەس بکا. لەسەر گۆڕی ئەوانە نووسراوە:

*سەردەمێک لەبەرامبەر سێ میلیۆندا، چوار هەزار کەسی پێلۆپۆنیسی شەڕیانکرد.*

ئەو نووسراوەیە بۆ گشت ئەو کەسانە نووسراوە کە لەو شەڕەدا کوژران. بۆ سپارتیيەکان نووسراوێکیتر هەیە:

*ئەی رێبوار، وەبیر سپارتیيەکان بێنەوە کە ئێمە بۆیە لێرە نێژراوین، چونکە سەری کڕنۆشمان بۆ خۆزگەکانی ئەوان دانواند.*

ئەوەشیان نووسراوێکیترە بۆ لاکێدیمۆنیيەکان، بەتایبەت بۆ تاڵەبین مێییستیا نووسراوە:

*ئەوە ئارامگەی مێییستیای مەزنە، میدیاکان کاتێک بە (سپێرخیۆ)دا دەربازبوون، کوشتیان. ئەو تاڵەبینێک بوو کە باش دەیزانی مەرگ چۆن دێت. بەو حاڵەش گەرەکی نەبوو پاشای سپارت بەتەنیا جێهێڵێ.*

بەردەنووس و کۆڵەکەی یادوەری، جیا لەوەی مێییستیا، گشتیان دیاری ئامفیکتیۆنی‌یەکان (ئەندامانی مەجلیس) بۆ کوژراوەکانن. بەردەنووسی مێییستیا دەسکردی سیمۆنیدیس، کوڕی لیۆپریپی دۆستی خۆی بووە.

**[٢٢٩]** دەگێڕنەوە کە لە سێسەد کەس تەنیا دوو کەس بە ناوەکانی ئێڤرتیۆس و ئاریستۆدیمۆس بەزیندوویی رزگاریان هات و توانیان بگەڕێنەوە شاری سپارت – لیۆنیداس ئەو جووتەی ئازادکردبوو لە ئۆردوگا بڕۆن ، چونکە لە گووندی ئالپینی تووشی نەخۆشی چاو هاتبوون – یا ئەگەر ناخوازن بگەڕێنەوە سپارت، دەبێ لەگەڵ ئەوانی‌تر بکوژرێن. ئەو دووانە یا دەبوایە بگەڕێنەوە یا چاوەڕوانی مەرگ بن. لەکۆتاییدا نەیانتوانی پێکەوە رێککەون و هەرکەسە بڕیاری خۆی‌دا. وەختێک ئێڤریتۆس ئاگادار بۆوە کە پارسەکان دەوریان داون، داوای چەکەکەی کرد، جلوبەرگی شەڕی پۆشی و دەستووری بە کۆیلەکەی خۆی‌دا تا مەیدانی شەڕ چاوساغی بۆ بکا. هەرکە گەیشتە ئەوەێ، کۆیلەکە رایکرد و ئێڤریتۆس دەستی بەشەڕ کرد و لەجێوە کوژرا.

ئاریستۆدیمۆس ترسی رێنیشت و هەڵات. بەباوەڕی من ئەگەر تەنیا هەر ئاریستۆدیمۆس نەخۆش بوایە و گەڕاباوە سپارت، یا ئەگەر هەردووکیان پێکەوە گەڕابانەوە، ئەوکاتە سپارتی‌یەکان ئەوەندە لێی دەرقەوە رۆنەدەچوون، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی یەکیان کوژرا و ئەوەی‌تر هەرچەند هەمان نەخۆشی هەبوو، نەیویست بکوژرێ، بەلای لاکێدێمۆنی‌یەکانەوە تەواوێک ناخۆشەویست بوو.

**[٢٣٠]** ئەوە بۆچوونێکە سەبارەت بە چۆنییەتی رزگاربوونی ئاریستۆدیمۆس و گەڕانەوەی بۆ شاری سپارت، کە وەک بەهانە باسی لێوەدەکەن. بۆچوونێکی‌تر دەڵێ ناوبراو وەک تەتەر لە ئۆردووی یۆنانییەکانەوە بۆ کارێک بەڕێکرابوو، هەرچەند دەیتوانی بگەڕێتەوە مەیدانی شەڕ، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا شەوێک خۆی گوێزراند و بەو شێوەیە نەجاتی هات. لەحاڵێکدا هاوڕێکەی ئەو کە پێکەوە بۆ یەک ئەرک چوبوون، خۆی گەیاندەوە ئۆردوگا و شەڕیشی کرد و کوژرا.

**[٢٣١]** کاتێک ئاریستۆدیمۆس گەڕاوە هەرێمی لاکێدێمۆنی، زۆر بە خەجاڵەتی و بێڕێزییەوە ژیا. هیچ سپارتییەک ئامادە نەبوو ئاگری بداتێ وەجاغی ماڵەوەی پێ‌رۆشن بکا یا لەگەڵی بدوێ و بەچاوی سووک سەیریان دەکرد و ناسراو بوو بە ئاریستۆدیمۆسی ناپیاو. ناوبراو لە شەڕی پلاتێ‌ییەکاندا گشت ئەو تاوانانەی لەسەر خۆی لابرد.

**[٢٣٢]** هەڵبەت باس‌دەکرێ کە سپارتی‌یەکی‌تریش وەک تەتەر بەڕێکرابوو بۆ تێسالی و بەسلامەتی نەجاتی هات. ئەو کابرایە ناوی پاندیتیس و سێ‌سەد کەسی لەگەڵ بووە. کاتێک گەیشتوەتەوە شاری سپارت، لەبەر ئەوەی خەڵک بێحورمەتی زۆریان پێکردوە، خۆی هەڵواسیوە.

**[٢٣٣]** تیڤێ‌ییەکان بە فەرماندەری لیۆندیادیس، ئەوەندەی لەلای یۆنانییەکان بوون، بەناچاری شەڕیان لەگەڵ لەشکری پاشا کرد، بەڵام هەرکە دڵنیا بوون کە پارسەکان خەریکن سەرکەوتوو دەبن، لیۆنیداس و یۆنانییەکانیان بەجێهێشت. ئەوانە کاتێک بۆسەر تەپۆڵکە پاشەکشەیان کرد و دەستیان هەڵێنا، خێرا رایانکردە لای بەربەرەکان و راستی مەبەستی خۆیان بەوان راگەیاند. ئەوان بە پارسەکانیان گووت کە لە رۆژی یەکەمەوە خواستی پارسەکانیان بەجێهێنابوو و ئاو و خاکیان پێشکەش کردبوو. ئێستاش بۆیە لێرەن، چونکە یۆنانییەکان ئەوانیان بە زۆرەملی ناردوە و لەمەر ئەو گشتە زیانەی بە پاشا گەیشتبوو خۆیان بە تاوانبار نەزانی. تیڤێ‌ییەکان بەو قسانە خۆیان رزگارکرد و تێسالییەکانیان بە شاهید گرت.

ئەوانە بەو کارەیان قازانجێکی ئەوتۆیان نەکرد و هەرکە نیزیک کەوتنەوە، بەربەرەکان گشتیان دەسبەسەر کردن و هێندێکیان لێ کوشتن و ئەوانەش کە مابوون، دواتر بە فەرمانی کسێرکیس مۆری پاشایەتییان لێدرا. ئەو مۆرلێدانە لە لیۆندیادیسی فەرماندەڕا دەستی پێکرد.

دواتر کوڕی ئەو کابرایە بەناوی ئێڤریماخۆس لەکاتێکدا سەرکردایەتی سێسەد کەس لە تیڤێ‌ییەکانی دەکرد، بەدەست پلاتێ‌ییەکان کوژرا کە وڵاتەکەیان داگیرکرابوو.

**[٢٣٤]** ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە یۆنانییەکان لە تێرمۆپیلێس بەو جوامێرییە شەڕیانکرد. کسێرکیس بەدوای دیماراتۆسیدا نارد و چەند پرسیارێکی لێکرد: "دیماراتۆس! تۆ پیاوێکی تێگەیشتووی و جێگای باوەڕی منی و ئەوەی گووتت وەڕاستگەڕا. باشە ئێستا پێمبڵێ، باقی لاکێدیمۆنی‌یەکان چەند کەس دەبن و چەند کەسیان ئاوا شەڕکەری بوێرن، یا بەڕاست گشتیان جوامێرن؟". دیماراتۆس وڵامی داوە: "پاشا! لاکێدیمۆنی‌یەکان زۆرن و کۆمەڵێک شاریان هەیە. من ئەوەی پێویستە بیزانی پێتدەڵێم. لە هەرێمی لاکێدیمۆنی‌یەکان شارێک هەیە بەناوی سپارت و خاوەن هەشت هەزار پیاوە. هەرهەموویان وەک ئەوانەی لێرە شەڕیان کرد، جوامێر و بەوەجن. لاکێدیمۆنی‌یەکانی‌تر وەک ئەوانەی ئێرەیان پێناکرێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بوێر نین ". کسێرکیس ئەوجار گووتی: "دیماراتۆس! چۆن دەتوانین ئەو خەڵکە ژێردەستە بکەین؟ پێمبڵێ، تۆ پاشای ئەوانە بوویە، باسی خوو و رەوشتی ئەو خەڵکەم بۆ بکە ".

**[٢٣٥]** دیماراتۆس لەوڵامی پرسیاری کسێرکیس‌دا، گووتی: "پاشاکەم! ئەگەر چاوت لە رێنوێنییەکانی منە، منیش ناچارم باشترینیان پێشکەش بکەم. سێسەد دانە لە باشترین گەمی کەشتیگەلیەکەت بنێرە بۆ ئاوەکانی دەڤەری لاکۆنیکی. لە نیزیک رۆخەکانی لاکۆنیکی دورگەیەک هەیە بەناوی کیتیرا. یەکێک لە زانایانی لاکێدیمۆنی بەناوی خیلۆن[١] کاتی خۆی گوتوویەتی: ئەگەر ئەو دورگەیە لە کەنارەکانی لاکۆنیکی دوورتر بایە، پتر بە قازانجی سپارتییەکان دەبوو، نەک وەک ئێستا کە لە نیزیک خاکی ئەوان هەڵکەوتووە. ئەو کابرایە هەردەم نیگەران بوو مەبادا رۆژێک لە رۆژان ڕووداوێکی وەک ئەوەی من پێشنیارم بە جەنابت کرد، بقەومێ. خیلۆن چ جارێک پێشبینی لەشکرکێشی ئەوتۆی نەکردوە، بەڵام لە هەرچەشنە هێرش و پەلامارێک ترساوە. با لەو باسە گەڕێین، تۆ دەتوانی لەو دورگەیە وەک پێگەی پەلامار کەڵکوەرگری و هەڕەشە لە لاکێدیمۆنی‌یەکان بکەی. لاکێدیمۆنی‌یەکان

---

١- خیلۆن، یەک لە حەوت فەیلەسوفەکان.

عادەتیانە، هەرکە شەڕیان لێ نیزیک کەوتەوە، ئیتر پێشی پێناگرن و هێزی پیادە نانێرنە ناوچەکانی‌تری یۆنان و بەو شێوەیە دەتوانی گشت هەرێمەکانی‌تر داگیربکەی. ئەگەر بەشەکانی‌ترت داگیرکرد، تەنیا هەرێمی لاکۆنیکی دەمێنی و ئەویش تەواو بێ‌هێز و بێ‌پشتیوان. ئەگەر ئەوەی من دەیڵێم بەکاری نەهێنی، دەبێ چاوەڕوانی ئەو کۆمەڵە رووداوە بکەی: هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس خاوەن باریکەیەکە لەنێو دەریادا و گەلێک بەرتەسکە. لەوێ گشت دانیشتووانی پێلۆپۆنیسۆس دژی تۆ یەک‌دەگرن و شەڕ دەکەن و تووشی بەربەرەکانی دژوارتر لەوەی ئێرە دەبی. بەڵام ئەگەر بە قسەی من بکەی، ئەوکاتە بەبێ شەڕ ئەو باریکەیە داگیردەکەی و تەواوی شارەکان دێنە ژێر دەستی جەنابت ".

**[٢٣٦]** دوای دیماراتۆس، ئەوجار ئاخێمێنیس دەستی بە ئاخاوتن کرد. ئاخێمێنیس برای کسێرکیس و فەرماندەی ناوگانی دەریایی بوو و بەهەڵکەوت لەو دانیشتنەدا بەشدار ببوو. ئەو زۆر نیگەران بوو کە مەبادا کسێرکیس قەناعەت بەو قسانە بێنی و تەسلیمی خواستی دیماراتۆس بێ، هەربۆیە وەقسەهات و گووتی: "پاشاکەم! دەبینم گوێت بۆ قسەی کەسێک هەڵخستووە کە ئێرەیی بە سەرکەوتنەکانی جەنابت دەبا، تۆ بڵێی خۆفرۆش نەبێ! ئەو رەفتارەی دیماراتۆس لەڕاستیدا دۆستایەتییە لەگەڵ یۆنانییەکان. ئەوانە هەرکەس سەرکەوێ، ئێرەیی پێدەبەن و رقیان لێیەتی. ئەگەر دوای ئەو رداوانەی بەسەر ئێمە هاتووە و چوار سەد گەمی‌مان لەدەست چووە، ئێستا سێسەدی‌تریش هەڵگری و بیان‌نێرییە پێلۆپۆنیسۆس، ئەوکات دڵنیات دەکەمەوە کە دوژمنانت دەتوانن دەرەقەتت بێن. کەشتیگەلی ئێمە کاتێک بەسەریەکەوەیە، بۆ خەڵکانی‌تر مەترسی خوڵقێنە و ناتوانن خۆی لەبەربگرن و پشتیوانی هێزی پیادەیە و پێویستە ئەو جووتە پێکەوە پێشڕەوی بکەن. بەڵام ئەگەر جەنابت لە یەکتریان جیابکەیەوە، نە تۆ ئیتر خێرێکت بۆکەشتیگەلی دەبێ و نە ئەویش دەتوانێ قازانجێک بە تۆ بگەیێنێ. باشتر ئەوەیە کە بیر لە هێز و جێگای خۆت بکەیەوە نەک بارودۆخی دوژمنان، داخوا چەندە دوژمنی تۆن و چەند کەسن و چ دەکەن. ئەوان توانایی ئەوەیان هەیە بە

هەلومەرجی خۆیان رابگەن و ئێمەش دەبێ بە هێزەکانی خۆمان رابگەین. ئەگەر لاکێدێمۆنی‌یەکان بکەونە شەڕی پارسەکان، دڵنیام ناتوانن تۆڵەی شکستی پێشوویان بستێننەوە ".

**[٢٣٧]** کسێرکیس لە وڵامدا گووتی: "ئاخێمێنیس! هەست دەکەم قسەکانت راستن و هەر ئەو کارەش دەکەم. دیماراتۆس بۆچوونی خۆی گوتووە و پێیوایە بەو شێوەیە شەڕ بکەین ماقوڵترە. هەڵبەت راوبۆچوونی تۆ بەلامەوە وێچووترە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو بەشە لە قسەکانت پەسند ناکەم کە دەڵێی دیماراتۆس خۆفرۆشە، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی کە رێنوێنی من دەکا. ئەو بەو ئامۆژگارییانەی ئەوە ناگەیێنێ کە هیوای سەرکەوتنی لەشکرکێشی منی بەلاوە گرینگ نییە. چونکە لە قسەکانی‌ڕا کە تا ئێستا بیستوومە، ئەو راستییە بۆ من دەرکەوتووە. با ئەوەش بڵێم: هەر هاوڵاتییەک ئێرەیی بە هاوڵاتی خۆی دەبا و حەز بە پێشکەوتنی ئەو ناکا. ئەگەر حەسودییەکەشی ئاشکرا نەکا، بەنهێنی رقی لێیەتی. کاتێک داوای ئامۆژگاری لە کەسێکی ئەوتۆ بکەی، دڵنیابە رێگای دروستت پێ‌نیشان نادا. ئەگەر ئامۆژگاری بەجێشت بکا، ئەوە حەتمەن مرۆڤێکی فێڵباز و بەتوانایە و مەبەستێکی‌تری هەیە. کەسانی خاوەن ئەو چەشنە رەفتارە، دەبێ بڵێم زۆر کەمن.

بەڵام دۆستی وڵاتی بێگانە، بە سەرکەوتنەکانت شادە و ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێبکەی، بەباشترین شێوە رێنوێنیت دەکا. بۆیە لە ئەمڕۆ بەولاوە رادەگەیێنم کە هیچکەس بۆی نییە دیماراتۆس بە تاوانبار بزانێ، چونکە دۆستێکی بیانی منە ".

**[٢٣٨]** کاتێک کسێرکیس لە قسەکانی بۆوە، بەنێو کوژراوەکاندا دەربازبوو و بیستبووی لی‌ئۆنیداس پاشا و سەرکردەی لاکێدێمۆنی‌یەکان لەنێویاندا. دەستووری‌دا سەری ببڕن و بە نووکی کۆڵەکەیەکی وەکەن. بەو کردەوەیە و لە زۆر بەڵگەی‌تردا دەرکەوتووە کە کسێرکیس لەنێو گشت دوژمنەکانیدا، پتر لە هەرکەسێکی‌تر رقی لە لی‌ئۆنیداس بووە. ئەگەر ئاوا نەبوایە، هیچکات پاشا ئەو بێ ئەخلاقییەی لەگەڵ جەنازەی مردوو نەدەکرد، چونکە بەپێی

زانیارییەکانم پارسەکان تەواویک قەدری پیاوی شەڕکەری بوێر دەگرن. لەهەرحاڵدا ئەوەی کسێرکیس داوای کرد، بەجێیان‌گەیاند.

**[٢٣٩]** ئێستا دەگەڕێمەوە دواتر و باسی شتێکی‌تر دەکەم. لاکێدیمۆنی‌یەکان یەکەم خەڵکانێک بوون کە زانیارییان لەمەر هێرشی کسێرکیس بۆسەر خاکی یۆنان پێگەیی. ئەوان راسپاردەیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس و داوای پێشگۆییان کرد. پێشتر باسی ئەو پێشگۆییەم کردوە. ئەوان بەشێوەیەکی سەیر بەو خەبەرەیان زانی. دیماراتۆس کوڕی ئاریستۆنۆس پەنای بۆ میدیاکان بردبوو و من خۆم لەو باوەڕەدام و رەوتی رووداوەکان زانیارییەکانم وەڕاست دەگێڕن کە دیماراتۆس سەرکەوتنی لاکێدیمۆنی‌یەکانی پێخۆش‌نەبوو. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، داخوا ماڵی دنیا دیماراتۆسی هاندا یا داخ و حەسرەت. کاتێک کسێرکیس بڕیاری‌دا هێرش بکاتە سەر خاکی یۆنان، دیماراتۆس لە شاری شووش بوو و بەو خەبەرەی زانی و دڵی بەرایی نەدا و بڕیاری‌دا لاکێدیمۆنی‌یەکان لەو هێرشە وشیاربکاتەوە. هیچ وەسیلەیەکی دەست نەکەوت، لەوەش دەترسا کە راسپاردەکەی ئاشکرا بێ و دەگیربکەوێ. بۆیە بەشێوەی خوارەوە کارەکەی جێبەجێ کرد: تەختەدارێکی دوو توێیی هێنا و رووی نێوەوەی تاشی و تەواو تاس و لووسی کرد. لەسەر ئەو توێیە فەرمانی پاشای سەبارەت بە لەشکرکێشی نووسی و هەڵیکەند. پاشان شەمی بەسەردا تواندەوە، تا ئەو جێگایەی کە نووسراوەکە تەواو شاراوە بێ و شک و گومان لەلای پاسەوانان دروست نەکا. ئەو تەختە دوو توێیەی بەڕێکردە هەرێمی لاکێدیمۆنی‌یەکان.

لاکێدیمۆنی‌یەکان سەرەتا نەیانزانی ئەو تەختەیە چییە، تا ئەو رۆژەی کە خاتوو غۆرغۆ، کچی کلیۆمێنیس و ژنی لیئۆنیداس لێی‌وەشک کەوت و داوای کرد روویەکانی تەختەکە بتاشن و بزانن چی لە ژێرەوەدا نووسراوە. لاکێدیمۆنی‌یەکان ئەو کارەیان کرد و نووسراوەکە دەرکەوت و خوێندیانەوە و لەجێوە یۆنانییەکانی‌تریان لێ ئاگادار کردەوە.

ئەوە رەوتی رووداوەکان بوو کە باسیان لێکرا.

# کتێبی هەشتەم

## ئورانیا، خواوەندی ئەستێرەناسی

**[١]** ئەو هێزانەی ناوگانی دەریایی یۆنانییەکانیان پێکهێنابوو بەو چەشنە بوون: ئاتێنیەکان سەد و بیست گەمییان پێبوو. پلاتیییەکان بوێر و ئامادەی هاوکاری، هەرچەند لە زانستی کەشتیوانیدا خاوەن ئەزموونێکی ئەوتۆ نەبوون، بەو حاڵەش قبوڵیانکرد کۆمەڵێک هێز بۆ گەمییەکانی ئاتێنی ئامادە بکەن. کۆرینتیەکان چل گەمییان هێنابوو و مێغارییەکانیش بیست دانە. خالکیدیەکان، ئەوانیش جەماوەری شەڕکەریان بۆ بیست گەمی ئاتێنیەکان ئامادەکردبوو. ئێیینیەکان هەژدە گەمییان هەبوو و سیکیئۆنیەکان دوازدە. لاکێدیمۆنیەکان بە دە گەمی، ئێپیداڤریەکان بە هەشت، تێریێتریەکان بە حەوت و تریزینیەکان بە پێنج دانە بەشدارییان کردبوو. ستیریەکان دوو دانە و کییۆسیەکان دوو گەمی و دوو پێندیکۆنتۆرۆ (گەمی پەنجا بێڵژەن)یان پێبوو. هەروەها لۆرکیەکانی ئۆپۆندی بە حەوت پێندیکۆنتۆرۆ بەشدارییان کردبوو.

**[٢]** ئەوانە بوون کە بەرەو ئارتێمیسیۆس وەڕێکەوتن و باسمکرد کە چەند گەمی بوون و هەر هۆزێک چەند دانەی ناردبوو. جیا لە پێندیکۆنتۆریەکان، باقی گەمییەکانیتر کە لە ناوچەی ئارتێمیسیۆس کۆبوونەوە، ژمارەیان دەگەیشتە دووسەد و حەفتا و یەک دانە. سەرکردەی ناوگانی گشتی، ئیڤرڤیادیسی سپارتی کوڕی ئیڤریکلیدیس بوو. هێزەکانی هاوپەیمانی یۆنانی رایانگەیاندبوو کە ئەگەر فەرماندەی گشتی هێزەکانی دەریایی سپارتی نەبێ، ئەوان سەرکردەی ئاتێنی قبوڵناکەن و لە هاوپەیمانی دەکشێنەوە.

**[٣]** لە سەرەتای ئامادەکارییەکاندا، بەرلەوەی راسپاردە بنێرنە هەرێمی سیکێلیا بۆوەی داوای پشتیوانیان لێبکەن، بڕیاردرا سەرکردایەتی هێزەکانی دەریایی بە ئاتێنییەکان بسپێردرێت. هاوپەیمانان دژایەتیان لەگەڵ ئەو بڕیارە نواند و یۆنانییەکان پاشەکشەیان کرد، چونکە ئامانجی ئەوان نەجاتدانی یۆنان لە مەترسی ئەو لەشکرکێشییە بوو. ئاتێنییەکان دەیانزانی ئەگەر شەڕ بۆ سەرکردایەتی و فەرماندەری بکەن، ئەو کارەیان زیانێکی فرەی لێدەکەوێتەوە. ئەو هەڵوێستەیان تەواو بەجێبوو، چونکە شەڕی نێوخۆیی زۆر لە شەڕی یەکدەنگی دژی دوژمنی لاوەکی زیانی پترە، هەروەک شەڕ لە ئاشتی زیانبارترە. ئاتێنییەکان باش هەستیان بە بارودۆخەکە کردبوو، بۆیە پێداگریان لەسەر ئەو سەرکردایەتییە نەکرد و نەرمییان نواند، چونکە پێویستی تەواویان بە پشتیوانی هاوپەیمانان هەبوو و بەکردەوەش ئەوەیان سەلماند.

لە سەردەمێکدا کە پارسەکان لە یۆنان دەرکرابوون و مەترسی شەڕ کەوتبووە سەر وڵاتی پارس، ئاتێنییەکان لەبەر بێحورمەتییەکی کە پاڤسانیاس بەوانی کرد، فەرماندەری لەشکر لە لاکێدێمۆنییەکان ئەستێندرایەوە. هەڵبەت ئەو رووداوە دواتر قەوما.

**[٤]** ئەو کۆمەڵە یۆنانییەی لە دەڤەری ئارتێمیسیۆس کۆببوونەوە،[١] کاتێک چاویان بە هێزەکانی دەریایی دوژمن کەوت کە لەنێو ئاوەکانی ئافێتیدا

---

١- ناوگانی دەریایی راست لەو کاتەدا گەیشتە ئارتێمیسیۆ کە لیئۆنیداس لە تێرمۆپیلێس جێیدەگرت، ئەوەش دوای بڕیاری یونانییەکان بوو کە ئیتر پارێزگاری لە هەرێمی تیساليا نەکەن.

لەنگەریان گرتبوو و رۆخەکانی دەریایان پڕ لە جەماوەری شەرکەر کردبوو، ئەوکاتە تێگەیشتن کە بارودۆخی بەربەرەکان تەواو جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئەوان بیریان لێکردبۆوە. هەربۆیە زۆر ترسان و خەریکبوو راکەن و دەڤەری ئارتێمیسیۆس جێهێڵن و بەرەو نێوەوەی وڵاتی یۆنان بڕۆن. ئێڤڤۆییەکان زانیارییان لەمەر ئەو دۆخە پێگەیی و خێرا لەبەر ئێقری‌ڤیادیس پاڕانەوە کە ماوەیەک سەبربگرێ و جارێ ناوچەکە چۆڵنەکەن تا ئەوان بتوانن ژن و منداڵ و بنەماڵەکانیان راگوێزن. لەبەر ئەوەی نەیانتوانی ناوبراو بە قەناعەت بگەیێنن، پەنایان بۆ سەرکردەی ئاتێنی واتە تێمیستۆکلیس برد و سی تالآند پارەیان پێدا و رازییان‌کرد کەشتیگەلی دەریایی لە ئێڤڤیا بمێنێتەوە و شەڕی دەریایی بکا.

**[٥]** تێمیستۆکلیس بۆوەی بتوانێ یۆنانییەکان رازی بە مانەوە بکا، بەو شێوەیە جوڵایەوە: لەو پارەیەی وەریگرتبوو پێنج تالآندی بە ئێقریڤیادیس‌دا و وای‌نیشان‌دا کە لە گیرفانی خۆیەوە پێیداوە. پاش ئەوەی ئێقریڤیادیسی رازی‌کرد، تەنیا کەسێکی‌تر کە لەگەڵ مانەوە نەبوو، ئادیماندۆس کوڕی ئۆکتی‌ئۆسی سەرکردەی کۆرینتی‌یەکان بوو. ئەو سەرکردەیە رایگەیاندبوو کە ناخوازێ چیتر لە دەڤەری ئارتێمیسیۆس بمێنێتەوە. تێمیستۆکلیس سوێندی بۆ خوارد و گووتی:"بەجێمان مەهێڵە، ئەگەر لە هاوپەیمانیمان دەرنەکەوی، ئەوەندە خێرەی پاشای میدیاکان بۆ تۆی دەبێ، من زیاترت دەدەمێ ".

ئەوە قسەی تێمیستۆکلیس بوو و سێ تالآنی زێو پارەی بۆ ئادیماندۆس ناردە نێو گەمی ناوبراو. ئەو دوو کەسەی دوایی بەزەبری پارە رازی‌بوون تا یارمەتی ئێڤڤۆییەکان بدەن و تێمیستۆکلیس خۆیشی پارەیەکی باشی بۆ مایەوە. ناوبراو پارەکانی بۆخۆی هەڵگرت و لەلای سەرکردەکانی‌تر باسی نەکرد. ئەوانەش کە لەو پارەیە خێرێکیان پێگەییبوو، پێیان‌وابوو لە شاری ئاتێنەوە بۆ ئەو مەبەستە ناردراوە.

**[٦]** هێزەکانی یۆنانی بەو چەشنە لە دەڤەری ئێڤڤیا مانەوە و شەڕی دەرییایان کرد. شەڕی دەریایی ئەوانە بەو جۆرە بوو: بەربەرەکان گەیشتنە

ئاوەکانی ئاخێتی. پاشنیوەڕۆیەکی زوو خەبەریان پێگەیی کە ژمارەیەکی کەم لە گەمی‌یە یۆنانیەکان لەنێو ئاوەکانی ئارتێمیسیۆس‌دا خەریکی جموجۆڵن و بۆیە خێرا وەخۆکەوتن کە بچن و یەخسیریان بکەن. بەربەرەکان گەرەکیان نەبوو راستەوخۆ پەلاماری یۆنانییەکان بدەن، چونکە دەیانزانی ئەوان لە پاشەکشە کردن‌دا گەلێک خێرا و بەدەستوبردن و تاریکی شەویش یارمەتییان‌دەدا. بەربەرەکان بەلای خۆیانەوە ئاوایان لێکدابۆوە کە لەو شەڕەدا نابێ هیچ یۆنانییەک بەسلامەتی دەرچێ و دەبێ گشتیان بکوژرێن، تەنانەت ئەو سپارتییەش کە مەشغەڵی پیرۆزی پێیە.[1]

**[٧]** بەربەرەکان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان، بەو چەشنە پیلانیان دارشت. لەنێو گشت کەشتیگەلی دەریایی‌دا، تەنیا دوو سەد گەمییان هەڵبژارد و ناردیانە نێو ئاوەکانی ئێڤڤیا تا بەبێ ئەوەی دوژمن هەستی بە جموجۆڵێک کردبێ، ئەوان بەوێدا دەربازبن و بەدەوری چیای کافیرێئا و یێرێستۆدا بگەنە ئێڤریپۆس، بەوجۆرە یۆنانییەکان گەمارۆ بدەن و پشتیان لێ بستێنن و رێگای پاشەکشەیان لێبگرن. هەروەها باقی هێزەکانی پارسیش لەو لایەوە بەشێوەی بەرەیەکی یەکگرتوو پەلاماری راستەوخۆی یۆنانییەکان بدەن و دەست بەسەر گشتیاندا بگرن.

کاتێک لەسەر ئەو بڕیارە ساغبوونەوە، چەند گەمیەکی هەڵبژاردەیان وەرێخست، بەبێ ئەوەی ئەو رۆژە بخوازن هیچ شەرێک بکەن، تەنیا چاوەڕوانی ئیشارەتی ئەو گەمییانە بوون کە لەنێو ئاوەکانی ئێڤڤیادا بوون و قەرار بوو بگەنە دەڤەری ئێڤریپۆس. دوای ناردنی ئەو کۆمەڵە گەمییە بۆ ئێڤڤیا، پارسەکان سەرژمێری دوبارەی باقی گەمییەکانی دەڤەری ئافێتی‌یان کرد، بۆوەی بزانن چەند دانەیان ماون.

**[٨]** ئەوانە خەریکی سەرژمێری گەمییەکان بوون. لەنێو ئۆردوگای پارسەکاندا کابرایەکی سیکێلیایی بەناوی سکیۆنی هەبوو کە باشترین

---

١- ئەو سپارتییە پارێزەری ئاگری پیرۆز بوو. ئەو ئاگرە لە کاتی قوربانی‌کردندا کەڵکی لێوەردەگیرا و هەرجارێ کەسێک لە مەعبەدی شارڕا دەیهێنا. هێنانی ئاگریش نەریتی پیرۆزی خۆی هەبوو.

مەلەوانی ژێرئاوی (غەوواس) سەردەمی خۆی بوو و گەلێک کەرستەی قیمەتی و بەنرخی لەنێو ئاوی دەریادا دۆزیبۆوە، بەتایبەت لەو گەمییەی لە ئاوەکانی پیلیۆدا قووم ببوو. ناوبراو بەشی هەرزۆری دۆزراوەکانی بۆخۆی راگرتبوو. ئەو کابرایە هەرلە سەرەتاوە خەریک بوو رابکا و بچێتە بەرەی یۆنانییەکان، بەڵام فرسەتی گونجاوی دەست نەدەکەوت. من نازانم چۆن خۆی لەدەست بەربەرەکان رزگارکرد و گەیشتە لای یۆنانییەکان، بەڵام بەو جۆرەی باسی دەکەن، زۆر جێگای باوەڕی من نییە. دەڵێن خۆی لەنێو ئاوەکانی ئافێتی هاویشتووە و ئیتر وەدیار نەکەوتووەتەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتووەتە ئارتێمیسیۆس. بەواتایەک پتر لە هەشتا ستادیۆ مەلەی ژێر ئاوی کردوە. زۆر شتیتر سەبارەت بەو مرۆڤە ئەفسانەییە دەگێڕنەوە. هەڵبەت هێندێکیان راستن. لێرەدا من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە بەیارمەتی گەمی بچووک گەیشتووەتە ئارتێمیسیۆس. ناوبراو لە ئارتێمیسیۆس خێرا سەرکردە سەربازییەکانی یۆنانی لەو پیلانە ئاگادار کردوەتەوە و بەتایبەت ئەو کۆمەڵە گەمییەی بەرەو ئاوەکانی ئێڤڤیا بەڕێوەبوونە.

**[٩]** یۆنانییەکان وەختێک ئەو هەواڵەیان پێگەیشتوە، کۆبوونەوەیان سازداوە و لەوێدا گەلێک بابەت هاتوونەتە بەرباس. لە کۆتاییدا ئەو بۆچوونە جێیگرتووە، واتە ئەو رۆژە لە شوێنی خۆیان نەبزوون، بەڵام شەو بە مەبەستی روبەڕوو بوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵە گەمییەی نێو ئاوەکانی ئێڤڤیادا وەڕێکەون. دوای ئەو بڕیارە کە هیچکەس دژی نەوێستاوە، ئێوارە خۆیان بۆ شەڕ دژی بەربەرەکان ئامادەکردوە و گەرەکیان بووە بەو شێوەیە خێرایی پەلاماردانیان بەراورد بکەن و بزانن تواناییان لەبەرامبەر دوژمندا چەندە و لەڕاستیدا مانۆڕدانێک بووە.

**[١٠]** نیزامیانی لەشکری کسێرکیس و فەرماندەکانیان کاتێک چاویان بە یۆنانییەکان کەوت کە بە ژمارەیەکی کەمی گەمی بەرەو ئەوان دێن و هەست بە هچ نیگەرانییەک ناکەن، خێرا دەستووریاندا گەمییە جەنگییەکانی خۆیشیان دەرکەون، بەو هیوایە کە زۆر بە هاسانی بتوانن یۆنانییەکان

شکست بدەن. هەڵبەت ئەو هومێدوارییەی بەربەرەکان سەیر نەبوو، چونکە بەڕاستی گەمییە یۆنانیەکان ژمارەیان زۆر کەم بوو و هی خۆیان زۆرتر و خێراتر بوون. پارسەکان بە ئاواتی سەرکەوتن، یۆنانییەکانیان گەمارۆدا. ئەو کۆمەڵە خەڵکە یوونییەی پشتیوانیان لە یۆنانییەکان دەکرد، بەڵام لەو لەشکرکێشییەی پارسەکاندا ناچار بە بەشداری کرابوون، وەختێک دیتیان یۆنانییەکان دەوریان دەگیرێ، هەستیان کرد کە تێکشکانێکی گەورە دەقەومێ. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون هیچکەس بە سلامەتی ناتوانێ نەجاتی بێ، چونکە بارودۆخی یۆنانییەکان زۆر شەپڕێو وەبەرچاو دەهات. بەپێچەوانەی ئەوانە، خەڵکانیتر هەبوون کە بەو وەزعە شاد و خۆشحاڵ و تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە کە کامیان یەکەم گەمی ئاتێنی تێکبشکێنێ و دەستی بەسەردا بگرێ و خەڵاتی باش لە پاشا وەرگرێ. ئەوەش دیارە ئەو خۆزگەیە دەگەڕاوە بۆ گەورەکردنەوەی ئاتێنییەکان لەبەر چاوی خەڵکی نێو ئۆردوگا.

**[١١]** کاتێک یۆنانییەکان یەکەم فەرمانیان پێدرا، لووتی گەمییەکانیان بەرەو بەربەرەکان و پاشتەرکی گەمیش بەرەو نێوەوەی ئاو وەرسوڕاند و بە دووهەم فەرمان پەلاماریان دەست پێکرد. مەیدانی شەڕ بچووک بوو و دەبوایە گشتیان تێکڕا و بەشێوەی جبهەیی پەلاماربدەن. لە یەکەم وەجبەدا دەستیان بەسەر سی گەمی بەربەرەکاندا گرت. هەروەها فیلائۆناس کوڕی فێرسی کە برای غۆرغۆسی پاشای سەلامینییەکان بوو لەجێوە گیرا. گەمی فیلائۆناس لەنێو کەشتیگەلی پارسەکاندا گەلێک ناسراو بوو. یەکەم کەسی یۆنانی کە دەستی بەسەر گەمی دوژمندا گرت، لیکۆمیدیسی ئاتێنی، کوڕی ئێسخرێئۆس بوو و خەڵات کرا. ئەو شەڕە دەریاییە بێپسانەوە تا شەو بەردەوام بوو و لەڕاستیدا تاریکی شەو ئەو دوو دژبەرەی لە یەکتر جیاکردەوە. یۆنانییەکان بەرەو ئارتێمیسیۆس گەڕانەوە و بەربەرەکان کە ئاکامی شەڕ بەپێچەوانەی خواستی ئەوان بوو، لەنێو ئاوەکانی ئافێتیسدا مانەوە. لەو شەڕەدا ئەندیدۆرۆس خەڵکی دورگەی لیمنۆس تەنیا یۆنانییەک بوو کە لە بەرەی

پاشارا خۆی تەسلیمی یۆنانییەکان کرد. سەبارەت بەو کارەی کردی، ئاتێنی‌یەکان پارچە ملکێکیان لە دەڤەری سالامینا وەک خەڵات پێبەخشی.

**[١٢]** کاتێک نیوەشەو داهات – نێوەڕاستی وەرزی هاوین بوو – بارانێکی بە خوڕێن و هەورە تریشقە لەلای دەڤەری پیلیۆوە دەستی‌پێکرد و بەدرێژایی شەو لێینەکردەوە. کەلاکی کوژراوەکان و گەمییەکانی تێکشکاو لەسەر ئاوەکانی ئافێتیس شۆڕانەوە و لەبەردەم گەمییەکانی‌تردا کۆبوونەوە و بێلژەنی تەواوێک دژوار ببوو. ئەو هێزە نیزامییەی لەو شوێنە ئۆردوویان لێدابوو، ترسێکی لەرادەبەدەر دایگرتن و لەوە تۆقیبوون کە مەبادا نەهامەتی ئەوتۆ تووشی ئەوانیش بێ. ئەوان بەرلەوەی بەدوای ئەو شەڕە و تێکشکانی گەمییەکانیان پشوویەک بدەن، خێرا کەوتنە بەر هەورە تریشقە و گۆپاڵباران.

**[١٣]** بەربەرەکان ئەو شەوەیان بەوجۆرە تێپەڕکرد. بۆ ئەو کۆمەڵە گەمییەش کە بەرەو ئێڤڤیا دەرپێیان‌خستبوون، شەوێکی گەلێک ناخۆش بوو. ئەوان لە کەنداودا بوون و شەویان بەسەردا هات و ونبوون. ڕاست لە کاتی پێشڕەوی‌دا تۆفان هەڵیکردێ و گەمییەکان لەنیزیک کیلا سەربە ناوچەی ئێڤڤیاس جێیان‌گرتبوو. تۆفان گشتیانی ڕەپێچەکدا، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بەرەو کوێیان دەبا و یەکسەر بە ڕەوەزەکانی کەنار دەریای دادان. هەرهەمووی ئەو ڕووداوانە خواستی خوایان لەسەر بوو تا کەشتیگەلی دەریایی پارسەکان ژمارەیان کەمتر بێتەوە و هێزەکانیان بەرابەری یۆنانییەکان بێ نەک زیاتر لەوان.

**[١٤]** لەئاکامدا، ئەو کۆمەڵە گەمییە لەنێو ئاوەکانی کیلا، سەر بە ناوچەی ئێڤڤیادا وێران بوون. ئەوانەی لە ئافێتیس بوون، ڕۆژی دوایی وەختێک دیتیان دنیا ئارام بووەتەوە، بە خۆشحاڵییەوە گەمییەکانیان لەوێ ڕاگرتن. ئەوانە دڵیان بەوە خۆش بوو کە دوای ئەو هەموو نەهامەتییە دەتوانن تۆزێک بحەسێنەوە. لەولاشەوە، یۆنانییەکان بە پەنجا و سێ گەمی ناوچەی ئەتیکی بەهێزتر کران. هاتنی ئەو کۆمەڵە گەمییە و بەتایبەت خەبەری تێداچوونی بەشێک لە کەشتیگەلی دەریایی پارسەکان بەهۆی تۆفان لەنێو ئاوەکانی

ئێڤڤیادا، هێندەی‌تر ورەی بردنەسەر و شادی کردن. یۆنانییەکان وەک ڕۆژی بەرێ لە چاوەڕوانیدا مانەوە، پاشان خێرا پەلاماری کۆمەڵە گەمی کیلیکی‌یەکانیان‌دا و وەختێک ئەوانیشیان نوقم کرد، کەڵکیان لە تاریکی شەو وەرگرت و بەرەو ئاوەکانی ئارتێمیسیۆس گەڕانەوە.

**[١٥]** سەرکردەکانی بەربەر ڕۆژی سێهەم نەیاندەتوانی قبوڵ بکەن کە یۆنانییەکان بەو کۆمەڵە بچووکە گەمییەوە، ئەو هەموو وێرانییەیان بۆ ئەوان خوڵقاندوە و لەو بارەوە گەلێک لە کسێرکیس دەترسان. ئەو ڕۆژە چاوەڕوانی پەلاماری‌تریان لەلایەن یۆنانییەکانەوە نەکرد، بەڵام بەو حاڵەش دەستووریان‌دا کە هەموو گەمییەکانیان لە ئامادەکاری تەواودا بن. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە کاتێکدا بوون کە هێزەکانی پیادە لە ناوچەی تێرمۆپیلێس شەڕی دەستەویەخەیان دەکرد. یۆنانییەکان ئەو شەڕەیان بۆیە دەکرد تا گوزەری ئاوی ئێڤریپۆس بپارێزن، هەروەک لیئۆنیداس شەڕی بۆ پاراستنی تێرمۆپیلێس کرد. ئەوان گەرەکیان بوو نەهێڵن بەربەرەکان گوزەری ئێڤریپۆس بگرن و بەرەو نێوەندی خاکی یۆنان پێشڕەوی بکەن، بەربەرەکانیش شەڕی ئەوەیان دەکرد کە ئەو دۆڵە ئاوییە بەرتەسکە لە دەست یۆنانییەکان دەرهێنن.

**[١٦]** وەختێک کەشتیگەلی کسێرکیس خۆی دژی یۆنانییەکان ئامادەکرد و وەڕێکەوت، یۆنانییەکان لە ئارتێمیسۆس جوڵەیان نەکرد. بەربەرەکان نیمچە بازنەیەکیان بەمەبەستی گەمارۆی یۆنانییەکان پێکهێنا، ئەوجار یۆنانییەکان دژکردەوەیان نیشان‌دا و پەلاماریان دەستپێکرد و بوو بە هۆی شەڕێکی قورس. هیچکام لە لایەنەکان لەو شەڕەدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە کەشتیگەلی کسێرکیس لەبەر زۆری ژمارەی گەمییەکانی نەیاندەتوانی هەڵسوڕێ و بەردەوام سەریان لەیەکتر دەشێواند و خۆیان پێکدادەدا. هەرچۆنێک بوو، هێزەکانی کسێرکیس خۆیان ڕاگرت و پێیان شوورەیی بوو مەیدانی شەڕ لەبەرچاوی کۆمەڵێکی بچووکی گەمییەکانی یۆنانیدا چۆڵ‌بکەن. ژمارەیەکی زۆر لە گەمییەکانی یۆنانی لەو شەڕەدا تێکشکان و خەڵکیشیان

لێکوژرا، دیاره زیانی هێزەکانی بەربەر، هەم لەباری لەشکریی و هەم لەڕووی ژمارەی گەمییەکانەوە لە هی یۆنانییەکان پتر بوو. شەڕی ئەوانە بەو چەشنەی باسمکرد تەواو بوو و هەردوو لایەن پاشەکشەیان کرد.

**[١٧]** میسرییەکانی نێو سپای کسێرکیس لەو شەڕەدا بوێرانە شەڕیان کرد. سەرەڕای ئەوە کە کۆلێک کەموکوڕییان پێوەدیاربوو، بەو حاڵەش توانیان دەست بەسەر پێنج گەمی پڕ لە شەڕکەری یۆنانیدا بگرن. لەلایەنی یۆنانییەکان، دەبێ بڵێم کە ئاتێنیی‌یەکان و لەنێو ئەوانیشدا کلینیاس کوڕی ئالکیڤیادیس گەلێک شاز بوو. کلینیادیس بە پارەی خۆی گەمی دروست کردبوو و دووسەد شەڕکەریشی لەژێر فەرماندا بوو.

**[١٨]** کاتێک ئەو دوو دژبەرە لە یەکتر جیا بوونەوە، هەرلایەنە بەرەو شوێنی خۆی گەڕاوە و لەنگەری گرت. یۆنانییەکان کوژراوانی ئەو شەڕەیان کۆکردەوە. گەلێک لە شەڕکەرانیان کوژرابوون و زۆربەیان ئاتێنی بوون و نیوەی گەمییەکانیان تووشی زەرەر و زیان هاتبوون و گەرەکیان بوو بەرەو ناوچەکانی نێوەندی یۆنان پاشەکشە بکەن.

**[١٩]** تێمیستۆکلیس بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر یوونی و کاریی‌یەکان بتوانن بەرەی هێزەکانی بەربەر جێبهێڵن و راکەن، ئەو کاتە یۆنانییەکان دەتوانن سەرکەوتوو بن. لە وەختێکدا کە دانیشتووانی ناوچەی ئێڤڤیاس مەڕ و ماڵاتی خۆیان بەرەو کەنار ئاوەکان رادەگوێزا، تێمیستۆکلیس لەو قەراخ ئاوانە هەموو سەرکردەکانی دیکەی کۆکردەوە و پێی گووتن کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ کارێک بکا هێزەکانی بەتوانای پاشا فیراربکەن و لەشکرەکەی جێبهێڵن. ناوبراو هەرتەنیا ئەوەندەی پێگووتن و بەس، بەڵام داوای لێکردن کە دەبێ بۆ ئێستایان کارێک بکەن: چەندی بۆیان‌دەکرێ مەڕ و ماڵاتی دەڤەری ئێڤڤیا بکوژنەوە ( ئەو پێیوابوو خۆیان گۆشتەکە بخۆن باشترە تا بکەوێتە دەست دوژمن) و کۆمەڵێک ئاگر بکەنەوە. تێمیستۆکلیس هەروەها گووتی کە خۆی کاروباری پاشەکشە لە کاتێکی گونجاوتردا جێبەجێ‌دەکا، بۆوەی گشتیان بەسلامەتی بگەڕێنەوە ناوچەکانی

خۆیان لە یۆنان. بەو قسانە دڵی سەرکردەکان نەرم بوو. سەرکردەکان دەستووری ئاگرکردنەوەیان‌دا و خەریکی برژاندنی ئاژەڵەکان بوون.

**[٢٠]** ئێڤڤی‌یەکان یەکێک لە پێشگۆییەکانی ڤاکیدۆس‌یان بەهێند وەرنەگرت و پێیانوابوو کە ئەو پێشگۆییە هیچ مانایەکی تایبەتی نییە. ئەوان نە بەروبوومی خۆیان کۆکردبۆوە و نە پاشەکەوتێکی ئەوتۆیان وەسەریەک نابوو کە لە کاتی شەڕدا لە فریایان بکەوێ و هەربۆیەش تووشی بارودۆخێکی گەلێک دژوار هاتن. پێشگۆییەکە بەو چەشنە بوو:

*"وریابە! کاتێک کەسێکی بەربەر تێکەڵاوی لەگەڵ دەریا دەکا.*
*تەواوی بزنەکانی لە ئێڤڤیا دەبارێنن، بە پاپیرۆ (گەمی بەربەرەکان) رایانگوێزە."*

ئێڤڤی‌یەکان هەروەک گووتم هیچ بایخێکیان بەو پێشگۆییانە نەدا و پاش ئەوەی ئازار و زیانێکی فرەیان پێگەیی، ئەوجار هەستیان بە نەهامەتییەکان کرد.

**[٢١]** یۆنانییەکان بەرلەوەی چاوەدێر لە ناوچەی تراخینارا بگاتە لایان، بەو شێوەیە جوڵانەوە کە پێشتر باسم کردوە. پۆلی‌ئاس خەڵکی ئەندیکیر سەربە ناوچەی ئارتێمیسیۆس یەک لە چاوەدێرەکان بوو. ئەو کابرایە هەمیشە گەمی ئامادەی لەژێر پێدا بوو تا ئەگەر هاتوو کەشتیگەلی پاشەکشەی کرد، خێرا بگاتە لای ئەوانەی تێرمۆپیلێس و ئاگاداریان بکاتەوە.

ئاڤرۆنیخۆس کوڕی لیسیکلی خەڵکی ئاتێن، ئەویش وەک چاوەدێر لەو کاتیدا لەلای لیئۆنیداس و ئامادەی رۆیشتن بۆ ناوچەی ئارتێمیسیۆس بوو. ناوبراویش گەمییەکی سی بێڵژەنەی پێبوو، تا ئەگەر گرفتێک بۆ هێزی پیادە سازبێ، خێرا خەبەر بۆ یۆنانییەکان بەرێ.

ئاڤرۆنیخۆس گەیشتەجێ و باسی ئەو قەومانەی کرد کە بەسەر لیئۆنیداس و لەشکرەکەی هاتبوو. یۆنانییەکان کاتێک بەو خەبەرەیان زانی، ئیتر پاشەکشەی

خۆیان وەدرەنگی نەخست و بەشێوەیەکی ڕێکخراو وەڕێکەوتن. سەرەتا کۆرینتیی‌یەکان و لە کۆتاییشدا ئاتێنیی‌یەکان وەدوایانکەوتن.

**[٢٢]** تێمیستۆکلیس کۆمەڵێک لە گەمییە خێراکانی ئاتێنی هەڵبژارد و بەرەو شوێنێک چوو کە ئاوی شیرینی لێدەڕژایە خوار. لەسەر ڕەوەزەکان پەیامێکی هەڵکەند و ڕۆژی دواتر یوونی‌یەکان کاتێک گەیشتنە ئارتێمیسیۆس، خوێندیانەوە. ناوەرۆکی پەیامەکە بەو چەشنە نووسرابوو: "یوونی‌یەکان! ئێوە بەو هێرشەتان بۆسەر خاکی باب‌وباپیرانی خۆتان، یۆنان تووشی ژێردەستەیی دەکەن و ئەوەش ناهەقییەکی گەورەیە. داوا دەکەم هەرچی خێراتر بگەڕێنەوە لای ئێمە. ئەگەر ئەو کارەتان بۆ ناکرێ، بێ‌لایەنی ڕەچاوبکەن و داوا لە کاری‌یەکانیش بکەن هەر ئەو هەڵوێستە بگرن. ئەگەر لە دۆخێکی ئەوتۆدا نین کە هیچکام لەو ڕێگایانە هەڵبژێرن و بارودۆخەکە دژوارە و ناتوانن رابکەن، تکایە لە کاتی شەڕ دژی ئێمە، جوامێری مەنوێنن و لەبیرتان بێ کە ئێوە خەلکی ئەو ولاتەن و دوژمنایەتی ئێمە لەگەڵ بەربەرەکان بۆخاتری ئێوە بوو". تێمیستۆکلیس ئەو پەیامەی نووسی و بە باوەڕی من بیری لە دوو بابەت کردبۆوە، یا پاشا چاوی بەو پەیامە نەدەکەوت و یوونی‌یەکان قەناعەتیان دەهێنا و دەستیان لە پشتیوانی کردنی ئەو هەڵدەگرت، یا کسێرکیس پێیدەزانی و یوونی‌یەکانی لەبەر چاو دەکەوت و ئیتر بە شک و گومانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردن و لەمەو بەدوا نەیدەناردنە شەڕی دەریایی.

**[٢٣]** ئەوە دەقی پەیامی تێمیستۆکلیس بۆ یوونی‌یەکان بوو. دواتر کەسێکی خەڵکی ئیستیێئا چوو بۆ لای بەربەرەکان و خەبەری راکردنی یۆنانییەکانی لە ئارتێمیسیۆس بەوان گەیاند. بەربەرەکان باوەڕیان بە قسەی کابرا نەکرد و گرتیان و لەجێوە بەستیانەوە و هاوکات چەند گەمییەکیان نارد تا لە راستی ئەو ڕووداوە بکۆڵنەوە و دڵنیایان بکەن. وەختێک ئەو گەمییانە گەڕانەوە و باسی ئاڵوگۆڕەکانیان کرد، ئینجا تەواوی ناوگانی بەربەرەکان بەرەو ئەوێ چوون و لەگەڵ سپێدەی بەیانی

هەموویان لەسەر ئاوەکانی ئارتیمیسیۆس کۆبوونەوە. ئەو هێزانە تا نیوەڕۆ لەوێ مانەوە و دواتر بەرەو دەڤەری ئیستیێئا وەڕێکەوتن. ئەو شارەیان داگیرکرد و پەلاماری گشت دێهاتەکانی ناوچەی ئێللۆپیا و ئیستیێئۆتیدۆس‌یان‌دا.

**[٢٤]** لە کاتێکدا ئەو ئالۆگۆڕانە لەگۆڕێدا بوون، کسێرکیس دوای ئەوەی کاری کۆکردنەوەی کوژراوانی تێرمۆپیلێسی تەواو کرد، جارچی ناردە لای کەشتیگەلی دەریایی و وەکی‌تریش دەستووری‌دا تەواوی کوژراوانی شەڕ (زیادتر لە بیست هەزار کەس) خێرا ژێر خاک بکرێن. بەدوای ئەو فەرمانەی کسێرکیس‌دا، هەزار جەنازەیەک لە دەرێ مایەوە و ئەوانی‌تر گشتیان ژێرخاک کران. ئەو گۆڕە بە کۆمەلانە بە کۆلێک گەلا و چرپی‌دار داپۆشران، بۆوەی شەڕکەرانی کەشتیگەلی دەریایی بەربەرەکان چاویان پێیان نەکەوێ.

کاتێک جارچی گەیشتە ئیستیێئا تەواوی سەربازانی لەشکری دەریایی کۆکردەوە و گووتی: "هاوڕەزمەکان! کسێرکیس پاشا ئیزن بە هەرکام لە ئێوە دەدا ئەگەر بخوازن و بچن و ببینن کە لەشکری ئەو چۆن لەگەڵ نەفامەکان شەڕی کردوە، ئەوانەی پێیان‌وابوو دەتوانن بەسەر هێزی ئێمەدا سەرکەون ".

**[٢٥]** جارچی لە قسەکانی بۆوە، بەڵام دۆزینەوەی گەمی تەواوێک دژوار بوو کە پیاو بچێ بۆ ئەو شوێنە، چونکە گشتیان خوازیاری چوون بوون. هەرهەموویان پێیانوابوو کوژراوەکان لاکێدێمۆنی و تێسپی‌یەکانن. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کۆیلەی کوژراویشیان دیت. لە کۆتاییدا تێگەیین کە کسێرکیس چکارێکی لەگەڵ کوژراوەکان کردوە - هەڵبەت ئەو کارەی کردبووی، تەنیا بۆ پێکەنین دەبوو و بەس – لەلایەکەوە دەیگووت هەزار کەس و لەولاشەوە چوار هەزار جەنازە لە یەک شوێن کۆکرابۆوە!

لەهەرحاڵدا جەماوەری سەر گەمییەکان چوون و ئەو دیمەنانەیان دیت و گەڕانەوە بۆ سەر گەمییەکانیان لە ئیستیێئا و کسێرکیس خۆیشی لەگەڵ لەشکری پیادە بە ڕێگای ویشکاییدا ڕۆیشت.

**[٢٦]** دوای ئەو ڕووداوانە کۆمەڵێک لە دانیشتووانی ئارکادی رایانکردبوو و پەنایان بۆ بەربەرەکان بردبوو. ئەو جەماوەرە ئارکادییە لەوپەڕی هەژاری و برسییەتیدا دەژیان و گەرەکیان بوو خزمەتی پاشا بکەن. ئەوانەیان بردنە بەردەم پاشا. پارسەکان دەیانویست بزانن یۆنانییەکان بەچییەوە مژووڵ بوونە، بەتایبەت یەکێک لە پارسەکان ئەو پرسیارەی لە بەردەم گشت ئەوانیتر هێنا گۆڕێ.

ئارکادییەکان گووتیان کە یۆنانییەکان خەریکی بەڕێوەبردنی کێبەرکێکانی ئۆلیمپیا و سەیری ململانێی سوارکاری و زۆرەوانی بوون. کابرای پارس لە درێژەدا پرسی، خەڵاتی براوەکان چی بوو کە ئاوا خۆیان بۆ ماندوو دەکرد. ئارکادییەکان گووتیان تاجێکی بازنەیی لە چڵ و پۆپی دار زەیتوون. ڕاست لەو کاتەدا تریتانتێخمیس کوڕی ئارتاڤانۆس گووتەیەکی جوانی بەسەر زاریدا هات و بۆیە کسێرکیس ناوبراوی وەک پیاوێکی ترسەنۆک و بێغیرەت بانگکرد. تریتانتێخمیس کاتێک بیستی خەڵاتەکە تاجێکی زەیتوون بووە و نەک پارە، خۆی پێڕانەگیرا و لە حزوور ئەوانیتردا گووتی: "ئەی ماردۆنیۆسی بەدبەخت! تۆ ئێمەت دژی چ خەڵکێک هێناوەتە مەیدانی شەڕ. تۆ ئێمەت هێنا دژی ئەوانە شەڕ بکەین! ئەوانە هیچیان بۆ پارە و سامان هەوڵنادەن، بەڵکوو تەنیا مەبەستیان توانایە و بەس ". ئەوە قسەی تریتانتێخمیس بوو.

### پارسەکان شاری ئاتێن داگیردەکەن شەڕی دەریایی سالامینا

**[٢٧]** لەو نێوەدا، دوای شەڕ و وێرانیی دەڤەری تێرمۆپیلێس، تێسالییەکان تەتەرێکیان ناردە لای فۆکییەکان. تێسالییەکان لەمێژ ساڵ بوو لەگەڵ ئەوانە لە شەڕدا بوون، بەتایبەت پاش ئەو قەومانەی دوایی. چەند ساڵێک بەر لە لەشکرکێشی کسێرکیس، تێسالییەکان بەتەواوی هێزیانەوە و بەیارمەتی هاوپەیمانەکان پەلاماری وڵاتی فۆکییەکانیاندا و شکستیان خوارد و تووشی ئازاری رووحی فرە هاتن. فۆکییەکان لە ناوچەی پارناسۆس لە گەمارۆ

کەوتبوون. تاڵەبینێکیان لەگەڵ بوو بەناوی تێللیا. ئەو کابرایە خەڵکی ئیلیادا بوو. تێللیا بیرۆکەیەکی هۆشمەندانەی بە مێشکدا هات: شەش سەد کەسی لە باشترین شەڕکەرانی فۆکی هەڵبژارد و ڕەنگی سپی لە روخساری گشتیان هەڵسووت. چەکەکانیشی لە ڕەنگی سپی هەڵکێشا و بەشەو ناردنیە شەڕی تێسالیەکان و پێیگوتن کە هەرکەسێک سپی نەبێ لەجێوە بیکوژن. سەرەتا پاسەوانەکانی چاویان بەوانە کەوت، ئەوەندە ترسان پێیانوابوو مۆتە هاتووەتە سەریان و لەجێوە رایانکرد. ئەوجار لەشکری تێسالیەکان هاتە مەیدان و ئەوانیش لە ترسان هیچیان بۆ نەکرا و فۆکیەکان توانیان چوار هەزار کەس لەوانە بکوژن و ژمارەیەک مەتاڵ و کەرستەیتریان دەسکەوێ. نیوەی ئەو مەتاڵانەیان پێشکەش بە پەرستگەی ئاڤێییەکان کرد و پاشماوەکەش بۆ نێوەندی ئایینی دێلفوس بەرێکران. لە سەرجەمی تاڵانی ئەو شەرە، یەک لە دەیان بۆ دروستکردنی چەند پەیکەرەیەکی زەبەلاح تەرخان کرد. ئەو پەیکەرانە ئەمڕۆ لە دەوری سێ پایەیەک هەڵکەوتوو لەبەردەم درگای سەرەکی پەرستگەکانی دێلفوس داندراون. چەند دانەیەکیش لەوانە لە پەرستگەی ئاڤی چەقێندراون.

**[٢٨]** ئەوە باسی شەڕی فۆکیەکان بوو، کاتێک هێزی پیادەی تێسالیەکان گەمارۆیان دابوون. هەڵبەت وەختێکیش کە هێزی سوارەی تێسالی پەلاماری دەستپێکرد، بەتەواوی تێداچوو. لە دۆڵێکی بەرتەسکی هەڵکەوتوو لە نیزیک یامپۆلی، فۆکیەکان خەندەکێکی زۆر گەورەیان هەڵکەندبوو و گۆزە و کووپەیان لە تەنیشت هەڤدوو ریزکردبوو و سەری خەندەکیان داپۆشیبوو، بەچەشنێک وەک باقی شوێنەکانیتر بچێ. چاوەڕوانی پەلاماری هێزی سوارەی تێسالیەکان بوون. کاتێک ئەو هێزە هێرشی خێرای هێنا، دەیانویست قڕان لە فۆکیەکان بخەن، بەپێچەوانەوە بەسەر کووپە و گۆزاندا کەوتن و ئەسپەکانیان تووشی قاچ شکان هاتن.

**[٢٩]** سەبارەت بەو دوو شێوازە شەڕەی فۆکیەکان، تێسالیەکان دوژمنایەتییان نەدەبڕایەوە و کاتێک تەتەریان ناردە لای فۆکیەکان، ئەو

پەیامەی پێبوو: "فۆکی‌یەکان! پێویستە ئەوە قبوڵ بکەن کە ئێوە لەگەڵ ئێمە ڕێک ناکەون. پێشتر، ئەوەندەی لەلای یۆنانییەکان بووین، ڕێز و حورمەتمان لەلای ئەوان پتر لە ئێوە بوو. ئێستا کە خۆمان داوەتە دەست بەربەرەکان، دەتوانین کاریگەری تەواومان لەسەر ئەوان (بەربەرەکان) هەبێ، تا ئەو جێگایەی کە ئێمە پێمان‌دەکرێ هەمووتان لە خاکی خۆتان بێبەش بکەین و بتانکەینە کۆیلە. ئێوە لەبەردەستی ئێمەدان، بەڵام ناخوازین بە خەراپە هەڵسوکەوتتان لەگەڵدا بکەین، بەو شەرتەی ئێوە ڕێژەی پەنجا تالاَند پارەمان بدەنێ. ئەو کاتە کارێک دەکەین کە مەترسی لەسەر وڵاتی ئێوە لاچێ ".

**[٣٠]** ئەوە پەیامی تێسالی‌یەکان بوو. لە سەراسەری ئەو هەرێمەدا تەنیا خەڵکانێک کە نەچوبوونە ژێر دەسەڵاتی میدیاکان، فۆکی‌یەکان بوون، هەڵبەت نەک لەبەر هۆیەکی تایبەتی، بەڵکوو تەنیا بەمەبەستی دوژمنایەتی کردنی تێسالی‌یەکان. من لەو باوەڕەدام ئەگەر تێسالی‌یەکان پاڵیان وەیۆنانی‌یەکان دابا، ئەوسا فۆکی‌یەکان خێرا دەچوونە بەرەی میدیاکان. فۆکی‌یەکان لە وڵامی تێسالی‌یەکاندا گووتیان کە ڕازی بە دانی ئەو پارەیە نین و ئەگەر ئەوانیش (فۆکی‌یەکان) ویستبایان خۆیان دەیانتوانی لەگەڵ میدیاکان ڕێککەون، بەڵام هیچکات ئامادەی جاشەتی و خەیانەت کردن بە یۆنان بە مەیلی خۆیان نەبوون و نابن، مەگەر زۆرییان لێبکرێ.

**[٣١]** تێسالی‌یەکان وەختێک گوێیان لەو وڵامە بوو، لە فۆکی‌یەکان دەڕقکەوتن و بۆیە قبوڵیان‌کرد کە ببنە چاوساغی بەربەرەکان. لە ناوچەی تراخیناوە پەلاماری (دوریدا)یان‌دا. شاری دوریدا لەسەر باریکاییەکی خاکیی لەنێوان مالیدا و فۆکیدا هەڵکەوتووە و بەربەرین‌ترین شوێنی ئەو باریکاییە سی ستادیۆ دەبێ. قەدیم بەو باریکاییە دەگووترا دریئۆپیس. ئەو شارە پێتەختی دووری‌یەکانی پێلۆپۆنیسۆسە. بەربەرەکان هێرشیان دەستپێکرد، بەڵام شاری دووریدایان وێران نەکرد. دانیشتووانی شارەکە پێشتر خۆیان تەسلیمی میدیاکان کردبوو و تێسالی‌یەکانیش گەرەکیان نەبوو ناوچەکە تالاَنبکرێت.

**[٣٢]** هێزەکانی بەربەر پەلاماری وڵاتی (فۆکیدا)یاندا بەڵام نەیانتوانی فۆکی‌یەکان تەسلیم بکەن، چونکە هێندێکیان پەڕیوەی چیاکانی ناوچەی پارناسۆس ببوون. لووتکەی پارناسۆس وەک نوختەیەکی شاز سەیری دەکرێت. لەبەر ئەوەی تەنیا هەڵکەوتووە و بەرزتر لە شاری نیئۆنا جێی‌گرتووە. ئەو لووتکەیە ناسراوە بە تیتۆریئا. فۆکی‌یەکان بە ماڵ و منداڵەوە پەنایان بۆ ئەو بەرزاییە بردبوو. دیارە بەشی هەرەزۆری فۆکی‌یەکان پەنایان بۆلای لۆرکی‌یەکانی دەڤەری ئۆزۆلا و ناوچەی ئامفیسا بردبوو کە کەوتووەتە دوای دەشتی کریسیئۆ. بەربەرەکان بە سەرتاسەری خاکی فۆکیدا تێپەڕین، چونکە تێسالی‌یەکان وەپێشیان کەوتبوون. هەرچی وەبەر دەستیان هات، ئاگریان تێبەردا و تاڵانیانکرد. شار و پەرستگەکانیشیان سووتاندن.

**[٣٣]** دوای دەربازبوون بە وڵاتی فۆکیدا، هێزەکانی بەربەر بە لێوار چۆمی کیسفیسۆدا ڕۆیشتن و هەرچی لە ڕێگادا وەبەرچاویان کەوت، وێرانیانکرد. شارەکانی دریمۆ، خارادرا، ئێروخۆ، تێترۆنیۆ، ئامفیکیئا، نیئۆنا، پێدییا، ترێتییا، ئێلاتییا، یامپۆلی، پەراپۆتامیا و ئاڤی، گشتیان خاپوورکران. لە شاری ئاڤی، پەرستگەی دەوڵەمەندی ئاپۆلۆنۆس دروستکرابوو و خەزێنەکەی پڕ لە گەنج و پەیکەرە بوو، ئەویش تاڵان و وێران کرا. ئەو پەرستگەیە زەمانی زوو نێوەندی پێشگۆییش بووە و لەو هێرشەدا، پاش تاڵانکران، ئاگریشی تێبەردرا. فۆکی‌یەکانی دانیشتووی ئەو شارانە بەشێکیان پەنایان بۆ چیاکان برد و هێندێکیشیان یەخسیرکران و ژمارەیەکی زۆریش لە ژن و کچەکانیان بەهۆی دەسدرێژی لەرادەبەدەری داگیرکەران، گیانیان لەدەستدا.

**[٣٤]** دوای شاری پەراپۆتامیا، بەربەرەکان گەیشتنە شاری پانۆپیئا. لەشکری کسێرکیس لەو شارە دوو بەش بوو. بەشی بەهێز و فرەی وەدوای کسێرکیس کەوتن و بەمەبەستی شەڕ دژی ئاتێن ڕێگایان گرتەبەر. ئەو بەشە سەرەتا پەلاماری شاری ڤیۆتیا لە ناوچەی ئۆرخۆمێنۆسی‌دا. هەموو شارەکانی هەرێمی ڤیۆتی ئیتاعەتی خۆیان بە میدیاکان ڕاگەیاند و بەهۆی

هێزەکانی مەقدوونی پارێزگاریان لێدەکرا. ئەو هێزانە بە فەرمانی ئەلێکساندرۆس ناردرابوونە ئەو شارانە، تا هەم بیانپارێزن و هەمیش کسێرکیس دڵنیا بکەن کە شارەکانی ڤیۆتی پشتیوانی لە میدیاکان دەکەن.

**[٣٥]** یەکەم بەشی لەشکر ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە باسم کرد. بەشی دووهەم بەیارمەتی ڕێپیشاندەران و چاوساغەکان بەرەو نێوەندی ئایینی دێلفوس وەڕێکەوتن و چیای پارناسۆس بەلای ڕاستی ئەواندا هەڵکەوتبوو. ئەوانە تەواوی وڵاتی فۆکیدا، واتە ئەو جێگایانەی پێیدا دەرباز بوون، وێرانیان کرد. شارەکانی وەک پانۆپێئا، داڤلیا و ئێئۆلیدا بەتەواوی ئاگریان تێبەردرا. ئەو بەشە لە لەشکر جیاببۆوە، ڕێگای تاڵانکردنی پەرستگەکانی دێلفوسی گرتەبەر بۆوەی گەنجی ئەوێ بۆ پاشا بەدیاری بێنن. زانیاری ئەوەشم هەیە کە کسێرکیس باش دەیزانی چەند پەیکەرەی پڕبەها لەنێو پەرستگەکاندا هەن. زانیاری ئەو سەبارەت بەو گەنجە لە دێلفوس پتر لە زانیاری ناوبراو سەبارەت بە گەنجی نێو بارەگا و قەسەری خۆی بوو، چونکە خەڵکانێک بەردەوام باسی ئەو پەیکەرە و کەلوپە بەنرخانەیان بۆ ناوبراو کردبوو. تەنانەت باسی خەڵاتەکانی کریسۆس و کوڕەکەی ئەو واتە ئالیئاتیس‌یشیان فەرامۆش نەکردبوو.

**[٣٦]** خەڵکی نێوەندەکانی ئایینی دێلفوس تووشی ترس و دڵەڕاوکێی فرە هاتن و لەو بارودۆخە پەرێشانەدا، داوای پێشگۆیی و ئامۆژگاریان کرد کە چۆن خەزێنەی پیرۆز بپارێزن، ئاخۆ لەژێر خاکدا بیشارنەوە یا بۆ شوێنێکیتر رایگوێزن. خواوەند ئیزنی ڕاگوێزانی پێنەدان و گووتی کە ئەوەندە هێزەی هەیە خۆی بپارێزێ. کاتێک خەڵکی دێلفوسی گوێیان لەو ئامۆژگارییە بوو، ئەوجار بیریان لە پاراستنی خۆیان کردەوە. ژن و منداڵیان ناردە دەڤەری ئاخایی و بەشی هەرەزۆریان وەسەر شاخی پارناسۆس کەوتن. ئەوانە چی دارایی هەیانبوو لەگەڵ خۆیان بردە نێو ئەشکەوتەکانی کۆریکیۆ[١]. بەشێکیش لەو خەڵکە پەنایان بۆ شاری ئامفیسا لە هەرێمی

١- خواوەند ئاپۆلۆن عاشقی بووکی کۆریکیا بووە.

لۆرکی‌یەکان برد. تەواوی دێلفوسی‌یەکان جیا لە شێست پیاو و پێغەمبەرەکەیان، ئەوانی‌تر بەخێرایی لە شارەکەیان دەرکەوتن.

**[٣٧]** کاتێک بەربەرەکان نیزیک کەوتنەوە و پەرستگەیان لێ وەدیارکەوت، راست لەو وەختەدا پێغەمبەری ئەوێ بەناوی ئاکیراتۆس دیتی کۆمەڵێک چەکی پیرۆز لەبەرامبەر پەرستگە داندراون. ئەو چەکانە لە ژووری پەرستگە هاتبوونەدەر. ئەگەر مرۆڤ واتە ئینسانی فانی پێشتر دەستی لەو چەکانە دابا، وەک کردەوەیەکی ناپیرۆز وەردەگیرا.

پێغەمبەر خێرا رایکردە لای دێلفوسی‌یەکانی لەوێ مابوون تا ئاگاداریان بکا و پێیان‌بڵێ کە هاتنەدەری چەکەکان نیشانەیەکی ئیلاهییە. بەربەرەکان لەبەر پەلەکردن، سەرەتا گەیشتنە پەرستگەی پرۆنیاس. لەوێ نیشانەی گەورەتر و زەقتر لەوەی پێشوو وەدیارکەوتن. هەڵبەت ئەوەیان موعجیزەیەکی گەورە بوو کە چەکەکان لەدەرێ و لەبەر درگای پەرستگە داندرابن. دیارە نیشانەکانی خوایی بەگشتی شکۆی خۆیان هەیە. بەربەرەکان پتر نیزیک کەوتنەوە و گەیشتنە پەرستگەی پرۆنیاس‌ئاتینا. کۆمەڵێک هەورە تریشقە لە ئاسمانەوە دایگرتن و دوو چیا لە ریزە چیاکانی پارناسۆس دابڕان و بەخێرای تەواو چەشنی ڕنوو بەشێکی زۆریان لە بەربەرەکان وەژێر خاکدا. لە هەمان کاتدا، لەنێو پەرستگەی پرۆنیاس ئاتینا دەنگی تۆقێنەری چەشنی لافای خرۆشان دەوروبەری داگرت.

**[٣٨]** لەبەر ئەو گشتە نیشانە پیرۆزانە، بەربەرەکان ترسیان رێنیشت و هەڵاتن. دێلفوسی‌یەکان کاتێک چاویان بەو پاشەکشەیە کەوت، سەریان لەدوونان و ژمارەیەکی زۆریان لێ‌کوشتن. ئەوانەی لە لایەنی بەربەرەکان توانیان بەسلامەتی دەرچن، بەرەو ڤیۆتیا هەڵاتن. بەپێی زانیارییەکانم، ئەوانە گوتوویانە جیا لەو نیشانە پیرۆزانە، پێشتریش چاویان بە چەند نیشانەیەکی‌تر کەوتبوو. وەک ئەوەی کە دوو کەسی شەڕکەری بە سروشت گەورەتر لە مرۆڤ، ئەوانی راوناوە و دەریکردون.

**[٣٩]** دێلفوسی‌یەکان لەو باوەڕەدان کە ئەو دوو کەسە بە ناوەکانی فیلاکۆس و ئافتۆنۆئۆس، پاڵەوان و قارەمانانی خۆیانن. ئارامگەی ئەو دوو کەسە لە نیزیک پەرستگە هەڵکەوتوون. ئارامگەی فیلاکۆس لەسەر ڕێگا و تۆزێک لە پەرستگەی پرۆنیاس سەرترە و هی ئاڤتۆنۆئۆس نیزیک لە کاستالیا، لە خوارەوەی ڕەوەزی یامپیا جێی‌گرتووە. ئەو ڕەوەزانەی لە چیای پارناسۆس جیابوونەوە، پیاو دەتوانێ ئەمڕۆش بیانبینێ. ئەوانە لە حەساری پەرستگەی پرۆنیاس ئاتینادا ڕاکشاون. ڕەوەزەکان دوای وەژێر خاک خستنی بەربەرەکان لە شوینی خۆیان ماونەوە. داگیرکەران بەو چەشنە لەو شوێنە پیرۆزە ڕۆیشتن.

**[٤٠]** کەشتیگەلی یۆنانی لە ئارتێمیسیۆس ڕۆیشت، هەڵبەت بەخواستی ئاتێنی‌یەکان ئەوێیان جێهێشت و لە کەنار ئاوەکانی سالامینا لەنگەریان گرت. ئاتێنی‌یەکان بۆیە ئەو داوایەیان‌کرد چونکە گەرەکیان بوو ژن و مناڵ بۆ ئەوێ (سالامینا) ڕاگوێزن و هەروەها پێشهاتەکانی دوایی هەڵسەنگێنن و کۆمەڵە بڕیارێک بدەن. ئەوان پێویستییان بەو کۆبوونەوەیە هەبوو، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە بەپێچەوانەی لێکدانەوەی پێشووی ئەوان بەرەو پێش دەچوو. ئاتێنی‌یەکان پێیانوابوو کە پێلۆپۆنیسی‌یەکان لەوپەڕی ئامادەگی نیزامی‌دان و لە ناوچەی ڤیۆتیا دامەزراون و چاوەڕوانی هاتنی بەربەرەکان دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە هیچکەس بۆ ئەو شوێنە نەچوبوو. ئاتێنی‌یەکان زانیارییان پێگەیی کە پێلۆپۆنیسی‌یەکان دیواریان بەدەوری ئیستمۆدا کێشاوە و تەنیا ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس‌یان وەبەرچاو گرتووە و گرینگییان بە شوێنەکانی‌تری وڵات نەداوە. ئاتێنی‌یەکان کاتێک بەو بارودۆخەیان زانی، داوایان لە ناوگانی یۆنانی کرد بچێتە سالامینا و لەوێ دامەزرێ.

**[٤١]** باقی هێزە هاوپەیمانەکان بەرەو سالامینا چوون، بەڵام ئاتێنی‌یەکان بەرەو وڵاتی خۆیان ڕۆیشتن و هەرکە گەیشتنەوە، بەهۆی جاڕچی ڕایانگەیاند کە هەر تاکێکی ئاتێنی بەپێی توانا، پێویستە خۆی پارێزگاری لە ماڵ و منداڵ و کۆیلەکانی بکا. ئاتێنی‌یەکان ژن و مناڵیان بۆ ناوچەکانی تریزینا، ئێیینا و سالامینا نارد. ئەوان بەپێی بڕیاری خۆیان و لەبەر گوێگرتن

به پێشگۆییەک ئەو کارەیان کرد. پێشگۆییەکە دەیگووت کە مارێکی گەورە (ئەژدیهایەک) وەک پاسەوانی ئاکرۆپۆلیس لەنێو پەرستگەدا دەژی. ئاتێنییەکان ئێستاش باوەڕیان بەو قسەیە هەیە و هەرمانگێ جارێک کولێرەی بە هەنگوین بۆ ئەو مارە دادەنێن. مارەکە گشت جارێ کولێرەی بە هەنگوینی دەبرد، بەڵام ئەوجارەیان خۆی تێنەگەیاندبوو. کاهێنی مەزن ئەو هەواڵەی بە خەڵک راگەیاند و ئاتێنییەکان هەوڵیاندا خێراتر شار چۆل بکەن، چونکە دەرکەوتبوو کە خواوەندی پەرستگەکەش ئاکرۆپۆلیسی جێهێشتووە. پیاوانی ئاتێنی دوای راگواستنی ژن و مناڵ، ئەوجار بەپانەوە بەرەو سالامینا چوون.

**[٤٢]** یۆنانییەکان کاتێک لە ناوچەی ئارتێمیسیۆس‌ڕا بەرەو سالامینا رۆیشتن، هەواڵی رۆیشتنەکەیان بە کەشتیگەلی یۆنانی گەیشتبوو کە پێشتر لە دەڤەری تریزینا لەنگەری گرتبوو. یەکەم فەرمان ئەوە بوو کە گشتیان لە هەرێمی پۆغۆنا و لە بەندەری تریزینا کۆببنەوە. هەموویان لەوێ کۆبوونەوە و ژمارەی ئەوجارەی گەمییەکان زۆر لەوە پتر بوو کە پێشتر لە ئارتێمیسیۆس و شارەکانی‌تر کۆببوونەوە. سەرکردەی کەشتیگەلی هەرهەمان کەس بوو کە فەرماندەریی هێزەکانی لە ئارتێمیسیۆس بەئەستۆوەبوو، واتە ئێڤریڤیادیسی سپارتی کوڕی ئێڤکلیریدیس. ئێڤریڤیادیس کە سەربە هیچکام لە بنەماڵەکانی پاشایەتی نەبوو. باشترین و زۆرترین ژمارەی گەمییەکانی کەشتیگەلی یۆنان، هی ئاتێنییەکان بوون.

**[٤٣]** لەو لەشکرکێشییە دەریاییەی دواییدا ئەو هێزانە جێیان‌گرتبوو: لە هەرێمی پێلۆپۆنیسۆوە لاکێدێمۆنییەکان بە شازدە گەمییەوە هاتبوون. کۆرینتییەکان بەو ژمارە گەمییەی پێشتر لە ئارمیسیۆس بەشداریان کردبوو[١] و هەر ئەوەندەشیان ئیمکان هەبوو، هاتبوونە تریزینا. سیکێئۆنییەکان خاوەن پازدە گەمی جەنگی بوون. ئێپیداڤرییەکان دە دانە گەمی، تریزینییەکان خۆیان پێنج گەمی‌یان هەبوو و ئێرمیۆنییەکانیش سێ دانە. گشت ئەوانە جیا لە ئێرمیۆنییەکان بەڕەگەز دووری ماکێدۆنی بوون، واتە لەو ماکێدۆنی‌یانەی لەو

١- واتە چل گەمی.

دواییەدا لە ناوچەی ئێرینیئۆ، پیندۆ و دریئۆپیدا رایانکردبوو. ئێرمیۆنییەکان بەڕەگەز دریئۆپی و سەردەمی خۆی بەهۆی ئیراکلیس و مالییەکان لە هەرێمێک دەرکران کە ئەمڕۆ ناسراوە بە دووریدا.

**[٤٤]** لە هەرێمی پیلۆپۆنیسۆوە ئەو هێزانە بەشداریانکرد. ئەوانەی لە ناوچەکانی دوور لە ئاوەکانەوە هاتبوون: ئاتێنییەکان بەگشت گەمییەکانیان واتە بە سەد و حەفتا دانە لە قەراخ ئاوەکانی سالامینا لەنگەریان گرتبوو. پلاتییییەکان لەگەڵ ئاتێنییەکان بەشداریان نەکردبوو. هۆی بەشداری نەکردنی پلاتییییەکان دەگەڕایەوە بۆ: وەختێک یۆنانییەکان بەندەری ئارتێمیسیۆسیان جێهێشت و گەیشتنە دەڤەری خالکیدا، پلاتییییەکان چوونە قەراخ ئاوەکانی بەرەوڕووی شاری ڤیۆتییا و سەرقاڵی راگوێزانی ماڵ و منداڵیان بوون و تا ئەو کارەیان جێبەجێکرد، گەلێک وەدرەنگی کەوتن.

ئاتێنییەکان، لەو سەردەمەدا کە پێلاسغییەکان فەرمانڕەوایی وڵاتێکیان دەکرد کە ئەمڕۆ پێیدەگووترێ یۆنان، پێلاسغی بوون و بەناوی کرانایی ناسراوبوون. کاتێک کێکرۆپا پاشایەتی ئەوانەی دەکرد، بە کێکرۆپیدی ناسرابوون و پاشان ئێرێختیڤۆس دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و ناویان گۆڕا و بوونە ئاتێنی[1]. لەو سەردەمەدا کە یوون کوڕی کسووتۆس وەک سەرکردەی لەشکری دیاریکرا، ئەوکاتە خەڵکەکە ناوی یوونییان بەسەردا بڕا.

**[٤٥]** مێغارییەکان هەرچەند گەمی هەیانبوو، بۆ ئەو شوێنە هێنابوویان، واتە بەهەمان رادە کە لە ئارتێمیسیۆس بەشداریان کردبوو. ئابراکیۆتییەکان خاوەن حەوت گەمی بوون و لیفکادییەکانی بە ڕەگەز دووری و دانیشتووی کۆرینتۆ، ئەوانیش سێ گەمییان پێبوو.

**[٤٦]** لە خەڵکی دوورگەنشین، ئێیینییەکان بە سی گەمی جەنگییەوە بەشداربوون. هەڵبەت ئەوانە کۆمەڵێکیتر گەمی چەکدارکراویان هەبوو، بەڵام بۆ پاراستنی دوورگەی خۆیان رایانگرتبوون و تەنیا ئەو سی گەمییەیان بۆ

---

١- ئەو ناوەیان لە ئاتینا وەرگرتووە کە ئێرێختیئای بەخێوکردوە. ئیرێختیئا بەبێ دایک هاتووەتە سەر دنیا و لە خاک لەدایک بووە.

سالامینا ناردبوو. ئێیینی‌یەکان بەڕەگەز دووری و دانیشتووی هەرێمی ئێپیداڤرۆس و ناوی پێشووی دوورگەکەیان ئینۆنی بوو. دوای ئێیینی‌یەکان، خالکیدیکی‌یەکان بە بیست گەمییەوە هاتن کە پێشتر لە ئارتێمیسیۆس بوون. ئێریتری‌یەکان، ئەوانیش بە حەوت گەمییەوە خۆیان گەیاندە سالامینا. ئێریتری‌یەکان بەڕەگەز یوونی‌ین. دوای ئەوانە کیۆسی‌یەکان بەو چەند گەمییەی لە ئارتێمیسیۆس هەیانبوو، بەشدارییان لە هەرەوەزی سالامینا کرد. کیۆسی‌یەکان لەباری نەتەوەییەوە، لە یوونی‌یەکانی ئاتێنین.

ناکسۆسی‌یەکان چوار گەمی‌یان پێبوو. دراوسێ و هاوشاری ئەو ناکسۆسی‌یانە هێزەکانی خۆیان بۆ میدیاکان ناردبوو. گشت دوورگەکانی دەوروبەریان روویان لە بەرەی میدیاکان کردبوو، بەڵام ئەوان خۆیان پشتیوانیان لە یۆنانی‌یەکان کرد و گوێیان بە هەڕەشەی پارسەکان نەدا. لەنێو ناکسۆسی‌یەکاندا، دیمۆکریتۆس پیاوێکی ناسراو و دەوڵەمەند و کاپیتانی گەمی جەنگی بوو. ناکسۆسی‌یەکان لە بنەڕەتدا لە یوونی‌یەکانی بەڕەگەز ئاتێنی وەپاشکەوتوون.

ستیری‌یەکان ئەوانیش دوو گەمی شەڕکەریان هەبوو و هەر بەوانە لە ململانێی ئارتێمیسیۆس‌دا بەشداریان کرد. کۆرینتی‌یەکان یەک گەمی جەنگی و یەک پێندی‌کۆندۆرۆیان (گەمی پەنجا بێڵژەن) هێنابوو. هەردوو هۆزی ستیری و کۆرینتی بەڕەگەز دەچنەوە سەر دری‌ئۆپی‌یەکان. سێریفی‌یەکان، ئەوانیش بۆ ئەو شوێنە هاتبوون. سیفینی و میلی‌یەکان، ئەو دوو هۆزە لەنێو دوورگەنشینیاندا خۆڕاگر بوون و نە ئاو و نە خاکیان پێشکەش بە بەربەرەکان نەکرد.

**[٤٧]** گشت ئەو گەلانەی لە هەرێمی تێسپرۆتۆن ولێوار رووباری ئاخێرۆندۆس دەژیان، بەشداریان لەو لەشکرکێشییەدا کرد. تێسپرۆتۆنی‌یەکان دراوسێی ئابراکیۆتی‌یەکان و لێڤکادیتی‌یەکان بوون و لە ناوچەکانی دوور دەستەوە هاتبوون و بەشدارییان لەو هاوپەیمانییەدا کردبوو. لەو هۆزانەی کە زۆر دوورتر بوون و لەو کاتەدا کە وڵاتی یۆنان کەوتبووە بەرمەترسی و

گەرەکیان بوو یارمەتی بۆ پاراستنی بدەن، کرۆتۆنی‌یەکان بوون کە بە گەمییەکەوە بەشداریان کردبوو. فەرماندەی ئەو گەمییە کەسێک بوو بەناوی فائیلۆس. فائیلۆس سی جار لە کێبەرکێکانی وەرزیشی پیتیکۆدا خەڵاتی وەرگرتبوو. کرۆتۆنی‌یەکان بەڕەگەز ئاخایی بوون.

**[٤٨]** هۆزەکانی‌تر گشتیان بە گەمی تری‌ئیری لەو بەرگرییەی یۆنانییەکاندا بەشدار بوون، بەڵام میلیۆسی، سیفنی، سێریخی، ئەوانە گەمی پێندی‌کۆندۆریان هێنابوو. میلی‌یەکان کە بە رەگەز لاکێدیمۆنی‌ین، دوو گەمییان پێبوو. سیفنی و سێریخی لە ئەسڵدا یوونی و خەڵکی ئاتێنن و هەرکامیان بە گەمییەک بەشدار ببوو. سەرجەم ئەو گەمییانە، ئەگەر پێندی‌کۆندۆریەکانی لی‌دەرهاوێژین، ژمارەیان دەگەیشتە سێسەد و حەفتا و هەشت.

**[٤٩]** کاتێک سەرکردەکانی لەشکریی ئەو شارانە گەیشتنە سالامینا، کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا. ئێڤریڤیادیس داوای لێکردن کە هەرکەس لەوانە، لەکاتی ئاخاوتندا پێشنیارێک بێنێتە گۆڕێ کە کام ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان بۆ بەربەرەکانی دەریایی باشترە. هەڵبەت ناوچەی ئەتیکی‌یان چۆڵکردبوو و مەبەستیان شوێنەکانی‌تر بوو. زۆربەی سەرکردەکان لەو باوەڕەدا بوون بەرەو ناوچەی ئیستمۆ بچن و لە قەراخ ئاوەکانی دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس ئەو شەڕە بکەن و هۆی بەهێزبوونی پێشنیارەکەش لەوەدا بوو: ئەگەر لە سالامینا شکست بخۆن، هێزەکانی دوژمنی نیشتەجێ لەو دوورگەیە، دەتوانن ئەوان گەمارۆ بدەن و نەهێڵن یارمەتییان پێبگا، بەڵام ئەگەر لە ئیستمۆ تووشی شکست بێن، رێگایان هەیە پەنا بۆ هێزەکانی‌تری خۆیان بەرن.

**[٥٠]** ئەوە بۆچوونی سەرکردەکانی لەشکری هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس بوو، راست لەو وەختەدا، کەسێکی ئاتێنی گەیشتەجێ و رایگەیاند بەربەرەکان پەلاماری هەرێمی ئەتیکی‌یان داوە و وێرانیان کردوە. هەواڵێکی راست بوو، لەشکری کسێرکیس بەرەو هەرێمی ڤیۆتیا چووبوو و ئاگری لە شاری تێسپی‌یەکان بەردابوو. دانیشتووانی ئەو شارە پەنایان بۆ دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس بردبوو. کسێرکیس هەروەها گەیشتبووە ناوچەی پلاتی‌ییەکان

و پاش وێرانکردنی ئەوێ رووی لە شاری ئاتێن کردبوو و هەرچی وەبەر چاوی هاتبوو خاپووری کردبوو. بەکورتی، ناوبراو وەک گووتم ناوچەی پلاتێییەکان و تێسپییەکانی بەتەواوی وێرانکرد. کسێرکیس خەبەریشی پێگەیشتبوو کە ئەو دوو هۆزە ئیتاعەتی خۆیان بە میدیاکان رانەگەیاندبوو.

**[٥١]** لەو کاتەوە کە بەربەرەکان هاتنە ئێلیسپۆندۆس و لەوێرا پێشرەوییان دەسپێکرد و ماوەی مانگێکی خایاند تا لە بەشی ئاسیاوە دەربازی ئوروپا بن، راست سێ مانگیتری تێچوو تا بگەنە هەرێمی ئەتیکی. ئەو سەردەمە حوکمڕانی ئاتێن کالیادیس بوو. هێزەکانی بەربەر کاتێک هاتنە نێو شاری ئاتێن، کەسی لێنەمابوو و تەواو چۆل ببوو. تەنیا ژمارەیەکی کەم خەڵکی خزمەتکاری پەرستگەکان و کۆمەڵێک هەژار و نەداری شار مابوونەوە و دیوارێکیان لەدەوری ئاکرۆپۆلیس بە تەختەدار دروست کردبوو. ئەوان بەو شێوەیە ویستبوویان خۆیان لەهەمبەر ئەو هێرشە بپارێزن. ئەوانەی مابوونەوە، پەنایان بۆ دەڤەری سالامینا نەبردبوو، چونکە گشتیان فەقیر و هەژار بوون و پتریش باوەڕیان بەو پێشگۆییە کردبوو کە پیتیا گوتبووی دیواری تەختە و چێو داگیر ناکرێ و ئەو شوێنە پارێزراوتر و ئەمنتر لە گەمییەکانە.

**[٥٢]** پارسەکان لەسەر تەپۆڵکەیەکی روبەڕووی ئاکرۆپۆلیس دامەزران. ئاتێنییەکان ئەو تەپۆڵکەیە بەناوی ئاریۆپاغۆس دەناسن. ئاریۆپاغۆس بەو شێوەیە گەمارۆدرا: پارسەکان پەڕۆیان لە سەری تیرەکانیان دەهاڵاند و ئاگریان تێبەردەدا و دەیانهاویشتە سەر دیوارەکان. ئاتێنییە گەمارۆدراوەکان خۆیان لەو ئاگربارانە دەپاراست، هەرچەند سەر دیوارەکانی حەساری دەوریان لەژێر ئاگردا بوو. ئەوان پێشنیاری پیسیستراتییەکانیان لەمەر رێکەوتن و خۆبەدەستەوەدان قبوڵنەکرد و پتر روویان لە بەربەرەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر کرد. هەرچەند جارێ پارسەکان نیزیکی دیواری شار دەکەوتنەوە کۆمەڵێک بەردیان بەسەردا دەباری. کسێرکیس بۆ ماوەیەکی زۆر دەستەوەستان مابوو و نەیدەزانی چۆن ئەو خەڵکە شکستبدا.

**[٥٣]** له كۆتاییدا بەربەرەكان ڕێگایەكیان دۆزییەوە كە كەس پێیدا دەرباز نەببوو. دەبوایە پێشگۆییەكە وەڕاست بگەڕێ، واتە تەواوی خاكی ئەتیكی بكەوێتە دەست بەربەرەكان. لەبەردەم ئاكرۆپۆلیس، بەڵام لە پشت دەروازەكان و لەسەر پێلەكانەكانی بەرەو ژوور، لە شوێنێك كە هیچ پاسەوانێكی لێنەبوو و كەس پێیوانەبوو ئینسان دەتوانێ بەوێدا هەڵگەڕێ، كۆمەڵێك لە سەربازانی بەربەر وەسەركەوتن و خۆیان گەیاندە پەرستگەی ئاغلاڤرۆس، كچی كێكرۆپۆس، هەرچەند شوێنەكە تەواو شاراوە بوو.

ئاتێنییەكان وەختێك چاویان بەو بەربەرانە لەنێو ئاكرۆپۆلیس كەوت، هێندێكیان لەسەر دیوارەكانڕا خۆیان فڕێداخوارەوە و كوژران و ژمارەیەكیش پەنایان بۆ نێو مەعبەدەكان برد. پارسەكان، ئەوانەی وەسەر دیوارەكان كەوتبوون، بەرەو دەروازەكان چوون و گشتیان كردنەوە و جەماوەرێك لە خزمەتكارانی پەرستگەكانیان كوشت. پاش ئەو خەڵك كوشتنە، ئەوجار دەستیان بە تاڵان و ئاگرتێبەردانی پەرستگەكان كرد.

**[٥٤]** كسێركیس دوای ئەوەی شاری ئاتێنی بەتەواوی داگیركرد، سواركارێكی ناردە لای ئارتاڤانۆس لە شاری شووش و هەواڵی سەركەوتنەكەی خۆی بۆ ئەو نارد. ڕۆژی دوایی، كسێركیس فەرمانی دەسەر ئەو كۆمەڵە ئاتێنییە راكردوە كرد كە لەگەڵی بوون، تا وەسەر تەپۆڵكەیەكی ئاكرۆپۆلیس بكەون و بە نەریتی خۆیان قوربانی پێشكەش بە خواكانیان بكەن. وێدەچێ كە ناوبراو بۆیە ئەو حوكمەی كرد، چونكە خەونی دیتبوو یا ڕەنگە لەمەر ئاگرتێبەردانی پەرستگەكان پەژیوان بووبێتەوە. ئاتێنییەكان فەرمانی ناوبراویان خێرا بەجێگەیاند.

**[٥٦]** یۆنانییەكانی سالامینا وەختێك خەبەری داگیركرانی ئاكرۆپۆلیسی ئاتێنیان پێگەیی، تووشی هەڵبەزینەوەیەكی بەهێز هاتن. ژمارەیەك لە سەركردەكانی یۆنانی لەسەر ئەوە ڕانەوەستان كۆبوونەوەكەیان تەواوبێ، خێرا بەرەو گەمییەكانیان رایانكرد و بایەوانەكانیان كردەوە و ئامادەی پەلامار بوون.

ئەو سەرکردانەی مابوونەوە، بڕیاریاندا بەرەو ئیستمۆ بڕۆن. شەو داهات و بەشدارانی کۆبوونەوە بڵاوەیان کرد و هەرکەسە بەرەو گەمی خۆی ڕۆیی.

**[٥٧]** کاتێک تیمیستۆکلیس گەڕاوە نێو گەمییەکەی خۆی، کابرایەکی ئاتێنی لێپرسی کە لەسەر چ بڕیارێک ساغ بوونەوە. کابرا کاتێک وڵامی وەرگرتەوە کە کەشتیگەلی قەرارە بچێتە ئاوەکانی ئیستمۆ و لە نیزیک پێلۆپۆنیسۆس شەڕی دەریایی بکا، خێرا گووتی: "ئەگەر ناوگان لە سالامینا ڕاگوێزرێ، ئیتر تۆ هیچ وڵاتێکت نییە کە شەڕی بۆ بکەی. جەماوەرەکە، هەرکەسە دەگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و تەنانەت ئێڤریڤیادیس، نە ئەو و نە هیچکەسیتر ناتوانێ پێش بە فیرار و بڵاوەکردنی جەنگاوەران بگرێ. ئەوانە ئەگەر بڕۆنەوە، ئیتر وڵاتێک بەناوی یۆنان بوونی نابێ و من پێموایە بڕیارێکی هەڵەتان داوە. ئەگەر هیچ ڕێگەو دەرفەتێک هەیە، خێرا سەرکردەکان ڕازی بکە هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن و لێرە بمێننەوە ".

**[٥٨]** تیمیستۆکلیس ئەو ئامۆژگارییەی بە دروست زانی. هیچ وڵامێکی نەداوە و خێرا بەرەو گەمی ئێڤریڤیادیس چوو. کاتێک گەیشتە ئەوێ، داوای کرد کە لەگەڵ ناوبراو لەسەر بابەتێکی هاوبەش بدوێ. ئێڤریڤیادیس داوای لە تیمیستۆکلیس کرد بێتە نێو گەمییەکە و قسەی خۆی بکا. تیمیستۆکلیس لە تەنیشت ئەو دانیشت و ئامۆژگاری کابرای ئاتێنی، واتە منیسیفیلۆسی وەک قسەی دڵی خۆی بە ئێڤریڤیادیس گووت. هەڵبەت کۆڵێک بابەتیتری پێوە زیادکرد تا ئەو جێگایەی ئێڤریڤیادیسی ڕازیکرد لە گەمییەکەی دەرکەوێ و سەرکردەکانیتریش بۆ کۆبوونەوە و ڕاوێژ بانگهێشت بکا.

**[٥٩]** کاتێک سەرکردەکان کۆبوونەوە، بەرلەوەی ئێڤریڤیادیس مەبەستی ئەو بانگهێشتە ڕابگەیێنێ، تیمیستۆکلیس کۆڵێکی قسەکرد و هەوڵیدا گشتیان ڕازیبکا. لە کاتی ئاخاوتنیدا، سەرکردەی کۆرینتی بەناوی ئادیماندۆس کوڕی ئۆکیتۆس بە ناوبراوی گووت: "تیمیستۆکلیس! لە بەربەرەکانی و خەباتدا، ئەوانەی بەشدارن، ئەگەر بەر لە وەختی دیاریکراو حەرەکەت بکەن، لێدانیان

ویدەکەویٚ ". تێمیستۆکلیس لە وڵامی ئەو قسەیەدا گووتی: "هەڵبەت ئەوانەش کە وەدرەنگی دەکەون، خەڵاتیان پێنابەخشریٚ ".

**[٦٠]** تێمیستۆکلیس ئەو وڵامە نەرمەی بە سەرکردەی کۆرینتی داوە. دیارە ئەو قسانەی منیسیفیلۆس پێیگوتبوو راستەوخۆ بە ئێڤریڤیادیس نەگووت، واتە ئەگەر لە سالامینا برۆن هێزەکان تووشی پەرشوبڵاوی دەبن. تێمیستۆکلیس نەیدەویست جاریٚ هێزەکانی هاوپەیمان کە لە مەیداندا بوون بە هیچ شێوەیەک بورووژێنیٚ. ئەو گرفتەکەی بە چەشنێکیتر هێنایە بەرباس و بە ئێڤریڤیادیسی گووت: "رزگاری یۆنان بەدەست تۆیە، ئەگەر باوەڕت بە قسەکانی من هەبیٚ و شەڕی دەریایی لێرە بکەی و جوابی ئەو کەسانە نەدەیەوە کە دەخوازن تەواوی کەشتیگەلی بەرەو ئیستمۆ بەرن. گوێم لێبگرە و باشی هەڵسەنگێنە و بەقسەم بکە. تۆ ئەگەر لە ئیستمۆ شەڕ بکەی، دەکەوییە دەڤەرێکی ئاویی کراوە و بەرئاوەڵا و ئەوەش بە قازانجمان نییە و بە ژمارەیەکی کەمی گەمییەکانمانەوە دەکەوێنە بەر زەخت و گوشارێکی فرە. هەروەها ناوچەکانی سالامینا و مێغارا و ئێیینا لەدەست دەدەین، تەنانەت ئەگەر وەزعیشمان لە شوێنێکیتر باشتربێت. جیا لەوەش، هێزی پیادە نیزامی دوژمن لەگەڵ کەشتیگەلی دەریایی ئەوان پێکەوەن و تۆ بەو کارەت ئەوانیشت بەرەو پێلۆپۆنیسۆس راکێشاوە و بەرهەمەکەی ئەوەیە کە سەرتاسەری خاکی یۆنان لە مەترسی دەکەویٚ. بەڵام ئەگەر بە قسەی من بکەی، ئەوکاتە گەلێک باری ئەمنی کێشەکەت وەبەرچاو گرتووە. بەباوەڕی من شەڕی دەریایی لەنێو دەریای بەرتەنگ، بە ژمارەیەکی کەمی گەمی دژی دوژمن، بەپێی یاساکانی جەنگ، سەرکەوتن بۆ ئێمە مسۆگەر دەکا. شەڕ لە شوێنی بەرتەنگ بە قازانجی ئێمەیە و شەڕی دەریای ئازاد بە قازانجی دوژمنە، چونکە خاوەن گەمی زۆر و کەشتیگەلی بەهێزە. هەروەها بە مانەوەمان لێرە، ناوچەی سالامینا دەپارێزین کە تەواوی ژن و مناڵ و خەڵکەکەمان لێیکۆبووەتەوە. بیر لەوەش بکەوە کە بەلای تۆوە لە هەر شتێک گرینگترە. بە شەڕکردن لێرە تەواوی ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس دەپارێزی، وەک

چۆن گەرەکت بوو بگوێزییەوە دەڤەری ئیستمۆ. من دەڵێم بەو بڕیارە دروستە ڕێگەنادەی ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس بکەوێتە دەست دوژمن. لەو باوەڕەدام ئەگەر لێرە بەو ژمارە کەمە لە گەمییەکانمان بەسەر دوژمندا زاڵبین، بەربەرەکان ئیتر روو لە ئیستمۆ ناکەن و تەنانەت بۆ ناوچەکانیتری ئەتیکیش ناچن. دوژمن پاشەکشە دەکا و ئەوەش خواستی ئێمەیە، چونکە دەتوانین ناوچەکانی مێغارا، ئیینا و سالامینامان بەدەستەوە بێ و هەروەک لە پێشگۆییەکەدا هاتووە، بەو شێوەیە دوژمن شکست دەدەین. لەبیرت نەچێ، ئەو کەسانە سەردەکەون کە بڕیاری بەجێ دەدەن. بەڵام ئەوانەی بەوردی بیر لە گرفتەکان ناکەنەوە، خواوەندیش یارمەتییان نادا ".

**[٦١]** کاتێک تێمیستۆکلیس قسەکانی تەواو بوو، سەرکردەی کۆرینتی بەناوی ئادیماندۆس دەستی بە ئاخاوتن کرد و بە ناوبراوی گووت کە بێدەنگ بێ باشترە، چونکە هیچ وڵاتێکی بەدەستەوە نەماوە و ئێستا بەو قسانەی دەخوازێ ئێڤریڤیادیس رازیبکا پێشنیاری کەسێکی دۆڕاو بخاتە دەنگدانەوە. ئەو هەروەها گووتی کە تێمیستۆکلیس بەرلەوەی دەست بە ئاخاوتن بکا دەبوایە رابگەیێنێ کە نوێنەرایەتی کام شار دەکا. ئادیماندۆس بۆیە ئەو قسانەی کرد، چونکە شاری ئاتێن بەدەست پارسەکانەوە داگیرکرابوو. تێمیستۆکلیس لە وڵامی ئەو قسانەی سەرکردەی کۆرینتیدا بە توڕەییەوە گووتی کە ئاتێنییەکان خاوەن خاک و شاری گەورەتر لە کۆرینتییەکانن و هەربۆیەش بە دووسەد گەمی شەڕکەرەوە لەو هاوپەیمانییەدا بەشدارن و هیچکام لە هەرێمەکانیتری یۆنانی بەقەرا ئەوان هێزیان نەهێناوە.

**[٦٢]** دوای ئەوەی ناوبراو قسەکانی تەواو بوو، ئەوجار رووی لە ئێڤریڤیادیس کرد و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوون پێیگووت: "تۆ! ئەگەر لێرە بمێنییەوە وەک پیاوێکی جوامێر هەڵسوکەوتت لەتەک دەکرێ، ئەگەر نا، ئیتر وڵاتی یۆنانت وێران کردوە، چونکە چارەنووسی ئەو شەڕە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە گەمییەکانی ئێمە. بە قسەم بکە، ئەگەر ناخوازی بمێنییەوە،

ئێمە ژن و منداڵمان هەڵدەگرین و یەکسەر بەرەو شاری سیری لە ئیتالیا دەچین. ئەو ناوچەیە لە قەدیمەوە ملکی ئێمە بووە و پێشگۆییەکیش لەو پێوەندییەدا هەیە کە دەڵێ لە سەرمان فەرزە ئاوابییەکی نوێ لەوێ دروست بکەین. ئەو کاتە ئیتر خۆتان و هاوپەیمانەکانتان تەنیا دەمێننەوە و ئەو وەختە قسەکانی منتان وەبیر دێتەوە ".

**[٦٣]** ئێڤریڤیادیس بە قسەکانی تێمیستۆکلیس قەناعەتی هێنا. بەباوەڕی من ئێڤریڤیادیس بۆیە رازی بوو، چونکە لەوە دەترسا ئەگەر بەرەو ئیستمۆ بچێ، رەنگە ئاتێنییەکان بەجێیهێڵن. هەڵبەت بە قەومانی رووداوێکی ئەوتۆ، هێزەکانیتر دەرەقەتی ئەو شەڕە نەدەهاتن. هەربۆیە ئاوای بە مەسڵەحەت زانی لە سالامینا بمێنێتەوە و شەڕی دەریایی لەوێ بکا.

**[٦٤]** بەو شێوەیە، یۆنانییەکانی سالامینا دوای دەمەقاڵێیەکی فرە و بڕیاری کۆتایی ئێڤریڤیادیس، خۆیان بۆ شەڕی دەریایی ئامادەکرد. سپێدەی بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات، بومەلەرزەیەک عەرز و دەریای هەژاند. دوای ئەو بومەلەرزەیە، یۆنانییەکان بڕیاریان‌دا لەبەر خواکان بپاڕێنەوە و داوای پشتیوانی لە ئێئاکییەکان لەو هاوپەیمانییە بکەن. ئەوە بۆچوون و بڕیاری ئەوان بوو. خێرا لەبەر خواکان پاڕانەوە و داوایان لە خواکان ئێئاندا و تێلامۆنا کرد یارمەتییان بدەن و لەجێوە گەمییەکیان ناردە ناوچەی ئێیینا بۆوەی پەیکەرە پیرۆزەکانی ئێئاکی و باقی کەسایەتییە موقەددەسەکان بێنێتە سالامینا.

**[٦٥]** دیکێئۆس کوڕی تێئۆکیدی، راکردووی ئاتێنی جێگای خۆی لەنێو میدیاکاندا خۆش‌کردبوو. ناوبراو باسی بارودۆخی ئەو سەردەمە، بەوجۆرە دەکا: لە کاتێکدا خاکی ئەتیکی بەدەست هێزەکانی پیادەی کسێرکیس وێران‌دەبوو و هیچکەسی ئاتێنی لەوێ نەمابوو، ئەو لەگەڵ دیماراتۆسی لاکێدێمۆنی لە دەشتی تریاسیۆ بووە و بەچاوی خۆی دیتوویەتی کە گەردەلوولێک لەلای ئێلێفسیناوە هاتووە و وەک ئەوە چووە کە سی هەزار شەڕکەر بەڕێوەبن. ئەو و دیماراتۆس سەریان لەو گەردەلوولە سوڕماوە و بۆیان بووەتە پرسیار کە چ کەسانێک توانیویانە ئەو گەردەلوولە سازکەن.

لەپڕێکا گوێیان لە هاوارێک بووە و دیکێئۆس پێیوابووە کە سروودی خوای نهێنی یانکخۆ (ڤانکخۆس)ە. دیماراتۆس هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە نەریتە پیرۆزەکانی دەڤەری ئێلێفسینا نەبووە و بۆیە لە دیکێئۆسی پرسیوە کە ئەو دەنگە چییە ئاوا لە گوێیدا دەزرینگێتەوە. دیکێئۆس لە وەڵامدا گوتوویەتی: "دیماراتۆس! لەشکری پاشا تووشی کارەسات دەبێ و ناتوانێ لەدەست ئەو نەهامەتییە رابکا. چونکە هەرێمی ئەتیکی وێرانکراوە و ئەو دەنگە لەلایەن خواکانەوە دێت کە یارمەتی ئاتێنییەکان دەدەن. ئەگەر پاشا بەرەو پێلۆپۆنیسۆس بچێ، ئەوکاتە هەم خۆی و هەم لەشکرەکەی لە مەترسی دەکەون. ئەگەریش بیهەوێ پەلاماری گەمییەکانی یۆنانی لە ناوچەی سالامینا بدا، ئەوکاتە ئیتر پاشا و کەشتیگەلیەکەی تێدادەچن. ئاتێنییەکان گشت ساڵێک ئەو جێژنە دەگرن و رێز بۆ میتێرا (دایک) و کۆری (کچ) دادەنێن.[1] ئاتێنی و یۆنانییەکانیتر لەکاتی قەومانی رووداوێکی ئەوتۆدا، ئەو سرووودە دەچرن ". دیماراتۆس ئەوجار گووتی: "بێدەنگ بە! ئەو شتانەی ئێستا بە منت گووت، لای هیچکەسیتر باسی نەکەی، چونکە ئەگەر ئەو زانیارییە بگاتە لای پاشا، سەرت لێدەدرێ و ئەو کاتە نە من و نە هیچکەسیتر ناتوانێ نەجاتت بدا. بێدەنگ دانیشە و لەمەر لەشکرکێشی، لێگەڕێ با خواکان خۆیان بیپارێزن ". ئەوە ئامۆژگاری دیماراتۆس بوو. لەو گەردەلوول و دەنگە بەسامە هەورێک پێکهات و پەرەیگرت و بەرەو دەڤەری سالامینا راکشا و ئاسمانی ئۆردوگای یۆنانییەکانی داپۆشی. یۆنانییەکان دڵنیابوون کە ناوگانی دەریایی کسێرکیس ئیتر تێدادەچێ و بەتەواوی وێران دەبێ. ئەوە قسەی دیکێئۆسی کوڕی تێئۆکیدی بوو کە دیماراتۆس و کەسانیتری بەشاهید دەگرت.

**[٦٦]** ناوگانی کسێرکیس پاش شەڕ و کوشتاری لاکێدێمۆنییەکان، بە ناوچەی تراخینادا دەربازبوو و گەیشتە ئیستیێئۆس و سێ رۆژ لەوێ ماوە و سێ رۆژیتریش بە ئاوەکانی ئێڤریپۆسدا رۆیی و خۆی گەیاندە فالیرۆس. من لەو باوەڕەدام کاتێک ئەو پەلامارە بۆ سەر ئاتێن دەستیپێکرد، ژمارەی هێزی

---

١- دیمیترا و پێرسێفۆنی.

دەریایی و پیادەی پارسەکان لەو رادەیە کەمتر نەبوو کە پێشتر هێرشیان کردبووە سەر سیپیادا و تێرمۆپیلێس. لەجێگای ئەو هێزانەی بەهۆی تۆفان تێداچووبوون و لە شەڕەکانی تێرمۆپیلێس و ئارتێمیسیۆس کوژرابوون، دەکرێ ئەو هۆزانە حیساب بکەم کە تا ئەو کاتە ئیتاعەتی خۆیان رانەگەیاندبوو، بەڵام لەو دواییەدا رەگەڵ کسێرکیس کەوتبوون. ئەو هۆزانە بریتی بوون لە: مالی، دووری، لۆکری و ڤیئۆتی، کاریستی، ئاندریۆسی، تینی و گشت دانیشتووانی دورگەکان. جیا لە تیسپی و پلاتیییەکان، هەرکام لەوانە، جیا لە پێنج شار کە پێشتر ناوم هێنابوون، هەموویان خاوەن لەشکر بوون.

**[٦٧]** وەختێک تەواوی ئەو هێزانە گەیشتنە ئاتێن (جیا لە پاریۆسییەکان کە لە کیتنۆ مانەوە و پێیانوابوو شەڕ بەرەو تەواوبوون دەچێ)، کۆمەڵێک هێزیتریش بەرەو فالیرۆس چوون و کسێرکیس لەوێ سەردانی کەشتیگەلی دەریایی کرد. ناوبراو گەرەکی بوو لە نیزیکەوە جەنگاوەرانی خۆی ببینێ و لە باری رووحی ئەوانەوە دڵنیابێ. کاتێک گەیشتە لایان، دانیشت و چاوی بە ژمارەیەک لە حوکمڕانی شار و میللەتە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵێک کاپیتانی گەمییەکان و سەرکردەکانی لەشکری کەوت. ئەوانە بۆ ئەو دیدارە بانگهێشت کرابوون. میوانەکان بەپێی پلە و پایەیەک دانیشتبوون کە پاشا پێی بەخشیبوون. لە پێشەوەی هەمووان، پاشای سیدۆنی، ئەوجار پاشای تیرۆس و دواتر ئەوانی دیکە جێیانگرتبوو. کاتێک گشت لایەک دانیشتن، کسێرکیس ماردۆنیۆسی نارد کە لێیان بپرسێ ئاخۆ رازی بە شەڕی دەریایی هەن یان نا؟

**[٦٨]** ماردۆنیۆس بەسەر بەشداراندا دەگەڕا و بەر لە هەرکەسێک لە پاشای سیدۆنی پرسی. هەموویان رازی بەو شەڕە دەریاییە بوون. تەنیا حوکمڕانی ئارتێمیسیۆس گووتی: "ماردۆنیۆس! بە پاشا بڵێ کە بۆچوونی من تەواوێک گرینگە، چونکە من پیاوەتی و غیرەتی خۆم لە شەڕەکانی ئێڤڤیاس نواندوە و شاکارم کردوە. پێی بڵێ را و بۆچوونی من وەبەرچاو بگرێ، چونکە قازانجی ئەوی تێدایە. ئەوە بۆچوونی منە و لە زمان منەوە بڵێ: پاشا گەمییەکانت لە مەترسی مەخە و خۆت تووشی شەڕی دەریایی مەکە. یۆنانییەکان لە شەڕی

دەریاییدا توانایی و شارەزاییان لە هێزەکانی تۆ پترە، راست وەک ئەوە دەچێ کە ژن لە هەمبەر پیاودا راوەستێ. چ هەستێک تۆ هاندەدا شەڕی دەریایی هەڵبژێری و خۆت لە مەترسی هاوێی. مەگەر شاری ئاتێنت داگیرنەکردوە، مەگەر بۆخاتری ئەو شارە لەشکرکێشیت نەکرد. ئێستا هیچ بەربەستێک لەسەر ریگای تۆدا نەماوە. ئەوانەی دژبەری تۆ بوون و خۆڕاگریان نواند، بە سزای تاوانەکانیان گەیشتن. ئێستا پێتدەڵێم کە بارودۆخەکە گۆڕاوە و بەرەبەرە بە قازانجی دوژمنەکانت تەواو دەبێ. ئەگەر هەنووکە لە شەڕی دەریاییدا پەلە نەکەی و کەشتیگەلەکەت لێرە راگری و راینەگوێزی و لەنگەر بگرێ، جا چ لە حاڵی ئامادەباشی تەواودا بێ یا دواتر بەرەو پێلۆپۆنیسۆس بڕاو، دڵنیام زۆر بە هاسانی بە ئامانجی کۆتایی دەگەی. یۆنانییەکان ماوەیەکی زۆر خۆناگرن و بەزوویی بڵاوەیان پێدەکەی و هەرکەسە روو لە وڵاتی خۆی دەکاتەوە. بەپێی زانیارییەکانم، ئەوان خاوەن کەلوپەل و ئامادەکاریەکی ئەوتۆ نین، من ئەوەش بە بەرژەوەندی نازانم کە هێزی پیادە بنێرییە شەڕی دژی پێلۆپۆنیسی‌یەکان. ئەوانەی خەڵکی ئەو هەرێمەن و لەنێو لەشکری تۆ دان، باشترە لێرە بمێننەوە، چونکە بەڕاستی مەیلی شەڕی دەریاییان دژی ئاتێنی‌یەکان نییە. ئەگەر پێداگری لەسەر ئەو شەڕە دەریاییە دەکەی، من لەوە نیگەرانم کە کەشتیگەلەکەت تێدابچێ و ئەوەش بۆ تۆ خێر ناداتەوە. پاشا! پێویستە بیر لە شتێکی‌تریش بکەیەوە، کۆیلەی مرۆڤە خەراپەکان، هەمیشە پیاوی چاکن. تۆ کە باشترین مرۆڤی، خاوەن کۆیلەی خەراپی و پێیان دەگووترێ هاوپەیمان، وەک میسری، قیبریسی، کیلیکی و پامفیلی کە بەڕاستی چ جارێک بۆوەی نابن پشتیان پێ‌ببەستی ".

**[٦٩]** کاتێک ئەو قسانەی بە ماردۆنیۆس دەگووت، ئەوانەی دۆستی کابرای ئارتێمیسیۆیی بوون، گەلێک نیگەرانی پەیڤەکانی ئەو بوون و لەوە دەترسان پاشا قەڵس و ناراحەت بێ، چونکە بۆچوونێکی دژی شەڕی دەریایی هێنابووە گۆڕی. ئەو کەسانەش کە دژی کابرا بوون و حەزیان لە چارەی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی خاوەن ریز و حورمەتێکی فرە لەنێو گشت هاوپەیماناندا بوو، بەو بۆچوونەی گەلێک شاد بوون و پێیانوابوو

ئیتر مەرگی بۆخۆی مسۆگەر کردوە. کاتێک بیر و بۆچوونی جیاواز بۆ کسێرکیس باسکران، پاشا کۆڵێک ڕێزی لە هەڵوێستی کابرای ئارتێمیسیۆیی گرت. پاشا بۆچوونەکەی بەلاوە گرینگ بوو، بەڵام وەبەرچاوی نەگرت. لەهەرحاڵدا بڕیاری زۆرینە ئەوە بوو شەڕی دەریایی بکرێ. پاشا خۆیشی پێیوابوو جاری پێشوو لە شەڕی ئێڤڤیاسدا لەوێ نەبووە، بۆیە تووشی شکست هاتوون، بەڵام ئێستا خۆی ئامادە کردوە و دەخوازێ چاوەدێری ئەو شەڕە بکا.

**[٧٠]** کاتێک فەرمانی پێوەندیدار درا، خێرا کەشتیگەلی وەڕێکەوت و پەلاماری بۆ سەر ناوچەی سالامینا دەست پێکرد. گەمییەکان بەبێ هیچ گیروگرفتێک، بەڕیز جێیانگرت. ئەوکاتە پێڕانەگەیشتن شەڕ دەست پێبکەن، چونکە ڕۆژ ئاوا دەبوو و شەویان بەسەردا دەهات و بۆیە خۆیان بۆ ڕۆژی دواتر ئامادەکرد. ترس یۆنانی‌یەکانی داگرت و پەشێوی ڕووی تێکردن و پێلۆپۆنیسی‌یەکان زیادتر لە هەمووان  تووشی ترس هاتبوون. ئەوانە بۆیە ئاوا نیگەران بوون، چونکە لە سالامینا کۆببوونەوە و دەبوایە شەڕ بۆ خاکی ئاتێنی‌یەکان بکەن و ئەگەر پارسەکان بەسەریاندا زاڵببان، دەکەوتنە گەمارۆی تەواو لە نێو ئاوەکانی سالامینادا و ئیتر وڵاتەکەیان بێخاوەن دەمایەوە.

**[٧١]** ئەو شەوە، هێزی پیادەی بەربەرەکان بەرەو هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس وەڕێکەوت. یۆنانییەکان گشت توانایی خۆیان دەکارکردبوو بۆوەی پێش بە هێرشی بەربەرەکان بگرن بۆوەی نەتوانن خاکی پێلۆپۆنیسۆس داگیربکا. دانیشتووانی پێلۆپۆنیسی کاتێک خەبەری مەرگی لیئۆنیداس و لەشکری ژێر فەرمانی ئەویان پێگەیی کە لە ناوچەی تێرمۆپیلێس کوژران، گشت شارەکانی خۆیان بەجێهێشت و لە ئیستمۆ کۆبوونەوە. سەرکردەی ئەوانە کلیئۆمڤرۆتۆس کوڕی ئەناکساندریدیس و برای لیئۆنیداس بوو. سەرەتا ڕێگای سکیرۆنیدایان[١] بەست، پاشان دەستیان بە دروست کردنی دیواری ئیستمۆ کرد. ژمارەی ئەو خەڵکە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدا و هەرهەموویان تێکڕا کاریان دەکرد و

---

١- ئەمڕۆ پێیدەگووترێ کاکیسکالا. ئەوە ناوەشی لە دزێکی بەناوبانگەوە بەسەردا بڕاوە.

کاری بیناسازی دیوار بەخێرایی دەچووەپێشوە. بەرد و خشت و داریان دەهێنا و بە سەوەتەی حەسیر دەیانگواستنەوە و بۆ تاکە چرکەیەکیش رانەدەوەستان و شەو و رۆژ بێ پشوودان مژوڵبوون.

**[٧٢]** یۆنانییەکانی خاوەن هێزی لەشکری کە چوونە ئەو شوێنە، بریتی بوون لە: لاکێدیمۆنی و ئارکادی بەپانەوە، ئیللی، کۆرینتی، سکیئۆنی، ئێپیداڤری، فلیاسی، تریزینی و ئێرمیۆنی. ئەوانە کۆمەڵە خەڵکانێک بوون کە لەو کاتە هەستیارەدا شەریان بۆ رزگاری یۆنان دەکرد. باقی دانیشتووانی پێلۆپۆنیسی خۆیان دورەپەرێز راگرتبوو، هەرچەند کێبەرکێیەکانی ئۆلیمپیک و کارنیا کۆتاییان پێهاتبوو.

**[٧٣]** لە هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس حەوت نەتەوە دەژین. دوو نەتەوە لەنێویاندا، ئارکادی و کینوری، هەرلە قەدیمەوە نیشتەجێی ئەو شوێنە بوونە. یەکێکیتر لەو نەتەوانە، واتە ئاخاییەکان تەنیا لە هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس جێگۆرکێیان کردوە. چوار نەتەوەیتر لەو حەوت نەتەوانە لە دەرەوەی پێلۆپۆنیسۆسەوە هاتوون و بریتین لە دووری، ئێتوولی، دریئۆپی و لیمنۆسی. دووریەکان خاوەن کۆمەڵێک شاری گەورە و بەرەواجن. ئێتوولییەکان خاوەن شاری ئیلیدا و دریئۆپییەکان خاوەنی ئێرمیۆنی و ئاسینیین کە لە نیزیک کاردامیلی سەر بە هەرێمی لاکۆنیکی هەڵکەوتووە. لیمنۆسییەکان لە سەرتاسەری خاکی دەڤەری پارۆریئاتۆ نیشتەجێن. کینووریيە دەرکراوەکان لە خاکی باب و باپیرانی خۆیان، تەنیا هۆزێکی یوونین و بەتێپەرینی زەمان لە کەمییانداوە و تواونەوە، چونکە لەژێر دەسەڵاتی ئارغیۆسییەکاندا بوونەتە دووری. ئەو ئاڵوگۆرە لە سەردەمێکدا قەوما کە ئەوانە ناسراو بە ئۆرنێئاتی و دراوسێی دووریەکان بوون.

شارەکانی دیکەی ئەو حەوت نەتەوانە کە باسم نەکردون، بێلایەنی خۆیان لەو شەرەدا راگەیاندبوو. هەڵبەت ئەگەر پیاو راستییەکەی بڵێ، هەرچەند دەیانگووت بێلایەنن، بەلام یارمەتی دوژمنیان دەدا.

**[٧٤]** یۆنانییەکان لە ئیستمۆ کۆببوونەوە و بە ئامادەکارییەوە سەرقاڵ بوون. ئەوان بۆیە وەهەوڵدان کەوتبوون، چونکە هیوایەکیان بە سەرکەوتنی هێزی دەریایی خۆیان نەبوو. کاتێک یۆنانییە نیشتەجێکانی سالامینا ئەو زانیارییەیان لەمەر مژۆڵیاتی هاوڵاتیان لە ئیستمۆ پێگەیی، ترسێکی لەڕادەبەدەر دایگرتن. هەڵبەت سەبارەت بە چارەنووسی خۆیان نەدەترسان، بەڵکوو نیگەرانی لەدەستچوونی ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس بوون.

سەرەتا بە سرتەوە باسی ئەو گرفتەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد و بێمەیلی ئێڤریڤیادیس لەمەر ئەو بارودۆخە، هێندەیتر پرسیاری لای ئەوان دروستکردبوو. لە کۆتاییدا بەئاشکرا باسی دۆخەکەیان کرد. سەرکردەکان دووبارە بانگهێشتی کۆبوونەوە کران و گەلێک باسوخواس هاتنەگۆڕێ. هێندێکیان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوون کە بچنە پێلۆپۆنیسۆس و لەوێ شەڕ بکەن تا ئەو خاکەی دوژمن داگیری کردوە، رزگاری بکەنەوە، بەڵام ئاتێنی، ئێیینی و مێغاریەکان لەو باوەڕەدا بوون کە باشترە لە سالامینا بمێننەوە و لەوێ شەڕبکەن.

**[٧٥]** کاتێک تێمیستۆکلیس هەستی بەوە کرد کە بۆچوونی پێلۆپۆنیسییەکان خەریکە بەسەر روانگەکانیتردا زاڵدەبێ، زۆر بە نهێنی لە کۆبوونەوەکە دەرکەوت و هیچکەس هەستی بە رۆیشتنی ناوبراو نەکرد. تێمیستۆکلیس کەسێکی بە قایق ناردە مۆڵگەی میدیاکان و پێیگوتبوو کە چ دەبێ بەوان بڵێ. ناوی ئەو راسپاردەیە سیکینۆس و خزمەتکاری خۆی و ماموستای منداڵەکانی بوو. دواتر تێمیستۆکلیس ئەو کابرای کردە شارۆمەندی تێسپی، چونکە تەنیا کۆمەڵگایەک بوو مافی شارۆمەندی بە خەڵک دەدا. هەڵبەت پارەیەکی زۆریشی بە سیکینۆسدا. سیکینۆس بە قایق گەیشتە لای میدیاکان و بەو شێوەیە لەگەڵ سەرکردەکانی بەربەر قسەی کرد: "سەرکردەی لەشکری ئاتێنییەکان منی بەنهێنی و دوور لە چاوی یۆنانییەکانیتر ناردوە بۆ ئێرە بۆوەی پێتان رابگەیێنم کە تێمیستۆکلیس سەرکەوتنی پاشای ئێوەی پتر بەلاوە گرینگە تا سەرکەوتنی هێزەکانی خۆیان. هاتووم بڵێم کە یۆنانییەکان گەلێک ترساو و پەشۆکاون و بڕیاریانداوە لێرە

بڕۆن. ئێستا فرسەتێکی گونجاو بۆ ئێوە هەڵکەوتووە هەڵەیەکی گرینگی مێژوویی خۆتان قەرەبوو بکەنەوە و مەهێڵن ئەوانە بڕۆن. یۆنانییەکان هەڵوێستی وەک یەکیان نییە و ناتوانن خۆڕاگری بنوێنن. بەدڵنیاییەوە دەبینن کە لەنێو خۆیاندا تووشی شەڕی دەریایی دەبن. ئەوانەی لاینگری ئێوەن، لەگەڵ دژبەرانتان دەکەونە بەریەک و شەڕی هەڤدوو دەکەن ". سیکینۆس قسەکانی تەواو کرد و ڕۆیی.

**[٧٦]** سەرکردەکانی بەربەر باوەڕیان بەو قسەیەکرد و بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی پارسیان لە دورگەی بچووکی پسیتالیا دامەزراند. ئەو دوورگە بچووکە لەنێوان ئاوەکانی سالامینا و دەشتایی هەڵکەوتووە. دواتر، لەنیوەشەودا قۆڵی ڕۆژئاوای ناوگانی پارس تەواوێک راکشا و دەوری ئاوەکانی سالامینایان گرت. ئەو کۆمەڵە گەمییەی لە قەراخ ئاوەکانی کێئۆ و کینۆسورا بوون، ئەوانیش دەستیان بە پێشڕەوەی کرد و تەواوی ناوچەکەیان تا مونیخیا گەمارۆدا و ڕێگایان بەست. بەربەرەکان هەروەها گەمییەکانیان هێنایە نێو ئاوەکانی ئازاد بۆوەی یۆنانییەکان نەتوانن لەبەر دەستیان رابکەن و هەموویان لە سالامینا بخەنە نێو حەساری خۆیان و بەو چەشنە تۆڵەی سەرکەوتنی دەڤەری ئارتێمیسیۆیان لێ بستێننەوە. سەربازانی پارس لە دوورگەی بچووکی پسیتالیا دابەزین. مەبەست لەو کارە ئەوە بوو کە لە کاتی شەڕی دەرياییدا، هێزەکانی دوو لایەنی دژبەر بەلای ئەو دوو دوورگەیەدا دەکەون و ئەو کاتە دەکرێ شەڕکەرانی خۆیان بپارێزن و دوژمنانیش بکوژن. گشت ئەو ئامادەکارییە بەنهێنی جێبەجێکرا – بۆوەی هێزەکانی یۆنانی هەست بە جموجۆڵێک نەکەن – و تەواوی پیلانەکە لە تاریکی شەودا بەڕێوەچوو، بەبێ ئەوەی هیچکەس لە پارسەکان بخەوێ.

**[٧٧]** هیچ زانیارییەکم نییە کە دژی پێشگۆییەکان بیهێنمە بەرباس و بڵێم راست نین و گەرەکیشم نییە رەدیانبکەمەوە و وەبەرچاویان نەگرم، چونکە تەواوێک ئاشکرا و روونن:

*کاتێک ئەوانە لێوارەکانی پیرۆزی بەحری ئارتێمیسۆسی[1] شمشێر زێڕین تا ناوچەی کینۆسورای شەپۆلخواردوو بە گەمییەکانیان لە یەکتر دەبەستنەوە، وەختێک ئەوان بە کۆڵێک مەبەستی شێتانە ئاگر لە ئاتێنی ناسراو بەردەدەن، ئەو کاتەیە کە خواوەند دیکی (بە هەق) ئاگری ئەو کوڕۆ (تەماح و ئێرەییە)ی کوڕی ئێڤرێئۆس دەکوژێنێتەوە، چونکە ئەو خەریکە بەوپەڕی بێڕەحمییەوە سەرتاسەری وڵات داگیربکا.*

*ئەودەمە مس لە مس دەدرێت (قەڵغان وەقەڵغان دەکەوێ) و ئاریس (خوای شەر) دەریا بە خوێن سورهەڵدەگێڕێ. راست لەو سەردەمەدا خواوەند دیای چاوەدێری جیهان و خاتوو نیکی رێزدار، ئازادی و سەربەستی بە یۆنان دەبەخشن.*

کاتێک ڤاکیس (ڤانکخۆس) ئاوا بەڕوونی پێشگۆیی دەکا، ئیتر من لەخۆم رانابینم وەبەرچاوی نەگرم و ئەوش قبوڵ دەکەم کە کەسانیتر هەبن و گرینگی پێنەدەن.

**[٧٨]** سەرکردە یۆنانیەکان لە سالامینا بەردەوام خەریکی راوێژکردن بوون و نەیاندەزانی دەوریانگیراوە و لە گەمارۆ کەوتوون و پێیانوابوو کەشتیگەلی دوژمن لە جێگای رۆژی پێشوو نەبزوتووە.

**[٧٩]** هەروەک گووتم سەرکردەکان کۆبببوونەوە و قسەیان دەکرد، کاتێک لە ناوچەی (ئێیینا)وە ئاریستیدیسی ئاتێنی کوڕی لیسماخۆس گەیشتەجێ. ئاریستیدیس لەلایەن ئیدارەی حکوومی ئاتێنەوە دوورخرابۆوە. ئەوەندەی من بزانم پیاوێکی ماقوڵ و ئاتێنییەکی دادپەروەر بوو. لەهەرحاڵدا، ئاریستیدیس لە دەرەوە و لەبەر درگای مەجلیسی پیاوماقوڵان راوەستا و بانگی ئێمیستۆکلیسی کرد. ئەو دووە هەرچەند دۆستی یەکتر بوون، بەڵام رکەبەرایەتی هەڤدوویان دەکرد. ئاریستیدیس لەبەرامبەر ئەو مەترسییەدا کە رووی‌تێکردبوون، گشت گەرفتەکانی خۆی وەلانابوو و گەرەکی بوو لەگەڵ تێمیستۆکلیس قسەبکا. ناوبراو

---

١- لە شاری مونیخ، مەعبەدی ئارتێمیدۆس هەبووە.

خەبەری پێگەیشتبوو کە پێلۆپۆنیسیی‌یەکان گەرەکیانە کەشتیگەلی یۆنانی خێرا بەرنە ئیستمۆ. وەختێک تێمیستۆکلیس هات، ئاریستیدیس پێیگووت: "هەرچەند دژبەری هەڤدووین، بەڵام ئەرکی سەرشانمانە هاوسەنگەر بین، چ لە بارودۆخی ئێستادا و چ لە کات و ساتی ئاستەمی‌تردا. ئێستاکە هەرکام لە ئێمە سەرکەویّ، قازانجەکەی بۆ وڵاتەکەمان دەگەڕێتەوە. ئەوە پێتدەڵێم، هەنووکە هیچ فایدەی نییە ئەگەر پێلۆپۆنیسیی‌یەکان کەم و زۆر سەبارەت بە راگوێزانی کەشتیگەلی قسە و راوێژ بکەن یاننا و ئاخۆ بیبەنە هەرێمی خۆیان یا لێرە بمێنێتەوە، چونکە کارلەکار ترازاوە. ئەوەی من بە چاوی خۆم دیتوومە، ئێستا بۆ تۆی باس‌دەکەم. ئەگەر ئەوانە بخوازن یا نەخوازن، چ کۆرینتی، چ ئێڤریڤیادیسی سەرلەشکر، دەبیّ بڵێم تازە ناتوانن لێرە بڕۆن. دوژمن دەوری داوین و بەتەواوی لە گەمارۆ کەوتووین. ئێستا بچووە ژووریّ و ئەو خەبەریان پێڕابگەیێنە ".

**[٨٠]** تێمیستۆکلیس لە وڵامدا گووتی: "بۆچوونەکەت تەواو راستە و خەبەرەکەت بەجێیە. راست ئەوەی گەرەکم بوو قەوما و تۆش دیتت. ئەوەی بزانە کە بۆخاتری من ئەو جێگۆڕکێیەیان کردوە، لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان نەیاندەویست شەڕبکەن، دەبوایە بەشێوەیەک ناچاریان بکەم. ئێستاش لەبەر ئەوەی تۆ هاتووی و ئەو خەبەرە خۆشەت بۆ هێناوین، خۆت بچووە ژووریّ و با لە زمانی تۆوە بیبیسن. چونکە ئەگەر من باسی‌بکەم، واوێدەچیّ کە خەیاڵی منە و ناتوانم یۆنانییەکان بە قەناعەت بگەیێنم کە بەڕاست دوژمن لە گەمارۆی خستووین. بڕۆ ژوورەوە و تێیان‌بگەیێنە و باسی بارودۆخەکەیان بۆبکە. کاتێک ئەو خەبەرەیان پێدەدەی، ئەگەر باوەڕت پێبکەن ئەوە باشە، ئەگەریش باوەڕیان پێنەکردی، ئەوە ئاکامی هەوڵەکان دیسان هەروەک خۆی دەبیّ، چونکە لەهەرحاڵدا ئەوانە تازە ناتوانن بڕۆن و لە گشت لاوە دەوریان گیراوە و هەروەک خۆت گووتت، ناچارن شەڕبکەن ".

**[٨١]** ئاریستیدیس چوو بۆ ژووری کۆبوونەوە و باسی ئەو گەمارۆیەی کرد. ناوبراو هەروەها ئەوەشی گووت کە بەزەحمەتێکی زۆرەوە هاتووە و لەدەست ئەو گەمییانەی دوژمن رزگاری بووە کە لەدەوری دوورگەکە

لەنگەریان گرتووە. ئەو گووتی مۆڵگەی یۆنانییەکان بەهۆی هێزەکانی کسێرکیس، بەتەواوی گەمارۆدراوە. کاتێک قسەکانی تەواو بوون، لە کۆبوونەوەکە دوورکەوتەوە و ئەوانیش دووبارە دەستیان بە راوێژ کردەوە. زۆربەی سەرکردەکانی لەشکریی یۆنان باوەڕیان بەو خەبەرە نەبوو.

**[٨٢]** یۆنانییەکان باوەڕیان بە ئاریستیدیش نەکرد، تا ئەو کاتەی کابرایەکی خەڵکی دوورگەی تینۆس بە گەمییەکەوە رایکردبوو و هاتە لایان. کاپیتانی ئەو گەمییە ناوی پانێتیۆ کوڕی سۆسیمێنی بوو. ناوبراو گشت دۆخەکەی بۆ ئەوان روون کردەوە. سەبارەت بەو کارەیان لەسەر پەیکەرەیەکی سێ پایە لە نێوەندی ئاییینی دێلفوس، ناوی تینۆسی‌یەکانی هاوپەیمانی یۆنانییەکان کە بەسەر بەربەرەکاندا زاڵبوون، نووسراون. هاوکات لەگەڵ ئەو گەمییە کە گەیشتە سالامینا، گەمییەکی‌تریش لە دوورگەی لیمنۆسەوە هات و ئەویش لە ئارتێمیسیۆسەوە رایکردبوو. ژمارەی گەمییەکانی کەشتیگەلی یۆنانی گەیشتنە سێسەد و هەشتا دانە. پێشتر دوو گەمی کەمتر بوون تا ئەو ژمارەیە گردبکرێتەوە.

**[٨٣]** یۆنانییەکان باوەڕیان بە قسەی تینۆسی‌یەکان هێنا و خۆیان بۆ شەڕی دەریایی ئامادەکرد. خەریک بوو رۆژ دەبۆوە، هێزەکانی شەر کۆبوونەوە. تێمیستۆکلیس لە گشتیان جوانتر قسەی کرد و باشترین خۆنواندنی لەبەرامبەر خەراپترین خۆنیشاندان‌دا هەڵسەنگاند. پاش ئەوەی باسی هەست و خووی سروشتی و هەنووکەیی مرۆڤی کرد، ئەوجار هانیدان کە باشترین دیاردەکان هەڵبژێرن و هەرکە قسەکانی تەواو بوو، دەستووری بە سەربازانی لەشکری‌دا سواری گەمییەکان بن. راست لەو کاتەدا، ئەو گەمییەش گەیشتەوەجێ کە بۆ ئێیینا بەڕێکرابوو تا شەڕکەرانی ئێیینی بێنێتە مەیدانی شەڕ. هەرچۆنێک بوو یۆنانییەکانیش کەشتیگەلی خۆیان رێکخست.

**[٨٤]** یۆنانییەکان وەختێک دامەزران، لەلایەن بەربەرەکانەوە خێرا هێرشیان کرایەسەر. مەیدانی شەڕ تەواوێک بەرتەنگ کرابۆوە. گەمییەکانی یۆنانی وەرسوڕانەوە و بەرەو کەنارەکان پاشەکشەیان کرد. بەڵام ئامینیاسی ئاتێنی سەر بە پارێزگای پالینیس بە چنگەکانی پەلاماری گەمییەکی دوژمنی‌دا و

سونبەیەکی(نێزەی لووتی گەمی) تێکوتا. وەختێک ئەو دوو گەمییە تێکئاڵقان، ئەوجار نەیاندەتوانی لە یەکتر جیابنەوە. ئیتر لەو کاتەدا گەمییەکانی‌تری یۆنانی وەخۆکەوتن بۆوەی یارمەتی ئامینیاس بدەن و شەڕی راستەقینە دەستی پێکرد. دەسپێکی شەڕەکە لە زمان یۆنانییەکانەوە بەوجۆرە بوو، بەڵام ئێیینی‌یەکان دەڵێن کە ئەوان بەر لە خەڵکانی‌تر بە گەمی خۆیانەوە پەلاماریان دەسپێکردبوو، واتە بەو گەمییەی ناردرابوو تا شەڕکەرانی ئێیینی بێنێتە مەیدانی شەڕ. هەڵبەت بۆچوونێکی‌تریش لەو بارەوە هەیە کە دەڵێ: ژنێک لە قالبی تارماییدا وەدیارکەوت و فەرمانێکی گەلێک بە حوکمی‌دا کە گشت سەربازانی لەشکری ئۆردوگای یۆنانییەکان گوێیان لێبوو. ئەو ژنە سەرەتا یۆنانییەکانی سەرکۆنەکرد و پێیگووتن: "ئەی چارەڕەشینە! تاکەی پاشەکشە دەکەن ".

**[٨٥]** لەبەرامبەر ئاتێنییەکاندا، فینیقی‌یەکان جێیان‌گرتبوو (ئەوانە قۆڵی لای ئێلێڤسینا، واتە رۆژئاوایان پێسپێردرابوو). لە روبەڕووی لاکێدێمۆنی‌یەکانیش، یوونی‌یەکان، ئەوانەی رەگەڵ بەربەرەکان کەوتبوون، لەلای رۆژهەڵات و بەرەو پیرێئا دامەزرابوون. کەمینەیەک لەو یوونی‌یانە خۆیان لە شەڕ نەدەدا و تێمیستۆکلیس کاتی خۆی داوای لێکردبوون لە مەیدانی شەڕدا ئەوەندەی دەکرێ خۆپارێزبن، بەڵام زۆرینەیان بەڕاستی شەڕیان‌دەکرد. من دەتوانم ناوی زۆرکەس لە کاپیتان و فەرماندەکان بێنم کە گەمییەکانی یۆنانیان یەخسیرکرد، بەڵام بەپێویستی نازانم و تەنیا ناوی ئێئۆمیستۆر کوڕی ئاندرۆ داماندۆس و فیلاکۆس کوڕی ئیستیێئۆس دێنم کە هەردووکیان خەڵکی دوورگەی سامۆس بوون. بۆیە ئەو دوو ناوەم هێنا، چونکە تێئۆمیستۆر لەبەر ئەو کارەی کردی، دواتر بە یارمەتی پارسەکان بوو بە حوکمڕانی سامۆس. فیلاکۆس وەک وەلی‌نیعمەتی (ساحێب خێر) پاشا دیاریکرا. کسێرکیس مڵکێکی زۆری پێبەخشی. وەلی‌نیعمەتەکانی پاشا بە زمانی پارسی پێیان‌دەگووترا ئۆرۆسانگ.

**[٨٦]** ئەوە چارەنووسی ئەو دوو کەسە بوو. لە شەڕی سالامینا زۆربەی گەمییەکانی پارس نوقم کران و هێندێکیان بەدەست ئاتێنییەکان تێکشکان و

کۆمەڵێکیش بەهۆی ئێیینیەکان لەنێوچوون. یۆنانییەکان لە کاتی شەڕدا ریزەکانی خۆیان پاراستبوو، بەڵام بەربەرەکان بەپێچەوانەوە تووشی سەرلێشێواوی هاتبوون و خاوەن نەزم و نیزامێک نەبوون و تەنانەت خاوەن هیچ پلانێکیش بۆ ئەو تێکهەڵچوونە نەبوون. ئەوان دەروەستی ئەوە نەبوون کە چدەقەومێ، هەرچەند ئەو جارەیان زۆر باشتر لە شەڕی ئێڤڤیا جەنگین. فەرماندەکانی بەربەرەکان، هەرکەسە لەبەرخۆیەوە گەرەکی بوو باشتر خۆی بنوێنێ، چونکە لە کسێرکیس دەترسان و پێیانوابوو کە ناوبراو تەنیا چاوی لە شەڕکردنی ئەوە.

**[٨٧]** سەبارەت بە گەمییەکانیتر زانیاری وردم نییە و نازانم چۆن شەڕیان کردوە، ئاخۆ یۆنانییەکان باشتر بوونە یا بەربەرەکان، بەڵام سەبارەت بە گەمی ئارتێمیسیا رەوتی رووداوەکە بەو شێوەیە دەگێڕنەوە. ئەو گەمییە پتر خێری بە پاشا گەیاند تاکوو خۆی. کاتێک ناوگانی پاشا کەوتە تەنگانە، گەمی ئارتێمیسیا نەیدەتوانی خۆی دەرباز بکا، چونکە لەبەرامبەر ئەودا کۆمەڵێک گەمی میدیایی هەبوون و پێشیان پێگرتبوو. ئەو گەمییە تەواو کەوتبووە مەترسی تێکشکان. ناچاربوو نێزەکەی راستبکاتەوە و خێرا پەلاماری گەمییەکی ناوگانی خۆیان بدا کە لە کالیندۆسەوە هاتبوو. لەنێو گەمی کالیندۆسیدا پاشای کالیندۆس بەناوی داماسیتیمۆس سواربوو. لێمروون نییە کە پێشتر شەڕی نێوخۆییان هەبووبێ، بەتایبەت ئەو کاتەی لە ئێلیسپۆندۆس بوون. تەنانەت ئەوەش نازانم کە ئارتێمیسیا بەئەنقەست ئەو کارەی کردبێ یا گەمی کالیندۆسی بەهەڵکەوت رێگای لێگرتبێ. لەهەرحاڵدا، گەمی ئارتێمیسیا بەنێزەی لووتی و چنگەکانی پەلاماری کالیندۆسیدا و نوقمی ژێر ئاوی کرد. ئەو کارە دوو قازانجی هەبوو. کاپیتانی گەمی ئاتێنی کاتێک چاوی بە گەمی ئارتێمیسیا کەوت کە ئاوا بە رقەوە پەلاماری گەمیتری بەربەرەکان دەدا، پێیوابوو ئەوە گەمی یۆنانییە و لەوانەیە کە هاتووەتە نێو ریزی یۆنانییەکان و لەبەرەی ئەوانەوە شەڕ دژی بەربەرەکان دەکا، هەربۆیە خۆی خێرا وەرسوڕاندەوە و دژی گەمییەکیتر کەوتە شەڕ.

**[٨٨]** گەمی ئارتێمیسیا بەو فێڵە توانی خۆی دەرباز بکا و بەو کارەی سرنجی کسێرکیس بۆلای خۆی راکێشی. دەگێڕنەوە کە پاشا کاتێک سەیری مەیدانی شەڕی دەکرد، چاوی بەو گەمییە کەوتووە کە چۆن بە نێزەکەیەوە پەلاماری داوە. ئەو کەسەی لەگەڵ پاشا بووە، پێیگوتووە: "پاشا! چاوت لە گەمی ئارتێمیسا هەیە کە چەندە جوامێرانە شەڕ دەکا و گەمییەکی دوژمنی نوقمی ژێر ئاو کردوە! ". کسێرکیس پرسیاری کردوە کە ئەو شاکارە بەڕاست هی گەمی ئارتێمیسیایە؟ پیاوانی دەوروبەری ئەو لەو بارەوە دڵنیایان کردوە، چونکە ئەوان نیشان و ئاڵای گەمییەکەیان لێدیاربووە و دیتوویانە چۆن بە ئارامی خۆی کێشاوەتە نێو گەمییەکانیتر. پیاوانی کسێرکیس هەروەها پێیانوابووە کە ئەو گەمییەی بەهۆی ئارتێمیسیاوە نوقمکراوە، هی دوژمن بووە. گشت ئەوانە، هەروەک باسم کردن، بەقازانجی گەمی ئارتێمیسیا تەواوبوون و هیچ گەمییەکیتری کالیندۆسی لەو شەڕەدا بەسڵامەتی رزگاری نەهات و گشتیان تێداچوون و کەسێک نەما پێچەوانەی ئەو قەومانە باسبکا. دەگێڕنەوە کە کسێرکیس لە وڵامی ئەو قسانەدا کە گوێی لێببوو، گوتوویەتی: "پیاوانی ئێمە بوونە ژن و ژنانی ئێمە بوونە پیاو ". ئەوە قسەی کسێرکیس بووە، وەک باسی دەکەن.

**[٨٩]** لەو شەڕە دەریاییەدا سەرکردەی لەشکریی بەناوی ئاریاڤیغنیس کوڕی داریوش و برای کسێرکیس کوژرا. کۆمەڵێک سەرکردەی ناسراویتریش لە پارسەکان و میدیاکان و باقی هاوپەیمانانیان کوژران. کوژراوانی یۆنانییەکان کەمتر بوون، چونکە ئەوان لە مەلەکردندا گەلێک شارەزا بوون. یۆنانییەکان هەرکات لەشەڕدا گەمییەکەیان نوقم دەبوو، خێرا خۆیان لەنێو ئاو دەهاویشت و بە مەلەکردن دەچوونە سالامینا. زۆربەی شەڕکەرانی بەربەر لەنێو ئاوەکاندا خنکان، چونکە مەلەیان نەدەزانی. وەختێک یەکەم وەجبەی گەمییەکانی دوژمن مژوڵیڕاکردن بوون، خێرا تووشی نوقمبوون هاتن، چونکە ئەوانەی لە ریزی پشتەوە جێیانگرتبوو هەوڵیاندەدا بێنە پێشەوە تا بە پاشا نیشان بدەن کە ئەوە ئەوانن شەڕی باشتردەکەن و

لەو نێوەدا لەگەڵ گەمییەکانی‌تری خۆیان وێکدەکەوتن کە راست لەو وەختەدا خەریکی پاشەکشە بوون.

**[٩٠]** لەنێوان ئەو گشتە شەڕ و هەڵایەدا، ئەو رووداوەش قەوما. هێندێک لە فینیقی‌یەکان کە گەمییەکانیان نوقم‌ببوون، چوونە لای پاشا و گلەییان لە یوونییەکان هەبوو. فینیقی‌یەکان گووتیان کە یوونییەکان بوونە هۆی لەدەستدانی گەمی ئەوان، چونکە خەیانەتیان پێکردون. لە ئاکامدا، هیچکەس لۆمەی فەرماندەکانی یوونی نەکرد، بەڵام بەپێچەوانەوە فینیقی‌یەکان کە ئەوانیان بە تاوانبار زانیبوو، سزادران. هەروەها ئەوەش دەگێڕنەوە کە گەمییەکی سامۆتراکی سەربە کەشتیگەلی کسێرکیس پەلاماری گەمییەکی ئاتێنی دەدا و نوقمی دەکا. راست لەو کاتەدا گەمییەکی ئێیینی هێرش دەکاتە سەر ئەو گەمییە سامۆتراکییە و تێکی‌دەشکێنێ. شەڕکەرانی نێو گەمی سامۆتراکی نێزەدار بوونە. کاتێک گەمییەکەیان خەریکی نوقم‌بوون دەبێ، گەمی ئێیینی نێزەباران دەکەن و پاش دەرپەڕاندنی شەڕکەرانی ئەو گەمییە، دەستی بەسەردا دەگرن. لەڕاستیدا ئەو کارەی ئەوان، یوونی‌یەکانی لە سزادان رزگارکرد. وەختێک کسێرکیس دیتی کە ئەوانە چۆن هەڵەی خۆیان قەرەبوو دەکەنەوە، ئەوسا لە فینیقی‌یەکان لەڕق کەوت، واتە ئەو فینیقی‌یانەی کە گشت لایەکیان بە تاوانبار دەزانی. کسێرکیس لەجێوە فەرمانی دەرکرد کە سەری ئەوانە لێبدرێ، بۆوەی لەمەودوا شەڕکەران یەکتر و بەتایبەت جەنگاوەرانی جوامێر بەتاوانبار نەزانن.

کسێرکیس لەسەر تەپۆڵکەی داوێنی چیای ئێغالیۆس بوو. ئەو تەپۆڵکەیە لە روبەڕووی سالامینا هەڵکەوتووە. ناوبراو لەوێڕا دیتی کە جەنگاوەرێک زۆر بوێرانە شەڕدەکا. گەرەکی بوو بزانێ ئەو شەڕکەرە کێیە. میرزابنووسەکانی هاوڕێی ئەو خێرا ناوی کاپیتانەکە و ناوی باوکیی و شارەکەیان نووسی. یەکێک لە دۆستانی یوونی‌یەکان بەناوی ئاریارامێنیس، بەڕەگەز پارس، ئەوکاتە لەوێ‌بوو و نەخشێکی فرەی لەسەر چەسپاندنی بڕیاری سەرلێدانی فینیقی‌یەکان گێڕا.

**[٩١]** رق و کینی پاشا لە بەرامبەر فینیقی‌یەکان بەو شێوەیە بوو کە باسم کرد. وەختێک بەربەرەکان روویان لە هەڵاتن کرد و لە تەنگەبەرایی فالیرۆس‌دا خەریکی پاشەکشە بوون، ئێیینی‌یەکانی لەو گوزەرە بوون بەدوای فرسەتێکدا دەگەڕان و جوامێرییەکی زۆریان نواند. لەحاڵێکدا ئاتێنی‌یەکان لە گەرمەی شەڕدا بوون، هەر گەمییەک بەرگری نواندبا، خێرا نوقمی ژێر ئاویان دەکرد یا هەوڵیان دەدا لە گۆڕەپانی شەڕ وەدەری بنێن. ئێیینی‌یەکانی زارکی ئەو تەنگەبەرابییە، ئەوانیش هەر گەمییەک گەرەکی بوایە بە گوزەرەکەدا تێپەڕێ، پەلاماریان دەدا و لەجێوە نوقمیان دەکرد. کاتێک چەند گەمییەک لەدەست ئاتێنی‌یەکان رایانکرد، زۆری پێنەچوو کەوتنە بەردەستی ئێیینی‌یەکان و ئەوانیش تێداچوون.

**[٩٢]** لەو وەختەدا دوو گەمی کەوتنە بەریەک، یەکیان بە سەرکردەیی تێمیستۆکلیس کە گەمییەکی دوژمنی وەدەرنا، ئەوەی‌تریش گەمی ئێیینی بە فەرماندەری پۆلیکریتۆس، کوڕی کریۆس. ئەوەی دوایی بە سونبەی لووتی پەلاماری گەمییەکی سیدۆنی‌دا. ئەو گەمییە سیدۆنی‌یە لە کاتی پاسەوانی لە سکیاتۆس، دەستی بەسەر گەمییەکی ئێیینی‌دا گرتبوو و یەخسیری کردبوو. فەرماندەی گەمی ئێیینی، ئەوکاتە پیتیَئاس کوڕی ئیسخێنۆئۆس بوو. پارسەکان ئەو فەرماندەیەیان بە برینداری گرت و لەبەر ئەوەی جوامێرانە شەڕی کردبوو، برینەکانی ناوبراویان دەرمان کرد و جوان پێچایان و کۆڵێک حورمەتیان گرت. پیتیَئاس لەو شەڕەی سالامینا وەک یەخسیر و بریندار لەنێو گەمی سیدۆنی‌دا بوو. ئەو گەمییە بەگشت شەڕکەرانی پارسەوە دەستی بەسەردا گیرا. پیتیَئاس بەو چەشنە رزگار بوو و دواتر بەڕێکرا بۆ هەرێمی ئێیینا. پیتیَئاس کاتێک چاوی بە گەمی ئاتێنی بە فەرماندەری پۆلیکریتۆس کەوت و بە ئاڵاکەی ناسییەوە، بانگی تێمیستۆکلیسی کرد و سەبارەت بە پەیڕەوی ئێیینی‌یەکان لە میدیاکان،[1] کۆڵێک لاتاوی بە ناوبراو دادا.

---

١- ساڵی ٤٩٠ی پێش‌زایین، ئاتێنی‌یەکان، ئێینی‌یەکانیان بەوە تاوانبار کرد کە خۆیان بە میدیاکان فرۆشتووە و بۆیە کریۆس لەلایەن ئاتێنی‌یەکانەوە دەسبەسەرکرابوو.

پۆلیکریتۆس راست دوای ئەوەی گەمییەکی دوژمنی نوقم کرد، ئەویش بە هەمان شێوە تانەو تەشەری خۆی ئاراستەی تێمیستۆکلیس کردەوە. بەربەرەکان، ئەوانەی گەمییەکانیان بەسلامەتی رزگاریان هاتبوو، خێرا رۆیشتن و خۆیان گەیاندەوە ئاوەکانی ناوچەی فالیرۆس کە لەوێ بەهۆی هێزی پیادە پارێزگاریان لێدەکرا.

**[٩٣]** لەو شەڕە دەریاییەدا، لەنێو هێزەکانی یۆنانیدا سەرەتا ئێیینی‌یەکان و دوای ئەوان ئاتێنی‌یەکان سەبارەت بە جوامێریان ستایشکران. لەنێو شەڕکەراندا پۆلیکریتۆسی ئێیینی و لە ئاتێنی‌یەکانیش ئێمێنیس خەڵکی ئەنایبروندا و ئامینیاس خەڵکی پالینی، واتە ئەو کەسەی گەمی ئارتێمیسیای دەرپەڕاند.

ئامینیاس ئەگەر بیزانیبا کە خاتوو ئارتێمیسیا فەرماندەی ئەو گەمییەی بەدەستەوەیە، نەیدەهێشت لەدەست دەرچێ و راویدەکرد و بەدڵنیاییەوە بەدەستی خۆی یەخسیری دەکرد.

پێشتر حوکم دەسەر فەرماندەکانی ئاتێنی کرابوو و خەڵاتێکی دە هەزار دراخمیش داندرابوو کە هەرکەس بتوانێ ئەو ژنە بە زیندوویی بگرێ، براوەی پارەکەیە، چونکە بوونی ژنێک وەک فەرماندەی گەمی جەنگی لە کاتی هێرش بۆسەر ئاتێن، بەلای ئاتێنییەکانەوە جێگای سەرسوڕمان بوو. وەک پێشتر باسمکرد خاتوو ئارتێمیسیا بەسلامەتی لەو شەڕە رزگاری هات. هێزەکانی‌تریش کە گەمییەکانیان بەساغی نەجاتیان هاتبوو، گشتیان لە فالیرۆس کۆبوونەوە.

**[٩٤]** ئاتێنی‌یەکان خۆیان بەوجۆرە باسی ئەو شەڕە دەکەن: کاتێک شەڕ دەستی‌پێکرد، ئادیماندۆس سەرکردەی کۆرینتی‌یەکان تەواوێک هەڵبەزییەوە و ترسێکی زۆر دایگرت و لەجێوە بایەوانەکانی کردەوە و دوورکەوتەوە. هێزەکانی کۆرینتی وەختێک چاویان بە راکردنی فەرماندەکەیان کەوت، ئەوانیش وێڕای ئەو رۆیشتن. پاش مەودایەک دوورکەوتنەوە، گەیشتنە بەرزایی پەرستگەی ئاتینای سکیرادۆ لە سالامینا. لەوێ هێزێکی خودایی لەبەردەمیان حازربوو، قایقێک کە وێنەدەچوو کەسێک ناردبییە سەر رێگای

لەبەر دەمیان قووت بۆوە. کۆرینتیەکان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە ئاکامی کۆتایی شەڕی دەریایی نەبوو، ئاخۆ دەستێکی خودایی لەپشت سەرکەوتنی یۆنانییەکانە یاننا. کاتێک لەو قایقە نیزیک کەوتنەوە، گوێیان لە هاواری نێو قایقەکە بوو: "ئادیماندۆس! تۆ گەمییەکانت هەڵگرت و رۆیشتی و خەیانەتت بە یۆنانییەکان کرد. دڵنیابە ئەوان سەردەکەون و دوژمن تێکدەشکێنن، هەروەک چۆن داوایان لە خواکان کردوە ". ئەوە ناوەرۆکی هاوارەکە بوو، بەڵام ئادیماندۆس باوەڕی بەو دەنگە نەکرد. هاوارەکە دووپاتبۆوە و ئەوەشی پێوە زیادکرا کە ئێوە وەک یەخسیر هەر ئێستا دەمردن، ئەگەر سەرکەوتنی یۆنانییەکان لەو شەڕەدا مسۆگەر نەبوایە. دوای ئەو قسانە ئادیماندۆس و گەمییەکانیتر گەڕانەوە ئۆردوی یۆنانییەکان و ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە شەر تەواو ببوو. دەبێ بڵێم کە ئەوە قسەی ئاتێنیەکان سەبارەت بە کۆرینتیەکان بوو، بەڵام کۆرینتیەکان خۆیان ئەو قسانەیان قبوڵ نییە و دەڵێن لەو شەڕەدا، لەبەرەی پێشەوە بوونە. یۆنانییەکانیتریش بۆچوونی کۆرینتیەکانیان بەلاوە دروستترە.

**[٩٥]** ئاریستیدیسی ئاتێنی کوڕی لیسیماخۆس، ئەوەی پێشتر باسم لێوەکرد، پیاوێکی شاز، لەنێو جەنگەی شەڕی دەریایی سالامینادا بەو شێوەیە جوڵایەوە. ئەو جەماوەرێکی زۆری لە چەکدارانی جێگرتوو لە لێوار ئاوەکانی سالامینا لەگەڵ خۆی برد. گشتیان ئاتێنی بوون. ئەوانە خۆیان گەیاندە دوورگەی پسیتالیا و هەموو پارسەکانی ئەوێیان بەپانەوە کوشت.

**[٩٦]** وەختێک شەڕی دەریایی کۆتایی پێهات، یۆنانییەکان لە دەشتی سالامینا کۆبوونەوە و بۆ شەڕی دووهەم ئامادە بوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە کسێرکیس تەواوی گەمییەکانی کە بۆی مابوونەوە، لەو شەڕەدا بەکاردێنێ. زۆربەی گەمییەکان بەهۆی بای رۆژئاوا فڕێدرانە داوێن چیایەک لە دەڤەری ئەتیکی ناسراو بە کۆلیاس[١]. پێشگۆییەک وەڕاست گەڕا – جیا لە گشت پێشگۆییەکانی ڤاکی (ڤاکخۆس) و موسیئۆس – ئەوەیان ساڵانێکی

---

١- ئەمڕۆ ناسراوە بە ئایۆسکۆسمۆس.

زۆر بەر لە قەومانی ئەو شەڕە باسی ئەو بارودۆخەی کردبوو. تاڵەبینی ئەو پێشگۆییە، ئاڤسیستراتۆس، خەڵکی ئاتێن بوو و گووتی:

*لە دەڤەری کولیادا، ژنان بە گەمی چێشت لێدەنێن.*

دوای ئەوەی پاشا پاشەکشەی کرد، بەڕاستی هەر ئاواش قەوما.

### پارسەکان پاشەکشە دەکەن

**[٩٧]** کاتێک کسێرکیس هەستی بە گەورەیی شکستەکە کرد، لەوە ترسا مەبادا کەسێکی یوونی یۆنانییەکان هانبدا یا خۆیان هەستی پێبکەن و بەرەو ئێلیسپۆندۆس بچن و پردەکەی ئەوێ بڕوخێنن. ئەوکاتە ئیتر خۆی و هێزەکانی لە ئوروپادا گیردەخۆن و مەترسی تێداچوون هەڕەشەیان لێدەکا، بۆیە بڕیاریدا پاشەکشە بکەن. هەڵبەت گەرەکی نەبوو نە یۆنانییەکان و نە لەشکرەکەی خۆی بەو بڕیار و هەستە بزانن. دەستووریدا خێرا بە گڵ و گەمییە نزمەکانی فینیقی بەنداوێک دروست بکەن و بەو شێوەیە سالامینا لەگەڵ دەشتایی لەیەکتر ببەستنەوە. فەرمانەکەی بەچەشنێک دەرکرد کە خەڵک پێیانوابوو ئامادەکاری بۆ شەڕێکیتری دەریایی دەکا. تەواوی هێزەکان لەو باوەڕەدا بوون کە کسێرکیس بەو کارانەی مەیدان بۆ شەڕی دووهەم خۆشدەکا و گەرەکییەتی بمێنێتەوە. بەڵام ماردۆنیۆس فریوی ئەو جموجۆڵەی نەخوارد. ئەو لە مەبەستی پاشا گەیشتبوو. وەختێک ئەو خواستەی کسێرکیس بەئەنجام گەیشت، ناوبراو لەجێوە تەتەری خستەڕێ و هەواڵی ئەو شکستەی ناردەوە وڵاتی پارس.

**[٩٨]** هیچ بوونەوەرێک بەقەدەر ئەو تەتەرانە خێرا نین. پارسەکان ئەوانەیان بەو شێوەیە ڕێکخستووە: مەوداکە بەراورد دەکەن و بەڕادەی پێویست ئەسپ و پۆستچی بۆ ئامادەدەکەن. هەر ڕۆژە ریگایەک وەبەر یەک ئەسپ و تەتەرێک دەکەوێ. هیچ بەربەستێک، نە بەفر و نە باران و نە سەرما

و نە شەو پێش بە ڕێگابڕینی ئەو تەتەرانە ناگرێ و بەوپەڕی خێرایی دەبێ مەودای دیاریکراو بڕۆن. یەکەم تەتەر پەیامەکە دەدا بە دووهەم تەتەر و ئەویش بە سێهەمیان و بەوشێوەیە دەسبەدەست دەکرێ و دەگاتە مەقسەد. مەشخەڵی ئاگر بە مەبەستی ڕیزگرتن لە خواوەند ئیفێستیۆ لە یۆنان، ئەویش هەربەو چەشنە دەسبەدەست دەکرێ. پارسەکان بەو شێوە نامەگەیاندنە دەڵێن ئانگارییۆن.

**[٩٩]** وەختێک یەکەم پەیام گەیشتە شاری شووش کە کسێرکیس شاری ئاتێنی داگیرکردوە، پارسەکان، ئەوانەی لەو شارە مابوونەوە، نوقمی شادی بوون و خێرا تەواوی کۆڵانەکانی شاریان بە گوڵی کەیرە ڕازاندەوە و کەرستەی بۆنخۆشیان سووتاند و قوربانییان پێشکەشکرد و جێژنیان گرت. بەڵام کاتێک دووهەم هەواڵیان پێگەیی، ئەوەندە خەمباربوون تەواوی جلوبەرگی خۆیان دادڕی و هاواریان لێ بەرز بۆوە و لەخۆیان دەدا و ماردۆنیۆسیان بە تاوانبار دەزانی. پارسەکان بۆیە ئەو قوڕپێوانەیان دەکرد، نەک لەمەر تێداچوونی گەمییەکان، بەڵکوو نیگەرانی سلامەتی کسێرکیس بوون.

**[١٠٠]** ئەوانە کۆمەڵێک ڕووداو بوون و لە وڵاتی پارس قەومان، ڕاست لەو ماوەیەدا کە کسێرکیس لەوێ نەبوو. ئەوەش بڵێم تا گەڕانەوەی ناوبراو شین و ڕۆڕۆ نەبڕایەوە. ماردۆنیۆس بە دیتنی کسێرکیسی خەمبار و پەشیمان لەو شکستەی لە دەڤەری ئاتێن تووشی هاتبوو، لە چارەنووسی خۆی دەترسا، چونکە ئەو پاشای هاندابوو لەشکر بەرێتە سەر خاکی یۆنان. ماردۆنیۆس بەو قەناعەتە گەیشت کە یا دەبێ بە شەڕکردن خۆی لە مەترسی هاوێ و یۆنان بخاتە ژێر دەسەڵاتی پارسەکان، یا ئەوە کە تا ڕۆژی مردن لەخزمەت مەبەستەکانی پاشادا بێ. پاش بیرلێکردنەوەی زۆر بەو قەناعەتە گەیشت کە ئیتاعەت بە یۆنان بکا و بۆ ئەو بۆچوونەی لەگەڵ کسێرکیس قسەی کرد: "پاشاکەم! پێویست ناکا خەمبار بی و پێتوانەبێ ئەوەی قەوما، شکستە. شەڕی ئێمە بە چێو و دار نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو بە پیاو و ئەسپ گرێدراوە. هیچکەس لەوانەی پێیانوایە سەرکەوتوون لەگەمی دانابەزێ تا لەبەرامبەر تۆدا ڕاوەستێ و خۆبگرێ، تەنانەت هێزی پیادەی

ئەوانیش توانای بەربەرەکانی لەگەڵ تۆی نییە. ئەوانەی تا ئێستا لە بەرامبەر تۆدا راوەستاون، بە سزای خۆیان گەیشتوون. ئەگەر بە بەرژەوەندی بزانی، خۆت سازکە تا پەلاماری ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس بدەین. ئەگەریش پێتوایە دەبێ چاوەڕوان بمێنینەوە، هیچکەس ناتوانێ پێشمان پێبگرێ. تکات لێدەکەم ورە بەرمەدە. یۆنانییەکان سەبارەت بەو زیان و زەرەرانەی بە ئێمەیان گەیاندووە، هیچ وڵامێکیان نییە، نە ئێستا و نە لە داهاتوودا، تەنانەت ئەگەر ببنە کۆیلەی ئێمەش. پێویستە خۆڕاگری نیشانبدەی و دەبێ ئەو کارەش بکەی. بەڵام ئەگەر دەخوازی بگەڕێیەوە و پێتوایە ئەوەیان مەسڵەحەتە و گەرەکتە لەشکریش لەگەڵ خۆت بەرییەوە، ئەوکاتە من نەخشەیەکیترم هەیە و پێشکەش بە جەنابتی دەکەم. پاشاکەم کارێکی ئەوتۆ مەکە کە یۆنانییەکان گاڵتە بە پارسەکان بکەن. ئەوە پارسەکان نین کە کۆیلەتییان قبوڵ کردبێ، تەنانەت هیچکات بێورەیی و ناپیاوەتییشیان نەنواندوە. ئەگەر فینیقی، میسری، قیبریسی و کیلیکییەکان ناپیاوانە جوڵانەوە، پارسەکان لە هەمبەر ئەو شکستەدا تاوانبار نین. باشە لەکاتێکدا کە پارسەکان تاوانبار نین، گوێ لە من بگرە. ئەگەر پێتوایە نابێ لێرە بمێنینەوە، تۆ خۆت گەورەترین بەشی لەشکر هەڵگرە و بگەڕێوە و منیش بەڵێنت پێدەدەم کە یۆنان بێنمە ژێر نیری دەسەڵاتی جەنابت، بەو شەرتەی سێسەد هەزار کەسی شەڕکەر لە لەشکری تۆ هەڵبژێرم و شەڕیان پێبکەم ".

**[۱۰۱]** کسێرکیس هەرکە گوێی لەو قسانەی ماردۆنیۆس گرت، پشوویەکی هاتەوەبەر و تۆزێک گەشایەوە. لە وڵامی ماردۆنیۆس‌دا گووتی کە بیر لەو دوو پێشنیارە دەکاتەوە و پاش راوێژکردن، بڕیاریان لەسەر دەدا.

وەختێک کسێرکیس لەگەڵ سەرکردەکانی پارس کۆبۆوە، ئەوجار بەدوای خاتوو (ئارتێمیسیا)یدا نارد و گەرەکی بوو بۆچوونی ئەویش لەو بارەوە بزانێ. کسێرکیس بۆی دەرکەوتبوو ئەو خاتوونە تەنیا کەس بەر لەوانیتر بووە کە رێگا چارەی بەرژەوەندیخوازانەتری لەمەر ئەو شەڕە هێناوەتە بەرباس. خاتوو ئارتێمیسیا کاتێک گەیشتەجێ، کسێرکیس خەڵکی دەوروبەری خۆی دوور خستەوە، هەم راوێژکاران و پیاوماقوڵانی پارس و هەمیش پاسەوانەکانی.

ئەوجار رووی لە ئارتێمیسیا کرد و گووتی: "ماردۆنیۆس داوای لێکردوم بمێنمەوە و پەلاماری ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس بدەم. ئەو دەڵێ کە پارسەکان و هێزی پیادە لەوبارەوە تاوانبار نین و دەخوازن ئەو شکستە قەرەبوو بکەنەوە. هەڵبەت داوا دەکا من خۆم ئەو کارە نەکەم، بەڵکوو ئەو ئەرکەکە جێبەجێ بکا. دەخوازێ سێسەد هەزار کەس لە لەشکری من راگرێ و دواتر وڵاتی یۆنان بێنێتە ژێر دەسەڵاتی من. منیش لەگەڵ باقی لەشکرەکەم بگەڕێمەوە پێتەخت. تۆ کە پێشنیاری بەجێت سەبارەت بەو شەڕە دەرياييە هەبوو و بە مەسڵەحەتت نەزانی بیکەم، ئێستا پێمبڵێ کام یەک لەو دوو رێگاچارەیە بگرمەبەر؟ من دەخوازم بڕیارێکی دروستم دابێ و سەرکەوتنی لێبکەوێتەوە ".

**[١٠٢]** کسێرکیس داخوازی ئامۆژگاری لە خاتوو ئارتێمیسیا کرد و ئەویش لە وڵامدا گووتی: "پاشا! دوای ئەو هەموو رووداوە، گەلێک دژوارە مرۆڤ ئامۆژگاری بەرێوجێی بۆ باسکردن هەبێ، بەڵام لەهەرحاڵدا، من پێموایە کە باشترە تۆ بگەڕێیەوە و ماردۆنیۆس لێرە بمێنێتەوە. دیارە خۆیشی ئەو داوایەی کردوە و دەخوازێ ئەو ئەرکە وەستۆبگرێت و بەڵێنی بە جەنابت داوە کە بەو لەشکرەی هەڵیدەبژێرێ، کارەکە جێبەجێ بکا. من بۆیە ئەو پێشنیارە بە جەنابت دەکەم، چونکە ئەگەر ناوبراو سەرکەوێ هەروەک خۆی دەڵێ کە پەلاماری یۆنانییەکان دەدا و ئیتاعەتیان پێدەکا، ئەو کاتە سەرکەوتن و شانازییەکە بۆ تۆ دەگەڕێتەوە. ئەگەریش ئاکامی ئەو نەخشەیە بەپێچەوانەوە بێ و هەڵسەنگاندنەکانی ماردۆنیۆس وەڕاست نەگەڕێن، ئیتر ئەوەش شکستێکی ئەوتۆ نییە، لەبەر ئەوەی کە خۆت و بارەگات لە مەترسی نەکەوتوون. ئەگەر تۆ و بارەگاکەت سڵامەت بن، ئەوە یۆنانییەکانن کە بەردەوام دەبێ هەوڵی رزگاری و خۆپاراستن بدەن. ئەگەر لەو نێوەدا ماردۆنیۆس تێدابچێ، ئەوەشیان هێندە گرینگ نییە. تەنانەت ئەگەر یۆنانییەکان لەو ململانێیەدا سەریشبکەون، سەرکەوتنەکەیان بەقەدەر لەنێوچوونی کۆیلەیەکی جەنابت بایەخی نییە. تۆ لەو لەشکرکێشییەدا بە

ئامانجی خۆت گەیشتووی، کاتێک دەگەڕێیەوە، ئیتر ئاتێنێکی وێران وەک خۆڵەمێش لەدوای خۆت جێدەهێڵی ".

**[١٠٣]** ئەو ئامۆژگارییە کسێرکیسی بە قەناعەت گەیاند، چونکە ئارتێمیسیا ئەوەی بە مێشکیدا هات، بە ئاشکرا بە پاشای گووت. هەڵبەت من خۆم لەو باوەڕەدام کە ئەگەر هەموو سپاکە داوایان لە کسێرکیس کردبا بمێنێتەوە، هێشتا نەدەمایەوە، چونکە تەواوێک ترسابوو. کسێرکیس ستایشی خاتوو ئارتێمیسیای کرد و ناوبراوی نارده ناوچەی ئێفێسۆس بۆلای منداڵەکانی خۆی، چونکە پاشا کۆمەڵێک منالی بیژووی پێبوو.

**[١٠٤]** کسێرکیس کەسێکی خەڵکی شاری پیداسا بەناوی ئێرمۆتیمۆس ڕەگەڵ ئەو منالانەدا. ئێرمۆتیمۆس یەکەم خزمەتکاری ساپوورەی (خەساو)ی پاشا بوو. پیداسی‌یەکان لە ناوچەیەکی سەرووی ئالیکارناسۆ دەژیان. دەگێڕنەوە کە چارەنووسی ئەوانە بەو شێوەیە بووە: وەختێک بەڵا و نەهامەتی تووشی شارەکەیان هاتووە یا خەڵکی دەوروبەری گرتووەتەوە، خێرا لەسەر روخساری خواوەند ئاتینا موو رووامە. تا ئێستا دوو جار ئەو دیاردەیە قەوماوە.

**[١٠٥]** ئێرمۆتیمۆس، ئەویش خەڵکی پیداسی بوو. لەو هەموو خەڵکە کە من دەیناسم، ئەوەیان سەبارەت بەو وەزعەی بەسەری هاتبوو، ترسناکترین تۆڵەی ئەستاندوەتەوە. کاتێک دوژمنان ئەو کوڕەیان بەخسیرکردوە و دواتر وەک کۆیلە فرۆشتوویانە، کابرایەکی خەڵکی دوورگەی کیۆس بەناوی پانیۆنیۆس ناوبراوی کڕیوە. پانیۆنیۆس پیسترین کاسی هەبووە و بێ‌قیمەتترین کاری کردوە. کوڕانی جوانی کڕیوە، خەساندونی و پاشان بردونییە شاری سارد و ئێفێسۆس و بەنرخێکی گران فرۆشتوونی. لەلای بەربەرەکان ئەوجۆرە خەساوانە (ساپوورە) نرخیان گرانتر لە گەنجانی‌تر بووە، چونکە پتر جێگای باوەڕبوونە.

پانیۆنیۆس گەلێک لاوی‌تری خەساندبوو و ئەوە پیشەی هەمیشەیی ناوبراو بوو و هەر ئەویش ئێرمۆتیمۆسی تووشی ئەو چارەنووسە کردبوو.

ئێرمۆتیمۆس هەرچەند ئەو بەڵایەی بەسەر هاتبوو، بەڵام لە زۆر باریترەوە داهاتوویەکی باشی هەبوو و لە شاری سارد بە کۆڵێک دیاری و خەڵاتەوە کە پێیانبەخشیبوو، سەری لە بارەگای کسێرکیس وەدەرنا و لە درێژماوەدا پتر لە ساپوورەکانیتر سرنجی پاشای بۆلای خۆی راکێشا و رێزی لێدەگیرا.

**[١٠٦]** ئەو کاتەی کسێرکیس لە شاری سارد بوو، بە لەشکرەوە دژی شاری ئاتێن وەڕێکەوت. ئێرمۆتیمۆس بۆ کارێکی تایبەت بەڕێکرابوو بۆ ناوچەی میسیاس، واتە بۆ ئەو شوێنەی خییۆسییەکان لێی نیشتەجێن و پێیدەگووترێ ئاتارنێڤس. ئێرمۆتیمۆس لەوێ چاوی بە پانیۆنیۆس کەوت. لەجێوە ناسییەوە و گەلێک دۆستانە قسەی لەگەڵ کرد. سەرەتا گووتی کە سەبارەت بەو خزمەتەی پێیکراوە و ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە ژیانیدا پێکهاتووە خۆشحاڵی دەربڕی و ئەوجار بەڵێنی پێدا جوابی ئەو چاکەیەی پانیۆنیۆس بداتەوە و خزمەتی پێبکا، بەتایبەت ئەگەر بە ژن و منداڵەوە لێی میوان بێ. پانیۆنیۆس بانگهێشتەکەی قبوڵکرد و بەخۆی و ژن و منداڵەوە میوانی ئێرمۆتیمۆس بوو. کاتێک ئێرمۆتیمۆس ئەوانەی دەسکەوت، بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ پانیۆنیۆس کرد: "تۆ کە بەو پیشە ناحەز و بێقیمەتە دەوڵەمەند بوویە، من چ خەراپەیەکم دەرهەق بە تۆ یا کەسوکاری تۆ کردبوو کە ئەو بەڵایەت بەسەر هێنام و لە پیاوەتیت خستم و خەساندمت؟ تۆ پێتوابوو لەدەست تۆڵەی خواکان دەرباز دەبی و دەتوانی راکەی! ئێستا لەبەر ئەوەی کارێکی نەفامانەت کردوە، هەستی دادپەروەری ئەو خوایانە تۆی خستە بەردەستی من و ناتوانی دژی ئەو سزایە راوەستی کە بۆت دیاری دەکەم ".

ئێرمۆتیمۆس دوای ئەوەی پانیۆنیۆسی بەو چەشنە رەزیل کرد، کوڕەکانی ئەو کابرایەی ناردە پێش باوکیان و ناچاری کرد گشت منداڵەکان بەدەستی خۆی بخەسێنێ. وەختێک خەساندنی کوڕەکان تەواو بوو، ئەوجار منداڵەکانی ناچارکرد کە باوکیان بخەسێنن. ئێرمۆتیمۆس بەو چەشنە تۆڵەی خۆی لە پانیۆنیۆس کردەوە.

**[١٠٧]** کسێرکیس پاش ئەوەی مناڵەکانی خۆی دایە دەست خاتوو ئارتێمیسیا بۆوەی بیانگەیێنێتە ئێفێسۆس، ئەوجار بانگی ماردۆنیۆسی کرد و دەستووری پێدا چ بەشێک لە لەشکر دەخوازێ، دیاریبکا و بەوجۆرەی قسەی لێکردبوو، دەست بەکار بێ. ئەو کارانە گشتیان لەو رۆژەدا بەئەنجام گەیشتن. شەو کە داهات، بە فەرمانی پاشا، فەرماندەکانی ناوگانی دەریایی لە فالیرۆسەوە بەرەو ئێلیسپۆندۆس بەخێرایی تەواو وەڕێکەوتن. مەبەستی ئەوانە پاراستنی ئەو پردە بوو کە پاشا دەبوایە بەسەریدا بپەڕێتەوە. وەختێک ناوگانی بەربەرەکان بەتەنیشت چیای (زۆستیرا)[١]دا تێدەپەڕی، لەوێ کۆمەڵێک ڕەوەز لە ئاو هاتوونەدەر و هێزەکانی کسێرکیس پێیانوابوو ئەوانە گەمیین و بێ لێوردبوونەوە بەرەو پێشەوە رایاندا. وەختێک نیزیک کەوتنەوە، تازە لێیانحاڵی بوو ئەوانە ڕەوەزن. هەرچۆنێک بوو گشتیان کۆبوونەوە و درێژەیان بە ڕێگادا.

**[١٠٨]** کاتێک ڕۆژبۆوە یۆنانییەکان دیتیان کە هێزی پیادەی دوژمن هەروا لەجێی خۆیەتی و نەبزوتووە. ئەوان وایانزانی کە کەشتیگەلی دەریاییش لە فالیرۆسە و ڕەنگە هێرش بکاتە سەریان. گشتیان ئامادەبوون بۆوەی بەرگری لەخۆیان بکەن. وەختێک خەبەریان پێگەیی کەشتیگەلی دوژمن ڕۆیشتووە، بیریان لەوە کردەوە وەدوای کەون و لە خاکی یۆنان وەدەری بنێن. یۆنانییەکان تا ناوچەی ئاندرۆ وەدوای ناوگانی کسێرکیس کەوتن، بەڵام لە هیچ شوێنێک نەیاندۆزییەوە و بۆیە لەوێ کۆبوونەوەیەکیان سازدا. تێمیستۆکلیس لەو باوەڕەدا بوو کە باشترە بەنێو دوورگەکاندا بڕۆن و بەدوای کەشتیگەلی پاشادا بگەڕێن و بەو شێوەیە خۆیان بگەیێننە ئێلیسپۆندۆس و لەوێ پردەکە بڕوخێنن. ئێڤریڤیادیس بۆچوونی پێچەوانەی هەبوو و لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر پردەکە بڕوخێنن، زیانێکی گەورە بەر وڵاتی یۆنان دەکەوێ. ئەگەر پاشای پارس لە خاکی ئوروپادا گیربخوا، بێ دژکردەوە دانانیشێ، چونکە دەزانی بەبێ بەرگری لەخۆکردن ڕێگای

---

١- ئەمڕۆ ناسراوە بە لایمۆس یا میکرۆکاڤوری.

گەڕانەوەی نییە و لەشکرەکەی لەبرسان دەمرێ. دیارە ئەگەر کسێرکیس درێژەی بە داگیرکاری دابا، بەدڵنیاییەوە سەرتاسەری ئوروپای بە شار و دانیشتووانەوە دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و خەڵک چ بە زۆری بوایە یا بە خواستی خۆیان، ئەوە چارەنووسیان دەبوو. سەبارەت بە ئەرزاق و تفاق، لە دەغڵ و دانی یۆنانییەکان کەڵکیان وەردەگرت. ئێڤریڤیادیس پێیوابوو کە کسێرکیس دوای ئەو شکستە دەریاییە، ئیتر لە ئوروپادا نامێنێتەوە و بۆیە باشتر ئەوەیە کە لێیگەڕێن بڕواتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئێڤریڤیادیس بۆچوونێکی‌تریشی هەبوو. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە یۆنانییەکان دەبێ لەمەودوا تێبکۆشن خاکی ژێردەستی پاشا رزگار بکەنەوە.

**[١٠٩]** تێمیستۆکلیس وەختێک تێگەیی کە ناتوانێ زۆربەی سەرکردەکان سەبارەت بە چوون بەرەو پردی ئێلیسپۆندۆس رازی‌بکا، راوبۆچوونی خۆی گۆڕی و بە ئاتێنی‌یەکانی گووت (ئاتێنی‌یەکان زۆر ناڕاحەت و قەڵس لەوەی کە بەربەرەکان بێ تۆڵە ئەستاندنەوە لەدەستیان دەرچوبوون و بۆیە ئامادەبوون خۆیان تەنیا بەرەو ئێلیسپۆندۆس بچن، تەنانەت ئەگەر ئەوانی‌تریش یارمەتییان نەدەن): "من خۆیشم زۆر جار بەچاوی خۆم دیتوومە و بیستوومە کە ئەوانەی تووشی شکست هاتوون، دوبارە دەستیان بە شۆڕش کردوەتەوە، چونکە گوشاری موحتاجیی هانیداون خۆیان بێننەوە سەر دۆخی جاران. ئێمە لەهەرحاڵدا (هەرچەند چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد نە لەسەرخۆمان و نە لەسەر یۆنان هەوری رەشی دوژمن بڕوێتەوە) بەڵام با لەشکری دوژمن راونەنێین کە هەرئێستا خۆی خەریکی راکردنە. دەبێ ئەوە بزانین کە شکستی دوژمن بەرهەمی کاری ئێمە نەبوو، بەڵکوو خواکان و قارەمانەکان ئەو ئەرکەیان جێبەجێ کرد و ئەوان گەرەکیان نەبوو تاقە کەسێک ببێتە فەرمانڕەوای ئاسیا و ئوروپا، ئەویش مرۆڤێکی نەفام و زمان شڕ، ئەو کەسەی بەو ناحەزییە لەگەڵ پەرستگە و ماڵەکان هەڵسوکەوتی کرد. گشتیانی سووتاند و روخاندنی و پەیکەرەی خواکانی شکاند و دەریاکانی وەبەر قەمچی‌دا و کەلەپچەکانی فڕێدا نێو دەریا.

ئێستا بارودۆخ بە قازانجی ئێمەیە و با لە یۆنان بمێنینەوە و پارێزگاری لە خۆمان و کەسوکارمان بکەین. با هەرکەسە لەبەرخۆیەوە ماڵەکەی خۆی دروست بکاتەوە و خەریکی کشتوکاڵ و زراعەت بین. جارێ دوژمن دەرکراوە. وەختێک بەهار هات، ئەوجار بەرەو ناوچەکانی ئێلیسپۆندۆس و یونیا دەچین ". تێمیستۆکلیس بۆیە ئەو قسانەی کرد، چونکە گەرەکی بوو سرنجی پارسەکان بۆلای خۆی راکێشێ، مەبادا رۆژێک دابێ و ئاتێنییەکان رووی لێوەرگێڕن. ئەو دەیویست لە کات و ساتێکی ئەوتۆ ئاستەمدا کە لێی قەوما، جێگایەکی هەبێ پەنای بۆ بەرێ.[1]

**[١١٠]** تێمیستۆکلیس بەو قسانە خەیانەتی بە ئاتێنییەکان کرد و ئەوانیش دڵیان نەرم بوو. لەبەر ئەوەی پێشتر وەک مرۆڤێکی زانا و بە راوتەگبیر ناسرابوو و بەڕاستیش لێزان و وشیار ئامۆژگارییەکانی دروست بوون و خەڵک چی ئەو گووتبای بەقسەیان دەکرد. وەختێک ئاتێنییەکانی دووبارە بە قەناعەت گەیاند، چەند کەسێکی جێگای باوەڕی خۆی کە ئەگەر ئەشکەنجەش کرابان، پەیامەکەیان ئاشکرا نەدەکرد، بە سواری گەمییەک بەڕێکرد. ئەوانەی بۆیە ناردە لای پاشا، بۆوەی کسێرکیس باوەڕ بە تێمیستۆکلیس بکا. لەنێو ئەو وەڤدە نهێنییەدا، خزمەتکاری تێمیستۆکلیس بەناوی سیکینۆس بەرچاو دەکەوت. کاتێک راسپاردەکان گەیشتنە دەڤەری ئەتیکی، ئەوانیتر لەنێو گەمیدا مانەوە و سیکینۆس بەتەنیا چوو بۆلای کسێرکیس و بەو چەشنە قسەی کرد: "تێمیستۆکلیس، کوڕی نێئۆکلیس، سەرکردەی هێزەکانی ئاتێنی منی ناردوە. پیاوێکی بوێرە و بەتواناتر لە گشت هاوپەیمانانی دیکەیە. ئەو بۆیە منی ناردوەتە لای تۆ تا پێتان بڵێم کە گەرەکییەتی خزمەتتان پێبکا و نەهێڵێ ئەو یۆنانییانەی دەخوازن کەشتیگەلی ئێوە راوبنێن و پردی پێلۆپۆنیسۆس بروخێنن، لە مەبەستەکەیاندا سەرکەوتوو بن. ئێستا دەتوانی

---

١- ساڵی ٤٦٥ی پێشزایین، کاتێک ئاتێنییەکان ناوبراویان دوور خستەوە، تێمیستۆکلیس لەکۆتاییدا پەنای بۆ ئارتاکسێرکیس (ئەردەشیر) برد.

به خەیاڵی ئاسوودەوە بگەڕێیەوە ". راسپاردەکان ئەو پەیامەیان گەیاندەجێ و خێرا گەڕانەوە.

**[١١١]** یۆنانییەکان پاش ئەوەی بڕیاریاندا بەربەرەکان وەدەرنێن و هەوڵی روخاندنی پردی پێلۆپۆنیسۆس نەدەن، دەوری دورگەی (ئاندرۆ)یاندا بۆوەی وێرانی بکەن. ئاندرییەکان یەکەم وەجبەی دانیشتووانی دەڤەرەکە بوون کە خۆیان لە دانی پارە بە تێمیستۆکلیس پاراستبوو.

کاتێک تێمیستۆکلیس پێیگووتن کە ئاتێنییەکان هاتوون و دوو خواوەندیشیان لەگەڵە، واتە خواوەند پیتۆ و خواوەند ئەنانگی و پێویستە پارەیان پێبدرێ، ئاندرییەکان وڵامیانداوە کە شاری ئاتێن گەورەیە و کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و کۆمەڵێک خوای بەخێر و بێری لێدەژین، بەڵام ئاندرییەکان خاکێکی بێ بەرەکەتیان هەیە و دوو خوای بێخێری لێهەن کە بریتین لە پێنیا و خاتوو ئامیخانیا و بۆیە ناتوانن هیچ پارەیەک بدەن. ئاتێنییەکان هەرچەند ئەو دوو خوایە واتە پیتۆ و ئەنانگییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئاندرییەکان هیچیان پێنەدان.

هیچکات نەقەومابوو کە هێزی ئاتێنییەکان بەسەر بێدەسەڵاتی ئاندرییەکاندا زاڵبێ. لەهەرحاڵدا وڵامی ئاندرییەکان بەو شێوەیە بوو کە باسم کرد و پارەیان نەدا و کەوتنە گەمارۆی ئاتێنییەکان.

**[١١٢]** تەماحی تێمیستۆکلیس بێسنوور بوو. ناوبراو هەڕەشەی لە زۆر شاریتر بەمەبەستی وەرگرتنی پارە کرد. دەیگووت ئەگەر پارە نەدەن، لەشکری یۆنانیان وەسەردەگێڕێ، گەمارۆیان دەدا و وڵاتەکەیان داگیردەکا. تێمیستۆکلیس بەو کردارەی پارەیەکی زۆری لە کاریستییەکان و پاریۆسییەکان ئەستاند. ئەوانە خەبەریان پێگەیشتبوو کە قەرارە دوورگەی ئاندرۆ گەمارۆ بدرێ، چونکە تەسلیمی میدیاکان ببوون و ئەوەشیان دەزانی کە تێمیستۆکلیس لەنێو سەرکردەکاندا قسەی دەڕوا، هەربۆیە لەترسان خێرا پارەیان کۆکردەوە و بۆ ناوبراویان نارد. لەوە کە دوورگەکانیتر پارەیان بۆ ناردبێ، زانیاری زۆرم نییە، بەڵام پێموایە کە خەڵکانیتریش جیا لەو دوو

شاره پارەیان پێدا. لەهەرحاڵدا کاریستیەکان لەدەست ئەو نەهامەتییە ڕزگارییان نەهات، بەڵام پاریۆسیەکان بەدانی پارە تێمیستۆکلیسیان ڕازیکرد و تووشی گەمارۆ نەهاتن. لەکۆتاییدا تێمیستۆکلیس بە گەمارۆدانی دوورگەی ئاندرۆ، بەدزی سەرکردەکانیتر و لە ژێرەوە پارەی لە دوورگەنشینان ئەستاند.

**[١١٣]** چەند ڕۆژ دوای ئەو شەڕە دەریاییە، کسێرکیس و ئەو خەڵکەی لەگەڵی بوون بەرەو ناوچەی ڤیئۆتیا وەڕێکەوتن و بە هەمان ڕێگای پێشوودا گەڕانەوە. ماردۆنیۆس لەگەڵ پاشا کەوتەڕێ و لەبەر ئەوەی وەرزێکی گونجاو بۆ شەرکردن نەبوو، بڕیاریدا تا زستان تەواو دەبێ لە ناوچەی تێسالی بمێنێتەوە و دواتر کە بەهار داهات ئەوجار هێرش بکاتە سەر پێلۆپۆنیسیەکان. وەختێک گەیشتنە تێسالیا، ماردۆنیۆس لەوێ هێزەکانی خۆی لە لەشکری پاشا جیاکردەوە. سەرەتا گشت پارسەکانی هەڵبژارد، واتە ئەوانەی ناسراو بە گوردانی نەمرەکان بوون. هەڵبەت فەرماندەی ئەوانەی نەهێشتەوە، چونکە ئەو دەبوایە لەگەڵ پاشا بگەڕێتەوە. ئەوجار، دوای ئەو کۆمەڵە پارسە، جەماوەرێکیتری پارسی خاوەن فایتوونی جەنگی و هەزار سوارکارێکی هەڵبژارد.

ماردۆنیۆس لە هێزەکانی میدیایی و ساکی و باکتری و هیندیش خەڵکێکی جیا کردەوە. ئەوانەی دوایی خاوەن هێزی پیادە و سوارە بوون. ئەوە بەشی سەرەکی لەشکر بوو کە هەڵیبژارد. هەڵبەت لە نەتەوەکانیتریش ژمارەیەکی جیاکردەوە، بەڵام نەک ئەوەندە زۆر، چونکە ناوبراو گەرەکی بوو لەو جەماوەرەی کە پتر جوامێریان نواندبوو و شەڕی باشیان کردبوو، لەشکری خۆی پێکبێنێ.

ئەو پارسانەی ماردۆنیۆس هەڵیبژاردبوون، لەو شەڕکەرانە بوون کە ملوانکەیان لە ملی خۆیان کردبوو و بازنە لە قۆڵ بوون. پاش ئەوانە ئەوجار کۆمەڵێکی شەڕکەری میدیایی جیاکردەوە. سەرجەم لەشکری ماردۆنیۆس سێسەد هەزار کەس بوون.

**[١١٤]** لەو نێوەدا کە ماردۆنیۆس خەریکی هەڵبژاردنی شەڕکەرانی لەشکرەکەی بوو، کسێرکیس لە تێسالیا خەریکی پشوودان بوو. لەو سەروبەندەدا ئامۆژگارییەک لە نێوەندی دێلفوسەوە بەدەست لاکێدیمۆنی‌یەکان گەیشت و لەودا داوا لە کسێرکیس کرابوو قەرەبووی کوژرانی لیۆنیداس بکاتەوە و چی لەدەستی هاتەدەر، وەری‌بگرن.

سپارتی‌یەکان خێراترین تەتەریان دەرێخست بۆوەی بگاتە کسێرکیس لە تێسالیا. تەتەر چوو بۆ بەردەم کسێرکیس و پێیگووت: "ئەی پاشای میدیاکان! لاکێدیمۆنی‌یەکان و ئیراکلی‌یەکانی سپارت داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو قەتڵە لەتۆ دەکەن. تۆ پاشای ئەوانت کوشتوە، چونکە لە بەرەی یۆنانییەکاندا شەڕی کردوە ". کسێرکیس وەختێک گوێی لەو قسەیە بوو، قاقایەکی لێدا و ماوەیەکی زۆر پێکەنی. راست لەو کاتەدا ماردۆنیۆس لە تەنیشت پاشا راوەستابوو. کسێرکیس پەنجەی بۆلای کابرای تەتەر راکێشا و گووتی: "بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ماردۆنیۆس ئەو خەسارەتەی شیاوی ئەوانەیە، پێیان‌دەبخشێ ". کابرای تەتەر وڵامی خۆی وەرگرتەوە و گەڕاوە.

**[١١٥]** کسێرکیس، ماردۆنیۆسی لە ناوچەی تێسالیا جێهێشت و خۆی بەپەلە بەرەو ئێلیسپۆندۆس وەڕێکەوت و پاش چل و پێنج رۆژ گەیشتەوە گوزەرە بەرتەسکەکە. لەڕێگادا هەرچی دەغڵ و دانی هەبوایە رەپێچەکیان دەدا و دەیانخوارد و هەرکات دانەوێڵەیان دەستنەکەوتبا، خێرا خەریکی خواردنی گژوگیای سەرعەرز، گەڵا و توێلکی تازەی دارەکان و دەوەنی کێوی دەبوون. بەگشتی هیچ شتێکیان نەهێشت، چونکە گەلێک برسی بوون. ناساغی و نەخۆشی لیسێندری (زگچوونی خوێناوی) رووی‌تێکردن و ژمارەیەکی لێ‌کوشتن. هەرکەس نەخۆش کەوتبا لە شارێکی سەر رێگا بەجێیان‌دەهێشت و حوکمیان دەسەر خەڵک دەکرد نەخۆشەکان بەخێوبکەن و پێیان‌ڕابگەن. خەڵکێکی فرەی نەخۆش لە تێسالیا و سیری سەر بە پی‌ئۆنیا و مەقدوونییە بەجێمان. کسێرکیس وەختێک بۆ شەڕی یۆنانییەکان دەچوو، عارەبانەی پیرۆزی خواوەند دیای لە پی‌ئۆنیا جێهێشت، بەڵام کاتێک گەڕاوە،

ئیتر نەیدۆزییەوە. پیئۆنییەکان ئەو عارەبانە پیرۆزەیان دابوو بە تراکییەکان و وەختێک کسێرکیس داوای کردەوە، پێیانگووت کە خەڵکی تراکی سەروو ئەسپەکانیان رفاندوە. ئەو خەڵکە لە نیزیک کانیاوەکانی ستریمۆنا دەژین.

**[١١٦]** لە وڵاتی تراکی، پاشای ڤیسالی و کریستۆنییەکان، بەناوی تراکاس کارێکی ترسناک و بەسامی کرد. تراکاس رازی نەبوو ژێردەستەیی لە کسێرکیسی قبوڵ بکا و بۆیە پەنای بۆ چیاکانی رۆدۆپی برد و کوڕەکانیشی نەهێشت لە لەشکرکێشی بۆسەر خاکی یۆنان بەشداربن. کوڕەکانی ناوبراو جوابی باوکیان نەداوە. رەنگە ئەوان حەزیان لەوە بووبێ کە بزانن چارەنووسی ئەو شەڕە بەکوێ دەگا. هەرچۆنێک بوو، ئەو کوڕانە رەگەڵ لەشکری پارس کەوتن. وەختێک لەشکر گەڕاوە، هەر شەش کوڕەکە سلامەت بوون، بەڵام باوکیان گشتیانی کوێرکرد.

**[١١٧]** ئەوە سزای کوڕەکان بوو. پارسەکان وەختێک لە تراکیڕا وەرێکەوتن، گەیشتنە دۆڵە بەرتەسکەکە، بەپەلە لە ئاوەکانی ئێلیسپۆندۆس پەڕینەوە و بە گەمییەکانیان خۆیان گەیاندە دەڤەری ئاڤیدۆس، چونکە پردەکانیان نەدۆزییەوە و تۆفان رایماڵیبوون. ئەو لەشکرە ئیتر لە ئاڤیدۆس ماوە، لەبەر ئەوەی ئەرزاق و تفاق لەوێ پتر وەگیردەکەوت تا لە رێگادا. لەو ناوچەیە لەبەر زێدەڕۆیی فرە لە خواردن و خواردنەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە شەڕکەرانی لەشکر مردن. پاشماوەی لەشکر لەگەڵ کسێرکیس گەیشتنەوە شاری سارد.

**[١١٨]** بەجۆرێکیتریش باسی ئەو رووداوانە دەکرێت، واتە کسێرکیس دوای رۆیشتن لە شاری ئاتێن، بەرەو شاری ئییۆنیا لە هەرێمی ستریمۆنا چوو و لەوێڕا کۆتایی بە رێپێوان هێنا. لەشکری دایە دەست ئیدارنی، بۆوەی بیگەیەنێتە ئێلیسپۆندۆس و خۆیشی بەسواری گەمی فینیقیایی بەرەو ئاسیا وەڕێکەوت. لەکاتی رۆیشتن بەسەر ئاوەکاندا بایەکی توند، واتە تۆفانی ستریمۆنا هەڵیکردێ و دەریای شێواند. تۆفان بەهێز و گەمی قورس، چونکە

ژمارەیەکی زۆر لەو پارسانەی هاوڕێی پاشا بوون، لەسەر عەرشەی گەمی جێیانگرتبوو. کسێرکیس تەواوێک ترسی ڕێنیشت و لە کاپیتانی گەمییەکەی پرسی ئاخۆ هیچ هومێدێک بۆ رزگاری هەیە؟ کابرای کاپیتان لە وڵامدا گووتی: "پاشاکەم! هیچ هومێدێک نییە، مەگەر باری گەمییەکە تۆزێک سووک بکرێت، چونکە جەماوەرێکی زۆر سواربوونە ". دەگێڕنەوە کە کسێرکیس کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو، گووتی: "پارسەکان! ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە نیشان بدەن چەندە دڵتان بۆ پاشا لیدەدا. نەجات بوونی من لەدەست ئێوەدایە ". دەڵێن ئەوە قسەی کسێرکیس بوو و پارسەکان وەختێک گوێیان لەو خواستە بوو، خێرا کڕنۆشیان بۆ برد و خۆیان فڕێدا نێو ئاوی دەریا. باری گەمییەکە سووک بوو و کسێرکیس بەسڵامەتی گەیشتەوە ئاسیا. لەو کاتەدا کە کسێرکیس بەپەلە پێی لەسەر خاک دانا، باسدەکەن کە ئەو کارەی کرد، تاجی زێڕی بە کاپیتانی گەمی بەخشی، لەبەر ئەوەی بەسڵامەتی نەجاتی هاتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی جەماوەرێکی زۆری پارس بە قسەی ئەو خۆیان لەنێو ئاو هاویشتبوو و خنکابوون، کسێرکیس سەری کاپیتانی لێدا.

**[١١٩]** ئەو زانیارییانەی سەرەوە سەبارەت بە گەڕانەوەی کسێرکیس و بەسەرهاتی پارسەکان لە ڕێگادا بوون. من خۆم هیچ باوەڕێکم پێیان نییە. ئەو کاتەی کاپیتانی گەمی بە کسێرکیسی گوتووە کە باری گەمی قورسە و دەبێ سووک بکرێ، کە نازانم چەندە راستە! دەبێ بڵێم ئەگەر پیاو لە دە هەزار کەسی پرسیبا، یەکێکی وەگیر نەدەکەوت بڵێ کە پاشا توانای ئەنجامی کارێکی ئەوتۆی لەو وەختە ئاستەمەدا هەبووە، واتە پارسەکانی سەر عەرشەی گەمی بەڕێکاتە کۆگای ژێر گەمی و لەجیاتی ئەوان، بێڵژەنانی فینیقی فڕێداتە نێو ئاوی دەریا. ئەو زانیارییانە بۆیە دروست نین، چونکە پارسەکانی سەر عەرشەی گەمی گشتیان پیاوانی ناسراو و سەر بە بنەماڵە گەورەکانی پارس بوونە. پاشان ئەوانە کوا دەیانتوانی کاری بێڵژەنی لەو کاتە مەترسیدارە بکەن. هەروەک پێشتریش گووتم ئەو زانیارییە بێ بنەمایە و

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کسێرکیس لەگەڵ پاشماوەی لەشکر بەڕێگای ویشکاییدا گەڕاوە ئاسیا.

**[١٢٠]** شاهیدێکی گرینگیتریش لەمەر ئەو بابەتە هەیە: کسێرکیس لە کاتی پاشەکشەدا گەیشتە ناوچەی ئاڤدیرا و لەگەڵ ئەو شارە پێوەندی دۆستانەی دامەزراند و شمشێرێکی زێڕ و مەندیلێکی زێڕبافتی وەک خەڵات بەو شارە بەخشی. ئەو جۆرەی ئاڤدیری‌یەکان خۆیان باسی‌دەکەن و جێگای باوەڕی من نییە، دەڵێن کسێرکیس لەو کاتەوە کە بۆ شەڕ دژی شاری ئاتێن چووە، نەگەڕاوەتەوە شاری ئاڤدیرا. تەنانەت کەمەری نێوقەدی خۆیشی نەکردوەتەوە، چونکە هەستی بە ئەمنییەت و ئاسوودەیی نەکردوە. مەودای نێوان شاری ئاڤدیرا تا دەڤەری ئێلیسپۆندۆس لە مەودای نێوان ئەو شارە تا شارەکانی ستریمۆنا و ئییۆنا کەمترە. هەروەها ئەوەش دەگووترێ کە کسێرکیس لەو شارەوە سواری گەمی بووە.

**[١٢١]** یۆنانییەکان نەیانتوانی شاری ئاندرۆ داگیربکەن، بۆیە بەرەو شاری کاریستۆ چوون، ناوچەکەیان وێرانکرد و گەڕانەوە سالامینا. بەرلە هەرشتێک بەشە دەسکەوتی خواکانیان دیاری‌کرد، بەتایبەت سی گەمی فینیقی. یەکەم گەمییان پێشکەش بە ئیستمۆ کرد – تا ئێستاش لەوێ ماوە – دووهەمیان بە سونێۆ و سێهەمیان بە ئێ‌ئادا لە سالامینا. ئەوجار پاشماوەی دەسکەوتەکانی‌تر دابەشکران و ئەوەی بەوەجیان بۆ نێوەندی دێلفوس بەڕێکرا. لەو دەسکەوتانە یەک پەیکەرە کە بەدەستێکی دەماغەی گەمی گرتووە، دروستکرا. بەژنی ئەو پەیکەرەیە دوازدە پیخیس بەرزە و لەو شوێنەی پەیکەرەی زێڕینی ئەسکەندەری مەقدوونی لێیە، دانراوە.

**[١٢٢]** کاتێک یۆنانییەکان ئەو کۆمەڵە دەسکەوتانەی شەڕیان ناردە نێوەندی ئایینی دێلفوس، گشتیان یەکدەنگ لە کاهێنی مەزنی ئەوێیان پرسی ئاخۆ لە قەیاسی دیارییەکان ڕازییە. کاهێنی مەزن جوابی داوە کە لە گشت یۆنانییەکان ڕازییە، تەنیا لە ئێیینی‌یەکان نەبێ. داوایکرد ئەوانیش ئەرکی ئایینی بەپێی شایستە بوونیان لە شەڕی دەریایی سالامینادا وەک خەڵات

پێشکەش بە دێلفوس بکەن. ئێیینی‌یەکان کاتێک ئەو گلەییەیان پێگەیی، خێرا سی ئەستێرەی زێڕی چەقێندراو لەسەر کۆڵەکەیەکی مس‌یان پێشکەش‌کرد. ئەو کۆڵەکەیە لە گۆشەیەک و نیزیک لە پەیکەرەی کریسۆس چەقێندراوە.

**[١٢٣]** پاش ئەوەی دەسکەوتەکانی شەڕ دابەش‌کران، یۆنانییەکان چوونە ئیستمۆ بۆوەی ڕێز لەو یۆنانییانە بگرن کە لە شەڕی ئەوێدا جوامێرانەترین بەربەرەکانییان نیشان‌دابوو و هەروەها خەڵاتیان بکەن. کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنە، سەرکردەکانی لەشکری ئیستمۆ، هەرکام بەنۆرەی خۆی دەنگی‌دا و گشت دەنگەکان لەسەر سەکۆی قوربانی لە پەرستگەی پۆسیدۆن‌دا داندران. دەبوایە دەرکەوێ کە کام سەرکردە قارەمانترین بووە. هەرکام لە سەرکردەکان دەنگی خۆی‌دا و پێیوابوو لەوانی‌تر شازتر بووە. پاشان بۆ دووهەمین جێگاش دەنگیان‌دا و پتر لە گشتیان تێمیستۆکلیس دەنگی هێناوە، چونکە ئەوانی‌تر هەرکەسە یەک دەنگی هێنابۆوە، بەڵام ناوبراو دەنگی پتری مسۆگەر کردبوو.

یۆنانییەکان لەبەر ئێرەیی بە هەڤدوو بردن، گەرەکیان نەبوو بڵێن کە باشترین سەرکردە بووە. لەوێ ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی دەرکەوێ کە کامیان شازترینە. بەڵام تێمیستۆکلیس ناوی دەرکرد و وەک کەسێکی بەتواناتر لەوانی‌تر بوو بە خاوەن ڕێز لە سەرتاسەری خاکی یۆناندا. هەرچەند ناوبراو لەلایەن سەرکردەکانی‌تری بەشدار لە شەڕی دەریایی سالامینا ڕێزی لێنەگیرا، خۆی خێرا سەردانی لاکێدێمۆنی‌یەکانی کرد و گەرەکی بوو لەلایەن ئەوانیشەوە خەڵات بکرێ. لاکێدێمۆنی‌یەکان بە شکۆیەکی تەواو و حورمەتێکی فرەوە پێشوازیان لێکرد. جیا لەوانە، ئێڤریڤیادیس، ئەویش خەڵاتی جوامێری پێبەخشرا و تاجە گوڵی زێڕینی لە گەردن کرا. بۆ تێمستۆکلیس خەڵاتی زانایی و کارزانیان دانا و تاجی زەیتوونیان لە گەردنی ئەویش کرد. باشترین فایتوونی شاری سپارت پێشکەس بە تێمیستۆکلیس کرا، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتیان لێگرت و کاتێکیش لەو شارە ڕۆیی تا سەر سنووری تێیی‌ئا، سێسەد کەس لە کەسایەتییە ناسراوەکانی سپارتی کە

پێیان‌دەگووترێ سوارچاک، لەگەڵ ناوبراو چوون. ئەوەندەی من بزانم، تێمیستۆکلیس یەکەم کەس بوو کە سپارتی‌یەکان بەو شێوە بەشکۆیە بەڕێیان‌کردوە.

**[١٢٥]** وەختێک تێمیستۆکلیس لە هەرێمی لاکێدێمۆنی‌یەوە گەیشتەوە شاری ئاتێن، تیمۆدیمۆس خەڵکی ئافیدنی، ئەو کەسەی دەگووترا لەگەڵ دوژمنانی تێمیستۆکلیس رێککەوتبوو و پیاوێکی بێ‌قیمەت بوو، بۆخاتری حەسادەت و ئێرەیی پێبردنی فرە، تێمیستۆکلیسی سەبارەت بە سەفەر بۆ هەرێمی لاکێدێمۆنییەکان تاوانبارکرد و پێیگووت ئەو رێز و خەڵاتەی پێی‌بەخشراوە، دەبوایە بە شاری ئاتێن ببەخشرێت نەک بەو. لەبەر ئەوەی تیمۆدیمۆس لێی نەدەبڕیەوە، تێمیستۆکلیس ناچاربوو پێی بڵێ: "تۆ راست دەکەی، منیش هیچکات لەلایەن سپارتییەکانەوە خەڵات نەدەکرام ئەگەر خەڵکی ڤێلڤینا[١] بوایەم، نە تۆش رەفیق ئەگەر ئاتێنی بای ".

**[١٢٦]** تا ئێرە ئەو کۆمەڵە رووداوانە قەوماون کە باسم لێوە کردن. ئارتاڤازۆس کوڕی فارناکی پارس، پێشتر ناسراو بوو و لەو دواییەدا بەهۆی شەڕی پلاتێییەکان پتر ناوی دەرکردبوو. ناوبراو بە شێست هەزار شەڕکەری هەڵبژاردە لە سپای ماردۆنیۆس‌دا بەشداربوو و پاشای تا ناوچەی ئێلیسپۆندۆس هاوڕێییەتی کرد. دوای ئەوە کسێرکیس گەیشتە خاکی ئاسیا، ئارتاڤازۆس گەڕاوە دەڤەری پالینی[٢]. لەبەر ئەوەی ماردۆنیۆس وەرزی زستانی لە تێسالیا و مەقدوونی دەربازکرد و ئیتر هیچ گرفتێک لەبەردەم ئارتاڤازۆس نەما، ئارتاڤازۆس بڕیاری‌دا کە هەرێمی پۆتیدێ‌ئا بێنێتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆی، چونکە لە پاشا هەڵگەڕابوونەوە. پۆتیدی‌یەکان لەو کاتەدا کە پاشا و کەشتیگەلیەکەی لە سالامیناڕا گەڕانەوە و بە شاری ئەواندا

---

١- دورگەیەکی بچووکی هەرێمی سارۆنیکۆ، ١٢ میل لە سونیۆ دووره. ئەمڕۆ دورگەیەکی ویشکە بەناوی سان‌جیۆرجیۆ.

٢- نیمچە دورگەی خالکیدیکی.

تێپەڕین، ئیتر پشتیان لە بەربەرەکان کرد. هاوکات لەگەڵ پۆتیدیەیەکان، خەڵکی دانیشتووی شاری پالینی، ئەوانیش هەر ئەو کارەیان کرد.

**[١٢٧]** ئارتاڤازۆس کاتێک شاری پۆتیدێئای گەمارۆدا، نیگەرانی ئەوەش بوو کە ئۆلینتیەیەکانیش لە پاشا دوورکەونەوە، بۆیە شاری ئۆلینتۆ پێتەختی ئەوانیشی گەمارۆدا. خەڵکی ئەو شارە بەپڕانی (ڤۆتییێ)یین و مەقدوونیەیەکان ئەوانەیان لە دەوروبەری گۆلی تێرماییکۆ دەرکردبوو. کاتێک ئارتاڤازۆس ئەوانەی گەمارۆدا، دەستی بەسەر شاری ئۆلینتۆدا گرت، سەری تەواوی دانیشتووانی ئەوێی بڕی، هەڵبەت پاش ئەوەی گشتیانی بردە سەر گۆلێک، ئەوجار شارەکەی دایەدەست خالکیدیەیەکان و کریتۆڤولۆسی خەڵکی تۆرۆنی ئەو شارەی وەرگرت و بەسەری راگەیی. خالکیدیەیەکان بەو چەشنە لە ئۆلینتۆ دامەزران و ئیدارەی شاریان کەوتە دەست.

**[١٢٨]** ئارتاڤازۆس دوای داگیرکردنی شاری ئۆلینتۆ، ئەوجار بیر و هەستی خۆی خستە سەر گرفتی داگیرکردنی شاری پۆتیدێئا. کاتێک ناوبراو بەو فکرەوە سەرقاڵ بوو، سەرکردەی سکیۆنیەیەکان بەناوی تیمۆکسێنۆس پێوەندی بەوەوە گرت و بەڵێنی خەیانەتی پێدا کە شارەکە رادەستی ئەو بکا. ئەو پێوەندییە چۆن دروست بوو، من نازانم! چونکە زانیاری لەبەردەستدا نین، بەڵام گشت پیلانەکە بەو چەشنە کۆتایی پێهات: وەختێک تیمۆکسێنۆس گەرەکی بوو پەیامێک بۆ ئارتاڤازۆس بنێرێ یا ئارتاڤازۆس بۆ تیمۆکسێنۆس، پەیامەکەیان لە کلکی خەدەنگێک دەبەست و لە شوێنێکی دیاریکراوڕا دەیانهاویشت. تیمۆکسێنۆس ئەو کارەی لێ ئاشکرا بوو، واتە دەخوازێ شاری پۆتیدێئا رادەستی دوژمن بکا. رۆژێک ئارتاڤازۆس تیرێکی بەرەو شوێنی دیاریکراو هاویشت، تووشی هەڵە بوو و تیرەکە وەشانی کەسێکی دانیشتووی شاری پۆتیدێئا کەوت. خەڵک لە دەوری کابرای بریندار کۆبوونەوە، هەروەک لەکاتی شەڕدا نەریتە، تیرەکەیان دەرکێشا و دیتیان پەیامێکی تێوەپێچراوە. ئەو پەیامەیان دایەدەست سەرکردەکانی لەشکر. کۆمەڵێک خەڵکی هاوپەیمانی پالینیەیش راست لەو کاتەدا لەوێ بوون. سەرکردەکان ئەو پەیامەیان

خوێندەوە و تێگەیشتن کە تیمۆکسێنۆس خەیانەتکارە، بەڵام بڕیاریان‌دا بۆخاتری شاری سکیۆنیس سکیۆنیس ناوەرۆکی پەیامەکە بشارنەوە تا خەڵکی سکیۆنی لە داهاتوودا بەچاوی خەیانەتکار سەیری ئەوان نەکەن.

**[١٢٩]** ئارتاڤازۆس سێ مانگ ئەو شارەی (پالینی) گەمارۆدا، تا ئەو ڕۆژەی ئاوی دەریا پاشەکشەیەکی زۆر و درێژماوەی کرد. بەربەرەکان وەختێک دیتیان ئاوی دەریا بەو چەشنە لەکەمی داوە و پاشەکشەی کردوە، خێرا وەخۆکەوتن و هەوڵیان‌دا بچنە نێو شاری پالینی. ئەوانە دوو لە پێنج بەشی ڕێگایان پێوابوو و سێ بەشی مابوو بگەنە نێو شار. لەپڕێکا ئاوی دەریا بە هوروژمێکی ئێجگار توند گەڕاوە. دیاردەیەک کە هەرگیز چ جاری دیکە نەدیترابوو. وەک دانیشتووانی ناوچەکە باسی دەکەن، پێشتر ڕووداوی ئەوتۆ نەقەومابوو. ئەوانەی مەلەیان نەدەزانی بەپانەوە قڕبوون و ئەوانەش کە خەریک بوون بە مەلەکردن خۆیان ڕزگاربکەن، پۆتیدێئاتی‌یەکان بەسواری گەمی کەوتنە سەریان و قڕانیان تێخستن. پۆتیدێئاتی‌یەکان لەو باوەڕەدان کە هۆی پاشەکشەی ئاوی دەریا لەو کاتەدا و گەڕانەوەی بە هوروژمەوە و کوژرانی پارسەکان، گشتیان دەگەڕێنەوە بۆسەر کرداری پارسەکان. پارسەکان بێحورمەتییان بە پەرستگە و پەیکەرەی خواوەند پۆسیدۆن کردبوو. ئەو پەرستگەو پەیکەرەیە لە دەرەوەی شار هەڵکەوتبوون. پارسەکان بەهۆی لافاوی دەریاوە کوژران و بەسزای تاوانەکانیان گەیشتن. هەڵبەت من خۆم پێموایە پۆتیدێئاتی‌یەکان لەو بارەوە هەقیانە کە بەو شێوەیە بیربکەنەوە. ئەوانەی ڕزگارییان هات، ئارتاڤازۆس بردنی بۆ ناوچەی تێسالی و ماردۆنیۆس، ئەویش لەوێ بوو.

**[١٣٠]** ئەوانە کۆمەڵە ڕووداوێک بوون کە لە سەردەمی بەڕێکردنەوەی پاشادا بۆ لەشکر هاتنەپێش. کەشتیگەلی دەریایی کسێرکیس، ئەوەندەی لە شەڕی سالامینا ڕزگارییان هاتبوو، بەرەو ئاسیا وەڕێکەوتن و کسێرکیس و لەشکری هاوڕێیان گەیاندەوە ئاڤیدۆ. دواتر زستان لە ناوچەی کیمی کۆتایی‌پێهات و لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی سەرەتای بەهار، ئەو کەشتیگەلیە لە

کەنار ئاوەکانی دوورگەی سامۆس دامەزرا. ژمارەیەکی زۆر لە گەمییەکان لە سامۆس لەنگەریان گرتبوو و زستانیان لەوێ تێپەڕکردبوو. کارگێڕانی ئەو گەمییانە بەپڕانی لە خەڵکانی پارس و میدیایی پێکهاتبوون. ئەو کەشتیگەلیە بەدەست ماردۆنتیس کوڕی ڤایێئۆس و ئارتائیندیس کوڕی ئارتاخێئۆس ئیدارە دەکرا. برازای ئارتائیندیس بەناوی ئیتامیتریس هاوکاری فەرماندەی ئەوانە بوو و مامی خۆی ئەو ئەرکەی پێئەسپاردبوو.

ئەوانە دوای ئەو تۆفانەی کاتی خۆی تووشی هاتبوون، ئیتر لەخۆیان رانەدەدی بەرەو رۆژئاوا بچن و کەسیش ناچاری نەکردبوون ئەو کارە بکەن و بۆیە لە دوورگەی سامۆس مابوونەوە و چاوەدێریان لە هەرێمی یوونیا دەکرد، مەبادا خەڵک راپەڕێ و سەرهەڵدان سازبێ. ژمارەی ئەو گەمییانە لەگەڵ هی یوونییەکان دەگەیشتنە سێسەد دانە. ئەوانە قەت چاوەروان نەبوون کە یۆنانییەکان بچنە هەرێمی یوونیا، بەڵکوو پێیانوابوو لە یۆنان دەمێننەوە و پارێزگاری لەوێ دەکەن. ئەوانە بۆیە بەو قەناعەتە گەیشتبوون، چونکە دوای شەڕی سالامینا یۆنانییەکان حەولیان نەدابوو ئەوان دەرکەن و لێیانگەڕان کە بێ هیچ گرفتێک پاشەکشە بکەن. سەبارەت بە تێکۆشان و ململانێی دەریایی لەو باوەڕەدا بوون کە تووشی شکست دەبن، بەڵام لەمەر شەڕی دەشتایی دڵنیابوون سەردەکەون و ماردۆنیۆس ئەو ئامانجە مسۆگەر دەکا. ئەوانە کاتێک لە دوورگەی سامۆس بوون دەیانتوانی زەبری گورجووبڕ لە دوژمن بدەن، بەڵام هیچ کارێکیان نەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بزانن بارودۆخی ماردۆنیۆس بەکوێ دەگا.

**[١٣١]** یۆنانییەکان ئەوەندەی وەرزی بەهار هانیدان، هێندەش ماردۆنیۆس وەخۆی خستن کە ئەو کاتە لە تێسالیا بوو. هێزی پیادەی یۆنانییەکان کۆنەبۆوە، بەڵام ناوگانەکەیان کە نیزیک بە سەد و دە گەمی دەبوون، بەرەو دەڤەری ئێیینا وەڕێکەوتن. سەرکردە و فەرماندەی گشتی ئەو کەشتیگەلیە، لێئۆتیخیدیس کوڕی مێناری، کوڕی ئێییسیلائۆس، کوڕی ئیپۆکراتیدیس، کوڕی لێئۆتیخیدیس، کوڕی ئەناکسیلائۆس، کوڕی ئارخیدێمۆس، کوڕی

ئەناکساندریدیس، کوڕی تیئۆپۆمپۆس، کوڕی نیکاندرۆس، کوڕی خاریلائۆس، کوڕی ئێڤنۆمۆس، کوڕی پۆلیدێکتیس، کوڕی پریتانیۆس، کوڕی ئێڤریفۆنۆس، کوڕی پرۆکلیئۆس، کوڕی ئاریستۆدیمۆس، کوڕی ئاریستۆماخۆس، کوڕی کلیئۆدیئۆس، کوڕی ئیللۆ، کوڕی ئیراکلیس بوو. لیئۆتیخیدیس سەر بە دووهەمین خانەدانی پاشایەتی بوو. گشت ئەو ناوانەی هێناومە، جیا لە دوو کەسیان، دوای لیئۆتیخیدیس، پاشایەتی وڵاتی سپارتیان کردوە. سەرکردەی هێزەکانی ئاتێنی لەو کاتەدا کسانتیپۆس، کوڕی ئاریغرۆنۆس بوو.

**[١٣٢]** پاش ئەوەی تەواوی گەمییەکان لە ئێیینا کۆبوونەوە، چەند راسپاردەیەکی یوونییەکان گەیشتنە ئۆردوی لەشکری یۆنانی. بەرلەوەی بچنە ئەوێ، سەردانی شاری سپارتیان کردبوو و داوایان لەوان کردبوو کە بۆ رزگاری هەرێمی یوونیا تێبکۆشن. لەنێو کۆڕی راسپاردەکاندا، ئیرۆدۆتۆس کوڕی ڤاسیلیدیس بەرچاودەکەوت. ئەو وەڤدە کە لە سەرەتاوە حەوت کەس بوون، شۆڕشیان دەست پێکردبوو و گەرەکیان بوو حوکمڕانی سەرەڕۆی دوورگەی خییۆس بەناوی ستراتیس بکوژن. لەکاتی جێبەجێ کردنی مەبەستەکەیاندا یەکێک لەوانە خەیانەتی پێکردبوون و شەش کەسەکەیتر لە دوورگەی خییۆس رایانکردبوو و سەرەتا چووبوونە شاری سپارت و دواتر بەرەو ناوچەی ئێیینا رۆیشتبوون. ئەوانە لەبەر ئاتێنییەکان پاڕانەوە کە بە کەشتیگەلی دەریایی هێرش بکەنە هەرێمی ئێیینا. هەڵبەت تا دەڤەری دیلۆ توانیان هاورێییەتیان بکەن، چونکە لەوێ بەولاوە گشت ناوچەکان بەلای یۆنانییەکانەوە جێگای مەترسی بوون و شارەزای نەبوون و پێیانوابوو هێزی دوژمنی لێیە. یۆنانییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە دورگەی سامۆس دوورە و وەک ئەوە دەچێ کە بچنە ناوچەی کۆڵەکەکانی ئیراکلیس. ئەوە گرفتی ئەوان بوو، لەو لاشەوە بەربەرەکان لەخۆیان رانەدەدی لە دوورگەی سامۆس دوورکەونەوە و بۆلای رۆژئاوای ئەو دوورگەیە بچن، چونکە زۆر دەترسان. یۆنانییەکانیش هەروەک ئەوان دەترسان و سەرەڕای پێداگری

دانیشتووانی دوورگەی خییۆس نەیانوێرا بەرەو رۆژهەڵاتی دیلۆ برۆن. ترس لە یەکتر هەردوو لایەنی داگرتبوو.

**[١٣٣]** هەروەک گووتم، یۆنانییەکان بەرەو دیلۆ چوون و ماردۆنیۆس زستانی لە ناوچەی تێسالیا تێپەڕکرد. کاتێک ناوبراو خۆی ئامادەکرد، کەسێکی خەڵکی ناوچەی ئێڤرۆپۆ[١] بەناوی میس بە مەبەستی سەردانی نێوەندەکانی تاڵەبینی دەریخست و داوای لێکرد سەردانی گشت شوێنێک بکا و هەرکامیان رازی بوو، پێشگۆیی لێوەرگرێ. من نازانم کە مەبەستی ماردۆنیۆس لە وەدەسخستنی ئەو پێشگۆییانە چ بووە، چونکە هیچکەسم نەدۆزییەوە زانیاریی باشی هەبێ. بەباوەڕی من ئەو داوایەی بۆ هیچ مەبەستێکیتر نەبوو، جیا لەوە کە دەیویست بزانێ بارودۆخی خۆی چۆنە.

**[١٣٤]** وێدەچێ کە میس چوو بۆ دەڤەری لیڤادیا و کەسێکی دانیشتووی ئەوێی بە پارە رازیکرد، بۆوەی بچێتە پەرستگەی ترۆفۆنیۆ. میس هەروەها سەردانی نێوەندی تاڵەبینی ئاڤی لە فۆکیدا کرد. ناوبراو کاتێک گەیشتە هەرێمی تیڤا، داوی پێشگۆیی لە ئیسمینیۆ ئاپۆلۆنا کرد ( لێرەش وەک نێوەندی ئۆلیمپیا، پیاو دەتوانێ داوای پێشگۆیی لە تاڵەبینەکانی بە ئەزموون بکا). دیارە میس کارێکیتریشی هەبوو. ناوبراو پارەی بە کابرایەکی خەڵکی ناوچەکەدا کە بە رەگەز تیڤیی نەبوو، بۆوەی شەو لە پەرستگەی ئەمفیارۆ بخەوێ. هیچکەسی تیڤیی بۆی نەبوو لەبەر ئەو هۆیەی باسی دەکەم، داوای پێشگۆیی لەو پەرستگەیە بکا: ئەمفیارۆ خۆی داوای لە تیڤێییەکان کردبوو لەو دوو ئامۆژگارییە، یەکیان هەڵبژێرن، یا دەبێ وەک تاڵەبین چاوی لێبکەن یا وەک هاوپەیمان و پشتیوان. تیڤێییەکان بەڵێنیان پێدابوو وەک پشتیوان سەیری بکەن و لەو سەردەمەوە ئیتر هیچکەسی تیڤیی بۆی نەبوو بەشەو لەو پەرستگەیەدا بخەوێ.

**[١٣٥]** گەورەترین موعجیزە کە قەوما و تیڤێییەکان خۆیان باسیدەکەن، ئەوە بوو کە میس، واتە کابرای ئێڤرۆپی بە تەواوی نێوەندەکانی تاڵەبینیدا گەڕا و گەیشتە پەرستگەی ئاپۆلۆنا لە پتۆئۆس. ئەو نێوەندە هەرچەند بە

---

١- شارێکی بچووکی هەرێمی کاریا.

پەرستگەی پتۆئۆس ناسراوە، بەڵام لە ئەسڵدا ملکی تیڤیییەکان بوو. لە سەرەوەی گۆلی کۆپائیدا و لەسەر کێوێک، زۆر نیزیک لە شاری ئاکرێڤیا هەڵکەوتووە. لەهەرحاڵدا، کاتێک میس چوو بۆ ئەو پەرستگەیە، سێ کەسی خەڵکی ناوچەی ئاکرێڤیاسی لەگەڵ بوو. ئەو سێ کەسە لەلایەن ئیدارەی شارەکەوە دیاریکرابوون بۆوەی ناوەرۆکی پێشگۆییەکە بەوردی بنووسنەوە. تاڵەبینی ئەو پەرستگەیە بە زمانێکی بێگانە قسەی دەکرد. تیڤیییەکان کاتێک گوێیان لەو تاڵەبینە بوو، پێیان سەیربوو کە لەجیات زمانی یۆنانی، بە زمانێکی دیکە قسەدەکات. میس خێرا تەختەڕەشی بچووکی لەدەست ئەوانە رفاند و خۆی دەستی بە نووسینەوەی ئەو قسانە کرد کە کابرای تاڵەبین دەیگووت و بە تیڤیییەکانی گووت کە ئەوە زمانی کارییەکانە. میس دوای نووسینی ئەو قسانە، خێرا هەستا و بەرەو تێسالیا گەڕاوە.

**[١٣٦]** وەختێک ماردۆنیۆس ناوەرۆکی پێشگۆییەکانی خوێندەوە، راسپاردەیەکی بەناوی ئەلێکساندرۆس، کوڕی ئامینتا و خەڵکی مەقدوونییە ناردە شاری ئاتێن. ئەو کابرایە خزمایەتی لەگەڵ پارسەکان دامەزراندبوو. خوشکی ئەلێکساندرۆس، کچی ئامینتا بەناوی ییغێئا مێردی بە ڤوڤاریس کردبوو و لەو جووتە، منالێک بەناوی ئامینتا لەدایکبوو. ئامینتای ئاسیایی خاوەن ناوی باپیری خۆی لە دایکەوە، لەلایەن پاشاوە شارێکی وڵاتی فریژیا ناسراو بە ئالڤانادای پێبەخشرا. ماردۆنیۆس بۆیە ئەلێکساندرۆسی وەک راسپاردە ناردە ئاتێن، چونکە دەیزانی ئەو سەفیر و راوێژکاری ئاتێنییەکان بووە. ماردۆنیۆس بەو کارەی، پێیوابوو دەتوانێ ئاتێنییەکان بکاتە هاوپەیمانی خۆی، چونکە ئەو خەڵکە وەک حەشیمەت، زۆر و جوامێر بوون و هەر ئەوانە بوون کە لە شەڕی دەریاییدا کاریگەرترین زەبریان لە پارسەکان وەشاندبوو. ماردۆنیۆس لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر ئاتێنییەکان رازیبکا، بەڕاحەتی دەتوانێ دەست بەسەر ئاوەکاندا بگرێت و لەلای خۆیەوە نیگەرانی لە هێزی پیادە نەبوو و لەگشت بارەوە لە دوژمنەکانی لەپێشتر بوو. بەو حیساب و بەراوردەی کردی، بەو قەناعەتە گەیشت کە سەرکەوتنی ئەو بەسەر یۆنانییەکاندا تەواو مسۆگەرە.

**[١٣٧]** حەوتەمین نەوەی ئەلێکساندرۆس، پێردیکاس، واتە ئەو کەسەی فەرمانڕەوایی مەقدوونییەکانی بەو چەشنە وەدەستهێنا: سێ برا بە ناوەکانی یاڤئانیس، ئائێرۆپۆس و پێردیکاس لە نەوەکانی تیمێنۆسی خەڵکی ئارغۆس پەنایان بۆ شاری ئیلیریا برد. لەوێڕا بەرەو وڵاتی مەقدوونییە وەڕێکەوتن و چوونە شاری لیڤێئا و لەوێ بوونە خزمەتکار و موچەخۆری پاشا. یەکیان خزمەتی ئەسپەکانی پاشای دەکرد و دووهەمیان بوو بە گاوان و سێهەمیان، واتە پێردیکاس کە لەوانیتر بچووکتر بوو، گوێلکەوانی و بەرخەوانی پێئەسپێردرا. زەمانی زوو، نەک هەر خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو پاشاکانیش هەژار و نەداریان لێ هەڵدەکەوت. ژنی پاشا نانکەری ماڵی خۆی بوو. هەرجارێ کە نانی کردبا، دوو نانی بەجیا بۆ پێردیکاسی بچووک پێوەدەدا. شاژن بەردەوام ئەو کارەی دەکرد. رۆژێکیان لەمەر ئەو نان بەخشینەی خۆی، قسەی لەگەڵ مێردەکەی کرد. پاشا وەختێک گوێی لەو قسەیە بوو، هەستی بەوە کرد کە ئەو کردەوەیە دەبێتە سەرەتای خولْقانی گرفتێکی گەورە، بۆیە لەجێوە هەرسێ برای راکردوی بانگکرد و پێیگووتن دەبێ خێرا لەو وڵاتە بڕۆن. براکان داوایان کرد کە پێویستە مووچەکەیان وەرگرن و پاشان بڕۆن. پاشا کاتێک گوێی لە وشەی مووچە بوو – وەک ئەوەی خوایەک دەسەری کردبێ – دیتی خۆر بە کولانەی ماڵەوە هاتووەتە ژوورێ، خێرا گووتی: "ئەو خۆرەتاوەتان وەک مووچە دەدەمێ ". قسەکەی کرد و ئیشارەی بە تیشکی خۆر کرد. یاڤئانیس و ئائێرۆپۆس وەختێک گوێیان لەو وڵامە بوو، سەریان سوڕما، بەڵام برای بچووکیان واتە پێردیکاس ئەو جوابەی بەهێند گرت و گووتی: "پاشا! هەرچی پێمانبدەی قبوڵمانە "و بە خەنجەرەکەی جغزێکی لە دەوری باقە تیرڕێژەکانی خۆری کولانە لەسەر عەرزی ماڵ کێشا و سێ جار ئەو کارەی دووپات کردەوە. ئەو کوڕە بەو کارەی نیشانیدا کە خەریکە تیشکی خۆر لەژێر پێی خۆیدا کۆدەکاتەوە. دواتر هەر سێ برا لەو وڵاتە رۆیشتن.

**[١٣٨]** دوای رۆیشتنی ئەو سێ برایە، یەکێک لە کەسانی نیزیک، کردەوەی پێردیکاسی وەبیر پاشا خستەوە کە چۆن هەرچی پێیدراوە، بەگیان و دڵ قبوڵی کردوە. پاشا بە وەبیرهاتنەوەی کردەوەی پێردیکاس تەواوێک قەڵس

بوو و چەند سوارکارێکی بەدوای ئەو سێ برایەدا نارد و گەرەکی بوو بیانکوژێ. لەو ناوچەیە چۆمێک هەیە و وەک رزگاریدەری نەوەکانی ئەو سێ کوڕە سەیردەکرێت. کوڕەکان هەرچۆنێک بوو لەو چۆمە پەڕینەوە و دوای ئەوان ئاوی چۆم هەستا و بواری نەدا کە سوارکارەکان پێیدا دەربازبن. ئەو سێ برایە گەیشتنە ناوچەیەکیتری وڵاتی مەقدوونییە و لە نیزیک مووچە و مەزراکانی ناوچەی میدا، کوڕی غۆردییۆس نیشتەجێ بوون و خۆیان بە چاندنی گوڵە ڕۆزی شەش پەڕی کێویی گەلاوەرد مژوڵ کرد. ئەو ڕۆژانە لە ڕۆژەکانیتر بۆندارترن. مەقدوونییەکان دەگێڕنەوە کە سیلۆنۆس لەو باغەدا گیرا. تۆزێک لە سەرەوەتری ئەو باغە، چیایەک هەڵکەوتووە و ناسراوە بە ڤێرمییۆ و لە زستاندا بۆ پێهەڵگەڕان دەستنادا. وەختێک کوڕەکان لەو ناوچەیە گیرسانەوە، بەرەبەرە لەوێڕا دەستیان بە پەلاماردان کرد و سەرتاسەری خاکی مەقدوونییەیان داگیرکرد.

**[١٣٩]** ئەلێکساندرۆس، ئەو کەسەی پێشتر باسم کرد، لە نەوەکانی پێردیکاس و کوڕی ئامینتا بوو. ئامینتا خۆی کوڕی ئالکێتا و نەوەی ئائێرۆپۆس بوو. ئائێرۆپۆس کوڕی فیلیپۆسی کوڕی ئارغێئۆسی کوڕی پێردیکا کە یەکەم کەس بوو دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

**[١٤٠]** ئەلێکساندرۆس کوڕی ئامینتا کە سەر بەو خانەدانە بوو، کاتێک گەیشتە شاری ئاتێن و لەلایەن ماردۆنیۆسەوە نێردرابوو، بەو شێوەیە قسەی کرد: "ئاتێنییەکان! ماردۆنیۆس ئەو پەیامەی بۆ ئێوە هەیە و دەڵێ: نامەم لە پاشاوە پێگەیشتووە و سەبارەت بەو هەموو زیانەی بە لەشکری منتان گەیاندوە، دەتانبوورم. ئێستا، ماردۆنیۆس پێویستە ئەو کارەم بۆ جێبەجێ بکەی و تەواوی خاکی ئاتێنی ژێر دەستمان بە ئاتێنییەکان بدەوە و چی خاکیتری ویستیان، بیاندەیێ و لێیانگەڕێ بە ئازادی بژین. ئەگەر ئاتێنییەکان بخوازن لەگەڵت ڕێک کەون، تەواوی ئەو پەرستگانەی من ئاگرم تێبەردان و وێرانم کردن، بۆیان دروست بکەوە.

ئاتێنییەکان! ئەوە ئەو پەیامە بوو کە لە پاشاوە پێمگەیشت و ناچارم جێبەجێی بکەم، هەڵبەت ئەگەر ئێوە دژی رانەوەستن. ئێستا رووی پرسیارم لە ئێوەیە، بۆچی هێندە تامەزرۆی شەڕ لەگەڵ پاشان؟ ئێوە ناتوانن پاشا شکست بدەن و خۆڕاگریشتان درێژخایەن نابێ. چاوتان بە لەشکری پڕجەماوەری کسێرکیس و کارەکانی کەوت. ئەوەش دەزانن کە هێزی ژێردەسەڵاتی منیش چەندە و چۆنە. ئەگەر ئەوجاریش خۆڕاگربن و سەرکەوتن وەدەست بێنن، هەستێک کە نابێ دڵی خۆتانی پێخۆش بکەن و پێویستە تۆزێک ژیرانە و ئاقڵانە بیر بکەنەوە، دەزانن کە لەشکرێکی بەهێزیتری بەدوادا دێ. کەوابوو باشترە دەست لە شەڕ دژی پاشا هەڵگرن، چونکە ئەو هەڵوێستەتان دەبێتە هۆی لەدەستدانی وڵاتەکەتان و ژیانتان بەردەوام لە مەترسیدا دەبێ. واباشترە لەگەڵمان رێک کەون. ئەوە هەلێکی گونجاوە و بە باشترین شەرتەوە بۆتان رەخساوە، چونکە پاشا خۆی داوای کردوە. دەتوانن ئازاد بژین و بەبێ هیچ فرتوفێڵێک ببنە هاوپەیمانی ئێمە.

ئاتێنییەکان ئەوە قسەی من بوو و ماردۆنیۆس ئەمری دەسەر کردوم ئەو خواستەتان پێڕابگەیێنم. ئەوجار سەبارەت بە خۆم، پێتان ناڵێم کە چ هەستێکی جوانم سەبارەت بە ئێوە لە دڵدایە (جاری یەکەم نییە کە ئێوە بەو هەستەی من دەزانن)، بەڵام پێشنیارتان پێدەکەم باوەڕ بە قسەکانی ماردۆنیۆس بکەن، چونکە دەزانم ئێوە ناتوانن بەردەوام لە شەڕدا بن. ئەگەر دڵنیا نەبام، هیچ شک لەوەدا نییە کە نەدەهاتمە لاتان تا ئەو پەیامەتان بۆ بێنم. هێزی پاشا لەبڕاننەهاتوویە و دەستی زۆر دەڕوا. ئەگەر هەر ئێستا لەگەڵ ئەو خواستە رێک نەکەون، بەتایبەت بەو هەموو شەرتە گونجاوە، لە داهاتووتان دەترسم، چونکە لەنێو گشت هاوپەیمانانی تەنیا ئێوە پتر لە گشتیان تووشی زەرەر و زیان دەبن. ئێوە لە ناوچەیەک دەژین کە مەیدانی شەڕە. ئەوە گەلێک گرینگە کە پاشا لە تاوانەکانتان خۆشبێ و لەنێو تەواوی یۆنانییەکاندا دەستی دۆستایەتی بۆلای ئێوە راداشتووە.

**[١٤١]** لاکیدیمۆنی‌یەکان زانیارییان پێگەیشتبوو کە ئەلێکساندرۆس دەچێتە شاری ئاتێن بۆوەی ئاتێنی‌یەکان هانبدا ئەو رێککەوتنە پەسند بکەن و لەگەڵ بەربەرەکان پێک بێن. لاکیدیمۆنی‌یەکان وەبیر ئەو پێشگۆییە کەوتنەوە کە دەیگووت لاکیدیمۆنی‌یەکان و دووری‌یەکان بەهۆی میدیاکان و ئاتێنی‌یەکان لە پێلۆپۆنیسۆس دەردەکرێن. ئەوان لەوە دەترسان مەبادا ئاتێنی‌یەکان رەگەڵ پارسەکان بکەون، بۆیە خێرا نوێنەریان ناردە شاری ئاتێن. بەهەڵکەوت هەم ئەلێکساندرۆس و هەم وەفدی لاکیدیمۆنی‌یەکان هاوکات لەو شارە بوون. ئاتێنی‌یەکان کارێکیان کرد کە ئەلێکساندرۆس لە کاتی هاتن بۆ نێو شاردا وەدرەنگی بکەوێ. ئەوان هەستیان بەوە کردبوو کە لاکیدیمۆنی‌یەکان خەبەریان لە هاتنی وەفدی بەربەرەکان هەیە و بۆیە ئاوا خێرا وەفدیان ناردوە. لاکیدیمۆنی‌یەکان بە ئەنقەست خۆیان گوێزراند و گەرەکیان بوو بەباشی لە مەبەستی ئاتێنی‌یەکان تێبگەن.

**[١٤٢]** وەختێک ئەلێکساندرۆس لە قسەکانی بۆوە، ئەوجار لاکیدیمۆنی‌یەکان جێگای ئەویان گرتەوە و راسپاردەکانیان دەستیان بە ئاخاوتن کرد: "لاکیدیمۆنی‌یەکان ئێمەیان ناردوە بۆوەی داوا لە ئێوە بکەین کە لە هەڵوێست گرتن دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی یۆنان خۆتان بپارێزن و پێشنیاری بەربەرەکان پەسەند مەکەن، چونکە هەڵوێستێکی ئەوتۆ بۆ هەر تاکێکی یۆنانی و بەتایبەتی بۆ ئێوە، ئەگەر بتانەوێ، نە بەرهەقە و نە کارێکی دروستە. ئێوە خۆتان ئەو شەڕەتان هەڵایساند و هیچکەس لە ئێمە خوازیاری ئەو کێشەیە نەبوو و تەواوی تێکۆشان و پشتیوانیمان بۆخاتری پاراستنی هەرێمی ئێوە بوو. ئێستا بەڵام، باس لە تەواوییەتی خاکی یۆنان دەکرێت و بەدروستی نازانین وڵاتەکەمان بکەوێتە ژێر دەستی بەربەرەکان و تووشی کۆیلەتی بێ، ئەویش تەنیا بۆخاتری ئاتێنی‌یەکان، واتە ئەوانەی هیچکات وەک رزگاریخواز هەڵسوکەوت ناکەن. دەزانین ئێوە زیانتان پێگەیشتوە، خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین، چونکە دوو جار بەرهەم و بەروبومتان ئاگری تێبەردراوە، ماڵەکانتان وێران و سووتێندراون و ماوەیەکی زۆرە لەو بارودۆخە نالەبارەدان.

هەر لەبەر ئەو هۆیانە، لاکیدیمۆنی‌یەکان و هاوپەیمانان بەڵێنتان پێدەدەن ژن و مناڵتان بۆ بەخێو بکەن و بەتایبەتی ئەو کەسانەی لە وەزعێکدا نین بەشداری لە شەڕدا بکەن. ئەو بەڵێنانە تا کۆتایی شەڕ لەجێی خۆیاندا دەبن. فریوی ئەلێکساندرۆسی مەقدوونی مەخۆن، بەتایبەت کە ئێستا بە کۆمەڵێک پێشنیاراتی ماردۆنیۆسەوە هاتووە بۆ لاتان. ئەلێکساندرۆس ناچارە ئەو کارە بکا، چونکە خۆی وەک حوکمڕانێکی سەرەڕۆ دەبێ لە خزمەت دەسەلاتدارێکی زاڵمتردا بێ. ئێوە نابێ ئەو پێشنیارانە قبوڵ بکەن. ئەگەر تۆزێک ورد بیر لە کێشەکە بکەنەوە، ئەوکات دەزانن کە ئەو بەربەرانە هیچکات بۆوەی نابن باوەڕیان پێبکەی و پشتیان پێ‌ببەستی ".

**[١٤٣]** ئەوە قسەی راسپاردە لاکیدیمۆنیەکان بوو. ئاتێنی‌یەکان، ئەوانیش بەو شێوەیە وڵامی ئەلێکساندرۆس‌یان داوە: "ئێمەش دەزانین هێزەکانی میدیایی لە ئێمە گەورەتر و پترن، بۆیە پێویست بە هەڕەشە کردن ناکا. ئێمە ئەوەندەی عاشقی ئازادی و سەربەستین، ئیتر چی لە دەستمان بێ بۆ پاراستنی خۆمان دەیکەین. ئەوجار سەبارەت بە رێکەوتنی ئێمە لەگەڵ پاشای بەربەر، نە تۆ پێویستە زەختمان لێبکەی و نە ئێمەش باوەڕمان پێیەتی. ئێستا بڕۆوە و بە ماردۆنیۆس بڵێ کە ئاتێنی‌یەکان دەیانگووت، تا ئەو کاتەی رۆژ بەردەوام بواری خۆی بپێوێ، هیچکات بە زمانی هاوبەش لەگەڵ کسێرکیس قەسە ناکەین، مەگەر رۆژ بوار بگۆڕێ. ئێمە باوەڕمان بە هاوپەیمانەکانی خۆمان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەش دەمێنینەوە و پێکەوە لەگەڵ قارەمانەکانمان، ئەوانەی کسێرکیس بە لەخۆرادیوی پەرستگەکانی سووتاند، جوامێرانە بەرگری لە خۆمان دەکەین. تۆش لەوە زیاتر، ئەگەر پێشنیاری هاوشێوەی قسەکانت هەیە، مەیە بۆلای ئاتێنی‌یەکان و پێتوانەبێ بەو کار و پێشنیارە بێشەرمانەیە خزمەت بە ئێمە دەکەی. ئێمە حەز ناکەین لەلایەن ئاتێنی‌یەکانەوە زیانێکت پێبگا، چونکە میوان و دۆستمانی ".

**[١٤٤]** ئەوە وڵامی ئاتێنی‌یەکان بۆ ئەلێکساندرۆس بوو. وڵامی راسپاردەکانی سپارتی‌یشیان بەو شێوەیە داوە: "ئەوە کە ئێوەی لاکیدیمۆنی سەبارەت بە رێکەوتنی ئێمە لەگەڵ بەربەرەکان هەست بە مەترسی بکەن،

دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام هاتنتان چەشنێک بێحورمەتی بە ئێمەی ئاتێنی بوو، چونکە بە شک و گومانەوە سەیری هەڵوێستی ئێمەتان کردوە. نە زێڕ و نە ئاڵتوون، نە لەسەر رووی زەوی و نە لە هیچ شوێنێکی‌تری ئەو جیهانە ئەوەندە وەگیرناکەوێ کە ببێتە عەیاری پێوانی گرینگی و بەتوانابوونی ئێمە. دەبی ئەوەش بڵێین کە لە سەرتاسەری گێتی کەسێک وەگیر ناکەوی خاوەن خوو و رەوشتی وەک ئێمە بێ، چۆن دەتوانین ببینە کۆیلەی میدیاکان و وڵاتی یۆنان بخەینە ژێردەستی ئەوان. تەنانەت ئەگەریش بخوازین ئەو کارە بکەین، گەلێک شتی بەوەج و گرینگ هەنە کە پێشمان پێدەگرن و ناهێڵن کارێکی ئەوتۆ بکەین. بەر لە گشتیان و سەرەکی‌ترینیان، پەیکەرە و پەرستگەی خواکانمانە. ئەوە نییە گشتیان سووتاو و رووخاون و داوامان لێدەکەن، ئەوەندەی لە تواناماندا هەیە بەربەرەکان سەبارەت بەو کارەی کردویانە، سزا بدەین، نەک لەگەڵیان رێکەوین. جیا لەوە، ئێمە هەموومان یەک نەتەوەین و رەگەزمان یۆنانییە و خاوەن خوێن و زمان و کۆمەڵێک خوای هاوبەشین. کەوابوو چۆن دەکرێ ئاتێنی‌یەکان خەیانەت بە نەتەوەی خۆیان بکەن. ئەگەر تا ئێستا نەتانزانیوە، بیزانن کە ئەگەر تاکە ئاتێنی‌یەک زیندوو بمێنێ، ئەویش لەگەڵ کسێرکیس رێک ناکەوێ.

سپاسی ئەو کۆمەڵە پێشنیارەتان دەکەین سەبارەت بە بەخێوکردن و پێڕاگەیشتنی ژن و منالی ئاتێنی‌یەکان. سپاس بۆ هەستی دڵسۆزیتان، نیگەران مەبن، دەتوانین پارێزگاری لە خۆمان بکەین و ناخوازین ببینە سەرباری ژیانی ئێوە. ئێستا رەوتی رووداوەکان بەرەو ئاقارێکی چاوەڕوانکراودا دەچێ، تکایە هەرچی خێراتر لەشکری خۆتان بۆ ئێرە بنێرن. بەباوەڕی ئێمە کاتێکی زۆری نەماوە کە کابرای بەربەر هێرش بکاتە سەر هەرێمی ئێمە و تەنیا چاوەڕوانی ئەوەیە کە وڵامی نەرێنی ئێمەی پێبگا. بەر لەوەی دوژمن بگاتە هەرێمی ئەتیکی، باشترە ئێمە بگەینە سەری و پەلاماری ناوچەی ڤیۆتیا بدەین ". ئەوەش باسێک لەسەر پرسیار و وڵامی ئاتێنی‌یەکان و سپارتی‌یەکان بوو.

# کتێبی نۆهەم

**کالیۆپی، خواوەندی وتار و شێعری حیماسی**

## شەڕی پلاتیێییەکان

**[۱]** کاتێک ئەلێکساندرۆس گەڕاوە، وڵامی ئاتێنییەکانی بە ماردۆنیۆس گووت. ماردۆنیۆس لەشکری لە تێسالیەوە بەرەو ئاتێن وەڕێخست. بەهەر شوێنێکی سەر ڕێگادا دەربازبوو، دانیشتووانی ئەوێی بۆ شەڕ ڕەگەڵ خۆیدا. سەرکردە تێسالیەکان نەک هیچ گۆڕانێک لە هەڵوێستەکانیاندا پێکنەهاتبوو، بەپێچەوانەوە، بەردەوام پێشنیاریان بە کابرای پارس دەکرد دژی یۆنانییەکان درێژە بە شەڕ بدا و پاشەکشە نەکا. بەتایبەت تۆراکسی خەڵکی لاریسا، ئەو کەسەی لە کاتی گەڕانەوەی کسێرکیس‌دا هاوڕێیەتی ناوبراوی کردبوو، راشکاوانە یارمەتی ماردۆنیۆسی لەو شەڕە دەدا.

**[۲]** وەختێک لەشکری ماردۆنیۆس دەڕێدا بوو و گەیشتە ڤیۆتیا، تیڤێییەکان چوونە لای و پێشنیاریان پێکرد، باشترە لە ناوچەی ئەوان ئۆردوو لێبدا و پتر لەوە پێشڕەوی نەکات و شوێنی گونجاوتر لە دەڤەری ئەوانی دەست ناکەوێ و دەکرێ لەوێرا بەبێ شەڕکردن سەرتاسەری خاکی یۆنان داگیربکا.

تیڤێییەکان لە قەدیمەوە دەیانزانی، یۆنانییەکانی یەکگرتوو زۆر دژوارە بەسەریاندا زاڵبی، تەنانەت ئەگەر تەواوی خەڵکانیتر دژیان یەکبگرن، بۆیە گووتیان: "ئەگەر پێشنیارەکانی ئێمە وەبەر چاو بگری، ئەو کاتە زۆر هاسانتر دەتوانی بڕیارەکانیان پێبگۆڕی. پارە بۆ ئەو کەسانەی لە شارەکاندا دەسەڵاتدارن بنێرە و بەو شێوەیە پەشێوی و دووبەرەکی بخە ناویان. لەوە بەولاوە بە یارمەتی لایەنگرانی خۆت، دوژمنەکانت بێهێز بکە ".

**[٣]** ماردۆنیۆس بەو پێشنیارانە قەناعەتی نەهێنا. ناوبراو گەلێک تامەزرۆی دوبارە داگیرکردنی شاری ئاتێن بوو. ئەو بەو کارەی گەرەکی بوو ئەو خەبەرە دوورگە بە دوورگە دەنگ بداتەوە و بگاتە شاری سارد و پاشا کە هێشتا لەوێ بوو، پێی بزانێ. ماردۆنیۆس ئەوجاریش، گەیشتە دەڤەری ئەتیکی، بەڵام ئاتێنییەکانی نەدۆزییەوە. خەبەری پێگەیی کە زۆربەی ئاتێنییەکان هێشتا لە ناوچەی سالامینا ماونەوە و لەنێو گەمییەکاندا دەژین و بۆیە شارێکی وێرانی داگیرکردبۆوە. ماوەی نێوان یەکەم داگیرکرانی شاری ئاتێن بەدەست کسێرکیس تا هێرشی ئەو دوایەی ماردۆنیۆس بۆ سەر ئەو شارە، دە مانگ بوو.[١]

**[٤]** ئەو کاتەی ماردۆنیۆس لە شاری ئاتێن بوو، راسپاردەیەکی بەناوی موریخیدیس خەڵکی ئێلیسپۆندۆس ناردە سالامینا بۆلای ئاتێنییەکان، بۆوەی قسە و خواستی ئەلێکساندرۆسی مەقدوونی دووپات بکەنەوە. ماردۆنیۆس بۆ جاری دووهەم وەڤدی نارد، هەرچەند بە هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەوانی دەزانی، بەڵام هیوادار بوو کە دەتوانێ قەناعەتیان پێبێنێ و رازییان بکا کە

---

١- شەڕی کەشتیگەلیە دەریاییەکان لە سالامینا دوای نیوەی سێپتامبری ٤٨٠ی پێش‌زایین بووە، واتە لە مانگی ڤۆئێدرۆمیۆن و ماردۆنیۆس لە مانگی یوونی ٤٧٩ی پێش‌زاییندا دەگاتە ناوچەی ئەتیکی، بەواتایەک لە مانگی سکیرۆفۆریۆن‌دا.

ڤۆئیدرۆمیۆن: سێهەم مانگ لە رۆژئەژمێری ئەتیکی، پێشکەشکراو بە ڤۆئیرۆمیۆ، خواوەند ئاپۆلۆنا و بەرابەری ٢٣ی ئاگوست تا ٢٣ی سێپتامبر.

سکیرۆفۆریۆن: مانگی دوازدە لە رۆژئەژمێری ئەتیکی‌دا، پێشکەشکراو بە خواوەند ئاتینا سکیرادا و بەرابەری ٢٤ی مای تا ٢٢ی یوونی (ژوئەن).

دەست لەو دژایەتی کردنە هەڵگرن، چونکە تەواوی ناوچەی ئەتیکی لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو. ئەوە بوو کە موریخیدیسی ناردە سالامینا.

**[٥]** وەختێک موریخیدیس گەیشتەجێ، خواستەکانی ماردۆنیۆسی لە مەجلیسی ئاتێنییەکان هێنایە بەرباس. یەکێک لە نوێنەرانی ئەو مەجلیسە بەناوی لیکیدیس بۆچوونی خۆی بە ئاشکرا گووت و پێیوابوو ئەو خواستەی موریخیدیس پەسند بکرێ و بە خەڵک رابگەیێندرێ کە هەڵوێستێکی ئەرێنییە. لیکیدیس بۆچوونی خۆی ئاوا بە ئاشکرا دەربڕی، جا یا لەبەر بەرتیل وەرگرتن لە ماردۆنیۆس بوو، یا باوەڕی بە قسەکانی خۆی هەبوو و بە گونجاوترین ڕێگاچارەی دەزانی. ئاتێنییەکان بە قسەی لیکیدیس تەواوێک هەڵبەزینەوە. هەم ئەوانەی لە ژووری مەجلیس بوون و هەم ئەوانەی لە دەرێ گوێیان هەڵخستبوو. ئەوانەی لە دەرەوەی مەجلیس بوون، بەبیستنی ئەو قسەیە پەلاماری لیکیدیسیاندا و بەردەبارانیان کرد و کوشتیان، بەڵام ڕێگایان بە موریخیدیسدا بەسلامەتی بڕوا. خەڵکی سالامینا بەو قسەیەی لیکیدیس، بەپانەوە راپەڕین و بەتایبەتی ژنانی ئاتێنی، هەکام ئەوەیتری هاندەدا و لەکۆتاییدا هێرشیان بردە سەرماڵی لیکیدیس و ژن و مناڵەکەشیان بەردەباران کرد.

**[٦]** یۆنانییەکان لەبەر ئەو کۆمەڵە هۆیە چوونە سالامینا: ئەوان چاوەڕوانی هاتنی لەشکری پشتیوان لە پێلۆپۆنیسۆسەوە بوون و بۆیە لە هەرێمی ئەتیکی مانەوە. پێلۆپۆنیسییەکان خەریکی خۆگوێزراندن بوون و پەلەیان لە هاتن و شەڕکردن نەبوو، لەحاڵێکدا ماردۆنیۆس پێشڕەوی کردبوو و گەیشتبووە ئەو هەرێمە و راست لەو کاتەدا هێزەکانی خۆی لە ڤیۆتیا مۆڵدابوو. ئاتێنییەکان ماڵ و منداڵی خۆیان هەڵگرتبوو و گەڕابوونەوە سالامینا. ئەوان لەجێوە راسپاردەیان ناردبووە لای لاکێدێمۆنییەکان تا گلەییان لێبکەن کە بۆچی پێشیان بە هێرشی هێزەکانی بەربەر بۆ هەرێمی ئەتیکی نەگرتووە و لە ڤیۆتیا شەریان دژی ئەوان نەکردوە. راسپاردەکان هاوکات دەبوایە خواست و داوای ماردۆنیۆسی پارس وەبیر

لاکیدیمۆنی‌یەکان بێننەوە و پێیان‌بڵێن ئەگەر نەیاندەویست یارمەتی ئاتێنی‌یەکان بدەن، لێگەڕابان ڕێگاچارەیەکی‌تریان بۆ رزگاری خۆیان رەچاوکردبا.

**[٧]** لاکیدیمۆنی‌یەکان لەو کاتەدا خەریکی بەڕێوەبردنی جێژنی یاکینتیا بوون و پتر لە هەر شتێکی‌تر خۆیان بە عیبادەت و پەرەستنی خواکان مژوڵکردبوو. هاوکات لەگەڵ ئەو جێژن‌گرتنە، خەریکی مەحکەم کردنی دیواری دەوری ئیستمۆ و بیناکردنی بورج و قەڵا بوون. کاتێک راسپاردە ئاتێنیەکان گەیشتنە لای لاکیدیمۆنی‌یەکان، کۆمەڵێک راسپاردەی پلاتیی و مێغاری‌یان لەگەڵ بوو. ئەوانە چوونە لای پیاوانی حکوومی لاکیدیمۆنی و گووتیان: "ئاتێنی‌یەکان ئێمەیان ناردوە کە پێتان ڕابگەیێنین پاشای میدیاکان دەخوازێ خاکی وڵاتەکەمان بداتەوە و داوای لێمان کردوە وەک هاوپەیمان یارمەتی ناوبراو بدەین، بە شەرت و بەڵێنی یەکسان و بێ فرتوفێڵ. ئەو بەڵێنی پێشکەش کردنی ناوچەی‌تری جیا لە هەرێمی خۆمانی پێداوین، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی رێز و حورمەتمان بۆ خواوەند دیای یۆنانی هەیە و خەیانەت بە یۆنانییەکان بە دیاردەیەکی گەلێک ناحەز دەزانین، ئەو شەرت و بەڵێنانەی پاشای پارسمان قبوڵ نەکردوە. ئێمە داخوازی ئەومان رەتکردەوە، هەرچەند یۆنانی‌یەکان لە زوڵم و خەیانەت کردن بە ئێمە خۆیان ناپارێزن. هەرچەند ئەوەش دەزانین کە رێکەوتن لەگەڵ کابرای پارس پتر بە قازانجمانە تا شەڕکردن، بەو حاڵەش ئەو پێکهاتنە بە مەسڵەحەت نازانین. ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە هەیە، هەڵوێستمان سەبارەت بە ئێوەی یۆنانی پاک و بێگەردە. بەڵام ئێوە، هەرچەند پەلەتان بوو خێرا خۆتان بگەیێننە ئاتێن و لەوە نیگەران بوون مەبادا ئێمە لەگەڵ کابرای پارس رێک کەوین، ئێستا بە هەڵوێستی ئێمە دەزانن، واتە لە هیچ کات و ساتێکدا قەرار نییە خیانەت بە خاکی یۆنان بکەین و بیناکردنی دیواری دەوری ئیستمۆش خەریکە تەواو دەبێ، کەوابوو بۆچی هیچ حیساباتێک بۆ ئاتێنی‌یەکان ناکەن!

ئێوە بەڵێنتان دابوو لەشکری کابرای پارس لە ناوچەی ڤیۆتیا تێکبشکێنن، بەلام ئەو کارەتان نەکرد و خیانەتتان بە ئێمە کردوە و کاتێک کابرای بەربەر هێرشی کردە هەرێمی ئەتیکی پێشتان پێنەگرت. ئاتێنییەکان زۆر لە ئێوە قەڵس و توڕەن، چونکە وەک بەڵێنتان دابوو، نەجولانەوە. ئێستا با لەو باسە گەڕێین، ئاتێنییەکان بۆیە ئێمەیان ناردوە، بۆوەی داوای هێزی لەشکری پشتیوان لە ئێوە بکەین و پێویستە پێکەوە بەربەرەکان لە ناوچەی ئەتیکی تێکبشکێنین. پاش ئەوەی دەرفەتی باشی دەڤەری ڤیۆتیامان لەکیس چوو، باشترین شوێن بۆ شەڕ، دەشتی ترياسیۆ پێشنیار دەکەین ".

**[٨]** سەرکردە و پیاوانی حکوومی لاکێدیمۆنی کاتێک ئەو قسانەیان گوێ لێبوو، بڕیاریان‌دا، وڵامی راسپاردەکان رۆژی دواتر بدەنەوە. هێندە ئەوڕۆ و سبەیان پێکردن، دە رۆژی خایاند. پێلۆپۆنیسییەکان هاوکات و بەپەلە خەریکی دروست کردنی دیواری ئیستمۆ بوون و هێندەی نەمابوو تەواو بێ. من ئەوەم بۆ روون نەبۆوە کە وەختێک ئەلێکساندرۆسی مەقدوونی چوو بۆ ئاتێن، لاکێدیمۆنییەکان ئەوەندە نیگەران بوون مەبادا ئاتێنییەکان لەگەڵ میدیاکان رێککەون، بەلام دواتر هیچ بەلایانەوە گرینگ نەبوو. وێدەچوو ئەو سەردەمە بۆیە نیگەران بوون، چونکە هەستیان بە ئەمنییەتی خۆیان نەدەکرد، بەلام ئێستا حەساری دەوری خۆیان دروست کردبوو و ئیتر نەدەترسان و پێویستییەکیان بە پشتیوانی ئاتێنییەکان نەمابوو. ئەو کاتەی ئەلێکساندرۆس چوو بۆ ئاتێن، ئەوان هێشتا لە دیوار دروست کردن نەببوونەوە و شەو و رۆژ پێیەوە خەریک بوون و تەواوێک لە هێرشی پارسەکان دەترسان.

**[٩]** بەر لە وڵامدانەوەی سپارتییەکان و پەلاماریان، ئەو رووداوانە قەومان: لە دوایین دیداری سپارتییەکان لەگەڵ ئاتێنییەکان، کەسێکی خەڵکی تێییئا بەناوی خیلیئۆس کە لەنێو گشت بیانییەکاندا پتر قسەی لەلای سپارتییەکان دەڕۆیی، بەهۆی پیاوانی حکوومی سپارتییەوە لەمەر داخوازی ئاتێنییەکان زانیاری پێگەیی و کاتێک گوێی لەو خەبەرانە بوو، گووتی: "کاربەدەستان! گرفتەکە سانایە. ئەگەر ئاتێنییەکان پشتیوانیمان لێنەکەن و

ڕەگەڵ بەربەرەکان بکەون، ئەگەر ئێوەش دیواری لەوەش قایمتر لە ئیستمۆ دروست بکەن، هێشتا زۆر درگای کراوەیتر هەن کە پارسەکان بتوانن پێیدا هێرش بکەنە سەر ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس. کەوابوو بەر لەوەی ئاتێنییەکان بڕیارێک بە زەرەری یۆنان بدەن، ئەو قسەیەی من بەهێند بگرن ".

**[١٠]** ئەوە قسەی خیلیئۆس بوو و کاربەدەستانی سپارتی بیرێکیان لێکردەوە و بەبێ ئەوەی هیچ وڵامێک بە راسپاردەکانی ئاتێنیش بدەنەوە کە ئەو کاتە لە شاری سپارت بوون و شەوێش کۆڵێکی بەبەرەوە مابوو، لەشکرێکی پێنج هەزار کەسی سپارتییان راگواست. هەرکام لەو شەڕکەرە سپارتییانە لەلایەن حەوت کەسی ئیلۆتییەوە هاوڕێیەتی دەکرا (ئیلۆتی بەو کەسانە دەگووترا کە سەر بە چینی خوارووی کۆیلەکانی سپارتی لە سەردەمی دێرین (باستان)دا بوون). سەرکردەی ئەو حەشیمەتە پێنج هەزار کەسییە، پاڤسانیاس کوڕی کلیئۆمڤرۆتۆس بوو. فەرماندەرییەکە لەڕاستیدا مافی پلیستارخۆس کوڕی لیئۆنیداس بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا مناڵ بوو و پاڤسانیاس هەم مامی ئەو کوڕە بوو و هەم یارمەتیدەر، ئەو ئەرکەی وەستۆی خۆی گرتبوو. کلیئۆمڤرۆتۆس باوکی پاڤسانیاس و کوڕی ئەناکساندریدیس ئەو کاتە لە ژیاندا نەمابوو.

ئەناکساندریدیس خەڵکی لە ئیستمۆ کۆکردبۆوە و یارمەتی دروست کردنی دیواری ئەوێی دەدا، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت مرد. کلیئۆمڤرۆتۆس لەشکری خۆی لە ئیستمۆ دامەزراند و ڕۆیی، چونکە ڕاست لەو کاتەدا کە قوربانی کرد تا بزانی پێشگۆیی شەڕ دژی پارسەکان بەکوێدەگات، بەری ڕۆژ لە ئاسماندا گیرا. پاڤسانیاس وەک فەرماندەی هاوکار، ئێڤریئاناکتای کوڕی دووریئۆسی دیاریکرد و ئەویش سەر بە هەمان خانەدان بوو.

**[١١]** ئەو لەشکرە لەگەڵ پاڤسانیاس شاری سپارتی جێهێشت و ڕۆیی. کاتێک ڕۆژ بۆوە، راسپاردەکان کە ئاگایان لە هیچ ئاڵوگۆڕێک نەبوو و بە خەبەری ڕۆیشتنی ئەو هێزە لەشکرییەیان نەزانیبوو، چاویان بە

کاربەدەستانی حکوومی کەوتەوە، چونکە گەرەکیان بوو هەرکەسە بەرەو وڵاتی خۆیان بچنەوە. ئەوانە کاتێک گەیشتنە بەردەم کاربەدەستان، پێیانگووتن: "ئێوە لاکێدێمۆنی‌یەکان لێرە بمێننەوە و جێژنی یاکینتیا پیرۆز بکەن و خۆشی رابوێرن و خەیانەت بە هاوپەیمانانی خۆتان بکەن. ئاتێنی‌یەکان، لەبەر ئەوەی لەلایەن ئێوەی هاوپەیمانی یۆنانی ناهەقیان دەگەڵ کراوە، بڕیاریان داوە کە بەهەر شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ پارسەکان رێک کەون. هەڵبەت ئەگەر لەگەڵ ئەوان پێکبێن، ئاکامەکەی هاوپەیمانییەکی لێدەکەوێتەوە کە هەر جێگایەک پێویست بێ هێرشی بکرێتە سەر، لە یارمەتی دانی پارسەکان دەست راناگرن. ئەو کاتەیە کە ئێوە تێدەگەن، ئەو هاوپەیمانی و ریککەوتنە مانای چییە و لە قسەکانمان حاڵی دەبن ".

لەو کاتەدا کە ئاتێنی‌یەکان ئەو قسانەیان دەکرد، کاربەدەستانی سپارتی خێرا وەدەنگ هاتن و پێیانگووتن  کە لەشکری دژی بیانییەکان وەڕێکەوتووە و هەرئێستا لە ناوچەی ئۆریستیۆ[1] دامەزراوە. مەبەست لە بیانییەکان، هەمان بەربەرەکانن. راسپاردەکان کە هیچ زانیارییەکیان لەو بارەوە پێنەگەیشتبوو، لەجیێوە سەبارەت بە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان، چەند پرسیارێکیان ئاراستەی کاربەدەستەکانی سپارتی کرد. دوای وڵام وەرگرتنەوە، هێشتا دڵنیا نەبوون و بۆیە گەرەکیان بوو خێرا وەدوای لەشکر بکەون. لە ئاکامدا پێنج هەزار شەڕکەری هەڵبژاردە لە وڵاتانی دراوسێی لاکێدێمۆنی‌یەکان، لەگەڵ راسپاردەکان کەوتنەڕێ.

**[١٢]** ئەو وەجبەیەی دوایی گەرەکی بوو هەرچی زووتر بگاتە ناوچەی ئیستمۆ. ئارغیۆسی‌یەکان، ئەوانیش کاتێک زانیان پێنج هەزار شەڕکەری سپارتی بە فەرماندەری پاڤسانیاس لە شار وەدەر کەوتووە، خێراترین پۆستچی خۆیان لە هەرێمی ئەتیکی دەرێخست تا هەواڵی ئەو جموجۆڵە بە ماردۆنیۆس بگەیێنن. ئەوانە بەڵێنیان بە ماردۆنیۆس دابوو کە نەهێڵن

---

١- شوێنێکی بەرز لە ئارکادیا، رۆژئاواتر لە رێگای سەرەکی نێوان سپارت و ئیستمۆ. وێدەچێ پافسانیاس ئەو رێگایەی گرتبێتەبەر بۆوەی تووشی ئارغیۆسی‌یەکان نەبێ.

هێزەکانی سپارتی لە شوێنەکانی خۆیان ببزوون. کاتێک پۆستچی گەیشتە شاری ئاتێن، بەو شێوەیە قسەی کرد: "ماردۆنیۆس! ئارغیۆسی‌یەکان منیان ناردوە کە پێت‌ڕابگەیێنم هێزەکانی لاکیدێمۆنی وەڕێکەوتوون و رۆیشتوون و ئیتر لە توانای ئارغیۆسی‌یەکاندا نەماوە کە پێشیان پێبگرن ". ئێستا ئیتر بڕیار بەدەست خۆتە ".

**[١٣]** پۆستچی کاتێک قسەکانی تەواو بوو، خێرا گەڕاوە. ماردۆنیۆس کە گوێی لەو خەبەرە بوو، ئیتر بەپێویستی نەزانی لەوە زیادتر لە ناوچەی ئەتیکی بمێنێتەوە. ناوبراو نە تالانێکی کرد و نە وێرانییەکی خولقاند. ئەو تەنیا گەرەکی بوو بزانێ ئاتێنی‌یەکان رەگەڵ ئەو دەکەون یان نا. لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئاتێنی‌یەکان بە قەناعەت بگەیێنێ و زانیاری گشت کۆبوونەوەکانیشی پێدەگەیی، لە هەرێمی ئەتیکی‌یەوە پاشەکشەی کرد، ئەویش بەرلەوەی پاڤسانیاس و لەشکرەکەی بگەنە ناوچەی ئیستمۆ. لە کاتی پاشەکشەی ماردۆنیۆس، لەشکری ناوبراو شاری ئاتێنی ئاگر تێبەردا و هەرچی بەپێوە مابوو رووخاندی. نە خانوو و نە دیوار و نە پەرستگەی هێشت و گشتی وێران کرد. ناوبراو لەبەر چەند هۆیەک، بەتایبەت نەگونجاوی بۆ شەڕی سوارە نیزام لە ئەتیکی نەمایەوە. هۆیەکیان ئەوە بوو ئەگەر لەوێ شکستی خواردبا، ئیتر رێگای هەڵاتنی نەبوو و تەنیا گوزەرێکی بەرتەسک نەبێ کە ئەویش بە یارمەتی ژمارەیەکی کەمی سەربازەوە بەربەست دەکرا. لەهەرحاڵدا، بڕیاریدا بەرەو تیڤا پاشەکشە بکا و بە باشی زانی لە نیزیک شارێکی دۆست و گۆڕەپانێکی گونجاو بۆ هێزی سوارە شەڕ دەست پێبکا.

**[١٤]** ماردۆنیۆس بەو شێوەیە کە باسم کرد، پاشەکشەی کرد. ناوبراو لە کاتی رۆیشتن‌دا خەبەری پێگەیی کە هێزێکی دیکەی یۆنانی، هەزار شەڕکەری لاکیدێمۆنی گەیشتووەتە ناوچەی مێغارا. کاتێک ئەو زانیارییەی پێگەیی، لەجێوە بڕیاریدا ئەگەر بتوانێ تەواویان یەخسیر بکات. فەرمانی دەرکرد کە رێگا بگۆڕن و بەرەو ناوچەی مێغارا برۆن. هێزی سوارە پەلاماری شاری

مێغارایدا و داگیر و وێرانی کرد. ئەو شارە رۆژئاواترین نوختەی ئوروپا بوو کە لەشکری پارس لەکاتی لەشکرکێشیدا دەستی پێڕاگەیشت.

**[١٥]** ماردۆنیۆس لە درێژەدا هەواڵی پێگەیی کە گشت هێزەکانی یۆنانی لە ئیستمۆ کۆبوونەتەوە. دوبارە گەڕاوە دواوە و بە ناوچەی دێکێلیادا بەرەو ڤیۆتیا چوو. ڤیۆتییەکان چەند چاوساغێکیان رەگەڵ ناوبراودا. ئەو چاوساغانە دراوسێی ئاسۆپییەکان بوون و ماردۆنیۆس و لەشکرەکەی ئەویان بردە ناوچەی سفێندالی و لەوێشەوە بۆ تاناغرا. شەو لە تاناغرا مانەوە و رۆژی دوایی بەرەو سکۆلۆ وەرسوڕانەوە و گەیشتنە هەرێمی تیڤییەکان. لەو هەرێمە سەرەڕای ئەوە کە خەڵکەکە لاینگری ماردۆنیۆس بوون، ناوبراو گشت دارستانی ناوچەکەی بڕی، هەڵبەت نەک لەبەر دوژمنایەتی کردن لەگەڵ خەڵکەکە، بەڵکوو لەبەر ئەو گوشارە زۆرەی لەسەری بوو و دەیویست ئۆردوگایەکی قاییم و مەحکەم دروست بکا تا ئەگەر شەڕ دەستی پێکرد و رەوتی رووداوەکان بە مەیلی ئەو نەچووە پێش، وەک پەناگایەک کەڵکی لێوەرگرێ.

ئۆردوگای ماردۆنیۆس لە ناوچەی ئێریترێس، نیزیک لە ئیسیا دەستی پێدەکرد و دەگەیشتە دەڤەری پلاتیییەکان و لە قەراخ چۆمی ئاسۆپۆس دامەزرابوو. ئەو ئۆردوگا چوار گۆشەیە لە درێژایی و بەرینایدا یەکسان نەبوو و لە هەر لایەکەوە دە ستادیۆ راکشابوو. لەکاتێکدا کە بەربەرەکان خەریکی دروست کردنی قەڵا و بورج بوون، ئەتاییاینۆس کوڕی فریئۆسی خەڵکی تیڤیئا میوانداریيەکی بەشکۆی سازکرد. ماردۆنیۆس و پەنجا کەس لە فەرماندەرانی لەشکریی پارسی بۆ ئەو میواندارییە بانگێشت کرابوون.

**[١٦]** ئەوەی ئێستا باسی دەکەم، تێرساندرۆس بۆی گێڕامەوە. تێرساندرۆس خەڵکی ئۆرخۆمینۆس و یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناسراوی ئەو دەڤەرە بووە. تێرساندرۆس پێیگوتم کە ئەتاییاینۆس لەگەڵ پەنجا کەسیتری تیڤیی بۆ ئەو میواندارییە بانگهێشت کرابوون و خوانی خواردن و خواردنەوەی میوانان لەیەکتر جیا نەکرابوونەوە، بەڵکوو لە تەنیشت هەر

میوانێکی پارس، کەسێکی تیڤێیی دانیشتبوو. دوای خواردن ، دەست بە خواردنەوە کرا. ئەو میوانە پارسەی لەگەڵ تیساندرۆس لەسەر یەک کورسی دانیشتبوو، بە زمانی یۆنانی لە ناوبراوی پرسی کە بە رەگەز خەڵکی کوێیە. تێرساندرۆس وڵامی داوە کە خەڵکی ئۆرخۆمێنۆسە. مێوانی پارس ئەوجار پێدەڵێ: "لەبەر ئەوەی هاومێزی منی و شەڕابمان پێکەوە خواردۆتەوە، دەخوازم قسەیەکت پێبڵێم بۆوەی منت لەبیر نەچێ و ئاگات لە خۆت بێ، چونکە مەبەستم وشیارکردنەوەی تۆیە. تۆ گشت ئەو پارسانە دەبینی کە لێرە خەریکی خواردن و خواردنەوەن، هەروەها ئەو لەشکرەش کە لە ئۆردوگای نیزیک چۆم جێمانهێشتووە، پاش ماوەیەکی کورت، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان بەسڵامەتی نەجاتیان دێ! ". چاوەکانی کابرای پارس لەکاتی قسەکردندا پڕ لە فرمێسک دەبن. تێرساندرۆس سەری لەو قسانە سوڕ دەمێنێ و لە میوانە پارسەکە دەپرسێ: "تۆ پێویستە ئەو قسەیە بە ماردۆنیۆس و پارسەکانیتر بڵێی". کابرای پارس لە وڵامدا دەڵێ: "میوان! ئەوەی خوا دیاری کردبێ، مرۆڤ ناتوانێ بیگۆڕێ. هیچکەس ناخوازێ گوێ لەو قسانە بگرێ کە راستییەک دێننە سەر زمان. زۆربەی ئێمەی پارس بەو چارەنووسە دەزانین، بەڵام گیرۆدەین. بەژانترین ئازار ئەوەیە کە پیاو هەست بکا زۆری دەزانێ، بەڵام هیچی لەدەست نایە ". من خۆم ئەو قسانەم لە زمان تێرساندرۆسی ئۆرخۆمێنۆسییەوە بیست. ناوبراو بەرلەوەی شەڕ دژی پلاتێییەکان دەست پێبکا، ئەو قسەیەی لای زۆر کەسیتر کردبوو.

**[١٧]** ماردۆنیۆس ئەو ماوەیەدا لە ئۆردوگاکەی ڤیۆتیا مایەوە. لەنێو یۆنانییەکانی ناوچەدا، ئەوانەی پاڵپشتییان لە میدیاکان کردبوو و لەشکریان هێنابوو و لەگەڵ ناوبراو پەلاماری شاری ئاتێنیان دابوو، تەنیا فۆکییەکان نەبوون، بەڵکوو خەڵکانیتریش بەشداریان کردبوو. دیارە بوونی فۆکییەکان لە بەرەی میدیاکان، بە خواستی خۆیان نەبوو و بە زۆرە ملی ناچارکرابوون.

چەند رۆژ دوای هاتنی ماردۆنیۆس بۆ دەڤەری تیڤا، هەزار چەکدارێکی فۆکییش گەیشتنە ئەوێ. فەرماندەکەیان ناوی ئارمۆکیدیس بوو. ناوبراو

کەسێکی ناسراوی شار و ناوچەی خۆی بوو. چەکدارەکانی فۆکی گەیشتنە شاری تیڤا و ماردۆنیۆس بەپەلە کۆمەڵێک سوارکاری نارده لایان و پێیگووتن کە خۆیان بەجیا لە دەشتەکە ئۆردوو لێبدەن. فۆکی‌یەکان بە قسەی ناوبراویان کرد. زۆری نەخایاند تەواوی هێزی سوارەی بەربەر بەدڕدۆنگییەوە لێیان نیزیک کەوتەوە. لەولاوە خەبەر گەیشتە ئۆردووی یۆنانییەکانی هاوپەیمانی میدیاکان کە هێزی سوارەی ماردۆنیۆس فۆکی‌یەکانیان بەزەبری نێزە کوشتووە. فۆکی‌یەکانی ژێردەستی ئارمۆکیدیس بە نیزیککەوتنەوەی هێزی سوارەی بەربەر دڵەڕاوکێیان تێکەوت و ئارمۆکیدیسی سەرکردەیان پێیگووتن: "فۆکی‌یەکان! ئاشکرایە کە ئەوانە بخوازن ئێمە بکوژن، چونکە تێسالی‌یەکان پاشملە زۆر بە خەراپی باسیان کردوین. ئێستا ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە هەرکەسە لەبەر خۆیەوە جوامێری بنوێنێ. باشتر ئەوەیە بە شانازییەوە بکوژرێین، نەک سەر شۆڕ بکەین و بە رەزالەتەوە بمانکوژن. با هەر بەربەرێک تێبگا کە لەوە زیادتر نابێ بە فڕوفێڵ مەرگ بۆ یۆنانییەکان بەدیاری بێنێ ".

**[١٨]** ئەوە چەند ئامۆژگارییەکی ئارمۆکیدیس بوو. کاتێک هێزی سوارە ئەوانی گەمارۆدا، هەڵسوکەوتێکیان کرد وەک ئەوەی خەریکن پەلامار بدەن و سوارکارەکان تێکڕا نیزەکانیان بەرزکردبۆوە و ئامادەی هاویشتن بوون. فۆکی‌یەکان خۆڕاگر راوەستان و ئەوەندەی توانیان ریزەکانی خۆیان پتەوتر کرد و پاڵیان وەیەکتردا. ئەوجار هێزی سوارە جێگۆڕکێی کرد و بۆ پاشەوە کشایەوە. بەڕاستی نازانم ئاخۆ هێزی سوارە گەرەکی بوو فۆکی‌یەکان لەنێو ببا یان نا – چونکە تێسالییەکان ئەو داوایەیان کردبوو – بەڵام کاتێک دیتیان بەو چەشنە خەریکی بەرگری لە خۆیانن، ترسان مەبادا تووشی زیانێک بێن و بۆیە جێگۆڕکێیان کرد. ئەو جێگۆڕکێیە ئاخۆ بە فەرمانی ماردۆنیۆس بوو یا تەنیا بەمەبەستی تاقیکردنەوەی هێزەکانی فۆکی لەمەر دەستکردنەوە و خۆڕاگری، بۆ من روون نەبووەتەوە. وەختێک هێزی سوارە رۆیی، ماردۆنیۆس پیاوی نارده لای فۆکی‌یەکان و پێیگووتن: "فۆکی‌یەکان! مەترسن،

جوامێری خۆتان دەرخست، ئێستا پێویستە ئەو لەخۆبوردووییە لەشەڕی راستیدا نیشانبدەن. لەبیرتان نەچێ ناتوانن نە فێڵ لە من بکەن و نە لە پاشا ".

**[١٩]** ئەوە کورتە باسێک سەبارەت بە فۆکیییەکان بوو. وەختێک لاکیدێمۆنییەکان گەیشتنە ئیستمۆ، لەوێ ئۆردوویان لێدا. پێلۆپۆنیسۆسییەکان، ئەوانەی بڕیاریان دابوو دژی بەربەرەکان شەڕبکەن، خەبەریان پێگەیی کە سپارتییەکان ئامادەی لەشکرکێشین، ئەوانیش نەیاندەویست لە لاکیدێمۆنییەکان وەدواکەون، بۆیە پاش پێشکەش کردنی چەند قوربانییەکی پڕ خێروبێر، بەپانەوە لە ناوچەی ئیستمۆوە وەڕێکەوتن و گەیشتنە ئێلێڤسینا. لەوێش کۆمەڵێک قوربانیان پێشکەش بە خواکان کرد و پێشگۆییەکان هومێدوارییان لێدەباری. ئەوانە ڕێگای پێشڕەوییان لەگەڵ ئاتێنییەکان گرتەبەر و لە سالامیناوە گەیشتنە ئێریتریێ سەر بە ناوچەی ڤیۆتیا. لەوێ خەبەریان پێگەیی کە بەربەرەکان لە کەنار چۆمی ئاسۆپۆس ئۆردوویان لێداوە، بۆیە دوای ئەوەی گشتیان یەکیانگرتەوە، لە داوێنی چیای کیتێرۆنا و ڕووبەڕووی دوژمن جێیانگرت.

**[٢٠]** لەبەر ئەوەی یۆنانییەکان بەرەو دەشتایی پێشڕەوییان نەکرد، ماردۆنیۆس تەواوی هێزی سوارەی بە فەرماندەری پارسێکی ناسراو بەناوی ماسیستیۆ – یۆنانییەکان بە ماکیستیۆ دەیناسن – ناردە سەریان. ماسیستیۆ ئەسپێکی هەبوو لەوانەی دەڤەری نیسیئۆ، خاوەن لغاوی زێڕ و زین و جڵەوی رازاوە. وەختێک ئەو هێزە سوارەیە لە یۆنانییەکان نیزیک کەوتەوە، بەردەوام پەلاماری دەدان و هەرجارێ چەند کەسێکی لێدەکوشتن و سوارکارەکان بەردەوام هەرایان لە یۆنانییەکان دەکرد ئەی ژنینە.

**[٢١]** مێغارییەکان بەهەڵکەوت لە شوێنێکی بەرئاوەڵە و بێپەنای ریزەکانی لەشکری دامەزرابوون و هێزی سوارەی بەربەر لەوێوە دەستی لێدەوەشاندن. مێغارییەکان لەبەر ئەوەی گوشارێکی فرەیان لەسەر بوو، پیاویان ناردە لای سەرکردە یۆنانیەکان. کابرای راسپاردە خۆی ناساند و گووتی: "مێغارییەکان بە ئێوە هاوپەیمانان رادەگەیێنن کە بەتەنیا ناتوانن

هێزی سوارەی پارس لەو شوێنەی لێ‌دامەزراون، تێکبشکێنن. ئێستا ئەگەر هێز نەنێرن کە جێگای ئێمە بگرنەوە، دڵنیابن چۆلی دەکەین و لەوێ دەڕۆین ". کابرا قسەی خۆی کرد و پاڤسانیاس خێرا پرسیاری کرد، ئاخۆ لەنێو یۆنانییەکاندا کەسانی خۆبەخش هەن کە بچن و لە جێگای مێغاری‌یەکان دامەزرێن. هیچکەس جیا لە ئاتێنی‌یەکان ئەو خواستەی قبوڵنەکرد. ئاتێنی‌یەکان هێزێکی سێسەد کەسی کە گشتیان هەڵبژاردە بوون، بە فەرماندەری ئۆلیمپیۆدۆرۆ، کوڕی لامپۆنۆس ناردە مەیدان.

**[٢٢]** هەر ئەوانەش بوون کە کاتی خۆی بە خواستی خۆیان لە ناوچەی ئێریترێ دامەزران و بەرەی پێشەوەی لەشکری یۆنانییەکانیان پێکهێنا. ئەوانە کەوانداراەکانیشیان رەگەڵ خۆیاندا. ماوەیەکی زۆر شەڕیان کرد و دوایی بەو شێوەیە کۆتایی هات: هێزی سوارەی بەربەر چەشنی شەپۆل هێرشی هێنا. ئەسپی ماسیستیۆس کە لە پێشەوە بوو، تیرێکی وەخاڵیگەی کەوت و لەبەر ئێش و ئازار هەستایە سەر پاشووەکانی و ماسیستیۆسی فڕێدا سەر عەرز. کاتێک ناوبراو کەوتەخوار، ئاتێنی‌یەکان هێرشیان کردەسەر و ئەسپەکەیان گرت و شەڕیان دژی ماسیستیۆس دەسپێکرد. ئاتێنی‌یەکان نەیانتوانی خێرا بیکوژن، چونکە پیاوێکی تەواو زرێدار و پۆشتە بوو – لەژێر جلەکانییەوە زرێی زێڕی لەبەر خۆی کردبوو و کڵاوی ئاسنی لەسەرنابوو. بەردەوام لە سینگیان دەدا و کەڵکی نەبوو، تا ئەو جێگایەی یەکێک لە شەڕکەرانی ئاتێنی تێگەیی کە دەبێ چبکا و بۆیە بە نێزە لە چاوی ناوبراوی‌دا و کوشتی. ماسیستیۆس دوای ئەو زەبرە کەوتە سەر عەرز و مرد. سوارکارانی‌تر هیچ ئاگایان لەو ڕووداوە نەبوو و نەیاندی کە ماسیستیۆس لە ئەسپەکەی‌ڕا بکەوێتە خوارەوە و بکوژرێ. سوارکارەکان پاشەکشەیان کرد و بەبێ ئەوەی بزانن چ قەوماوە، رایانکرد. وەختێک ئەو هێزە سوارەیە کشاوە دواوە، ئەوجار وەبیر ماسیستیۆس کەوتنەوە، چونکە کەسی‌تر نەبوو کە ڕێکیان‌بخاتەوە. ئەوکاتە لێیان‌حاڵی بوو چیان بەسەر هاتووە و بۆیە دڵخۆشی یەکتریان داوە و پاشان تێکڕا هوروژمیان هێنا بۆوەی تەرمەکە لەگەڵ خۆیان بەرنەوە.

**[٢٣]** یۆنانییەکان وەختێک دیتیان ئەوانە ئاوا تۆکمە هێرشیان هێناوە، خێرا داوای یارمەتیان لە هێزەکانی‌تری یۆنانی کرد. هەتا هێزی پیادەی یۆنانی بە هاواریانەوە هات، خۆیان شەڕێکی سەختیان لە دەوری تەرمی ماسیستیۆس کرد. ئەوەندەی ئەو سێسەد کەسە ئاتێنی‌یە خۆیان تەنیا بوون، پاشەکشەیەکیان کرد و تەرمی کوژراوەکەیان جێهێشت، بەڵام وەختێک هێزی یارمەتیدەری پیادە گەیشتە لایان، ئیتر هێزی سوارەی بەربەر نەیتوانی خۆی‌بگرێت و تەرمەکەشیان بۆ رانەگوێزرا و بەپێچەوانەوە کۆمەڵێکیشیان لی‌کوژرا. بەربەرەکان مەودایەکی بەقەرا دوو ستادیۆ دوور کەوتنەوە، بۆوەی راوێژێک لەمەر ئەو شەڕە بکەن، بەتایبەت کە فەرماندەکەیان کوژرابوو. لەکۆتاییدا بڕیاریان‌دا بگەڕێنەوە لای ماردۆنیۆس.

**[٢٤]** کاتێک ئەو هێزە سوارەیە گەیشتەوە ئۆردوگا، خەم و پەژارە تەواوی حەشیمەتی نێو مۆڵگەکە و ماردۆنیۆسی داگرت. گشتیان قژی سەری خۆیان و یاڵی ئەسپەکانیان تاشی و بەدەنگ و سەڵا دەگریان و ئەو شین و هاوارە لە سەرتاسەری ناوچەی ڤیۆتیا دەنگی داوە، لەبەر ئەوەی کەسێک کوژرابوو کە دوای ماردۆنیۆس ناسراوترین سەرکردەی پارس و خۆشەویستی پاشا بوو.

**[٢٥]** بەربەرەکان، بەپێی نەریتی خۆیان قەدردانیان لە ماسیستیۆس کرد. یۆنانییەکانیش لەبەر ئەوەی کەوتبوونە بەر پەلاماری هێزی سوارە و توانیبوویان بەرپەرچی بدەنەوە، شانازییان بەخۆیان دەکرد. بەر لە هەر کارێک جەنازەی ماسیستیۆس‌یان لەسەر عارەبانەیەک دانا و هێنایانە بەردەم گوردانەکانی لەشکری. ئەو کوژراوە بەڕاستی جێگای ستایش بوو، چونکە کەسێکی چوارشانەی قەڵافەت پیاوانە و جوان بوو. لەڕاستیدا بۆیە ئەو جەنازەیەیان هێنابوو، تا سەربازانی لەشکری یۆنانی بە تەنیشتیدا راببرن و ببینن و بزانن ماسیستیۆس کێ بووە. یۆنانییەکان لەدرێژەدا بڕیاریان‌دا بەرەو هەرێمی پلاتی‌ییەکان بچن و ئەوێ‌یان بۆ ئۆردوو لێدان بەلاوە گونجاوتر بوو تا ناوچەی ئێریترێ کە لێیبوون، بەتایبەت لەبەر دەست راگەیشتن بە ئاو. هەروەها لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە لە نیزیک کانیاوی

غارغافیا دامەزرێن. بەپانەوە چەکەکانیان دەست دایە و بەداوێنی چیای کیتێرۆنادا رۆیشتن و بە ناوچەی ئیسیێ لە وڵاتی پلاتێیەکاندا دەرباز بوون. لەو شوێنە بەپێی رەگەز، لە نیزیک کانیاوی غارغافیا و پەرستگەی ئاندرۆکراتی قارەمان، لەسەر تەپۆڵکەیەکی نزم و دەشتایی دەوری دامەزران.

**[٢٦]** لە کاتی دامەزران و دابەشبووندا، دەمەقاڵییەکی ناخۆش کەوتە نێوان تێیێئاتی و ئاتێنییەکان. هەریەکە بەنۆرەی خۆی داوای دەکرد یەکێک لە دوو قۆڵەکانی مەیدانی شەڕ[١]، واتە قۆڵی راست یا چەپ بەو بسپێردرێ. سەرکەوتنە کۆن و نوێیەکانی خۆیان بە چاوی یەکتر دادەداوە. تێیێئاتییەکان دەیانگووت: "ئێمە لەنێو گشت هاوپەیمانانی خاوەن ئەو گەورەییە بووینە. لە تەواوی لەشکرکێشییە کۆن و نوێیەکانی دەرەوەی خاکی پێلۆپۆنیسۆس ئەو مافەمان پارێزراو بووە و یەکێک لە قۆڵەکانی راست یا چەپمان پێسپێردراوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە ئیراکلییەکان هەوڵیاندا دوای مەرگی ئێڤریستێئا بگەڕێنەوە دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس، ئێمە گرفتی ئەوتۆمان نەبوو. ئەو سەردەمی لەبەر ئەو هۆیانە ئەو گەورەییەمان پێبەخشرا: وەختێک چووینە شەڕی ئەو کەسانەی کە هێرشیان هێنابوو، (مەبەست ئیراکلییەکانن) دەبوایە لە ئیستمۆ لەگەڵ ئاخاییەکان و یوونییەکان دامەزرێین. مەبەستمان ئەو یوونییانەیە کە لەو کاتیدا دانیشتووی پێلۆپۆنیسۆس بوون. ئەو وەختە ئیللۆس داوای کرد کە پێویست ناکا لەشکرە دژبەرەکان بە گشت هێزەکانیانەوە بکەونە شەڕی هەڤدوو. پێلۆپۆنیسییەکان دەتوانن جوامێرترین شەرکەرانی خۆیان هەڵبژێرن و ئیللۆس بەتەنیا شەڕ لەگەڵ یەکیەک لەو پاڵەوانانە بکا. هەڵبەت دەبوایە مەرجەکانی شەڕی تەنبەتەنیش دیاری بکرێن. پێلۆپۆنیسییەکان ئەو مەرجەیان قبوڵ کرد و لەگەڵ دژبەرەکان، واتە ئیراکلییەکان سوێندیان خوارد.

---

١- شەر لەسەر قۆڵی چەپ بووە، چونکە قۆڵی راست وەک مافێک هەمیشە بە سپارتییەکان ئەسپێردراوە.

ئەگەر ئیللۆس بەسەر هەڵبژاردەکانی پێلۆپۆنیسیدا سەرکەوێ، ئەو کاتە ئیراکلی‌یەکان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی باب و باپیرانی خۆیان. ئەگەر ئیللۆس تووشی شکست بێ، ئەوە ئیراکلی‌یەکان ناچارن لەشکرەکەیان کۆبکەنەوە و بڕۆن و تا سەد ساڵی‌تر هەقیان نەبێ لەشکرکێشی بکەنەوە سەر خاکی پێلۆپۆنیسۆس. پێلۆپۆنیسی‌یەکان کەسێکی خۆبەخشیان بەناوی ئێخێمۆس کوڕی ئائێرۆپۆس هەڵبژارد. ئائێرۆپۆس کوڕی فییێئا پاشای پێلۆپۆنیسۆس و سەرکردەی لەشکری بوو. ئێخێمۆس شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵ ئیللۆس دەستپێکرد و کوشتی. سەبارەت بەو سەرکەوتنە، لەو کاتەوە گەلێک ماف لەلایەن پێلۆپۆنیسی‌یەکانەوە بە ئێمە دراوە و تا ئێستا لەجێی خۆیان‌دان. یەک لەو میراتانەی بۆ ئێمە جێماوە، ئەوەیە کە لە لەشکرکێشی‌یە هاوبەشەکاندا بەردەوام یەکێک لە قۆڵەکان بە ئێمە دەسپێردرێ. ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێوەی لاکێدێمۆنی نییە و هەر قۆڵێک ئێوە لێی دامەزرێن، قبوڵی دەکەین، بەڵام قۆڵەکەی‌تر مافی ئێمەیە، هەروەک لە قەدیمەوە بەو شێوەیە بووە. جیا لەو شتانەی باسمان کرد، ئێمە لە ئاتێنی‌یەکان بەوەجترین بۆ دامەزران لەو قۆڵەدا، چونکە پێشتر، ئێوە سپارتی‌یەکان و خەڵکانی‌ترمان شکست داوە، کەوابوو دیسان دوپاتی دەکەینەوە کە یەکێک لەو دوو قۆڵانە مافی ئێمەیە، نەک هی ئاتێنی‌یەکان، کە نە ئێستا و نە لە رابردوودا خاوەن سەرکەوتنێک نەبوونە تا بە ئێمەی نیشان بدەن ".

**[٢٧]** ئەوە قسەی تێیێئاتی‌یەکان بوو. ئاتێنی‌یەکانیش بەو شێوەیە وڵامیان داوە: "ئێمە ئەوە دەزانین کە هەر هەمووومان بە مەبەستی شەڕ دژی بەربەرەکان هاتووینە ئێرە، نەک بۆ گوێگرتن لە قسە و باسان، بەڵام لەبەر ئەوەی کابرای تێیێئاتی سەبارەت بە رابردوو و ئێستا زۆری گووت و ئەوە بەرهەمی تێکۆشانی ئێمە و ئەوان بۆ مێژوویە، بەپێویستمان زانی لێتان بپرسین، بە کام دەلیل و بەڵگە، بووە بە نەریت بۆ ئێمەی بەدائیم جوامێر و لەخۆ بردوو کە دەبێ لەپێش ئارکادی‌یەکان جێبگرین. تێیێئاتی‌یەکان وەک خۆیان باسی‌دەکەن سەرکردەی ئیراکلی‌یەکانیان لە شەڕی دەڤەری ئیستمۆ

کوشتوه، ئەو کاتە ئێمە پەنا و جێگامان بە ئیراکلی‌یەکان‌دا و لە سەرتاسەری خاکی یۆنان هیچکەس راینەدەگرتن. ئیراکلی‌یەکان ئەو سەردەمە دەیانویست لەدەست کۆیلەتی میکینیی‌یەکان رزگاریان بێ و تەنیا ئێمە توانیمان کۆتایی بە سەرەڕۆیی ئێڤریستیی‌ئاس[1] بێنین، چونکە لەگەڵ ئیراکلی‌یەکان دژی ئەو کەسانە شەڕمان‌کرد کە خاکی پێلۆپۆنیسۆس‌یان داگیرکردبوو. هەروەها، کاتێک ئارغی‌یەکان بە سەرکردەیی پۆلینیکیس هێرشیان کردە سەر شاری تیڤا و زۆربەیان کوژران و بێ قەبر و گۆرستان مانەوە، دیسان ئێمە بووین پەلاماری کادمی‌یەکانمان‌دا، مردووەکانمان کۆکردەوە و بۆ ئەو کارەش شانازی بە خۆمان دەکەین. ئێمە مردووەکانمان لە خاکی خۆمان و لە ناوچەی ئێلێڤسینا ناشت و ئەرکێکی بەجێمان جێبەجێ‌کرد. سەردەمێک ئامازۆنی‌یەکانمان شکست‌دا، ئەوانەی لە چۆمی تێرمۆدۆندا پەڕیبوونەوە و پەلاماری ناوچەی ئەتیکی‌یان دابوو.

لە شەڕەکانی ترۆیکا، لە هیچ هۆزێکی‌تر کەمتر نەبووین، کەوابوو پێویست ناکا پیاو ئەو رووداوە کۆنانە وەبیر خەڵک بێنێتەوە. با لەوە زیادتر باسی کردەوەکانی رابردوو نەکەین. ئێمە ئەگەر هیچ کارێکی‌تر نەکەین، هەر ئەوە کە لە رابردوودا پتر لە یۆنانییەکانی‌تر قارەمانەتیمان نواندوە، بۆوێنە سەرکەوتن لە شەڕی ناوچەی ماراتۆن، خۆی باشترین بەڵگە و هۆیە تا خاوەن ئەو جێگا و میراتە بین، چونکە بەتەنیا و جوامێرانە شەڕمان دژی پاشای پارس کرد و چل‌وشەش نەتەوەمان شکست‌دا. باشە هەر بۆخاتری ئەو قارەمانەتییەی دواییمان، هەق ئەوە نییە کە ئەو گەورەییە بە ئێمە بدرێت؟ بەباوەڕی ئێمە لەو کاتە ئاستەمەدا پێویست ناکا لەسەر شێوەی دامەزرانمان خەریکی شەڕی هەڤدوو بین. لاکێدێمۆنی‌یەکان! ئێمە ئامادەین هەر جێگایەکی ئێوە پێتان باشە، دژی هەرچەشنە دوژمنێک بێ، گرینگ نییە و قبوڵی دەکەین. ئێمە لە هەر شوێنێک دامەزرێین، هەوڵدەدەین جوامێری خۆمان بنوێنین. ئێوە قسەی لێبکەن و ئێمە پەیڕەوی لێدەکەین ".

---

١- پاشای میکینیی‌یەکان بووە.

**[٢٨]** ئاتێنییەکان وڵامی خۆیان داوە. تەواوی شەڕکەرانی لاکێدیمۆنی هاواریان دەکرد کە ئاتێنییەکان بەوەجترن و دەبێ قۆڵی چەپ بەوان بسپێردرێ، نەک بە ئارکادییەکان. ئاتێنییەکان ئەو قۆڵەیان وەستۆگرت و لەپێش تێیێئاتییەکان دامەزران. لەدرێژەدا، هێزەکانیتر بەو شێوەیە جێیانگرت، چ ئەوانەی لەوێ بوون و چ ئەوانەی دواتر هاتن:

لە قۆڵی راست دە هەزار کەسی لاکێدیمۆنی دامەزران. لەو دە هەزار کەسە، پێنج هەزار کەسیان سپارتی بوون. ئەوانە بە سی و پێنج هەزار کەسی ئیلۆتی (کۆیلەی خاوەن چەکی سووک) وەک پارێزەر دەوریان گیرابوو، واتە بۆ هەر سپارتییەک حەوت کۆیلەی یارمەتیدەر تەرخان کرابوو. سپارتییەکان، تێیێئاتییەکانیان لە تەنیشت خۆیان دانا. تێیێئاتییەکان هەزار و پێنجسەد کەسێک دەبوون و بۆوەی رێز لە جوامێرییەکەیان گیرابێ، ئەو شوێنەیان پێسپێردرا. دوای تێیێئاتییەکان پێنج هەزار کەسی کۆرینتی، جێیانگرت. ئەو کۆرینتییانە داوایان لە پاڤسانیاس کرد کە لە تەنیشت ئەوان پێویستە سێ سەد کەسی هۆزی پۆتیدێئاتی دامەزرێن. ئەوانە لە ناوچەی پالینیڕا هاتبوون. لە پشت سەری ئەوانەشەوە شەش سەد کەسی ئارکادی، خەڵکی ئۆرخۆمێنۆس هەبوون و لە تەنیشتیان سی هەزار سیکیئۆنی راوەستان. بەدوای سیکیئۆنییەکاندا، هەشت سەد کەسی ئێپیداڤرۆسی و لەپاڵ ئەوانیش هەزار شەڕکەری تریزینی جێیانگرت. لە نیزیک تریزینییەکان، دووسەد کەسی لێپرێئاتی و چوارسەد میکینێیی و تیرینتی و هەزار فلیئاسی دامەزران. لەدرێژەدا سێسەد کەسی ئێرمیۆنی و راست بەدوای ئەواندا شەشسەد ئێریتری و ستیری راوەستان. لەنیزیک ئەو وەجبەیەی دوایی، چوارسەد شەڕکەری خالکیدی لەگەڵ پێنسەد ئابراکیۆتی داندران. پاش ئابراکۆتییەکان، ئەوجار نۆرەی هەشتسەد لیڤکادی و ئەناکتۆری بوو و دوای ئەوانە دووسەد شەڕکەری پالیی خەڵکی کێفالینیا جێیانگرت. دوای پالییەکان، پێنسەد جەنگاوەری ئێیێنیتی هاتنە مەیدان و لەپاڵ سێ هەزار مێغاری دامەزران و بەدوای ئەوانیشدا شەشسەد کەسی

پلاتێیی نۆرەیان هات. یەکەم ریز و دوایین ریز لە قۆڵی چەپ بە ئاتێنییەکان ئەسپێردرا و هەشت هەزار کەسیان بە سەرکردایەتی ئاریستیدیس کوڕی لیسیماخۆس دامەزران.

**[٢٩]** پیاوانی شەڕکەر، جیا لە هەر حەوت کۆیلەی سووکەچەکدار بۆ یەک سپارتی، سەرجەمیان دەگەیشتنە سی و هەشت هەزار و حەوسەت کەس. ئەوە رادەی جەنگاوەرانی ئەو سپایە بوو کە دژی بەربەرەکان کۆببوونەوە. ژمارە مەزنەکان بەپێی دامەزران بریتی بوون لە: سپارتییەکان سی و پێنج هەزار، هەڵبەت هەر شەڕکەرێک حەوت کۆیلەی سووکە چەکداری لەگەڵ بوو. ئەوانەیتر وەک شەڕکەری بەوەجی سەر بە هۆزەکان بوون. لاکیدێمۆنییەکان و یۆنانییەکان، وەک شەڕکەرانی بەجەرگ و گرینگ سەیریان دەکرا و ژمارەیان دەگەیشتە سی و چوار هەزار و پێنسەد کەس. کۆی سەرجەمی چەکدارانی شەڕکەری بەوەج بەگشتی دەگەیشتە شێست و نۆ هەزار و پێنجسەد کەس.

**[٣٠]** لەشکری یۆنانییەکان ئەوانەی لە وڵاتی پلاتێییەکان کۆببوونەوە، لەگەڵ شەڕکەرە بەوەجەکان، سەرجەم سەد و هەشت هەزار و دووسەد کەس بوون. ئەو ژمارەیە لەگەڵ تێسپییەکان کە دواتر گەیشتنێ، خۆیان لە سەد و دە هەزار کەس دەدا. ئەو خەڵکە تێسپییەی لە شەڕ رزگاریان هاتبوو،[١] ئەوانیش هاتنە ئۆردوگای نیزامی یۆنانییەکان و نیزیک بە هەزار و هەشت سەد کەس دەبوون، هەڵبەت ئەوانە چەکی قورسیان پێنەبوو.

**[٣١]** هێزەکانی بەربەر وەک گووتمان لە ناوچەی ئاسۆپۆس دامەزران. پیاوانی لەشکری ماردۆنیۆس دوای بەخاک سپاردنی تەرمی ماسیستیۆ خەبەریان پێگەیی کە یۆنانییەکان لە دەڤەری پلاتێییەکان کۆبوونەتەوە. ئەوانیش خێرا خۆیان لە قەراخ چۆمی ئاسۆپۆس رێکخست. چۆمی ئاسۆپۆس ناوچەکە دووبەش دەکا. کاتێک ماردۆنیۆس گەیشتە ئەو شوێنە، هێزەکانی بەربەری بەو شێوەیە دامەزراند: لە بەرامبەر هێزەکانی لاکیدێمۆنی، پارسەکانی دانا. پارسەکان

---

١- ئەوانەی لە تێرمۆپیلێس رزگارییان هاتبوو و پەنایان بۆ دەڤەری پێلۆپۆنیسۆس نەبردبوو.

بەژمارە زۆرتر بوون و پانتاییەکی پتریان لەدرێژایی و بەرینایی دا داگیرکردبوو و دەگەیشتنە نیزیک شوێنی تێبێئاتی‌یەکان. ماردۆنیۆس پارسەکانی بەچەشنێک دامەزراند کە هێزەکانی جوامێر و شەڕکەر بکەونە بەرامبەر لاکێدیمۆنی‌یەکان و ئەوانەی کز و بێئەزموون لە روبەڕووی تێبێئاتی‌یەکان جێبگرن. لەراستیدا ئەوە پێشنیاری تیڤێیییەکان بە ناوبراو بوو. دوای پارسەکان لەشکری میدیایی جێی‌گرت. ئەوانە کەوتنە بەرامبەر کۆرینتی، پۆتیدێئاتی، ئۆرخۆمێنی و سیکی‌ئۆنی‌یەکان. دوای میدیاکان، نۆرەی باکتری‌یەکان هات و ئەوانەش لە روبەڕووی ئێپیداڤرۆسی، تریزینی، لێپرێئاتی، تیرینتی، میکینێیی و فلیاسی‌یەکان راوەستان. هەربەدوای ئیندووەکاندا، ساکی‌یەکانی دانا و ئەوانەش دەکەوتنە روبەڕووی ئابراکیۆتی، ئەناکتۆری، لیڤکادی، پالیی و ئێیینی‌یەکان.

ماردۆنیۆس خێرا ساکی‌یەکانیشی ریێکخست. هەردوای ساکی‌یەکان، ئەوجار خەڵکانی ڤیۆتی، لۆرکی، مالی و تێسالی لەگەڵ گوردانێکی هەزارکەسی فۆکی، بەخڕی لەبەرامبەر ئاتێنی و پلاتێیی و مێغارییەکان دانا. ئەوەش بڵێم کە فۆکی‌یەکان هەموویان لەگەڵ لەشکری پارس نەبوون، بەڵکوو بەشێکیان هاوپەیمانی یۆنانییەکانیان پەسندکردبوو. ئەو فۆکی‌یانەی لەبەرەی یۆنانییەکان بوون، پەنایان بۆ چیای پارناسۆس بردبوو و لەو چیایەوە جاروبار پەلاماری هێزەکانی ماردۆنیۆس و ئەو یۆنانییانەیان دەدا کە رەگەڵ بەربەرەکان کەوتبوون. ماردۆنیۆس، هەروەها مەقدوونی‌یەکان و ئەو خەڵکەی لە دەوروبەری ناوچەی تێسالی‌یەوە هاتبوون، ئەوانیشی لە بەرامبەر ئاتێنی‌یەکان دامەزراند.

**[٣٢]** ئەوانە نەتەوە رەسەن و ناسراو و بەوەجەکان بوون کە لەنێو لەشکری ماردۆنیۆس‌دا جێیان گرتبوو. خەڵکانی‌تریش هەبوون کە تێکەڵ بەوانەوە ببوون، هەڵبەت شەڕکەر و سەر بە نەتەوەی جیاوازی‌تر، وەک تراکی، فریژی، میسی و پێئۆنی و چەندێکی‌تر. لەنێوان ئەتیۆپی و میسری‌یەکاندا، کەسانی‌تر کە پێیان‌دەگووترا ئێرمۆتیڤی و کەلاسیری هەبوون کە تەنیا خەنجەریان پێبوو. دیارە میسری‌یەکان خۆیان شەڕکەری نیزامی

تەواو بوون. کاتێک هێشتا کەشتیگەلی دەریایی پارسەکان لە فالیرۆس مابۆوە، ماردۆنیۆس ئەو چەکدارانەی دوایی دابەزاند. بەواتایەک، ئەو کاتەی کسێرکیس بە کەشتیگەلی دەریاییەوە گەیشتە ئاوەکانی ئاتێن، ئەو میسریانەی لەگەڵ نەبوو. هەروەک پێشتر باسم کرد، هێزی بەربەرەکان بە ژمارە دەگەیشتە سێسەد هەزار کەس. لەمەر رادەی شەڕکەرە یۆنانیەکانی بەشدار لە لەشکری ماردۆنیۆس‌دا، پیاو نازانێ چەند کەس بوونە، چونکە سەرژمێری نەکران، بەڵام ئەگەر ژماردنێکی سەرپێی بکرێ، پێموایە پێنج هەزار جەنگاوەر دەبوون. ئەوانەی تا ئێستا دامەزرابوون، گشتیان هێزی پیادەیان پێکدەهێنا. هێزەکانی سوارە نیزام بەجیا جێیان‌گرتبوو.

**[٣٣]** وەختێک گشت هێزەکان بەپێی رەگەز و گوردان دامەزران، رۆژی دوایی لە هەردوو ئۆردوگادا قوربانی پێشکەش بە خواکان کرا. لەلای یۆنانییەکان، تیسامێنۆس کوڕی ئەندیۆخۆس، وەک تاڵەبین رەگەڵ لەشکر کەوتبوو و فاڵەکەی گرتەوە و سەیری نیشانەکانی کرد. تیسامێنۆس خەڵکی ناوچەی ئیلیدا و سەر بە بنەماڵەی یامیدی (واتە هی کلیتیادیس) بوو. لاکێدیمۆنی‌یەکان مافی شارۆمەندی‌یان بەو کابرایە بەخشیبوو و لە شاری سپارت دەژیا. کاتی خۆی، تیسامێنۆس چوو بۆ نێوەندی ئایینی دێلفوس و داوای پێشگۆیی کرد، ئاخۆ رۆژێک دەبێتە خاوەن منداڵ، کاهێنی مەزن واتە پیتیا پێی‌گووت کە پێنج جار لە کێبەرکێ گەورەکاندا سەرکەوتن مسۆگەر دەکا. تیسامێنۆس ئەو پێشگۆییەی لێکداوە و خێرا بە مەبەستی وەدەستهێنانی خەڵاتەکان رووی لە وەرزش کرد. کاتێک لە وەرزشی پێندئاتلۆدا بەشداری کرد، تۆزێکی مابوو ببێتە براوەی خەڵاتی ئۆلیمپیک، بەڵام بەهۆی یێرۆنیمۆ، خەڵکی ئاندرۆ شکستی هێنا. لاکێدیمۆنی‌یەکان لەوە تێگەیشتبوون کە ئەو پێشگۆییە باسی کێبەرکێکانی وەرزیشی ناکا، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی لە شەڕ و پێکدادانە و بۆیە بەزەبری پارە ناوبراویان رازی‌کرد لەگەڵ لەشکرەکەیان بێ و لەگەڵ پاشای ئیراکلی‌یەکان بژی. تیسامێنۆس کاتێک هەستی کرد کە سپارتی‌یەکان ئەو هەمووە ئەویان بەلاوە گرینگە و دەخوازن

بیکەنە هاوپەیمانی خۆیان، کۆمەڵێک خواستی زێدەڕۆیانەی هێناگۆڕێ و پێیگووتن کە پێشنیاری ئەوان قبوڵ دەکا، ئەگەر مافی شارۆمەندی پێببەخشن و خاوەن گشت مافێک وەک سپارتییەکان بێ، ئەگینا رەگەڵیان ناکەوێ و هیچ پێشنیارێکیتریش قبوڵناکا. سپارتییەکان سەرەتا بەو داوایانە تەواوێک هەڵبەزینەوە و دەستیان لە خواستەکانیان هەڵگرت و نەیانویست وەک تاڵەبین لەگەڵیان بێ، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی لەشکرکێشی کسێرکیس نیزیک دەبۆوە، پتر ترسیان رێنیشت و گشت مەرجەکانی ناوبراویان پەسند کرد.

تیسامێنۆس وەختێک ئەو هەواڵەی پێگەیی، گووتی هەربەوەندە رازی نابێ و پێویستە براکەشی بەناوی ئیبیا، ئەویش چەشنی خۆی وەک سپارتی وەربگیرێت و خاوەن گشت مافێک بێ.

**[٣٤]** تیسامێنۆس دوای قسەکانی راست ئەو کارەی کرد کە مێلامپۆس کردبووی. مێلامپۆس‌یش کاتی خۆی مەرجێکی ئەوتۆی دانابوو و مافی شارۆمەندی هاوشانی دەسەڵاتی پاشای وڵاتی داوا کردبوو.

ژنانی ئارغۆسی تووشی نەخۆشی شێتی هاتبوون. ئارغۆسییەکان داواین لە مێلامپۆس کرد لە شاری پیلۆوە بێ و چارەسەری نەخۆشی ئەو ژنانە بکا. مێلامپۆس وەک هەقدەست داوای لە ئارغۆسییەکان کرد کە بەشێک لە دەسەڵاتی پاشایەتی پێبدرێ. ئارغۆسییەکان قبوڵیان نەکرد و رۆیشتن. لەبەر ئەوەی ژنان پتروپتر تووشی ئەو نەخۆشییە دەهاتن، ئارغۆسییەکان پەشیمان بوونەوە و دوبارە گەڕانەوە لای مێلامپۆس و پێیانگووت کە هەرچی داوا بکا، قبوڵیانە. مێلامپۆس کاتێک دیتی ئەوانە خەریکن راوبۆچوونیان دەگۆڕن، خواستەکانی هێندێکیتر زیادتر کرد و گووتی هیچ کارێک بۆ ئارغۆسییەکان ناکا مەگەر براکەی ئەو بەناوی ڤیاندا یەک لە سێی دەسەڵاتی پاشایەتی پێ بدرێ. ئارغۆسییەکان لەبەر ئەوەی هیچ رێگا چارەیەکیان شک نەدەبرد، ئەو خواستەشیان پەسندکرد.

**[٣٥]** هەر بەو شێوەیە سپارتییەکانیش چی تیسامێنۆس گەرەکی بوو، جێبەجێیان کرد. تیسامێنۆسی خەڵکی ئیلیۆ ئیتر بوو بە سپارتی و بە

هۆنەری پێشگۆیی پێنج سەرکەوتنی زۆر بەوەجی بۆ ئەوان مسۆگەرکرد. لەنێو گشت مرۆڤەکانی ئەو جیهانەدا، تەنیا ئەو دوو کەسە توانیان مافی شارۆمەندی سپارتی وەربگرن. پێنج سەرکەوتنەکان بریتی بوون لە: یەکەم، سەرکەوتنی سپارتی‌یەکان لە وڵاتی پلاتێییەکان، دووهەمیان لە ناوچەی تێیێئا و شەڕ دژی تێیێئاتی و ئارغۆسی‌یەکان، سێهەم سەرکەوتن لە دیپێئا دژی ئارکادی‌یەکان، هەڵبەت جیا لە ماندینی‌یەکان، لەدرێژەدا سەرکەوتن لە ئیستۆمی دژی مێسینی‌یەکان و دوایین سەرکەوتنیش لە تاناغرا دژی ئاتێنی‌یەکان و ئارغۆسی‌یەکان بوو. ئەوەیان دوایین سەرکەوتن بوو.

**[٣٦]** تیسامێنۆس، ئەو تاڵەبینەی لەگەڵ سپارتی‌یەکان بوو، لە ناوچەی پلاتێییەکان قوربانی پێشکەشکرد و نیشانەکانی پێشگۆیی پڕ خێر و هیوابەخش بوون، بەو واتایە ئەگەر یۆنانییەکان لە جێگای خۆیانەوە بەرگری لە خۆیان بکەن، وەخێردەگەڕێ، بەڵام ئەگەر هێرش بکەنە سەر لەشکری دوژمن لە ئاسۆپۆس. ئاکامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

**[٣٧]** ماردۆنیۆس. ئەویش کە گەرەکی بوو هێرش دەست پێبکا، سەیری پێشگۆیی دوای قوربانی کرد و خێری پێوە دیارنەبوو. ئەویش دەبوایە هەڵوێستی بەرگری کردنی گرتبابەر. تاڵەبینی لەشکری ماردۆنیۆس کەسێک بوو بە ناوی ئێغیسی ستراتۆس خەڵکی ناوچەی ئیلیۆ و یەکێک لە دانیشتووانی ناسراوی دەڤەری لیادی. بەرلە دەسپێکردنی ئەو شەڕانەی دوایی، ئەو تاڵەبینە واتە ئێغیسی‌ستراتۆس، سپارتی‌یەکان گرتبوویان و زیندانیان کردبوو و گەرەکیان بوو بیکوژن، چونکە لەبەر ئەو کابرایە تووشی ئازار و نەهامەتی فرە هاتبوون. ئێغیسی‌ستراتۆس وەختێک لە زینداندا بوو، تەواوێک ناهومێد، لەبەر ئەوەی دەترسا تووشی ئەشکەنجە و مەرگ بێتەوە، کارێکی کرد کە بەیانکردنی گەلێک دژوارە. لەو کاتەدا قاچێکی بە پێڵاوی ئاسن لە دار بەسترابۆوە. ناوبراو بە چەشنێکی گوماناوی تیغەڵەیەکی ئاسنی پێگەیی و بڕیاری‌دا قارەمانەتی بنوێنێ کە لە گشت ئەو کەسانەی تا ئێستا ناسیومن گرینگتر بێ. پاش بەراورد کردنی پێی لەنێو پێڵاودا، دەستی بە بڕینەوەی ئەو بەشانەی قاچی خۆی کرد کە

هۆی گیربوونی پێیەکەی لەنێو پێڵاوی ئاسندا بوون. دوای تاشینی گۆشت و ئێسقانی لاقی و راکێشانی بۆ دەرێ، ئەوجار دەبوایە رێگای راکردن لە زیندان بدۆزێتەوە. زیندانەکە پاسەوانی توندی لێدەکرا. ئێغیسیستراتۆس کونێکیشی لە دیوارکرد و بەوێدا هەڵات و بەرەو ناوچەی تێییئا رۆیی. شەو رێگای دەپێوا و رۆژ لەنێو دارستاندا خۆی دەشاردەوە. سپارتییەکان سەریان لێشێوابوو کاتێک چاویان بە پارچەکانی قاچی زیندانی کەوت و خۆی ونببوو. ناوبراو بەو شێوەیە لەدەست لاکێدێمۆنییەکان رایکرد و گەیشتە تێییئا. شاری تێییئا ئەو سەردەمە پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ شاری سپارت نەبوو. ئێغیسیستراتۆس دوای ئەوەی قاچەکەی خۆی دەرمان کرد، ئەوجار کەوشی داریشی دروست کرد و لەو سەردەمییەوە بوو بە دوژمنی سپارتییەکان و بەخوێنی سەریان تینوو بوو. ئەو دوژمنایەتییە لەگەڵ لاکێدێمۆنییەکان زۆری نەخایاند و ئاکامێکی باشی لێنکەوتەوە. لاکێدێمۆنییەکان ناوبراویان لە زاکینتۆس گرت، راست لەو کاتەدا کە خەریکی پیشەی فاڵگیری بوو و لەجێوە کوشتیان.

**[٣٨]** ئێغیسیستراتۆس دوای شەڕی پلاتێییەکان کوژرا. لەکاتی شەڕی بەربەرەکان، لە خزمەت ماردۆنیۆسدا بوو. ئەو کابرایە لەبەر دوژمنایەتی کردن لەگەڵ لاکێدێمۆنییەکان پارەیەکی زۆری وەردەگرت و لە ئۆردوگای ئاسۆپۆس بەردەوام قوربانی پێشکەش دەکرد و خەریکی پێشگۆیی بوو. قوربانییەکانی ئەو جارە خێروبێریان پێوە دیار نەبوو و جێگای هومێد نەبوون. سەرکەوتنیان نە بۆ ماردۆنیۆس و نە بۆ ئەو یۆنانیانەی رەگەڵ ناوبراو کەوتبوون، بەدیاری نەهێنا.

یۆنانییەکان، ئەوانیش تاڵەبینی خۆیان هەبوو بەناوی ئیپۆماخۆس کە خەڵکی دەڤەری لێڤکادا بوو. لەو کاتەدا کە جەماوەریتری یۆنانی وەک لێشاو دەهاتن و لەشکری یۆنانیان بەهێزتر دەکرد، کەسێکی خەڵکی دەڤەری تیڤا بەناوی تیمیێنیدیس، کوڕی ئێرپۆس پێشنیاری بە ماردۆنیۆس کرد کە پارێزگاری لە گوزەرە بەرتەسکەکانی ناوچەی کیتیرۆنا بکەن. ئەو کابرایە هەروەها گووتی کە خەڵکی یۆنانی بەردەوام رۆژانە بەو رێگایانەدا خۆیان

دەگەیێننە لەشکری یۆنانی و ماردۆنیۆس پێویستە بۆسەیان بۆ دابنێ و دەستیان لێ بوەشێنێ و یەخسیریان بکا.

**[٣٩]** هەشت ڕۆژ دەبوو کە لەشکرە دژبەرەکان لە بەرامبەر هەڤدوو جێیانگرتبوو. دوای ئەو هەشت ڕۆژە بوو کە کابرای تیڤیایی پێشنیاری بە ماردۆنیۆس کرد. ماردۆنیۆس پێشنیارەکەی بەلاوە دروست بوو و هەرکە شەو داهات، سواری ناردە سەر گوزەرەکانی کیتێرۆنا. ئەو گوزەرانە لەسەر ڕێگای بەرەو وڵاتی پلاتێییەکان هەڵکەوتوون. ڤیۆتیێیەکان ئەو گوزەرانە بەناوی تریسکێفالیس و ئاتێنییەکان بەناوی دریئۆسکێفالیس دەناسن. هێزی سوارە دەسکەوتی بوو. کاتێک کاروانێکی پێنسەد سەری ماڵاتی باربەر بە ئازوقەوە بەو گوزەرەدا تێپەڕی و نیزیکی دەشتایی کەوتەوە، دەستیان بەسەر گشتیدا گرت. خەڵکی هەرێمی پێلۆپۆنیسۆس ئەو کاروانەیان بۆ ئۆردوگای یۆنانییەکان بەڕێکردبوو. هەم پیاوەکان و هەمیش بارەکانیان داگیرکران. شەڕکەرانی بەربەر هەتا ماندوو بوون خەڵکی هاوڕێی ئەو کاروانە و ماڵاتەکانیان کوشتن و ئەوجار باروبنەی وڵاغەکانیان کۆکردەوە و بردیان بۆ لای ماردۆنیۆس لە ئۆردوگا.

**[٤٠]** لەدرێژەدا، دوو ڕۆژی ڕێک هیچکام لە لەشکرەکانی دژبەر جوڵەیان نەکرد، چونکە مەیلی شەڕیان نەبوو. دواتر بەربەرەکان چەند جارێک تا سەر چۆمی ئاسۆپۆس چوون و گەڕانەوە و نەدەپەڕینەوە ئەوبەر چۆم. ئەوان مەبەستیان بوو کە بزانن یۆنانییەکان چۆن دژکردەوەیەک لەخۆیان نیشان دەدەن. هێزی سوارەی ماردۆنیۆس، ئەویش بەردەوام سەرئێشەی بۆ یۆنانییەکان دەخوڵقاند. تیڤێییەکان بەتەواوی پاڵیان وەمیدیاکان دابوو و بەهەموو هێزیانەوە یارمەتی بەربەرەکانیان دەدا و بەردەوام ئەوانیان بۆ شەڕکردن هاندەدا و وەپێشیان دەکەوتن و دەبوونە هۆی ئەوە کە میدیاکان و پارسەکان تەواوێک غیرەتیان وەبەر بێ.

**[٤١]** لەو دە ڕۆژەدا ڕووداوێکی گرینگتر لەوەی باسم کرد، نەقەوما. هێزەکانی دژبەر ئەو جۆرەی گووتم لە بەرامبەر هەڤدوو دامەزرابوون.

یۆنانییەکان گەلێک بەهێزتر ببوون، بەڵام ماردۆنیۆس لەبەر بێکاری سەری لێ شێوابوو. لەبەر ئەو پەشێوییە، ماردۆنیۆس کوڕی غۆڤریا و ئارتاڤازۆس کوڕی فارناکی، واتە ئەو کەسەی کسێرکیس فرە ئیحتیرامی بۆ دادەنا، دەستیان بە شەڕە جنێو کرد. نێوەرۆکی شەڕە قسەیان بەو جۆرە بوو: ئارتاڤازۆس لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ لەشکری بەربەر هەرچی زووتر بەتەواوی پاشەکشە بکا و بەرەو خوارووی دیوارەکانی تیڤێییەکان بچێ، واتە بۆ ئەو شوێنەی ژمارەیەکی زۆر ماڵاتی باربەر و قەیاسێکی فرە ئازوقەی لێ کۆببۆوە. ئارتاڤازۆس پێیوابوو لەوێ بەبێ ئەوەی هیچ شەڕێکیان کردبێ، کۆتاییان بە پێکدادان هێناوە و کۆڵێک زێڕ و زێوی وردکراو لەگەڵ جام و دەفریتر زێو دەستیاندەکەوت. دەکرا ئەو گشتە زێڕ و زێوە وەک بەرتیل بۆ سەرکردەکانی یۆنانی بنێردرێن و رازیبکرێن و دەست لە خۆڕاگری هەڵگرن و تەسلیمی بەربەرەکان بن و بەو شێوەیە بەربەرەکان ئیتر تووشی شەڕ و خۆ لە مەترسی هاویشتن نەدەهاتن. تیڤێییەکانیش خاوەن هەمان بۆچوونی ئارتاڤازۆس بوون. نەرینی ئارتاڤازۆس تەواو دروست بوو، بەڵام هەڵوێستی ماردۆنیۆس رەق و توند بوو و لەگەڵ بارودۆخەکە نەدەگونجا. ماردۆنیۆس لەو باوەڕەدا بوو کە لەشکرەکەی ئەو لە لەشکری یۆنانی باشتر و بەهێزترە و ئەوەندەی مەجال هەبێ، پێویستە خێرا شەڕەکە دەست پێبکەن و رێگە نەدەن لەوە زیاتر هێزەکانی دوژمن (یۆنانی) کۆببنەوە. ئەو هەروەها پێیوابوو دەست لە پێشگۆییەکانی ئیغیسی ستراتۆس هەڵگرن و پشت بە ئامۆژگارییەکانی نەبەستن و پتر نەریتی پارسەکان رەچاوبکەن و شەڕ دەست پێبکەن.

**[٤٢]** کاتێک قسەکانی ماردۆنیۆس تەواو بوو، هیچکەس دژی نەوێستا و بەو شێوەیە بۆچوونی ئەو جێیگرت. لە لایەکیترەوە پاشا سەرکردایەتی لەشکریی بەو ئەسپاردبوو، نەک بە ئارتاڤازۆس. ماردۆنیۆس ئەوجار گشت فەرماندە هێزەکانی لەشکریی و سەرکردەکانی یۆنانی کە لەگەڵی بوون، بانگهێشت کرد و لێیپرسین ئاخۆ هیچ تاڵەبینێک دەناسن کە پێشتر گووتبێ

هێزەکانی پارس لە وڵاتی یۆنان تووشی شکست و تێداچوون دەبن. بانگهێشت کراوەکان بێدەنگیان پاراست، چونکە تاڵەبینێکی ئەوتۆیان نەدەناسی، ئەوانەش کە کەسێکیان شکدەبرد، نەیانوێرا ناوی بێنن. هەربۆیە ماردۆنیۆس گووتی: "وێدەچێ نە کەسی ئەوتۆ دەناسن، نە دەوێرن ناوی بێنن، با من پێتان بڵێم کە باشتری لێدەزانم. پێشگۆییەک هەیە کە دەڵێ: پارسەکان دەگەنە یۆنان و پەرستگەکانی دێلفوس تالان و وێران دەکەن و دوای ئەو کارەیان بە پانەوە دەکوژرێن. ئێمە کە ئەو پێشگۆییە بەباش دەزانین، نە پەلاماری ئەو پەرستگەیە دەدەین و نە خاکی بە تورەکان دەکێشینەوە و هەر لەبەر ئەو هۆیە ئیتر کوشتن و مردن چاوەڕوانمان نابێ. لەوە بەدواوە ئەوەی خۆی بە دۆستی من دەزانێ، خۆشحاڵ بێ، چونکە لەو شەڕە لەگەڵ یۆنانییەکاندا سەردەکەوین ". ماردۆنیۆس دوای ئەو قسەیە فەرمانی ئامادەباشی دەرکرد، بۆوەی رۆژی دوایی هێرش دەسپێبکەن.

**[٤٣]** ئەو پێشگۆییەی ماردۆنیۆس باسی لێوەکرا کە سەبارەت بە پارسەکان گووتراوە، من دەزانم کامەیە. ئەوە باسی ئیلیری‌یەکان و لەشکری ئێنخێلی‌یەکان دەکا و فڕی بەسەر پارسەکانەوە نییە. لەو شەڕەدا پێشگۆیی ڤاکی (ڤاکخۆس) وەڕاست گەڕا:

*"لە ناوچەی تێرمۆدۆنڕا و لە رۆخە سەوزەکانی چۆمی ئاسۆپۆس، یۆنانییەکان دادەمەزرێن و گوێیان لە هاواری شەڕی بەربەرەکان دەبێ. رۆژێکی چارەنووس‌ساز لێرە تێپەڕدەبێ و کۆمەڵێکی زۆر کەوانداری میدیایی بەشێوەیەکی ترسناک دەکوژرێن."*

من ئەوە دەزانم کە ئەو پێشگۆییە و کۆمەڵێکی‌تر بەهۆی موسێئۆسی تاڵەبین دراونەدەر. رووباری تێرمۆدۆن بەنێوان ناوچەکانی غلیساندا و (تاناغرا)دا دەرباز دەبێ.

**[٤٤]** دوای کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بە پێشگۆیی و ئامۆژگاری لەلایەن ماردۆنیۆسەوە، ئیتر شەو داهات و پاسەوانەکان دامەزران. بە تێپەڕبوونی شەو، هێمنایەتی باڵی بەسەر ئۆردوگادا کێشا و سەربازانی لەشکریی بە خەیاڵی ئاسوودەوە لێیخەوتن. لەلایەنی دیکە، سوارکارێک لە پاسەوانەکانی ئاتێنی نیزیک کەوتەوە. ئەو سوارکارە ناوی ئەلێکساندرۆس کوڕی ئامینتا سەرکردە و پاشای مەقدوونییەکان بوو و توانیبووی پێوەندی بە یۆنانییەکانەوە بگرێت. زۆربەی پاسەوانەکان لە جێگای خۆیان نەبزووتن، بەڵام هێندێکیان ڕایانکردە لای سەرکردەکانی خۆیان و پێیانگووتن کە سوارکارێک لەلای ئۆردوگای میدیاکانەوە هاتووە و هیچی بە ئێمە نەگوتووە و دەڵێ تەنیا لەگەڵ سەرکردەکان قسەدەکات.

**[٤٥]** کاتێک سەرکردەکانی لەشکریی گوێیان لەو خەبەرە بوو، بەوپەڕی خۆپارێزییەوە، خۆیان گەیاندە شوێنی ئەلێکساندرۆس و ناوبراو خێرا پێیگووتن: "ئاتێنییەکان! هاتووم بەنهێنی قسەتان لەگەڵ بکەم و نابێ جیا لە پاڤسانیاس هیچکەسیتر بەو هاتنەم بزانێ، چونکە سەرم تێدا دەچێ. بەڕاستی ئەگەر مەبەستم خۆشەویستی سەراسەری خاکی یۆنان نەبوایە، نەدەهاتم. لەبەر ئەوەی خۆم یۆنانیم و دەگەڕێمەوە سەر ڕەگەزی کۆنی یۆنانی و گەرەکم نییە یۆنان بە کۆیلەتی و داگیرکراوی ببینم و سەربەستی وڵاتەکەم بەلاوە گرینگترە. دەخوازم ئاگادارتان بکەمەوە کە قوربانییەکان و پێشگۆییەکان خواست و ئامانجی ماردۆنیۆس و لەشکرەکەی دابین ناکەن، ئەگینا چەند ڕۆژ لەوە پێش هێرشی دەسپێکردبوو. ئێستا ماردۆنیۆس بڕیاری داوە گوێ بەو قوربانی و پێشگۆییانە نەدا و هەرکە ڕۆژ بێتەوە هیرش دەستپێدەکا. ئەو لەوە دەترسێ کە ڕۆژبەڕۆژ لەشکری ئێوە بەهێزتر بێ، بۆیە داواتان لێدەکەم ئاگاتان لە خۆتان بێ. ئەگەر ماردۆنیۆس هێرشەکەی وەدوا بخا، لەسەرخۆ بن و مەبزوون و هەر لێرە بمێننەوە، چونکە ناوبراو ئازوقەی تەنیا بۆ چەند ڕۆژێک ماوە و بەس. ئەگەر ئەو شەڕە بەمەیلی ئێوە کۆتایی هات، ئەوکاتە لەبیرم مەکەن و هەوڵی ڕزگاربوونم بدەن. من بۆخاتری یۆنانییەکان ڕێگایەکی ئاوا پڕمەترسیم گرتەبەر

و ئێوەم لە نەخشەیەکی مەترسیداری ماردۆنیۆس ئاگادار کردوەتەوە. من ناخوازم بەربەرەکان پەلاماری ئێوە بدەن. لەبیرتان نەچێ، ئەمن ئەلێکساندرۆسی مەقدوونیم ". ناوبراو قسەی خۆی کرد و گەڕاوە ئۆردوگا و شوێنی مانەوەی.

**[٤٦]** سەرکردەکانی ئاتێنی بەپەلە چوونە لای قۆڵی ڕاست و ئەو هەواڵەیان بە پاڤسانیاس ڕاگەیاند و چی ئەلێکساندرۆس گوتبووی بۆ ناوبراویان باسکرد. پاڤسانیاس ترسی هێرشی پارسەکانی ڕێنیشت و بەو شێوەیە لەگەڵ سەرکردەکانی یۆنانی قسەی کرد: "ئێستا کە قەرارە لەگەڵ سپێدەی بەیانی هێرش بکرێتە سەرمان، ئێوە ئاتێنییەکان پێویستە لە ریزی بەرامبەر بە پارسەکان دامەزرێن و ئێمەش لە روبەڕووی ڤیۆتییەکان و یۆنانییەکانی دژبەرمان جێدەگرین. بۆیە ئەو کارە دەکەین، چونکە ئێوە لە شەڕی میدیاکان شارەزان و لە ناوچەی ماراتۆن شکستتان داون و ئێمە خاوەن ئەزموونی ئەوتۆ نین. هیچکەسی سپارتی تا ئێستا شەڕی لەگەڵ میدیاکان نەکردوە، بەپێچەوانەوە ڤیۆتییەکان و تێسالییەکان باش دەناسین. دەبێ خێرا چەکەکانتان هەڵگرن و بێنە ئەو قۆڵەی ئێرە و ئێمە دەچینە قۆڵی چەپ ".

ئاتێنییەکان لەمەر ئەو داوایە وڵامیان داوە: "ئێمە خۆیشمان هەر لە سەرەتاوە، داوامان کرد کە لە بەرامبەر پارسەکاندا جێبگرین. پێشتر خۆمان بیرمان لەو داوایەی تۆ کردبۆوە. ئێمە لەوە نیگەران بووین کە پێشنیار و خواستەکەمان ببێتە هۆی نارەحەتی تۆ. ئێستا کە خۆتان بەو قەناعەتە گەیشتوون، ئێمە گەلێک بەو جێگۆڕکێیە خوشحاڵین و ئامادەین خێرا جێبەجێی بکەین ".

**[٤٧]** هەردوو لایەن ڕێککەوتن و بەرەبەری مانگ هەڵاتن بوو و هێزەکان خێرا جێگایان گۆڕی. ڤیۆتییەکان بەو ئاڵوگۆڕەیان زانی و ماردۆنیۆسیان لێ ئاگادار کردەوە. ماردۆنیۆس کاتێک گوێی لەو خەبەرە بوو، ئەویش دەستی بە جێگۆڕکێی هێزەکانی خۆی کرد و ئەوجار پارسەکان کەوتنە بەرامبەر بە لاکێدێمۆنییەکان. لەولایەش، پاڤسانیاس بە ئاڵوگۆڕی ئەوانی

زانی و بەپەلە سپارتیيەکانی هێناوە قۆڵی ڕاست. ماردۆنیۆس، ئەویش دوبارە پارسەکانی بردەوە قۆڵی چەپ.

**[٤٨]** دوای ئەوەی هێزەکان گەڕانەوە سەر دۆخی پێشوویان، ماردۆنیۆس جارچی ناردە لای سپارتیيەکان و پەیامێکی بەو ناوەرۆکەی بۆ ناردن: "لاکیدیمۆنیيەکان! ئێوە لەو وڵاتەدا بۆ جوامێری و لەخۆبردوویی گەلێک ناسراون. ئێوە لە شەڕدا نە پاشەکشە دەکەن و نە مەتەریزەکانتان جێدەهێڵن، یا دوژمن دەکوژن یا خۆتان دەکوژرێن. ئێستا دەزانم کە ئەو قسانە هیچیان ڕاست نین. بەرلەوەی بکەونە شەڕ دژی ئێمە، ئێوەمان دیت کە چۆن جێگاتان گۆڕی و ئاتێنیيەکانتان هێنایە شوێنی خۆتان تا لە قۆڵی ڕاستی ئێمە بجەنگن و خۆتان چوونە بەرامبەر کۆیلەکانی ئێمە. ئەوە کرداری پیاوی ئازا و جوامێر نییە. دەبێ بڵێم لێکدانەوەکانمان سەبارەت بە ئێوە هەڵە بوون. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە بەوهەموو ناوبانگەی هەتانە، جارچی بنێرن و داوای شەڕ بەتەنیا لەگەڵ پارسەکان بکەن. ئێمە خۆمان تەواوێک ئامادە کردوە، بەڵام دەبینین کە مەیلێکتان نییە و پتر دەخوازن خۆتان لەو شەڕە ببوێرن. ئێستا، لەبەر ئەوەی ئێوە ئەو پێشنیارە ناکەن، ئێمە هەنگاو دەنێینەوە و دەست بە شەڕ دەکەین. بۆچی ژمارەی لەشکرەکانمان لەو شەڕەدا بەرابەر نەبێ، ئێوە لە وڵاتی یۆنان بە جوامێری و شەڕکەری ناسراون و ئێمەیش لەلای بەربەرەکان. ئەگەر پێتانوایە کە خەڵکیتریش پێویستە بکەوێتە نێو ئەو شەڕە، گرفت نییە، با دواتر خۆیان پێکەوە ململانێی هەڤدوو بکەن. ئەگەر ئەو مەرجەتان قبوڵ نییە و گەرەکتانە خۆتان تەنیا شەڕ بکەن، ئێمە ئامادەی ئەو بەربەرەکانییە هەین. هەرکەس سەرکەوێ، سەرکەوتنەکەی بۆ گشت لەشکر بە ئەژمار دێ ".

**[٤٩]** کابرای جارچی قسەکانی کرد و چاوەڕوانی وڵام ماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچکەس جوابی نەداوە، گەڕاوە لای ماردۆنیۆس و چی قەومابوو، بۆ ناوبراوی باسکرد. ماردۆنیۆس بۆ ئەو سەرکەوتنە بچووکە تەواوێک شاد بوو، فەرمانی دەسەر هێزی سوارە کرد، پەلاماری یۆنانییەکان بدەن. هێزی سوارە هێرشی دەسپێکرد و بە زەبری تیر و کەوان دەستێکی لە یۆنانییەکان

وەشاند و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن. ئەوانە سوارەی کەواندار بوون و یۆنانییەکان نەیانتوانی خۆیانی لەبەربگرن. ئەو هێزە هەروەها توانی بە گڵ کانی غارغافیا پڕکاتەوە و بیفەوتێنێ. ئاوی ئەو کانیاوە پاراوی تەواوی ئۆردوگای یۆنانییەکانی دەکرد. لەنیزیک کانیاوی گۆرین، تەنیا هێزەکانی لاکێدێمۆنی دامەزرابوون و لە بەشەکانی‌تری لەشکری یۆنانی دووربوون – هەڵبەت بەپێی شێوەی دابەشبوونیان – و ئەوان لەنیزیک چۆمی ئاسۆپۆس جێیان‌گرتبوو. هێزەکانی یۆنانی سەرەڕای دامەزران لە قەراخ چۆم، نەیاندەتوانی لێی نیزیک بکەونەوە و هەرهەموویان دەچوونە سەر ئەو کانیاوە. یۆنانییەکان لەبەر ڕێژنەی تیرەکان، زاتیان‌نەدەکرد ئاو لە چۆمەوە بۆ نێو ئۆردوگا بێنن.

**[٥٠]** لەبەر ئەو گرفتە و لەبەر ویشک هەڵگەڕانی کانیاو و زیانێکی کە هێزی سوارە پێی‌گەیاندبوون، سەرکردەکانی یۆنانی خێرا چوونە لای پاڤسانیاس لە قۆڵی ڕاست و سەبارەت بەو ڕووداوانە لەگەڵ ناوبراو کەوتنە راوێژکردن. گرفتی بێ‌ئاوی هەرچەند زۆر گرینگ بوو، بەڵام کێشەی لەو بەرچاوتری هاتنەگۆڕێ. ئەوانە ئازوقەیان لێ‌بڕابوو، چونکە ئەو کەسانەی ناردبوویانە ناوچەی پێلۆپۆنیسۆس تا ئازوقە بێنن، لەلایەن هێزی سوارەی بەربەرەکانەوە گیرابوون و نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە ئۆردوگای یۆنانییەکان.

**[٥١]** دوای ئەو دیدارە، سەرکردە یۆنانییەکان بڕیاریان‌دا ئەگەر پارسەکان لێگەڕێن ئەو ڕۆژە بەهێمنی و بێ‌شەڕکردن دەرباز بێ، دواتر بەرەو دوورگەی دراوسێیان بچن. ئەو دوورگەیە لە بەرامبەر شاری پلاتێ‌ییەکان هەڵکەوتووە و دە ستادیۆ لە چۆمی ئاسۆپۆس و کانیاوی غارغافیا دوورە، واتە ئەو جێگایەی ئۆردوگای یۆنانییەکانی لێبوو. سەیرە کە پیاو چاوی بەو دوورگەیە لەنێو دەشتایی دەکەوێ. ئەو چۆمەی لە بەرزاییەکانی کیتێرۆنا دەڕژێتەخوارەوە، لە دەشتاییدا دووبەش دەبێ. هەر لکێکی ئەو چۆمە مەودای سێ ستادیۆ لەوەی‌تر دوور دەکەوێتەوە و دواتر یەک‌دەگرنەوە. ئەو دوورگەیە ناسراوە بە ئۆئێرۆئی – خەڵکی ناوچەکە دەڵێن کچی ئەو

دوورگەیە کچی رووباری ئاسۆپۆسە - و لەنێوان دوو لکی چەم هەڵکەوتووە.

یۆنانییەکان بڕیاریاندا بچنە ئەو دوورگەیە و لەوێ دامەزرێن، بەو شێوەیە نە هێزی سوارەی دوژمن دەستی پێیانڕادەگا و نە گرفتی بێ ئاوییان دەبێ. یۆنانییەکان لەسەر ئەو بڕیارە ساغبوونەوە کە بە شەو جێگۆرکێ بکەن، واتە لە وەختی گۆڕینی پاسەوانەکانی دوژمن، بۆوەی پارسەکان هەست بە هەڵسوکەوتی ئەوان نەکەن و وەدوایان نەکەون و هێزی سوارە نەگاتە سەریان. راست لە کاتی گواستنەوە بۆ ئەو شوێنە کە کچی ئاسۆپۆس ناودێر کراوە، واتە بۆ دوورگەی ئۆئێرۆئی و داگەڕان لە بەرزایی کیتێرۆنا، بڕیاریاندا هەر ئەو شەوە نیوەی لەشکر بنێرن بۆ کیتێرۆنا تا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی خۆیان کە لە گەمارۆ کەوتبوو، رزگاربکەن. ئەوانەی لە گەمارۆ کەوتبوون، هێزی یارمەتیدەر بوون.

**[٥٢]** بڕیارەکان بەو شێوەیە بوون کە باسم کردن. ئەو رۆژە چەند جارێک کەوتنەبەر پەلاماری هێزی سوارە. وەختێک شەو داهات و هێرشەکانی هێزی سوارە وێستان، لە وەختی دیاریکراودا کە بڕیاریاندابوو جێگۆرکێ بکەن، زۆربەی یۆنانییەکان پاشەکشەیان کرد، بێئەوەی بچنە شوێنی دیاریکراو. ئەو یۆنانییانە وەڕێکەوتن و یەکسەر بەرەو شاری پلاتێییەکان چوون، بۆوەی لەدەست هێزی سوارە نیزامی دوژمن رزگارییان بێ. پاش ماوەیەک گەیشتنە ئیرێئۆ کە بەرلە شاری پلاتێییەکان هەڵکەوتبوو و مەودای بیست ستادیۆ لە کانیاوی غارغافیا دووربوو. ئەوانە کاتێک گەیشتنە پەرستگەی ئەو شوێنە، لەوێ دامەزران.

**[٥٣]** لەهەرحاڵدا ئەو بەشە لە لەشکر لە نیزیک پەرستگەی ئیرێئۆ ئۆردویان لێدا. پاڤسانیاس کاتێک دیتی خەڵکەکە خەریکن ئۆردوگا چۆڵدەکەن، دەستوری بە سەربازانی لاکێدێمۆنیدا چەکەکانیان دەست دەنێ و وەدوای ئەو بەشە کەون کە خەریکی رۆیشتنن و پێیوابوو کە ئەوانە بۆ شوێنی دیاریکراو واتە بۆ دوورگەکە دەچن. تەواوی فەرماندەکانیتر ئامادەی

جێبەجێ کردنی فەرمانی پاوسانیاس بوون، بەڵام ئامۆمفارێتۆس کوڕی پۆلیادیس، فەرماندەی گوردانی پیتاناتی گووتی کە ئەو ناخوازێ لەبەرچاوی دوژمن پاشەکشە بکا و ئابڕووی سپارتییەکان ببا. ناوبراو ئەو جێگۆرکێیەی لەشکری یۆنانی بەلاوە سەیربوو، چونکە نەیدەزانی چ کۆمەڵە بڕیاراتێک پەسند کراون. پاوسانیاس و ئێوری‌ئافاکس، بەرهەڵستکاریی ئامۆمفارێتۆس‌یان پێ‌قبوڵ نەدەکرا و لەوەیش ناخۆشتر نەیاندەویست گوردانی پیتاناتی لەوێ جێهێڵن. ئامۆمفارێتۆس لەسەر بڕیاری خۆی پێداگربوو. پاوسانیاس لەوە دەترسا ئەگەر تەنیا جێیهێڵن و ئەو بڕیارەی لەگەڵ یۆنانییەکان لەسەری ساغبوونەتەوە جێبەجێی‌بکەن، ئامۆمفارێتۆس و شەڕکەرانی تێدادەچن. بەو کۆڵە فکرەوە، لەشکری لاکێدێمۆنی‌یەکانیان رانەگواست و هەوڵیان‌دا ئامۆمفارێتۆس کە تەواوێک ناحاواوە بوو، بەقەناعەت بگەیێنن.

**[٥٤]** لەهەرحاڵدا خەریکی رازی‌کردنی ئامۆمفارێتۆس بوون، چونکە ئەو تەنیا کەس لەنێو لاکێدێمۆنی‌یەکان و تێیێ‌ئاتی‌یەکاندا بوو کە داوای مانەوەی لە شوێنی خۆی کردبوو. ئاتێنی‌یەکان بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد: لە شوێنی خۆیان نەبزووتن و شارەزایی فرەیان لەمەر خوو و نەریتی لاکێدێمۆنی‌یەکان و چۆنییەتی بیرکردنەوە و رەفتاریان هەبوو. وەختێک لەشکر خەریکی جێگۆڕکێ بوو، ئاتێنی‌یەکان سوارکارێکیان نارد بۆوەی دڵنیابن ئاخۆ سپارتی‌یەکان ئامادەی پێشڕەوی هەن یا دەخوازن لە جێگای خۆیان بمێننەوە و هەروەها لە پاوسانیاس پرسیاربکەن کە دەبێ لەمەودوا چبکەن.

**[٥٥]** کاتێک راسپاردەکە گەیشتە لای لاکێدێمۆنی‌یەکان، دیتی گشتیان لە جێگای خۆیان دامەزراون و نەبزوتوون و لەگەڵ فەرماندەکانیان خەریکی شەڕ و کێشەن. راست لەو کاتەدا ئێوری‌ئاناکس و پاوسانیاس لەگەڵ ئامۆمفارێتۆس کۆبوونەوەیان هەبوو و پێیان‌دەگووت کە لەشکری لاکێدێمۆنی‌یەکان بە مانەوەی لێرە تووشی تێداچوون نەکا، بەڵام نەیانتوانی بە قەناعەتی بگەیێنن. شەڕ و کێشەی نێوانیان بەردەوام بوو و راست لەو کاتەدا بوو کە راسپاردەی ئاتێنی گەیشتە لایان و لە نیزیکەوە سەیری ئەو

دەمەقاڵەیەی کرد. ئامۆمفاریتۆس تەواوێک قەڵس، بەردێکی هەڵگرت و لەبەر پێی پاڤسانیاسی دانا و گووتی ئەوە رای منە و بەوشێوەیە دەنگ بە بۆچوونی جێگۆڕکێ دەدەم و ناخوازم لەشکری یۆنانی لەبەر چاوی خەڵکی بێگانە پاشەکشە بکا. (مەبەستی لە خەڵکی بێگانە هەمان بەربەرەکان بوون). پاڤسانیاس لە وڵامی ناوبراودا گووتی کە زۆر نەفام و شێتە و ئەوجار رووی لە راسپاردەی ئاتێنی کرد کە ئەو پەشێوییەی بەچاوی خۆی بینیبوو و پێیگووت کاتێک گەڕاوە پێویستە باسی ئەو گرفتە بۆ ئاتێنییەکان بکا. پاڤسانیاس هەروەها داوای کرد کە باشترە ئاتێنییەکان ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکراوە، لێی نیزیک ببنەوە و لەمەر جێگۆڕکێش، چی سپارتییەکان کردیان، ئەوانیش بەهەمان دەستوور هەڵسوکەوت بکەن.

**[٥٦]** راسپاردەی ئاتێنییەکان گەڕاوە لای هێزەکانی خۆی. سپارتییەکان هەروا خەریکی کێشەی نێوخۆیی بوون و شەویش بەرەو کۆتایی دەڕۆیی. راست لەو کاتەدا کە پاڤسانیاس هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدابوو، بیری لەوە کردەوە، ئەگەر باقی هێزەکانی لاکێدێمۆنی لەو شوێنە بڕۆن، ئامۆمفاریتۆس، ئەویش غیرەت ناکا بەتەنیا لەوێ بمێنێتەوە و ناچاردەبێ جێگۆڕکێ بکا. بۆیە خێرا فەرمانی دەرکرد و وەپێش لەشکر کەوت و بەرەو داوێنی چیا رۆیشتن. دوایین بەشی لەشکر، تێییئاتییەکان بوون. ئاتێنییەکان خۆیان رێکخست و رێگایەکی جیا لە لاکێدێمۆنییەکانیان گرتەبەر. لاکێدێمۆنییەکان رێگای بەرزایی و داوێنی چیای کیتێرۆنایان هەڵبژاردبوو و لە هێزی سوارەی بەربەر دەترسان، بەڵام ئاتێنییەکان لە خوارەوەتری ئەوان بە دەشتاییدا رۆیشتن.

**[٥٧]** ئامۆمفاریتۆس سەرەتا پێیوابوو کە پاڤسانیاس غیرەت ناکا ئەو جێهێڵێ و زۆری هەوڵ دا ئەوانی دیکەش رازی بکا تا مل بۆ خواستی جێگۆڕکێ رانەکێشن. وەختێک هێزەکانی ژێر فەرمانی پاڤسانیاس دوورکەوتنەوە، ئامۆمفاریتۆس ئەوجار لێیوەڕاست گەڕا کە بەتەنیا دەمێنێتەوە، بۆیە دەستووری بە گوردانی خۆیدا وەدوای ئەوانیتر بکەون. لاکێدێمۆنییەکان دە ستادیۆ پێشڕەوییان کرد و ئەوجار راوەستان و

چاوەڕوانی گەیشتنی گوردانی ئامۆمفاریتۆس بوون. ئەوانە لە نیزیک چۆمی مۆلۆئێندا، لە جێگایەک بەناوی ئاریۆپیۆ چاوەڕوان مانەوە، واتە لەو شوێنەی پەرستگەی دیمیترای ئێلێفسینای لێهەڵکەوتووە. ئەو هێزانە بۆیە لەوێ وێستان تا بزانن ئەگەر ئامۆمفاریتۆس و گوردانەکەی لە شوێنی خۆیان نەبزوون، لانیکەم لەکاتی مەترسیدا بە هاواریانەوە بچن، چونکە تەواوێک لەخۆیان نیزیک بوون. لەهەرحاڵدا، شەڕکەرانی ئامۆمفاریتۆس گەیشتنە باقی لەشکر و لەگەڵیان تێکەڵبوون و راست لەو دەمەدا، هێزەکانی سوارە نیزامی بەربەر گەیشتنە سەریان.

هێزی سوارە هەر بە هەمان شێوەی پێشوو هەڵسوکەوتیان کرد. ئەوانە هەستیان بە بۆشایی لەنێوان هێزەکانی یۆنانیدا کردبوو و بۆیە خێرا پەلاماری ئەو بەتاڵاییەیاندا و لە یۆنانییەکان نیزیک کەوتنەوە.

**[٥٨]** ماردۆنیۆس خەبەری پێگەیشتبوو کە یۆنانییەکان لەو شەڕەدا پاشەکشەیان کردوە و شوێنی پێشوویان چۆلە. ناوبراو کابرای یۆنانی خەڵکی لاریسای بانگکرد. ناوی ئەو کابرایە تۆراکا بوو. براکانی تۆراکا بە ناوەکانی ئێڤریپۆلۆس و تراسیدێئۆس، ئەوانیشی بانگ کرد و پێیگووتن: "ئالێڤیەکان! دەخوازن چیترم پێبڵێن، نابینن شوێنی یۆنانییەکان وەک بیابان چۆلە! ئێوە کە دراوسێی ئەوانەن، دەتانگووت لاکێدێمۆنییەکان لە شەڕ ناترسن و راناکەن و جوامێرترین خەڵک لە مەیداندان. ئێوە بە چاوی خۆتان بینیتان کە بەرلەوەی بخوازن جێگۆڕکێ بکەن، بەشەو رایانکرد. ئەوان بەو کارەیان بەئاشکرا دەریانخست کە لە کاتێکی وەک ئێستادا لەجیات ئەوەی جوامێرانە شەڕبکەن، بێغیرەتی خۆیان نواند و تەنیا لەنێو یۆنانییەکاندا ناویان دەرکردوە و ناسراون، هەڵبەت بەبێ هیچ بنەمایەک و لەخۆڕا. ئێوە بەدڵنیاییەوە هێشتا پارسەکان بەباشی ناناسن، بۆیە ئەوجار لەمەر تاریف و پێهەڵاگووتن بە جوامێری لاکێدێمۆنییەکان کە من پێموابوو دەیانناسن، دەتانبوورم.

هەڵبەت بۆچوونی ئارتاڤازۆس بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو. بۆچی هێندە لە لاکێدێمۆنییەکان دەترسا. ئەو رەزیلترین و ترسنۆکترین هەڵوێستی

گرت. ئەو دەیویست پاشەکشە بە هێزەکانمان بکەین و بچینە هەرێمی تیڤێییەکان، تاکوو لەوێ خۆمان لە گەمارۆ بخەین. دیارە من ئەو بۆچوونەی ناوبراو دەنێرمە خزمەت پاشا. دواتریش پتر لەو بارەوە قسەدەکەین. ئێستا کە یۆنانییەکان رۆیشتوون، نابێ دەستیان لێهەڵگرین، گەرەکە لەو دەڤەرە دەریان بکەین و هەرکە گەیشتینە سەریان، لەمەر گشت ئەو زیانانەی بە پارسەکانیان گەیاندووە، دەبێ سزایان بدەین و تۆڵەیان لێبستێنینەوە".

**[٥٩]** ماردۆنیۆس کاتێک لە ئاخاوتن بۆوە، فەرمانی دەسەر پارسەکان کرد لە چۆمی ئاسۆپۆس بپەڕنەوە و ئەو یۆنانیانەی خەریکی پاشەکشە بوون، راوبنێن. ماردۆنیۆس توانی تەنیا لاکێدیمۆنییەکان و تێیێئاتییەکان راوبنێ. ناوبراو ئاتێنییەکانی لێدیارنەبوو کە لە دەشتاییدا دەرۆیشتن و لەبەر چیاکان وەبەرچاو نەدەهاتن. لەو کاتەدا کە پارسەکان خەریکی وەدەرنانی یۆنانییەکان بوون، سەرکردەکانیتری بەربەریش ئاڵاکانیان هەڵدا و ئەوانیش وەخۆکەوتن. هەرکەس چی لەدەست هاتبا دەیکرد، بەبێ ئەوەی هیچ نەزم و رێکخستنێک لەگۆڕێدا بێ. لەهەرحاڵدا، بەربەرەکان پەلاماری خۆیان دەسپێکرد و هەراوهوریایان سازکرد و بە هیوای شکستدانی یۆنانییەکان وەخۆکەوتن.

**[٦٠]** یۆنانییەکان ئەوانیش وەختێک هەواڵی ئەو پەلامارەیان پێگەیشت، بەپەلە خۆیان ئامادەکرد تا بە هاواری هێزەکانیتری یۆنانییەوە بچن. ئەوانە کاتێک وەرسوڕانەوە، دیتیان یۆنانییەکانی هاوپەیمانی بەربەرەکان لە بەرامبەریاندا دامەزراون، خێرا هێرشیان کردەسەر ئەوانە و ئیتر ئیمکانی ئەوەیان نەبوو یارمەتی لاکێدیمۆنییەکان بدەن، چونکە شوێنەکە گەلێک ئاستەم بوو.

لاکێدیمۆنییەکان- بە بەراوردێکی سەرپێیی پەنجا هەزار کەس و تێیێئاتییەکان سێ هەزار کەس (ئەوانە هیچکات لە لاکێدیمۆنییەکان جیا نەدەبوونەوە) — لەجێوە قوربانیان پێشکەشکرد، چونکە گەرەکیان بوو شەڕێکی قورس لەگەڵ ماردۆنیۆس و لەشکری بەرامبەریان بکەن. نیشانەکانی قوربانی باسیان لە چارەنووسێکی هومێدبەخش نەکرد و لەو

نێوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە شەڕکەرانیان کوژران و جەماوەرێکی فرەش بریندار بوون.

پارسەکان دیوارێکیان بە قەڵغانەکانیان دروست کردبوو و وەک ڕێژنەی باران تیریان دەهاویشت. سپارتی‌یەکان لەژێر گوشارێکی تەواودا بوون و پێشگۆییەکانی قوربانیش هیچ هومێدێکیان پێوە دیارنەبوو. پاڤسانیاس چاوێکی لە پەرستگەی ئیرا لە ناوچەی پلاتی‌ییەکان کرد و لەخوا پاڕایەوە کە یۆنانییەکان ناهومێد نەکا.

**[٦٢]** کاتێک ئەو شەڕە دەستی پێکرد، سەرەتا تێیی‌ئاتی‌یەکان کەوتنە بەر هێرشی بەربەرەکان. دوای پاڕانەوەی پاڤسانیاس، ئەوجار پێشگۆییەکانی وەجبەی دووهەمی قوربانی وەخێر گەڕان و هەربۆیە لاکێدێمۆنی‌یەکان خێرا پەلاماری پارسەکانیاندا. پارسەکان کەوانەکانیان فڕێدەدا بۆوەی خۆیان نەجات‌بدەن. سەرەتا شەڕەکە لە دەوری حەساری قەڵغانی پارسەکان بوو و کاتێک ئەو دیوارە تێکشکا، ئیتر شەڕی مان و نەمان لە نیزیک پەرستگەی دیمیترا دەستی‌پێکرد و ماوەیەکی زۆری خایاند، تا گەیشتە شەڕی دەستەویەخە. پارسەکان نێزەکانیان بەدەستەوە دەگرت و دەیان‌شکاند. بەڕاست پارسەکان لە بوێریدا لە یۆنانییەکان کەمتر نەبوون، بەڵام خاوەن کەرستەی خۆپاراستن نەبوون. لەباری لەشەوە، شەڕکەری وەرزشکار و ڕاهاتوو و بەهێز نەبوون و سەبارەت بە شێوازی جەنگ و بەربەرەکانی بێ‌ئەزمون بوون. یەکیەک یا بەشێوەی دەستەی دە کەسی هوروژمیان دەهێنا و دەچوونە بەرەنگاری لەگەڵ دەستەیەکی بەهێزتر لە خۆیان. ئەوانە دەڕژانە سەر سپارتی‌یەکان و دەکوژران.

**[٦٣]** لەو شوێنەی ماردۆنیۆس بەسواری ئەسپ شەڕی دەکرد – لەتەنیشت خۆی جەماوەرێکی شەڕکەری هەڵبژارد، هەزار کەسێک لە شەڕکەرە پارسە بەوەجەکان – سپارتی‌یەکان پتر لەژێر گوشاردا بوون. ئەوەندەی ماردۆنیۆس شەڕی دەکرد، پارسەکان توانیان خۆیان ڕاگرن و پارێزراو بن. هەڵبەت ژمارەیەکی زۆر لەو شەڕکەرانە کوژران و لەدەوری

ماردۆنیۆس کەوتنە سەر زەوی. ئەوانە باشترین جەنگاوەرانی پارس بوون. پارسەکانیتر کاتێک چاویان بە کوژرانی ئەو جەنگاوەرانە کەوت، خێرا هەڵاتن و لەبەر چاوی لاکێدیمۆنییەکان پاشەکشەیان کرد. پارسەکان لەو بەرەیەدا تووشی تێکشکان هاتن، چونکە جلی زرێیان نەپۆشیبوو و بە لەشی رووتەوە شەریان دەکرد.

**[٦٤]** بە مەرگی ماردۆنیۆس، لاکێدیمۆنییەکان تۆڵەی کوژرانی لیئۆنیداس‌یان سەندەوە. بەپێی پێشگۆییەکی پێشوو، پاڤسانیاس کوڕی کلیئۆمڤرۆتۆسی کوڕی ئەناکساندریدیس، بەناوبانگترین سەرکەوتنی جەنگیی بەناوی خۆی تۆمارکرد. سەبارەت بە خانەدانی باب و باپیرانی پاڤسانیاس، لەو جێگایەیدا کە باسی لیئۆنیداسم کردوە، زانیاری تەواوم داوەتەدەست. هەردووکیان سەر بە یەک خانەدان بوون. ماردۆنیۆس بەدەست سپارتییەکی ناسراو بەناوی ئاریمنیستۆس کوژرا. ئەو کابرایە ساڵانێکی زۆر دوای شەڕی میدیاکان، خۆی لەگەڵ سێسەد کەسی شەڕکەر، دژی مێسینییەکان لە هەرێمی ستێنیکلارۆ شەڕی کرد. ئەو خۆی و گشت پیاوەکانی ژێردەستی لەو شەڕەدا بەپانەوە کوژران.

**[٦٥]** لە هەرێمی پلاتێییەکان، پارسەکان بەهۆی لاکێدیمۆنییەکانەوە تووشی شکست هاتن و بەو شێوەیە رایانکردە ئۆردوگاکەیان، واتە ئەو شوێنەی بە دار و دەوەن دیواریان لەدەوری دروست کردبوو و لە ناوچەی تیڤا هەڵکەوتبوو.

من ئەو رووداوەم بەلاوە شاکارێکە: هەرچەند شەڕ لە نیزیک پەرستگەی دیمیترا بوو، هیچکەس لە پارسەکان زاتینەکرد بچێتە نێو حەساری ئەو شوێنە پیرۆزە و تەنانەت یەک کەسیشیان لەوێ نەکوژرا. هەرهەموویان لەدەرەوەی خاکی پیرۆز بوون. من پێموایە ئەگەر ئەو رووداوە وەک دیاردەیەکی موقەددەس و خوایی سەیر بکرێ، خواوەند خاتوو دیمیترا رێگای پێنەدان، چونکە پارسەکان پێشتر پەرستگەی ئەو خوایەیان لە ناوچەی ئێلێڤسینا ئاگرتێبەردا بوو.

**[٦٦]** دەبێ بڵێم شەڕەکە لێرە کۆتایی پێهات. ئارتاڤازۆس، کوڕی فارناکی هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو شەڕە بوو و حەزی نەدەکرد پاشا، ماردۆنیۆس لە وڵاتی یۆنان جێهێڵێ. ناوبراو دواتریش هەوڵیدا، بەبێ ئەوەی دەسکەوتی هەبێ، ماردۆنیۆس پەژیوان بکاتەوە و نەهێڵێ خۆی لەو شەڕە بدا. هەڵبەت ئارتاڤازۆس بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەڵسوکەوتی ماردۆنیۆس، ئەو کارەی کرد: فەرمانی بە لەشکری ژێر دەستی خۆیدا (ژمارەی شەڕکەرانی ئەو لەشکرە کەم نەبوون، چل هەزار کەسی لەگەڵ بوو)، کاتێک شەڕ و پێکدادان دەستی پێکرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئاکام چدەبێ، بەڕێکوپێکی وەدوای ئەو بکەون. چۆن ئەو ڕێگا دەڕوا و هەنگاو دەنێتەوە، لەشکرەکەشی بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکا. ئەو بۆ هەر جێگایەک چوو، ئەوانیش وەدوای بکەون. دوای ئەو فەرمانە، ئاوای نیشاندا کە خەریکە دەچێتە مەیدانی شەڕ. ڕاست لەکاتی پێشڕەویدا چاوی بە پارسەکان کەوت کە خەریکی پاشەکشەن و بۆیە ئیتر بەرەو لای ئەوان نەچوو و ڕووی لە حەساری چێوی ئۆردوگاش نەکرد و تەنانەت خۆی لە ناوچەی تیڤاش نەدا، بەڵکوو بە ڕاکردن، یەکسەر بەرەو هەرێمی فۆکیدییەکان چوو. ئەو گەرەکی بوو کە هەرچی خێراتر خۆی بگەیێنێتە ناوچەی ئێلیسپۆندۆس.

**[٦٧]** هێزەکانی لەگەڵ ئارتاڤازۆس بوون بەدوای ئەودا بەرەو ئێلیسپۆندۆس ڕۆیشتن. ئەو یۆنانیانەی ڕەگەڵ پاشا کەوتبوون، بە ئانقەست هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆیان لەخۆیان نیشاننەدا، تەنیا ڤیۆتییەکان ماوەیەکی زۆر دژی ئاتێنییەکان شەڕیان کرد. ئەو جەماوەرە تیڤێییەی ژێردەستەیی میدیاکانیان قبوڵکردبوو، لەو شەڕەدا جوامێرییەکی کەم وێنەیان نواند و ڕازی بە پاشەکشە نەبوون. سێسەد کەس لە باشترین شەڕکەرانیان بەدەست یۆنانییەکانەوە کوژران. وەختێک ئەوانەش ڕایانکرد، خێرا پەنایان بۆ شاری تیڤا برد و ئیتر وەدوای پارسەکان نەکەوتن. گشت هێزەکانیتری هاوپەیمانی پارسەکان، بەبێ ئەوەی شەڕبکەن، هەڵاتن و هیچیان لەدەست نەهات.

**[٦٨]** بەباوەڕی من، لە پێوەندی لەگەڵ بەربەرەکان، دەبێ بڵێم کە هەڵەی مەزن دەگەڕێتەوە بۆ پارسەکان، چونکە بەرلەوەی شەڕی راستی دەست پێبکا، گشتیان رایانکرد و خەڵکەکەی‌تریش لاسایی ئەوانیان کردەوە و رێگای پاشەکشەیان هەڵبژارد. بەو شێوەیە تەواوی هێزەکان مەیدانیان چۆڵکرد، هەڵبەت جیا لە هێزی سوارە و هەروەها ڤیۆتی‌یەکان کە خزمەتێکی زۆریان بە راکردوەکان کرد. سوارکارە شەڕکەرەکان بەردەوام خۆیان لەنێو ریزەکانی یۆنانی دەکێشا و جەنگاوەرانی یۆنانی ناچار بوون وەدەریان بنێن. بەکورتی، یۆنانییەکان لەو شەڕەدا سەرکەوتن و ئەوجار خەریکی وەدەرنانی لەشکری کسێرکیس بوون.

**[٦٩]** لەکاتێکدا ئەو رووداوانە دەقەومان، پەیامێک گەیشتە دەستی باقی هێزەکانی یۆنانی کە لە نیزیک ئیرێئۆ دامەزرابوون و بەشداریان لەو شەڕەدا نەکردبوو. پێیانگووترا کە شەڕ لەگەڵ بەربەرەکان کرا و سپارتی‌یەکان بە فەرماندەری پاڤسانیاس سەرکەوتن. وەختێک ئەو جەماوەرە یۆنانییە گوێیان لەو هەواڵە بوو، بەبێ نەزمی پێشڕەوییان دەست پێکرد. ئەوانەی لەگەڵ کۆرینتی‌یەکان بوون، بەرەو داوێنی چیاکان و سەر تەپۆڵکەکانی لای پەرستگەی دیمیترا چوون. مێغاری و فلیاسی‌یەکان ئەوانیش رێگای بەرەو دەشتاییان گرتەبەر. ئەوانە کاتێک لە هێزەکانی دوژمن نیزیک کەوتنەوە، سوارکارەکانی تیڤێیی چاویان بەوانە کەوت کە ئاوا بەپەلە و بەبێ هیچ نەزم و تەرتیباتێک دەڕۆن، بەفەرمانی ئاسۆپۆدۆرۆ، کوڕی تیماندرۆس خێرا پەلاماریان بۆسەر تیڤێییەکان دەست پێکرد و کەوتنە سەریان و شەش سەد کەسیان لێ کوشتن و باقی هێزەکانی‌تریشیان تا چیای کیتێرۆنا راونا. بەو شێوەیە ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەبێ ئەوەی هیچ شەڕێکیان کردبێ، کوژران.

**[٧٠]** پارسەکان و هاوپەیمانەکانیان کاتێک پاشەکشەیان کرد و پەنایان بۆ نێو ئۆردوگای دیوارە چێوییەکە برد، بەرلەوەی لاکێدێمۆنی‌یەکان بگەنە سەریان، خێرا وەسەر بورجەکانی دیدەوانی کەوتن. هاوکات لەگەڵ وەسەر کەوتن بۆ ئەو بورجانە، دیوارەکەشیان تۆزێک قایمتر کرد. وەختێک

لاکێدیمۆنی‌یەکان نیزیکی دیوار کەوتنەوە، شەڕێکی قورس قەوما. تا کاتی گەیشتنی ئاتێنی‌یەکان، پارسەکان توانیبوویان لەدەست پەلاماری لاکێدیمۆنی‌یەکان، خۆیان بپارێزن، چونکە لاکێدیمۆنی‌یەکان ئەزموونی شەڕی سەر دیوارەکانیان نەبوو. ئاتێنی‌یەکان گەیشتنێ و پێکدادان خەستتر بوو و ماوەیەکی زۆری خایاند. لەکۆتاییدا، بەخۆڕاگری و جوامێری، ئاتێنی‌یەکان لەو دیوارە وەسەرکەوتن و گوزەرێکیان کردەوە، ئەویش راست لەو شوێنەی کە یۆنانییەکان بتوانن خۆی تێکێشن. بەرلە گشتیان، تێیێ‌ئاتی‌یەکان پەلاماری ژووری حەساریان‌دا و دەستیان بەسەر خێمەی ماردۆنیۆس داگرت. لەنێو تەواوی کەرستەکانی نێو خێمەدا، ئاخوڕی ئەسپەکانی ماردۆنیۆس‌یان بەتاڵان برد. ئەو ئاخوڕە دەسکردێکی بەنرخ و لە مس دروست کرابوو. تێیێ‌ئاتی‌یەکان ئەو ئاخوڕەی ماردۆنیۆس‌یان بە پەرستگەی ئالێیا ئاتینا بەخشی. پاشماوەی کەلوپەلی نێو ئەو خێمەیەیان بۆ خەزێنەی دەسکەوتەکانی یۆنان بەڕێکرد.

وەختێک دەست بەسەر دیواردا گیرا، بەربەرەکان پێڕانەگەیشتن خۆیان ڕێکبخەنەوە و ئیتر خۆڕاگری پتریشیان نەنواند و سەریان لێ شێوابوو و بێروبەوێدا رایان‌دەکرد و بە هەزاران کەس لەنێو ئەو شوێنە بەرتەنگەدا لەگەمارۆ کەوتبوون. یۆنانییەکان هەلی باشیان بۆ رەخسابوو کە ئەوانە بکوژن. لە لەشکری سێسەد هەزار کەسی ماردۆنیۆس، جیا لەو چل هەزار کەسەی ئارتاڤازۆس لەگەڵ خۆی بردییەوە، دەبێ بڵێم تەنانەت سێ هەزار کەسیشیان رزگاری نەهات. لە سپارتی‌یەکانی هەرێمی لاکێدیمۆنی، لەو شەڕەدا نەوەد و یەک کەس کوژران. لە تێیێ‌ئاتی‌یەکان شازدە کەس و لە ئاتێنی‌یەکانیش پەنجا و دوو کەس.

**[٧١]** لەلایەن بەربەرەکانەوە، هێزی پیادەی پارسەکان و هێزی سوارەی ساکی‌یەکان جوامێرانە شەڕیان کرد. وەک شەڕکەری باش، ماردۆنیۆس هەڵبژێردرا. لەلایەن یۆنانییەکانەوە، تێیێ‌ئاتی و ئاتێنی بوێر دەرکەوتن. هەڵبەت لەوانیش جوامێرتر، لاکێدیمۆنی‌یەکان بوون. بەڵگەیەکی‌ترم

بەدەستەوە نییە بیخەمەڕوو ( هەر سێ لەو هێزانە بەسەر دوژمندا سەرکەوتن کە لە بەرامبەریاندا دامەزرابوون)، هەرچەند لاکێدیمۆنییەکان لەگەڵ بەهێزترین بەشی پارسەکان شەڕیان کرد و تێکیانشکاندن. بەباوەڕی من، لەهەر هەمووی ئەوانە بوێرتر، ئاریستۆدیمۆس بوو. ئەو تەنیا کەسێک بوو لەنێو ئەو سێسەد کەسەی لە تێرمۆپیلێس کوژران، نەجاتی هات، هەرچەند خەڵک بەچاوی سووک سەیریان دەکرد و لێی دووردەکەوتنەوە. دوای ئەو کابرایە، جوامێرترینەکان بریتی بوون لە پۆسیدۆنیۆس، فیلۆکیئۆن و ئامۆمفارێتۆس. ئەوانە هەرسێکیان سپارتی بوون. وەختێک دوای شەڕ لێکدانەوە و باس لەسەر ئەو شەڕانە هاتەگۆڕێ، یۆنانییەکان گەرەکیان بوو بزانن کێ باشترین شەڕکەرە. سپارتییەکان کە لەو شەڕەدا بوون، دانیان بەوەدا هێنا کە ئاریستۆدیمۆس بەئاشکرا گەرەکی بوو بکوژرێ، چونکە لەوە ناراحەت بوو کە خەڵک بەچاوی سووک سەیری بکەن. هەربۆیە شێتانە و بەوپەڕی تامەزرۆییەوە، لەپێش لەشکرەوە بەرەو دوژمن رۆیی و بوێرییەکی بێ وێنەی نواند. دیارە حەزی لە کوژرانی خۆی نەبوو، بەڵام قارەمانانە شەڕی کرد و بۆیە وەک باشترین جەنگاوەر ناسرا. خەڵک بۆیە بە خەراپی باسیان دەکرد، تەنیا لەبەر ئێرەیی پێبردن بوو و بەس. هەرمەمووی ئەوانەی ناوم هێنان و لە شەڕدا کوژران، رێزیان لێگیرا، تەنیا ئاریستۆدیمۆس نەبێ. ئەویش بوختانی پێکرابوو و خۆی گەرەکی بوو لەو شەڕەدا بکوژرێ، بۆیە رێزیان لێنەگرت.

**[٧٢]** ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە پتر لە شەڕەکانی هەرێمی پلاتێییەکان ناوبانگیان دەرکرد. لەبەر ئەوەی کالیکراتیس جوانترین جەنگاوەر بوو، نەک لەنێو گشت لاکێدیمۆنییەکاندا، بەڵکوو لەنێو هەرهەموو شەڕکەرانی یۆنانی نێو ئۆردوگادا، بەبێ ئەوەی شەڕی کردبێ، مرد. ئەویش رێزی لێگیرا. کالیکراتیس، لەو کاتەدا کە پاۋسانیاس خەریکی قوربانیکردن بوو، لە شوێنی خۆی راوەستابوو و تیرێکی دوژمنی وە خاڵیگەی کەوت و پێیمرد. ئەوانیتر گشتیان لەجەنگەی شەڕدا کوژران. کالیکراتیس بە نیگەرانییەوە لەولاتر لەگەڵ

ئاریمنیستۆسی خەڵکی وڵاتی پلاتێییەکان قسەی کرد و گووتی لە مەرگ ناترسێ، بەڵکوو ئاواتەخوازە بۆ نیشتمانەکەی واتە یۆنان بمرێ و زۆر ناڕاحەتە کە هێشتا نۆرەی نەهاتووە لەو شەڕەدا بەشدار بێ و مەجالی بۆ هەڵنەکەوتووە دیارییەکی بەنرخ پێشکەش بە وڵاتی خۆی بکا، تیرێک پێکاویەتی. دیارە زۆری نەکێشا و گیانی لەدەستدا.

**[٧٣]** لەنێو ئاتێنییەکاندا دەگووترێ کە سۆفانیس کوڕی ئێڤتیخیدیس خەڵکی ناوچەی دێکیلیاس ناوبانگی بوێری دەرکرد. دێکیلییەکان، وەک ئاتێنییەکان دەگێڕنەوە، لەسەردەمی زوودا کارێکیان کرد کە گەلێک قازانجی بەدواوە بوو. کاتێک تینداریدیەکان[1] داوای خاتوو ئێلێنییان کرد، بە لەشکرێکی گەورە پەلاماری ناوچەی ئەتیکییاندا و خەڵکی دەڤەرەکەیان هەراسان کرد و بێ ئەوەی بزانن ئێلێنی لە کوێیە. دەڵێن ئەو کاتە، دێکیلییەکان، یا رەنگە دێکێلۆس خۆی کە دوژمنایەتی لەگەڵ تیسێئا هەبوو و لەمەر چارەنووسی ئەتیکی نیگەران بوو، زانیاری تەواوی پێدان و بۆ ناوچەی ئافیدنییەکانی بردن و تیتاکۆس کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو، ناچار خۆی تەسلیمیان کرد. لەبەر ئەو هۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ، دیکێلییەکان رێز و حورمەتێکی فرە بۆ سپارتییەکان دادەنێن. هەروەها لە شەڕێکیش کە ساڵانێک دواتر لەنێوان ئاتێنییەکان و پێلۆپۆنیسییەکاندا قەوما، لاکێدێمۆنییەکان هەرچەند تەواوی هەرێمی ئەتیکییان وێرانکرد، بەڵام ئازاریان بە دیکێلییەکان نەگەیاند.

**[٧٤]** سۆفانیس خەڵکی ئەو ناوچەیە بوو و بوێرییەکەی ناوبانگی دەرکرد. لەو بارەوە دوو بەسەرهات دەگێڕنەوە: بەپێی یەکێک لەوانە، گۆیا ئەو کابرایە چنگەکی گەمی بە زنجیرێک لە کەمبەرەی سەر سینگی خۆی بەستبوو، هەرکات لە شەڕدا نیزیکی دوژمن دەکەوتەوە ئەو چنگەکەی لە زەوی دەچەقاند بۆوەی دوژمن نەتوانێ دەریپەڕێنێ و قورس و مەحکەم لە شوێنی خۆی دەمایەوە. کاتێک دوژمنەکانی رایاندەکرد، سۆفانیس چنگەکی

---

١- کاستۆر و پۆلیدێڤکسیس.

هەڵدەکەند و سەری لەدووی دوژمنی راکردوو دەنا. ئەوە یەک لە باسەکان سەبارەت بە ناوبراو بوو. دووهەمیان بە پێچەوانەی ئەوەیتر دەڵێ، سۆفانیس مەتاڵێکی پێبوو کە نەخشی چنگەکی گەمی لەسەر کێشرابۆوە. ناوبرا لەکاتی شەڕدا گەلێک خێرا و بەردەوام ئەو مەتاڵەی بەدەوری خۆیدا دەسوڕاند، ئیتر باسی زنجیری ئاسنی گرێدراو بە کەمبەرەی سینگی ناکات.

**[٧٥]** باسێکیتری پاڵەوانییەتی سۆفانیس بەو جۆرە کراوە. کاتێک ئاتێنییەکان ناوچەی ئێیینا گەمارۆدەدەن، لەو شەڕەدا ئێڤریڤاتیسی ئارغۆسی براوەی خەڵاتی وەرزشی پێنداتلیتی بووە، بەدەست ئەو کابرایە کوژراوە. سۆفانیس خۆی دواتر لە شەڕێکی قارەمانانەدا، هاوڕێ لەگەڵ لیئاغرۆسی کوڕی غلاڤکۆنۆس کوژرا. لیئاغرۆس فەرماندەری لەشکریی یۆنانییەکانی لەو شەڕەدا بەستۆوە بوو. سۆفانیس بەدەست ئیدۆنییەکان لە ناوچەی داتۆ[1] کوژرا و شەڕەکە لەسەر کانزاکانی زێڕ بوو.

**[٧٦]** کاتێک بەربەرەکان لە هەرێمی پلاتێییەکان بەدەست یۆنانییەکانەوە تەفروتوونا بوون، ژنێک کە مەعشوقەی فەرانداتی پارس، کوڕی تیئاسپ بوو، رایکرد و پەنای بۆ یۆنانییەکان برد. ئەو ژنە هەرکە هەستی بە شکستی پارسەکان کرد و دیتی یۆنانییەکان سەردەکەون، خۆی بە کۆڵێک زێڕ و خشڵ رازاندەوە و جوانترین جلوبەرگی لەبەرکرد و چی هەیبوو، هەڵیگرت و لەگەڵ قەرەواشەکانی بەسواری فایتوون بەرەو لاکێدیمۆنییەکان چوو. لاکێدیمۆنییەکان لەو وەختەدا خەریکی کوشتنی شەڕکەرانی دوژمن بوون. ئەو دەیزانی کە پاڤسانیاس چ پیاوێکە و خەڵکی کوێیە؟ چونکە پێشتر زۆریان باسی ئەو کابرایە لای ئەو کردبوو. ژنە لە جێوە پاڤسانیاسی ناسییەوە و خێرا خۆی لەبەر پێیانی هاویشت و ئەژنۆکانی ئەو سەرکردەیەی لەباوەش گرت و پێیگووت: "ئەی پاشای سپارتی، سەرشۆڕم و لەو کۆیلەتییە رزگارم بکە. تۆ بە کوشتنی ئەوانە خزمەتێکی فرەت بە من کرد. ئەوانە نە لە خواکان و نە لە شەیتان ناترسن. من خەڵکی دوورگەیەکم بەناوی کۆس و کچی

١- لەو شوێنەی چۆمی ستریمۆنا دەڕژێتە نێو بەحر. کانزاکان ملکی تاسۆسی ئاتێنی بوونە.

ئیغیتۆریدی کوڕی ئانتاغۆراسم. فەرانداتی پارس بەزۆری منی رفاند و لای خۆی رایگرتم ". پاڤسانیاس بەو شێوەیە وڵامی ئەو خاتوونەی داوە: "خاتوو، مەترسێ، بۆ سەرشۆڕی؟ ئەوە نییە دەڵێی کچی ئیغیتۆریدیسی خەڵکی دورگەی کۆسی. لەنێو دانیشتووانی ئەو دوورگەیەدا، باوکت یەکێک لە باشترین دۆستانی منە ". پاڤسانیاس پاش ئەو وڵامە، ژنەی بە پیاوەکانی خۆی ئەسپارد. دواتر بەپێی ئارەزووی ژنە، بەرێیان کردەوە ناوچەی ئێیینا.

**[٧٧]** دوای ئەو ژنە، ماندینیەکان گەیشتنەجێ. کاتێک ئەوانە هاتن، شەڕ تەواو ببوو. یۆنانییەکان هەرکە دیتیان ئەوانە بە ئانقەست خۆیان گوێزراندوە، بەلایانەوە کارەسات و بێ حورمەتییەکی گەورە بوو و پێیانگووتن کە پێویستە سزا بدرێن. ماندینیەکان ئەوجار کە زانیان میدیاکانی ژێر دەسەڵاتی ئارتاڤازۆس رێگای پاشەکشەیان گرتووەتەبەر، بڕیاریاندا وەدوایان بکەون و تا دەڤەری تێسالی راویان بنێن، بەڵام لاکێدێمۆنیەکان ئیزنیان پێنەدان. ماندینیەکان ئیتر هیچیان پێنەما و رێگای گەڕانەوەیان بەرەو هەرێمی خۆیان گرتەوەبەر و سەرکردە نیزامییەکانیان بەتاوانی ئەو کارە سزادا و لە وڵات دووریان خستنەوە.

دوای ماندینیەکان، ئیلیەکان، ئەوانیش پاش کۆتایی شەڕ هاتن و ئەو رەفتارەی خۆیان بە کارەسات زانی. ئیتر ئەوانیش نەوێستان و خێرا گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و چەشنی ماندینیەکان، سەرکردەکانیان لە وڵات دەرکرد و دووریان خستنەوە. ئەوانە کۆمەڵە رووداوێک بوون سەبارەت بە ماندینی و ئیلیەکان.

**[٧٨]** لە شەڕی هەرێمی پلاتێییەکان، لەنێو ئۆردوگای ئێیینیەکاندا کابرایەکی ناسراوی هەرێمی ئێیینا بەناوی لامپۆن کوڕی پیتێئا داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ پاڤسانیاس کرد و وەختێک چوو بۆ لای ناوبراو، قسەیەکی زۆر بێ مانای کرد: "کوڕی کلێئۆمڤرۆتۆس! توانیت کارێکی گەورە و جێگای ستایشی فرە جێبەجێ بکەی. خواوەند تۆی راسپارد وڵاتی یۆنان نەجات بدەی و خۆشەویستی گشت لایەک مسۆگەرکەی و ئەوەندەی من

بزانم لە تەواوی یۆنانییەکان خاوەن شکۆتری. من داوا دەکەم ئەرکەکەت بەتەواوی جێبەجێ بکە بۆوەی بەربەرەکان جارێکیتر لەخۆڕا نەبینن و بۆ مەبەستی چەپەڵ روو لە وڵاتی یۆنان بکەن. کاتێک لیئۆنیداس لە تێرمۆپیلێس کوژرا، ماردۆنیۆس و کسێرکیس سەری ئەویان بڕی و بەسەر شەقڵەداریان وەکرد. ئەگەر تۆش کارێکی ئەوتۆ بکەی، بەرلە هەرکەس سپارتییەکان ستایش دەکەن و دوای ئەوانیش خەڵکی یۆنان. تکایە سەری ماردۆنیۆس لێکەوە و بەهەمان شێوە تۆڵەی مامی خۆت واتە لیئۆنیداسی لیبستێنەوە ".
لامپۆن قسەی خۆی کرد و پاڤسانیاس بەو چەشنە وڵامی ئەوی داوە:

**[٧٩]** "میوانی ئێیینی! سپاس بۆ هەستی بەتینت، بەڵام پێشنیارەکەت بە دروست نازانم. تۆ سەرەتا من و وڵاتەکەم و کارەکەمت ئاوا بەرز نرخاند، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو گشتە داتبەزاندم و بچووکت کردمەوە. تۆ پێشنیارم پێدەکەی کە بیڕێزی بە مردوویەک بکەم و دەڵێی من بە ئەنجامی ئەو کارە ناوبانگی پتر دەردەکەم. ئەو شێوە کردارانە تەنیا لە بەربەرەکان دەوەشێنەوە، نەک لە یۆنانییەکان. کاتێک بەربەرەکان کارەساتی ئەوتۆ دەخوڵقێنن، ئێمە بە تاوانباریان دەزانین. من ناخوازم بەوجۆرە کردارانە رێز و حورمەتی خۆم لەلای ئێیینییەکان و خەڵکانی هاوشێوەیان بەرمەسەر. داوام لێدەکەی تۆڵەی مامم واتە لیئۆنیداس بستێنمەوە، دڵنیابە کە لەمێژە تۆڵەیان ئەستێندراوەتەوە، نەک تۆڵەی ئەو، بەڵکوو هی ئەو یۆنانییانەی لێرە و لە تێرمۆپیلێس کوژراون و نەگەڕانەوە. ئێستا ئیتر پێویست ناکا جارێکیتر بێیەوە و پێشنیاری ئەوتۆم پێبکەی. دەبێ زۆریش خۆشحاڵ بی کە بەبێ هیچ سزایەک لێرە دەچییەدەر ".

**[٨٠]** کابرای ئێیینی جوابی خۆی وەرگرتەوە و رۆیی. دوایە پاڤسانیاس فەرمانی دەرکرد کە هیچکەس بۆی نییە دەسکەوتەکان ببزێوێ و دەسەر ئیلۆتییەکانی (نزمترین چینی کۆیلەکان) کرد، گشتیان کۆبکەنەوە. ئیلۆتییەکان بە ئۆردوگادا بڵاوبوون و کۆمەڵێک خێمەیان دۆزییەوە کە بە زێڕ و زێو دروابوون و رازابوونەوە. کورسیلەی دانیشتنی بەزێڕ رووکێشکراو، دەفر و

جام و حەوجۆشی ئاڵتوونی کۆلێک بەجێ مابوون. لەسەر فایتوونەکان جەواڵی پڕ لە خشڵ و ئاڵتوونی وردکراو داندرابوون. ملوانکە و خەنجەری زێڕ لە جەنازەکان کرانەوە. سەبارەت بە جلوبەرگی کوژراوەکان، دەبێ بڵێم کە هیچکەس خۆی تێنگەیاندن. ئیلۆتییەکان گەلێک شتیان دزی و لەژێرەوە بە ئێیینی‌یەکانیان فرۆشتن. هەڵبەت بەشێکی زۆریان بۆ نەشاردرایەوە و ناچاربوون، رادەستی بکەنەوە. سامانی فرەی ئێیینی‌یەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە هەرئەوان بوون کە زێڕ و خشڵیان لە ئیلۆتییەکان دەکڕی.

**[٨١]** دوای ئەوەی دەسکەوتەکانی شەڕ کۆکرانەوە، یەک لە دەی ئەو سامانە وەک خەڵات پێشکەش بە پەرستگەکانی دێلفوس کرا. لەو یەک لە دەیە، یەکدانە پەیکەرەی زێڕی سێ پایە، بۆ مارێکی سێ سەری مسی دروستکرا و لە نیزیک سەکۆی قوربانی ئەو نێوەندە داندرا. دواتر بەشە خەڵاتی خواوەند ئۆلیمپیا جیاکراوە. بۆ ئەو پەرستگەش پەیکەرەی زێوی خواوەند دیا دروستکرا و بەرزاییەکەی دە پیخیس دەبوو. ئەوجار نۆرەی خواوەند ئیستمۆ هات و بەشی ئەویشیان دانا. لەو بەشە، یەک پەیکەرەی خواوەند پۆسیدۆن بەبەرزی حەوت پیخیس سازکرا. پاش ئەوەی خەڵاتی خواکان جیاکراوە، پاشماوەی سامانەکە دابەشکرا و جەنگاوەرانی هەر شارێک بەپێی جوامێری خۆیان لەشەڕدا، چی پێیان خۆش بوو و شایانیان بوو، لە مەعشوقەی پارسڕا بگرە تا دەگەیشتە زێڕ و زێو و کەرستەی بەنرخ و ئاژەڵ و ماڵات، هەڵیانگرت. هیچکەس زانیاری ئەوتۆی نەداوەتە من تا بزانم کێ چی وەبەر کەوتووە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە شەڕی هەرێمی پلاتێییەکان زۆر شایستە بوون. بۆ پاڤسانیاس لەو گشتە دەسکەوتە، لەهەرکامێکیان دە دانە داندران، وەک دە ژن، دە ئەسپ، دە تالاند پارە، دە وشتر و لە کەرستەکانی‌تریش هەروەها.

**[٨٢]** دەگێڕنەوە کە ئەو رووداوەش قەوما: لەکاتی رۆیشتنی کسێرکیس لە وڵاتی یۆنان، چی پێیبوو، گشتی بۆ ماردۆنیۆس جێهێشت. پاڤسانیاس کاتێک چاوی بە خێمەی ماردۆنیۆس کەوت کە تەواوی چوارچێوەکەی لە زێڕ و زێو

و پارچەکەی دەسچن بوو، دەستووری بە ئاشپەز و نانکەران دا میوانداریيەک لەچەشنی زیافەتەکانی ماردۆنیۆس بۆ ئەو ئامادە بکەن. خزمەتکاران پەیڕەویان کرد و خواستی ناوبراویان بەجێگەیاند و وەختێک پاڤسانیاس چاوی بە کورسیلە و چوارپایە و مێزی زێڕ و زیو و زیافەتی ئاوا شاهانە کەوت، سەری سوڕما و پێی سەیر بوو کە ئەو هەموو خۆراک و شەڕابە لەکوێڕا هاتووە. ناوبراو ئەوجار فەرمانی دەرکرد کە خزمەتکاران خواردنی سپارتی ئامادەبکەن. کاتێک ئەویش سازبوو، بانگی تەواوی سەرکردەکانی لەشکری یۆنانی کرد کە بێن و سەیری بکەن. وەختێک گشتیان هاتن، دەڵێن پاڤسانیاس هەردوو سفرەی نیشان‌دان و گووتی: "یۆنانی‌یەکان! بۆیە ئێوەم بانگ کرد بۆوەی نەفامی پاشای میدیاییتان نیشان‌بدەم. لەحاڵێکدا هەموو رۆژێک ئەوە ژیان و گوزەرانییەتی، لە وڵاتی خۆیڕا لەشکرکێشی کردووە بۆوەی بێتە ئێرە و نانی ئێمە ببڕێ کە دەبینن چەندە هەژارانەیە ". ئەوە قسەی پاڤسانیاس لەو کاتەدا بۆ سەرکردەکانی یۆنانی بوو.

**[٨٣]** ساڵانێکی زۆر دوای ئەو رووداوانە، دانیشتووانی پلاتێیی سندوقی پڕ لە خشڵ و جەواهیرات و گەلێک کەرستەی‌تری قیمەتی‌یان دۆزییەوە. لەنێو ئەو کەرستانەدا، ئەو کەلوپەلەش دۆزرایەوە: وەختێک ئێسک و پروسکی کوژراوەکان لە گۆڕەکانیان دەرکەوتن (پلاتێییەکان هەموویان لە شوێنێک کۆکردەوە) کەللە سەرێک دەرکەوت بێ ئەوەی هیچ درووواوییەکی پێوە دیاربێ و ئیسقانی یەکپارچە بوو، هەروەها گۆنایەک کە کاکیلەی سەرووی بە گشت ددانەکانەوە بەساغی مابوون ددانەکانیش ئێسقانی یەکپارچە بوون، تەنانەت هەم ریزی پێشەوە و هەم ئەوانەی پاشەوە. لەو شوێنە هەروەها ئێسقانی کەسێک دۆزرایەوە کە بەژنی پێنج پێخیس بەرز بووە.

**[٨٤]** رۆژێک دوای شەڕ جەنازەی ماردۆنیۆس بێسەر و شوێن چوو و بەڕاست نازانم بەدەست چ کەسانێک ونکرا. لە زۆر کەسم بیستووە کە دەڵێن تەرمەکە نێژراوە و کەسانێکی ئەو کارەشیان کردوە، لەلایەن کوڕانی

ماردۆنیۆسەوە خەڵات کراون. کوڕی ماردۆنیۆس بەناوی ئارتۆندی سەبارەت بەو کارە، دیاری زۆر بەنرخی بەو کەسانە داوە کە تەرمی باوکیان ناشتووە. هەڵبەت زانیاری دروستم دەست نەکەوت تا بزانم ئەوانە چ کەسانێک بوونە. زۆرکەس دەڵێن کە دیۆنیسۆفانیس خەڵکی ئێفێسۆ تەرمی ماردۆنیۆسی ناشتووە.

**[٨٥]** ماردۆنیۆس بەو جۆرەی باسم کرد، نێژرا. یۆنانییەکان دوای دابەشکردنی دەسکەوتەکان، کوژراوانی خۆیان بەخاک ئەسپارد و هەرکەسە بەجیا گۆڕی بۆ هەڵکەندرا. لاکێدێمۆنی‌یەکان سێ گۆڕیان هەڵکەند، لە یەکێک لەو قەبرانە شەڕکەرانی گەنجیان ناشت[١] و لەنێو ئەوانەدا ناوی پۆسیدۆنیۆس، ئامۆمفارێتۆس، فیلۆکی‌ئۆن و کالیکراتیس هاتووە. لەنێو گۆڕی دووهەمدا کوژراوانی سپارتی و لەنێو گۆڕی سێهەمدا هەژارترین چینی کۆیلەکان واتە ئیلۆتییەکان بەخاک ئەسپێردران. سپارتییەکان تەواوی کوژراوانی خۆیان بەو جۆرەی باسم کرد، ناشت.

تێیێ‌ئاتی‌یەکان، گشت هاوڵاتیانی کوژراوی ئەو شەڕەیان بەیەکەوە و جیا لە خەڵکانی‌تر ناشت. ئاتێنی‌یەکانیش بەهەمان دەستوور جوڵانەوە. مێغاری و فلیاسی، ئەوانەش چەشنی ئاتێنی‌یەکان، سوارکارەکانی کوژراویان بەسەریەکەوە بەخاک ئەسپارد. ئەو گۆڕانە بەڕاستی پڕ لە تەرمی کوژراوەکان بوون. سەبارەت بەو گۆڕانەی لە دەڤەری پلاتێ‌ییەکان هەن، وەک من تێیگەیشتبم، یۆنانییەکانی‌تر لەبەر ئەوەی بەشداری شەڕەکە نەبوون و شەرمیان لەخۆیان دەکرد، هێندێک گۆڕی بەتاڵیان دروست کرد و گومبەزیان لەسەر سازکردن تا جیلەکانی داهاتوو ڕێز لەوانیش بگرن. لەو شوێنە گۆڕێک هەیە و دەگووترێ کە هی ئێیینی‌یەکانە و وەک من بزانم دە ساڵ دوای ئەو شەڕە دروست کراوە. ئەو سەردەمەی ئێیینی‌یەکان داوای دروست کردنی ئەو گۆڕەیان کردوە، کەسی خۆیان بەناوی کلی‌ئادیس کوڕی ئافتۆدیکوسی پلاتێیی سەفیریان بووە و یارمەتی سازکردنی ئەو گۆڕەی داوە.

---

١- ئەو کۆمەڵە سەربازانەی تەمەنیان لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵدا بووە.

**[٨٦]** یۆنانییەکان دوای ئەوەی کوژراوەکانی خۆیان لە دەڤەری پلاتێییەکان ناشت، خێرا کۆبوونەوە و بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر هەرێمی تیڤا و گەرەکیان بوو ئەو کەسانەی ئیتاعەتی میدیاکانیان کردوە، رادەست بکرێن و بەتایبەتی تیمیێنیدیس و ئەتایینۆس کە هەردووکیان سەرکردەبوون. قەرار بوو ئەگەر تیڤێییەکان ئەوانە رادەستی یۆنانییەکان نەکەنەوە، گەمارۆیان بەردەوام دەبێ، تا ئەو کاتەی شارەکەیان داگیردەکرێ. کاتێک لەسەر ئەو بڕیارە ساغ بوونەوە، یازدە رۆژ دوای شەڕی گەورە گەیشتنە دەڤەری تیڤا و شاریان گەمارۆدا و داوای ئەو کەسانەیان کرد کە ناوم هێنان. تیڤێییەکان ئەو خواستەیان پەسند نەکرد و بۆیە یۆنانییەکان دەستیان بە تالانی هەرێمەکە کرد و پەلاماری دیوارەکانی شاریاندا.

**[٨٧]** یۆنانییەکان دەستیان لە وێرانکاری هەڵنەگرت. رۆژی بیستەم تیمیێنیدیس بە دانیشتووانی تیڤێیی گووت: "تیڤێییەکان! یۆنانییەکان ئێستا ناخوازن گەمارۆ بشکێنن و گەرەکیانە شاری تیڤا داگیربکەن و لەسەر رادەست کردنەوەی ئێمە مکوڕن. من نامهەوێ خاکی ڤیۆتییەکان بۆخاتری ئێمە تووشی زەرەر و ئازار بێ. ئەگەر پارەیان گەرەکە و مەرجیان داناوە کە دەبێ ئێمە بیاندەینێ، زۆر باشە، پارەیان لە خەزێنەی گشتی دەدەینێ (لەبەر ئەوەی هەرتەنیا ئێمە ملکەچی میدیاکانمان نەکردوە و ئێوە خەڵکیش قبوڵتان کرد). ئەگەر ئەوانە بەڕاست هەر تەنیا لەبەر ئێمە ئەو کارە دەکەن و گەمارۆیان داوین، گرفت نییە و خۆمان رادەستی ئەوان دەکەین ". تیڤێییەکان، قسەکانی تیمیێنیدیسیان بەلاوە تەواو راست و ئاقڵانە بوو و بەفرسەتێکی گونجاویان زانی و خێرا جارچییان ناردە لای پاڤسانیاس بۆوەی رازیبوونی خۆیان رابگەیێنن.

**[٨٨]** پێش ئەو رێکەوتنە، ئەتاغینۆس توانی لە شار رابکا. تیڤێییەکان مناڵەکانی ناوبراویان لەجیات باوکیان رادەست کرد و پاڤسانیاس لەجێوە لە تاوانەکانیان خۆش بوو و گووتی کە ئەوانە تاوانبار نین کە باوکیان پەیڕەوی لە میدیاکان کردوە. تیڤێیەکانیتر درانە دەست یۆنانییەکان، ئەوانەی

پێیانوابوو کە بە زەبری بەرتیل و پارە دەتوانن خۆیان رزگاربکەن. دیارە کاتێک پاڤسانیاس ئەوانەی وەرگرت و لە مەبەستیان گەیشت، تەواوی لەشکری هاوپەیمانی یۆنانی بڵاوەپێکرد و لە درێژەدا ئەو جەماوەرە تیڤیییەشی ناردە هەرێمی کۆرینتۆ و لەوێ کوشتنی.

**[٨٩]** ئەوە باسی کۆمەڵە رووداوێک لە هەرێمی پلاتێییەکان و شاری تیڤا بوو. ئارتاڤازۆس کوڕی فارناکیس کاتێک لە هەرێمی پلاتێییەکان رۆیشت، مەودایەکی زۆر دوور کەوتبۆوە. ناوبراو وەختێک گەیشتە لای تێسالییەکان و ئەوانیش هیچ هەواڵ و زانیارییەکیان لەمەر بارودۆخی شەڕی هەرێمی پلاتێییەکان نەبوو، بانگهێشتیان کرد و سەبارەت بە باقی لەشکر لێیانپرسی. ئارتاڤازۆس بیری لێکردەوە، ئەگەر راستیی شکستەکەیان پێبڵێ، ئەوکاتە خۆی و لەشکرەکەی لە مەترسی دەکەون (چونکە پێیوابوو گشتیان لێی وەردەسوڕێنەوە). بەو پێیە نە هیچ خەبەرێکی بە فۆکییەکان دا و نە بە تێسالییەکان و تەنیا ئەوەندەی پێگووتن: "تێسالییەکان وەک دەبینن زۆر بەپەلەم کە بگەمەوە هەرێمی تراکی و ناتوانم جاری باسی هیچ شتێکتان بۆ بکەم و ئەرکێک بەخۆم و هێزەکانم ئەسپێردراوە کە پێویستە خێرا جێبەجێی بکەم. ماردۆنیۆس خۆی و لەشکرەکەی قەرارە بەدوای مندا بێن و بەو زووانە دەگەنە ئێرە. تکایە دۆستانە وەریانبگرن و خزمەتیان بکەن و دڵنیابن بۆ ئەو کارەی دەیکەن، لە داهاتوودا پەشیمان نابنەوە و پاداش وەردەگرن ". کاتێک قسەکانی تەواو کرد، بە مەقسەدی تراکی وەڕێکەوت و ناوچەکانی تێسالی و مەقدوونی جێهێشت. ئارتاڤازۆس بەڕاستی بەپەلە بوو و هەربۆیە رێگای ویشکایی گرتەبەر. لە رێگادا ژمارەیەکی زۆر لە شەڕکەرانی ئەو بەدەست تراکییەکان کوژران و بەشێکیشیان لەبرسان و تووشی رێگا مردن و بەو حاڵەش گەیشتەوە ڤیزاندیۆ. لە ڤیزاندیۆڕا بەسواری گەمی بەرەو ئاسیا رۆیشت.

## شەڕی میکالیس

**[٩٠]** ئارتاڤازۆس بەو شێوەیەی باسم کرد، گەیشتەوە ئاسیا. ڕاست لەو ڕۆژەدا کە پارسەکان بە شەرمەزارییەوە لە هەرێمی پلاتێییەکان دەکوژران، بەهەڵکەوت لە ناوچەی میکالی سەربە هەرێمی یوونیا تووشی زیانێکیتر هاتن. وەختێک یۆنانییەکان بە گەمیەکانیان و بە فەرماندەری لیئۆتیخیدیسی لاکێدیمۆنی لە قەراخ ئاوەکانی دیلۆ لەنگەریان گرتبوو، وەڤدێکی پێکهاتوو لە لامپۆن کوڕی تراسیکلی و ئاتیناغۆراسی کوڕی ئارخیستراتیداس و ئیغیسیستراتۆسی کوڕی ئاریستاغۆراس لە دوورگەی سامۆسڕا هاتنە لای ناوبراو. دانیشتووانی ئەو دوورگەیە، ئەو کەسانەیان بەدزی پارسەکان و حوکمڕانی جێی باوەڕی ئەوان، واتە تیئۆمیستۆرا کوڕی ئاندرۆداماندۆس ناردبوو. تیئۆمیستۆرا پیاوی پارسەکان بوو و ئەوان ناوبراویان وەک حوکمڕانی دورگەی سامۆس دیاریکردبوو. ئەو وەڤدە کاتێک لەگەڵ سەرکردەکانی یۆنانی دانیشتن، ئیغیسیستراتۆس باسی زۆر شتی جیاوازی بۆ سەرکردەکان کرد و لەو باوەڕەدا بوو کە کەشتیگەلی دەریایی یۆنان دەبێ تەنیا خۆی نیشان بدا، بۆوەی یوونییەکان هێندێک بترسێن و لە پارسەکان دوور بکەونەوە. ناوبراو هەروەها پێیوابوو کە بەربەرەکان دژکردەوەیان نابێ و ئەگەر بە هەڵکەوت خۆڕاگری بنوێنن، یۆنانییەکان چ جاریتر ناتوانن نێچیری لەوە باشتر بدۆزنەوە و ڕاوی بکەن. ئیغیسیستراتۆس لەبەر خوا هاوبەشەکان پاڕایەوە و داوای لێکردن یۆنانییەکان لەدەست کۆیلەتی و سەرشۆڕی لە بەرامبەر پارسەکاندا ڕزگاربکەن. ناوبراو ئەوەشی گووت کە جێبەجێ بوونی خواست و ئاواتەکان دژوار نین، چونکە کەشتیگەلی بەربەرەکان خێرا نین و بۆ خۆڕاگری دەست نادەن. هەرکات یۆنانییەکان گومانیان لادروست بێ کە بەربەرەکان دەتوانن ئەوان هەڵفریوێنن، ئەوکاتە خۆی (ئیغیسیستراتۆس) و دوو کەسەکەیتر ئامادەن چەشنی یەخسیر سواری گەمی یۆنانییەکان بن.

**[٩١]** لەو دەمەدا کە میوانی سامۆسی پێداگری دەکرد، لیۆتیخیدیس، چ وەک پێشگۆیی یا هەر لەخۆڕا و بەهەڵکەوت قسەیەکی کردبێ و خواستێکی خوایی لەپشت بێ، پرسیاری کرد: "میوانی سامۆسی! ناوی تۆ چییە؟ ". ئەو جوابی داوە: "ئیغیسیستراتۆس ". ئەوجار لیۆتیخیدیس قسەی پێبڕی و گووتی: "ئیغیسیستراتۆس[1] پێ و قەدەمت بەخێرە. میوانی سامۆسی! ئێستا تۆ و هاوڕێیانت بەرلەوەی بگەڕێنەوە، سوێندمان بۆ بخۆن کە سامۆسییەکان ئامادەن لەگەڵ ئێمە هاوپەیمان بن ".

**[٩٢]** لیۆتیخیدیس دوای ئەوەی قسەکانی خۆی مۆرکرد، ئەوجار بەکردەوە وەخۆکەوت. سامۆسییەکانی راسپاردە لەجێوە سوێندی هاوپەیمانییان لەگەڵ یۆنانییەکان خوارد و پاشان رۆیشتن. لیۆتیخیدیس داوای لە ئیغیسیستراتۆس کرد لەگەڵ ناوگانی دەریایی یۆنان بمێنێتەوە، چونکە پێیوابوو ناوەکەی هومێدبەخشە و خێری بەدواوەیە.

ئەو رۆژە یۆنانییەکان هیچکارێکی ئەوتۆیان نەکرد، بەڵام رۆژی دوایی پاش قوربانی کردن، نیشانەکانی سەرکەوتن و هومێدواری دەرکەوتن. دیئیفۆنۆس کوڕی ئێڤئینیۆسی خەڵکی ئاپۆلۆنیا، شارێک لە رۆخەکانی کەنداوی یونیۆس، رێورەسمی قوربانی بەڕێوەبرد. باوکی ئەو کابرایە تووشی ئەو بەسەرهاتە ببوو:

**[٩٣]** لە دەڤەری ئاپۆلۆنیا کۆمەڵێک مەڕی موقەددەس و پیرۆزی خواوەند ئیلیۆس هەن. ئەوانە رۆژانە لە قەراخ چۆمێک دەلەوەڕێن. ئەو چۆمە لە چیای لاکمۆن[2] سەرچاوە دەگرێ و بە ناوچەی ئاپۆلۆنیادا تێدەپەڕێ و پاشان لەنیزیک گۆلی ئۆریکۆ دەڕژێتە نێو دەریا. شەوانە، دەوڵەمەندان و پیاوانی ناسراوی ناوچەکە دایاندەکەن و دەیانپارێزن. هەرساڵێ نۆرەی یەکێکیان دێت ئەو کارە بکا. ئاپۆلۆنییەکان گرینگییەکی فرە بەو مەڕانە دەدەن و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر پێشگۆییەک. شەوانە دادەکرێنە نێو ئەشکەوتێک کە

---

١- مەبەست لە چاوساغی لەشکرە.

٢- لە ریزەچیاکانی پیندۆس.

زۆر لە شار دوورە. ئێڤئینیۆس دیاریکرابوو کە شوانییەتی ئەو مەڕانە بکا. ناوبراو جارێکیان خەوی لێدەکەوێ و گورک دێنە نێو ئەشکەوت و لەو رانە مەڕە دەدن و شێست سەریان لێ دەکوژن. وەختێک ئێڤئینیۆس بەو کارەساتە دەزانێ، لای خەڵک باسی ئەو رووداوە ناکا و شێست سەر مەڕیتر دەکڕێ و لەجێگای ئەوانە دەیانلەوەڕێنێ. دواتر ئەو کارەی لێ ئاشکرا دەبێ و ئاپۆلۆنی‌یەکان پێیدەزانن و ئێڤئینیۆس دادگایی دەکەن و بڕیاردەدەن کە هەردوو چاوی ناوبراو کوێر بکەن، چونکە خەوی لێکەوتووە و ئەویش راست لەو کاتەدا کە دەبوایە پارێزگاری لە مەڕەکان بکا. دوای ئەوەی ناوبراویان کوێرکرد، ئیتر مەڕەکانیش زاوزێیان لێبڕا و خاکی وڵاتیش بەروبومی نەگرت. وەختێک راسپاردەیان نارد و داوای پێشگۆییان کرد، لەلایەن کاهێنانی مەزنی دۆدۆنی و نێوەندی ئایینی دێلفوس وڵامێکیان پێگەیی. تاڵەبین لە وڵامدا گوتبووی کە هۆی ئەو نەهامەتییانە کوێرکردنی ئێڤئینیۆسی شوانی مەڕە پیرۆزەکانە. خواکان خۆیان ئەو رەوە گورگەیان ناردوە. خواکان هەروەها دانیشتووانی ئاپۆلۆنی نابوورن لەمەر ئەو ناهەقییەی دەرهەق بە ئێڤئینیۆس کردویانە. ئەگەر ئەو هەڵەیە راست نەکەنەوە، هەڵبەت بەوجۆرەی ناوبراو خۆی گەرەکییەتی، ئەوا ویشکەساڵی و بێ زاوزێیی بەردەوام دەبێ. ئەگەر خەڵک ئەو کارە جێبەجێ بکەن، خواکانیش پاداشێکی ئەوتۆ بە ئێڤئینیۆس دەبەخشن کە گشت مرۆڤەکانی ئەو جیهانە بەحەسرەتی بن.

**[٩٤]** ئەوە وڵامی نێوەندەکانی ئایینی و پێشگۆیی بۆ ئاپۆلۆنی‌یەکان بوو. ئەوان ئەو وڵامەیان بەنهێنی پاراست و تەنیا چەند کەسێکیان بۆجێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە دیاریکرد. کاری ئەوانە بەو شێوەیە بوو: لە حاڵێکدا ئێڤئینیۆس لەسەر کورسیلەیەک دانیشتبوو، لێی نیزیک کەوتنەوە و قسەیان لەگەڵ کرد. سەرەتا باسی بابەتێکی لاوەکیان هێنا گۆڕێ و پاشان لەمەر ئەو کارەساتەی بەسەر ناوبراوەوە هاتبوو، هاوخەمی خۆیان دەربڕی. لە کۆتاییدا لێیانپرسی کە چ خۆزگە و ئاواتێکی هەیە کە پێی‌ڕازی بێ، ئەگەر رۆژگارێک ئاپۆلۆنی‌یەکان

بخوازن قەرەبووی ئەو هەڵەیە بکەنەوە. ئێڤ‌ئینیۆس بە هەبوونی پێشگۆییەکەی نەدەزانی، رای خۆی دەربڕی و گووتی پێویستی بە مووچە و مەزرا هەیە و بەتایبەتی هی دوو کەس کە پێشتر دەیناسین و باشترین زەوی و کێڵگەی دەڤەری ئاپۆلۆنیا بوون. جیا لەوانە، خانوویەک بۆوەی تێیدا بژی، هەڵبەت ناوی جوانترین بینای شارەکەی هێنا. ئەگەر گشت ئەوانەی هەبێ، ئیتر ئەوکاتە رق و کینی دەنیشێتەوە و بەو قەناعەتە دەگا کە پاداشی ناهەقییەکەی بەتەواوی دراوەتەوە. ئەوە وڵامی ئێڤ‌ئینیۆس بوو و ئیتر دوای ئەو وڵامە، ئەو کەسانەی لەگەڵی دانیشتبوون، گووتیان: "ئێڤ‌ئینیۆس! ئەو خواست و ئاواتانەت بەهۆی خەڵکی ئاپۆلۆنی جێبەجێ دەکرێن و وەک پاداش لەمەر کوێرکرانت، بەپێی پێشگۆییەک پێت دەبەخشرێن ".

وەختێک ئێڤ‌ئینیۆس گوێی لەو قسانە بوو، زۆر ناڕاحەت بوو و پێیوابوو درۆیان لەگەڵ کردووە. ئاپۆلۆنی‌یەکان گشت داواکانی ناوبراویان جێبەجێ کرد و خانوو و مڵکیان بۆکڕی و پێیاندا. راست دوای ئەوە، بوو بە خاوەن هێزی تاڵەبینی و گەلێک ناوبانگیشی دەرکرد.

**[٩٥]** دی‌ئیفۆنۆس، کوڕی ئەو کابرایە، واتە ئێڤ‌ئینیۆس، کاتێک کۆرینتی‌یەکان لەشکرکێشی‌یان کرد، خۆی وەک تاڵەبین رەگەڵ ئەو لەشکرە کەوتبوو. زانیارییەکی‌تریشم هەیە کە دەڵێ دی‌ئیفۆنۆس کوڕی ئێڤ‌ئینیۆس نەبووە، بەڵکوو بەدرۆ گوتوویەتی کوڕی ئەوە، بۆوەی کار و پیشەکەیەکی لە یۆنان دەسکەوێ.

**[٩٦]** یۆنانییەکان قوربانییان پێشکەش بە خواکان کرد و پێشگۆییەکان پڕ لە خێروبێر بوون. ئەوسا ناوگانی دەریایی خۆیان لە دەڤەری دیلۆ بەرەو دوورگەی سامۆس رادا. کاتێک گەیشتنە ناوچەی کەلامی سەر بە دوورگەی سامۆس، لە خوارووی پەرستگەی ئیرێئۆس لەنگەریان گرت و خۆیان بۆ شەڕی دەریایی ئامادەکرد. پارسەکان وەختێک زانیارییان پێگەیی کە یۆنانییەکان نیزیک دەکەونەوە، گەمییەکانی جەنگی خۆیان بەرەو رۆخەکانی دەشتایی بەڕێکرد، هەڵبەت جیا لە گەمییەکانی فینیقیایی کە ئیزنی گەڕانەوە

بۆ وڵاتی خۆیان پێدرابوو. پارسەکان بەرلەو ئامادەکارییە، کۆبوونەوە و بڕیاریاندا کە خۆیان لەو شەڕە نەدەن، لەبەر ئەوەی بە قەناعەت گەیشتبوون کە لە بەرامبەر دوژمندا لاوازن. ئەوانە فەرمانیان بە ناوگانی دەریایی خۆیاندا بەرەو ئاوەکانی قەراخ دەشتەکان بڕۆن و لەوێ هێزی پیادەنیزامی بەربەر بیانپارێزێ کە لە ناوچەی میکالی جێیانگرتبوو. کسێرکیس پێشتر فەرمانی بەو بەشە لە هێزی پیادە دابوو کە لە باقی لەشکر جیابێتەوە تا پارێزگاری لە ناوچەی یوونیا وەستۆبگرێ. ئەو لەشکرە شێست هەزار کەس و سەرکردەیان ناوی تیگرانیس بوو. ناوبراو لە گشت پارسەکان بەتواناتر و جوانتر بوو. فەرماندەکانی ناوگانی دەریایی پارسەکان بەمەبەستی خۆپاراستن بڕیاریاندا خێرا بچنە ژێر سایەی ئەو هێزە پیادەیە. مەبەستی ئەو سەرکردانە ئەوە بوو کە گەمییەکانیان ڕاکێشنە ویشکایی و لەوێ کۆیان بکەنەوە و دیوارێکی چێوییان لە دەوری بکێشن و لەڕاستیدا پەناگایەک بۆ گەمییەکانیان دروست بکەن.

**[٩٧]** پارسەکان پاش ئەو بڕیارە بەرەو دەریای ئازاد ڕۆیشتن و گەیشتنە پەرستگەی پۆندی[١] لە هەرێمی میکالی لە نیزیک یێسۆنا و سکۆلۆپۆئێندا، کە لێرەش پەرستگەی دیمیترای ئێلێڤسینا بەخواستی فیلیستۆسی کوڕی پاسیکلی دروستکراوە. فیلیستۆس کاتی خۆی وەدوای نیلیئا کوڕی کۆدرۆس کەوت. کۆدرۆس شاری میلیتۆسی بنیاتنا. پارسەکان لەو شوێنە گەمییەکانیان کۆکردەوە و حەساری چێوییان بەدەوریاندا کێشا. دارەکانی نیزیک ئەو دیوارەیان بڕی و کردیاننە کۆڵەکە بۆ دیواری گۆرین. لەهەرحاڵدا، پارسەکان خۆیان هەم بۆ کەوتنە گەمارۆ و هەم بۆ سەرکەوتن لە شەڕدا ئامادەکرد.

**[٩٨]** یۆنانییەکان کاتێک بەو هەواڵەیان زانی کە بەربەرەکان پەنایان بۆ دەشتاییەکان بردوە، تەواوێک ناڕاحەت بوون، چونکە لە دەستیان دەرچوبوون و نەیاندەزانی ئەوجار چیان لەگەڵ بکەن، ئاخۆ بگەڕێنەوە

---

١- مەعبەدی ئیلاهەکانی تۆڵەئەستێن واتە ئێڤمێنیدیەکانە و بەجەفەنگ پێیاندەڵێن ئیلاهەکانی مێهرەبان.

دواوە یا بەرەو هەرێمی ئێلیسپۆندۆس بچن. لە کۆتاییدا بڕیاریاندا هیچکام لەو دوو کارە نەکەن، بەڵکوو بەرەو ڕۆخەکانی دەشتایی بڕۆن. یۆنانییەکان خۆیان بۆ شەڕی دەریایی ئامادە کرد و دوای ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی گشت کاروبار، بەرەو دەڤەری میکالی وەڕێکەوتن. وەختێک نیزیکی ئۆردوگای پارسەکان بوونەوە، هیچکەس نەهاتەدەر بۆوەی پێشیانپێبگرێ و دیتیان کە گەمییەکان بەرەو ویشکایی ڕاکێشراون و لەپشت دیوارەکان داندراون و هێزێکی زۆری پیادە لە کەنار دەریا جێی گرتووە. ئەو دەمە، بەرلە هەرکەسێک، لێئۆتیخیدیس بە گەمی بەرەو روویان چوو و هەرکە نیزیک کەوتەوە جارچی دەنگدا کە هاوار بکا و بە یوونییەکان بڵێ: "پیاوانی یوونی! ئەوانەی گوێیان لە دەنگی منە، سرنج بدەنە قسەکانم، بەخۆشییەوە پارسەکان لەو قسانەی من حاڵی نابن. وەختێک دەکەوینە شەڕ، پێمخۆشە ئەوکاتە گشتتان بیر لە ئازادی بکەنەوە، ئەوجار ئیرا، ناوی نهێنی نێوخۆییمان وەبیر خۆتان بێننەوە. ئەوانەی گوێیان لێبوو، تکایە بەو کەسانە بڵێن کە نەیانبیستووە ". لێئۆتیخیدیس بەو قسانەی گەرەکی بوو بە هەمان خواست و مەبەست بگا کە پێشتر لەگەڵ تێمیستۆکلیس لە ئارتێمیسیۆس پێیگەیشتبوو. ئەو ئاوا بیری لێکردبۆوە، ئەگەر بەربەرەکان لەو پەیامە حاڵی نەبن، ئەوە یوونییەکانی بە قەناعەت گەیاندوە، ئەگەریش بەربەرەکان لێیتێگەیین، ئەوکاتە لە گشت یۆنانییەکانی نێو ئۆردوگا وەشک دەکەون.

**[۹۹]** دوای ئەو کارەی لێئۆتیخیدیس، یۆنانییەکان داگەڕانە خوارەوە. پارسەکان دیتیان کە یۆنانییەکان خۆیان بۆ شەڕ ئامادەدەکەن. ئەوان هەروەها دەیانزانی یۆنانییەکان پەیامێکیان بە یوونییەکان گەیاندوە، بۆیە خێرا لە سامۆسییەکان وەشک کەوتن و پێیانوابوو ئەوانە لەگەڵ یۆنانییەکان ڕێک کەوتوون و بۆیە لەجێوە چەکیان کردن. هەربەڕاستیش، کاتێک ئاتێنییەکانی یەخسیرکراو بەدەست ناوگانی دەریایی بەربەرەکان گەیشتنەجێ – ئەو کەسانەی لەشکری کسێرکیس لە هەرێمی ئەتیکی دەسگیری کردبوون – سامۆسییەکان گشت ئەوانەیان وەک کۆیلە کڕییەوە و خواردن و

جلوبەرگیان پێدان و بەڕێیانکردنەوە بۆ شاری ئاتێن. ڕاست لەبەر ئەو کارە، بەربەرەکان لە سامۆسی‌یەکان بەگومان بوون، چونکە پێنجسەد پیاویان کڕیبۆوە کە گشتیان دوژمنی پاشا واتە کسێرکیس بوون. لەدرێژەدا، پارسەکان حوکمیان دەسەر میلیتی‌یەکان کرد کە ڕێگا و گوزەرەکانی بەرەو چیای میکالی بپارێزن. ئەوان بۆیە ئەو ئەرکەیان بە میلیتی‌یەکان ئەسپارد، چونکە گەرەکیان بوو بڵێن کە ئەوانە لە دەڤەرەکە شارەزان، لەحاڵێکدا مەبەستی ڕاستەقینەیان دوورکردنەوەی میلیتی‌یەکان لە ئۆردوگای خۆیان بوو. پارسەکان ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە ئەمنی‌یەیان دژی یوونی‌یەکان بەڕێوەبرد، چونکە تەواو لێیان بەگومان و لەو باوەڕەدا بوون کە فرسەتیان دەسکەوێ، خۆیان ڕادەستی یۆنانییەکان دەکەن. پارسەکان هەروەها قەڵغانەکانیان لەتەنیشت هەڤدوو چەقاند و بەو چەشنە دیوارێکیان بۆ پاراستنی خۆیان سازکرد.

**[١٠٠]** کاتێک یۆنانییەکان تەواو ئامادەبوون، هێرشیان دەستپێکرد و لەکاتی پێشڕەویاندا دەنگۆیەک لەنێو ئۆردوگادا بڵاوبۆوە و وەکازی جارچییەک لە قەراخ بەحر وەدیارکەوت (جارچییەکان سەردەمی دێرین (باستان) وەکازیان پێبووە)، ڕاست لەو شوێنەی شەپۆلەکانی ئاو دەیگەنێ. ئەو دەنگۆیە ئۆردوگای داگرت کە یۆنانییەکان بەسەر لەشکری ماردۆنیۆس لە ناوچەی ڤیۆتیادا سەرکەوتوون. زۆر نیشانە هەن کە هێزێکی خوایی لەپشت ئەو سەرکەوتنانەیە، چونکە تێداچوون و شکستی بەربەرەکان لە هەرێمی پلاتێ‌ییەکان هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانیان لە دەڤەری میکالی. ئەو هەواڵە کاریگەرییەکی وەهای لەسەر لەشکری یۆنانی دانا کە تەواو ئامادە بوون بەپێشوازی ترس و مەرگەوە بچن.

**[١٠١]** هاوکات لەگەڵ ئەو دەنگۆ بڵاوبوونەوەیە، ڕووداوێکی دیکەش قەوما. هەردووی ئەو شەڕانە لەو جێگایانە کران کە خاوەنی پەرستگەی دیمیترا ئێلێڤسینان. هەم لە هەرێمی پلاتێ‌ییەکان، هەروەک پێشتر باسم لێوە کرد، شەڕەکە لە نیزیک پەرستگەی دیمیترا قەوما و هەم لە دەڤەری میکالی.

ئەو خەبەرە کە پاڤسانیاس و یۆنانییەکان سەرکەوتوون، تەواو ڕاست بوو، چونکە شەڕی هەرێمی پلاتێییەکان بەیانی قەوما و کۆتایی پێهات، بەڵام شەڕی دەڤەری میکالی ئێوارە کاتی خۆرئاوابوون، دەستی پێکرد.

ئەوەش کە هەردوو ئەو شەڕانە لە یەک ڕۆژ و لە یەک مانگدا قەومان، ئاشکرا و ڕوونە، چونکە دواتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. بەرلەوەی ئەو دەنگۆیە بگاتە یۆنانییەکانی دەڤەری میکالی، تەواوێک دەترسان و بیریان پتر لە یۆنانییەکانیتر دەکردەوە تا خۆیان، واتە نەکا وڵاتی یۆنان بەدەست ماردۆنیۆس تووشی شکست بێ. بەڵام کاتێک ئەو دەنگۆیەیان پێگەیی، ئەوجار بە بوێرییەکی پترەوە و هوروژمێکی زیادتر پەلاماری بەربەرەکانیاندا. هەم یۆنانییەکان و هەم بەربەرەکان کەوتنە گیانی هەڤدوو و شەڕ بۆ وەدەست هێنانی دوورگەکان و ناوچەی ئێلیسپۆندۆس دەستی پێکرد.

**[١٠٢]** ئاتێنییەکان و گشت ئەو هێزانەی لە تەنیشتیان بوون، تا دەگەیشتە نیوەندی بەرەی شەڕ، بەرەو قەراخ دەریا و دەشتایی پێشرەوییان کرد، بەڵام لاکێدێمۆنییەکان بەرەو دۆڵ و تەپۆڵەکەکان چوون. هەرچەند ئەوانە بەرەو پێشەوە دەهاتن و دەوری دوژمنیان دەدا، شەڕ لە قۆڵێکیتر دەستی پێکردبوو. ئەو دیوارە قەڵغانییەی پارسەکان دروستیان کردبوو، هێشتا لەدەست شەڕکەرەکانیاندا بوو و بەربەرەکانی درێژەی هەبوو، بەڵام کاتێک ئاتێنییەکان و هێزەکانی هاوڕێیان- بەو پەیمانەی کە سەرکەوتن دەبێ بەناوی ئەوانەوە تۆماربکرێت نەک بەناوی لاکێدێمۆنییەکان – دەستیان بە هاندانی هەڤدوو کرد، بۆوەی بەگوڕتر شەڕبکەن، ئیتر ئەوکاتە ڕەوتی شەڕ تەواو گۆڕا. دیواری قەڵغانییان تێکشکاند و پاشان گشتیان تێکڕا پەلاماری پارسەکانیاندا، ئەو پارسانەی بۆماوەیەکی زۆر خۆیان پاراستبوو و بەرگریان لەخۆیان دەکرد. پارسەکان دوای ئەو پەلامارە، ئیتر ڕێگای هەڵاتن بەرەو دیواری چێوییان گرتەبەر. ئاتێنی، کۆرینتی، سیکیئۆنی و تریزینییەکان گشتیان لە یەک ڕیزدا بوون، هەرهەموویان تێکڕا وەدوای

پارسەکان کەوتن و وێڕای ئەوان هێرشیان کردە سەر دیوار. کاتێک دیوار گیرا، پارسەکان ئەوجار دەستیان لە خۆڕاگری بەردا و بەرەو دواوە کشانەوە. هەڵبەت ئەوانە جیا لەو پارسانە بوون کە لە دەستەی بچووکدا دژی یۆنانییەکان شەڕیان دەکرد و بەدەم بەربەرەکانییەوە پەنایان بۆ دیوارەکە دەبرد. لەنێو سەرکردە پارسەکاندا دوو کەس توانیان رابکەن و دوو کەسیشیان کوژران. ئارتاییتیس و ئیتامیتریس کە هەردووکیان فەرماندەی گەمییەکان بوون، توانیان خۆیان نەجات بدەن. ماردۆنتیس و تیغرانیس دوو سەرکردەی هێزەکانی پیادە لەکاتی شەڕدا کوژران.

**[١٠٣]** لە جەنگەی شەڕدا، لاکێدیمۆنی‌یەکان و هێزەکانی هاوڕێیان، یارمەتییان بە تەواو بوونی شەڕەکەدا. ژمارەیەکی زۆر یۆنانی کوژران، بەتایبەت لە سیکی‌ئۆنی‌یەکان، واتە ئەوانەی لەگەڵ سەرکردە پێریلائۆس بوون. سامۆسی‌یەکان، ئەوانەی لە ئۆردوگای میدیاکان بوون و پێشتر بەدەست پارسەکانەوە چەک کرابوون، هەرکە دیتیان یۆنانییەکان خەریکن سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن، ئەوەندەی لە توانایاندا بوو یارمەتی یۆنانییەکانیان‌دا. راست لەو کاتەدا، یوونییەکانیش چاویان بە تێکۆشانی سامۆسی‌یەکان کەوت و ئەوانیش روویان لە پارسەکان وەرگێڕا و کەوتنە شەڕی بەربەرەکان.

**[١٠٤]** پارسەکان، میلیسی‌یەکانیان ناردبوو کە پاسەوانی لە گوزەر و رێگاکانی بەرەو ئۆردوگا بدەن، بۆوەی رێگای پاشەکشەی خۆیان مسۆگەرکردبێ، ئەگەر هاتوو ناچار بەو کارە بن. ئەوان گەرەکیان بوو رێگا و چاوساغیان هەبێ تا بتوانن بەرەو بەرزایی چیاکانی میکالی هەڵکشێن. پارسەکان بۆ ئەو کارە باوەڕی تەواویان بە میلیسی‌یەکان هەبوو و بۆیە ئەوانیان هەڵبژاردبوو. لەلایەکی‌تریشەوە گەرەکیان بوو میلیسی‌یەکان لە ئۆردوگا دوورخەنەوە، مەبادا لەکاتی تەنگانەدا خۆیان بەدەستەوە بدەن. میلیسی‌یەکان راست بەپێچەوانەی خواستی پارسەکان جوڵانەوە. کوێرە رێگایان بە پارسەکانی راکردوو نیشان‌دەدا و بەرەو هێزەکانی دوژمنی

خۆیان، واتە یۆنانییەکان بەرێیاندەکردن. لەڕاستیدا میلیسیەکان ببوونە دوژمنی شاراوەی پارسەکان و پاشانیش هەرخۆیان لەو رێگایانەدا پارسەکانیان دەکوشت. بەو جۆرە بۆ جاری دووهەم هەرێمی یوونیا لەدەست پارسەکان رزگاری هات.

**[١٠٥]** لەو شەڕەدا، لەلایەنی یۆنانییەکانەوە، ئاتێنیەکان و لەنێو ئەوانیشدا ئێرمۆلیکۆس کوڕی ئێڤتینۆس، وەرزیشکاری ناوچەی پانکراتیۆ ناوبانگی جوامێری دەرکرد. ئێرمۆلیکۆس دواتر کوژرا، کاتێک شاری ئاتێن و شاری کاریستۆ لە ناوچەی کیرنۆی سەربە هەرێمی کاریستۆس کەوتنە شەڕی هەڤدوو. تەرمی ئێرمۆلیکۆس لە دەڤەری پێرێستۆ نێژراوە. دوای ئاتێنیەکان، ئەوجار کۆرینتی، تریزینی و سیکیئۆنی خەڵاتی جوامێریان وەرگرت.

**[١٠٦]** وەختێک یۆنانییەکان، زۆربەی شەڕکەرانی بەربەریان کوشت، چی ئەوانەی لە جەنگەی شەڕدا رایانکردبوو و چ ئەوانەی خۆڕاگریان نواندبوو، ئەوسا ئاگریان لە گەمیەکان و دیواری چێوی بەردا، هەڵبەت دوای راگوێزانی گشت دەسکەوتەکان بۆ کەنار ئاوەکان و بەتایبەت پارە و زێڕ. یۆنانییەکان دوای وێران کردنی دیوار و گەمییەکان لەوێ رۆیشتن. وەختێک گەیشتنە دوورگەی سامۆس، کۆبوونەوەیەکیان رێکخست. لەو دانیشتنەدا بڕیاریاندا یوونیەکانی هەرێمی یوونیا راگوێزن، واتە بۆ ناوچەکانی یۆنانی و ئەو دەڤەرە بۆ بەربەرەکانی چۆڵبکەن. یۆنانییەکان بۆیان نەدەلوا بەردەوام لەوێ بن و یوونییەکان لەبەرامبەر هیرشی بەربەرەکان بپارێزن. یوونییەکان خۆیشیان خاوەن ئەو هێزە نەبوون بەتەنیا شەڕی پارسەکان بکەن. هەربۆیە ئاغا و ملکدارەکانی پێلۆپۆنیسی بەڵێنیاندا ئەو خەڵکە یۆنانییەی لە قەراخ ئاوەکان ئیتاعەتی میدیاکانیان کردبوو، دەربکەن و شارەکانیان بەو یوونییانە بدەن تا لێیان نیشتەجێ بن. ئاتێنیەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونە نەبوون کە دەبێ دانیشتووانی هەرێمی یوونیا راگوێزرێن، هەرچەند پێلۆپۆنیسیەکان دژی ئەوە نەبوون کە ببنە کۆلۆنی و ژێردەستەی ئاتێنیەکان. ئاتێنیەکان

لەسەر خواستی خۆیان پێداگربوون و لاکێدیمۆنی‌یەکانیان ناچار بە پاشەکشە کرد. لەو دانیشتنەدا دانیشتووانی دورگەکانی سامۆس، لێسقۆس، خییۆس و باقی دوورگەکانی دەوروبەر ڕەگەڵ هاوپەیمانی یۆنانی کەوتن. جیا لەوانە، ئەو خەڵکەی‌تریش کە بەشداری پەلاماری دوایی ببوون، گشتیان سوێندیان خوارد و بەڵێنیان‌دا لەگەڵ هاوپەیمانی یۆنانی بمێننەوە و هیچکات پشتی تێنەکەن. یۆنانییەکان پاش ئەوەی ئەو خەڵکانەیان سوێنددا، بەمەبەستی ڕوخاندنی پردی ئێلیس‌پۆندۆس وەڕێکەوتن، بەو هیوایەی شوێنەکە بدۆزنەوە.

**[١٠٧]** یۆنانییەکان بەرەو ئێلیس‌پۆندۆس ڕۆیشتن. ئەو کۆمەڵە بەربەرەی لە شەڕ ڕزگارییان هاتبوو و پەنایان بۆ بەرزاییەکانی چیای میکالی بردبوو، ئەوانیش بەرەو شاری سارد وەڕێکەوتن. ماسیستیس، کوڕی داریوش لە ڕێگا و لە کاتی ئەو تێکشکان و پاشەکشەیەدا، کۆڵێک قسەی ناحەزی بە ئارتای‌ئینتیس سەرکردەی لەشکری گووت. پێیگووت کە لە ئەرکی سەرکردایەتیدا ئێجگار بێ ئەزموون و ناشارەزا و بێ‌ورەتر لە ژنان بووە. تەواوی ئەو شکست و نەهامەتییانەی لێ پیرۆز بێ، چونکە زیانێکی گەورەی بە خانەدانی پاشایەتی گەیاندوە. لەنێو پارسەکاندا بە پیاوێک بڵێی تۆ لە ژن ترسنۆکتری، ناحەزترین جنێوە. ئارتائینیتیس کە گوێی لەو هەموو جنێوە دەبێ، ئیتر خۆی پێڕاناگیرێ و شمشێر هەڵدەکێشێ و پەلاماری ماسیستیس دەدا و دەخوازێ بیکوژێ. کسێناغۆراس خەڵکی ئالیکارناسۆس، کوڕی پراکسیلا هەرکە چاوی بە ئارتای‌ئینیتیس دەکەوێ و لە پشت سەری دەبێ، خێرا نێوقەدی ئارتای‌ئینیتیس دەگرێ و بە عەرزیدا دەدا. هاوکات پاسەوانانی ماسیسیتیس دەگەنەجێ. کسێناغۆراس بەو کارەی قازانجێکی زۆری بە ماسیسیتیس و کسێرکیس گەیاند، چونکە ئەوانە برای هەڤدوو بوون و دواتر کسێرکیس وەک پاداش، حوکمڕانی هەرێمی کیلیکیای پێبەخشی. پارسەکان لە درێژەی ڕێگادا تووشی شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی و لاوەکی نەهاتن و

گەیشتنەوە شاری سارد. بەهەڵکەوت، کسێرکیس دوای ئەو هەموو شکست و تێداچوونی کەشتیگەلیەکەی لە هەرێمی ئاتێن، تازە گەیشتبۆوە شاری سارد.

**[١٠٨]** کسێرکیس کاتی مانەوەی لە شاری سارد عاشقی ژنی ماسیستیس ببوو، واتە براژنی خۆی کە ئەو کاتە لەو شارە بوو. بەردەوام وڵامی لێدەنارد، بەڵام نەیدەتوانی رازی بکا. کسێرکیس رازی نەبوو کە بە زەختکردن، حورمەتی براژنەکەی بشکێنێ و ژنەش هەستی بەوە کردبوو و دەیزانی پاشا زەبروزەنگ دەکارناکا. کسێرکیس ناچاربوو دەست لەو شێوە هەوڵدانە هەڵگرێ، بەڵام کوڕی داریوشی لە کچی ئەو ژنە، واتە ژنی ماسیستیس مارەکرد و پێیوابوو بەو رێگایە دەتوانی دڵی ئەو رازیبکا. وەختێک زەماوەندێکی تەواو بە شکۆی رێکخست، ئەوجار خۆی گەڕاوە بۆ شاری شووش. پاشا وەختێک گەیشتەوە شاری شووش، بووکی تازەی نارده لای زاو، واتە کوڕی داریوش. کسێرکیس دواتر ژنی ماسیستیسی لەبیر خۆی بردەوە و هەستەکانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و ئەوجار عاشقی ژنی کوڕی داریوش واتە کچی ماسیستیس بوو. ئەو کچە لەگەڵ کسێرکیس رێککەوت و ناوی ئارتائینتی بوو.

**[١٠٩]** ماوەیەک تێپەڕی و ئیتر ئەو رووداوە ئاشکرا بوو. ژنی کسێرکیس پێیزانی و خەریکی چنینی عەبایەکی گەورە، رەنگین و جوان بۆ مێردەکەی خۆی واتە پاشا بوو. کسێرکیس گەلێک خۆشحاڵ و رازی، دەبەر خۆی کرد و چووە لای خاتوو ئارتائینتی. ئارتائینتی لەو دیدارەدا پاشای تەواو رازی کرد. کسێرکیس لە ئارتائینتی پرسێ کە حەزی لە چییە بۆی جێبەجێ بکا. ئارتائینتی بۆوەی خانەدانی پاشایەتی تووشی پەشێوییەکی خەست بکا، لە وڵامی پاشادا گووتی: "چی بخوازم بۆم جێبەجێ دەکەی؟ ". ئەوجار پاشا بەبێ ئەوەی بزانێ ئەو خاتوونە چ دەخوازێ، بەڵێنی پێدەدا و سوێندی بۆ دەخوا. کسێرکیس هەرکە سوێند دەخوا، ئارتائینتی داوای عەبای تازەچندراوی لێدەکا. کسێرکیس زۆر هەوڵ دەدا عەبای نەداتێ، هەڵبەت نەک لەبەر هۆیەکی تایبەت، بەڵکوو لە ئامیستریس دەترسا کە بزانێ چ قەوماوە،

هەرچەند ژنەکەی پێشتر بەو هەڵسوکەوتانەی زانیبوو. پاشا کۆمەڵێک شار، زێڕ و جەواهیرات و لەشکری نیزامی پێشنیار بە ئارتائینتی دەکا، هیچ فایدەی نابێ. ئەو ژنە دەیتوانی فەرماندەری لەشکرێک وەستۆ بگرێ و لەشکر بەخشین یەکێک لە دیارییە بەنرخەکانی پارسەکانە. بەوحاڵەش کسێرکیس نەیتوانی دڵی ژنە رازی بکا و ناچاربوو عەباکەی پێبەخشی. ئارتائینتی تەواوێک شاد، رۆژانە لەبەر خۆی دەکرد و بۆی مایەی شانازی بوو.

**[١١٠]** ئامیستریس بەو کارەی پاشای زانی، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنا. ئەو دەیزانی هۆی گشت گرفتەکانی ئەو خانەدانە ژنی ماسیستیسە و بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ئەو ژنە بکوژێ. ئامیستریس چاوەڕوان ماوە تا کسێرکیسی مێردی میوانداری رێکبخا. ئەو میوانداریيە تەنیا جارێک لە ساڵدا، ئەویش لە رۆژی لەدایکبوونی پاشادا بەڕێوەچوو و بە پارسی پێیدەگووترێ تیکتا و بە یۆنانی مانای کامڵ و تەواو دەدا. پاشا تەنیا لەو رۆژەدا عەتر و بۆنی لە سەر و زولفی خۆی دەدا و خەڵات و دیاری دەبەشییەوە. ئامیستریس چاوەڕوانی ئەو رۆژەی کرد و کاتێک نۆرەی هات خەڵات وەرگرێ، داوای لە کسێرکیس کرد کە ژنی ماسیستیس وەک دیاری بەو بدا. کسێرکیس سەری لە داوای ئەو ژنەی خۆی سوڕما و پێیسەیر بوو کە چۆن دەکرێ براژنەکەی، ئەو کەسەی هیچ تاوانێکی لەو کێشە و گرفتانەدا نییە، وەک دیاری بەو ببەخشێ و ئەوەشی دەزانی کە ژنەکەی خۆی چ مەبەستێکی لە مێشکدایە.

**[١١١]** لەکۆتاییدا، ئامیستریس لەسەر خواستی خۆی پێداگر و دابونەریتی ئەو سەردەمەی پارسەکانیش ئەو مافەی پێدەدا. بەپێی نەریت، لەو میوانداریيەدا پاشا بۆی نییە ئەو خەڵاتانەی داوای لێدەکەن، قبوڵیان نەکا. کسێرکیس تەواو قەڵس و ناڕاحەت لەمەر داوای ئامیستریس، بەوپەڕی سەرلێشێواوییەوە پێیگووت: هەرچی دەخوازی بیکە و هەرلە جێوە بانگی براکەی خۆی کرد و گووتی: "ماسیسیتیس! تۆ کوڕی داریوش و برای منی، جوامێر و پیاوی، ژنەکەت لەخۆت دوورخەوە، هەرچەند ماوەیەکی زۆر

لەگەڵی ژیاوی، دەریکە و لەجیات ئەو کچی خۆمت پێشکەش دەکەم ". ماسیستیس سەری لەو قسەیە سوڕما و لە وڵامدا گووتی: "گەورەم! ئەو قسانە چن کە جەنابت دەیکەن. حوکم دەسەر من دەکەی ژنەکەم تەڵاق بدەم کە پێکەوە خاوەن چەند کوڕی لاوین و تۆ یەکێک لە کچەکانی من و ئەو ژنەمت لە کوڕی خۆت مارە کردوە! ئەو ژنەی من، کە شەو و ڕۆژ بیری لێدەکەمەوە، پێمدەڵێی دەریکەم و لەگەڵ کچی تۆ زەماوەند بکەم؟ هەڵبەت زەماوەند لەگەڵ کچی تۆ مایەی شانازییە، بەڵام من ئەو کارە ناکەم. نە ژنی خۆم تەڵاق دەدەم و نە زەماوەند لەگەڵ کچی تۆش دەکەم و تکایە چ جاریتر داوای ئەوتۆ لە من مەکە. بۆ کچی تۆ کەسێک پەیدا دەبێ کە هیچی لە من کەمتر نەبێ. لێمگەڕێ با لەگەڵ ژنەکەی خۆم بژیم ". ماسیستیس بەوجۆرە وڵامی پاشای داوە. دوای قسەکانی ناوبراو، کسێرکیس بەتوڕەییەوە گووتی: "زۆر باشە با بە قسەی تۆ بێ ماسیستیس! نە هیچکات کچی خۆمت دەدەمێ و نە تۆش لەوە زیادتر دەتوانی لەگەڵ ژنەکەت بژی. تۆ دەبێ فێربی کە جارێکیتر خەڵات و دیاری پاشا بە ڕووی ئەودا نەدەیەوە ". ماسیستیس هەرکە گوێی لەو وڵامەی کسێرکیس بوو، تەنیا ئەو ڕستەیەی گووت و لێیدا ڕۆیی: "گەورەم! جارێ نەکوژراوم ".

**[١١٢]** لەو ماوەیەدا کە کسێرکیس لەگەڵ براکەی خۆی شەڕەقسەی بوو، لەولاوە ئامیستریس پاسەوانەکانی پاشای ناردبوو کە ژنی ماسیستیس ئەشکەنجە بدەن. بە فەرمانی ئامیستریس مەمکەکانی ژنەیان بڕی و فڕێیان‌دا بەر سەگان، ئەوجار کەپۆ، لێو، زبان و گوێیەکانیشیان بڕی و بەوپەڕی بێزەلەتییەوە ناردیانە ماڵەوە.

**[١١٣]** ماسیستیس هیچ خەبەری لەو قەومانە نەبوو و تەنیا هەستێکی ناخۆش و مەترسیدار دایگرتبوو. خێرا بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت و لەوێ چاوی بە ژنەکەی خۆی کەوت کە بەو چەشنەی باسم کرد، ئەشکەنجە کرابوو. ماسیستیس لەجێوە لەگەڵ مناڵەکانی ڕێککەوتن و بەرەو هەرێمی باکتریا چوون و کۆمەڵێک جەماوەری لاینگری رەگەڵ خۆیدا. ئەو گەرەکی بوو لە هەرێمی

باكتريا شورِشێک سازبکا و ئەوەندەی بتوانێ زەبر لە کسێرکیس بوەشێنێ. هەڵبەت ئەو کارەشی دەکرد، ئەگەر توانیبای بگاتە لای هۆزەکانی باکتری و ساکی لە هەرێمی باکتریا، چونکە ئەوان خۆشیان دەویست و لەڕاستیدا سەرۆکی باکتری‌یەکان بوو. کسێرکیس لەمەر ئەو جموجۆڵە زانیاری پێگەیی و لەشکری ناردە سەریان. لەشکری کسێرکیس، ماسیستیس و ئەندامانی بنەماڵەکەی و ئەو جەماوەرەی لەگەڵی بوون، گشتیانی لە رێگادا کوشت.

ئەوەش باسێک سەبارەت بە ئەویندارى کسێرکیس و مەرگی ماسیستیس.

**[١١٤]** یۆنانییەکان لە چیاکانی میکالی‌ڕا بەرەو دەڤەری ئێلیسپۆندۆس وەڕێکەوتن و سەرەتا لەنێو ئاوەکانی لێکتۆن[١] لەنگەریان گرت، چونکە لەو کاتەدا بایەکان بەپێچەوانەی رەوتی دڵخوازی ئەوان بوون. پاشان لەوێوە بەرەو ئاڤیدۆس پێشرەوییان کرد. لێرە بەسەر پردی رووخاودا کەوتن، هەرچەند بە هومێدەوە هاتبوون کە پردەکان بەساغی بدۆزنەوە. ئەوان تەنیا بۆخاتری ئەو پردانە گەیشتبوونە دەڤەری ئێلیسپۆندۆس. ئەو هێزانەی لەگەڵ لیۆتیخیدیس هاتبوون، بڕیاریان‌دا بگەڕێنەوە یۆنان، بەڵام ئاتێنی‌یەکان و فەرماندەکەیان واتە کسانتیپۆس، لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە کە پەلاماری هەرێمی خێرسۆنیسۆس بدەن. لەو نێوەدا هێزەکانی پێلۆپۆنیسی رۆیشتن، بەڵام ئاتێنی‌یەکان بە دەڤەری ئاڤیدۆس لە خێرسۆنیسۆس‌دا تێپەڕین و گەمارۆی شاری (سیستۆ)یان‌دا.

**[١١٥]** شاری سیستۆ خاوەن قایمترین دیوار لەنێو شارەکانی ئەو هەرێمەدا بوو. حەشیمەتێکی زۆر لەو شارەدا دەژیان و خەبەریان پێگەیشتبوو کە یۆنانییەکان گەیشتوونەتە ئێلیسپۆندۆس. جیا لە تەواوی خەڵکی ناوچەکە و دانیشتووانی شاری کاردیا، بە فەرمانی سەرکردەی پارس واتە ئیۆئۆڤازۆس، ئەو کەسەی کە گشت زنجیر و تەنافی پردەکانی کۆکردبۆوە، تەواوی پارسەکان و هاوپەیمانانیان خۆیان لەو شارە خزاندبوو.

---

١- لە کەنارئاوەکانی دەڤەری ترۆئادۆس.

پڕانی دانیشتووانی شار لە هۆزی ئیئۆلی پێکدەهات، هەڵبەت هێزێکی زۆری پارسەکان و هاوپەیمانەکانیان لەوێ کۆببوونەوە.

**[١١٦]** حوکمڕانی ئەو هەرێمە لەلایەن کسێرکیس دیاریکرابوو، واتە ئارتایئیکتیس کە پارس بوو. ناوبراو پیاوێکی کەللەڕەق و لەخۆ رازی بوو. لەژێرەوە، کاتی هێرش بۆ سەر شاری ئاتین، خیانەتێکی بە کسێرکیس کردبوو. خەزێنەی پرۆتێسالیۆ، کوڕی ئیفیکلۆسی لە ئێلیئۆندا دزیبوو. لە ئێلیئۆندای سەر بە هەرێمی خێرسۆنیسۆس، گۆڕی پرۆتێسالیۆی لێیە و پەرستگەیەک لە تەنیشت ئەو گۆڕە دروست کراوە. ئارتایئیکتیس لەوێ کەرستەی قیمەتی وەک زێڕ و زێو و مەفرەغ و قوماشی بەنرخ و کۆمەڵێک پەیکەرەی دزی، کاتێک پاشا ئەو شوێنانەی پێبەخشیبوو. ئەو بەو چەشنە خیانەتی خۆی بە کسێرکیس کردبوو و پاشان پێیگوتبوو: "گەورەم! لێرە ماڵی کابرایەکی یۆنانی هەیە کە دژی جەنابت لەشکرکێشی کردوە و بۆیە کوژراوە. تکایە ئەو ماڵە خەڵاتی من بکە، بۆوەی ببێتە دەرسێک بۆ گشت ئەو کەسانەی بخوازن جارێکیتر دژی جەنابت شەڕبکەن ". ئارتایئیکتیس بەو قسانە پاشای هەڵفریواندبوو تا ئەو گەنجەی دەسکەوێ.

کسێرکیس لەبەر ئەوەی لە پیاوانی ئارتایئیکتیس بە شک و گومان نەبوو، کاتێک ناوبراو گووتی کە پرۆتۆسیلائۆس لەشکری ناردوەتە شەڕی پاشا، خێرا باوەڕی پێکردبوو. ئارتایئیکتیس بەو قسەیەی مەبەستی ئەوە بوو کە پارسەکان پێیانوایە تەواوی ئاسیا مڵکی ئەوان و پاشاکانیانە. وەختێک پاشا ئەو خەڵاتەی پێبەخشی، ئارتایئیکتیس خەزێنەی ئێلیئۆندای راگواست بۆ شاری سیستۆ و ساڵانە خاکی ناوچەکەی دەچاند و لە بەروبووم و بەرهەمەکەشی دەخوارد. هەرکات خۆی دەهاتە ئێلیئۆندا. لەنێو پەرستگەکەدا لەگەڵ ژنان دەخەوت و تێکەلاوی لەگەڵ دەکردن. لەهەرحاڵدا، ئەو کابرایە بەهۆی ئاتێنییەکانەوە لە شاری سیستۆ کەوتە گەمارۆ و بەبێ ئەوەی هیچ ئامادەکارییەکی بۆ کاتی گەمارۆ رەچاوکردبێ و تەنانەت بیریشی لە هێرشێکی ئەوتۆ کردبێتەوە. لەڕاستیدا غافڵگیر ببوو.

**[١١٧]** ئەو گەمارۆیە تا پاییز بەردەوام بوو. ئاتێنییەکان لەوە نیگەران بوون کە ئەگەر وەدرەنگی بکەون، گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی خۆیان دژوار دەبێ و هەربۆیە شارەکەیان بۆ نەگیرا. هێزەکانی لەشکری داوایان لە سەرکردەکان کرد بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان واتە شاری ئاتێن، بەڵام سەرکردەکان گووتیان ناگەڕێنەوە تا شارەکە داگیرنەکەن، یا ئەوە کە لە ئاتێنەوە حوکمی گەڕانەوەیان دەسەر بکرێت.

**[١١٨]** خەڵکی گەمارۆدراویش لە بارودۆخێکی گەلێک دژواردا دەژیان، تا ئەو جێگایەی کەوڵی خەوتنی خۆیان لە ئاودا دەکوڵاند و دەیانخوارد. کاتێک خەڵک لەو قەیرانە کەوتن، پارسەکان بە سەرکردەیی ئارتایئیکتیس و ئیئۆڤازۆس بەشەو رایانکرد. ئەوان بەلای پشتەوەی قەڵادا دابەزینە خوار، واتە لەو شوێنەی هیچ پاسەوانێکی لێنەبوو. هەرکە رۆژ بۆوە، دانیشتووانی خێرسۆنیسۆس لە بورجەکانەوە بە ئیشارە ئاتێنییەکانیان تێگەیاند چ قەوماوە و خێرا دەروازەکانی شاریشیان کردەوە. بەشی هەرە زۆری لەشکری ئاتێنییەکان مژوڵی راونانی پارسەکان بوون و بەشەکەیتریش شاریان داگیرکرد.

**[١١٩]** ئیئۆڤازۆس پەنای بۆ هەرێمی تراکی برد. لەوێ تراکییەکانی سەر بە هۆزی ئاپسینتی ناوبراویان گرت و بەپێی نەریتی خۆیان کردیانە قوربانی بۆ خواوەند پلیستۆرۆ. ئەو کەسانەش کە لەگەڵ ئیئۆڤازۆس بوون، گشتیان گرتن و بەشێوەیتر کوشتیانن.

ئەوانەی لەگەڵ ئارتایئیکتیس هەڵاتبوون، لەبەر ئەوەی درەنگتر وەخۆ کەوتبوون، ئاتێنییەکان لە دەڤەری ئاییۆس پۆتامۆس گەیشتنە سەریان. هەرچەند ماوەیەکی زۆر بەرگریان لە خۆیان نیشاندا، بەڵام دواتر بەشێکیان کوژران و ئەوانیتریش یەخسیر کران. گیراوەکانیان بە دەست و پێ بەستراوی هێناوە شاری سیستۆ. لەنێو ئەوانەدا سەرکردە ئارتایئیکتیس و کوڕەکەشی بەدیلگیرابوون.

**[١٢٠]** له هەرێمی خێرسۆنیسۆس باسدەکەن کە یەکێک لە پاسەوانانی ئاتێنی کە پاسەوانی لە ئارتای‌ئیکتیس دەدا، واتە دوای گیرانی خۆی و کوڕەکەی، لە کاتی برژاندنی هەویری ماسی، چاوی بە موعجیزەیەک کەوت. هەویرەکە چەشنی ماسی تازە تۆڕکراو لەسەر ئاگر دەستی بە هەڵبەزدابەز کرد. کۆمەڵێک لە فەرماندەکانی لەشکری یۆنانی کۆبوونەوە و تەواوێک خۆشحاڵ و ئەو دیاردەیەیان بە نیشانەیەکی پیرۆز زانی، بەڵام بەلای ئارتای‌ئیکتیس رووداوێکی سەیربوو و بە پاسەوانی ئاشپەزی گووت: "پاسەوانی ئاتێنی! لەو موعجیزەیە مەترسێ، شتێکی سەیر نییە، ئەوە بەلای منەوە مانای ئەوە دەدا کە پرۆتۆسیلائۆس هەرچەند مردوە و مۆمیایی کراوە، بەڵام لەلایەن خواکانەوە هێزی وەبەرنراوە تۆڵە لەو کەسە بکاتەوە کە ناهەقی لێکردوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە من بۆخاتری ئەو تاوانە سزا بدرێم، بەتایبەت سەبارەت بەو تاڵانەی لە پەرستگەم کردووە، پێویستە سەد تاڵاند پارە بە خواوەند بدەم. بۆ سەر چاککردنەوەی خۆم و کوڕەکەم، دەبێ دوو سەد تاڵاند بدەمە ئاتێنی‌یەکان، بۆوەی نەمکوژن و لێمگەڕێن بژیم ". لەهەرحاڵدا، ئارتای‌ئیکتیس بەو بەڵێنانەی دای، نەیتوانی سەرکردەی ئاتێنی واتە کسانتیپۆس رازی‌بکا، چونکە دانیشتووانی ئێلیئۆندا، ئەوانیش دەیانویست بە مافی خۆیان بگەن و بۆیە داوایان کرد ئارتای‌ئیکتیس باشترە بکوژرێ و کسانتیپۆس خۆیشی هەر ئەو بۆچوونەی پێ ماقوڵتر بوو.

لەکۆتاییدا، ئارتای‌ئیکتیس‌یان بردە کەنار ئاو، بۆ ئەو جێگایەی کسێرکیس پردەکەی روخاندبوو. خەڵکانی‌تر دەڵێن کە بردیانە سەر تەپۆڵکەیەکی سەرەوەی شاری مادیتۆ و لەوێ لە خاچیان‌دا. کوڕەکەشی لەبەر چاوی باوکی بەردەباران کرا و کوژرا.


**[١٢١]** ئاتێنی‌یەکان دوای جێبەجێ کردنی ئەو کارانە، ئەوجار بەرەو یۆنان گەڕانەوە. ئەوان دەسکەوتێکی زۆر و تەواوی ئەو زنجیرانەی پردەکانیان پێ دروستکرابوون، گشتیان بە پەرستگەکان بەخشی. ئەو ساڵە جیا لەو کۆمەڵە رووداوە شتێکی‌تر نەقەوما.


**[١٢٢]** ئارتایئیکتیس، ئەو کەسەی لە خاچدار، باپیرێکی هەبوو بەناوی ئارتێمڤاریس. ئەو کابرایە بەر لە کوژرانی، ئامۆژگارییەکی پارسەکانی کردبوو. ئەو ئامۆژگارییە دواتر بەهۆی پارسەکانەوە گەیشتبوە دەست کوروش و بەو چەشنە بوو: "لەبەر ئەوەی خواوەند دیا پێشەوای بە تۆ و پارسەکان بەخشی، لەبەر ئەوەی تۆ فەرمانڕەوایی ئاستیاگت رووخاند، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر خاکێکی کەم و بێ بەهرە دەژین، باشترە لێرە بڕۆین و بچینە سەر خاکێکی بە پیت. گەلێک وڵاتی دراوسێی دوور و نێزیکی ئێمە هەن، با خاکی یەکێک لەوانە داگیربکەین و ببینە مایەی حورمەتی پتر لەلایەن مرۆڤی زۆرترەوە. ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە کە کەسانیتر ڕێبەری خەڵکانیتر بکەن. من پێموایە ئەوکاتە دەرفەتی گونجاوتر لە ئێستامان دەستدەکەوێ ئەگەر پاشایەتی بەسەر گەلانیتر و تەواوی ئاسیادا بکەین". کوروش گوێی لەو ئامۆژگاری و پێشنیارە گرت و هیچ دژایەتییەکی لەگەڵدا نەکرد، بەڵکوو داوای لە پارسەکان کرد وەبەرچاوی بگرن و جێبەجێ بکەن.

کوروش ئەو کاتە بە پارسەکانی گووت: "پارسەکان! پێویستە ئەوە بزانن کە خاکی نەرم مرۆڤی نەرم بەرهەم دێنێ، دەغڵ و دانی زۆر و پیاوی جوامێر و شەڕکەر لەو خاکە نەرمەی ئێمە بەرهەم نایە، بۆیە هەمیشە مەترسی ئەوەتان لەسەرە کە گوێرایەڵ و سەرشۆڕ بن، نەک خاوەن هێز و دەسەڵات ". پارسەکان لەو گووتەیەی کوروش تێگەیشتن و بەلایانەوە ماقوڵترین ئامۆژگاری ناوبراو بوو. لەو سەردەمەوە بەباشیان زانی فەرمانڕەوایی بەسەر گەلانی وڵاتانی هەژاردا بکەن، نەک دەشتە پانوپۆڕەکانی خۆیان داچێنن، بەڵام لەولاوە کۆیلەی نەتەوەیتر بن.

# نەخشە و وێنە




A MAP
to explain the History of the
ASSYRIANS,
BABYLONIANS,
MEDES, and PERSIANS.
Made by Mr. D'ANVILLE,
Geographer to the French King
for ROLLINS antient History,
1739.
THE CASPIAN SEA
THE EUXINE SEA
GULF OF PERSIA
ARABIAN GULF
EGYPT
MEDIA
ARMENIA
MESOPOTAMIA
ASSYRIA
BABYLONIA
CHALDEA
PERSIA
CARMANIA
GEDROSIA
ARIA
BACTRIANA
SOGDIANA
INDIA
ARACHOSIA
CAPPADOCIA
PHRYGIA
SYRIA
SCYTHIA
Salt Desert
Longitude from Ferro
Plate V.


دریای ورکانه
کادوسی ها
دهه ها


Lychnitis Lacus
Artaxata
Obareni
Naxuana
Araxes Fl.
Cyrus Fl.
Caspii
Gelæ seu Cadusii
ATROPATENA
Morunda
Gaza vel Ganzaca
Spauta seu Matianus Lacus
Thebarma
MATIANA
Phraaspa
Cyropolis
Amardus Fl.
Mardus vel Amardus
Mardi
Tapuri
Tape
Zadracarta
Nysæi Campi
Rages postea Arsacia v. Europus
Caspius M.
Chiliocomum
MEDIA
Tabas
Choana
Orontes M.
Ecbatana
Celonæ
Sambana?
Cossæi
Bagistane
Albania
Zagrus
Corbiene
CORBIANA
Uxii
Elymæi
Apollonia
Artemita
Sittace
SITTACENE
Seleucia
Tigris Fl.
Susa
Choaspes Fl.
Eulæus
Aspadana
PARÆTACENE
ARTICENE
PARTHIA